هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لەدەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.
کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.
تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.
کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی درووست، تکایە لە هەڵە و کەموکوورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.
ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C - شارپ و SQL بەتایبەت بۆ ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئامادە و بەرنامەکراوە، بەردەوامیش لە باشکردن و گەشەکردندایە. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگل کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد) ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی 11-11-2013 بووە ڕێکخراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
لۆگۆی کوردیپێدیا بەتایبەتی بۆ کوردیپێدیا لەلایەن کۆمپانیای لۆگۆ-لەف-ەوە درووستکراوە. کۆپی ڕایتی فەرمیی هەیە و جگە لە کوردیپێدیا یان ئاماژە بۆ کوردیپێدیا، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بەکاریبهێنێت.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!

ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیا :ئاراس ئیلنجاغی | ئاراس حسۆ | ئەسعەد ڕەشید | ئەمیر سیراجەدین | ئەڤین تەیفوور | بەناز جۆڵا | زریان سەرچناری | زریان عەلی | سارا سەردار | ساراک | سروشت بەکر | سەریاس ئەحمەد | شادی ئاکۆیی | شەنە بەکر | لانۆ ڕێبوار جەمال سەگرمە | میلانۆ محەمەد ساڵح | هاوڕێ باخەوان | هومام تاهیر | هەژار کامەلا | ڕایەر عوسمان عوزێری | ڕۆژ هەژار | ڕۆژگار کەرکووکی | ڕێبوار جەمال سەگرمە | ڤەژەن کشتۆ | کاروان م. ئاکرەیی | کاکۆ پیران | کشمیر کەریم...
هاوکارانی کوردیپێدیا

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
2008 - 2024
https://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org

کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 1

300 شوێنەواری ئامێدی مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە

2020022219014869081=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

...لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی زیاتر لە 300 شوێنەوار هەن و زۆربەیان مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە، تاوەکوو ئێستاش هیچ ڕێکارێکی پێویست بۆ پاراستنیان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە نەگیراوەتە بەر.
یەکێک لە دێرینترین خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان خوێندنگەی قوبەهانە کە لە ساڵی 1534زدا لەلایەن میر حسێن وەلی، میری میرنشینی بادینانەوە لە شارۆچکەی ئامێدی درووستکراوە. لە ماوەی 400 ساڵدا دەیان زانای ئایینی پێگەیاندووە، بەڵام ئێستا نزیکەی 70٪ی وێران بووە و مەترسیی لەنێوچوونی یەکجارەکیی لەسەرە.
هەیوار ئامێدی، شوێنەوارناسە و بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، کەشوهەوا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم شوێنەوارە هەیە، چونکە لە سەردەمێکی دێرینداا درووستکراوە و کەرسەتەکانی درووستکردنی بەرد، قسڵ، خشت و خۆڵن. لەبەر ئەوەی ساڵانە لە دەڤەری ئامێدی بەفر و بارانێکی زۆر دەبارێت، کاریگەریی لەسەر ئەو شوێنانە هەبووە.
بۆ پاراستنی جێگە شوێنەوارییەکانی ئامێدی و گەڕاندنەوەی سیمای ڕابردوو، لە ساڵی 2011دا تیمێکی خۆبەخش لە ئەندازیار، شوێنەوارناس و مامۆستای زانکۆ کە لە زیاتر لە 20 کەس پێکدەهات و کاری بەبەڵگەکردنیان بۆ ناوەندی شارۆچکەکە کردووە تاوەکوو نۆژەن بکرێنەوە و ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە.
د. شیرین یونس، ئەندامی لیژنەی بووژاندنەوەی ئامێدی ئاماژەی بەوە کرد، ڕێکخستنی ناوچەکانی ئامێدی لەسەر بنەمای ئەوە بووە کە چەندە ناوچەی دێری تێدایە. پێوەری دووەم دیمەنی دڵڕفێنی ئامێدی بووە چ لەنێوەوەی ئامێدی بۆ دەرەوەی چ لەدەرەوەی بۆ نێوەوەی.
لە سنووری ئامێدی زیاتر لە 300 جێگەی شوێنەواری هەن و زۆربەیان مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. تاوەکوو ئێستا هیچ ڕێکارێک بۆ پاراستنیان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە نەگیراوەتە بەر.
کۆڤان ئیحسان، بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوارەکانی دهۆک بە ڕووداوی ڕاگەیاند، لە دوای ساڵی 2014وە چەند شوێنەوارێک هەن کە ڕووخاون و بەردەوام مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. ئەگەر نۆژەن نەکرێنەوە، بە یەکجاری لەنێودەچن.
بەپێی ئەو نەخش و هێمایانەی لەسەر جێگە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە هەن، مێژوویان بۆ 700 - 1000 ساڵی پێش زاین دەگەڕێتەوە و بە نۆژەنکردنەوەیان ناوی ئامێدی لە لیستی کەلەپووریی جیهانیی یونسکۆدا تۆماردەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری رووداو - 2020-02-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 2
ئاتەشگەی چوارقاپی، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێ دەدات

2022092909494643657 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەسری شیرین نزیکترین شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە شاری کەلار لە باشووری کوردستان و بە دەستەخوشکی کەلار و خانەقین ناسراوە. جوگرافیاکەی هاوشێوەی شاری خانەقین بە دارخورما دەورەدراوە و خاوەن باشترین و بەتامترین خورمای ڕۆژهەڵاتە. ئەم شارە لە دێرزەمانەوە شوێنێک بووە بۆ پێکەوەژیانی کورد، کە تێیدا شیعە و سوننە لەگەڵ یارسان و کریستیان و جووەکان بە ئاشتەوایی پێکەوە دەژین.
ناوی ئەم شارە بۆ درووستکردنی کۆشک، یان قەسری شیرین دەگەڕێتەوە، کە خەسرەوپەرویز لەم ناوچەیە درووستی کردووە و شارێکی لە دەوری کۆشکێک بنیات ناوە. ڕووباری ئەڵوەن لەناوەڕاستی ئەم شارە دەگوزەرێ و دەڕژێتە باشووری کوردستان.
ئەڵوەن دوو شاری قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵات و خانەقین لە باشوور پێکەوە گرێ دەدا و جوانییەکی بێوێنەی بەو دوو شارە بەخشیوە.
قەسری شیرین ناوچەیەکی مێژووییی پڕ لە شوێنەواری دێرینە، وەکوو کۆشکی خەسرەوپەرویز، کاروانسەرای شاعەباسی و ئاتەشگەی چوارقاپی. یەکێک لە شوێنەوارە ناسراوەکانی قەسری شیرین، ئاتەشگە، یان ئارگەی چوارقاپییە.
ئاتەشگە (ئارگە) ی چوارقاپی یەکێکە لە گەورەترین ئاتەشگەکانی سەرسنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم ئارگەیە کەوتووەتە ناو شاری قەسری شیرینی سەر بە پارێزگای کرماشان و مێژووی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.
ئەم ئاتەشگەیە دالانێکی بۆ تەوافکردن هەبووە، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار ڕووخاوە و بەشێک لە شوێنەوارەکەی ماوە.
ئاتەشگەکە چەندین ژووری 25 مەتر بە 25 مەتری لەخۆ گرتووە، کە بنمیچێکی 16مەتری بەشێوەی گومەز داپۆشیوە.
هەرکام لە ژوورەکان چوار دەروازەی ڕۆیشتنەناویان هەبووە. لە دەوروبەری ئەم ئاتەشگەیە چەندین شوێنەواری دیکە هەن، کە پێویستیان بە هەڵکۆڵین و توێژینەوەی زانستییانەی زیاتر هەیە. ئەو کەرەستانەی لە درووستکردنی ئەم بینایە بەکار براون بریتین لە؛ بەرد، گەچ و خشت.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: چوار تاق
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-29

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 3

ئارامگای دیاکۆ

2011051916535758061=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مادەکان یەکەم دەسڵاتداری کورد بوون کە لە ئێران دا حکوومەتیان پێک هێناوە. پایتەختی مادەکان شاری هەگماتان یان هەمەدانی ئەمڕۆ بووە. قەومی ئاریایی بە دوو دەستەی مەزن دابەشکران، مادەکان و پارسەکان. مادەکان کوردەکانن و پارسەکانیش فارسەکان. ئەم حکوومەتی مادە کە حکوومەتێکی ڕەسمی ئێران بووە نزیکەی 3000 ساڵ پێش پێک هاتووە. بە پێی مێژوو ساڵنامەی کوردی دامەزرانی حکوومەتی ماد دەگەڕێتەوە بۆ 2711 ساڵ پێش کە یەکەم پاشای کورد واتە دیاکۆ ئەم حکوومەتەی دامەزراندووە لە شاری هەمەدان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: هەمەدان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حامید درودی) سەبارەت بە (ئارامگای دیاکۆ) لە: 19-5-2011 15:49:14

کاتی تۆمارکردن: 19-05-2011

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 4

ئارامگەی (وهسوودان) و (مەمەلان) ، پاشایانی کوردی ڕەوادی لە شاری تەورێز

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230907113031519524

ئارامگەی دوو لە پاشایانی کوردی ڕەوادی لە شاری تەورێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ئەم دوو پاشایە بە ناوەکانی وهسوودان و مەمەلان (کە مەمەلان دەکاتە کوڕی پاشا وەهسوودان) لە ئارامگەیە نێژراون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (ڕزگار جەباری) ڕۆژی 2023-09-07

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-07

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 5

ئارامگەی سوڵتان حسێن وەلی حەسەن

20230712191925506183=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئارامگەی سوڵتانی پایەبەرز حسێن وەلی حەسەن میری میرنشینی بەهدینان ، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئامێدی لە باشووری کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژووی کورد) ڕۆژی 2023-07-12

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 6

ئاسیاوی قولەداری کفری (ئاشی ئاو)

20150923113111127101=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەکەوێتە باکووری شاری کفری سەرووی گۆڕستانی باوەشاسوار، ئاسیاوەکە پێکهاتووە لە تاوەرێکی لوولەیی لەگەڵ دوو ژوور یەکێکیان بۆ هارینی گەنم بەکارهاتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 7

ئاشی بای

20220903125456431793=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاشی بای شوێنەواری ئاشێکە کاتی خۆی بە با (هەوا) کاریکردووە، لەسەر چیای قەرەچوغە لەئاقاری نێوان (خدرجیجە) و (گاوەرە) یە، دەڕوانێتە (قەراج) و لەلایەکی تر (کەندێناوە) ، ئێستا لە شوێنەکەی قوڵاییەک ماوە و کۆمەڵێ بەردی گەورەی چیایی، کە پێشتر دیارە هەمووی لە شێوە و قەبارە لێک نزیکن بەکارهاتووە بۆ دیواربەندی، بەڵام بەداخەوە ڕووخاوە و زۆریشی لێ بردراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئاش

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (119) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 8

ئاشی شێخ چۆلی

2012042322023364607=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاشی شێخ چۆلی، دەکەوێتە شارۆچکەی مەخموور لە پارێزگای هەولێر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-04-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 9

ئاشی گوندی سیارێ

2023122922264754052 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاشێکی کۆنە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 100 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە لە گوندی سیارێیە لە سنووری شارەدێی چەمانکێ لە پارێزگای دهۆک.
وێنە: نەشوان سۆفی
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئاش

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (ئێن ئار تی) ڕۆژی 2023-12-29

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-29

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 10
ئاشی میری سۆران

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240106090158541867

ئاشی میری سۆران یەکێک لە ئاشە کۆنەکانی شاری ڕواندزە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 200 ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەم ئاشە لە گەڕەکی پاشای گەورەی ڕواندز، بە فەرمانی میری سۆران لەلایەن وەستا برایمی مایلی درووستکراوە، تا ئێستا بناغەی ئاشەکە وەک شوێنەوارێکی مێژووییی ماوەتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئاش

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2024-01-06
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 11
ئاشێکی کۆن لە گەرمیان

2015011213074584590=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم ئاشە لە سنووری ناوچەی گەرمیانە و پێکهاتووە لە دوو ژووری بچووک و قولەیەک.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2015-01-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 12

ئاگردانە شکێندراوەکەی بێتواتە

20220619185122419129=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیکەر یان ئاگردانە شکێندراوەکەی بێتواتە

دەمێکە ئەو لوتکە شاخە داتاشراوە شێوە کولاویەم، لە دەروازەی قەڵای خورشیدی خاوەر لە بێتواتە بینیوە، بیرو و زەینم بەلای ئەوەدا دەچێت، پەیکەری پاشایەکی قەڵاکە لەو لوتکە شاخە بەرزە داتاشرابێت، بیرو زەینم بەلای ئەوەشدا دەچێت، ئاگردانێکی گەورەی لەسەر هەڵکەنرابێت، گەر وای دابنێین پەیکەری یەکێک لە پاشاکان بووبێت، لە ئێستادا تەنیا بەشی خوارەوەی ماوەتەوە، پەیکەرەکە لەلایەن خەڵکانێکی هەستنەکردوو بە بەرپرسیاریەتی مێژووپی، خراپ و وێرانکراوە. لە ساڵانی 1960 تاشە بەردێک لەو قەڵایە دۆزرایەوە، وێنەی پادشایەکی قەڵاکەی بە ناوی (ئیدی سین) ی لەسەر هەڵکەنرابوو، تاشەبەردەکە ئێستا لە مۆزەخانەیەکی ئیسرائیلە. تکام وایە، باچیتر دەستکاری شوێنەوارەکان نەکەین، چەند گرنگ و بایەخدار دەبوو، لە ئێستادا پەیکەری پاشایەک یان ئاگردانێکی لە مێژینەمان لەسەر ئەو لوتکە شاخەو دەروازەی ئەو قەڵایە بینیبایەو توێژینەوەکان لەسەر کردبایە.

بەختیار حەمەد ئەمین[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 13

ئامۆکان گۆڕستانێکی تایبەت لە کوردستاندا

2017051222411013960 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕستانی کۆنی گوندی ئامۆکانی سەربە شارەدێی هەریر، بەهۆی هێما و نیشانەی جۆراوجۆری سەر کێلەکانی، تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە.
گۆڕستانەکە کۆمەڵێک گۆڕی تێدایە و دەکەوێتە سەنتەری گوندی ئامۆکان لە سنووری شارۆکەی شەقڵاوە سەر بە پارێزگای هەولێر، سەتان کێلی گۆڕستانەکە بە هێمای شمشێر، تفەنگ، خۆر، سینگی ئافرەت نەخشێنراون و بووەتە جێگەی سەرنجی هاووڵاتیان و گەشتیاران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی وشە نێت
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-12
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 14

ئانوبانینی (هەڵکەندراوەکەی کوردستان، 4200 ساڵ تەمەنیەتی و یەکێکە لە کۆنترین داتاشراوەکانی دونیا)

2010122115032315057=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

داتاشراوەی پاشای کوردی لولوبی (ئانوبانینی) دەوروبەری 2200 ساڵ پ.ز واتا 4200 ساڵ بەر لەئێستا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرپێڵی زەهاوە.
ئەوەی لە نەخشەکەدا دەبینرێت پادشا ئانوبانینیە بەکەلوپەلی سەربازیەوە کە لە بەرانبەریدا خواوەند عەشتار دەبینرێت دوو دیلی بە دەستەوەیە،
لەژێرپێی پادشاشدا 7 دیل دەبینرێت بەڕوتی کە یەکیان لەژێرپێی پادشادایە و یەکەم کەسیش تاجی پادشایەتی لەسەرەو بە تاجی پادشایەتییەکەیدا وادیارە سەر بەنەتەوەی (پارس_فارس) بێت.
(ئانوبانینی پادشای بەتوانا، پادشای لولوبی نەخشی خۆی و نەخشی خواوەندی عەشتاری لەسەر کێوی باتیر نەخشاند.ئەوکەسەی ئەم داتاشراوەو ئەم نەخشە لەناو بەرێت، بەر نەفرەتی خواوەند ئانو، ئانوتروم، بل، بلیت، ڕامان، عەشتار، سین، شمش، بکەوێت و دووپشتی ئەو بەبابڕوات.)
لولوبیەکان بەشێکن لەدانیشتووانی کۆنی کوردستان کە لە هەزارەی سێ یەمی پێش زاین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی دەوروبەری سلێمانی و شارەزور و دەوروبەری دەریاچەی سیروان ژیاون.
لە نووسینی سۆمەری و ئەکەدیەکاندا بە (لولو، لولومی، لولوبی) ناویان هاتووە و بەخەڵکانێکی جەنگاوەر ناسراون، بەتایبەت لە سەردەمی نەرامسین پاشای ئەکەدیەکاندا کە لە 2273 بۆ 2219 پ.ز حوکمی کردووە کە هێرشی کردووەتەسەر لۆلۆبیەکان لەسەر بەردێک سەرکەوتنەکەی تۆمار کردووە کە ئێستا لە مۆزەخانەی لۆفرە لە پاریس، هەروەها لە دەربەندی گاوریش لە قەرەداغ لە سلێمانی داتاشراوەیەکی تری بەجێ هێشتوە کەتێی دا سەرکەوتووە بەسەر لۆلۆبیەکاندا.
لۆلۆبیەکان یەکێک بوون لە دەوڵەتە گەورەکانی هەزارەی سێیەم کە چەندین پادشا حوکمی کردووە بەڵام تا ئێستا نازانرێت پایتەختەکەیان دەکەوێتە کوێوە، بۆیە بەدۆزینەوەی پایتەختەکەیان نهێنی گەورە لەسەر ئەم بەشەی مێژووی نەتەوەکەمان ڕونتر دەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕەگەزی کەس: نێر

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردیپیدیا دڵنیا نییە کە دروست سەرچاوەی ئەم بابەتە لە کوێوەیە! یارمەتیمان بدە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکەی

کاتی تۆمارکردن: 2010-12-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 15
ئیچ قەڵا لە ڕواندز

20220619214158419140=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئیچ قەڵا لە ڕواندز: ئەم شوێنەوارە پاشماوەی قەڵایەکی دێرینی سەردەمی میرنشینی سۆرانە، قەڵاکە لە دوو نهۆم پێک دێت لەسەر گردێکی بەرز درووستکراوە.
(ئیچ قەڵا) قەلایەکی گرنگی شوێنەوارییە و لەسەر گردێک درووست کراوە لە باکووری ڕواندز بە دووری (1500) م ڕوبەری بینایەی 19م پانە و 22م درێژە کە دەکاتە 418 م2 لە سەردەمی میرنشینی سۆران لەسەر دەستی میر محەمەد ناسراو بە (پاشای کۆرە) درووست کراوە بۆ مەبەستی سەربازی و بەرگری کردن لە ڕواندز و کۆنترۆڵ کردنی ڕێگا سەرەکییەکان هەندێ پاشماوەکانی ماوە وەک بناغە و بەشێک لە دیواری لای باکووری قەلاکە ماوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

دەیە:	10یەکان (10-19)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	ڕواندز
میرنشین:	سۆران
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 16

ئەشکەوتی ئاکۆیان

20230104115159456349=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: ئەشکەوتی ئاکۆیان
ئامادەکردنی: محەمەد هەسنانی

ئەشکەوتی ئاکۆیان، یان ئەشکەوتی پاشای گەورەی ڕواندز، دەکەوێتە دامێنی شاخێکی دۆڵی ئاکۆیان لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز. دەروازەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە و ڕووبەری ئەم ئەشکەوتە دەستکردە نزیکەی 15 مەتر دەبێت و مێژووەکەی بۆ سەردەمی میرنشینی سۆران دەگەڕێتەوە.

م. ئومێد قادر، لێکۆڵەر و مامۆستای مێژوو، لە سنووری ئیدارەی سۆران، بە (باسکورد) ی ڕاگەیاند: پێش زیاتر لە 200 ساڵ لەمەوبەر، بەتایبەتیش لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد پاشای گەورەی ڕواندز، بایەخی زۆری بە درووستکردنی قەڵا و قوڵە و پرد و تۆپ و چەک و تەقەمەنی داوە، لەپێناو زیاتر پارێزگاریکردن لە میرنشینەکەی، بەمەش دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە تا ئێستا، شوێنەوارەکانیان ماوە و ئەرکە بۆ داهاتووش زیاتر پارێزگارییان لێ بکرێت، بۆ ئەوەی بە یەکجاری دووچاری لەناوچوون نەبنەوە، چونکە شوێنەوار بە مێژووی گەلان دادەنرێت. ئاماژەی بەوەش کرد: یەکێک لەو شوێنەوارە مێژوویانەش بریتییە لە ئەشکەوتی ئاکۆیان، کە یەکێک بووە لە بارەگاکانی پاشای گەورە، کە دەکەوێتە دامێنی شاخی زێرینە لە دۆڵی ئاکۆیان لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز، دەروازەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە و ڕووبەری ئەم ئەشکەوتە دەستکردە نزیکەی 15 مەتر دەبێت، مێژووی درووستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵ لەمەوبەر، بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان، لەسەر دەستی وەستا برایمی ماویلی درووست کراوە، کە شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە درووستکردن و سەرپەرشتیکردنی قەڵاو پرد و کۆشک و تەلارەکان، بەمەش لەلای میر محەمەد، پاشای گەورەی ڕواندز، زۆر بایەخی پێ دراوە. ئەو لێکۆڵەرە دەشڵێت: بەهۆی سەرنجڕاکێشی و هەڵکەوتەی شوێنی ئەشکەوتی پاشای گەورە، زۆربەی جاران میر محەمەد، بۆ پشوو و بەسەربردنی کاتێکی خۆش، ڕووی لەم ئەشکەوتە دەستکردە کردووە، هەروەها دەستەڵاتدارانی دیکەی میرنشینەکەش بەهەمانشێوە، چوونەتە شوێنەکە، ئێستاش هەندێ لە دیوارەکانی ڕووخاون، بەڵام وەک شوێنەوارێکی گرنگ لە ناوچەکە ماوەتەوە، زۆربەی جاران شوێنەوارناسان و شارەزایانی مێژوو بۆ ئاشنابوون بە شوێنەکە ڕووی تێدەکەن، گرنگە ئەم جۆرە شوێنەوارانە بخرێنە پلانی گەشتوگوزاری، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ناوچەکە. هەر لەبارەی ئەم ئەشکەوتەوە، ڕێکان وەلید، چالاکوان و خەڵکی گوندی ئاکۆیان سەربە شارۆچکەی ڕواندز، بۆ (باسکورد) دەڵێت: "لەسەردەمی پاشای گەورەی ڕواندز، میر محەمەد، میرنشینی سۆران، ئەشکەوتی گەلیی ئاکۆیان درووست کراوە، مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دوو سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لەنزیکەوە چەند جارێک سەردانمان کردووە، ئەم ئەشکەوتە ڕێڕەوی جۆگەی ئاوی بەسەردا دەڕوا، کە میرنشینی سۆران بۆ دابینکردنی ئاو، لە گەلیی ئاکۆیان بۆ گۆڕێ باغی چووە، کە دەکەوێتە دامێنی قەڵاتێ ئاکۆیان، ئەم ڕێڕەوە لە زۆر شوێن ئەکەوێتە ناوەڕاستی بەرزایی چیا، بە دانانی بەردێکی زۆر جۆگەلەکە درووست کراوە، کە جێگەی سەرنج و

سەرسوڕمانە، توانایەکی بەم شێوەیە لەو کاتەتدا هەبووبێت، لە پەنای چیادا ڕێڕەوی ئاوی پاک درووست بکرێ، ئەمەش یەکێکە لە دەسکەوتەکانی میرنشینەکە.“ چیایی محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، بە (باسکورد) ی گوت: دەڤەری سۆران، بەتایبەتیش سنووری شارۆچکەی ڕواندز، بە چەندین شوێنی گەشتیاری و شوێنەواری بەناوبانگە، بەمەش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ناوخۆیی و بیانی ڕووی تێدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت بایەخ بە بواری ئەوە بدرێت، کە بتوانین سەرنجی گەشتیاران لە ڕێگەی ناوچە شوێنەوارییەکان زیاتر ڕابکێشین بۆ ناوچەکە، بۆ نموونە، تۆپەکەی وەستا ڕەجەب و پەیکەری پاشای گەورە لە سەکۆیەکی سەنتەری شارۆچکەی ڕواندز داندراون، زۆربەی ئەو گەشتیار و کەسانەی ڕوو لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز دەکەن، سەردانیان دەکەن بۆ ئاشنابوونی زیاتریان بە مێژوو و کولتووری دەڤەرەکە و گرتنی وێنە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە شوێنەکە. ئەوەشی خستە ڕوو: لە دۆڵی ئاکۆیان شوێنەواری چەند قەڵا و ئەشکەوت و نۆینی گواستنەوەی ئاوی سەردەمی میرنشینی سۆران هەن، جێگەی بایەخی ئێمەن، بۆ ئەوەی بخرێنە پلانی گەشتیاری، تا ئەو کەسانەی سەردانی ئەم ناوچانە دەکەن، بە شوێن و مێژووەکەی زیاتر ئاشنا بن.“[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-01-04 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 17
ئەشکەوتی بێتکار شوێنەوارێکی گرنگ و پەراوێزخراو

2019020309582524841 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی بێتکار، مێژوویەکی 10 هەزار ساڵەی هەیە و وەک خەڵکی سنوورەکە ئاماژەی بۆ دەکەن گرنگی ئایینیشی هەیە، بەوپێیەی یەکێک لە پێغەمبەران تێیدا ژیاوە، بەڵام وەک شوێنێکی گەشتیاریی گرنگیی پێنادرێت و لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆشکراوە.

لەم ڕاپۆرتەدا زانیاریی ورد لەبارەی ئەشکەوتی بێتکار دەخەینەڕوو و هۆکاری نەگەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە زاری بەرپرسانەوە وەڵام دەدرێنەوە.

ئەشکەوتی بێتکار، دەکەوێتە سنووری گوندی نۆرێی شارەدێی سەرکەپکانی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، بەدووریی 12 کیلۆمەتر، دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای ڕانییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 10 هەزار ساڵ پێش ئێستا.

خەڵکی گوندەکە و کەسایەتییە ئایینییەکان باوەڕییان وایە، کە گوایە پێغەمبەر ئیبراهیم لەو ئەشکەوتەدا ژیاوە و بتەکانی شکاندووە، ناوەکەشی هەر لە شکاندنی ئەو بتانەوە هاتووە.

لە ڕابردوودا ئەشکەوتەکە وەک پەناگەی بەشێک لە سەرۆک خێڵ و سەرۆکی حزبەکان بەکار هاتووە، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێم نە وەکوو شوێنەوار و نە وەکوو شوێنێکی گەشتوگوزار گرنگیی پێ نادات و چەند جارێکیش دیمەنە جوانەکانی ناو ئەشکەوتەکە لەلایەن خەڵکانێکەوە شێوندراوە، ئەمە وتەی محەمەد قادر، یەکێک لە دانیشتووانی گوندی نۆرێیە لە بارەی ئەشکەوتی بێتکار لە سنوورەکەیان.

ئەشکەوتەکە لە وەرزی زستاندا کەشوهەوایەکی گەرمی هەیە و لە وەرزی هاوینیشدا کەشوهەوایەکی فێنک و ساردی هەیە، بەڵام وەک خەڵکی سنوورەکە ئاماژەی بۆ دەکەن بەهۆی بێ پلانی حکومەتی هەرێمەوە نەتوانراوە کەڵک لە ژینگە و سرووشتی جوانی ئەشکەوتەکە وەربگیرێت و بکرێتە سەرچاوەی داهات بۆ حکومەت و خەڵکی ناوچەکە.

لە ئەشکەوتی بێتکاردا چەند پارچەیەکی مێژوویی وەکوو ڕمی بەرد دۆزراونەتەوە کە مێژووەکەی بۆ چاخی بەردین دەگەڕێتەوە. هاوشێوەی شوێنەوارەکانی تری هەرێمی کوردستان ئەشکەوتی بێتکاریش بێبەش نەبووە لە دەستی بەتاڵانبردن لەلایەن شوێنەوار دزەکانەوە، لەو بارەیەوە بارزان بایز، بەڕێوەبەری شوێنەواری ڕاپەڕین، دەڵێت: تا ئێستا چەند کەسێک بەتۆمەتی تێکدان و بەتاڵانبردنی شوێنەواری ئەشکەوتەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراون، چەند کەسێکیشمان داوەتە دادگا لەسەر دەستدرێژییکردنە سەر شوێنەوارە مێژوویەکانی ئەشکەوتەکە.

سرووشتی جوانی ئەشکەوتەکە و بوونی ئەو ستونە کلسانەی بەهۆی دڵۆپە ئاوی هەزاران ساڵەوە درووستبوون، دیمەنی ئەشکەوتەکەی ناوازە و سحراوی تر کردووە، بەڵام بەهۆی خراپی ڕێگاو بانەکانی گەیشتن بەو ئەشکەوتە، هەموو کەس بەخت یاوەری نییە کەڵک لە بینی ئەو سرووشتە دڵرفێنە وەربگرێت.

ئارام پیرۆت، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، دەڵێت هەوڵمانداوە ڕێگا بۆ ئەشکەوتەکە ببەین و بە نووسراوی فەرمی داوامان کردووە چەند خزمەتگوزاییەکی گەشتیاری بۆ ئەشکەوتەکە ببرێن، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایییەوە پرۆژەکە جێبەجێ نەکراوە، هەوڵی تەواویش دەدەین بۆ ئەوەی ئەشکەوتی بێتکار بکەینە شوێنێکی گەشتوگوزاریی بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار

ڕوو لە سنوورەکە بکات.
بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، دەشڵێت: گەشتیاریی کەرتێکی گرنگە لە ڕووی داهاتەوە، بەڵام یەکێکی تر لە گرفتەکانی گەشتیاران نەبوونی شوێنی مانەوەیە، هەروەها نەبوونی پرۆژەی گەشتیاری دیار و سەرنج ڕاکێش لە ناوچەکە یەکێکی ترە لە گرفتەکان. وتیشی: ئەگەر ئاوڕێکی جدیی لەو سنوورە بدرێتەوە زۆربەی سێکتەرەکان دەبووژێنەوە.[1]
2019-02-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-03
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 18
ئەشکەوتی بەستوون

20150911200207126564=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کاتێک بەسەر چیای برادۆستی دەڤەری سۆران دەکەوی دیمەنی سەرنج ڕاکێشی ئەشکەوتی بەستوون دەبینی، ئەوەی جێی باسکردنە تاکوو ئێستا نەتواندراوە ئەو ئەشکەوتە سەرەنج ڕاکێشە کە مرۆڤ دەباتە خەیاڵی قوڵەوە بەخەڵکی بناسرێندرێ.
لەو بارەیەوە نادر ڕۆستایی ڕۆژنامەنووس و وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم بەخەندانی ڕاگەیاند: ئەشکەوتی بەستوون بە ڕێگای سۆران- هاودیان بە دووری 129کم دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر، بەڵام بە ڕێگای سپیلک-خەڵان تەنیا 109کم دەکەوێتە باکووری هەولێر، هەروەها 38کم لە ڕۆژهەڵاتی ئەشکەوتی شانەدەر دوورە، بە دووری 31 کم دەکەوێتە ڕۆژاوای شارۆچکەی سۆران.
دەشڵێت: دەمی ئەشکەوتەکە نزم و لاکێشەیە، بەرزیەکەی لەنێوان 100سم تاکوو 160سم دەبێت و بەرینی ڕووی دەرەوەشی 6م دەبێت.
ڕاشیگەیاند: ئەشکەوتەکە لە ناوەوەدا زۆر فراوانەو هەندێک شوێنی 7م بەرز دەبێت، مەزندە دەکرێ کە 40 بۆ 70م پان و 100بۆ400م قوڵ بێت، لە ناو ئەشکەوتەکەشدا چەندان ئەستوون و کریستالی بلورینی جۆراوجۆر دەبینرێ کە بەهۆی کلسی کەڵەکەبووی هەڵواسراو نیشتو (ستەلکتایت و ستەلکمایت) درووست بووە کە لە ئاوی سەروەی ئەشکەوتەکەوە هاتۆتە خوارەوە
وتەبێژی دەستەی گەشتووگوزار وتیشی: لەلایەنی مێژوویشەوە لە ساڵی 1934 ز دا، زانا (د.هنری فلید) لەسەر ڕاسپاردەی زانکۆی هارڤەردو زانکۆی پیەبۆدی سەردانی ئەم ئەشکەوتەی کردووە و بەدوای شوێنەواردا گەڕاوە. بۆ ماوەی 10 ڕۆژ کنەو پشکنینی بۆ کردووە، لە ئەنجام ژمارەیەک بەردەستێ و پارچە گڵینەو ئێسک دۆزرانەوە. کە بۆ چاخی بەردینی نوێ (6000 پ.ز) و چاخی بەردینی کانزایی (4900-3500 پ.ز) و سەرەتای چاخی برۆنزی (3500-2900پ-ز) دەگەڕێنەوە، پشکنیەنەکان دەریان خستووە کە مرۆڤ لە چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست لە هەردوو (ئەشکەوتی دیان ئەشکەوتی بەستوون) نەژیاوە. چونکە لە ناوچەکە پەناگەی باشتر هەبووە، وەک ئەشکەوتی (شانەدەر) .
ئەو ڕۆژنامەنووسە دەشڵێت: دکتۆر هنری پێیوایە کە ئەو پارچە گۆزەو بەردە ئەستێانەی کە لەم شوێنە دۆزراونەتەوە بۆ ئەو ڕاوچیانە دەگەڕێنەوە کە بۆ ڕاوکردن لە چاخی بەردینی نوێ و چاخی کانزای و سەرەتای چاخی برۆنزی ڕوویان کردۆتە ناوچەکە و خواردنیان لە گۆزەکان لەگەڵ خۆیان بردووەو چەند ڕۆژێک ماونەتەوە پارچە گۆزەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بەنارێکی درووستکراون و بۆ سەردەمی حەسونەی کۆن (6000پ.ز) دەگەڕێنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-11

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 19

ئەشکەوتی پاڵە گەورە

2012112917093174038=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە ئەشکەوتە ناسراوەکانی کوردستان، بە پێی هەندێک سەرچاوەی شوێنەوارپی بیانی و ناوخۆیی مێژووەکەی بۆ (9-12) هەزار ساڵ بەر لە زاین دەگەڕێتەوە، بە پێی سەرچاوەی شوێنەوارناسان ئەو شوێنەوار و پاشماوە کۆنانەی تیایدا دۆزاوەتەوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە خەڵکی لەم ئەشکەوتەدا ژیاون، ڕێگای گەیشتن پێی لە بارە و دەکەوێتە دوڵی بازیانەوە، هاوکات (25) کم لە شاری سلێمانیەوە دوورە ئەم هۆکارانەش وایکردووە ڕێژەیەکی بەرچاو لە گەشتیاران سەردانی بکەن[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی پارێزگای سلێمانی

کاتی تۆمارکردن: 2012-11-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 20

ئەشکەوتی جاسەنە

2012070917062971944=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەشکەوتی جاسەنە، دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی دوکان، لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان. ڕۆژنامەی بانگی حەق، لەم ئەشکەوەتەوە بڵاودەکرایەوە و ئەمەش وایکردووە ببێتە شوێنەوارێکی ناسراو.
ڕۆژنامەی بانگی حەق، یەکەم ژمارەی لە 8ی مارتی 1923 لەئەشکەوتی جاسەنە لەلایەن شێخ مەحمودەوە دەرچووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | وێنە: هانا ڕەزا

کاتی تۆمارکردن: 2012-07-09

ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 21
ئەشکەوتی دوو دەری، قووڵترین و گەورەترین ئەشکەوتی چاخی بەردینی
2022090409344643199 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی دوو دەری، دەکەوێتە دامێنی چیای لیلۆن (سمعان) و لە 45 کیلۆمەتری باشووری شاری عەفرین و 5 کیلۆمەتر لە گوندی بورج ئەبدالو دوورە.
ئەم ئەشکەوتە قووڵییەکەی 60 مەتر و پانییەکەی نزیکەی 40 مەتر دەبێت، دوو دەرگای هەیە کە یەکیان بە پانیی هەشت مەتر و بەرزی پێنج مەتر بەرەو باکوور و ڕووی لە دۆڵێک دەکرێتەوە، دەرگاکەی تر بەرەو ئاسمان دەکرێتەوە و زیاتر وەک دووکەڵکێشێکی سرووشتی وایە.
ئەم ئەشکەوتە لە ساڵی 1978 دۆزراوەتەوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵانی 1989-1990 بە شێوازی سەرەتایی کاری کنە و پشکنینی بۆ کراوە، بەڵام لە ساڵی 1993 بە شێوازی پسپۆریانە و جددی درێژە بە کارەکە درا و لە ئەنجامدا پاش 16 ساڵ کنە و پشکنین لە لایەن تیمێکی هاوبەشی سووری و یابانی، ئێسکەپەیکەری منداڵێکی دوو ساڵانەی نیاندەرتاڵ تێیدا دۆزرایەوە.
دووەم دۆزینەوەی گرنگی ئەم شوێنەوارە بۆ ساڵانی 1997-1998 دەگەڕێتەوە، لە چاڵێکی 70 بۆ 50 سانتیمەتریدا دووەم ئێسکەپەیکەری منداڵێکی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم چاڵە وەک گۆڕێکە و بۆ ناشتنی منداڵەکە بەکارهاتووە، واتا مرۆڤی ئەو سەردەمە مرۆڤی هۆشیار بوونە و مردووەکانیان لە ژێر خاکدا ناشتووە.
مێژووی ئەم دوو ئێسکەپەیکەرە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی واتا بۆ 100 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی حەلەب پارێزراون.
بە گوتەی شوێنەوارناسە بەشداربووەکانی ئەم هەڵکۆڵینە، بە هۆی بەرزی ئەشکەوتەکە لە ئاستی زەوی کە هۆکارێک بووە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ئاژەڵی درندە و ڕووداوە سرووشتییەکان، هەروەها هەبوونی سەرچاوەی سرووشتی ئاو و خۆراک، ئەشکەوتی دوو دەری شوێنێکی گونجاو و لەبار بووە بۆ ژیانی مرۆڤە نیاندەرتاڵەکان کە لەو سەردەمە لە نێوان کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەفریقا و ئاسیا لە هاتوچۆدا بوونە.
ئەشکەوتی دوو دەری 450 مەتر لە ئاستی ئاوی دەریا بەرزە، شوێنی جوگرافی ئەم ئەشکەوتە لە شوێنە هەرە جوانەکانی عەفرینە و دەکەوێتە نێوان دۆڵی دوو دەری لە ڕۆژئاوای کوردستان.
ئاامدەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
سەدە: چاخی بەردینی ناوین
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

ولات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسکورد - 2022-09-04

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 22

ئەشکەوتی دووکون

20230309172004473055=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناوی شوێنەوار: ئەشکەوتی دووکون یان ئەشکەوتی چەمی ڕەزان

ئەشکەوتی دووکون لە شاخی چەمی ڕەزان
ئەشکەتی دووکون یان ئەشکەوتی چەمی ڕەزان، یەکێک لە ئەشکەوتە سرووشتی و مێژوویەکانی باشووری کوردستانە و دەکەوێتە نزیک ئەشکەوتی شوێنەواریی قزقاپان.
مێژووی ئەم ئەشکەوتە بە تەواوەتی دیار نییە کە ئەوەش هۆکاری جیاوازی هەیە وەک ئەوەی کە تا ئێستا لە ڕووی زانستییەوە کاری لەسەر نەکراوە. سەبارەت بە ناوی ئەشکەوتەکەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەبەر ئەوەی دوو دەروازەی چوونە ژورەوەی هەیە، بۆیە پێی دەگوترێت ئەشکەوتی دووکون، بەڵام ڕەنگە ناوە مێژووییی و زانستییەکەی شتێکی تر بێت.
ئەشکەوتی دوو کون ساڵانێکی زۆر بارەگای پێشمەرگە بووە و وەک سەنگەرێک بە کارهاتووە.
هەڵکەوتەی جۆگرافیایی ئەم ئەشکەوتە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و سەربە شارەدێی سووڕداشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-09
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 23

ئەشکەوتی زەرزی

2011041708503156709=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم ئەشکەوتە بە یەکێک لە شوێنەوارە بەناوبانگەکانی کوردستان دادەنرێت، دەکەوێتە زنجیرە چیاکانی سووڕداش هەروەها نزیکە لە هەردوو ئەشکەوتی قزقەپان و کوڕوکچ، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی لە لای باکووری ڕۆژاوای لە دووری نزیکەی 50 کم لە شارەکەوە،

بۆ یەکەمجار هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەم ئەشکەوتەدا کرا لەلایەن لیژنەیەکی ئەمریکی بەسەرۆکایەتی (گاروود) و (هاو) لە ساڵی 1927 ز،

لە ئەنجامی پشکنینە شوێنەواریەکاندا سێ چینی نیشتە جێبوونی تێدا دۆزرایەوە، کە پێکدێت لە چینەکانی (A- B- C) .بە پێی ئەو توێژینەوە شوێنەوارییانەی کە لەسەر پاشماوە شوێنەوارەکانی ئەشکەوتی زەرزی کراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 12000 ساڵ پ.ز.

لە چینی A: کە چینی سەرەوەی شوێنەوارەکەیە هەندێ پاشماوە گلێنەو پارچە بەردی سوان دۆزرانەوە، مێژووی ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ چاخە مێژووییەکان واتە دوایی زایین

چینی B: ئەم چینە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست، لە هەموو چینەکانی تر گرنگترە لە ڕووی شوێنەوارییەوە کۆمەڵێک ئامێر و کەلوپەلی بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە، وەکوو ئامێری (میکرولیسی) کە لە بەردی بچوک دروستکراون و هەندێکیان شێوەی سێگوشەییە و هەندێکیان لێواریان تیژە، هەروەها ئامێری لە ئیسک دروستکراوی تێدا دۆزراوەتەوە کە هیی ئەو ئاژەڵانەن ڕاویان کردون

چینی C: ئەم چینە چینی کۆتایی شوێنەوارەکەیە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی شوێنەوارەکە پاشماوەی گرنگی وای لێ نەدۆزراوەتەوە کە شایەنی باسکردن بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | جمال رشید ئەحمەد، رشید فوزی، تاریخ الکرد القدیم، (اربیل 1990-) نعمان جمعة ئیبراهیم، حضارة العصر الحجری الحدیث فی الکردستان العراق ' رسالة ماجستیر غیر منشورة، اربیل 2003 -

[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (شوێنەواری ئەشکەوتی زەرزی) لە: 2011-4-17 0:30:04

کاتی تۆمارکردن: 2011-04-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 24

ئەشکەوتی سێدەر

20231225135500539822=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی سێدەر یەکێکە لە ئەشکەوتە شوێنەوارییەکانی دەڤەری بارزان و سنووری شارۆچکەی مێرگەسوور کە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و بە گوتەی شوێنەوارناسان دەکرێت هاوسەردەم بێت لەگەڵ ئەشکەوتی شانەدەر.
ئەم ئەشکەوتە سێ دەرگای هەیە، کە یەکێکیان لە باکوورە و ڕووی لە ئەشکەوتی شانەدەرە، ئەوەی دیکەیان لە باشوورە و دەرگاکەی دیکەیشی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە، لەلای دەرگای باشوور ئەشکەوتێکی سەرانجڕاکیش هەیە، نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە زێی گەورەوە دوورە، دیمەنەکانی سێدەر سەرنجڕاکێش و گرنگن، کە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی وەک پەناگەیەک بۆ ژیان و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵداری بەکار هێنراون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

سەدە: سەدەکانی پێش مێژوو (پێش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-12-25
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 25

ئەشکەوتی شانەدەر

20081216223603795=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەکەوێتە شارۆچکەی مێرگەسوور و سەربە شارەدێی بارزان، لە شاری هەولێر و (2200) پی بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە، دەکەوێتە سەربەرزایی لوتکە چیای برادۆست و مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن بۆ (7000) ساڵ پێش زایینی و بەکۆنترین و گەورەترین ئەشکەوت دادەنرێت لە باشووری کوردستاندا لەبەرزی (18م) و درێژی (40م) و پانی (27م) کە فراوان دەبێت بۆ ناوەوە تا دەگاتە (60م) بەنزیکەیی.
لە ساڵی (1951 تا 1961) هەڵکۆلینی سەرەتایی تێدا ئەنجام دراوە لەلایەن زانا (ڕالف سولیکی) بەپالپشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لەوکاتەدا، ئەم هەلکۆلینەش تەواو نەکراوە و لەئەنجامی ئەم هەڵکۆلینەش چوار چین دۆزراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2008

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 26

ئەشکەوتی گوندک

2022080722050242713 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی گوندک دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای گوندی گوندک بە دووری 20 کیلۆمەتر لە ڕۆژاوای شارۆچکەی ئاکرێ دوورە، لەم ئەشکەوتەدا سێ داتاشراو هەیە، لە هەڵکەنراوی یەکەم پیاوێک بەپێوە وەستاوە، تەنوورەیەکی درێژی تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە، بەڵام بەشی سەرەوەی ڕووتە، پیاوەکە لە دۆخی جووڵەدایە، ڕمێکی لە پشتی بزنەکێوییەک داوە، خەریکە لەسەر دەم دەکەوێت.

لە هەڵکەنراوی دووەمدا کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر هەڵکەنراوی یەکەم، لەلای ڕاستەوە دوو پیاو سەری ئاژەڵێکیان گرتووە، پێدەچێت بیانەوێت بیکوژن، لە پشتیانەوە کەسێکی تر وەستاوە و ڕووی لە پێشەوەیە هەردوو دەستیشی بەرز کردووەتەوە.

لە دوای ئەویشەوە ژنێک و پیاوێک لەسەر کورسی بەرانبەر یەکتر دانیشتوون و هەریەکەیان پشتی منداڵێکی بچووکی گرتووە، کە لەسەر مێزێکن و دەستیان لە ملی یەکتر کردووە. لە دوای ئەوانیشەوە ژن و پیاوێک خەریکن دێنە لای ئەوان و پیاوەکە منداڵێکی بچووکی لە باوەشدایە. کۆی ئەم دوو هەڵکەنراوە باسی ڕاوکردنی ئاژەڵ و کەژاوەی دەربڕینی خۆشی و شادی دەکات بەو بۆنەیەوە.

لە هەڵکەنراوی سێیەمدا کەسێک لەسەر کورسی دانیشتووە کڵاوێکی شاخداری لەسەرە، بە دەستی چەپی خواردن دەداتە بزنێک کە هەردوو دەستی خستووەتە سەر ئەژنۆی ئەو پیاوە، لە پشتیان ئاژەڵێکی درندە دەردەکەوێت، لە پێشیشیان ئاژەڵێکی تر خەریکی شیردانە بە بەچکەکەی و ئافرەتێک چاودێریان دەکات، بەشێوەیەکی گشتی ئەم بەشە باسی ئەوە دەکات، چۆن ئاژەڵە کێوییەکان لە درندە بپارێزین. بەگوێرەی بابەتی هەڵکەنراوەکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان 2900 -2371 پێش زایین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لێکۆڵەرانی مێژووی کورد

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 27
ئەشکەوتی هەزار مێرد خاوەنی هەزار چیرۆکی مێژوویی

20240226065657554930=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

وەیسی تالی-ڕێباز حەسەن. سلێمانی
ئەشکەوتی هەزارمێرد یەکێک لە کۆنترین لانکەی شارستانییەتە، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای شاری سلێمانی بە دووریی 13 کیلۆمەتر و خاوەنی هەزار چیرۆکی مێژوویە.
جوگرافیای کوردستان بە سرووشت و جوانیی خۆی لە جیهان دا بەناوبانگە، ئەشکەوت پەناگەکانی لە مێژوودا بوونەتە پەناگەیەکی باش بۆ مرۆڤەکان، بەتایبەتیش باشووری کورستان دەوڵەمەندە بە شوێنەواریی مێژووی، یەکێک لەو شوێنەوارە مێژوویە گرنگانە ئەشکەوتی هەزار مێردە.
ئەشکەوتی هەزارمێرد هەڵکەوتەکەی دەکەوێتە دامێنی چیای بەرانان بە دووریی 13 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژاوای شاری سلێمانی، لەگەڵ ئەوەی ئەشکەوتی هەزار مێرد قەبارەیکی گەورەی هەیە، بەڵام لە ڕیزە ئەشکەوتێک هەیە، کە بەلای ڕاست و چەپی ئەشکەوتە گەورەکەدا دابەشبوون، بەشێوازێک هەموو ئەشکەوتەکان دەرگەکانیان دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات، لەژێر دامێنی چیای بەرانان و ئەشکەوتی هەزار مێرد گوندێکی بچووک هەیە و ناوی هەزارمێردە ژیانی خەڵکی ئەو گوندە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە.
دەڵێن هەزار مرۆڤ لەو ئەشکەوتە جێ دەبێتەوە.

لەسەر ناوی ئەشکەوتەکە بۆچوونی جیاواز هەیە، یەکێک لە بۆچوونە هەرە باوەکان ئەوەیە، کە مێژوونووسان و شوێنەوارناسەکان ئاماژەی پێدەکەن ناوی ئەو ئەشکەوتەکە لەوەوە هاتووە، کە ئەو ئەشکەوتە شوێنی هەزار مێری تیادا دەبێتەوە. واتا ئەوەندە فراوانە جێی هەزاری پیاوی تیادا بووەتەوە و ناوەکەشی هەر لەوەوە هاتووە.
تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی کنە و پشکنینیان بۆ کردووە.
ژنێکی لێکۆڵەر بە ناوی گاردو لێکۆڵینی لەسەر چاخی پێش زایین لە ساڵی 1928دا کردووە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانیش لە ساڵی 1998دا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە.

لە هەموو پشکنینەکانیدا سێ چین شوێنەوار دۆزراونەتەوە کە ئەمانەن:
-چینی سەرەوە یاخود چینی یەکەم: لەم چینەدا کۆمەڵێک گۆزە، دیزە و ئیشی گڵی جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە، کە زۆر کۆنن و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، هەروەها سێ گۆڕیش دۆزراونەتەوە، کە یەکێکیان گۆڕی منداڵێکە و سێ گۆزەشی لەگەڵ نێژراوە، سێ پارچە ئاسنیش دۆزراونەتەوە، یەکێک لە پارچە ئاسنەکان سەری تیرە و دووانەکەی تر دوو پارچە دراون کە هیی دوو سەردەمی جیاوازن، یەکێکیان هیی سەردەمی بێژەنتییەکانە و ئەوی تریان هیی سەردەمی ساسانییەکانە.
-چینی دووەم: ئەم چینە، بە چینێکی تەنک دادەنرێت و بریتییە لە هەندێک بەردی سرووشتیی ئەستێ.
-چینی سێیەم: لەم چینەدا ئێسکوپروسکی ئاژەڵ و باڵندە دۆزراونەتەوە لەگەڵ زۆرێک لە بەردی ئەستێ، بەڵام بەشێوەی جیاواز و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست. هەروەها دوو تەور دۆزراونەتەوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 30 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

خاوەن مێژووێکی 30-50 هەزار ساڵەیە.
ئەو بەردانە لەو ئەشکەوتانەدا دۆزراونەتەوە و لێکۆڵینیان لەسەر کراوە و ئەوە دەر دەخەن، کە مێژووی ئەو ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 30 بۆ 50 هەزار ساڵ پێش زایین. ئەو شوێنەوارانەی لەم ئەشکەوتە دۆزراونەتەوە لە ئەنجامی ئەو کنە و پشکنینەی شوێنەوارناس ساپیزەر کردویەتی لە ساڵی 1926 بەشێکیان هاوشێوەی ئەو شوێنەوارانەن، کە پێشتر لە ئەشکەوتی شاندەر دۆزراونەتەوە، جیاواز لەوەش بەشێک لە بەردەکانی ئەو ئەشکەوتە هاوشێوەی بەردەکانی ئەشکەوتی زاوێتە و شەکەبەی فەڵەستینین.
لە گوندی هەزار مێرد بەدواوە 15 خولەک بە ئۆتۆمبیل بە ڕێگای خۆڵ چووین تا گەیشتنە نزیکەی ئەشکەوتەکە لەوێش ڕێگای ئۆتۆمبیل تەواو دەبێت، وا پێویست دەکات بە چەند ڕێگای باریک بە پێ بڕۆیت تا دەگەیتە ناو ئەشکەوتەکە، هاتا زیاتر بەرەو دەرگای ئەشکەوتەکە دەڕۆشتن زیاتر ماندوو دەبوین نەفەسمان تەنگ دەبوو، تا گەیشتینە دەرگای ئەشکەوتەکە، هەتا زیاتر لە ئەشکەوتەکە نزیک دەبووینە زیاتر گەورەیی و هەیبەتی ئەشکەوتەکەمان بۆ ئاشکرا دەبوو، گەورەیی ئەشکەوتەکە هەر لە دوورەوە دیارە، بەڵام کاتێک لێ نزیک دەبیتەوە گەورەترە وەک لەوەی پێش بینی دەکەیت، دەرگای ئەشکەوتەکە بە قەبارەی نزیکەی 15-20 مەتر فراونە لە لای ڕاست و چەپی ئەشکەوتەکە ئەشکەوتی بچووک هەن

هەریەکەیان بە قەبارەی نزیکی 5-6 ماتر یاخود 3-4 مەتر درێژیان هەیە.

ئەشکەوتی هەزارمێرد، ئەشکەوتێکی گەورەی دەم فراوانە، قووڵییەکی کەمی هەیە. لە لای ڕاستییەوە پێنج ئەشکەوتی تر هەیە، بەڵام ئەمانە زۆر قووڵن و دەمەکانیان فراوان نییە، هەر بۆیە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بچێتە ناویان و بگاتە کۆتاییەکەیان، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئۆکسجین کەم بێتەوە و مەترسی درووست بێت بۆ سەر ژیان، مەگەر ئامێری ئۆکسجین بەکاربهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە پاش ماوەیەک ڕۆیشتن لە ناویاندا زۆرێک لە باڵندە، بەتایبەتی شەمشەمەکوێرە هێرش دەهێنن و بەرەنگاری درووست دەکەن، سەرەڕای ئەمانە، ڕێگەی گەیشتن بە ئەشکەوتەکە ڕێگەیەکی خراپە و هەتا بە ئۆتۆمبیلیش نزیکبوونەوە لێی ئەستەمە.
هەڵکەوتەی ئەشکەوتی هەزارمێرد بە جۆرێکە، کە بەیانیان ڕۆژ هەڵ دێت ڕاستەوخۆ یەکەم گزنگی خۆرهەڵهاتن دەیدات لە دەمی ئەشکەوتەکە و دەچێتە ناوەوە و هەتا چێشتەنگاو دەمێنێتەوە.
ئەشکەوتی هەزارمێرد، دووەم گەورەترین ئەشکەوتە لە باشووری کوردستان لە دوای ئەشکەوتی شانەدەر. ئەم ئەشکەوتە نزیک دێی هەزارمێردە، کە دێیەکی زۆر کۆنە و لە زووەوە بەهۆی پەتای تاعون لە شوێنی خۆیان گواستویانەتەوە و هاتوونەتە جێگەیەکی خوارتر لە ئەشکەوتەکە.
پاشماوە دۆزراوەکانی ناو ئەشکەوتی هەزارمێرد، هێمایەکن بۆ بوونی کۆنترین ژیانی مرۆڤ لە کوردستان. ئەم ئەشکەوتی هەزارمێردە ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، کە دەڵێن شوێنی هەزار مێری تیادا دەبێتەوە، بۆیە پێی دەڵێن، ئەشکەوتی هەزار مێرد، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە دەڵێن، ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە ئەم ئەشکەوتە هەزار چیرۆکی مێژووپی هەڵگرتووە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە 50 هەزار ساڵ، بەڵام لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێویست و پشتگوێخستنی، زۆرێک لەو چیرۆک و ڕووداوانە هێشتا نەزانراون.

هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار لە سلێمانی پەیوەندییان کردووە بە دوو زانکۆی جیهانیی کە پشکنین دەکەن لەسەر شوێنەوارە مێژووییەکان، ئەوانیش زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکی و زانکۆی لیڤەرپولی بەریتانییە کە بێن و لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەشکەوتەکە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.
بەپێی ئەو پشکنینانەی لە ساڵەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی لەسەر ئەم ئەشکەوتە کراون، ئەوە دەرکەوتووە کە ئەشکەوتەکە شوێنی مرۆڤە سەرەتاییەکان بووە، شوێنێک بووە بۆ خۆپاراستن لە دوژمن لە سەردەمە جیاوازەکاندا و دەریان خستووە کە ناوەکانی ئەشکەوتەکە بە مانای گەورەیی یاخود پلەی سەربازیی یاخود تەڕی و فراوانی (مێرگ)، بەشی ناوەوەی ئەشکەوتەکە زۆر تەڕ و شێدارە و بە دیوار و بنمیچەکەیەوە شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی خواردن درووستکراوە. [1]

ژ.ت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
سەدە: چاخی بەردینی کۆن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | anfsorani.com 05-06-2022
کاتی تۆمارکردن: 2024-02-26
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 28
ئەشکەوتی هەڵامەتا

20230304180524471842=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نەخشە هەڵکۆراوەکانی سەر چیای زاوا یەکێک لە جوانترین و دەگمەنترین شوێنەوارەکانی کوردستانە کە بە مێژوویەکی زیاتر 3 هەزار ساڵە، لە ناو دڵی چیایەک دەدرەوشێتەوە.
ئەم شوێنەوارە کە ئەشکەوتی هەڵامەتیشی پێدەگوترێ، دەکەوێتە چیای زاوا لە 7 کیلۆمەتری باشووری ڕۆژاوای شاری دهۆک، بەرانبەر گوندی کەڤەرکێ.
شوێنەواری ئەشکەوتی هەڵامەت، هەرچەندە بە ڕێگایەکی سەختدا پێی دەگەی، بەڵام خەیاڵی بینینی شوێنەوارێکی دەگمەن و ناوازە هێزی بەردەوامبوونت پێ دەبەخشێت و وات لێ دەکات بەرەو خوارەوەی چیاکە و بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆیت.
چوار تابلۆی بەردینی قەبارە گەورە کە بە دەست و ئامێری کونکردنی ئەو سەردەمە لە ناو قەدی چیاکە درووستکراوە، ئەمە سەرەتای نەخشێکی مێژوویە.
یەکەم تابلۆی بەردی کە کەوتە کە دەکەوێتە بەر دیدەی گەشتیار، نەخشێکە بە پانی پێنج مەتر و 75 سانتیمەتر، کە گەورەترین و گرینگترین نەخشی شوێنەواری ئەم کۆمەڵە نەخشەیە، ئەو تابلۆ شوێنەواریە شوێنی هەڵکۆڵینی وێنەی کۆمەڵێ خواوەند و پیاوی ئاشوریە کە هەر یەکەوە لەسەر ئاژەڵێکی ئەفسانەیی لەبەرانبەر پاشای ئاشوری سەنحاریب (705 - 681) کە نزیکەی 24 ساڵ دەسەڵاتداری ئەم دەڤەرەی کردووە ڕاوەستاون. لە ناو بەڵگە مێژوویەکان ناوی خواوەندەکانی ناو نەخشەکە بریتییە لە خواوەند ئاشور، ننلیل، سین، نابو، شمش، ئەدەد، عەشتار.
زانایان پێیان وایە ئەم نەخشە بەردینە باس لە ڕێورەسمێکی ئایینی و سەربازی دەکات، چونکە هەر یەکێک لە خواوەندەکانی ناو تابلۆ مێژوویەکان بە جلوبەرگی تایبەت و بە هەڵگرتنی کۆمەڵێ پێداویستیی تایبەت لەبەرانبەر پاشای ئاشوری ڕاوەستاون و پاشای ئاشوری بە درووستکردنی ئەم نەخشەیە، ویستوویەتی شکۆ و سەرکەوتنی خۆی تۆمار بکات.ئەم نەخشانە لەسەر بەردی کلس درووست کراوەن و دەکەوێنە بەرانبەر گرێ مالتا، کە ئەویش یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئاشوریەکان و پاشا سەنحاریبە.
هەرچەند ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە گەورەترین نەخشە بەردەکانی هەرێمی کوردستانە و کەوتوویتە شوێنێکی سەخت و پڕ مەترسی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دوور نەبووە لە دەستدرێژیی تێکدان و تەقاندنەوە، لە تەواوی شوێنەوارەکە ئاساری فیشەک و سووتاندن و لێدان و لێکردنەوە بە ئامێرە تیژەکانەوە دیارە و لە هەندێ لە پەیکەرەکان بەشی سەر و سینگیان لێکراوەتەوە، کە بە مەبەستی بازرگانیی شوێنەواری ئەو کارە ئەمجام دراوە، بە تایبەت لە یەکێک لە نەخشەکان کە تایبەتە بەخێزانی پاشا سەنحاریب، بەشی سینگ و سەری لێ کراوەتەوە و شێوێنراوە، کە دوور نییە ئەم جۆرە کارانە بە مەبەستی دزین و فرۆشتنی شوێنەوارەکان بۆ بازاڕەکانی ڕەشی دەرەوەی وڵات، کە تایبەتن بە بازرگانیی شوێنەوار و فرۆشتنیان، ئەنجام درابێت.
شوێنەواری هەڵامەتا لە ساڵی 1935 وەک ناوچەیەکی شوێنەواری ناسێنراوە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2023-03-04

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 29

ئەشکەوتی ڕۆمی

2022020723542940424 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەشکەوتی ڕۆمی لەلایەن خەڵکی هەریر بە ئەشکەوتی فوئاد ناسراوە
ئەم ئەشکەوتە بە دوری 3کم دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەریر- خرواتان، 1434مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە، مرۆڤی چاخی بەردینی ناوەڕاست (15000-10000پ ز) لەم ئەشکەوتە ژیاوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: هەریر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئینسکلۆپیدیای هەولێر

کاتی تۆمارکردن: 2022-02-07

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 30

ئەشکەوتی کافران

20220619193444419131=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی کافران، کە دەکەوێتە چیای زۆزک بە دووریی 3,5 کم لە باکووری گوندی بەرزێوە، 9 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ڕواندز، لەناو ئەو ئەشکەوتە چەند وێنە و نووسینێکی سەرەنجڕاکێش دەبینرێت و بووەتە جێگەی سەرسامی هاووڵاتییان و شوێنەوارناسان.

عەبدولڕەزاق مەمەندی، لێکۆڵەری شوێنەواری لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران، بە (باسکۆرد) ی ڕاگەیاند: لەپێناو کۆکردنەوە و زانیاری و توێژینەوە لە شوێنەواربوونی ئەشکەوتی کافران، ، وەک تیمێکی شوێنەوارناسان لە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران، سەردانی ئەشکەوتەکەمان کرد و لە نزیکەوە بە دیمەنەکانی ئاشنابووین، ئەشکەوتەکە دەروازەیەکی تا ڕادەیەک گەورە و بەرزی هەیە کە بە درێژایی ڕۆژ تیشکی خۆری پیادا دێتە ژوورەوە، ئەمەش وای کردووە سەردەمانێک ئەم ئەشکەوتەوە پەناگەیەک بەکار بهێنرێت لەلایەن مرۆڤەوە. هەروەها ئەم ئەشکەوتە لە دوو قات پێکهاتووە، قاتی خوارەوە فراوانییەکەی نزیکەی (3 _ 5) م دەبێت، لە بەشی دواوەی کونێک هەیە کە تیرەکەی (1 _ 1,5) م دەبێت و بەرزییەکەی نزیکەی (5) م دەبێت و هەردوو قاتەکە بەیەکتری دەبەستێتەوە شێوەیەکی سەرەنج ڕاکێشی هەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەرچەندە بەهۆی بەرزییەکەیەوە نەمانتوانی سەربکەوین بۆ قاتی سەرەوەی ئەشکەوتەکە، بەڵام بە وتەی دانیشتووانی گوندەکە و ئەوانەی سەرکەوتوون و بینیویانە، دەڵێن فراوانییەکەی (3_4) م دەبێت، ئەویش بە هەمان شێوە دەروازەیەکی هەیە و ڕووی لە خۆرە و دیوارێکی بۆ کراوە بە بەرزیی (1,5) م. لە لای چەپی دەروازەی ئەشکەوتەکە، لەسەر تاقێک بە ڕووبەری (120 ×120) سم دیمەنێک هەیە، لەگەڵ چەند دێڕێکی نووسین کە وێنەی کێشراوە. لە بەشی خوارەوەی وێنەی زۆرانبازیی ئەسپسوارێک لەگەڵ شێرێکی مێینە هەیە، لە بەشی سەرەوەشی وێنەی ئافرەتێک هەیە و لە تەنیشت وێنەی ئەسپسوارەکەش چەند دێڕێکی نووسین هەیە. لە وێنەی زۆرانبازیی ئەسپسوارێک لەگەڵ شێرێکی مێینەدا، ئەسپ سوارەکە بە بەرزیی 45 سم و بەپانیی 38 سم وێنە کێشراوە.

ئەو کەسەی لەسەر ئەسپەکە وێنەی کێشراوە، کڵاوێکی شێوە قۆقزیی لە سەردایە، وەک شێوەی لوولپێچی، یان چەند چینێکی لەسەر یەک دەردەکەوێت و لەسەری کڵاوەکە بازنەیەک هەیە. دەموچاوی سوارەکە تا ڕادەیەک بەشێوەیەکی بازنەیی وێنەی کێشراوە کە دوو برۆی گەورە و دوو چاوی بچووکی هەیە، بە دەستی چەپی ئەو گوریسەی گرتووە کە بەدەمی ئەسپەکە بەستراوەتەوە و بە دەستی ڕاستی ڕمێکی درێژی هەڵگرتووە کە درێژییەکەی نزیکەی 50 سم دەبێت و لە ملی شێرەکەی بەرانبەری چەقاندووە، ڕمەکە لە ملی شێرەکە دەرچووە. ئەسپەکە لە حاڵەتی بەرەنگاربوونەوە دایە لەگەڵ شێرەکە و دەمی کردووەتەوە، شێرە مێینەکە لە بەرانبەر ئەسپسوارەکە وێنە کێشراوە، کە دووریی نێوانیان لەلای دەمیانەوە 1,5سم دەبێت، لەلای پێیەکانیشیان پێنج سم دەبێت. شێرەکە بە بەرزیی 30سم و پانیی 30 سم وێنە کێشراوە، کلکی بەرز کردووەتەوە و چنگەکانی بە شێوەیەکی باریک و درێژ وێنە کراون.

لە بەشی سەرەوەی ئەم وێنەیە، بە دووریی 15سم وێنەی ئافرەتێک بە بەرزیی 43سم کێشراوە، قژەکەی پەرش و بڵاو بووەتەوە بە هەردوو لاوە کە درێژییەکەی نزیکەی 10سم دەبێت. هەردوو دەستی کردووەتەوە و پەنجەکانیشی کراونەتەوە،

ئافرەتەکە بە شێوەیەکی قەڵەو و بە ڕەنگێکی کاڵ دەردەکەوێت و پانایی سنگی 7سم دەبێت و ئەستوورپی ڕانی 3 سم دەبێت. سەرەڕای ئەم زانیارییانەی سەرەوە، لەلای چەپی ئەم دوو وێنەیە چەند دێڕێکی نووسین هەیە کە بە شێوەیەکی لار لەسەرەوە بۆ خوارەوە نووسراوە، بە هەمان شێوە ئەم نووسینە بە مەرەکەب نووسراوە و ناتوانرێت بەباشی بخوێندرێتەوە.
ڕوونیشی کردەوە: لە خوارەوەی ئەشکەوتەکە لەناو پاشماوەکەدا، چەند پارچە گڵێنەیەکمان دۆزیەوە. لەبەرئەوەی وێنەکان لەگەڵ نووسینەکە هەمووی بە مەرەکەب وێنە کێشراوە و نووسراوە، لە نووسینەکەدا چەند وشەیەکی (عەرەبی) هەیە، پێمان وایە تێکڕای دیمەنەکە لەگەڵ نووسینەکە دەگەڕێنەوە، بۆ یەک سەردەم، ئەویش سەردەمی ئیسلامییە. شێوازی وێنەکردنی ئەسپەکە و دەموچاو و کڵاو و ڕمە درێژەکەی ئەسپسوارەکە و زۆرانبازی لەگەڵ شێر، هاوشێوەی ئەو وێنانەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مەغۆل، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو وێنانە لەگەڵ نووسینەکە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مەغۆل.
ئەم لێکۆڵەرە شوێنەوارناسە نیگەرانیی خۆیشی دەربڕی لەوەی کە ئەشکەوتەکە، لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکە دەستدرێژیی کراوەتە سەر و لە چەند شوێنێک هەڵکۆڵدراوە و لە بەشی سەرەوەی وێنەی ئافرەتەکە چەند لێدانێک هەیە کە تا ڕادەیەک وێنەکەیان شێواندووە، هەروەها بەشی خوارەوەی نووسینەکە شکێندراوە. هەروەک دەوترێت کاتی خۆی نامەیەک لەناو ئەشەکەوتەکەدا لەلایەن خەڵکی گوندی بەرزێوەی سەربە شارۆچکەی ڕواندز دۆزراوەتەوە و دراوەتە دەست مامۆستای گوندەکە، بەڵام هیچ کەس زانیاریی لەسەر خوێندنەوەی نەبووە و نامەکە بردراوە بۆ شاری بەغدا، لەوێ زانایەک بۆی خوێندوونەتەوە، لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، خەڵکانێک لە ترسی ئیسلامبوون ڕوویان لەو ئەشکەوتە کردووە و بەمەش ناو نراوە ئەشکەوتی کافران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 31

ئەشکەوتی کاڵدار

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&https://www.google.com/search?q=2024041308194556515

ئەشکەوتێکە لە ناوەڕاستی ناوچەی لورستاندایە لە دیوی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. ڕێڕەوێکی کۆنی پەڕینەوەی مرۆڤی نوێی لە ئافریقا هاتوو بۆ ئاسیای ناوەڕاست و لەوێوە بۆ ئەورووپا، بووە. بۆ هەردوو مرۆڤ و ئاژەڵیش ئەو ناوچەیە شوێنی پەڕینەوەیان بووە بە زاگرۆسدا. لەبەرهەبوونی سەرچاوەی زۆری ئاو و دار و دارستان و ئەوشکەوتی زۆر، ناوچەیەکی لەباری ژیانی مرۆڤی دێرین بووە. لە ساڵانی 30 سەدەی ڕابردووەوە بایەخی ئەو ناوچەیە بۆ شوێنەوار و پاشماوەی مرۆڤی کۆن، ناسراوە.
ئەشکەوتی کاڵدار دەکەویتە دۆڵی خورەمئاوا سەرەتا لە ڕووماڵێکی ساڵی 2010 دۆزراووەتەوە. 1290 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە. لە ناوێدا 16 مەتر قووڵە و 17 مەتریش پانە، تا 7 مەتریش بەرزە. لە نیوان چاخی بەردینی ناوەڕاست و نویدا، ژیانی تێدا بووە. واتا 38650 تا 54400 ساڵ لەمەوبەر. ئەو ئامرازە بەردانەی لە چینەکانی بنەوەی بەشی چاخی بەردینی نوێدا دۆزرانەوە، لە کۆنترین ئامرازی بەردینی لەو جۆرەن مرۆڤ لە ڕۆژئاوای ئاسیا دروستی کردبێت. مرۆڤی ئەوکاتە نەک هەر لە وێوە هەنگاوی بەرەو ئەورووپا هەڵێناوە، بەڵکو لەگەڵ ژینگەی شوێنی ژیانیشیدا تەواو خۆی گونجاندووە.
هەڵکۆڵینەکانی ساڵانی 214 و 2015 بەڵگەی ژیانی مرۆڤی نوێی تێدا دۆزییەوە. ئەگەریش هەیە نیاندرتاڵ لەوێ ژیابێت.
پاشماوەکانی زەوی کالدار بۆ چوار چین دابەشکراون. چینی یەکەم لە نێوان 23100 تا 29400 ساڵ پیش ئێستایە، ئینجا چینی دووەم 38650 تا 36750 ساڵ لەمەوبەر، دواتر چینی سێیەم لە نێوان 44200 تا 42350 ساڵ لەمەوبەرە، پاشان چینی چوارەم لە نێوان 54400 تا 46050 ساڵ بەر لە زایینە. بەو جۆرە کالدار دەبێتە کۆنترین ئەشکەوتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مرۆڤ تێیداژیابێت.
کەشوهەوای ئەو شوێنە وەکو سەردەمانی هاوچەرخ بووە، زۆرتر وشک بووە. پاشماوەی ئێسقانی قرتێنەر و خشۆکەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن. دارستانی چڕوپڕ نەبووە. دەکرێ کەمێک لە نزمایی تر شێداربووبێ بەهۆی ئەوەی لە چۆمەکەوە نزیک بووە. بەو هۆیەوە لەوانەیە هەندێ جۆری دیکەی ئاژەڵ وەکو ئاسک و مەڕ و بزنی کێوی لەو ناوچانە هەبووبن.
لەبەرئەوەی جگە لە پاشماوەکانی شوینەوار، هیچ بەڵگەیەکی دیکە نییە ئەو کۆچانەی مرۆڤی نوێ نیشان بدات و شوێن پێیان هەڵگرێتەوە. دەرکەوتنی کەلتووری دروستکردنی ئامرازە بەردەکان کلیلی ئەو بڵاوبوونەوانەن. لە ناوچەی زاگرۆسدا، کەلتووری ماوستریان جێگرەوەی بۆ پەیدا دەبیت و بەرەو نەمان دەڕوات. ئەو نەمانەی کەلتووری ماوستریان و دەرکەوتنی کەلتووری برادۆستیان نیشانەی گەشیتنی مرۆڤی نوێیە و دیارنەمان یان کۆچی نیاندرتاڵە. جێگرتنەوەی نیاندرتاڵ لە نێوان 40 بۆ 50 هەزار ساڵ لەمەوبەر لە هەردوو دیوی زاگرۆس لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوویداوە. شوێنەوارناس کۆنارد و تیمەکەی پێیان وایە کەلتووری ناوچەی کرماشان لە چاخی بەردیینی نوێدا لە جۆری ڕۆستەمییە، چونکە هەندێ ئاکاری لەوانەی ناوچەی لێڤانت و ئەورووپا دەچێت. بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکرێ ناوی برادۆستیان بۆ ئورۆگناشیانی زاگرۆس بگۆڕدرێت. بەڵام زۆر توێژەر هەر بە برادۆستیی، ناوی دەبەن.
هەموو بۆچوونەکان ناگەنە یەک و ناکۆکن کاتێک دەگووترێت کەلتووری دروستکردنی ئامرازە بەردەکانی چاخی بەردینی نوێ لەم ناوچەیەدا لە کەلتووری ماوستریانەوە داکەوتووە. چونکە هەندێک پێیان وایە برادۆستیی لە کەلتووری ماوستریانەوە

داکەوتووە، دۆزینەوەکانی هەردوو شوێنەواری بەناوبانگی وارواسی و یافتە پاڵپشتی بۆچوونەکەی دووەم دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی بەراوردەکە تەنیا لەگەڵ دوو شوێنەواربووە، بۆیە ئەگەر هەیە لە هەموو زاگرۆس بە درێژایی 2000 کیۆمەتر، وانەبێت. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەر بۆچوونێک دەگەینە بنبەست چونکە زاگرۆس ناوچەیەکی والایە و لەو بارەیەوە ئەوەندە زانیاریی بەردەست نییە بمانگەیەنێتە ئەنجامی کۆتایی.

کۆمەڵێکی باش لە ئێسقانی گیانداران و ئاژەڵان لەوێ دۆزرانەوە. ئەوانەی خشۆک و گیانداری بچووک بوون بۆ ڕاوی باڵداری گەورەی وەکو باز و داڵاش دەگەڕێنەوە. بەڵام پەیکەرێکی تەواوی ئێسقانی ئاسک دۆزرایەوە، زۆربەی ئێسقانەکان شکاوبوون، بەشی هەرەزۆری بەباشی مابوو. ئەو پەیکەرە ئێسقانە پاشماوەی داماڵینی گۆشتی لەسەربوو. زۆربەشی لە ئاگردا سووتابوون، واتا بە گۆشتەکەیەوە لەناو ئاگر بووە. هەیانبوو ڕەش هەڵگەڕابوون و هەیانبوو سوور بووبوونەوە، ئەویش بۆ ئەوەبووە دوای شکاندنی ئێسقانەکان مۆخەکەی ناویان ببرژێنن. جگە لەوانیش کەمێک ئێسقانی دیکە هەبوون جێ ددانی ئاژەڵی درندەیان لەسەربوو، واتا ڕاوی ئەوان بوون و بۆ ناو ئەشکەوتەکە هێندراون.

ئامرازە بەردەکانی لە چینی پێنجەمی ئەشکەوتی کاڵدار دۆزرانەوە لە جۆری ماوستریان بوون. بەشێکی باشیان لەوانەبوون بە لافۆلۆ ناسراون. ئەو جۆرە ئامرازانە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست هەبوون. مرۆڤ بە لێدانی بەرد بە شیوەیەکی تایبەت ئامرازی بەردی دروست کردووە، شیوەیان بە لای سێگۆشەدایە. بۆ بڕین و داماڵینی گۆشت لە ئێسقان بەکارهاتوون. هەیانبووە بۆ جاری دووەم پارچەیەکی دیکەیان لێکراوەتەوە و دووبارە ئامرازێکی تازەی لێوە دروستکراوە. ئەو پارچەوپووچە بچووکانەی لە دروستکردنی ئامرازەکانیان پەیدابوون لە شوێنێکی دیکەدا دۆزرانەوە. لە بەراوردی نێوان دۆزراوەکانی چینی پێنج و چوار گۆڕان بە دیدەکرێت. لە چینی چوارەمدا، جگە لە جیاوازی دیکەی چۆنییەتی دروسکردنیان، ئامرازەکان درێژکۆلە بوون و لە کێش و قەبارەدا لەوانەی پێش خۆیان بچووکترن. ئەو گۆڕانە بە گۆڕانی تەکنۆلۆجی دەناسرێ.

لە بەراوردی نێوان ئامرازەبەردەکانی لە ناوچەی زاگرۆس دۆزراونەتەوە لەگەڵ ئەوانەی لە شوێنەوارەکانی ئەورووپا، دۆزراونەتەوە زۆر ئاکاری ئەو ئامرازانەی هەردوو ناوچە، لەیەک دەچن. بۆیە بۆچوونێک هەیە پێی وایە سەرەتای دەرکەوتنی ئەو جۆرە ئامرازە بەردانەی مرۆڤی دێرین لە زاگرۆس بووە و لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە ئەورووپادا، بڵاوبووەتەوە. ئەو ئامرازانە بە زاگرۆس ئاوریگناشیان ناونراون. هەرچی ئامرازەکانی جۆری ماوستریانن، ئەوا نیاندرتاڵ دروستی کردوون و بە دەرکەوتنی زاگرۆس برادۆستیان و ئاوریگناشیان لە نێوان 49200 تا 51، 000 ساڵ لەمەوبەر، ماوستریان لە کاڵدار نامێنێ. ماوستریان لە هەموو شوێنێک پاشماوەی نیاندرتاڵن. هەر لەو سەردەمەدا بووە کەش و هەوا بەرەو گەرمبوون چووە، چاخی بەستەڵەک لە کشانەوە بووە.

مرۆڤی نوێ لە ئافریقاوە هاتوو لەگەڵ جۆری دیکەی ئاژەڵان مامەڵەی کردووە. ئەو جۆرە ئاژەڵانەی لە زاگرۆس و باکووری زاگرۆس هەبوون وەکو ئەوانەی دوورگەی عەرەبی و ئافریقا نەبوون. ئەوان لەییەکەمین کەسەکان بوون ئەو جۆرە ئاژەڵە نوێیانەیان دیوە و لەگەڵیاندا ژیاون. شیردەرەکان لەو ناوچە نوێیانە جیاواز بوون، بەڵام خشۆک و قرتێنەرەکان هەر وەکو ئەوانەی دوورگەی عەرەبی بوون. ئێسقانی ئاژەڵانی لەوێ دۆزرانەوە لە کۆنترین پاشماوەکانی ئەو جۆرە ئاژەلانەن.

ئەم بابەتە لەلایەن هالی پشدەری نووسراوە.[1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

سەدە: چاخی بەردینی ناوین

سەدە: چاخی بەردینی نوێ

شار و شارۆچکەکان: لورستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژوو بۆ کورد History for kurds) ڕۆژی 2024-04-09

کاتی تۆمارکردن: 2024-04-13

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 32

ئەشکەوتی کونە ئاو

20211111150846396000=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی کونە ئاو

ڕاپۆرت-محەمەد هەسنانی

بوونی ئەشکەوتێکی دەگمەن و سەرەنج ڕاکێش لە گوندی مەلەکان لە دەڤەری سۆران، بووەتە جێگەی سەرەنجی هاووڵاتیان و گەشتیاران، وەک باسیشی لێوەدەکرێت بەرزی پلەی ساردی ئەم ئەشکەوتە، وایکردووە هیچ کەس ناتوانێت کاتژمێرێک لەناویدا بمێنێتەوە.
ئەشکەوتی (کونە ئاو) هەڵکەوتەکەی وایە دەروازەیەکی بچووکی هەیە و کاتێک دەچیتە ناو ئەم ئەشکەوتە شوێنێکی بەرفراوانەو کانیاوی سازگاری لێ هەڵدەقوڵێت و بەهۆی بەرزی پلەی ساردیەکەی مانەوە لەو ئاشکەوتەدا ئاستەمە، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆرانیش دەڵێت: بەهۆی بوونی ناوچەی شاخاوی و هەڵکەوتەی دەڤەرەکەمان، چەندین شوێنی دەگمەن و سەرەنج ڕاکێش بوونیان هەیە و دەکرێت بایەخی زیاتریان پێبدرێت و ببنە جێگەی ڕاکێشانی سەرەنجی زیاتری گەشتیاران بۆ دەڤەرەکە.
هەڵمەت حاجی نەسرەدین، گەنجێکی چالاکوانی گوندی مەلەکان سەربە شارەدێی خەلیفان، بە زاری کرمانجی گووت لەسنوورەکەمان چەندین ئەشکەوت و شوێنەواری دەگمەن و گرینگ بوونیان هەیە و ڕۆژانە بە مەبەستی بینین و بەسەربردەنی کاتێکی خۆش هاووڵاتیان و گەشتیاران سەردانیان دەکەن، یەکێک لەوانەش ئەشکەوتی (کونە ئاو) ە کە دەکەوێتە سنووری گوندی مەلەکان سەربە شارەدێی خەلیفان لەدەڤەری سۆران، تایبەتمەندی ئەو ئەشکەوتە ئەوەیە کاتێک دەچیتە ژوورەوەی، چەندین دیمەنی سەرەنج ڕاکێش بەرچاو دەکەوێت، وەک ئەوەی لەناو بەفرو سەهۆڵی زستاندا بیت، مرۆڤ هەست بەساردییەکی یەکجار زۆر دەکات و ئەستەمە بتوانیت تەنیا بۆ یەک کاتژمێر لە ناو ئەم ئەشکەوتەدا بمێنیتەوە.
مەلەکی ئەوەشی خستەڕوو کاتێک دەچیتە ناوەوەی ئەشکەوتەکە، بەهۆی بینینی چەندین دیمەنی سەرەنج ڕاکێش مرۆڤ بەرەو خەیاڵ دەبات و لەگەڵ ئەوەشدا کانیاوێکی سارد و سازگار لەناو ئەشکەوتەکەدا هەیە، ئەوەش وایکردووە کە شوێنەکە ببێتە جێگەی سەرەنجی زۆری ئەو هاووڵاتیانەی کە سەردانی ناوچەکە دەکەن، ئەم ئەشکەوتەش بەسەربکەنەوە بەمەش گرنگە ئەم جۆرە شوێنانە بایەخیان پێبدرێت بەتایبەت لە ڕووی ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری تا ببێتە هۆکارێک گەشتیاران خواستی شوێنەکەیان هەبێت و زیاتر ڕووی تێبکەن.
لەلای خۆیەوە بارزارن محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، بەزاری کرمانجی ڕاگەیاند: هەڵکەوتەی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران واتە سنووری هەرچوار شارۆچکەکانی (سۆران، ڕواندز، مێرگەسۆر، چۆمان) لەخۆدەگرێت، ناوچەکەش سەر سنوورە، لەگەڵ باکووری کوردستانو ڕۆژهەڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی بوونی ناوچەیەکی شاخاوی و

ئاو کانیاوی سازگارو چەندین شوێنەوار و سەیرانگە، بووتە جێگەی سەرەنجی گەشتیاران و هاووڵاتییان بەگشتی، بەمەش لە دێرزەمانەوە سالانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەو دەڤەرانە دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.
وتیشی ڕاستە چەند سەیرانگەیەکی دیاری کراو هەیە لەدەڤەری سۆران، کە ڕۆژانە هەزاران گەشتیار ڕووی تێدەکەن، بەڵام دەیان شوێنی دیکەش هەن، وەک ئەشکەوت و تاڤگەو سەرچاوەی ئاوی سازگار و شوێنەواری گرینگ..هتد، دەکرێت بایەخی زیاتریان پێبدرێت، لە ڕووی نۆژەنکردنەوە و چاککردنی ڕێگاو بان و پێشکەشکردنی سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستن و بە گەشتیاران ئاشنا بکرێن، دیارە بەپێی ئەو ئیمکانیاتەش کە لە بەردەستی لایەنی پەیوەندیدارەوە بووە، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە خزمەتگوزاریەکان دراوەو هەوڵەکانیش بەردەوامە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر، پلان و بەرنامەشمان هەیە بۆ ئەوەی بایەخی زیاتر بە بواری گەشتوگوزاری بدەین لە دەڤەرەکەمان.
لە دوا قسەکانیدا بارزان محەمەد ڕایگەیاند: پلانەکانمان سەرکەوتوو بوونە بۆ خزمەتکردن بە بواری گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ دەڤەرەکە، هەروەها توانیوومانە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە هەوڵی ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری بدەین بە شێوەیەکی سەردەمیانە، بەردەوامیش دەبین، بۆ ئەوەی سیمایەکی جوانتر بە دەڤەرەکە ببەخشن و زیاتر ببێتە جێگەی سەرەنجی گەشتیاران.
ئومێد قادر، چالاکوان و درچووی بەشی مێژوو، بەزاری کرمانجی ڕاگەیاند: دەڤەری سۆران بە سەدان شوێن و ناوچەی مێژووی و شوێنەواری بەناوبانگەو ئەرکە زیاتر بایەخی پێبدرێت، دیارە زۆربەی ئەشکەوتەکانی ناوچەکەش بە شوێنەواری تۆمار دەکرێن، چونکە لە دێرزەمانەوە شوێنی حەوانەوەو لانکەی ژیانی مرۆڤایەتی بوونە، هەروەک لە چەند ئەشکەوتێکی دەڤەرەکەش لەلایەن شوێنەوارە ناوخۆیی و جیهانییەکانیان کاری هەڵکۆڵینیان تێدا ئەنجامدراوەو پارچە شوێنەوار و ئیسک و پروسکی مرۆڤایەتیان تێدا دۆزراوەتەوە، بەتایبەتیش ئەشکەوتی شانەدەرو بێستوون و ئەشکەوتە دەیان و هتد..
دەشڵێت: دەکرێت ئەم ئەشکەوت و شوێنانەی کە خواستی گەیشتنی هاووڵاتیان و گەشتیارانییان لەسەرە بایەخی زیاتریان پێبدرێت و هەوڵی نۆژەنکردنەوەی بەردەمیان بدرێت، بەبێ ئەوەی دەستکاری ناوەوەی سرووشتی ئەم ئەشکەوتانە بکرێت، بۆ ئەوەی سیمای خۆیان لەدەست نەدەن، بەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕۆژانە گەشتیاران و هاووڵاتیان ڕووی تێبکەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕاپۆرت
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سۆران
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | زاری کرمانجی
کاتی تۆمارکردن: 2021-11-11
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 33
ئەشکەوتی کونەشەمشەم

2021112709130139701 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتی مێژوویی کونەشەمشەم

.

ئەشکەوتێکی دێرینە و هاوتای چاخی ئەشکەوتی هەزار مێردە، پاشماوەی هەڵکۆڵین و کەرەستەی بەردین و دەفرو سواڵەت و هونەر بەڵگەی درووستن، هونەرسازی سەر پارچە گڵینەکان و ئامادەسازی توخمەکان سەردەمی لۆلۆی و کاشی و ساسانی و ئیسلام تۆمارێکی ڕوونن و واتا لە هەموو سەردەمەکاندا مرۆڤی تیاژیاوە.

ئەم ئەشکەوتە لە قەدپاڵی چیای بەرانانە لە لاپاڵی سەلیمپیرکی دەربەندیخان و بەبەرزی دوو سەد مەترێک لە بەرزی شاخەکە.

دەمی ڕووی ئەشکەوتەکە بە ئاراستەی ڕۆژاوا کەمێک مەیلەو باشوورەو پانتای ناو ئەشکەوتەکە فراوانە و لە زۆر جێگەیدا نزیکەی دە بۆ دووانزە مەترە و بە قوڵی بیست و حەوت مەترێک و بەرزی جیاوازی نۆ بۆ سیازدە مەتر و بنەوەی

ئەشکەوتەکە ڕێگایەکی بچوک و تەسکی نادیار درێژی کردۆتەوە کە زیاتر ڕادەی ئاو شێ لەوێدا زیاترەو پێکهاتەی کاڵسایت - کاربۆناتی کالیسیۆم ڕووکاری زیاتری ناوەوەی داپۆشیوە بە درەوشاوەیەکی میتالیکی بەهەمان شێوەی ئەشکەوتی کونەبای شاخی گوڵان و لێرەدا جێگاکە سەخت و مەترسیدار وهەڵدێرەو بە ئاراستەی خوارەوە درێژ بووەتەوە کە چینەکانی سەرەوەی ئەسەلەکتایت و ئەستەلەکمایتە کەلەڕووی جیولۆجیەوە دیاردەیەکی کارست توبۆگرافییە.

ئەشکەوتەکە لە هەڵکەوتەیەکی سرووشتییەوە پێی ناوەتە قۆناغی شوێنەواری مێژووی دێرین و لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا ڕووی ناوەوەی فراوان و لەبارتر کراوە بۆ ژیاری و مانەوە تیایدا و بە ڕوونی تۆنی سەر چینەکان جێ پاچ و داتاشین نیشان دەدات.

ئەم ئەشکەوتە بۆ ژیانکردن تیایدا گونجاو لەبار بووە، لە هاویندا فێنک و شێدارە و لە زستاندا گەرمە تا ئاستی ئەوەی کە ئاگر نابێتە پێویستییەک بۆ خۆ گەرمکردنەوە.

لە بەردەم ئەشکەوتەکەو لەسەر بەردێک چاڵێکی ئاوێر داتاشراوە بۆ دانەوێڵەو خۆراک کوتین و کە هەمان ئاوێری تەنگەبەری سەرتەک و پشت قەڵا و قسڵان شێوازێکن.

لە ئێستایا ئەم شوێنەوارە مێژووییە پێویستی بە تیمێکی لێهاتووی بیانیە تا دەرخستەی ڕوونتر لەسەر تۆن و چینە کاربۆنیەکان بکات بۆ دەرئەنجامی زیاتر.

ناوی ئەشکەوتەکەش لەوەوە ناونراوە کە ڕێژەیەکی زۆر باڵندەی شەمشەمەکوێرە بە ڕووی چینی سەرەوەی تیای دەژین و دیسانەوە لە خوارووی ئەم ئەشکەوتەش بە چەند مەترێک ئەشکەوتی کونەکۆترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی: شاخاوی

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لێکۆڵینەوەو ئامادەکردن: کۆچەر کەریم حەمە
کاتی تۆمارکردن: 2021-11-27
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 34

ئەشکەوتی یەک موغارە

20150923115208127102=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کفری بە دووری (1 کم) ئەشکەوتێکی درێژ و بنکراوەیە و یەکێکە لە گردە بەردینەکانی باوەشاسوارە، ئەم ئەشکەوتە جۆگەیەکی بەردینە کە دیمەنی تونێلێک پیشان دەدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 35
ئەشکەوتێکی دەگمەن لە هەرێمی کوردستان دەدۆزرێتەوە

2016040408511094615=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتێکی دەگمەن لە هەرێمی کوردستان دەدۆزرێتەوە کە تا ئێستا هیچ کەسێک پەی پێنەبردووە، لایەنی پەیوەندیداریش داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە ئەشکەوتەکە بکاتە شوێنێکی گەشتیاریی.
ئیسماعیل نورەدینی شوێنەوارناس و سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگەنامەیی (شمشارە) کە لە ڕانییە.دەردەچێت، بە خەندانی ڕاگەیاند: ئەو ئەشکەوتەی تازە دۆزراوەتەوە، دەکەوێتە دۆڵێک کە ناسراوە بە دۆڵی (گەلی قۆر) لەنێوان کۆمەڵگەی (شکارتە) و گوندی (نواوا) ی خۆشناوەتی، سەربە شارەدێی (بێتواتە) لە شارۆچکەی ڕانییە.
وتیشی: ئەو ئەشکەوتە هەردوو ڕەگەزی (ئیستاماتاکایت و ئیستاماکاینت) ی هەیە، واتا کلسی لەخوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، (7.5) حەوت مەترو نیویش لەژێر زەویدایە.
نورەدینی ئاماژەی بەوەشدا، ئەشکەوتەکە یەکەمجار لەلایەن هەریەک لە پێشڕە و ئەحمەد حسێن مێرگەسەری دەرچووی بەشی جوگرافیاو خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و شێروان مستەفا ڕەشید خدرانی دەرچووی بەشی جوگرافیا خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە هایدرۆلۆجی دۆزراوەتەوە، هەر ئەوانیش بۆ یەکەمجار چوونەتە نێو ئەشکەوتەکە و کۆمەڵێک وێنەیان لێ گرتووە و توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجامداوە.
ئیسماعیل نورەدینی، ڕوونکردنەوەی زیاتری لەبارەی ئەشکەوتە تازە دۆزراوەکە دا و وتی: ئەشکەوتەکە لە باسکێکی بەرد بەرداوی دایە لە زنجیرە چیای (شیشار) و تاوەکوو بەسەریدا نەکەوی نازانیت کە لەژێرەوە ئەشکەوتێکی لەوجۆرەی لێیە، بۆچوونە خوارەوەی ئەشکەوتەکەش دەبێت بە گوریس خۆتی بۆ شۆڕ بکەیتەوە.
ئەو شوێنەوارناسە، داوای لە (بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین) کرد کە هەنگاو بنێ بۆ ئەوەی ئەو ئەشکەوتە ببێتە شوێنێکی گەشتیاریی، ئەویش بە خۆشکردنی ڕێگەی ئۆتۆمبێل بۆی و فراوانکردنی زارکی ئەشکەوتەکە و درووستکردنی قەفەسێک لەسەر زارکەکەی و دابینکردنی پێلێژە بۆچوونە خوارەوە و سەرکەوتنەوە لەگەڵ کارەبا.
هاوکات، پێشڕە و ئەحمەد حسێن مێرگەسەری دەرچووی بەشی جوگرافیاو خاوەنی بڕوانامەی ماستەر، لە لێدوانێکدا بۆ خەندان، هۆکاری درەنگ دۆزینەوەی ئەشکەوتەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە (کەوتۆتە ناوچەیەکی سەخت و ئاڵۆز کە هاتوچۆی مرۆڤی بەسەرەوە نییە. .
پێشڕەو، ڕوونیکردەوە، کە هەرچەندە دەرگای ئەشکەوتەکە زۆر بچوکە و تەنیا تاکەکەسێکی پیادا دەربازدەبێت، بەڵام ناوەوەی ئەشکەوتەکە گەورەیە و نزیکەی 200 مەتری دووجا دەبێت لە شێوەی هۆڵێکدا.
بە قسەی پێشڕە و ئەحمەد، نموونەی ئەو جۆرە ئەشکەوتانە زیاتر لە وڵاتی لوبناندا بوونیان هەیە لەوانەش ئەشکەوتی جعێتا لە بەیرووتی پایتەخت کە ساڵانە هەزاران گەشتیار ڕوویان تێدەکەن.
پێشبینیشیکرد، ئەگەر بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری، سودێکی زۆری دەبێت بۆ کەرتی گەشتیاریی و خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن، ئەویش بەهۆی نزیکی لە جاددەوە.
هاوکات، شێروان مستەفا ڕەشید خدرانی دەرچووی بەشی جوگرافیا خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە هایدرۆلۆجی، وەک

هاوکارێکی پێشڕۆ و ئەحمەد پێی ڕاگەیاندین، کە تا ئێستاش توێژینەوەکانیان لەسەر ئەشکەوتەکە بەردەوامە، ئامادەیی خۆیشی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی هەر کەس و لایەنێک کە بیەوێت بەدواداچوون لەسەر ئەو ئەشکەوتە بکات.
شێروان مستەفا وتی: شوێنە مێژوویییەکانی ڕاپەڕین، وەک سەرجەم شوێنەوارەکانی کوردستان، لەسەر ئاستی کوردستان مێژووی نەتەوەیەکە، لەسەر ئاستی جیهانیش بەشێکن لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، بۆیە پێویستە وەک بەشێک لە مێژووی خۆمان سەرلەنوێ بدۆزرێنەوە و لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهانیش لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەیانەوە بکرێت، هەروەک لەسەر ئاستی جیهانیش گرنگن، لەبەرئەوەی وڵاتی ئێمە بەشێک لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت.
سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، گەلێک سەنگەرو قوڵە و دەروازەی دێرینی بەرچاوی تێدایە، لە هەموویان گرنگتر گردی شمشارە - یە کە بە کۆنترین شوێنەواری مێژووی و شارستانیی ناوچەکە دادەنرێت و دەکەوێتە دەشتی بیتوێن بە دووری هەشت کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی ڕانییە. بەپێی سەرچاوە مێژوویییەکان، مرۆڤ لەچەرخی بەردینی ناوەڕاستدا، تیایدا نیشەجێ بووە، تا چەرخە مێژوویییەکانی وەک چەرخی ئاشوری کۆن و چەرخی ئیسلامی بە ئاوەدانی ماوەتەوە.
- 2016-04-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان
کاتی تۆمارکردن: 2016-04-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 36
ئەشکەوتە شوێنەوارییەکانی ناوسک لە دهۆک

2021021213255739125 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە نزیک گوندی باعەدرێ کۆمەڵێ ئەشکەوتی مێژووی هەن کە بە زاراوەی دهۆکی ناوسک یان پێدەگوترێ.
ئەم کۆمەڵە ئەشکەوتە بە دەست و ئامێرە کۆنەکانی ئەو سەردەمە دروست کراون و پێکهاتووە لە پێنج ئەشکەوتی قەبارە بچووک کە دووانیان تەنیا ئەشکەوتێکی سادەیە لە ناو دڵی کەندەکەیە و شوێنەواری داگیرساندنی ئاگریان پێوە دیارە کە ڕەنگە بۆ کاروباری ئایینی بەکار هاتبن، بەڵام سێ دانەکەی دیکە، لە زەوی ئەشکەوتەکە شوێنێک هەڵکەندراوە کە لە ڕووی ڕووبەرەوە لەوانەیە بگاتە مەترێک بە نیو مەتر و لە سەرووتری ئەم چاڵە شوێنێکی بچوک بە شێوازی بازنەیی و چوارگۆشە درووستکراوە کە شوێنەواری ئاگر و ڕەشی پێوە دیارە، هەروەها لە بەشی ڕاستی چاڵەکان شوێنێک وەک سەکۆیەک درووستکراوە.
شوێنەوارناسان لەبارەی بە کارهێنان و هۆکاری دروستکردنی ئەم جۆرە ئەشکەوتانە دوو بۆچوون دەخەنە بەر باس:-
بۆچونی یەکەم پێمان دەڵێت: بە هۆکاری لێکچوونی ئەندازەیی و شێوازی دروستکردنی ئەم ئەشکەوتانە کە زۆر بە گۆڕ دەخمەی سەردەمی زەردەشتییەکان دەچێت، دەتوانیین بڵێن کە ئەم کۆمەڵە گۆڕە بۆ ناشتنی مردوو بەکارهاتووە و ئەمە ڕێوەڕەسمێکی تایبەت بە ئایینی زەردەشتییە کە بە پەرەسەندنی ئایینی زەردەشتی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، نموونەی زۆر و بە قەبارەی جیاواز، لێ دروست کراوە.
بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە دەڵێت: ناوسک وشەیەکی کوردی کە لە لای کریستیانەکان قلیسە یان قەلایەی پێدەڵێن کە بە واتای ژوورێکی بچووک دێت تایبەت بە کاروباری ئایینی و پەرەستش بە کار هاتووە کە لە سەردەمە کۆنەکان ڕاهێب و کەسانی ئایینی مەسیحی ئەم شوێنانەیان بە کار دەهێنا بۆ کاروباری ئایینی و هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنی وا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوور بن لە قەرەباڵغی خەڵک.
زۆرینەی نموونەکانی ئەم جۆرە ناوسکانە بۆ نزیکەی سەدەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی زایین دەگەڕێتەوە، واتا ئەو کاتەی کە بڕوادارانی مەسیحی لە ژێر ستەم و زۆرداری ساسانییەکان بوون.هەر لە درێژەی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ساسانییەکان لەگەڵ ئایینی مەسیحی، کە لە سەرچاوەکان دا هاتووە کە ئەوان بۆ زیاتر بێرێزی کردن و شکاندنی شکۆی ئایینی مەسیحی ئەم جۆرە ئەشکەوتەکانیان بۆ ڕاگرتنی مەرومالات بە کار دەهێنا.
کۆمەڵێک لە شوێنەوارناسان لەو بڕوایەدان کە وشەی ناوسک وشەیەکی سۆمەرییە بەڵام مەرج نییە ئەم بۆچوونە ڕاست بێت، ناوسک لە زمانی ڕۆمانی و کەنعانی و میسری بە واتای گۆڕ یان قەبر دێت.
شوێنی جوگرافی ئەم کۆمەڵە شوێنەوارە دەکەوێتە نزیکی گوندی باعەدرێ کە گوندێکی ئێزدینشینە لە نزیک شارەدێی شێخان، سەر بە پارێزگای دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2021-02-08

کاتی تۆمارکردن: 2021-02-12

ناوی تۆمارکار: راوێژ فەرهاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 37
ئەشکەوتەکانی حەسەن(حەسونی)

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230614183516498733

ئەشکەوتەکانی حەسەن، لە شاری فەرەقین.
ئەشکەوتەکانی حەسەن دەکەوێتە گوندی (بەهجیکۆی) سەربە شاری (فارقین) سەر بە پارێزگای ئامەد (دیاربەکر) پایتەختی کوردستان. زنجیرەیەک ئەشکەوتی دێرینە کە دەکەوێتە بناری جەبەل البات کە بە یەکێک لە گردە باڵادەستەکانی ناوچەکە دادەنرێت. وە لە سەردەمی پێش مێژووەوە (سەردەمی مێزۆلیتیک) تا سەدەکانی ناوەڕاست (ساڵانی یەکەمی ئایینی کریستیان) نیشتەجێ بووە،
ئەشکەوتەکانی حەسەن پاشماوەی سەدەی سێزدەهەمی زایینی لەخۆدەگرێت، هەروەها کڵێسایەکی بەرد لەخۆدەگرێت کە پێدەچێت لە سەرەتای ئایینی کریستیانییەوە تا سەدەی سێزدەهەمی زایینی بەکارهێنرابێت. وە شانۆیەکی بچووکی بەردین و تانکی ئاو لە تەنیشت کڵێساکە و 300 ژووری بەرد و ڕێڕەوی شەقامی بەرد، هەروەها حەمامێکیش هەیە کە بە بەردی براو دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا وادەی دروستکردنی دیاری نەکراوە و بەشی سەرەوەی ئەم حەمامە ڕووخێنراوە.
ئەشکەوتەکانی حەسەن کە 6 کیلۆمەتر لە شاری (فارقین) ەوە دوورە، دەکەوێتە سەر ڕێگای ئاوریشمی نێودەوڵەتی، بە یەکێک لە یەکەمین نیشتەجێبوونەکانی کوردستان دادەنرێت. شوێنێکی زۆر گشتگیرە لەڕووی مێژووەوە، کە مرۆڤ لە یەکەم سەردەمی بەردینی کۆندا تێیدا نیشتەجێ بووە، لەوێدا دەبینین بە نەخشاندنی ئەشکەوت فەزای ژیانیان دروستکردووە، ژمارەیان نزیکەی 300 ئەشکەوت بووە وەک ژووری بەرد، وە لەناو ئەم ئەشکەوتانەدا کڵێسایەکی بەرد هەیە کە بە بەردی براو دروستکراوە، کە تایبەتە بە شاری فەرەقین. وە تانکی ئاو، و حەمامێک، و یەکەم دوو ڕێڕەوی جیهان، دەتوانیت لە ئەشکەوتێکەوە بۆ ئەشکەوتێکی تر تێپەڕیت، دەنگۆی ئەوە هەیە کە سوڕی هەوا لە ئەشکەوتەکانی حەسەن سوودی هەبێت بۆ هەوکردنی بۆرییەکانی هەناسە و نەخۆشییەکانی تەنگەنەفەسی. وە کاتێک سەیری یەکپارچەیی خاکەکەی دەکەین (ئەو خاکەیە کە دار هەنجیری شیرین و زەنجەفی شاخ تێیدا گەشە دەکەن) ، دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی مرۆڤی کۆن ئەم شوێنەی لە ڕووی بەپیتی خاکەوە هەڵبژاردووە. لە ساڵی 2013ی زایینییەوە ئەشکەوتەکانی حەسون وەک پرۆژەیەکی گەشتیاری پۆتانسێل بۆ گەشەپێدان لە پارێزگای ئامەد (دیاربەکر) ڕیزبەندی کراوە. لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێک لە تیپەکان ژمارەیەک گۆرانی کوردییان لە نزیک ئەم شوێنەوارە تۆمار کردووە وەک بەشێک لە پەرەپێدانی گەشتیاریی ئەو شوێنە.
دەسەڵاتی گەشتیاری ئامەد (دیاربەکر) لە ئێستادا سەرقاڵی پەرەپێدانی ناوچەکەیە وەک شوێنێکی گونجاو بۆ ڕۆیشتن بە پێ و سەیران.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	ئەشکەوت
سەدە:	سەدەی 12 (1100- 1199)
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	فارقین - سلیڤان
وڵات:	باکووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Translated from Arabic to Kurdish by Kurdipedia - Vejen Kişto
[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | عربي - Arabic | Social Media; Facebook; Page (تأريخ كورد و حضارة كوردستان)
کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14
ناوی تۆمارکار: ڤەژەن کشتۆ

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 38

ئەگەری پێکەوە ژیانی هاوکاتی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و هۆشمەند لە کرماشان هەیە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20181029100013104699

دۆزینەوەی ددانی منداڵێکی نیاندەرتاڵ لە باوەیوانی کرماشان، کە لە هەمانکاتدا شوێنەواری مرۆڤی هۆشمەندیشی تێدایە، ئەمەش ئەگەرەکانی پێکەوەژیانی ئەو دوو جۆرە مرۆڤەی بۆ یەکەمجار و لە یەککاتدا دەخاتە ڕوو.

دوێنی لە مەراسیمی پەردەلادان لە سەر ددانی منداڵێکی نیاندەرتاڵ بەڕێوەچوو، کە ساڵی پار دۆزرایەوە لە ئەشکەوتی باوی یوان لە گوندێک بە ناوی یوان کە40 کم لە کرماشان دوورە و دەکەوێتە ناوچەی ناودەروەن، شوێنەوارناس سامان حەیدەری گۆران، ئاشکرایکرد، هەر لەو شوێنەدا شوێنەواری ژیانی مرۆڤی هۆشمەندێش دۆزراوەتەوە.

سامان حەیدەری، لە مەراسیمەکەدا ڕایگەیاند، کە ئەوە بۆ یەکەمجارە لە ئێران شوێنەواری ئێسک و پروسکی مرۆڤێکی نیاندەرتاڵ دەدۆزرێتەوە و یەکەمجارە لە مێژوی مرۆڤایەتی و سەرجەم لێکۆڵینەوەکاندا شوێنەواری دوو جۆری مرۆڤ کە لە یەک شوێندا و لە یەک کاتدا پێکەوەژیاون، دۆزراوەتەوە.

هەروەها، وتی: پێش کرماشان شوێنەواری مرۆڤی نیاندەرتال لە پێنج شوێنی دیکە دۆزراوەتەوە، کە ئەو شوێنانە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، ناوەند و ڕۆژئاوای ئەورووپایە، لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان پێشینەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ دەگەڕێننەوە بۆ 430 هەزار ساڵ لەمەوبەر کە لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات بڵاوبوونەتەوە.

سامان حەیدەر، سەرپەرشتیاری تیمی شوێنەوارناسی مەیدانی باوەیوان دەڵێت: زانستی بۆماوەیی پێمان دەڵێت ڕووداوی پێکەوەژیانی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مرۆڤی هۆشمەند لە 60 هەزار ساڵ پێش تا لەناوچوونی نیاندەرتاڵەکان ڕوویداوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دوو جۆرە مرۆڤە 39 هەزار ساڵ لەمەوبەر یەکتریان دیبێت و تێکەڵاویان ساز کردبێت.

گۆران تیشک دخاتە سەر ئەوەیکە سەڵمانی ئەو تیئۆریە دەبێتە هۆکاری دووەمین شۆڕشی شوێنەوارناسی جیهان و کرماشان وەک یەکەم ناوەند لە جیهاندا دەناسرێت کە مرۆڤی نیاندرتاڵ و مرۆڤی هۆشمەند تێدا پێکەوە ژیاون.

هەروەها لە کۆتایی قسەکانی هۆشداری دەدات لە سەر ڕاکشانی جادەی کرماشان سنە بە ناو ئەو مەیدانە شوێنەوار ناسییە و

ئەگەری لە ناو چوونی شوێنەوارەکە وەک مەترسی لە سەر مێژوی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکات.[1]
2018-10-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 39

ئەمریکا هاوکاری مۆزەخانەی سلێمانی دەکات

2018101709285399132=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە مەبەستی نوێکردنەوەی بەشی گەلەری مۆزەخانە، ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەرێم مۆزەخانەی سلێمانی بەسەرکردەوە.

ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەرێم مۆزەخانەی سلێمانی بەسەرکردەوە و بۆ نوێکردنەوەی بەشی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانیش حکومەتی ئەمریکا بڕی 50.000 دۆلاری ئەمریکی بۆ مۆزەخانەکە تەرخانکردووە بۆ نوێکردنەوەی بەشی پیشاندانی گەلەری پێش مێژوو بە بەکارهێنانی دیزاینی هونەری بۆ پاراستنی پارچە شوێنەوارییەکان.

نۆژەنکردنەوەکە هاوکاردەبێت لە ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ مۆزەخانەکە. لەمیانی سەردانەکەیدا، کونسوڵی گشتی سەیری ئەو لەوحە بەهادارەی (5) ی کرد لە مەلحەمەی گلگامێش و سەرسوڕمانی خۆی بۆ کولتووری دەوڵەمەند و هەمەچەشنەی شوێنەواری هەرێمەکە دەربڕی.[1]

2018-10-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مۆزەخانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری یوک میدیا - 2018-10-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 40

باب و کوڕ

20231015172933526292=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باب و کوڕ یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی دەڤەری ڕاپەڕین لە پارێزگای سلێمانی و تا ئێستا (2023) چەندین قۆناغ کاری کنە و پشکنینی شوێنەواریی بۆ ئەم گردە شوێنەوارییە ئەنجامدراوە و کەلوپەلی شوێنەواری زۆر جیاواز لەوێ دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 41

بابیتان

2013100912190088365=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بابیتان یەکێکە لە پردە شوێنەوارییەکانی باشووری کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-10-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 42

بازاڕە کۆنەکەی شنگال

2014042123130375918=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بازاڕی کۆنی شنگال لە باکووری کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-04-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 43
باوە مەحمود

2018112013054394569=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باوە مەحمود یەکێکە لە مەزارگە کۆن و ئایینییەکانی باشووری کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 44

باوە مەحمی

2018103119165116107 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەزارگەی باوە مەحمی کەگۆڕی پیاوەچاکەی ئایینی یارستانی خانەقینەو تەواوی ناوچەکە بەسونە و شیعە و خودی کاکەییەکانی سنوورەکە بۆ تەواف و نەزرکردن سەردانی دەکەن، لەلایەن تیرۆریستان بەبومب خاکپورکرا..
باوە مەحمی یان باوە مەحمود لەزنجیرەی باوەکانی ئایینی یارستانیە و لەسنوورەکەمان چەندین گۆری لەو شێوەیە لەوانە باوەیادگار و باوەگورزەین بوونی هەیە و سیمبولی ئاشتەوایی ئایینی بووە. ئەم مەزارە لەنێوان خانەقین و کەلارەو لە گوندی باوەپلاوی یە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەیسبووکی بەرێز (عەباس مەحمود

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-31

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 45

برجا بەلەک

20180821203521104649=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

برجا بەلەک (بورج و قەڵای بەلەک) دوای شەڕی 1847 لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و میرایەتیی بۆتان، لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا، کە دەکاتە 171 ساڵ، ئەو قەڵایە لە کورد قەدەغە کراوە. قەڵای دێرینی بەلەک تەمەنی بۆ 4 هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەو قەڵایە ماوەی 160 ساڵ کرا بە ناوچەی سەربازی. لە ساڵی 1995 تاوەکو 2010 کرا بە عەمباری چەک و تەقەمەنیی سوپای تورکیا. برجا بەلەک، کە ناوەندی میرایەتیی بۆتان-ە لە ئێستادا بەرەو داڕوخان دەڕوات.

برجا بەلەک بۆ گەلی کورد وەک بەهایەکی سیاسی، مێژوویی و ڕۆشنبیرییە. ناوەندی بەڕێوەبەریی میرایەتیی کورد بوو لە بۆتان بە پێشەنگایەتیی میر بەدرخان.

مێژووەکەی بۆ 4 هەزار ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. مەزەندە دەکرێت لەلایەن ئیمپراتۆریی گوتی-یەوە لەگەڵ قەڵا و سوورەکانی تری ناوچەی جزیردا دروستکرابێت. ئەو قەڵا دێرینە 365 ژوور لە خۆ دەگرێت و بەهۆی بیناسازییە تایبەتەکەیەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. شوێنی بەڕێوەبەرانی حکومەت و دەسەڵاتداران، بڕیارگە و ناوەندی دەسەڵات، مزگەوت، زیندان و دەرسخانە (خوێندنگە)شی تیایدایە.

تاڵانکردنی میرایەتیی بۆتان

دوای شەڕی ساڵی 1847 لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و میرایەتیی بۆتان دا، برجا بەلەک بۆ ماوەی 163 ساڵ کرا بە بارەگای سەربازی. ئەو شوێنە بە بەردەوامی لە ژێر کۆنترۆڵی سەربازەکاندا بووە و لە گەل قەدەغە کرابوو. برجا بەلەک ناوەندی کار و بەڕێوەبەریی میرایەتیی بۆتان بوو. بەشێکی برجا بەلەک شوێنی مانەوەی مەم قارەمانی چیرۆکی ناوداری کورد، مەم و زین، بوو. لەبەر ئەوەش ئەو بەشەی برجا بەلەک پێی دەوترێت 'زیندانی مەم و زین'. ئەو زیندانە وەک جبخانە و عەمبار و دیوارە مێژووییەکانیشی بۆ شوێنی مانەوەی سەربازانی سوپای تورک بەکاردەهێنرا. ئەوەش لە ناو گەلی جزیر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانیدا نارەزایەتیی گەورەی لێکەوتەوە.

بەرخۆدانی خۆبەڕێوەبەری و قەیوم

لە جزیر و لە کاتی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ماوەی 79 ڕۆژ، کە بەرخۆدانی خۆبەڕێوەبەری ڕاگەیاندرا، هێزەکانی دەوڵەت بە چڕی برجا بەلەک-یان بۆردومانکرد. بۆردومانەکە زیانێکی زۆر گەورەی بە برجا بەلەک گەیاند. دوای ئەوەی قەدەغەکارییەکە کۆتایی پێهات، قەیوم لە شوێنی هاوسەرۆک شارەوانیی جزیر دانرا. بەڵام تاوەکو ئێستا بەهۆی گوێنەدانی قەیومەوە ئەو شوێنانەی برجا بەلەک کە زیانیان پێگەیشتبوو چاک نەکراونەتەوە و بەو هۆیەشەوە برجا بەلەک مەترسیی ڕووخانی لەسەرە.

برجا بەلەک بورجی کوردستانە

برجا بەلەک دوایین جار وەک دیاریی جەلادەت بەدرخان تۆمارکرا. دوای ئەوەش بووە دیاری و وەک میرات بۆ سینەم خانی کچی مایەوە. سینەم خان لەبارەی برجا بەلەکەوە وتبووی برجا بەلەک هی من نییە. ئەوە شوێنێکی مێژووییە. هی گەلی کورد

و کوردستانە. دەمەوێت ئەو میراتەم ببێتە مۆزەخانەیەک. بەڵام تاوەکو ئەمدواییانە و 15 ساڵی ڕابردوو، وەک عەمبار و جبخانەی سەربازی بەکاردەهێنرا. برجا بەلەک لە جزیری شرنەخ دەکەوێتە سەر لێواری ڕووباری دیجلە. سەرباری ئەوەی لەلایەن وەزارتی ڕۆشنبیری و گەشتیارییەوە وەک یەکەمین شوێنەواری مێژووپی و شوێنێکی پارێزراو تۆمار کراوە، بەڵام لە ئێستادا مەترسیی ڕووخان و لە ناوچوونی لەسەرە.

نیشانەی شەڕی چەپەڵی سەپێنراو بەسەر کوردستاندا

برجا بەلەک مەترسیی دارمانی لەسەرە، ئەو مەترسییەش نیشانەیەکی ئەو شەڕە چەپەڵەی دەوڵەتی تورکیایە کە بەسەر کوردستاندا سەپاندوێتی. هاووڵاتیانی جزیر کە برجا بەلەک بەو شێوەیە دەبینین دەڵێن چەندین ساڵ وەک بنکە و بارەگای سەربازی بەکاریان هێنا. مەرەمەڕ و بیهارتۆنیان بەسەر شوێنە مێژوویییەکاندا هەڵچنی. باشە سەرباز کاری بەسەر شوێنی مێژوویییەوە چییە؟ دەوڵەت دەزانێت برجا بەلەک بۆ کورد و کوردستان زۆر گرنگ و هێژایە، بۆیە هەوڵ دەدات لەناوی ببات. ئەگەر ئەو کارەیان دوژمنایەتی نییە ئەی چییە؟.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 46

بورجا بەلەک

2010123110550119306=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2010-12-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 47

بێستانە سوور گوندێکی کوردستان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 9 هەزار ساڵی بەر لە زایین

2022100316110243741 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گوندی (بێستانە سوور) ، دەکەوێتە شارۆچکەی (عەربەت) لە ناوچەی شارەزوور، بەدووریی 25کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

تیمێکی شوێنەواری زانکۆی (ریدینک) ی بەریتانی، بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر (ڕۆجەر ماتیۆس) ، لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گوندی (بێستانە سوور) ، پاشماوەی شارستانییەتی کشتوکاڵییان دۆزییەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 9 هەزار ساڵ پێش زایین. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، شارستانییەتی ناوچەی (بێستانە سوور) بە دوو هەزار ساڵ کۆنترە لە شارستانییەتی چەرمۆ. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە گوندی (بێستانە سۆر) کۆنترین گوندە لە کوردستان و جیهان، کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی تێیدا سەری هەڵداوە.

مێژووی (بێستانە سۆر) دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم گواستنەوەی ژیانی مرۆڤەکان، کە لە ئەشکەوتەکان نیشتەجێ ببوون و بۆ دەستکەوتنی خواردن پشتیان بە ڕاوکردن دەبەست، بە هاتنەخوارەوە لە ئەشکەوتەکان بەرەو نزماییەکان و نیشتەجێبوون و درووستکردنی خانوو و دەستپێکردنی کشتوکاڵ.

دانیشتووانە سەرەتاییەکانی ئەو گوندە بەشێک بوون لە نیشتەجێبووانی چیای زاگرۆس، 9 ساڵ پێش زایین لە ئەشکەوتەکانی چیاکانی زاگرۆسەوە هاتوونەتە ناوچەی شارەزوور و خانوویان لە بەرد و قوڕ درووست کردووە، کشتوکاڵیان کردووە و لە ئەنجامی ئەم کردارەدا گوندی (بێستانە سوور) بووە بە کۆنترین گوند لە کوردستان و هەموو جیهان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی مێژووییی و شوێنەوارییی هەیە، نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ ناوچەکە و هەموو جیهان.

لە ئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان لەو ناوچەیە، هەندێ پارچەی شوێنەواریی لە بەرد درووستکراوی گرنگ دۆزراونەتەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار هێنراون، وەک ئامرازی پارچەپارچەکردن، هەروەها پاشماوەی بیناسازی دۆزراونەتەوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ 7 هەزار و 700 ساڵ پێش زایین.

ئەو هەڵکۆڵینانەی لەو ناوچەیەدا کراون، لەژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری پارێزگای سلێمانی بوونە، هەڵکۆڵینەکان بەردەوام دەبن و سەرجەم کەلوپەلە دۆزراوەکانیش لە مۆزەخانەی سلێمانی دەپارێزرێن.

ئامادەکردنی: سارا سەردار

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-03
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 48
بەرداشەکەی گوندی قندۆڵ

2012121620405774366=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرداشەکەی گوندی قندۆڵ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزی بەپێی قسەی یەکێک لەپیرەکانی ئەوێ تەمەنی نزیکەی دوو سەدساڵ دەبێت . زیاتر لەپەنجا ساڵیشە لەو هەڵدێرە بەجێهێڵراوە ، لەوانەیە ڕۆژێک لەگەڵ لافاوێکی بەخورپدا بەدۆڵەکەدا خلۆرێتەوەو و ون ببێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خالید ئیبراهیم - ماڵیەڕی رووبەر

کاتی تۆمارکردن: 2012-12-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 49

بەردنووسراوێک لە مۆزەخانەی دهۆک

[2023041917164448372 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

پارچە بەردنووسراوێکی کۆن کە بە خەتی بزماری نووسراوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆکدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-19

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 50

بەردێکی مێژووپی لە بەردەڕەش دەدۆزرێتەوە کە نووسینی بزماری لەسەرە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806080009426768

لە کاتی کارکردنی کرێکاران لە کێڵگەیەکی پەتاتە لە گوندی گربدەو لە سنووری شارۆچکەی بەردەڕەش، بەردێکی مێژووپی دۆزرایەوە کە بە نووسینی بزماری نەخشێندراوە. پانیی بەردەکە 40 سانتیمەتر و درێژییەکەشی 50 سانتیمەترە، بەگوێرەی شوێنەواری ئاکرێ، مێژووەکەی بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

هیوا شەمال، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری ئاکرێ بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی گوت: لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و هونەرییەوە لێکۆڵینەوە لەسەر بەردەکە دەکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی دیاریبکرێت کە مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە.

بەردەکە ڕۆژی 29-07-2022 لە کاتی کارکردنی کرێکارەکان لە کێڵگەیەکی پەتاتە دۆزراوەتەوە، عومەر حسێن، شوێنەوارناس لەبارەی قەبارە و شێوازی نووسینی سەر بەردەکە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی گوت، چوارگۆشەیە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئاشووریەکان دەگەڕێتەوە.

بەشیر ئەحمەد، پاسەوان لە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری ئاکرێ دەڵێت: گردی ئاوا [شوێنەواری] لە سنووری بەردەڕەش زۆرە و دەشڵێت، چەندین جار لەلایەن قایمقامەوە ئاگادارکراونەتەوە کە کار لەو زەویانە نەکەن، بەڵام بەگوتەی ئەو، ئەو زەویانە کشتوکاڵین و خەڵک بۆ مەبەستی کشتوکاڵ بەکاریان دەهێنن.

لە سنووری هەردوو قەزاکانی ئاکرێ و بەردەڕەش، زیاتر لە 500 ناوچەی مێژووپی و شوێنەواری تۆمارکراون، ئەوە جگە لە چەندین ناوچەی دیکەی شوێنەواری کە تاوەکوو ئێستا تۆمار نەکراون.

عومەر حسێن، شوێنەوارناس باس لەوەش دەکات کە لە ئێستادا دوو تیمی شوێنەواری ئیتاڵی و فەرەنسی لێکۆڵینەوە لە ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوورەکە بەتایبەت گوندی ئامیان، گردی شوێنەواریی ئاسنگران لە گوندی پیرچاوش و چەند شوێنێکی دیکەی شوێنەواری لە سنوورەکە دەکەن، دەشڵێت، لە مانگی داهاتوودا لێکۆڵینەوەکانیان فراوانتر دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | www.rudaw.net
کاتی تۆمارکردن: 06-08-2022
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 51

بەردە بەڵەک

2012112917093174037=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-11-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 52

بەردە شوێنەوارییەکە گوێزرایەوە

2014071509303477010=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دێدەوانی یەعقوب

دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەشوێنەوارەکانی کۆیەو ئاماژە بەبوونی بەردە کۆڵێکی دەستکرد کرا کە لەژێر دار زەیتوونێکی گۆڕستانی (کەکۆن) ی کۆیە کەوتۆتە ژێر زەوی و داوا لەلایەنە پەیوەندارەکان کرا کە بەردەکە دەربهێنرێتەوەو وەک شوێنەوارێکی هونەری بگوازرێتەوە بۆ بەردەم فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، ڕۆژی 13-07-2014 بەردەکە دەرهێنرایەوەو بۆ نمایشی هەمیشەیی گوازرایەوە بۆ فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە.

لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە ڕایگەیاند: قەبارەی بەردەکە گەورەیە و تیرەکەی 4 مەتر دەبێ و چوار ڕووی بەردەکە داتاشراوەو ڕووی سەرەوەشی هەڵکۆڵدراوە، کونێکی ئاو دادەری بۆکراوە و لەڕووی هونەرییەوە بەکارێکی جوانی هونەری دادەنرێ، بەڵام تا ئێستا مێژووی ئەوکارەمان بۆ ساخ نەبووەتەوە.

- 2014-07-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

کاتی تۆمارکردن: 2014-07-15

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 53
بەردەبەلکە - بەردەبەڵەک

2011041610021656643=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم شوێنەوارە ڕاستەوخۆ لە باشووری ڕێگەی چەمچەماڵ- سلێمانی دایە، لە شوێنێکی گردەڵانیدا.
بەردەبەلکە بریتییە لە بەردێکی تاڕادەیەک شێوە لولەکی کە درێژییەکەی چوار مەترەو وە ئەستووریەکەی لە پانترین شوێندا هەر چوار مەترە، بەرزیشی لە ئاستی ڕووی دەریاوە نزیکەی 2.250 پێیە،
هەردوو شوێنەوارناس لە زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکا (هەربەرت هاو و ڕایت) لە ساڵی 1951 ئەم شوێنەیان هەڵکۆڵی.
گرنگترین ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی کە لە شوێنەواری بەردەبەلکە دۆزرانەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە
1-پاچە کۆڵە دەستییەکان: هەندێکیان لە تەڵەزمی گەورەی درووست کراون، بەڵام بەشی هەرە زۆریان بە شێوەیەکی ساناو سادە درووست کراون.
2-ئامێرە چەوینەکان:ئەم ئامێرانەش لە جۆری بەردی گەچن کە شێوەیان خڕ یان هێلکەییە.
3- ئامێرە ئەستێیەکان/ بەردە ئەستێیەکان: بەردە ئەستێییەکان زۆربەی پیشەسازی بەردەبەلکە پێکدەهێنن
هەروەها چەندین پاشماوەی ئێسک و پروسکی گیاندارانی لێ دۆزرایەوە وەکوو:
فیلی هیندی، مەڕوبزن، کەرکەدەن، کەری کێوی لە جۆری ئۆناگەری، گاجووت، ئەسپ.
بەهۆی نەبوونی پاشماوەی بیناسازی لە شوێنەواری بەردەبەلکە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا ئەم شوێنە تەنیا بە شێوەیەکی کاتی لەلایەن مرۆڤی ئەشکەوتەکانەوە بەکارهێنرابێت بۆ ماوەیەکی کەم، هەندێ شوێنەوارناس پێیان وایە کە ژیان لە شوێنەواری بەردەبەلکە لە دوو وەرز تێپەڕی نەکردووە
مێژووی شوێنەواری بەردەبەلکە بە پێی ئەو توێژینەوانەی لەسەری کراوە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 100000-80000ساڵ پێش ئێستا، کە بە کۆنترین شوێنەوار دادەنرێت لە هەموو کوردستاندا.

سەرچاوە

1-بریدوود. بروس هاو: لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا: و: بۆکوردی: ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، (هەولێر-2005) ، لا 68
2-کەمال نوری مەعروف: هەندێک شوێنەواری پێش مێژوو مێژووی کوردستان، (سلێمانی-2010) لا
3-تقی الدباغ: الالات الحجرية، حضارة العراق، ج 1، بەغداد-1985

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (شوێنەواری بەردەبەلکە (بەردەبەڵەک) لە: 2011-4-16 9:46:08

کاتی تۆمارکردن: 2011-04-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 54

بەردەنووسی شێخ عەلی خانی زەنگەنە

2022120723302544977 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم بەردە نووسە لەساڵەکانی (1772-1602) لە سەردەمی شێخ عەلی خانی زەنگەنە وەزیری شا سولەیمانی سەفەوی لە داوێنی کێوی بێستونی شاری کرماشان هەڵکەنراوە و نووسراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

دەیە: 10یەکان (10-19)

سەدە: سەدەی 17 (1600- 1699)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەیجی میرنشینی زەنگەنە
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 55
بەرە زەر
2014120616360278149=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2014-12-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 56

بەنداوی زەڵان

[1] https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=201401191255189279 7

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-01-19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 57

بەنداوی کەلان

2012060111453264976=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گونسپان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ناوچە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 58

بەندەڕێکی سەردمی ئورارتییەکان لە باکووری کوردستان دەدۆزرێتەوە

20220925103519436109=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان (بە هۆکاری سرووشتی و ژینگەیی) ، بەندەڕێکی کۆن کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئورارتییەکان دەگەڕێتەوە دەردەکەوێت.
ئەم بەندەرە لەسەر تاشەبەردێک بنیاد نراوە لە گۆڕەپانێکی 20 مەتری، 11 پلیکانەی هەیە بە پاناپی 3 مەتر بەرەو ناو دەریا شۆڕبووەتەوە، بە مەبەستی بازرگانی و ئالۆگۆڕکردنی کەلوپەل لە سەردەمی ئورارتییەکان درووستکراوە.
بە گوتەی دوکتۆر ڕافەت چاووش ئۆغلو، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی وان، ئەمە یەکەم جارە شوێنەواری بەندەرێک لەم ناوچەیە بدۆزرێتەوە، ئەوەش سەلمێنەری بەردەوامبوونی کاری بازرگانییە لە وەرزەکانی زستان و هاوین لەنێوان ئورارتییەکان و گەلانی دیکەدا.
ئەم بەندەرە دەکەوێتە خوار قەڵای ئایانیس لە نزیک دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان و گەورەترین بەندەری مێژوویە کە تا ئێستا لەم ناوچەیەدا دۆزرابێتەوە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 59

پاراستنی مۆرێکی 100 ساڵە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2014072919443751914

وشە/ تەقتەق. ئاراس ئیلنجاغی-
هاووڵاتییەکی گوندی ئیلنجاغی گەورەی سنووری کێڵگەی نەوتی تەقتەق، مۆرێکی کانزایی هەڵگرتووە کە مێژووەکەی بۆ ساڵانی بەر لە کۆتایهاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە 1910-1914، ئەو هاووڵاتییە دەڵێت: لە باپیرمەوە ئەو مۆرە بە میرات بۆ بنەماڵەکەمان ماوەتەوە و تا ئەمڕۆ پاراستوومە.

محەمەد نەجم قادر نەجم لەدایکبووی 1951ی ئیلنجاغی گەورە، خاوەنی ئەو مۆرەیە و بۆ وشە وتی: کاتی خۆی کە شارەدێی تەقتەق گوندێکی کارگێڕیی عوسمانییەکان بووە، فەرمانگەی ڕێژەی کۆکردنەوەی باج و خەراجی لێ بووە، ئەوکات گوندەکەمان ناوی (بیان) بووە، نزیک بووە لە ئاوایی کاولەخانیانی گوندی تاڵەبانی گەورە لە نزیک سولاوک، ئەم دوو ئاوەدانییە چەند سەد مەترێک لەیەکەوە دوور بوون و هەردوولا لە تیرەی پاڵانییەکان بوون، یەکێک لە باپیرەکانم کێخوایەتی هەردوو ئاوەدانی کردووە. ئەو مۆرە پشتاوپشت هەڵمان گرتووە لەباپیرمەوە بۆ باوکم و لەویشەوە بۆ من بەجێ ماوە.
لە مۆرەکەدا بە خەتی فارسی هەڵکەنراوە و نووسراوە (مختار، اول قریه، تالبان کبیر، 1330) ، بەحوکمی ئەوەی عوسمانییەکان بەناوی جێنشینی (خەلافەت) حوکمدارییان کردووە بەوە دەچێت ساڵەکە کۆچی بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین 102 ساڵە ئەو مۆرە هەیە.
نەجم وتی: ئەو مۆرە بەمندالی کەوتە دەستم، بەڵام ئەوکات بەو شێوەیەی ئێستە نرخەکەیم نەدەزانی، جگە لەو مۆرە خڕە مۆرێکی تری بچووکیشی لەگەڵدا بوو بە قەبارەی (قۆپچە) کە ناوی کێخواکەی لەسەر هەڵکەنرابوو، بەڵام بە ملوانکە و خەناوەکەمان دەزانی و دەمانکردە ملمان، بۆیە فەوتاو.
ئاشکرای کرد کە لە کۆیە بە زێڕینگەرێکی نیشان داوە و ئەو پێی گوتووە ئەوە بەکەلوپەلی شوێنەواری ئەژمار دەکرێت.
محەمەد کوڕی نەجم کوڕی قادر کوڕی نەجم کوڕی عەبدولقادری کوڕی ئۆمەرعاسی پاڵانییە، گوندەکەیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم بەناوی (بیان) ئاوەدان بووە کە هاوسنوور بووە لەگەڵ کاولە گۆڕقەرەجی وێرانەی زێدی گەورە شاعیری کورد حاجی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-07-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 60

پارچە زەقورەیەک لە مۆزەخانەی دهۆک

[2023041212234548160 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

پارچە زەقورەیەکی سەردەمی میتانییەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.
مێژووی ئەم پارچە زەقورەیە بۆ 1600-135 ساڵ پیش زایین دەگەڕێتەوە و لە شارۆچکەی سێمێل دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 61

پارچە شوێنەوارێکی زێڕینی سەردەمی ماددەکان

2015092417115112712 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم پارچە شوێنەوارە،مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 6 پ.ز. لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی ڕووسیادا پارێزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-24

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 62

پاشماوەی پردێکی بابانەکان لە قەڵاچوالان

2013011311330074809=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم پاشماوە مێژووییە بریتییە لە بەشێک لە پردێکی مێژووی کە لە سەردەمی بابانەکان لە نزیکی سلێمانی درووست کراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-01-13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 63

پاشماوەی پەرستگایەکی زەردەشتی لە کرماشان

2010101615553010115=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-10-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 64

پاشماوەی شوێنەواری حەسیری چنراوە

2023052809591249424 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاشماوەی شوێنەواری حەسیری چنراوە لە هەمان جۆری حەسیری سرووشتی، کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە حەوت هەزار ساڵ پێش زایین، واتا نۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە یەکێک لە شوێنەوارە نیۆلیسیکیەکانی ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (jwtyare ahmed) ڕۆژی 2023-05-28

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-28
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 65

پاشماوەی قەڵایەک لە سەردەشت

2015031820340411978 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-03-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 66

پاشماوەی ماڵی باپیری سمکۆی شکاک لە تەورێز

2010101615532610114=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2010

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 67

پاشماوەی کۆنینەی ساتوقەڵا

2017070108421014073 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پاشماوەی کۆنینەی ساتوقەڵا
ئەم کەل و پەل و کۆنینانە پاشماوەی هەرێمی(ئیدۆ)ی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئاشورین، واتە گوندی ساتوقەڵای ناحیەی تەقتەق قەزای کۆیە، لەلایەن هاولاتیان و تیمەکانی کنە وپشکنینی زانکۆکانی لایبزگی ئەلمانی و لایدنی هۆلەندی و سەلاحەدینی کوردستان لەماوەی(2009-2010) دۆزراونەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-01

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 68

پردی ئاڵتوون کۆپری 2

201009171958049535=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پردێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-09-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 69

پردی بن پەیزا.. درێژترین پردی مێژووی سەردەمی میرنشینی سۆران

2023040810065348054 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: پردی بن پەیزا

پردی (بن پەیزا) بە پردی پاشای گەورەی ڕواندز ناسراوە، چەندین سەدە لەمەوبەر لەسەر ڕووباری گوندی باڵەکیان درووست کراوە و تا ئێستا شوێنەواری پردەکە ماوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەم پردە درێژییەکەی نزیکەی 100 مەتر بووە و پانییەکەشی 2 مەتر و زیاتر لە 10 ستوونی هەبووە.
لەمبارەوە، حەسەن هاشم، لێکۆڵەر و دانیشتووی سنووری گوندی باڵەکیان لە ئیدارەی سۆران، بە (باسکورد) ی ڕاگەیاند، بەهۆی کۆنی و هەڵکەوتەی ناوچەکەمان، چەندین شوێنی شوێنەوارپی هەن، کە مێژووەکەیان بۆ چەند سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، یەکێک لەوانەش بریتییە لە شوێنەواری (بن پەیزا) ، کە بە پردی پاشای گەورەی ڕواندز، یا پردی کۆنی باڵەکیان ناودەبرێت، ئەم پردە چەند سەدەیەک لەمەوبەر لەسەر ڕووباری گوندی باڵەکیان درووست کراوە، بەپێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە ساڵی 1815ز، میر محەمەد پاشای میرنشینی سۆران، بڕیاری داوە بە درووستکردنی 9 پرد لە سنووری دەستەڵاتەکەی، یەکێک لەو پردانەش لەسەر ڕووباری گوندی باڵەکیان درووست کراوە، بە مەبەستی ئاسانکاریی پەڕینەوە و هاتوچۆ لە گردەدەشتەوە بۆ گەلی عەلی بەگ و دەوروبەری، دوای چەند سەدەیەک بەسەر ڕووخانی میرنشینەکە، تا ئێستا شوێنەواری ئەو پردەیە لەناو ڕووبارەکەدا ماوە، پێدەچێت ستوونەکانی پردەکە لە بەرد و قسڵ و گەچی پتەو درووست کرابن.
ئاماژەی بەوەش دا: ئەم پردە مێژووییەی باڵەکیان بەهۆی لافاو و جەنگەکان ڕووخاوە، هەرچەندە پێشتر چەند جارێک نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام دواتر وازی لێهێنراوە، ئێستا تەنیا ستوونەکانی دیواری پردەکە لەناو ڕووبارەکەدا ماون، لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە پردی بن پەیزا ناودەبرێت و ناسراوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم پردە درێژییەکەی نزیکەی 100

مەتر بووە و پانییەکەشی 2 مەتر و زیاتر لە 10 ستوونی هەبووە.
ئومێد قادر، مامۆستای مێژوو، بە (باسکورد) ی گوت: "میر (محەمەد کوڕی مستەفا بەگ) بووە، بە میری گەورەی ڕواندز، یاخود بە پاشای گەورە ناسراوە، لە ساڵی (1826ز) بووە بە میری میرنشینی سۆران و پایتەختەکەی ڕواندز بووە، کە تا سەردەمی ئەو میرە، پاشای وا بەهێزی بەخۆیەوە نەدیوە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەبووە لە بنیاتنانی قەڵا و قوڵڵە و پرد و شوورا و... هتد، کە دوای چەند سەدەیەک بەسەر نەمان و ڕووخانی میرنشینەکە، تا ئێستا لە زۆربەی ناوچە و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، شوێنەواری قەڵا و قوڵڵە و پرد و شووراکان وەک ناسنامەیەکی ئەو میرنشینە ماونەتەوە. ئامازەی بەوەش کرد، ئەرکە پارێزگاری لەو جۆرە شوێنەوارانە بکرێت و سەرجەمیان تۆمار بکرێن و بخرێنە لیستی شوێنەوارەکان، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بخرێنە پلان و بەرنامە و بە جۆرێک لە جۆرەکان سوودیان لێوەربگیرێت، لە ڕووی ڕاکێشانی گەشتیاری و شوێنەوارناسانی جیهانی و ناوخۆیی بۆ ناوچەکە، هەروەها بە نەوەی داهاتوو ئاشنا بکرێن، بۆ ئەوەی مێژووی ناوچەکەیان بناسن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

دەیە: 20ەکان (20-29)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسکورد - 2023-04-08

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 70

پردی بەرسیرین

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211230211829399891

پردی بەرسیرین

پردی بەرسیرین لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز بە دووریی 18 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی سۆران و لە بەردەم گوندی بەرسیرین بنیات نراوە. دوای زیاتر لە یەک سەدە ئێستاش خەڵک بۆ پەڕینەوە سوودی لێ دەبینن، ئەو پردە لە سەردەمی میر محەمەدی میری سۆران، دوای ساڵی (1816 ز) لەسەر دەستی وەستا برایمی ماوەیلی درووست کراوە. پردەکە شەش ستوونی هەیە، چوار ستوونیان شێوەی لوولەییە و لە بەرد و گەچ درووست کراوە تا ئێستاش بەرگەی ئاو و ڕووباری گرتووە و دیمەنێکی جوان و ناوازەی بە ناوچەکە بەخشیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

دەیە: 10یەکان (10-19)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پاس نیوز

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 71

پردی خرەبەردان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907225522432777

پردی خرەبەردان
پردێکە بە دووری (1) کم، لە باکووری دیبەگەی دەکەوێتە سەر ڕێگای کۆنی هەولێر-دیبەگە، لە سەرەتای ساڵی چلەکانی سەدەی بیستەمدا درووستکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندوێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (116) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 72

پردی دیجلە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240803015930585875



پردی دیجلە (بە تورکی: Dicle Köprüsü ; بە کوردی: Pira Dehderî) پردێکی مێژوویە لە ئامەد بەسەر ڕووباری دیجلە دەڕوانێت. درووستکردنی پردەکە لە ساڵی 1065 تەواو بووە، ژمارەی دە کەوانەیە و درێژی کۆی گشتی 178 مەتر (584 پێ)، هەندێکجار پێی دەگوترێت پردی سیلڤانە بەهۆی ئەوەی شوێنەکەی لەسەر ڕێگای سیلڤانە.
پردەکە لەلایەن نیزامەدین و موئەیەد ئەلدەولە لە سەردەمی شانشینی کورد، سەردەمی میرنشینی مەروانییەکان (990-1085) لەلایەن تەلارساز یوسف کوڕی عوبێد کوڕی سەندجار لە ساڵی 1065 درووستکراوە.
بەهۆی تایبەتمەندییە مێژوویەکەیەوە، دوای درووستکردنی پردی مەروانیدز، هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بەسەر پردەکەدا ڕاگیراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

دەیە: 60ەکان (60-69)

سەدە: سەدەی 11 (1000- 1099)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ویکیپیدیا - 2024-08-03

کاتی تۆمارکردن: 2024-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 73

پردی دەشتێ

2012030620445664371=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شرناخ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-03-06

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 74

پردی سووری مەهاباد لە شەستەکاندا

2014121212054878194=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 75
پردی قەشان

20220619181700419127=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پردی قەشان
پردی قەشان دەکەوێتە سەر زێی بچووک لەنێوان گوندی قەشان و دری، یاخود باشترە بڵێین لەسەرچەمی قەشان، نزیک گوندی قەشان ی سەربە شارۆچکەی ماوەتی شارباژێرە، 60 کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە دوورە. لەئێستادا پردە کۆنەکە تەنیا شوێنەوارەکەی ماوەو لەنزیکیەوە پردێکی دیکەی لە ئاسن درووستکراوە. ئەم پردە ئێستا و لەکاتی خۆیشیدا دوو ناوچەی گرنگی شارباژێر و کوردستانی پێکەوە بەستۆتەوە و بایەخێکی گەورە و گرنگی هەبووە، لەدرووستکردنیشیدا شێوازێکی تازەی بیناسازی تێدا پەیرەوکراوە و تەنانەت سەرنجی گەریدە ئەورووپییەکانیشی بۆخۆی ڕاکێشاوە. ئەم پردە چەندین ڕووداوی مێژووپی تێدا ڕوویداوە، لەوانە تێپەڕینی لەشکری ئیسلام و لەشکری نادر شای ئەفشار و سوپای عوسمانی و شەری ئێران-ئێراق و هتد..
هەروەها پیرەمێردی شاعیر ئەسپسواری بەسەر ئەم پردەدا کردووە. ئەم پردە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕووخاوە و لە ئێستادا بووەتە شوێنەوارێکی مێژووپی و بەدرێژایی سەدان ساڵ ڕێگەیەکی سەرەکی بووە لەنێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. قەشان گوندێکی زۆر کۆنە، هەر بۆیە عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران ناسراو بە (سالم) ی شاعیر کە لە 1800 بۆ 1866 دا ژیاوە لە هۆنراوەیکدا باسی قەشان دەکات و دەڵێت :
باڵەتی و ئەوڵا سوتە ڵ هەردوو شەریکی قیسمەتن
سەبتی (طوغرا) بوون بە حوکمی ماوەت و سەمتی قەشان.[1]
زانیاری تەواو لەسەر ئەم پردە لە ژمارە حەوتی گۆڤاری شارباژێردا بڵاوکاوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 76

پردی قەڵاتاسیان - سەردەشت 1929

2014120813223311822 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 77

پردی گامێشان لە ئیلام

[2020041316070838281 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 78

پردی مێژووی پارێزگای هەکاری

20230219194804468657=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پردی مێژووی پارێزگای هەکاری لە باکووری کوردستان
ئەم پردە لە بەرد درووستکراوە، درێژییەکەی 10، 80سم مەترە پانییەکەی 2، 90سم مەترە و بەرزییەکەی 20، 20سم مەترە، پردەکە لەسەر ڕووباری شیمدینلی درووستکراوە لە 13کم لە شارۆچکەکەوە دوورە.
ئەم پردە لەلایەن شێخ سەید محەمەد سدیقەوە درووستکراوە، مێژووی درووست کردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، لە دۆڵێکی قوڵی نێوان دوو شاخدا لە ناو سرووشتێکی جوان و دڵگیردا هەڵکەوتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (فەرهاد ناسر) ڕۆژی 2023-02-18

کاتی تۆمارکردن: 2023-02-19

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 79

پردی مێژووویی گاومێشان لە شاری دەرەشار نۆژەن دەکرێتەوە

2017082722140110196 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بەشی فەرهنگ و هونەر- بەڕێوەبەری گشتی میراتی فەرهەنگی ئیلام لە نۆژەن کردنەوەی پردی مێژووویی گاومێشان لە شاری دەرەشار هەواڵی دا.

بە پێی هەواڵی کوردپرێس، عەبدولمالک شەنبەزادە وێڕای ئاماژە بەم بابەتە ڕایگەیاند: نۆژەن کردنەوە و پتەو کردنی ئەم پردە مێژووییە یەکێک لە بەرنامەکانی جێگرایەتی میراتی فەرهەنگی ئیدارەی گشتی میراتی فەرهەنگی، پیشەی دەستی و گەشتیاری پارێزگایە. هەر لەبەر ئەمەش هەندێک لە بڕگەکانی نۆژەن کردنەوەی ئەم ئاسەوارە هەم لە ڕووی ئاوار هەڵگرتنەوەی سەر دیوارەکان، بەشە جیاجیاکانی پێکهاتە و ژێرخانەکانی پرد، ئامادە کردن و دانان و کۆ کردنەوەی دارەبەستی ئاسنی، نۆژەن کردنەوە و چێ کردنی تاق خشتی و ژێرخانەکان و لە دیکەی بەشەکانی پرد، جێبەجێ کردنی سواخ دان بە گەچ لە نومای دیواری بەردین، تۆکمە کردن و نۆژەن کردنەوەی ڕووکەشی پێکهاتە بەردی تاقەکان بە بەردی داتاشراو، جێبەجێ کردنی دیوار بە تاشە بەرد ئەنجام دراوە.

پردی مێژووویی و جوانی گاومێشان کە هی سەردەمی ساسانییەکانە کە لە سەر ڕووباری سەمیرە پاش پێکدادان لەگەڵ ڕووباری کەشکان چێ کراوە. ئەم پردە لە ساڵی 1377ی هەتاوی بە ژوماره 2222 چووە نێو ڕیزی ئاسەواری نیشتمانی وڵاتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کورد پرێس - 2017-08-27

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 80

پردی ڕوخانە

201009272255589707=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پردی ڕوخانە دەکەوێتە شارۆچکەی داقوق لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکووک . ئەم پردە لە کۆتایی دەستەڵاتی عوسمانییەکان درووستکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-09-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 81
پردی کۆنی کاولۆکان
2013051821594478532=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە پردە کۆن و مێژوویەکانی هەرێمی کوردستانە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-05-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 82

پردەکەی قلیاسان

2012081422055669788=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم پردە لە ساڵی 1920 لەلایەن کەسێکی دڵسۆزی یەکێک لە بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی بەناوی (حاجی مەلاعەزیزی قەرەنی) ، کەکەسێکی ساماندار بوو بنیات نرا لەسەر ئەو ڕووبارەبچوکەی کە لە ناوچەی (دۆڵەرووت) ی باکووری سلێمانییەوە، بەچەمی قلیاساندا، تێپەردەبێت و دوای بڕینی نزیکەی (27 کم) دەرژێتە ئاوی تانجەرۆ کە ئەم ڕووبارە، بەشێکی زۆری ڕووباری
تانجەرۆی پێکدەهێنا، ناوبراو بۆ ئەنجامدانی کارەکەی لەسەربەندی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، کە ئەودەم شاری سلێمانی وەک شارەکانی تری ئێراق، لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوو، ئەوەبوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەندازیارێکیان لە ئەستەمبوڵ (ئەستەنبوڵ) وە بۆ ڕەوانەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوجەنگەوە نەتوانرا، کارەکەئەنجام بدرێت و کەوتە دوایی جەنگەکەوە ئەندازیارەکە شێوەی دارشتنی پردەکەی ڕادەستی (حاجی عەزیز) کرد.
دوای ئەوەی لە ساڵی 1920 دا دەستی کرد بەدرووستکردنی ڕۆژانە خودی خۆی دەچووە سەرشوێنی پڕۆژەکە و سەرۆکاری کرێکارەکانی دەکرد، لە وەرزی بەهاری ئەوساڵەدا کاری تێدا کراو لە دوای ساڵێک تەواو بوو، پردەکە بریتی بوو لە هەشت گل، درێژیەکەی (100) مەترو پانییەکەشی (4) مەتر دەبوو، بەرزیەکەشی (12) مەتربوو. بناغەکەی بەبەردو قور و گل درێژرابوو، لە دوای بناغەکەیەوە بەخشتی سوور و گڵ درووستکرا، خاوەنەکەی لە گوندی قلیاسان، کورە خشتێکی درووستکرد بەوەی گڵی ئەم گوندە بەکەڵکی خشت درووستکردن دەهات، ئەم لاو ئەولایی پردەکەش (چەپەر) ی بۆ درووستکرد بوو.
ئەم پردە لەناوەڕاستی شەستەکاندا ڕووخاو چەند شوێنەوارێکی ئەو مایەوە، بەهۆی ئەوەی ساڵانە بەهۆی باران و بەفر و ئەو ئەرکە زۆرەی لە ڕێی ئۆتۆمبێلەوە کەوتبوە سەری هەر جارەی شوێنێکی زیانی پێ دەگەیشت، ئەو شوێنەشی چاک نەدەکرایەوە یاخود بەباشی چاکیان نەدەکردووە.
بەسوپاسەوە لەپەیجی (ئاشقانی شاری سلێمانی) وەرگیراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 83

پرۆژەی ئاوی سەنحاریب

20220102211720400147=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پرۆژەی ئاوی سەنحاریب

ئەم پرۆژەیە بەیەکەمین پرۆژەی گەیاندنی ئاو دادەنرێت لە ئێراق لە دووری 55 کم ئاو هێنراوە بۆ قەڵای هەولێر، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین لە سەردەمی پاشا (سەنحاریب) سەردەمی ئاشوریەکان (2500-612 پ.ز) .
کەی ئەم شوێنەوارە دۆزرایەوە ؟
لە ساڵی 1933 بۆ یەکەم جار بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری موسڵ لەلایەن شوێنەوارناس (د.یۆردان) ڕاوێژکاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دۆزرایەوە، توانی ئەو بەردە بدۆزێتەوە کە ناوی (سەنحاریب) ی لەسەر نەخشێنداربوو، لە بەهاری ساڵی 1946 لەلایەن دەستەیەکی شوێنەواری توانرا تەواوی نووسینەکە بخوێندرێتەوە کە باس لە چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە ئەکات، لە 14-5-1946 لەلایەن شوێنەوار ناس (فواد سەفەر) لە گۆڤاری (سۆمەر) تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بڵاو کردەوە بە هەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.
چۆنییەتی درووست کردنی پرۆژەکە.
سەرەتای سەنحاریب لە چیاکانی (خانی) لە دووری 33 کم کە بریتین لە (سەفین و پیرمام و بنەباوی) ئاوی هێناوە پاشان لەوێ لە لەگەڵ لقی ڕووبارەکانی (سوسێ و زیارەت و قیرژە) ئاوی گەیاندۆتە بەستۆرە.
سەرەتا (سەنحاریب) دیوارێکی بەردینی داتاشراوی درووست کردووە کە قەبارەی هەربەردێک (426080) سم دەبێت، کە بەڕووی ئاوی پرۆژەکە درووست کراوە کە بووەتە هۆی پاراستن و ڕاگرتنی نۆکەندەکە بە شێوەیەک لە داروخان و داماڵین پارستوویەتی بەرزی دەرگای نۆکەندەکە 120سم بووە پانتایشی 110 سم کە شێوەی چوارگۆشە خۆی دەبینێنت، لە بەر دەمی دەرگای نۆکەندەکە بەدرێژاری 300 م پانای 150 م بەردی گەورە و تەخت چە و ڕێژکراوە بۆ ئەوەی ئاوەکەی دێت لە قوڕ پاک بکرێتەوە ئاوی پاک بچێتە ناو نۆکەندەکە، لە نزیک دەرگای نۆکەندەکە نزمی هەبووە هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە بووە ئاو بە خێرایەکی زۆر برژێتە ناویەوە، پاشان بە درێژای 22 کم لە سەرەتای نۆکەندەکە تا قەڵای هەولێر بە شێوەی کارێز ئاوەکەی ڕاکێشاوە، لەنێوان 43 بۆ 50 م بیری هەڵکەندوە ئەویش لە بەرئەوەی لە کاتی پیس بوونی نۆکەندە بە ئاسانی پاک بکرێتەوە و بۆ هەوا هەلمژین تا خێرای ئەوەکە زیاد بکات ئەوەی پرۆژەکەی سەنحاریب جیا دەکاتەوە لە پرۆژەکانی تری گەیاندنی ئاو ئەوەیە پرۆژەکانی ئاوی ژێر زەوی بەکاردەهێنن بەڵام سەنحاریب ئاوی سەرزەوی گواستۆتەوە پێی.

دەقە نووسراوەکەی سەنحاریب لەسەر بەردی پرۆژەکە
من سەنحاریبم شای جیهان و وڵاتی ئاشور، سێ ڕووبارم لە چیکانی خانی هەڵکەندوون، ئەو چیایانەی کەوتوونەتە هەوارزی

شاری هەولێرەوە ئاوی کانیاوەکانی لادەستە چەپ و ڕاستی ڕووبارەکانیشیم کردۆتە ناویانەوە، ئینجا نۆکەندێکم هەڵکەندووە تا ناوەڕاستی شاری هەولێر نیشتمانی خواوەندی مەزنی (عەشتار) ئاوەکەیشم ڕاست هێناوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پارێزگای هەولێر

کاتی تۆمارکردن: 2022-01-02

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 84

پرۆژەی ئاوی بەستۆرە

2022090622120543253 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پرۆژەی ئاوی بەستۆرە
یان جۆگەی سەنحاریب، پرۆژەیەکی کۆنە، کە کاتی خۆی سەنحاریبی ئاشوور ئاوی لەسەر ڕووباری بەستۆرەوە لە گوندی قەڵا مورتکەوە بەشێوەی کارێز ڕاکێشاوە بۆ ناو قەڵاتی هەولێر بە درێژی 37 کیلۆمەتر، ئێستاش شوێنەواری دەرکی کارێزەکە و تاشە بەردەکان لە گوندی قەڵا مورتکان ماوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کانی

سەدە: هەزارەی 01ی پێش زایین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (111) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 85

پیاوێکی کورد لە نزیک شەوێنەوارێکی کوردستانەوە

2015011211543484589=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-01-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 86
پیرۆزی ئاژەڵی (گا) لە بیروباوەری سومەرییەکان لە مۆزەخانەی دهۆک
2023042223253048439O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پارچە شوێنەوارییەکی دۆزراوە لەسەر پیرۆزی ئاژەڵی (گا) لە بیروباوەری سومەرییەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-22
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 87

پەرستگای ئاگری بەردەکونتەی مەهاباد

2015092217474712709 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کەمال نوری مەعروف لەفارسیەوە گۆڕیوویەتی و لەسەری نووسیووە

یەکێک لەپاشماوە دێرینەکانی شوێنەوار، کە بەهادارو ناوازەیەو شوێنەواری حکومەتی (مانایيە) لەمەهاباد بە (بەردەکونتە) ناسراوە، کە مانای بەردی کونکراو دەگرێتەوە، کە هەزاران ساڵ بەسەر تەمەنیدا ڕۆشیتووە، لەوەوبەر وانا‌سراوە کە شوێنی گوشینی ترێ بووبێت، بەڵام دەرکەوت پەرستگایەکی ئاگری کۆنی خامۆشە بەناوی (بەردە کونتە) .
شوورە دراوی کۆنی (بەردە کونتە) دەکەوێتە نێوان سنووری6 کیلۆمەتری باکووری شاری مەهاباد لەسەر ڕێگای مەهاباد ورمێیەو لەنزیکەوە گوندی (وسوکەند) (یوسفکەند) دێت. بینای (بەردە کونتە) لەدەشتدایەو وێرانەی شاروێرانی لەخۆگرتووە، کە دەکەوێتە5 کیلۆمەتری لای ڕاستی گوندی (دەریاز) یان (دەریاس) کە (بەتلێمۆس) ی یۆنانی (داریۆسا) ناوی بردووە بە ناونیشانی یەکێک لەشارەکانی (ماد) باسیکردوو، ە کە شوێنی مانەوەی (مانایی-ماد) (807-505پ.ز) بووە و لەنزیکییەوە (فەقرەقا) یان (فەخریکا) دەڕوانێت بەسەریا. پەرستگای ئاگری (بەردە کونتە) لەزەوییەکی بەردینی پلەداری هەڵکۆڵراودایە، ئەم زەوییە سنووردارە کۆنە پەیوەستە بەهەزارەی یەکەمی پ.ز بەمانای ڕۆژگاری پڕشکۆو بەتوانای (مانایی) لەو ناوچەیەدا.
لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نووسینێک نەدۆزراوەتەوە یان دەرنەکەوتووە تاوەکوو بزانین ناوی ئەو بینایە یان پاشماوەیە چ بووە، دانیشتووانی (شاروێران) یش ئەو بینایە بە (بەردەکونتە) ناو دەبەن کەئەمەش ئاماژەیە بۆ پیرۆزیی لەباوەڕی مرۆڤی ئەم سەر زەمینەدا.
بەردەکونتە زمانێکی لێکدراوی کوردییە لەدووشە پێکهاتووە، یەکەمیان بەردو دووەمیان (کون) کەبەگشتی بەردی کونکراو یان ئەو بەردەی کراوەتە چاڵێکی قووڵ و کونکراوە، ئەمەش ناولێنانێکی ئاساییە هەڵبەتە (کون) لەزمانی کوردی دەتوانین بڵێین مانای تری نییە، بەڵام لەوانەیە بەمانای دێرینیش بێت ئەم بینایە پێدەچێت لەناو بەشێک لەشوێنێکی پیرۆزی گەورەی شاری (داریوسا) یان شاروێران بووبێت، لای مرۆڤ و دانیشتووانی شارەکەش شوێنێک بووبێت سەرچاوەی ڕێزو پیرۆزی بووە، کە بەردەوام لەڕێوە ڕەسمە تایبەتییەکانی خۆیاندا شوێنی ئەو بۆنانە بووە، شێوەی گشتی ئەم پاشماوەیەو ئەوانی لەناویدا بەرچاو دەکەون ئەوە دەردەخەن، کە پێدەچێت پاشماوەکە شوێنی هێمای قوربانی بێت واتە پەرستگایەک بوبێت هاوشێوەی زەقورەی سۆمەری پلیکانە زیرەکانیشی یادگاری بیناسازی دێرین بن، بەگشتی وێنە جۆراوجۆرەکانی پەیوەستن بەهەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەم پەرستگای ئاگرە دێرینە چەند گۆڕێکی بەردین و گۆڕێکی شێوە ستوونی و یەکێکی تر بەشێوەی ئاسۆیی لەگەڵ بوونی چەند ڕێزێکی پلیکانەکە، کەمێک لەیەکتری دوورن و ڕاکێشراون. لەناو ئەو بینایەدا چاڵی لاکێشی دەبینرێت لەبەرد هەڵکۆڵراوە، کەپێدەچێت بۆکاتی ڕێوڕەسمی ئایینی بەکارهێنرابێت، لەکاتیکردنەوەی ئاگری پیرۆز، لە بەشی سەرەوەی ئەو چاڵانەدا کە کەمێک لەیەکتر دوورن پلیکانە هەڵکۆڵراوەکان لەبەرچاو دەکەن کەشێوەی ڕیزیان وەرگرتووە، وا دیارن بۆ دانیشتن و تەواوکردنی تەواو پەیوەست بەڕێوڕەسمی تایبەت بەئایینەکەیان سوودیان لێ دیوون. لەوانەیە ئەم پەرستگای ئاگرە

خامۆشکراوە بۆ ڕێورەسم و نزای تایبەت بەئایینەکەو قوربانی کرابێت، کە پێشکەش بەخواکان یان خواوەندەکانی شار کرابێت، بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە دانیشتووانی کۆنەشار چ ئایینێک یان مەزەب و باوەڕێکیان بووبێت. لێرەدا پرسیارێک درووست دەبێت ئایا ئەم دوعاو نزایە بۆ خواوەندی پاک (ئاهۆرا فردا) بووەیان بۆ خواوەندەکانی تری ناسراوی شارە دێرینە فەرامۆش کراوەکە کراوە.

لەناو چوارچێوەی دێرینناسی مێژووە فەرهەنگ و هونەر و ئایینی ماناییدا کە سەرچاوەکەی دادوەری ئایینییانە، ناوەرۆکیان لەنووسینەکانی ئاشووریدا لەو ناوانەن کە بەشێکیان ئاشکرابوون.

وشەی (ئیلانی) بەمانای خواوەندەکان دێت، کە لەنووسینەکانی ئاشووریدا بەرچاو دەکەون دەبارەی شێوەی پەیکەری خواوەندەکانشیان، تاوەکوو سنوورێکی دوور لەحەو جۆشەکانی لورستان و دیمەنە نەخشکراوەکاندا لەسەر ئەوانەی شاری کۆنی زێویە هەن، دەتوانین ڕای لەسەر بدەین کە لەبەر ڕۆشنایی و زانیارییاندا ئەوە نیشاندەدەن، کە ئایینی سەر زەمینی خۆراوای مادی کۆن بەزۆری لەسەر ئایینی (خوری) (هۆری) بوون و ئاشوورییەکانیش تاوەکوو ئەندازەیەک لەسەر شێوەیەک بوون. ئەوەی سەرنجراکێشە دانیشتووانی شاری (داریوسا) کە ئاماژەمان پێدا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینیاندا ئاگری پیرۆزیان لەپەرستگاکەدا داگیرساندووە، لە بەردەم خواکانیاندا لەم کارەیاندا ئامانجیان بۆنزاو نیاز قبووڵکردن و ئیتاعەتی ڕووناکی ئاگر و ئاوو باو خاک بووە، نزیک لەئاگری پەرستگاش چرا زۆر پیرۆز بووە و بەڕۆشتنی هەزار و ئەوەندە ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەتاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەباوەڕو پیرۆزییەکانی کۆنی مرۆڤی کورداماوە، ئێستاش لە کوردستاندا کەسانێک هەن کەسوێند بەرووناکی یان ڕۆشنایی دەخۆن کە بەلایانەوە سەرچاوەیەکی پیرۆزە لە ناوچەی مەنگۆڕایەتی لەدەوروبەری مەهاباد کەسانێک کەسوێند بەڕووباری پڕ هاژەو خرۆش دەخۆن لە ناوچەکەدا، دیارە ئەوانە ڕەگوریشەیان لەباوەڕو ئایینە کۆنەکان و ئەفسانەکانی ناوچەکەوە هێناوەو دەریدەخەن ڕێزو پیرۆزێتی ئاوو توخمەکانی تری لێوەیان نزیکن.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەهەڵکۆڵینی شاخەکە بدەین، دەتوانین بڵێین ئەم پاشماوەیە پسپۆڕێتیەکەی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەڕێورەسمی مەزەبی و گابەردەکەی بەرانبەرەیشی ئێستا جادەی مەهاباد بەنێوانیاندا دەڕووات پەیوەستە بەشوێنی شاردنەوەی لێپرسراوانی پەرستگاکە، لێرەدا دوو جۆر ڕێورەسمی مەزەبی ئەنجادراون، یەکەمیان لەفەزای ئازددا ئەنجامدراوە، ئەوی دیکە بەگۆرە هەڵکۆڵراوەکە دیارە کە لەدڵی بەردەکەدا دەرهێنراوە، بەڵام بەڵگەکان دەری دەخەن سنووردارێتی ئەم شوێنەوارە بەزۆری و بەکردە لەئەنجامی ڕاکێشانی جادەی قیرتاو بووە، کە بەشێک لەپاشماوەی شوێنەوارەکە لەناوچووە، بەڵام ڕنینی دیواری خۆراوای دەستی چەپ هەتاکوو ئێستاش پاشماوەکەی بەرچاو دەکەوێت.

پێدەچێت شوێنی شاردنەوەی مردوو بووبێت

ئەو چەند پلیکانە شێوە بازنەییانەش کە بەچەندین ڕیز دەوری بیناکەیان داوە لەشوێنی سووتاندنی ئاگرەکەدان، واتە سەنتەری بیناکە پلیکانە زەبرەکانیش هاوشێوەنین کە ژمارەیان بەمەزندە85 پلیکانەن و لە3 لاوە دەوری تەپەی ناوبراویا داوە، کە پێدەچێت تەپەکە شوێنی شاردنەوەی مردو بوو بێت، لە بەشی باشووری تەپەکەدا دەڕوانێت بەسەر گوندی (وسوکەند) کونێک هەیە، بەقووڵی75سم هەڵکۆڵراوەو کۆتاییەکەی دەگاتەوە بەژوورێک لەناو تەپەکەدا، لەوانەیە ئەو کونە شوێنی تایبەت بەدەروازەی ئەسڵی ئەو بینایە بووبێت کە ئێستا بەگڵ داپۆشراوەو پڕ بووەتەوە، لەوێشەوە بەڕێرەوێک دەگەیتەوە بەکونێک کەپاشماوەی ئاگر و ڕەشی بەدیوارو بنمیچەکەیەوە دیارە، وادیارە لەو ڕێرەوەدا ژوورێک هەبوو بێت کە بەڕێژەیەک گەورە بووە و بەکارهێنراوە بۆ ئامادەکردنی خۆراک، لێرەش بەدواوە دەگەیتەوە بەڕێرەوێکی تری دەرکەوتووی نوێ کە دەتگەیەنێت بەژمارەیەک ژووری ترو شوێنی نادیاری پەرستگای ئاگرەکە، لەوێشەوە ڕێرەوەکە بەردەوامی هەیە و دەڕوات لەدیواری باشووری تەپەکەشدا دیمەنی کەناڵێکی ئاو دیارەو چووەتە ناو تەپەکەوە، وادیارە ئەم تەپەیە ئاوی بۆ ڕاکێشراوە ئەوەش بەهۆی ئاوی گوندی کارێزە بووە، کە بەشی باشووری خۆراوای پاشماوەکەی گرتووە وە گەیشتووە بەتەپەکە، لە بەشی خۆرهەڵاتی کەناڵی ئاوەکەدا ڕێزێک بەردی تر بەرچاو دەکەون، کە بووەتە بەشێک لەبەردە کونتەو درێژ بووتەوەو دەگاتەوە بەناو ڕووبارەکە بەگۆشەیەکی45نمرە، هەروەها بەلای هاوتەریب دەبێتەوە، لەگەڵ جادە بەردینەکەدا کەبەشێکی تێکچووە پێدەچێت ئەو ڕیزە بەردە پاشماوەی دیوارەکانی قەڵاکە بێت یان بۆ پاراستنی شارەکە شوورەیەک بێت دانرابێت دووریش نییە پاشماوەی بەنداوێکی کۆن بێت، کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ماناییدا درووستکرابێت، بەمانای بیناکە پاشماوەیەکی پیرۆزو گرنگی بیناسازی مانایی بێت، لە شاری وێرانبووی درایوسادا بووە و ڕۆژگارەکەی گەورەترو شکۆدارتر کردووە، بەپێچەوانەی ئەمڕۆکە دەبینین وێرانەیەکە بیناکەش لەباشترین شوێنی شارەکەدایە کەبووەتە بەشێک لەبنەمای ڕەسەنی شوێنەکەو بەشەکانی تری دیارە لەژێر خاکەدا شاردراوەتەوە کە یەکتری تەواو دەکەن.

پیاوانی ئایینی لێپرسراوانی ئەم پەرستگایە، واتە پەرستگای ئاگر دانیشتووانی بەردەوامی ئەم شوێنە پیرۆزە ببوون، بەڵگەش بۆ ئەمە لەنزیکی ئەم بینایەدا بینای تر درووستکراون بۆ مانەوەی هەتاهەتاییان، هەموو ئەم بەڵگانە گومان دەرۆنین بۆ گەیشتن بەپایەو پلە کە لەناویانا بەمیرات بۆیان ماوەتەوە، پلەوپایەو وەرگرتنیش هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژگاری مانایی گرتۆتەوە.

بەردەوام شوێنێکی پیرۆز بووە

لەوانەیە پادشاکانی مانایی و دەرباریان و دانیشتووانی شارەکە و هیی شارەکانی تری مانناا ساڵانە هاتبن بۆ شوێنە دیاریکراوەکان یان مانگانە بۆ بەجێگەیاندنی ڕێورەسمی ئایینی و تەشەریفاتە تایبەتییەکان و پێشکەشکردنی دیاریەکان بەشوێنە پیرۆزەکە، کە بۆیان هێناون ئەم پەرستگایە لە ڕۆژگاری مادو هاخامەنشی تاوەکوو کۆتایی حکومەتی ساسانی پڕ شکۆداری پارێزراوەو بەردەوامیش شوێنێکی پیرۆز بووە و ماوەتەوە، پەرستگای بەردە کونتە لەبەهاری ساڵی1364 (1985) دوای کاری لێکۆڵینەوەو

کنەو پشکنین تێیدا لەلایەن (بەهەمەنی کارگەر) بەپێی پێشنیازی ئیدارەی فەرهەنگی گشتی ئازەربایجانی خۆراوا، شوێنەوارەکە وەکوو پاشماوەیەکی شوێنەواری میللی ئێران تۆماکراوە.
ئەم پەرستگا کۆنە، بینازسایەکەی گرنگە و سنووردارە بەکەسی ئێرانییەوە، لەهەزارەی یەکەمی پ.ز ئومێدەوارین کنەوپشکین و لێکۆڵینەوەی زانستی شوێنەوارناسی لەئایندەی نزیکدا تێیدا ئەنجامبدرێت و گۆشە تاریکەکانی و شوێنە نەناسراوەکانی ئەو پەرستگایەو کۆمەڵە بەردە گەورەکانی دەربکەون بۆ خزمەتی مێژووی کۆنی ناوچەکەو چمکە شاراوەکانی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مەزندە بۆی دەچین.
هەندێک ڕاو بۆچوون لەسەر پەرستگاکە
کەدێنیە سەرباسی پەرستگای بەردە کونتەی ناو شاروێران، لە باکووری شاری مەهاباد دەبێت ئەو بخەینە بەرچاومان کە پەرستگای ناوبراو بەشێکە لە مێژووی پاشماوەی شوێنەوارەکە (فەقرەقا) یان (فەخریکا) ش گوڕێکی هەڵکۆڵراوی بەردینە، لەهاوشێوەی قزقەبان و ئەو گۆڕانەی تری ناوچەی کرماشان، لەوانە دوکان دادو یان زین دانی زوحاکی ناوچەی هەورامانی خۆرماڵ ئەو گۆڕەو پەرستگایەش کە دەکەونە ناو شار وێران دەبنە چەند ئەڵقەیەک لەو زنجیرە گەورەیەی کە ناوی شاروێرانی لێنراوەو بەهەموویان بەڵگەن بۆ شارستانییەتێکی دێرین، ئێمە لەم ڕاو بۆچوونەماندا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کەشاروێران لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕووەو خۆر پاشماوەکانی لەخانووبەرە درووستکراون، بەڵگەش بۆ ئەمە بەکەلاوە وێرانەکانییەوە دیارن لەوانە پەرستگاکەی دێت، لەم دیاردەیەدا ناوبراو هاوشێوەی شاری (حەزەر) یان (حەترا) ی شاری ڕۆژدێت، ئەمەش پەیوەستە بەداب‌ونەریتی ئایینەکەو نموونەی ئەوەش پەرستگای ئاگری بەردە کونتەیەو پاشماوەکەی ساڵی 1985کاری و کنەوپشکنینی تێداکراوە لەئێستادا شارەکە لەبەر ئەوەی کاری کنەوپشکنینی بەرێگای زانستی تێدا نەکراوە، ناتوانی ڕاو بۆچوونی تەواو لەسەر پاشماوەکە بەگشتی بدەین، بەڵام بەپێی لەتەگۆزەو گڵێنەکانی کە بەڵگەن بۆ ئەو سەردەمانەی بەسەر شوێنەوارەکەدا تێپەڕیون بۆیە دەتوانین بڵێین:
1 هەموو ئەو لەتەگۆزەو گڵێنانەی لەسەر پاشماوەی شاروێران پەرستگای ئاگری بەرچاو دەکەون، ئەوە دەگەیەنن کە دانیشتووانی شوێنەوارەکە بەردەوام شارەکەیان لەدوا دوای چاخی هەشتەمی پ.ز ئاوەدان بوون، واتە لە سەردەمی مادەوە هەتاکوو دەگاتەوە بەسەردەمەکانی هاخامەنشنی و سلوکی و ئاشکانی و ساسانی کە دوا سەردەمەو لە ساڵی651 کۆتایی هاتووە کەبەدوریناز‌انم لەلایەن ئەعرابەکانەوە کرابێتە شارێکی وێرانە.
2 شوێنی شارەکە کە ڕووی لەخۆرە پێوەی دیارە کە دانیشتووانەکەی خۆر پەرست بوون، بۆیە دەڵێن ئایینی خۆرپەرستی بەر لەئایینی زەردەشتی لەناو ماناییەکاندا بڵاوبووەتەوە، ئەمانە عەشرەتێک و حەوت عەشیرەتی دەوڵەتی مادیان پێکهێناوە، بەسەرۆکایەتی دیاکۆ مانایی بەڵگەی بەرچاویش بۆ ئەو بۆچوونە ئەو نەخشەو نیگارانەیە کە بەسەر لەتەگۆزەو گڵێنەکانەوە بەرچاو دەکەون، کە شێوەی چەپکە تیشکیان وەرگرتووە و بەنینۆک نەخشێراون و ئەمەش ڕاستی ئایینکەو سەردەمەکە بەرجەستە دەکات.
3 پێدەچێت بەپێی پاشماوە شوێنەوارەیەکەی شاروێران و قەڵاتی زێویەی ناوچەی سەقزو قەڵایچەی بۆکان سەرەتای شارستانییەتی شارنشینی مادەکان لە ناوچە گوندنشینەکانەوە دەستپێکردبێت و دواتر بەرەو شار درووستکردن هەنگاویان نابێت، سەرچاوەکانیش باس لەوەدەکەن کە دیاکۆ یان دێوسپی هەروەکوو لەوەو بەر ئاماژەماندا، بەردی بناغەی بۆ دەوڵەتی ماد دانابێت، واتە دەسەڵاتیان لە ناوچەی گوندشنیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەوێوە بەرەو درووستکردنی شار گەیشت و بەپایتەخت هەروەکوو لەئەکبەتانە یان هەگمەتاندا بەرچاو دەکەوێت شار وێرانیش دەچێتە ناوچوارچێوەی سنووری دەسەڵاتیانەوە، کە پێدەچێت ڕۆڵی کاریگەریی گێڕابێت لە ماوەی دەسەڵاتیاندا.
4 لەڕووی ئایینییەوە پەرستگای ئاگری بەردەکونتە پێدەچێت، بۆهەمان دەسەڵاتی پادشای ناوبراو بگەڕێتەوە، کە بەڵگەی ئەوەمان پێدەدات خۆر پەرست بوون، دیارە ئایینی زەردەشتیش دواتر لەناو هاخامەنشییەکاندا بڵاوبووەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین پەرستگای ناوبراو مێژووەکەی لەپاشماوەکەی شار وێران و فەقرەقا جیانابێتەوە، کە بەڵگەن بۆ دەسەڵاتی مانایی لە سەردەمی دیاکۆدا کە سەرجۆنی ئاشووری (722-705) گروتوویەتی و بەدیلیەتی بردوویەتی بۆ حەما لەسووریا، بەڵام دواتر گێڕاویەتەوە بۆ دەسەڵات.
5 ماناییەکان ئاگریان نەپەرستووە، بەڵکوو یەزدانی بوون کە خۆرپەرست بوون، بەڵام ئاگر لایان بەچاوی خۆرچوێنراوە، بۆیە پیرۆزی ئاگرەکە لەخۆرەکەدا بەرجەستە بووە، ئەعرابەکانیش هەموو ئەوانەیان بەئاگر پەرست ناوبردووەو ناوی زەندیق یان لێناون، ئەمە ناولێنانێکی هەڵەیەو دوورە لەڕاستیەوە کە پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە.
سەرچاوە
گۆڤاری مەهاباد بەشی فارسی،
ژمارە 151 ساڵی1392 (2013) ل58-59

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2015-09-22
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 88

پەرستگای عەین دارا

[20220408013004410699=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

ئەم شوێنەوارە گرنگە دەکەوێتە گوندی (عەین دارا) نزیک عەفرین لە ڕۆژ ئاوای کوردستان مێژووی بۆ سەردەمی حیسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پ، ز بە دیاری کراوی بۆ 1300 پ، ز، ئەم شوێنەوارە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1955 دۆزرایەوە، حیسی یان هیتییەکان باپیران کوردن، لە باکووری کوردستان و ڕۆژ ئاوای کوردستان دەسەڵاتیان هەبووە و چەندین شوێنەواریان لە دوای خۆیان جێهێشتووە.
بەداخەوە ئەم شوێنەوارە گرنگە لە ساڵی 2018دا لەلایەن تورکی داگیرکاری فاشیەوە لە ڕێگای فرۆکەوە هێرشی کرایە سەر و وێران کرا، بەشێکیشیان تاڵان کرد و بردیان لەگەڵ خۆیان
تورکی داگیرکەر هەر خەریکی سڕینەوەی ناسنامەی کوردە دەست ناپارێزێ لە داگیرکردنی خاکی کوردان و سڕینەوەی فەرهەنگ و کلتوریان[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فرهاد ناسر
کاتی تۆمارکردن: 2022-04-08
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 89
پەرستگای گرێ ناڤۆکی

20220619171319419123=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنترین پەرستگای جیهان دەکەوێتە کوردستانەوە.
پەرستگای گرێ ناڤۆکی (گۆبێکلی تەپە) ، ئەو پەرستگایەیە کە بە کۆنترین پەرستگای جیهان دادەنرێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا.
ئەم شوێنەوارە گرنگە دەکەوێتە دووری 15کم لە شاری ئورفەی باکووری کوردستان، پەرستگاکە پێک دێت لە سێ بەشی شێوە بازنەی و ستوونەکانی گەورە و سەرسامکەرن بەجۆرێ کێشیان لەنێوان 5 بۆ 10 تەن دەبێت.
بۆ یەکەمین جار ئەم پەرستگایە لەلایەن جوتیارێکەوە دۆزرایەوە دواتر لەلایەن تیمێکی شوێنەواری ئەڵمانییەوە کاری هەڵکۆڵینی تێدا کراوە، پاشان دەرکەوت کە خاکی کوردان لە دێرزەمانەوە لانکەی شارستانییەت و مرۆڤایەتی بووە و کۆنترین پەرستگای لێ بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: ئورفە
وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 90

پەرستگایەکی زەردەشتیی نۆژەنکراوە لە دەربەندیخان

2015011222014884601=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە شوێنەوارە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان کە وەک شوێنێکی پیرۆزی ئایینیی بۆ بڕوادارانی ئایینی زەردەشتی بەکارهاتووە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-01-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 91

پەرستگە و ناوچەی شوێنەوارپی عەین دارە لە عەفرین

2022082808425943082 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

عەین دارە، شارێکی مێژوویە لە ڕۆژئاوای گوندی عەین دارە، پێنج کیلۆمەتر لە باشووری شاری عەفرین دوورە. ئەم شارە شوێنەوارییە سێ لای دەشتاییە و زەوییەکەی زۆر لەبارە بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی و لە لای ڕۆژئاواوەش دەکەوێتە سەر ڕووباری عەفرین.

ئەم شارە شاکارێکی مێژوویی سەرنجڕاکێش و تایبەتە، لە چەندین باڵەخانە و پارچەی شوێنەوارپی گەورەی وەک پەرستگەیەک، پەیکەری ئاژەڵی باڵدار، پەیکەری ئەبولهۆل، بەردەنووس، باڵەخانەی مێژوویی و پەیکەری بەردینی خواوەند عەشتار پێکهاتووە.

ئەم شارە شوێنەوارییە لە دوو بەشی باکوور و باشوور پێکهاتووە:

بەشی باشوور: بریتییە لە پارچە زەوییەکی 2500 مەتری کە کەمێک لە ئاستی ڕووی زەوی بەرزترە. بە گوتەی شوێنەوارناسان مێژووی دروستبوونی ئەم گوندە بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە و نزیکەی 10 هەزار ساڵ پێش ئێستا خەڵک لەوێ ژیاون. (ئەم بەشەی گوندە شوێنەوارییەکە تەنها یەک جار هەڵکۆڵینی زانستی بۆ کراوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵێک کەلوپەلی بەردینی و پێکهاتەی باڵەخانە دۆزراونەتەوە، کە مێژووەکەیان بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە).

بشی باکوور: بەشی باکووری گوندی شوێنەواری عەین دارە دابەش دەبێتە سەر دوو لق.

لقی یەکەم: لە پارچە زەوییەکی تەخت بە ڕووبەری 4600 مەتری چوارگۆشە پێکهاتووە و شاری ژێر زەوپی پێی دەڵێن. بە گوتەی شوێنەوارناسان ئەم بەشە لە شارە شوێنەوارییەکە، لە کۆتاییەکانی دوو هەزار ساڵ پێش زایین بە کۆمەڵێک دیوار و بنکەی چاودێری و چوار دەروازە پارێزراو بووە، تا ئێستاش بەشێک لەم شوێنانە ماونەتەوە. (ئەم بەشەی گوندی شوێنەواری عەین دارە تا ئێستا هیچ کارێکی شوینەوارپی و کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە).

لقی دووەم: لێرە گردی بەناوبانگ و مێژوویی عەین دارەی لێیە، ڕووبەرەکەی 7500 مەتری چوارگۆشەیە، شوێنەوارناسان شاری سەرەوە (فەوقانیە)ی پێ دەڵێن. گرنگترین شوێنەوارەکانی ئەم بەشە پەرستگایەکی گەورە و مێژوویە، کە هێشتا مێژووی دروستکردنی بە تەواوی دیار نییە، بە دڵنیاییەوە هۆکارەکەی بۆ ئەنجامنەدانی کاری هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینی شوێنەوارپی دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی نیشتەجێبوون لەم شارە شوێنەوارییە تا سەردەمی عوسمانییەکان بێ دابڕان بەردەوام بووە.

سەرچاوە شوێنەوارییەکان ڕایان وایە مێژووی دروستکردنی ئەم پەرستگەیە بۆ سەردەمی هیتی و هوریەکان دەگەڕێتەوە.

بیناسازییەکەی نزیکە لە شێوازی بیناسازیی هلێنستی کە تێکەڵەیەکە لە شێوازی بیناسازی هوری و میتانی، ئەم شێوازەش لە ناوچەکانی باکووری سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) باو بووە.

ئەم ناوچە شوێنەوارییەش هەر وەک ناوچە شوێنەوارییەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان بە هۆی بەردەوامی شەڕ و نالەبارپی ژینگەکەی، دوچاری تێکچوون و ڕووخان بووەتەوە، تەنانەت لە ساڵی 2018 بە هۆی بۆردومانی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا نزیکەی 60%ی ئەم پەرستگەیە ڕووخاوە و وێران بووە.

ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-08-28
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 92

پەرستگەی ئاناهیتا

2014120615573178146=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەرستگەی ئاناهیتا، یەکێکە لە پەرستگە بەردینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی دەشتێک نزیک لە شاری کەنگاوەر بە دووری 94 کیلۆمەتر لە شاری کرماشان. بەپێی نووسین و بەڵگەنامە مێژوویەکان ئەم پەرستگە بەردینە پەیوەندی بە مێژووی سەردەمی ئەخمینی و ئەشکانی و ساسانییەکانەوە هەیە، بەڵام هەندێک لە پسپۆڕان ئەم کۆشکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەدەگەڕێننەوە.

تەلارسازیی پەرستگەی ئاناهیتا

ئەم پەرستگەیە وەک شوێنێک بۆ ئاهەنگگێڕان و بۆ پاکی و پەرستنی ئاناهیتا، ئەو فریشتەیەی کە بە پاسەوانی کانیاو و باران ناسراوە بەکارهاتووە. پەرستگەی ئاناهیتا بە بەرزی 32 مەتر درووستکراوە. قەبارەی ئەم بینا مێژوویە لە خوارەوە بۆ سەرەوە کەم دەبێتەوە، هەروەها شێوەی زیگوراتی هەیە، کە بە هاوتەریب لەگەڵ شێوازی زیگوراتی ئێران دادەنرێت. پەرستگەکە بە دیواری بەردین دەورە دراوە و سەکۆی درووستکراوە بۆ ئەوەی هاوتا بێت لەگەڵ گردەکە.

ڕووبەری سەرەکی پەرستگەکە

پەرستگەکە لە بەشی باشوورە، دەرگای چوونە ژوورەوەی بیناکە لە هەردوو لایەوە پلیکانەی هەیە و هاوتەریبە لەگەڵ لای باشوور، لەوێوە خەڵکیان بردووەتە ناو پەرستگەکە. لە سەرووی پەرستگەکە پێکهاتەیەکی چوار کەوانەیی هەبوو کە هاوشێوەی پەرستگە ئاگرینەکانی دیکەی ئەو سەردەمە بووە. لەم بەشەی سەرەوە سەری چوار مانگا ڕووبەڕووی یەکترن و لە کاتی کێشانی ئاودا وێنەی سەری مانگاکان لەسەر ئاوەکە دەچەسپێنرێت. لە ناوەڕاستی باڵەخانەکە بۆشاییەک هەیە کە ئاوی چەمەکانی تێیدا کۆدەبێتەوە و حەوزێکی بچووکی چوارگۆشە پڕدەکاتەوە، قووڵییەکەی 20 سم دەبێت.

کەلوپەلە دۆزراوەکان

یەکێک لەو شوێنەوارە گرنگانەی لە پەرستگەکەدا دۆزراونەتەوە، تابووت لەگەڵ کەلوپەل و تەرمەکانی ناویانە، کە زانیاری زۆر باشمان دەست دەخەن، هەروەها سکە، کەلوپەلی برۆنزی، ملوانکە، گوارەی زێڕین بە وێنەی پیاوێکی باڵدار و هەندێک کەلوپەلی دیکە لەم گۆڕانەدا دۆزراونەتەوە. شوێنەوارە مێژوویەکانی دیکە کە لە پەرستگەی ئاناهیتا دۆزراونەتەوە بریتین لە دراو و سکەی سەردەمی ئیسلامی و خەلیفە ئیسلامییەکان.

ئەم گەنجینە بەنرخە پڕە لە چەندین جۆر سیرامیکی نەخشێنراو و چەسپاو بە ڕەنگی سەوز و زەرد.

بەردە نووسراوەکان

لەسەر هەندێک لە بەردە نەخشێنراوەکانی دیواری ڕۆژهەڵاتی پەرستگەکە، شکڵ و شێوەی وەک خاچی شکاو، ئەستێرە، خۆر، بزنی کێوی، چەرخ، شێوەی ئەندازەیی، ڕووەک، ماسی، ماسی و ئاو، لەنگەری کەشتی و.... هتد دەبینرێت.

ئامادەکردنی بابەت: ڕۆیا سەردار

[2][1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

[2] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-03-03 -baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 93

پەرستگەی مێژووێی حاجی لەناو چووە

2018070811151096714=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەرستگەی حاجی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ڕووخێنرا و چەندین ساڵ وەک کەلاوەیەک مایەوە و ئێستا تەنیا چەند بەردێک و بناغەکەی ماوەتەوە.

گوندی حاجیکاش شوێنی ژیانی هاوبەشی کورد و ئەرمەن بوو. ئەو گوندە 3 جار لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە سوتێنرا. دەوڵەتی تورکیا ساڵی 1930 و لەکاتی کۆمەڵکوژیی زیلاندا بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی گوندی حاجیکاش کوشت و ئەوەشی مایەوە ڕایگواستن. گوندەکە لە دوای ئەو کۆمەڵکوژییە بەتەواوی چۆڵکرا. لەو کۆمەڵکوژییەدا شوێنەوارە مێژوییەکانی گەلی کورد و ئەرمەن لەو گوندەدا ڕووخێنران. یەکێک لەو شوێنەوارانە پەرستگەی مێژووێی حاجی بوو.

پەرستگەی حاجی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ڕووخێنرا. ئێستا جگە لە چەند بەردێک و بناغەکەی هیچی لێنەماوەتەوە. ئەو پەرستگەیە وەک ناوەندێکی حەج بوو بۆ ئەرمەنییەکانی ئەو ناوچەیە، بەڵام تا ئێستا ئەوە بە ڕوونی دیار نییە پەرستگەکە لەلایەن کێ و کەی درووستکراوە.

هاووڵاتییانی گوندی حاجیکاش دەڵێن پێشتر ئەرمەنییەکان بۆ حەج دەهاتنە حاجیکاش. ئەو ئەرمەنییە بهاتایەتە ئێرە دەبووە حاجی. ئەوکاتە گوندەکە ناوی کاش بوو، دوای ئەوەی ئەو هاووڵاتییانە سەردانی گوندەکەیان دەکرد و دەبوونە حاجی، ئیتر وردەوردە بە گوندەکەیان دەوت حاجیکاش، بەڵام ئەو شوێنەوارە مێژوییە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەناوچوو.

بەپێی زانیارییە هەندێک لە هاووڵاتییانی ئەو گوندە، مێژووی ئەو گوندە و پەرستگەکە دەگەڕێتەوە بۆ 3 هەزار ساڵ لەوە پێش و بۆ سەردەمی ئورارتوییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-08

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 94
پەرستگەیەکی نهێنی جووەکان، لە شاری کفری دەدۆزرێتەوە

2022024162210411338=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەرستگەیەکی نهێنی جووەکان، لە شاری کفری دەدۆزرێتەوە

عوبێد محەمەد، بەڕێوەبەری شوێنەواری کفری بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەم خانووە یەکێکە لە خانووە کەلەپوورییە گرنگەکانی شارۆچکەی کفری کە مەترسیی ڕووخانی لەسەرە و ماڵی کەسایەتییەکی دیاری جووەکان بووە بە ناوی داود زەریفە.
بەهۆی ئەو مەترسییانەی ئەوکات لەسەریان بوو، جووەکان خۆیان لەم ماڵەدا حەشار دەدا.
خانووەکە 361 مەتر دووجایە، چوار هۆڵ و حەوشەیەکی هەیە. دوو لە ژوورەکان ڕووخاون، لەگەڵ ژێرزەمینێکی گەورە کە بە شێوازێکی ئەندازەیی سەرنجڕاکێش درووستکراوە هەشت شوێنی هەواگۆڕکێی تێدایە و جیاوازیی پلەی گەرمی زیاتر لە 10 پلەیە لەگەڵ کەشوهەوای دەرەوە.

باوەڕوایە زۆربەی جووەکانی شاری کفری ئەو شارەیان بەجێ نەهێشتبێت، بەڵکوو لە ڕێگەی گۆڕینی ناسنامەوە خۆیان بە تورکمان ناساندبێ و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان شاردبێتەوە.
ئەمە بۆ بەشێکی زۆر لەتورکمانەکانی هەولێر و کەرکووکیش ڕاستە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

دەیە:	20ەکان (20-29)
سەدە:	سەدەی 21 (2000-2099)
شار و شارۆچکەکان:	کفری
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تی ڤی & ڕادیۆ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەناڵی ڕوداو

کاتی تۆمارکردن: 2022-04-24
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 95
پەیکوڵی
20230122211649460562=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مۆنۆمێنتی پەیکوڵی
ئەم شوێنە مێژوویە، یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان کە خەڵکی کۆنی ناوچەکە (بتخانە) یان پێ وتووە. پەیکوڵی شوێنەوارێکی سەردەمی ساسانییەکانە کە دەکەوێتە نزیک گوندی بەرکەل لە دەڤەری دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی.
ئەم شوێنەوارە لە سەردەمی حەوتەمین پاشای ساسانییەکان بەناوی (نرسێ 293_302زایینی) درووستکراوە و لە تایبەتمەندی و گرنگییەکانی ئەم شوێنەوارە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لەسەر بەردە بەکارهاتووەکانی بۆ بەشی دیوارەکانی ئەم بینایە، کۆمەڵێ نووسراو هەیە کە بە هەر دوو زمانی پەهلەوی ئەشکانی و فارسی ناوەڕاست نووسراوە ، یەکێکە لە درێژترین دەقەکانی ئەو زمانانەیە تا ئێستا دۆزرابێتەوە. پادشای ساسانی ئەم مۆنۆمێنتەی لەسەر ڕێگەی پایتەختی ساسانیەکان (تەیسەفون مەدائین) و شاری ئایینی (شیز) لە هەرێمی ئازەربایجان بوونیاد نا بۆ ئەوەی هەموو ڕێبواران بتوانن ببین.
شێوازی بینای شوێنەوارەکە
مۆنۆمێنتەکە بینایەکی چوارگۆشەی 10 بە10 مەتر چوارگۆشە بووە کە لەسەر هەر ڕوویەکی پەیکەرێکی پادشا دانرا بووە، دیوارە نووسراوەکانی چەند بلۆکی بەردین بوون کە هەندێکیان ون بوون و ئەو بەردانەی کە نووسراویان لەسەربوە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون. لە ساڵی 2006ەوە تیمێکی شوێنەوارناسی ئیتالی کاری لەسەر دەکەن ، ماوەیەک پێش ئێستا چەند بەردێکی نوێیان تێدا دۆزیەوە.
دەقە نووسراوەکانی سەر بەردەکان
نووسینەکانی سەر بەردەکان لەم شوێنەوارەدا لەلایەن ئەرنێست هرتزفیلد کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە و بە پێی ئەم وەرگێڕانە دەبێ بڵێین نووسینی سەر ئەم بەردانە باس لەو ڕوداوە دەکەن کە ساڵی 293 زایینی کە پاشا (نەرسێ) توانی شۆڕش بەسەر (بەهرامی سێیەم) دا بکات (کە ماوەیەکی کەم بوو دەسەڵاتی پادشایی گرتبوە دەست) ، و لەکۆتاییدا خۆی دەسەڵاتی بەدەست دەگرێت و دەبێتە پادشای ساسانی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو
سەدە: سەدەی 03 (0200- 0299)

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Kurdish Visual Art) ڕۆژی 2023-01-21

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 96

پەیکەری تەشی ڕێسەکەی ئیلام

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220619191523419130

کۆنترین تەشی ڕێسی هەر کوردە
تەشی ڕێسەکەی ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:
ئەم پەیکەر نیگارە بەردینە کە ئێستا لە مۆزەخانەی لوفەری فرەنسا دانراوە، کاتی خۆی لە شاری باستانیی شووشی ئیران دۆزراوەتەوە، ساڵژمارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پێش ساڵژمێری عیسایی، قەوارەکەی 9 بە 13 سانتیمەترە. لەم نیگارە لە سەر بەرد بەرجەستەکراوەدا، بانوویەکی ئیلامی لە سەر کورسییەکی چوارپێچکەیی دانیشتووە، لاقی چەپی هێناوەتەوە ژێر ڕانی ڕاستی، تەشییەکی بە دەستەوەیە و ئەوەندە سەرقاڵی ڕستنە، هێشتا نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی ئەو ماسییە سوورەوەکراوە بخوات، کە لە سەر مێزێک لە بەردەمیدا بۆیان داناوە، بەوەدا کە کارەکەرێک لە دواوە باوەشێنی ئەکا، دیارە ئەم ژنە بانووی بانووان بووە، دەسەڵاتدار یا شاژن بووە.
تا ئەمڕۆش ژنانی دێهاتەکانی کوردستان، کە لە هەموو کاروبارێکی سەرەکیی ڕۆژانەیان ئەبنەوە، دەست ئەدەنە تەشییەکانیان و خوری ئەڕێسن بۆ ئەوەی گۆرەوی و پووزەوانە، بەڕە و کلیم و شتی تری پێویستی ناو ماڵی لێ بچنن.
ئیلامییەکان (3500- 645ی پێش ساڵژمێری عیسایی) گەلێکی پێشکەوتوو بوون لە ناوچەیەکی فراوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئەمڕۆ ژیاون، مێژووەکەیان بە سەر چەند سەردەمێکدا دابەش ئەکرێ. شاری (شووش یا سوزیانا) پێتەختی دەوڵەتەکەیان بووە، کە بە عیبری (شووشان) و بە لاتینی (سوسا)ی پێ وتراوە. ئەم شارە یەکێکە لەو کۆنترین شارانەی جیهان کە هەموو دەم ئاوەدان بووە. هەندێک مێژوونووس ئەڵێن ئیلامییەکان کڵێس بوون (لەناو جوون)، بەڵام لوڕەکان ئەو بۆچوونە بە درۆ ئەخەنەوە و ئیلامییەکان بە پێشینان و بە باووباپیرانی دێرینەی خۆیان ئەزانن.
ژاک دێ مۆرگان (1857- 1924)ی فرەنسایی ئەندازیار، زەویناس، میسرناس، شوێنەوارناسی ئاسیای نزیک و سکەناس، لە ساڵی 1897ەوە تا ساڵی 1908 لە شووش خەریکی گەڕان و هەڵکۆڵین بووە بە دوای شوێنەوارەکانی دەوڵەتی باستانیی ئیلامدا. ئەم شوێنەوارناسە بێجگە لەم نیگارە جوانە بەرجەستەکراوەی سەر بەرد، زۆر شت و کەرەستەی مێژووییی لەو ناوچەیەدا ئەدۆزێتەوە، کە بەشێکیان لە مۆزەخانەی لوڤر لە فرەنسا دانراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 97

پەیکەری خواوەند ئانۆ لە مۆزەی دهۆک

2023041122494148151 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیکەری خواوەند ئانۆ لە مۆزەی نیشتمانیی دهۆک کە مێژووەکەی بۆ 3600 ساڵ پیش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

دەیە: 01ەکان (00-09)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 98

پەیکەری خواوەندی دایک لە مۆزەخانەی دهۆک

20230410125059481085=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یەکێک لە پەیکەرەکانی ناو مۆزەخانەی دهۆک پەیکەری (خواوەندی دایک) ە. پێکهاتەی ئەم پەیکەرە قوڕی سوورکراوە و لە شارۆچکەی سێمێل دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ 4000 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 99

پەیکەری شێرێکی بەردینی لە مۆزەخانەی دهۆک

2023042013562448394 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەیکەری شێرێکی بەردینی لە قەبارەی گەورە کە لە شەنگال دۆزراوەتەوە و لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزگاری لێ دەکرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

شار و شارۆچکەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 100
پەیکەری گودیا لە مۆزەخانەی دهۆک
2023041121431348149 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیکەری گودیا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک کە مێژووەکەی بۆ 2090 پێش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
دەیە: 90دەکان (90-99)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 101

پەیکەرێک بە قەبارەی سرووشتی لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041021224748123 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێک لە پەیکەرە سەرنجڕاکێشەکانی ناو مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک کە بە قەبارەی سروشتی دروست کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 102
پەیکەرێک لە مۆزەخانەی دهۆک
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230411221003481505

پەیکەرێکی کۆن لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک کە مێژووەکەی بۆ 3500-3600 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 103

پەیکەرێکی برۆنزی سەردەمی میتانی لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041022405648127 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەیکەرێکی برۆنز کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 104

پەیکەرێکی خواوەند ئانۆ لە مۆزەخانەی دهۆک 01

2023041516035748271 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەیکەرێکی خواوەند ئانۆ لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 105
پەیکەرێکی درووست کراو لە عاج لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041515312848269 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەیکەرێکی درووست کراو لە عاجی فیل کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆکدا پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 106

پەیکەرێکی سەردەمی سومەری لە مۆزەخانەی دهۆک 02

2023041515491148270 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیکەرێکی سەردەمی سومەرییەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 107

پەیکەرێکی سەردەمی سومەرییەکان لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041121180848148 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەیکەرێکی سەردەمی سومەرییەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک کە مێژووەکەی بۆ 2400 ساڵ پیش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسکورد - 2023-04-11

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 108
پەیکەرە شوێنەوارەکانی چیای نەمروود لە باکووری کوردستان

2022082410484143002 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چیای نەمروود، یان نەمروود داغ، لە شوێنەوارە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی کوردە لە باکووری کوردستان. ئەم شوێنەوارە لەبەر چەند گرنگییەکی تایبەت، لە ساڵی 1987 لە ناو لیستی کەلەپووری جیهانی (یونسکۆ) تۆمارکراوە.
شوێنەواری چیای نەمروود، دەکەوێتە دووری 40 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی کۆلیک لە پارێزگای سەمسووری باکووری کوردستان.. پەیکەرە شوێنەوارییەکانی چیای نەمروود، لە گەورەترین شوێنەوارەکانی سەردەمی (هیلنیستی) ن، کێشی هەندێ لەو پەیکەرانە دەگاتە نزیکەی نۆ تەن.
ئەم ناوچە شوێنەوارییە لە سەردەمی پاشا ئەنتیۆخوسی یەکەم (Antiochus) (دووەمین پاشای دەسەڵاتداری کۆماژەن/ کۆماگەل/ commagene) بنیادنراوە و وەک ئارامگای ئەم پادشایە دەناسرێت، هەرچەندە دوای چەند ساڵ لە کنەوپشکنینی شوێنەواریی لەم ناوچەیە، هێشتا گۆڕی ئەنتیۆخوسی یەکەم نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسە شوێنەوارییەکان، بۆ دەستکەوتی زیاتری زانستی و شوێنەواریی، کنەوپشکنین لەم ناوچە مێژووییە بەردەوامە.
سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هۆکاری درووستکردنی ئەم پەیکەرانە لەلایەن پاشای کۆماژەن، وەک سوپاسگوزاری و نیشاندانی ڕێژەی ڕێز و خۆشەویستییەکەی بۆ خواوەندەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها وەک ڕێزێکی تایبەتی بەرانبەر بە ئەسپەکانی بووە.
شوێنی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم پەیکەرە شوێنەوارییانە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی چیاکە، لەوێ بەرزاییەک هەیە کە پڕە لە پەیکەری بەردین و گەورە، بەڵام هیچ کام لەم پەیکەرانە سەریان پێوە نییە و کامڵ نین.. بە گوتەی سەرچاوەکان هەر لە سەرەتای درووستکردنی ئەم پەیکەرانە، سەریان لێکراوەتەوە و بە جودا دانراون. لە دوای دۆزینەوە و ئەنجامدانی کاری هەڵکۆڵین بۆ ئەم ناوچە شوێنەوارییە، شوێنەوارناسان بە پێی قەبارەی پەیکەرەکان و جۆری بەردەکان توانیان سەری تایبەت بە هەر یەک لەو پەیکەرانە دیاری بکەن و لە تەنیشتیان دابنێن.
بە گوتەی شوێنەوارناسان، پەیکەرە شوێنەوارییەکانی چیای نەمروود دابەش دەبنە سەر سێ گرووپ، گرووپی یەکەم لە پەیکەری خواوەندەکانی ئەو سەردەمە پێکهاتووە، کە هەندێکیان لە شێوەی مرۆڤن و هەندێکیان سەری ئاژەڵیان بۆ درووستکراوە، وەک سەری شێر و باز. لە پەیکەری خواوەندە بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە، دەتوانین ئاماژە بە پەیکەری خواوەندەکانی هرکول، ئاپۆلۆ، میترا، هیلیۆس و پەیکەری خواوەند زیۆس (خودای خودایان) بکەین، کە لە خواوەندە گرنگ و بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە بوون.
دوو بەشی تری ئەم پەیکەرانە بریتین، لە پەیکەری بنەماڵە و کەسوکاری پاشا ئەنتیۆخوس:
بەشی باشووری ئەم کۆمەڵە پەیکەرە، لە پەیکەری باپیرەکانی (خزمەکانی باوکی) پاشا ئەنتیۆخوس پێکهاتووە.
لە بەشی باکووری ئەم چیایە، پەیکەری بنەماڵە و خزمەکانی دایکی پاشا ئەنتیۆخوس دانراوە.
پاشایەتی کۆماژەن (109 پێش زایین) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆل، وەک دەسەڵاتدارییەکی سەربەخۆ دامەزرا و لە کۆمەڵگە و ئایین و کولتووری جیاواز پێکهاتبوو. پاشاکانی ئەم دەسەڵاتدارییە، بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ خواوەندە

جیاوازەکان و ڕێکخستنی ژیانێکی ئارام و خۆش بۆ خەڵکەکەیان، لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچە دەسەڵاتداریيەکەیان پەرستگا و زیارەتگای زۆر و جیاوازیان درووستکردووە، پەرستگای چیای نەمروودیش یەکێکە بووە لەو پەرستگا گەورانەی کە پاشاکانی کۆماژەن درووستیان کردووە.

ناوی ئەم دەسەڵاتداریيە کوردییە لەلایەن سەرچاوەکانەوە بەم شێوەیە شیکراوەتەوە:
کۆما بە واتای کۆمبوون، یان خڕبوونەوە دێت، گەل/ دۆڵ، شوێنێکی جوگرافیی کە دەکەوێتە نێوان دوو بەرزایی، بە شێوەیەکی گشتی ناوی کۆماگەل بە واتای: خەڵکی کۆبووەوە لە دۆڵ دێت.
مێژووی دەسەڵاتداریی ئەم ناوچەیە، بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان دەگەڕێتەوە. لە کاتی شەڕی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم و پارس، ناوچەی نەمروود، خاڵی سنووری ئەم دوو هێزە بووە، هەرچەندە ئەم ناوچەیە بە فەرمی سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆما بووە، بەڵام پاش ئەم شەڕە، دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە، بە ناوی میترادااتسی یەکەم سەربەخۆییان ڕاگەیاند.
پاش کۆچی دوایی میترادااتسی یەکەم، کوڕەکەی بە ناوی ئەنتیۆخوسی یەکەم دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەنتیۆخوسی یەکەم هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریيەکەی هەوڵی دا لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمییەکان و ئێرانییەکان نەمێنێت و زیاتر سەربەخۆ بێت، بەڵام لە ساڵی 38ی پێش زایین لەلایەن ڕۆمییەکانەوە لەناوبرا.
سەبارەت بە سەردەم و ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم پاشایەتییە، بیروبۆچوونی زۆر و جیاواز هەن، بەڵام بابەتی گرنگ ئەوەیە، دەسەڵاتداری کۆماژەن، دەسەڵاتداریيەکی کوردی بووە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە لە ئێستادا شوێنەواری گرنگ و گەورەیان لێ بەجێماوە.. بە گوتەی چەند سەرچاوەیەک، ڕەگوڕیشەی دەسەڵاتداریی کۆماژەن بۆ هوریيەکان و لولوبییەکان (کە دوو لە هۆزە دەسەڵاتدارەکانی کورد و باپیرەگەورەی کورد بوون) دەگەڕێتەوە.
چیرۆکی دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی چیای نەمروود، بۆ ساڵی 1935 دەگەڕێتەوە، کاتێک شوانێکی کورد مەڕ و ماڵاتەکەی بۆ سەر چیای نەمروود دەبات و ئەم پەیکەرانە دەبینێت. ئیتر لەو کاتەوە ئەم شوێنەوارە دەبێتە جێی بایەخ و سەرنجی شوێنەوارناسان، تا ئەو ڕادەیەی لە لیستی کەلەپووری جیهانیی تۆمار دەکرێت.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
شار و شارۆچکەکان: سەمسوور
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسکورد - 2022-08-24
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-24
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 109

تابلۆیەکی بەردینی کۆن لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041710452648308 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم تابلۆ شوێنەوارییە یەکێکە لە پارچە سەرنجڕاکێشەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی دهۆک کە پێکهاتووە لە تابلۆیەکی بەردینی بە نەخشی پیاوێک کە کەلوپەلی سەربازی پێیە و بۆ سەردەمی ئاشووری نوێ دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 110

تاق بوستان - تاقۆسان

200909081144511993=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تاق بوستان دەکەوێتە لای ڕاستی دەروازەی شاری کرماشان و، ڕۆژهەڵاتی شار هەڵکەوتووە کە بریتییە لە ژمارەیەک پەیکەری بەردینی و چەندین نوسینی هەڵکەنراوی سەر بەردی سەردەمانی ساسانیەکان.
سرووشتی دەوروبەری تاق بوستان لە سەردەمانی ساسانییەکان، شوێن و بێشەی ڕاوشکاری دەسەڵاتداران بووە، ئەوەی ماوەتە دیوارەکانی کۆتایی بێشەکە، بریتییە لەو ڕێگای ئەو ئاژەڵانەی کە لە شاخەکەوە ڕاودەنرێن دەگرێت، کە هێشتاوە ماوەتەوە.
دوای چوونە ناوەوە بۆ تاق بوستان، یەکەم بەردی نەخشێنراو پەیوەندی بە ئەردەشیری دووەمەوە هەیە، ئەردەشیر لەنێوان ئاهورا مەزداو میترا دا دانراوە، ڕووی خۆی بۆ لای ئاهورای مەزدا کردووە و بەدەستی چەپ حەلقەی (مودت) ی لێ وەردەگرێ. لەژێر پێی ئەردەشیر و ئاهورا مەزدا، دوژمن یان (ئەهریمەن) لەسەر زەوی فڕی دراوە.
دوای ئەم نەخشە، تاقێکی بچووک هەیە کە پەیکەری شاپوری دووەم و کورەکەی شاپوری سێ یەم نیشان دەدات و، لەسەرووی هەرکامێکیانەوە بە خەتی ساسانی خاوەن پەیکەرەکان دەناسێنێ.
لە سێ هەمین بەشی ئەم گرووپە، دەروازەی تاقە کە سەرتاپا بەردی نەخشینراوە بە وێنەی فریشتەی باڵدار و داری ژیان و مەجلیسی ڕاوشکاری لە بێشە زار و نەخشی فیل و ئەسپ و بەلەم و چەندین شتی دیکەی تێدایە، لەگەڵ بوونی کۆڕی هونەرمەندان (نوازندگان) و حەکایەت خوان بۆ شادمانی مەجلیس.
لە کۆتایی نەخشێنراوەکە ئەسپ سوار و زرێ پۆش چەکدار دەبینرێ کە هەندێکیان نەخشی پیرۆزی ساسانی دەنوێنن و هەندێکیشیان خەسرەو و پەرویز.
جێی باسە تاق بوستان یان تاقۆسان شوێنێکی گەشتیاری مێژووییی کوردستانە و وێنەی دەسەڵاتی ساسانیەکان دەنوێنێ و وێنەیەکی قەشەنگتری بەخشیوەتە شاری کرماشان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] نامە | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | نامەیەکی بەڕێز هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە چەند شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 2009-0709

کاتی تۆمارکردن: 2009-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 111
تاقی شیرین و فەرهاد

20170531091218101320=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تاقی شیرین و فەرهاد-ی لە شاری ئەیوان-ی سەر بە پارێزگای ئیلامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 112

تاق گەرا (پاتاق)

2015091114122412655 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تاق گەرا (پاتاق):
لە شاری سەرپێڵی زەهاوی سەر بە پارێزگای کرماشان بینایەکی مێژووییە هەیە و شوێنەوارناسان لەبارەی درووستکردنی ئەو بینایە دەڵێن ئەو بینایە نیشانەی کۆتایی هاتنی سنووری مادەکان بووە لەگەڵ سنووری ئەشکانییەکان. ژمارەیەکیتر پێیان وایە شوێنی حەسانەوەی خەسرەو پەروێز بووە لە کاتی ڕاوکردندا. کەسانێکیش دەڵێن ئەو بینایە وەک ئاتەشگا و شوێنی مانەوەی گەشتیاران لە شەواندا کەڵکی لێوەرگیراوە.
ئەم بینایە 5/58 مەتر بەرزە و درێژیی دەروازەکەی 4/28 مەترە و 3/17 مەتریش قووڵە. پێدەچێت ئەو بینایە لە سەدەی 2 بۆ 5ی زایینی درووستکرابێ، بەڵام زۆرینەی ئەو شوێنەوارناسانەی لەبارەیەوە نووسیویانە دەڵێن شێوەی بیناسازییەکەی ئەگەرچی لە بیناسازی ساسانیەکان نزیکە بەڵام دوور نییە مێژووی بیناکە بۆ قۆناخی ئەشکانییەکان بگەڕێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2015-09-11
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 113
تورکان، مەزاری مار مارون و شوێنەوارەکانی گوندی (براد)یان وێران کرد

2018032423144214762 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

براد، یەکێکە لە گوندە ئاوەدانەکانی باشووری عفرین، کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی تێپەڕاندووە. تا پێش شەڕ، ژمارەی دانیشتووانی 500 کەس بوون، کە هەموویان کورد بوون. نزیکەی 40 کیلۆمەتر لە ناوەندی حەلەب دوورە.
براد، لە سەردەمی بێزەنتیەکان، شارۆچکەیەکی ئاوەدان بووە. بە یۆنانی پێیگوتراوە (کفرۆ برادا) . ناوەکە لە ئارامییەوە هاتووە و واتا سارد. بەگوێرەی گوتەی مێژوونوسی ڕووس، گیۆرگی چالنکۆ، شارەکە، پتر لە 3500 ساڵ پێش ئەمڕۆ، لە چواردەور پەرستگایەکی کۆن درووستکراوە. براد، لە سەدەی سێی زایین، زۆر ئاوەدان بووە. شوێنەواری خانی بازرگانان، خانوی ماڵە دەوڵەمەندان تا ئێستا ماون. هەروەک شوێنەواری گۆڕی پیاوچاکێکی تێدا هەیە، کە شێوەکەی چوارگۆشەییە، لەگەڵ شوێنەواری گەرماوی ڕۆمانیی، کە کۆنترین گەرماوی ناوچەکەیە. براد، درەنگتر بووەتە ناوەندێکی دەستەڵاتڕانی ڕۆمانیی، کە شوێنەواری فەرمانڕەوای ڕۆمانی، ساڵی 496ز هێشتا ماوە. هاوکات گەڕەکێکی بازرگانیی، لە باشووری شارەکە هەبووە، بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی، لەنێوان بازرگانانی ڕێگای ئاوریشم. لە سەدەی هەفتی زایینی، بەهۆی شەڕی نەپساوەی ساسانیان و بێزەنتیان، شارۆچکەکە چۆڵ بووە. دوای ئەوەش بووەتە سنووری نێوان ئەمەویان و بێزەنتیان، دواتر بەرەی شەڕی خاچپەرستان.
لە ساڵی 2002ز، دەستەیەکی شوێنەوارناسی ئەمریکی، دەستیان بە کنە و پشکنین کرد لە براد. لەو پشکنینەدا، شوێن و پاشماوەی کلێسای جۆلیانۆس دیاریکرا و نوسینە گرێکیەکانی سەری خوێنرایەوە. ئەو کلێسایە، بە یەکێک لە کۆنترین کلێساکانی دنیا دادەندرێت، کە تا ئێستا مابێتەوە.
هەروەک ساڵی 2004ز، ئاشکرا بوو، کە مەزار و گۆڕەکە، کە خانویەکی بەردینی چوارگۆشەی لەسەر کراوەتە قسن، بریتییە لە گۆڕی (مارِ مارِوونی یەکەم) ی دامەزرێنەری کلێسا و دەستەی ئایینی مارِوونییەکان، کە ئێستا بە گشتی لە لوبنان دەژین. ئەمە لەپڕ وای کرد، کە براد ببێتە بنکەیەکی گەشتی ئایینی و هەزاران کەس ڕووی تێبکەن. چەندان چێشتخانە و بنکەی حەوانەوە، لە گوندەکە درووستکران، هەروەک لەسەر زەویەکی 5000 مەتری، کار لەسەر درووستکردنی کلێسایەکی مارونی دەکرا، کە بە تەواونەکراوی وازی لێهێندرا. زیارەتکەرەکان، لەناو چواردیواری کلێسا کۆنەکە، نوێژیان دەکرد.
شوێنەواری سێ کلێسای گەورەش لە گوندەکە دۆزراونەتەوە، لەگەڵ دوو دێری گەورە. کلێسای جۆلیانوس، کە بەناوی وەستاکەی ناونراوە، بە دەیان ستونی مەرمەڕی تێدایە، لەگەڵ دیواری لە بەردی گرانبەها داتاشراو. پاشماوەکەی 42 مەتر درێژە و 22 مەتریش پانە. شوێنەکانی ناوەوەی کلێساکە، بە باشی خۆیان ڕاگرتبوو. هەندێک خەڵکی گوندەکە، لە ناو هەندێک لە خانوە شوێنەواریە کۆنەکانی دێیەکە دەژیان، کە دواتر حکومەتی سوری، لێی سەندن و خانوی تازەی بۆ درووست کردن.
کلێساکە، لە ساڵی 2011ز وەک بەشێک لە شوێنەواری مرۆڤایەتیی تۆمار کراوە.
بەداخەوە، ئەمڕۆ تورکان بە تۆپخانە، بەشێکی گومەزی مار مارون و کلێسای جۆلیانۆسیان ڕووخاندووە. هەروەک خەڵکەکەشی ئاوارە بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەیجی شاسوار هەرشەمی

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-24

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 114

تۆپەکەی وەستا ڕەجەب

201003141600073899=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تۆپی وەستا ڕەجەب ئەم تۆپە لەلایەن وەستا ڕەجەب درووستکراوە لە سەردەمی (میر محمەد) (1813 - 1837 ز) لە ڕواندز. لەسەرەتای سەدەی (18) ی زایینیدا میر محەمەد پاشای ڕەواندزی توانی سنووری میرنشینی سۆران فراوان بکات و بۆ پاراستنی ئەو سنوورەش بیری لە درووستکردنی کارگەی چەک و تەقەمەنی کردەوە. وەستا ڕەجەب وەک داهێنەرێکی ناوچەکە دەستی بە درووستکردن و بنیادنانی ئەم کارگەیەی کرد و یەکەم تۆپی عیار (2) لە ساڵی 1814ز درووست کرد. لە دوای ماوەیەکدا توانی چەندان تۆپی دیکە بە عەیاری جیاواز درووست بکات، کە ئێستا یەکێکیان لە شارۆچکەی ڕەواندز پارێزراوە و یەکێکی دیکەش لە مۆزەخانەی سەربازی ئێراق پارێزراوە. هەر لەم کارگەیەدا (دراو) و شمشێر و خەنجەر و کەلوپەلی ناوماڵ و ڕاکێشانی سکەی دراوی لێ درووست دەکرد. هەندێ بۆچوونی مێژووی دامەزراندنی شارۆچکەکە بۆ ساڵانی627 و 904 ی کۆچی دەگەڕێننەوە.

سەرچاوەی وێنەکە: بارزان ڕەمەزان گراوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-03-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 115
تەپەکورە

201009262218549662=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی.
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2010-09-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 116

تەپەی ئیمام محەمەد

2015121213185992689=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپەی ئیمام محەمەد یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی سنووری دەڤەری گەرمیان لە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 117

تەپەی حەسەنلو

2022092613385543627 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپەی حەسەنلو گردێکی مێژووی_شوێنەواریيە بە گەورەیی 250-280 مەتر و بەزری 20 مەتر، دەکەوێتە نێوان هەر دوو گوندی حەسەنلو و ئەمینلو لە پارێزگای ئەزەربایجانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.
ئەم گردە شوێنەواریيە بە دوورپی نۆ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە، شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم گردە سەردەمی مێژووی بەردینی نوێ تا سەردەمی ئاسنی لەخۆ دەگرێ.
مێژووی ئەم گردە بۆ نزیکەی 1450-1600 ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە و یەکەم کاری کنە و پشکنینی ئەم گردە لە ساڵی 1939 لە لایەن تیمێکی ناوخۆیی ئێرانی ئەنجامدرا، بەڵام دوو ساڵ دواتر واتا لە ساڵی 1941 زانایەکی بریتانیایی کاری کنە و پشکنین بۆ ئەم گردەی ئەنجامدا و چەند پارچە کەلوپەلی شوێنەواریيان دەست کەوت، بەڵام دۆزینەوە گرنگ و مێژووییەکای گردنی حەسەنلو بۆ ساڵی 1958 دەگەڕێتەوە کە لە لایەن تیمێکی هاوبەشی ئەمەریکی - ئێرانی بە سەرپەرشتی (ڕۆبەرت هنری دایسن) بەڕێوەچووە، کە بووەتە هۆی دۆزینەوەی بینا و پاشماوەکانی بینای سووتاو، هۆی سووتانی دیواری بیناکانی ئەم شوێنەوارەش بۆ ڕووداوێکی گەورەی ئاگرکەوتنەوە و وێرانبوون دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی 800ی پێش زایین ڕووی داوە. لە گرنگترین شوێنەوارە دۆزراوەکانی تەپەی حەسەنلو دەتوانین ئاماژە بە)جامی زێڕینی حەسەنلو(بکەین. ڕەبەت 17 کم لە شاری سەردەشت دوورە، ئەم شارە بە خاڵی پێوەندی ماننا و ئورارتو و ئاشوور دادەنرێت. لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم شارە شوێنەواریيە دەتوانین ئاماژە بە خشتی بۆیەکراوی نەخشێنراو بە وێنەی ئاژەڵ و خواوەندەکان و دۆزینەوەی گڵینەی تایبەت بەو سەردەمە لەڕووی نەخش و دیزاین بکەین.
بە گوتەی سەرچاوە فارسییەکان کاری کنە وپشکنینی شوێنەواری بۆ ئەم گردە تا ئێستا بە شێوازێکی زانستی و سەردەمیانە بەردەوامە، بەڵام ڕاپۆرت و بابەتە زانستییەکانی تۆمارکراو لە لایەن تی می ئەمریکی تا ئێستا بە شێوازێکی کراوە و ڕەسمی وەک کتێب یان پێرس کۆنفرانس بڵاونەبووەتەوە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار

جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: چاخی بەردینی نوێ
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-26
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 118

تەپەی زیویەی سەقز

200909031236381977=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپە زیویە لە بنەڕەتدا قەڵایەک بووە، لە دووری 42 کیلۆمەتری باکووری شاری سەقز ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە، لە ساڵی 1325 کەسێک بەناوی ئەیوب ڕنبو بە شێوەیەکی فەرمی هەڵکەندی زیویەی دەست پێکرد، لە دوانزە ساڵ هەڵکەندن و گەران شەش گۆڕی پاشا و گەورەکانی دەوڵەتی ماد و کۆشکێکی سێ نهۆمی قەشەنگی مێژووی زیویە دۆزرانەوە کە شاکاری معماری سەردەمی ماد بووە (لە تۆمارە ئێرانیەکان نووسراوە سەردەمی باستانی) .
بێگومان ساختمانی پڕ شکۆی سێ نهۆمی زیویە یەکێکە لە عەجایبەکانی سەردەمی دەوڵەتی مادە، کە بە خۆڕاگریەکی بێ وێنە و باڵاو شێوازیکی سەرنجراکێش درووست کراوە و بەرزایی لە ئاستی ڕووی دەریا دەگاتە 1835 مەتر، هیچ بینەرێک بەپێوەری عەقڵی خۆی ناتوانێت باوەڕ بکات لە سێ هەزار ساڵی پێشوودا کۆشکێکی ئاوا بەم شکۆ و گەورەییەوە درووست کرابێ.
کۆشکی سێ نهۆمی زیویە بەگوێرەی مێژووناسەکان، هەمان کۆشکە کە (هیرۆدیت) لە نووسینەکانیدا لەسەر دەوڵەتی ماد باسی کردووە و، بۆ ڕازی بوونی دیاکۆ درووستکراوە و لە ڕاستیدا ئەم کۆشکە ناوەندی یەکەمین دادخانە (دادگا) بووە لە دەوڵەتی ماد کە سەرچاوە ئێرانیەکان دەڵێن (ایران باستان) .

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | نامەیەکی کاک هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 2009-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2009-09-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 119
تەپەی قاڵایچی

2022092521562743620 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپەی قاڵایچی، ئەم تەپەیە دەکەوێتە 15 کم ی باکووری ڕۆژاوای شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی 1984 کاری کنە و پشکنین بۆ ئەم شوێنەوارە دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، لە ئەنجامدا تابلێتێکی نووسراو بە هێڵی ئارامی دۆزراوەتەوە، کە هێشتا نەخوێنراوەتەوە، هەروەها دۆزینەوەی گڵینەی ڕازاوە بە نەخش و بۆیەی تایبەت لە دەستکەوتەکانی پشکنینی ئەم شوێنەوارەن. بەپێی توێژینەوە شوێنەوارییەکان، مێژوو و کۆنینەیی ئەم گردە بۆ نزیکەی هەزارەی یەکەمی پێش زاین داگەڕێتەوە. کۆمەڵێ خشت بە شێوازی خاچ و نەخشێنراو لە یەکەم دەستکەوتە شوێنەوارییەکانی ئەم گردەیە. لەگەڵ دوو بارە بەردەوامبوونی کاری کنە وپشکنین لەم گردە، پاشماوەی پەرەستگەیەکی ناوەندی و بنکەی چاودێری، دیواری باڵەخانە، حەوشەی بەردرێژکراو، پلیکان، چەند ژوورێکی درووستکراو لە خشت و داپۆشراو لە گڵ و خۆڵی تایبەت و نزیکەی 400 دانە خشتی ڕازێنراو بە نەخشی تایبەت و ڕەنگکراو کە ئەمانە لە یەکەم خشتی وێنە کراو وبۆیەکراوەکانی ئەو سەردەمەن کە بە نیمچە ساخی ماونەتەوە و نەخش و بۆیەی سەریان بەجوانی دیارە. وێنەی سەر ئەم خشتانە پێکهاتووە لە وێنەی ڕوەکی گیا و سرووشت، هەروەها وێنەی ئەفسانەیی وەک گای باڵدار (لاماسو) ، وێنەی خواوەندە گەورەکانی ئەو سەردەمە، ..تاد.

لە سەرچاوە مێژووییەکان ناوی زێوێ بە زیرتو / ئیزیرتو وەک پایتەختی دەسەڵاتداری ماننایییەکان هاتووە وەک ناوەندێکی سیاسی و هونەری و ئابووری گرنگ.
بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1939 لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی ناوخۆیی ئێرانی کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری بۆ ئەم گردە ئەنجامدراوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵێ پارچە و کەلوپەلی شوێنەواری تگایبەت بە هەزارەی یەکەمی پێش زاین لەوێ دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و داخە تا ئێستا کاری هەڵکۆلینی زانستیی شوێنەواری بۆ ئەم گردە ڕاوەستاوە و درێژەی پێنەدراوە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-25
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 120

تەپەی نەخچەوان

20230518091216491391=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپەی نەخچەوان، یان پشتی کوهـ لە ئازەربایجان

تەپەی نەخچەوان لەسەر کەناری ڕاستی ڕووباری نەخچەوانە و 853 مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە. ڕێڕەوی ئێستەی ئەو ڕووبارە 200 مەتر لە شوێنەوارەکەوە دوورە. بەشێکی شوێنەوارەکە لەگەڵ درووستکردنی پردێکی سەر ڕووبارەکە، تێکچووە. ئەوەی ماوەتەوە نزیکەی 8000 مەتر دووجایە. کنە و پشکنین لە ساڵی 2017 دەستی پێ کردووە و 4 هەفتە کاری تێدا کراوە. چاڵێکی 2 بە 3 مەتر و دووی دیکەی 10 بە 10 مەتر لێدران.

شوێنەوارێکی دێرینی ناوچەی نەخچەوانی ناو ئازەربایجانی ئێستەیە و لە ناو مادی بچووکی سەردەمانی دەسەڵاتی مادەکان بووە. تەختاییەکی نزیک ڕووباری نەخچەوانە، بۆ 5000 ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. شێوازی درووستکردن و نەخشاندنی کەلتووری دەڵما بەسەر گڵسازییەکانیاندا زاڵە. لە ئێران بەو کەلتوورە دەڵێن کەلتووری حەوزی ئورمیە (ورمێ) یان کەلتووری زاگرۆس. دۆزینەوەکانی ماددەی خاوی مس لە چینەکانییدا، نیشانی دەدات دانیشتووانی نەخچەوان بەشێکی بەردە شووشەیان (14 پارچە) لە ناوچەی سیونیکی ئەرمەنستانی ئێستەوە هێناوە و بۆ پێویستیی دەیکەی ڕۆژانەیان لە زنجیرە چیاکانی زەنگەزور (لە ڕۆژهەڵاتی نەخچەوانە لە سنووری نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانە) ، ماددەی خاویان هێناوە. دۆزینەوەی گڵسازیی کەلتووری دەڵما هاوشێوەی ئەوانەی لە نەخچەوان دۆزرانەوە لە بەشێکی زۆری شوێنەوارەکانی دۆڵی ورمێ هەبوون. ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ هەموو ئەو نیشتەجێیانە بەردەشووشەیان لە ناوچەی سینیکەوە هێنابێ. ئەو هاتووچوونەی دەستکەوتنی بەردەشووشە وایکردووە کەلتووری گڵسازیی دەڵما بەو ناوچەیەدا بڵاوببێتەوە. هەرچەندە ناوچەی سیونیک بۆیان لە سیڤان نزیکترە، کەچی بەشێکی زۆری بەردەشووشەی نەخچەوان (16 پارچە) لە ناوچەی دەریاچەی سیڤان (لە ناو ئەرمەنستانە) بۆیان هاتووە. ئەو کاتە کەلتووری دەڵما بە شوێنەوارەکانی ئێران و ئێراق ئێستەدا بڵاوبووەتەوە. هەر لە تەپکی حاجی فەیروز تا دەرگاتە شوێنەوارەکانی دەشتەکانی کرماشان و ئەوانەی لە کەرکووک لە ساڵی

1983 دۆزرانەوە.
ساڵانێکی درێژە پەیوەندی کەلتووریی نێوان دەشتاییەکانی قەوقاز و باشوور بە میسۆپۆتامیاوە، سەرنجی توێژەران و زانایانی ڕاکێشاوە. زۆربەی جار بە دۆزینەوەی چەند نموونەیەکی کەم ئەو پەیوەندییە دەبیندرا، تا دۆزینەوەی شوێنەواری لەیلاتەپە لە ئازەربایجان، لەوێ توندی ئەو پەیوەندییە کەلتوورییە دەرکەوت. دوایی هەمان پەیوەندی توند و بەهێز لە نەخچەوانیش دەرکەوت. بە شێوەیەکی گشتی، کەلتووری دەڵما لە 100 شوێنەواری میسۆپۆتامیادا دۆزراوەتەوە.
دۆزراوەکانی گڵسازیی لەو دوو چوارگۆشەیەی هەڵکەنران، بڕێکی زۆری پارچە و پاشماوەی گڵسازییەکانیان دۆزرایەوە. لە ڕووی پێکهاتە و شیوازی درووستکردنییان، بە کەمێک جیاوازییەوە، لەیەک دەچوون. هەیانبوو چین چین کرابوو و لوولدرابوو. بەشێکیان بە پەنجە نەخشی بۆ کرابوو، واتا شوێنی پەنجەی مرۆڤی لەسەر قووڵکراوە. ئەوە نیشانەیەکی دیاریی کەلتووری دەڵمایە. بە پێی سووركردنەوەیان لەناو ئاگردا، ڕەنگیان جیاوازە. لە بۆر تا پرتەقاڵییان تێدایە. تەنیا یەک پارچەی ڕەساسیش دۆزرایەوە. هەموو پارچەکان کەمێک وشکە گیایان تێدایە. شێوازی گڵسازی کەلتووری دەڵما لە شوێنەوارەکانی دیکەی وەکوو ئوچان ئاغڵ و ئوزون ئۆبا دۆزراونەتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنەوارێکی دیکەدا نا.
کۆنترین پارچەی دۆزراوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی پێنجەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. پشکنینی تەمەنی پارچە خەڵووزێک بە تەکنیکی کاربۆن 14 تەمەنی نێوان 4945 تا 4722 ساڵ بەر لەزایینی دیاریکرد. شوێنەوارەکە دەستەخوشکی چەند شوێنەوارێکی دیکەی ئەو دۆڵە و کەنارەکانی ڕووباری سیرابچایە بۆ سەردەمانی چاخی مس دەگەڕێنەوە. هەموویان پێکەوە نەخشەی باشووری قەوقاز دەڕازێننەوە. لە کاراباخیش، هەندێ پارچەی هاوشێوەی ئەوانەی نەخچەوان، دۆزرانەوە.
هەر لە دۆڵەکەی نەخچەوان، چەکوشێکی بەرد دۆزرایەوە پاشماوەی مس لەسەر ڕووی دەرەوەی هەبوو. چونکە هەندێ پاشماوەی ماددەی خاوی مس لە شوێنەواری نەخچەوانیش دۆزرایەوە، بۆیە ئەو چەکوشە وەکوو ئەو دۆزراوانە، بەڵگەی ئەوەن پەیوەندی نێوان باشوور و شاخەکانی زەنگەزور تەنیا بۆ دەستکەوتنی بەردەشووشە نەبووە، بەڵکوو ماددەی خاوی مسیشیان لەوێوە هێناوە. نەخچەوان چەقی کارەکانی مزگەرپی هەموو ناوچەی قەوقاز بووە. پشکنینەکانی ماددە تیشکدەرکان و ئایزۆتۆپی توخمەکان لە نەخچەوان نیشانی دا ئەو پارچە گڵسازییانەی لەوێ دۆزراونەتەوە هەر لە گڵی ئەوێ درووستکراون. کەواتە هەموویان لە نەخچەوان درووستکراون.
لە دۆزراوی ئێسقانەکانی نەخچەوان دەردەکەوێ نیشتەجێیانی ئەوێ ئاژەڵداربوون. بەشێکی کەمی ئابووریان پشتی بە ڕاوکردن بەستووە. هەندێ ئێسقانی کەر و سەگیش دۆزرانەوە. خەڵووز لە زۆربەی شوێنەوارەکە دۆزرایەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دانەوێڵە و ڕووەک بەدەست نەهات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژوو بۆ کورد) ڕۆژی 2023-05-16
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-18
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 121
تەقولباب

2013111617454787811=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ساڵی 1933 لە سلێمانی لەلایەن ئەحمەد مەحمود ئاغاوە درووستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2013-11-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 122

تەکێی تاڵەبانی

2022020811530340427 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەکێی تاڵەبانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - بەناز جۆڵا

کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 123

تەیارە خانە

2022090312311043178 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەیارە خانە

لەسەر ڕێگای نێوان دیبەگە و گوندی گۆزەپانکەی بوو، لەناو ئاقاری دیبەگە بوو، کاتی خۆی حکومەتی ئینگلیز فڕۆکەی لێ دەنیشاندەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (118) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 124

جادەی بەردی

[2022090814235343287 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

جادەی بەردی

جادەیەکە دەکەوێتە خوارووی شارەدێی دیبەگەی شارۆچکەی مەخموور، پێشتر عوسمانییەکان بە هاوکاری ئەڵمانییەکان لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی (1914-1918) دا درووستییان کرد، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی پێکەوە بەستنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان هەردوو شاری بەغدا و ئەستەمبۆل. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (117) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-08

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 125

جامی زێڕینی حەسەنلوو

2016041412204613135 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کە 58 ساڵ پێش ئێستا لە دەشتی سندووسی نەغەدە دۆزراەتەوە. ساڵی 1958 لە ئەنەجامی هەڵدانەوەی تەپۆلکەی حەسەنلوو لەلایەن تیمێکی هاوبەشی ئێرانی و ئەمریکایی و لە 7 کم شاری نەغەدە دۆزراوەتەوە. ئەو جامە 21 سم درێژی، گێپەڕ(قطر)ەکەشی 25 سم و 950 گرەمیش کێشی هەیە، کە لە ناو بیتنایەکی سووتاودا و لە تەنیشت ئێسکی دەستی کەسێکەوە دۆراوەتەوە. ئەو جامە مێژووەکەی بۆ 3200 ساڵ پیش ئیستا و بۆ سەردەمی (ماننا)کان دەگەڕێتەوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەگرتنی هونەر لە سەردەمی دواتری خۆیان واتە (ماد)ەکاندا هەبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: نەغەدە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-04-14

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 126
جروانە لە شێخان کۆنترین بەنداوی شوێنەواری جیهان

20230516121209490425=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەنداوی جروانە، کە بە کۆنترین بەنداوی شوێنەواری لە هەموو جیهان دادەنرێت، بە دووری پێنج کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی شێخانەوە.

ئەم بەنداوە کە مێژووەکەی سێ هەزار ساڵە، لە سەردەمی پاشا سەنحاریبی ئاشووری (705_681ی پیش زایین) درووست کراوە. ئاسەواری ئەم بەنداوە بە درێژیی 280 مەتر و و پانیی 22 مەتر و بەرزیی نۆ مەتر لەسەر زەوی لێی بە جێ ماوەتەوە کە ئەمە تەنیا ئەو بەشەیە کە بە چاو دەبینرێت، بەڵام دەکرێ بەنداوەکە زۆر لەوەی کە باسی دەکرێت، گەورەتر و پانتر بێت، ئەگەر بێت ۆ کاری پشکنینی شوێنەواریی بۆ بکرێت.
جروانە، کە تەنیا 10 کیلۆمەتر لە شوێنەواری خنسەوە دوورە، بە شێوازێکی ئەندازەیی جوان و ڕێکوپێک درووست کراوە و نزیکەی دوو ملیۆن پارچە بەرد تێیدا بەکار هاتووە و هەموو بەردەکان لە چیاکانی دەوروبەری ناوچەکەوە دەرهێنراون و بە شێوازێکی ئەندازیاری و ڕێکخراو تاشراون و لەسەر و تەنیشت یەک دانراون.
بەنداوی جروانە، بە دوو شێواز بۆ کۆکردنەوەی ئاو بەکار هاتووە، یەکەم کۆکردنەوەی ئاو لە پشت بەنداوەکە و سەرڕێژبوونی لەسەر بەنداوەکان و ئەوی تریش کۆکردن و گدانەوەی لەناو سێزدە دەریچە، یان مەخزەنی تایبەت بەم کارە بووە.
پرۆژەی درووستکردنی ئەم بەنداوە دەکرێ بە گرنگترین پرۆژەکانی سەردەمی سەنحاریبی ئاشووری دابنرێت کە بە ماوەی ساڵێک و سێ مانگ بە بەردەوامی کاری تێدا کراوە تا تەواو بووە .
بە گوتەی شوێنەوارناس کۆڤان ئیحسان ئەم شوێنەوارە بۆ یەکەم جار لە ساڵی1845 لەلایەن شوێنەوارناسی بیانی (لەیارد) ەوە دۆزراوەتەوە و لەبارەیەوە نووسیویە، بەڵام ئەو شوێنەوارناسە نەیزانیوە کە ئەم شوێنەوارە بە چ مەبەستێک درووست کراوە، لە پاش لەیارد چەند شوێنەوارناسی تری وەک (ترو دان جان) و (لێهمان هاپت) سەردانی شوێنەکەیان کردووە، بەڵام ئەوانیش نەیانزانیوە کە مەبەست لە درووستکردنی ئەم شوێنە چی بووە، دواتر لە ساڵی 1904 شوێنەواناسی بەناوباگی ئینگلیزی (دابلیۆ کینگ) سەردانی شوێنەوارەکەی کردووە و پاشان سپایزەر ئەم شوێنەی بەسەر کردووە، بەڵام ئەوانیش ئەیانزانیوە ئەم شوێنە مێژوویە چییە و بۆ چی درووست کراوە، هۆکارەکەشی بۆ هەبوونی سەوزایی و دار و دارستانی چڕ لەو شوێنە دەگەڕێتەوە کە ڕێگر بووە بۆ بینینی هەموو بەشەکانی شوێنەوارەکە و توێژینەوەی زیاتر لەسەری.
بەڵام لە ساڵی 1913 یەکێک لە ئەندامانی تیمێکی شوێنەوارناسی ئەلمانی بەناوی پرۆفیسۆر (والتر باخمان) کە لە سەرقاڵی کارکردن لە سایتی شوێنەواری ئاشوور بووە، سەردانی ئەم شوێنەوارەی کردووە و کۆمەڵێک فۆتۆی گرتووە و ئەم بۆچوونەی لا درووست بووە کە ئەم شوێنەوارە (قەنتەرەیەکە) کە ئاو بەسەریدا ڕۆ چووە و و دواتر بە ڕێکخستنی زانیارییەکانی خۆی و ئەو شوێنەوارناسە بیانییانەی کە پێشتر سەردانی شوێنەکەیان کردووە و بە هاندانی شوێنەوارناسانی دیکە وەک (یاکۆبسۆن) و (ستۆن لۆید) دەستی کردووە بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەری.

دواین دۆزینەوەی جروانە بۆ ساڵی 1934 دەگەڕێتەوە کە لەلایەن پەیمانگەی شێکاگۆی ئەمریکی کە لە سایتی شوینەواری خورسوبات سەرقاڵی کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری بوون، هەر دوو زانای شوێنەواری ستۆن لۆی و یاک بیسۆن سەردانی شوێنەوارەکە دەکەن و توانیان کەشفی بکەن و ڕووبەر و ئەندازە و شێوازی درووستکردنی بەنداوەکە بدۆزنەوە و لەوێ دەرکەوت کە ئەم بەنداوە تەواوکەری پڕۆژەی ڕاکێشانی ئاوی خنسە.
زانیارییەکان لەسەر ئەم بەنداوە لەو پارچە بەردانەوە وەرگیراون کە بۆ درووستکردنی بەکار هاتووەن.
شوینەوارناسان تێکستە نووسراوەکانی ئەم بەنداوە بە چوار بەش دابەش دەکەن: تێکستی A: کە زۆربەزەحمەت دەبینرێت، باس لە کۆشکی پاشا سەنحاریب وەک پاشای ئاشوور و مەلیکی دونیا و دەسەڵاتدارییەکای دەکات.
تێکستیB: لە چۆنییەتیی درووستکردنی پڕۆژەکە دەکات.
تێکستی D و C: بریتییە لە مەدحی سەنحاریبی ئاشووری بۆ درووستکردنی ئەم بەنداوە و ستایەشی خواوەندە ئاشووریەکان کە یارمەتیی سەنحاریبیان داوە بۆ درووستکردنی ئەم پڕۆژەیە.
هەروەک گوتمان بەشیک لە بەردەکانی بەکارهاتوو لەم بەنداوە بە نووسینی بزماری نەخشێنراون و لە تێکستە نووسراوەکاندا باس لە گرنگی و هۆکاری درووستکردنی ئەم بەنداوە دەکرێت کە بە مەبەستی ڕاکێشانی ئاو بۆ پایتەختی ئیمپراتۆری ئاشووری، واتە نەینەوا ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بووە. هەروەها لە بەشێک لە نووسینەکان باس لە چەندین گوند و ناوچە دەکرێت کە لەوێ ئاویان ڕاکێشاوە بۆ ئەم بەنداوە. محەمەد عارف تەتەر، ماستر لە شوێنەوار و پسپۆڕ لە خوێندنەوەی زمانە کۆنەکان، بەشێک لە نووسینە بزماریەکانی ئەم پارچە بەردانەمان بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و دەڵێت: لەم تێکستانە بەپێی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ ئەم نووسینانە کراوە، پاشا سەنحاریب دەڵێت: من سەنحاریب پاشای جیهانم، پاشای ئاشوورم، پاشای هەموو وڵاتانم. من لە خنس ئاوم ڕاکێشاوە بۆ ئێرە و ئەم پڕۆژەیەم درووست کردووە تا خواوەندی من ئاشوور لێم ڕازی بێت. من ئاوم گەیاندووە نەینەوا بۆ خزمەتی خواوەند ئاشوور و وڵاتی خۆم و خەڵکی ئاشوور لێم ڕازی بن، هەروەها نەفرەت لە پاشاکانی پێش خۆی دەکات کە چۆن ئەم پڕۆژەیان جێبەجێ نەکردووە.
لەبارەی ناوی جروان، یان جروانە شوێنەوارناسان دوو بۆچوونیان هەیە یەکەمینیان کە لە چەندین سەرچاوەی عەرەبییەوە هاتووە، دەڵێ جروانە بەناوی مەجرایەکی ئاو هاتووە، واتا مەجرایەک هەبووە بەناوی جروانە کە پڕ ئاو بووە و بووتە هۆی بە پیت و بەرەکەتبوونی ناوچەکە. بۆچونی دووەم دەڵێ لە زمانی کوردیدا وشەی چروان هەیە کە بە واتای جراندن یان چراندن هاتووە و بەو شوێنەی کە بەنداوەکە لێی درووست کراوە گوتراوە کە شوێنێکی پڕئاو و سەوزایی بووە بۆ لەوەڕی ئاژەڵ.
شوێنەوارناس محەمەد تەتەر دەڵێت: هەر لە خودی تێکستە بزماریەکان و نووسینەکانی سەردەمی ئاشووریەکاندا وا هاتووە کە مانای ناوی جروانە واتە شوێنێک کە ئاوی لێیە، یان بە واتای هەبوونی ئاو هاتووە.
هەر بۆیە درووستکردن و ناونانی ئەم بەنداوە سەلمێنەری ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا کوردستان وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بەتایبەت وەک سەرچاوەیەکی دابینکردنی ئاو بۆ ناوچەکانی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و پایتەختەکەیان (نەینەوا) بووە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، ئەمە نەک تەنیا لە درووستکرنی ئەم بەنداوەدا، بەڵکوو بە هەبوونی چەندین نموونەی تری هەمان سەردەم و هەمان پاشا وەک شوێنەواری خنس و بەنداوەکەی بەستووە بەدەر دەکەوێت.
شوێنەواری بەنداوی جروانە وەک پڕۆژەیەکی گەورەی مێژووبی و لەڕووی کاری ئەندازیاری و ڕێکخستن و چۆنییەتیی دانانی بەردەکان و درووستکردنی شێوازی قەوس یان کەوانەیی لە ئەندازیاری کۆندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و وەک وانەی تایبەت لە بەشی شوێنەواری زانکۆکانی دەرەوە دەخوێنرێتەوە و دەتوانین بڵێین ئەو پسپۆڕانەی کە تا ئێستا کاریان لەسەری کردووە زۆربەیان پسپۆڕ و شوێنەوارناسی بیانی بوون، بەڵام ئەم سایتە شوێنەوارییەش وەک شوێنەوارەکانی تری کوردستان دوور نەبووە لە دەستدرێژی و زیادەڕۆیی و ئەم بابەتە لە کۆمەڵێک وێنەی مێژووبی و کۆن کە لە گوندەکانی نزیک لە شوێنەوارەکەوە گیراوە و دیارە کە بەشێک لە بەردەکانی ئەم ناوچە شوێنەوارییە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بۆ درووستکردنی خانوو و بەکار هاتووە و بۆ کاری ناوماڵ بردراوە و ئێستا جروانە بووەتە جێی لەوەڕی مەڕوماڵات. بێجگە لە دەستکارییە مرۆییەکان، کەمتەرخەمیی حکومەت و بەرپرسە شوێنەواری و گەشتوگوزارییەکان وای کردووە ئەم ناوچەیە کە سەردەمانێک ناوچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت و سەوزایی بووە، ببێتە دەشتێکی وشک کە هێچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی نییە و پشتگوێ خراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد

جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-05-16 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-16
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 127

جوتیارێک لە کێڵگەکەیدا گۆزەیەکی دۆزییەوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=201412041516537812 2

هێمن محەمەد

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو جووتیارێکی دانیشتووی شارەدێی قۆرەتوو سەرقاڵی لابردنی گردێک دەبێت لەناو زەویە کشتوکاڵییەکەیدا، گۆزەیەکی گەورە و دێرین دەدۆزێتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

محەمەد عەلی، لێپرسراوی مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان، بە خەندانی وت: هەفتەی ڕابردوو دانیشتوویەکی گوندی قەڵاتەپان، سەربە شارەدێی قۆرەتوو، بە مەبەستی ڕێککردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکەی ویستوویەتی گردێکی بچوک لەناو زەویەکەدا لا ببات، دواتر گۆزەیەکی قەبارە گەورەی دۆزیوەتەوە.

وتیشی: بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان مێژووی گۆزەکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان لەنێوان ساڵانی (1500-1800ز) دەگەڕێتەوە.

ئەوەشی خستەڕوو، لەو کاتەدا کە شە و بووە، ئەو جووتیارە پۆلیس و ئاساییشی شارەدێی قۆرەتوو لە گۆزەکە ئاگادار کردووەتەوە، دواتریش هەمان شە و تیمێکی بەشی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان گەشتوونەتە ئەو شوێنە و گۆزەکەیان دەرهێناوە، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی تەواوی ئەو گۆزەیە تەواو نەبووە.

شارەدێی قۆرەتوو سەر بە ئیدارەی گەرمیانە و دەکەوێتە دووری 30 کم لە خۆرهەڵاتی شاری کەلار

2014-12-04-

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 128

جوهنی و دەستە جوهنی

2011050608293157314=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دهۆک، 8000 ساڵ پ.ز.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-05-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 129
جۆگەی گاوری

2015121213282612858 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێن: جۆگەی گاوری
جۆگەی گاوری یەکێک لە شوێنەوارەکانی دەڤەری گەرمیانە و دەکەوێتە کەناری ڕووباری سیروان لە شاری کەلار، مێژووی دروستکردنی بۆ ماوەی دەسەڵاتی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (Farhad Nasir فرهاد ناصر) ڕۆژی 2023-03-20

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 130

جۆگەی کۆنی ئاودێری بابانەکان لە قەڵاچوالان

2014120420211711819 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



جۆگەی کۆنی ئاودێری بابانەکان لە قەڵاچوالان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 131

جەقەلتو

2012093019440573373=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-09-30

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 132
چاکی ئەسحابە گێوژی

2021122821130539977 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چاکی ئەسحابە گێوژی
شوێن: گوندی گێوژی، دامێن جادەی گشتی سەرکەپکان پلینگان، لەنێو زەوی باخەکانی گوند بە دووری 150 مەتر.
مێژوو: بەو پێیەی شورەتی ئەسحابەی هەڵگرتووە، دەبێت عەرەب بێت و یەکێک بووبێت لە جەنگاوەرەکانی لەشکری ئیسلام و بۆ سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ سنوورەکە بگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
دەیە:	01ەکان (00-09)
سەدە:	سەدەی 13 (1200- 1299)
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-28
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 133

چاکی ئەسحابەی دەڵاڵان

2021123021445739989 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گوندی دەڵاڵان.
بە پێی کە نازناوی ئەسحابەی هەڵگرتووە، پێی دەچێت کە جەنگاوەرێکی سوپای ئیسلام بووبێت، و لە شەڕدا لەو شوێنە کوژرا بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
دەیە:	60ەکان (60-69)
سەدە:	سەدەی 15 (1400- 1499)
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 134

چاکی بیست خوشەی

2021122614242639962 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: خۆرهەڵاتی گوندی دێرئ، لە دامێن گردێکەوەیە کە بە گردەزاڵناسراوە.
هەندێک دەڵێن کە ناوی (زوبەیر) بووە، بە بیست خوشەی شۆڕەتی کردووە.
مەزارەکە لە گۆڕاپی سەر گردێکە و لە گۆڕستانێکی کۆن و گەورەدایە.
ئەو گردەش یان ئەو زنجیرە شاخەیش کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتییەوە، پێی دەڵێن: (گردەزاڵ) .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 135

چاکی پیرمامەندی دەڵاڵان

20211230214608399895=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گوندی دەڵاڵان، لەسەرجادەی گشتیی سەرکەپکان پڵینگان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

دەیە: 50کان (50-59)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30

ناوی تۆمارکار: ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 136

چاکی سارتکەی خوارێ

20211226151331399628=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گوندی سارتکەی خوارێ و بە دووری حەوت تا هەشت کیلۆمەتر لە جادەی گشتی سەرکەپکان و پلینگان.
مەزارەکە لە گۆڕستانێکی پچووک و زۆر کۆن دایە، کە بەهۆی درووستکردنی ڕێگا و بانەوە تێکچووە و بەشێکی گۆستانەکە و خودی مەزرەکەش لە دامێنەوە ڕێک کەوتۆتە جادەکەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

دەیە: 90دەکان (90-99)

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 137
چاکی سارتکەی سەرێ

2021122723263839974 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چاکی سارتکەی سەرێ
شوێن: خۆرهەڵاتی گوندی سارتکەی سەرێ بە دووری شەش تا حەوت کیلۆمەتر لە جادەی گشتیی شارەدێی سەرکەپکان، پڵینگانەوە دوورە.
ناو و شۆرەت: هیچ ناوێکی نییە و هەر بە ناوی گوندەکەوە بە چاکی سارتکەی سەرێ، شورەتی ڕۆیشتووە.
مێژوو: هێندە کۆنە کە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە.
ڕەچەڵەک: بە پێی کونییەکەی دەبێ کورد بووبێ و خەڵکی سنوورەکە بوو بێ.
مزار: بۆ هەر جۆرە نەخۆشییەک و مەبەستی دیکە.
تێبینی: مەزارەکە کەوتۆتە نێو گۆڕستانێکی زۆر گەورە و کۆنەوە، جا لەبەر ئەوەی کە تێبینی دەکرێ، ئەو دەوروبەرە لە مێژووی خۆیدا ئەوەندە خەڵک و ئاوەدانیی تێدا نەبووە، تا گۆڕستانێکی وای لێ درووست بێ، بۆیە پێیدەچێ گۆڕستانەکە هیی ئەو شەڕکەر و کوژراوانە بێ کە لە ئەنجامی هێرش و پەلامار و شەڕدا کە لەو شوێنە ڕووی داوە، لە هەردوو تەرەف کوژراون و هەر لەوێش نێژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
دەیە:	01ەکان (00-09)
سەدە:	سەدەی 13 (1200- 1299)
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-27

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 138

چاکی سۆفی سەیدی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211230214706399896

شوێن: باکووری خۆرهەڵاتی سەرکەپکان، بە دووری نزیکەی سێ کیلۆمەترێک لە باکووری مەزاری چاکی قەڵا مستەفای.
ئەو شوێنە کە مەزارەکەی لێیە، گۆڕاییەکە بە باسکس سۆفی سەیدی ناسراوە.
مەزارەکە تاقە گۆڕە و دوو درەختی دارەبەنی لەسەرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

دەیە: 40ەکان (40-49)

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 139

چاکی سەیدان

20211226100845399591=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گوندی کەوبێن، لەوبەری ڕووبار و لە باووری خۆرئاوای جادەی گشتیی سەرکەپکان و وەرتێ.
بۆ زۆر نەخۆشی و کێشە خەڵک سەردانی کردوون.
ئەو مەرقەدە هی دوو سەید بوو، دەگوترێ کە برا بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی:	گردۆڵگەیی
جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
زمان - شێوەزار:	کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 140

چاکی شێخ سڵێمانی

2021122918074439982 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گوندی (پاشقۆتەڵی کۆن) ، کە ئێستا ئاوەدان نییە، نزیکەی چوار تا پێنج کلم. لە باکووری خۆرهەڵاتی (پاشقۆتەڵی تازە) وە دوورە، نزیک شەقامی گشتی سەرکەپکان -پڵنگیان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
دەیە:	80کان (80-89)
دەیە:	90دەکان (90-99)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-29

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 141

چاکی قورەشەروێنی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211226080111399584

شوێن: خۆراوای گۆندی پلێنگانێ، بە نزیکەی کیلۆمەترێک و هەر بە تەنیشت جادەی گشتیی سەرکەپکان-زینۆی ئەستێرۆکان.
ناو و شۆرەت: ناوی نەزانراوە و بە (چاکی قورەشەروێنی) شۆرەتی کردووە.[1]
شوێنەواری گۆڕەکە لە گۆڕستانێکی چکۆلەدایە و هەممەڕقەد و هەم گۆڕستانە.
تا ساڵی دوای ڕاپەڕینیش 1991 چەند دارێکی گەورە و بەتەمەن لەسەر وارشی مەرقەدەکە هەبوون. لەبەر ئەوەی کە شوێنەکە شوێنێکی زۆر دڵگیر و خۆشە بۆ سەیران و کات لێبەسەربردن، خەڵک زۆر ڕوویان تێکردووە و سەیرانیان لێ کردووە، جارێک لەو جارانە بەهۆی ئاگری سەیرانەکەوە ئەو درەختانە ئاگریان تێبەربوو و سووتاون و شوێنەواریان نەماوە و ئێستا لە گۆڕاییەکی ڕووتەن زیاتر نییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی:	گردۆڵگەیی
جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
زمان - شێوەزار:	کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 142

چاکی قەڵای مستەفایی

2021123021475539989 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: باکووری خۆرهەڵاتی شارەدێی سەرکەپکان بە نزیکەی سێ کیلۆمەتر.
مێژوو: زۆر کۆنە، هیی سەرەتای هاتنی ئاسنی ئیسلام بۆ ناوچەکە.
مراز؛ بۆ گشت نەخۆشییەکان.
نەزر: هەر خێر و سەدەقە و خواردنێک.
مەزارەکە لە گۆڕستانێکی گەورەدایە و بەداری بەڕووداپۆشراوە.
لە نزیک گۆڕستانەکە، شوێنەواری کۆنی، کاولەخانوو بەدی دەکرێن، دەردەکەوێت کە لە سەردەمێکی زوودا، ئەم شوێنە ئاوەدان بوو.
سەرچاوە: مام محەمەدی سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
دەیە: 50کان (50-59)
سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 143

چاکی مامە حەمی

20211226113915399610=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: گۆڕستانی گوندی نۆرێ
تەنیشت شەقامی گشتیی سەرکەپکان و وەرتێ.
مامە حەم ناوی حەم بووە و هەر بە مامە حەمی شۆرەتی ناسراو بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی:	گردۆڵگەیی
جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
زمان - شێوەزار:	کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 144

چاکی ملەبای

20211226120450399611=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: باکووری خۆرهەڵاتی گوندی دێرێ یە، بە بەرزی 4_3 کیلۆمەتر.
شوێنەکە نێو چیایە و بە (کوێستانی ملەبای) ناسراوە.
مەزارەکە تاقە گۆڕە و داری بەتەمەنی لەسەرە.
و شوێنەکە ملەیەکە و لەبەر ئەوەی بەردەوام بای لێ دێت، بۆیە بە ملەبا ناسراوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی:	شاخاوی
جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
زمان - شێوەزار:	کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 145

چاکی مەلا محەمەدی کانی بناوی

2021122821110239977 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چاکی مەلا محەمەدی کانی بناوی
شوێن: خۆراوای گوندی کانی بناو، و نزیک دوو سەد مەترێک لە دامێن جادەی گشتی سەرکەپکان پڵینگان مێژووەکەی بۆ نزیکەی دوو سەد ساڵ دەگەڕێتەوە.
کورد بووە و خەڵکی سنوورەکە بووە، لە دێی کانی بناو و دەوروبەری بەناوبانگی دەرکردووە
مزار: بۆ نەخۆشی و باداری و پشتئێشە و نیازی گشتی.
نەزر: هەر شتێک لە دەست کەسەکە بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	گۆڕستان
دەیە:	10یەکان (10-19)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-28
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 146
چاکی مەلاژنە مەیاسێ
2021122821120739977 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چاکی مەلا ژنە مەیاسێ
شوێن: گوندی گێوژێ، لەسەر ڕێگای گشتی سەرکەپکان پلینگان، لە دامێنی جادەی گشتی.
مێژوو: بۆ سەرەتای هەزار و نۆسەدەکان دەگەڕێتەوە.
بە ڕەچەڵەک کورد بووە و خەڵک و دانیشتووی سنوورەکە بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-28
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 147
چاکی کێکەڵی

2021122607090639957 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: کوێستانەکانی کێکەڵ، کۆتایی دۆڵی (شێوت) و خۆرئاوای گوندی پڵنگیان، بە نزیکەی 10 کیلۆمەتر.
مێژوو: بە ڕادەیەک کۆنە کە ئەگەر هی پێش ئیسلام نەبێ، ئەوە بۆ سەراتاکانی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە نێوچەکە، دەرکەوتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی: گردۆڵگەیی
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 148

چاکە چکۆلەی ڕێزێنە

2021122918084539982 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: (گوندی ڕێزینە) کەلە خوار گوندی ڕێزێنەوەیە و لە ڕۆخی خۆرهەڵاتی ئەو ڕووبارەیە کە لە سەرەوەی دۆڵی شاوریٚ وە دێت و بە دامێن دێی ڕێزینەدا ڕەت دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

دەیە: 80کان (80-89)

سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-29

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 149

چاکەی سۆنەی ڕەزگەلی

2021123021435839989 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: باشووری خۆرئاوای جادەی گشتی سەرکەپکان پلینکان، و نێوان گوندی ئاسنگەران لە دەستی چەپ و گوندی کەوبین لە دەستی ڕاست.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

دەیە: 20ەکان (20-29)

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕایەڕ عوسمان عوزێری

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-30

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 150

چایخانەی حەمە ڕەق

201003110908113884=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین چایخانەکانی شاری سلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-03-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 151

چغا ئاهوان

20160401113756131038=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەڵکەوتوو لە داوێنی چیایی زاگرۆسە. مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ 5500 ساڵ پیش زایین و بۆ ماوەی 2500 ساڵ شوێنی نیشتەجێ بوون مرۆڤ بووە و بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی پارێزگای ئیلام دەژمێردرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-04-01

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 152

چوارتاقان

2012052009114764801=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کەوتووەتە باشووری شاری کۆیە و لە ساڵەکانی سەرەتایی سەدەی بیستەم کاروان سەرای نێوان کۆیە-هەولێر و کۆیە-کەرکووک... بووە. ئەم شوێنەوارە چوارکوڕی گەورەی لێ داندراو ڕۆژانە پڕکراوە لەئاو بۆ ڕێبواران و کاروان چیەکانی دەوورو بەری شاری کۆیە کە دوای پشوو دانێک بەخۆیان و وڵاغەکانیان کەلو پەلەکانیان دەگەیاندە بازاری شاری کۆیە.
دوای فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان و ئامادەکردنی کاروانەکەیان بەهەمان ڕێگادا دەگەڕانەوە ئەم شوێنەوارە لە ساڵی (2002) لە لایەن قائیمقامیەتی کۆیە نۆژەن کراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چوار تاق

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

دەیە: 60ەکان (60-69)

سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەیسبووکی وێنە و مێژوو

کاتی تۆمارکردن: 2012-05-20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 153
چوخمەکەی سەرشەقام
2015071309212685743=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



چوخمەکەی سەرشەقام[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-07-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 154

چیای نەمرود و شوێنەواری نەمرود

2013022118382680632=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



چیای نەمروود لە سەمسووری باکووری کوردستان جێی سەرنجی گەشتیارانە، ئەو شوێنە تایبەتمەندییەکی هەیە کە خاوەن جوانترین دیمەنی خۆرهەڵاتن و خۆراوابوونە.
چیای نەمروود لە ساڵی 1987خراوەتە لیستی جیهانیی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆوە.
چیای نەمروود کە دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی کاهتای سەربە پارێزگای سەمسوور، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتیی کۆماجین، ناوچەیەکی دڵگیرە و ساڵانە هەزاران کەس سەردانی دەکەن.
بەرزی چیاکە لە دەوری 2100 مەترەو دەکەوێتە سەر ڕۆخی ڕوباری فورات.
لەسەر لوتکەی چیاکە پەرستگایەک هەیە لە ساڵی 62 پ ز درووست کراوە. لەهەردو لایەوە دو پەیکەری شێرو دو پەیکەری باز و چەندین پەیکەری دیکەی سەردەمی یۆنانی و ئەرمەنیەکان هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-02-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 155

چەرمۆ

2011041121155656431=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە یەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین شوێنەوارەکانی کوردستان و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت بە شێوەیەک کە توانیویەتی ببێتە زنجیرەی یەکەم لە ڕیزبەندی شارستانییەتی چاخی بەردینی نوێ و ناونراوە بە (شارستانی چەرمۆ) وە بە یەکەم گوندی نموونەیی کشتوکاڵی دادەنرێت لە مێژوودا. هەروەها مرۆڤ لە گوندی چەرمۆ دا توانیویەتی بەیەکجاری لە ژیانی ناو ئەشکەوتەکان دوور کەوێتەوە و بۆ خۆی خانوو درووستبکات و بۆ ماوەی هەرچوار وەرزەکە تێیدا بمێنێتەوە.
ئەمەش بە بەڵگەی دۆزینەوەی ژمارەیەک لە پاشماوەی خانووەکانی لە ئەنجامی هەڵکۆڵینەکەدا. هەروەها شارستانی چەرمۆ وەرچەرخانێکی گرنگە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ئەویش بەلاوەنانی کەرەستە بەردینەکان و بەکارهێنانی گڵە بۆ درووستکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانی ناوماڵ، بە تایبەتیی قاپ و قاچاخ و گۆزەکاری.
هاوشێوەی گوندی چەرمۆ لە ناوچەی (ئەریحا) لە فەلە ستین و (چەتەڵ هیوک) لە ئاسیایی بچوک، (بەردحوشتر) لە هەولێر (تەپە گوران) لە کرماشان و چەند ناوچەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزراوەتەوە.
شوێنەکەی:
شوێنەواری چەرمۆ دەکەوێتە ناوچەی چەمچەماڵ لە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە بە دووری (15) کم، وە دووری (35) کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک لە شوێنێکی گردەڵانیدا.ڕووبەرەکەی نزیکەی 1400مەتری چوارگۆشەیە، بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەشتەکەیدا نزیکەی (23) پێی بەرزە، ڕووبەری ئەم شوێنە (90×140) مەتر دەبێت وە قوڵی پاشماوە شوێنەوارییەکەی نزیکەی (7) دەبێت لە لووتکەی گردەکە بەرەوە خوارەوە (10) .
جێی باسە لە ئێستادا (2023) تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆیەکی یابانی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تیمی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سلێمانی سەرقاڵی کنە و پشکنینی شوێنەوارین لەسەر ئەم سایتە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (شوێنەواری چەرمۆ) لە: 2011-4-11 19:36:33

کاتی تۆمارکردن: 2011-04-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 156
چەند پارچەیەکی درووست کراو لە برۆنز لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041221062148171 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند پارچەیەکی درووست کراو لە ماتریالی برۆنز لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-12
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 157

چەند پسپۆڕێک زانیاریی زیاتر لەبارەی شوێنەواری خانا ئێزی دەدەن

2021021213420539125 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مامۆستای شوێنەوارناس محەمەد عارف تاتار، پسپۆر لە زمانە کۆنەکان، لە بەشی شوێنەواری زانکۆی مووسڵ، کە هاوکات ئەندامیشە لە تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی ئۆدۆنی ئیتالی، کە کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریی لە دەڤەری بادینان دەکات، لەبارەی تەمەنی ئەم شوێنەوارەوە وتی: "پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێن، کە ئەم شوێنە شوێنەواریە، واتا خانا ئێزی، بۆ دیاریکردنی مێژوو و تەمەنەکەی ناکۆکیی زۆری لەسەرە و تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستیمان بۆ سەلماندن و دیارکردنی ڕاستییەکان دەست نەکەوتووە، بۆیە دەبێ ئەوە بڵێین، کە بەپێی تێپەڕینی کات و سەردەمە مێژووییەکان، زۆر شارستانییەت و دەسەڵاتدار لەم ناوچەیە حوکمیان کردووە، عوسمانییش یەکێک بووە لەو دەسەڵاتانە، بەڵام ئەوە هۆکار نابێت بۆ ئەوەی بڵێین، کە ئەم شوێنەوارە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لە خودی پەرەستگەی لالش، چەندین بەڵگە و نیشانە هەیە، کە تێپەڕینی سەردەمە مێژووییەکان پیشان دەدات".

بە گوتەی محەمەد عارف: "پسپۆڕانی شارەزا لە بەشی زانکۆی مووسڵ، بەتایبەت دکتۆر عەبدولناسر ئەلدەباغ، هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە سۆمەرییەکان لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوونە و پاشماوە و شوێنەواری زۆریان بەجێ هێشتووە و ئەگەری هەیە مێژووی شوێنەواری خانا ئێزی بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان بگەڕێتەوە".

هەروەها تیمێکی چیکی، کە ئێستا سەرقاڵی کارکردنن لەسەر شوێنەواری نەبی ناحووم، سەردانی شوێنەواری خانا ئێزییان کرد و بەپێی چەند کارێکی توێژینەوەیی، پێیان وابوو، کە ئەم شوێنەوارە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، کە بە تێپەڕینی کات و ئەو شەڕ و ئاژاوانەی لەو دەڤەرە ڕوویان داوە، ئەم شوێنەوارە چەندین جار ڕووخاوە و دووبارە و سەرلەنوێ نۆژەن کراوەتەوە، بۆیە شێوازەکەی ئێستای وا نوێ و تازەیە.

ئەو زیاتر زانیاریمان لەسەر ناوی ئێزی و سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی سۆمەری دەداتێ و دەڵێ: "ناوی ئێزی لە سەردەمی سۆمەرییەکان بە (E-ze) یان (E-EZ-ZO-U) هاتووە، کە بە زمانی سۆمەری، واتای شوێنی پشوو و حەوانەوە دێت، کەواتە شوێنێک بووە بۆ مانەوە و حەوانەوەی ئەو ڕێبوارانەی سەردانی دەڤەری بادینان، بەتایبەت لالشیان بۆ بۆنە ئایینییەکان کردووە".

شوێنەوارناس محەمەد عارف دەڵێ: "بۆ زیاتر زانین لەسەر مێژووی ئەم شوێنەوارە و دەرخستنی ڕاستییەکان لەسەر تەمەنی، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی مێژووی و شوێنەواری زیاتر هەیە، کە پسپۆڕانە کاری لەسەر بکرێت".

بەڵام د. زێدان برادۆستی، کە پلەی زانستی پرۆفیسۆری هەیە لە بواری شوێنەوار و چەندین ساڵ بە تیۆری و پراکتیکی لە بواری شوێنەوار کاری کردووە و پسپۆڕە لە شوێنەواری ئیسلامی، لەسەر ئەو بۆچوونەیە، کە تەمەنی ئەم شوێنەوارە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە.

ئەو کە توێژینەوەیەکی زانستی-مەیدانی لەسەر ئەم شوێنەوارەی ئەنجام داوە، لەناو توێژینەوەکەی وا باس لە خانا ئێزی و مێژووەکەی دەکات و دەڵێ: "ئێمە هیچ دەقێک یان نووسینێکمان لەسەر مێژووی درووستبوون و ئاوەدانکردنی ئەم خانە نییە، یان بەڵگەکان بەقەدەر ئەوە نین، کە بتوانین مێژووی درووستکردنی دیار بکەین، بەڵام لەگەڵ بەراوردکردنی ئەم بینایە

لەگەڵ بیناسازیی عوسمانییەکان، دەتوانین بڵێین، مێژووەکەی بۆ سەدەی شازدە یان حەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە و ئەم خانە لەناو ئێراق لە زۆربەی خانەکان کۆنترە، هەروەها هاوشێوەی ئەم خانە لە حەلەب دەبینرێت، بە ناوی (خان الشونە) ، کە ئەویش بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە".
بێجگە لەم دوو بۆچوونە، ئێمە هەوڵمان دا بۆچوونی خاتوو (بیرگول ئەچک یلدز) ، کە تێزی دکتۆرای لەسەر شوێنەواری خانا ئێزی نووسیووە، وەربگرین. ئەو کە خەڵکی باکووری کوردستانن و خوێندنی دکتۆرای لە بەشی شوێنەواری زانکۆی سۆربوونی فەرەنسی تەواوکردووە، هاوڕایە لەسەر ئەوەی، کە بۆ دیاریکردنی تەمەنی ئەم شوێنەوارە، بەڵگە و سەرچاوەی نووسراو و باوەڕپێکراومان زۆر کەمە و ئەم شوێنەوارە پێویستی بە کاری هەڵکۆڵین و توێژینەوەی زانستییە.
لە نامەی دکتۆراکەی، بیرگول تەمەنی ئەم شوێنەوارە بۆ نزیکەی کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەی زایینی مەزەندە دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2021-05-12

کاتی تۆمارکردن: 2021-02-12

ناوی تۆمارکار: راوێژ فەرهاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 158

چەند پەرتووکێکی مێژووپی لە مۆزەخانەی دهۆک

2023042014332648395 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند پەرتووکێکی کۆن و مێژووپی لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 159

چەند جۆر گۆزەی دۆزراوە لە گرد لەشکر لە ساڵی 2023

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023052123265449252

چەند نموونەیەک لە گۆزە دۆزراوەکانی گرد لەشکر لە ساڵی 2023 کە لەلایەن تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی ئۆتۆنۆمی ئیسپانی و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر و بەشی شوێنەوارناسی لە زانکۆی سەڵاحەدین دۆزراوەتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-21
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 160

چەند جۆرە هاوەنێکی کۆن لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041221185148172 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند جۆرە هاوەنێکی کۆن تایبەت بە سەردەمە جیاوازەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 161

چەند دەستنووسێکی کۆن لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041710535248309 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند دەستنووسێکی کۆن لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

جۆری مۆزەخانە: ئەتنۆگرافی - کلتووری

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 162

چەند نموونە لە قاپ و قاچاق گڵینە لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041917575648373 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند نموونەیەک لە قاپ و قاچاق و کەرەستەی ناندین کە هەر یەکەوە بۆ سەرەمێکی مێژووپی جیاواز دەگەڕێتەوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-19

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 163

چەند نموونەیەکی مۆری سەردەمە جیاوازەکان لە مۆزەخانەی دهۆک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230415153919482700

چەند نموونەیەک لە مۆر (خەتم) ی سەردەمە جیاوازەکان کە لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 164

چەند کەلوپەلێکی کۆن لە مۆزەخانەی دهۆک

20230420142044483955=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەند کەلوپەلێکی کۆن تایبەت بە سەردەمە مێژوویيە جیاوازەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 165

چەندین پارچە ئاسەواری ناوازە لە گەرمیان دۆزرانەوە

2014031923541156185=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان- سۆران کەریم

لە ئەنجامی کارکردن لە پرۆژەی جووتسایدی کەلار_ سلێمانی، چەندین پارچە شوێنەواری مێژووی دەرکەوتن، بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تیمیکی ڕەوانەی شوێنەکە کرد و چەندین پارچە شوێنەواریان دەرکرد.

ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، لە لێدوانێکیدا بۆ خەندان، ڕایگەیاند:لە ناوچەی گەرمیان چەندین پارچە شوێنەوارمان دۆزییەوە.

ئاماژەی بەوەشدا، کە دوای ئەوەی لەلایەن هاوولاتییەکەوە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئاگادار دەکرێتەوە لە دەرکەوتی کۆمەڵێک پارچە گۆزە، کە لە ئەنجامی کارکردن لە پرۆژەی جووت سایدی کەلار- سلێمانی لە نزیک گوندی (بەردەسووری سەروو دەرکەوتن، تیمێکمان ڕەوانەی شوێنەکە کرد.

جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، وتیشی: تیمەکەمان دەستی بە کارکردن کرد، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری کۆن دەرکەوتن، لەوانە چەند گۆزەیەک کە گۆزەیەکیان نەخشی هێڵداری لەسەرە هەروەها سەرە تیرێک، لەگەڵ چەند موورووییەکی جوانکاری.

ئەوەشی خستەڕوو، کە بە شێوەیەکی گشتی پاشماوەکان لەژێر تاوێرەبەردا دانرابوون و هەروەها هەندێ ئێسک و پروسک لەکاتی کارکردندا دەرکەوتن کە پێدەچێت پاشماوەی گۆڕستانێک پیشان بدات لەو شوێنە.

ساڵح محەمەد سەمین، وتیشی: بەڵام بەهۆی پشووی چەژنی نەورۆزەوە کارکردنمان لە شوێنەکەدا وەستاند.

سەبارەت بە مێژووی شوێنەوارەکان، ئەو بەرپرسەی شوێنەواری گەرمیان، وتی: هێشتا بۆمان دەرنەکەوتووە مێژووەکەیان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی شێوازی گۆزەکان و جۆری ناشتنی مردووەکان و پاشماوەکانی تر دەتوانین سەردەمە

مێژوویەکەی لە داهاتوودا دیاری بکەین.
2014-03-19-

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-03-19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 166

حمام خان (پیر ظهیری) سنە

200909031235301976=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم بینایە دەکەوێتە باکووری بازاری سەرداپۆشراوی سنە، بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکان لە ساڵی 1220 (هـ، ق) هیجری، قەمەری، دروست کراوە بە دەستووری امان الله خانی ئەردەڵان، کە ئەودەم حاکمی شاری سنە بووە، ساڵی 1296 (هـ، ق) لەلایەن ئەمین التجار نۆژەن کراوەتەوە.
ئەم حەمامە پێکهاتووە لە کڵاوڕۆژنە و سربینە و گەرم خانە و خەزینە، کە بە کەرەستەی اهک (گەچ) کاشی کاری و سنگ فەرشکردنی مەرمەر داپۆشراوە. هەروەها بە ژمارەی (2603)تۆمار کراوە بە شوێنێکی مێژووی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | نامەیەکی کاک هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 2009-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2009-09-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 167

حکومەتی تورکیا بەردەوامە لە تاڵانکردنی حەسکیف

2018112621240066256=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەرچەندە دادگای ڕاوێژکاری گواستنەوەی بەرهەمە شوێنەوارییەکانی حەسکیفی ڕەتکردەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا پێشێلی بڕیارەکە دەکات و بەردەوامە لە تاڵانکردنی شوێنەوارەکان

سێزدەمین فەرمانگەی دادگای ڕاوێژکاری، گواستنەوەی شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی حەسکیف-ی باکووری کوردستانی ڕەتکردەوە کە خاوەنی مێژوویەکی 12 هەزار ساڵەیە، بەڵام وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزار-ی ڕژێمی ئاکەپە ڕەچاوی بڕیارەکە ناکات و بەردەوامە لە تاڵانکردنی حەسکیف.

لە دوای بڕیارەکەی ئە و دادگەیە کە پرۆسەی گواستنەوەی بەرهەمە شوێنەوارییەکان بەتاڵ دەکاتەوە، وەزارەتەکە درێژەی بە کارەکانی دا و چەندین شوێنەوار و بەرهەمی شوێنەوارِی حەسکیفی لە شوێنی خۆیان لابرد و گواستنیەوە بۆ شوێنی دیکە، ئەم هەنگاوەش پاش ئەوە دەستی پێکرد، کە حکومەتی تورکیا دەستی بە دروستکردنی بەنداو کرد لە ناوچەی حەسکیف، بە و هۆیەشەوە شوێنەواری 12 هەزار ساڵەی حەسکیف ژێرئاو دەکەوێت.[1]

2018-11-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-26

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 168

حەدبا

2017062209090114036 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

منارەی حەدبا بەشێکە لە مزگەوتی نوور و ساڵی 1170 درووستکراوە
دەکەوێتە لای ڕاستی موسڵ
شوێنەوارێکی گرنگە
منارەکە 7 بازنەیە
بەرزایی 53 مەترە
منارەکە بەتەنیا 37 مەتر بەرزە
بنکەکەی 16 مەتر بەرزە
تیرەکەی 5 مەترە
دوو پەیژەی جیای تێدایە بۆ سەرەوە
بەهۆکاری سرووشتی لاریووە
یەکەموێنەی مزگەوتی نووری و منارەی حەدبا دوای تەقاندنەوەیان
مزگەوتی نووری
دەکەوێتە لای ڕاستی موسڵ
ناوچەکە پێیدەگوترێت گەڕەکی مزگەوتی گەورە
لەلایەن نووردەین زەنگی درووستکراوە
5 منارەی هەیە
بەرزی منارەکان 55 مەترە
ساڵی 1172دەست بەدرووستکردنی کراوە
لەسەر شێوازی تەلارسازی زەنگییە
لەسەر ڕووبەری 5850 مەتر چوارگۆشە درووستکراوە
4ی تەمووزی 2014 بەغدای خەلافەتی تێدا ڕاگەیاند
ڕۆژی 21-06-2017 منارەی حەدبا و مزگەوتی نوور لەلایەن داعشەوە تەقێنرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-21

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 169

حەزە

2022090623010443255 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حەزە

گوندێکە لە خواروو ی ڕۆژئاوای شاری هەولێرە، 10 کم لە قەڵاتی هەولێر دوورە، دوو بەرزایی لێیە نێوانیان تەختاییە، بەرزایی ڕۆژهەڵاتی شوورەی هەبووە، بە بەرد و گێچ دروستکراوە بەرزایی ڕۆژئاوا کورەی ئاسن و ئاشی لێ بووە، حەزە گوندێکی زۆر کۆنە لە سەدەی یەکەمی زایینی پایتەختی دەوڵەتی (ئەدیابین) بووە، ئەو دەوڵەتەی سنووری تا فوڕات ڕۆیشتووە، تا سەدەی یەکەمی زایینی شارێکی ئاوەدان بووە، ئیبن حوقەل لە پەرتوکی (صورة الارض) دا لە نەخشەدا ناوی (حەزە) ی نوسیووە، بەڵام ناوی هەولێری نەنوسیووە، مانای وایە ئەو کات حەزە لە هەولێر گەورەتر بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (111-112) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 170

حەفت موغارە

20211211011725398291=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حەفت موغارە ڕەنگە نیشتەجێی یەکەم کۆمەڵگەی مرۆڤ بووە لە کفری. زۆر بەداخەوە بایەخی پێ نەدراوە..[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەیجی کفری ڕەسەن

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 171

حەمامی پیسکان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220118213228401937



گەرماوی پیسکان
لە گەڕەکی بایزئاغای کۆیە بوو، ساڵی (1699) ی زایینی درووستکراوە، شوێنەوارەکەی نەماوە، ئەم وێنەیە لە پەڕەی بنەماڵەی حەوێزییەکانی کۆیە وەرگیراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو
دەیە: 60ەکان (60-69)
سەدە: سەدەی 17 (1600- 1699)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لاپەڕەی بنەماڵەی حەوێزی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-18
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 172

حەمامی قەلەندەر لە سەقز نۆژەن دەکرێتەوە

20170905093936102081=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەشی کوردستان- هەڵمەتی نۆژەن کردنەوەی حەمامی مێژوویی قەلەندەری شاری سەقز بە مەبەستی بووژاندنەوە ئە و ئاسەوارە مێژووییە لە حاڵی ئەنجام دایە.
بەپێی هەواڵی کوردپرێس، حەمید گەلالیپوور سەرۆکی میرات فەرهەنگیی شاری سەقز سەرەڕای دەربڕینی ئە و هەواڵە وتی: حەمامی قەلەندەری سەقز بینایێکی کۆنی ئە و شارەیە کە لە گوندی قەلەندەردا ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەشێکی ڕووخاوە و خەساری بەرکەوتووە.
ناوبراو درێژەی پێدا: ئێستا گوزمەیێکی 115 ملیۆن تمەنی لەلایەن ئیدارەی میرات فەرهەنگییەوە بۆ چێ کردنەوە و نۆژەن کردنەوەی ئە و ئاسەوارە مێژووییە تەرخان کراوە و مامۆستا یەدوڵلا بێنیاز سەرقاڵی نۆژەن کردنەوەی حەمامەکەیە.
مێژووی حەمامی قەلەندەر دەگەڕێتەوە بۆ دواین ساڵەکانی حکوومەتی قاجارەکان لە ئێران و لەلایەن بنەماڵەی فەیزوڵلابەیگییەوە چێ کراوە. بەشە سەرەکییەکانی ئە و حەمامە بریتین لە؛ سەرسەرای چوونە ژوورەوە، بێنە، سەربێنە، گەرمخانە، توالێت، خەلوەتی و خەزێنە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-09-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 173

حەمامی لەج

2015121120210712857 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



شوێنەواری مێژووی حەمامی لەج -دەشتی شاروێران.یەکێکە لە حەمامە کۆنەکانی ناوچەی موکریان و دەشتی شاروێرانی مەهاباده.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-11

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 174
حەوزە وشکەکە

2022091621404343440 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بۆچی پێی ئەوترێت حەوزە وشکەکە
ئامادەکردن: داناز عەبدولڕەحمان بابان
حەوزە وشکەکەی شاری سلێمانی یەکێکە لە بازاڕە بچکۆلانە و سەرەنجڕاکێشە کۆنەکانی شار، دەکەوێتە چەق شارەوە لە خوارووی بەلەدێیەکە شارەوەیە لەنێوان قەیسەری نەقیب و سەروو بازاڕی نەورۆزەوەیە، واتا لای قەیسەری عوسمان پاشاوە، بازاڕێکی قەرەباڵخە هەمیشە پڕ خەڵکە و جمەی دێت.
ئەم حەوزە لەکۆندا یەکێک بوو لە حەوزە جوانەکانی شارەوانی. ئاوێکی سازگار و دڵڕفێنی زۆر سارد هەبوو، لەسەرەتای ساڵانی (1919-1920) بە فەرمانی مێجەر سۆن درووستکرا.
کێ حەوزە وشکەکەی درووستکرد؟
کە ئەو کات مێجەر سۆن ئەفسەری سیاسیی سوپای بەریتانیا بوو، دواتر بوو بە حاکمی گشتی شاری سلێمانی.
دەسەڵات و فەرمانڕەوایی زۆر لە سلێمانی و دەروبەری دەبێت و کار وپڕۆژەی و باش و گەورە بۆ سلێمانی دەکات، بەتایبەتی لە بوارەکانی کارگێڕی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا.
یەکێک لە کارە هەرە باش و مێژوویەکانی مێجەرسۆن، ئەوەبوو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستاندا بە چاپ گەیاندوو و یەکەم چاپخانەی هێنایە سلێمانی.
کە ئەمە بوو بە وەرچەرخانێکی گرنگی مێژووی و ئەدەبی وڕۆشنبیری بۆ سلێمانی و سەرجەم کوردستانی گەورە.
شانبەشانی ئەوەش گرنگییەکی باشی بە خزمەتکردنی ئەو شارە و شارەوانی داوە.
کێ هاوکار بوو بۆ درووستکردنی ئەم حەوزە.
ئەو کات سەرۆکی شارەوانی سلێمانی (عەبدوڵڵا بەگی حاجی حسێن ئەفەنی محەمەد ئاغا) دەبێت.
خەڵکی شار و دووکاندارەکانی ئەو گوزەرە و دەوروبەری داوای لێدەکەن کە حەوزێکیان بۆ درووست بکات. ئەویش ئەبینێت کە خەڵکانێکی زۆر لە دەوروبەری شار و لە لادێیە دوورە دەستەکانەوە دێنە شار، بۆ ساغکردنەوەی شتومەک و کاڵاکانیان و ئاوپێدانی وەڵاغ و مەڕ و ماڵاتەکانیان. شوێنێکی لەبار و گونجاو دڵبەرانە بوو بۆ پشوودانی ڕێبواران، کە چواردەوری حەوزەکە ئەوکات پڕ دار و سەوزایی بوو
بۆیە ڕێبواران دێنە ئەو شوێنەی کە حەوزە وشکەکەی ئێستا، لە نزیک دارە گەورەکان و دوکانەکاندا و لە چایخانەکەی وەستا نوعمان دادەنیشن و پشوو دەدەن.
ئیتر فەرمان دەگەیەنێت بە مێجەرسۆن بۆ ڕاپەڕاندنی کار وپڕۆژەکەیەک لەو جۆرە.
ئیتر مێجەر سۆن بڕیار دەدات حەوزێکی جوان درووست بکات بۆ پشودانی کاسبکاران و ڕێبواران. هەتا لەدەوری پشوو بدەن و شتومەک و کاڵاکانیان لەوێ ساغ بکەنەوە.
ئیتر وردەوردە خەڵکی موڵک لەو شوێنە دەکڕن و دوکان درووست دەکەن و زیاتر ئاوەدانی دەکەنەوە و لەوێ کۆدەبنەوە و

دەمێنەوە و نیشتەجێ دەبن لە دەوروبەری حەوزەکە.
بۆیە مێجەر سۆن یەکسەر پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانی دەکات، ئەویش بە دوو ڕووناکبیر و کەسایەتی ناوبانگی شار ڕادەسپێرێت و فەرمانیان پێدەکات کە بە زووترین کات حەوزێکی جوان و سەرەنجڕاکێش لە ناوەڕاستی شار درووستبکەن.
ئەوانیش ئەندازیار (مستەفا سائیب و مەحمود جەودەت) .
لە دوای وتووێژێکی زۆر ئەم دوو ڕۆشنبیرە بڕیار دەدەن، لە حەوزێکی زۆر جوان لە شێوە و شێوازی حەوزێکی عوسمانی لە ناوەڕاستی شار درووستبکەن.
ئەندازیار مستەفا سائیب نەخشەیەکی جوان بۆ درووستکردنی حەوزەکە دەکێشێت و مەحمود جەودەتیش دەبێتە خاڵی ڕایەڵی وتووێژ لەنێوان سەرۆکی شارەوانی و مێجەر سۆن و سەرپەرشتی پڕۆژەکە دەکات، بۆیە مێجەر سۆن نەخشەکە دەبینێت زۆر سەرسام دەبێت و دەستبەجێ بڕی تێچووی پارەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی و شارەوانی.
ئەوانیش بەشێوەیەکی ئەندازەی ڕێک وپێک حەوزەکە درووست دەکەن، بەبۆڕی ئاو لە گەڕەکی شێخانەوە لە کارێزەکەی ئەحمەد زەنگەنەوە دەهێنن بۆ حەوزەکە. ئیتر ئەو حەوزە ئاوێکی زۆرزۆری دەبێت و دەبێتە سمبوڵێکی جوان و ناونیشانێکی شار، کە تا ماوەیەکی زۆر بە حەوزەکەی مێجەر سۆن و شارەوانی بانگ دەکرا.
ئەم حەوزە بوو بە خزمەتێکی زۆر بۆ ڕێبواران و دانیشتووان و کاسبکارانی گوزەرەکە دەکات.
بۆچی پێی دەڵێن حەوزە وشکەکە.
نزیکەی چل بۆ پەنجا ساڵ ئەم حەوزە ئاوی لێدێت و خەڵکی بەکاری دەهێنا و دواتر وردەوردە وشکی کرد و دواتر لە شوێنی حەوزەکە هەندێ دووکان درووستکرا و ئیتر حەوزەکە بە تەنیا ناوی مایەوە و بوو بە حەوزە وشکەکە.
تێبینی: وێنەکە ساڵی 1921ی زایینییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: بازاڕ

دەیە: 20ەکان (20-29)

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (وێنە کۆنەکانی سلێمانی) ڕۆژی 16-09-2022

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 175

خاتوو سێوە

2022072014055242403 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەواری خاتوو سێوە

لە ڕووی جوگرافییەوە ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ناو زنجیرە چیای گوڵێ، لە شارەدێی ئیسێوە، لە ناوچەی پشدەر، لە هەرێمی کوردستان، لەسەر یەکێک لە لوتکە پان و ڕوو تەختەکانی شاخەکەدا کۆڵراوە، شوێنەوارەکە ڕووی گەشی ئافرەتێکی کورد پیشاندەدا کە تاجێکی شاهانەی لەسەردایە، ئاڕاستەی ڕووی لە خۆرهەڵاتە، هەروەها ناوی گوندی ئیسێوە، بۆ ئەو شوێنەوارە دەگەڕێتەوە. وەکوو خەڵکی گوندەکە ئاماژەی بۆ دەکەن، تا ئێستا هیچ کنە و پشکنینێک لەسەر ئەم شوێنەوارە ئەنجامنەدراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕێبوار جەمال سەگرمە

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 176
خانوو و چوخمێکی کۆن لە کفری
2013011321460174824=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-01-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 177

خانووی دارای چەلەبی

2022010422285140042 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خانووی دارای چەلەبی
ئەم خانووە لە ساڵی (1324) ، درووستکراوە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی خانووی (دارای چەلەبی) ، تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی (قەڵات) ی کۆیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی (شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی و لەسەر ئەرکی خۆشی لەبەر گرنگی شوێنەوارەکە نۆژەنی کردۆتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خانوو
دەیە:	80کان (80-89)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-04
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 178
خانووی عومەر دەبابە
2022010421592740042 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانووی عومەر دەبابە
ئەم خانووە تەمەنی(150)، ساڵە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی خانووی(عومەر دەبابە)، تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی(بەفری قەندیل) ی کۆیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد)، گرتویەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خانوو
دەیە:	70کان (70-79)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-04
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 179

خانووی مەلا حەوێزی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220104215040400418

خانووی مەلا حەوێزی

ئەم خانووە تەمەنی(200) ساڵە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی خانووی(مەلا حەوێز) تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی(بایزاغا)ی کۆیە، خاوەنەکەی ناوی تەواوی(حەوێز بایز سەلام)ە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

دەیە: 20ەکان (20-29)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-04
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 180

خانووی کەلەپووریی شێخ عەلی لە سلێمانی

2024021809460555322 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانووی کەلەپووریی شێخ عەلی، یان ماڵی مەستوورە، یەکێکە لە خانووە کەلەپوورییەکانی سلێمانی، کە سەر بە فەرمانگەی شوێنەواری ئەو شارەیە و مێژووی درووستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1915-1920.
ئەم خانووە، کە پێشتر (ماڵی شێخ عەلی)یان پێ گوتووە، ئێستا لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی ئەو شارە و لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری سلێمانی نۆژەن کراوەتەوە و وەک قاوەخانەیەکی کولتووری بە ناوی (ماڵی مەستوورە) کراوەتەوە، کە ئەو چەند گەنجەیە بەڕێوەی دەبەن.
ئەم خانووە کەلەپوورییە هەر لەسەر دیزاینی کۆن و ڕەسەنەکەی خۆی نۆژەن کراوەتەوە.
ئامادەکردنی بابەت و وێنە: ڕۆیا سەردار[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

دەیە: 10یەکان (10-19)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەری 2024-02-17 -baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2024-02-18

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 181
خانوویەکی کۆنی گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی
2013011320291174821=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خانوویەکی کۆنی گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەڕەک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-01-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 182
خانووەکانی حەسەنلو

20230111132628457787=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت:خانووەکانی حەسەنلو

کورتە باسێک لەسەر شوێنەواری گردی حەسەنلو و خانووە کۆنەکانی

ناوە کۆنەکەی گردی حەسەنلو نەزانراوە. گەورەترین شوێنەواری ناوچەی چەمی قەدەرە. لە باشووری دەریاچەی حەسەنلوە لە نزیک نەغەدە و لە شوێنەواری گردی حاجی فەیروز نزیکە. هەرچەندە لەسەردەمی چاخی بەردینی نوێوە نیشتەجێ بووە، بەڵام شوێنەوارەکە زۆرتر بە پاشماوەکانی چاخی برۆنز و سەرەتای چاخی ئاسن، ناسراوە. لە ساڵانی نێوان 1956 تا 1977 لە میانەی پرۆژەی حەسەنلو بەسەرپەرشتی ڕۆبەرت دایسۆن، هەڵکۆڵینی بۆ کراوە. پێشتر لەنێوان 1934 تا 1935 ڕووماڵ و کورت گەڕانی بۆ کراوە. شوێنەوارەکە لە گردێکی 25 مەتر بەرز (قەڵا بووە) و بە گردێکی نزمتر (لادێیەکەی دەوری ئەو قەڵایە بوە) چواردەوری دراوە، پێکدێت. بەشەکەی خوارەوەی زۆربەی گۆڕی مردووە و ڕووبەرەکەی دیار نییە چەند بووە.
پرۆژەی حەسەنلو بە هەڵکۆڵینەکان لە گردی حاجی فەیروز، گردی دەڵما، گردی پیسدەلی، سێ گردان، گردی دینکا وگردی ئاگرەب، تەواوکاریی بۆ کرا. بۆ 10 وەرز هەر جارەی 3 مانگ هەڵکۆڵینی لێ کراوە. تەواوی شوێنەوارەکە بۆ 10 چین لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەشکراوە. چینەکانی 3، 4 و 7 بۆ چینی وردتر دابەشکران. کۆنترین چینی لە بنی بنەوەیە و لادێیەکی مرۆڤی چاخی بەردین بووە و تەمەنی بۆ 4000 ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.
تەپەی حەسەنلو لە دەشتایی ناسراو بە دەشتایی سوڵدوز شان بە شانی شوێنەوارەکانی دیکە، کەلتووری گڵسازیی خۆیان هەبووە. ئەوەی لە تەپکی حاجی فەیروز، پێسدەلی و گردی دەڵما دۆزرانەوە تەواوکەری هەمان کەلتوورن (کەلتووری دەڵما) . گڵسازییەکان هێلی ڕاست و چەپیان لەسەرە، بازنەی بچووک لەنێوان هێڵەکاندا کراوە و هەر یەکەیان خاڵێکی لە ناوەڕاست هەیە. ئەوانە لە چینی 7 بەشی سێیەم بە زۆری دەرکەوتن. لە نیوەی هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین، لادێیەکە گەورە بووە و بەرەو خوارەوە چووە. هەر لەو کاتەدا، شێوازێکی نوێی گڵسازیی ڕەنگ پرتەقاڵی، دەرکەوتووە. لە چارەگی دووەمی هەزارەی دووەم بەر لە زایین، گڵسازییەکانی میزۆپۆتامیای باکوور دەردەکەون، بەڵام هەر لە حەسەنلو درووستکراون.
نزیکەی 1500 ساڵ بەر لە زایین گۆڕانێکی گەورە لە گڵسازیی، ناشتنی مردوو و درووستکردنی خانووەکانیان ڕوویداوە. گڵسازیی ڕەنگی سووتاوی ڕەساسی، ڕەش، سوور و قاوەیی بە چەندان شێوە و جۆر دەردەکەون. لە ناویاندا پەرداخی بە بن، دۆلکە و دەفری قووڵی جیاجیا. لە کۆتایی هەزارەی دووەم، کۆشک و تەلار لەسەر ئەو قەڵایە درووستکراوە. هەرنەبێ یەکیان پەرستگەیەکی 18 بە 24 مەتری 24 کۆڵەکە، بووە.
بەو هەڵکۆڵینانە توانرا وێنەیەکی باش لە ژیانی مرۆڤی کۆن لە چاخی بەردین برۆنز و ئاسن، درووست بکەینەوە. لە هەڵکۆڵینەکانی گردی سەرەکی حەسەنلو لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، دیوار و پێکهاتەکانی سەر گردەکە، کە دەکاتە ناو قەڵایەکی گەورە دەرکەوتن. هەر نەبێ 14 ژووری هەبووە، شوێنی نیشتەجێی دەستەبژێرێک بووە.

لە چینی 2ی چاخی ئاسن، شوێنەواری سووتان و ڕووخان لە نزیکەی ساڵی 850 پێش زایین، بە ئاشکرا دیاربوو. بڕێکی دانەوێڵەی سووتاو لە ناو کوپەڵەدا لە شوێنی ئامادەکردنی خواردن مابوون، هەر لەوێدا ئاگردان و شوێنی هەڵگرتنی خۆراک هەبوون. وادیارە ئەوانەی لەوێدا بوون بە ئاگرەکە گیانیان لەدەست داوە. پارچەی شوێنەواری زۆر وەکوو خۆیان لەو چینەدا مابوون. لەو ڕووداوەدا تەرمی 285 کەس، زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، دۆزرانەوە. ئەوەی سووتاوە دەنا دواتر کوژراوە. دوای سووتانی ساڵی 850 پ.ز ماوەیەک چۆڵ کراوە. دواتر پێش هاتنی سەردەمی ئورارتییەکان نیشتەجێ بووە. ئورارتییەکان دیوارێکی نوێیان بە دەوری شوێنەکەدا درووست کردووە. لەوانەیە هەر ئورارتییەکان ئەو قەڵایەیان سووتاندبێ و داگیریان کردبێ.

دوای ئەو ئاگرە شوێنەکە وەکوو خۆی، دیوار لەسەر دیوار درووست کراوەتەوە. لە چینەکانی ژێرەوەدا و لە ساڵانی نێوان 1240 تا 1050 پێش زایین، ئەو شوێنە سووتاوە. بڕێکی زۆر پارچەی گڵسازیی و ئێسقانی مرۆڤ، لەسەر زەوی ئەو چینەدا، پەرش و بڵاو بووبوو. لە ساڵی 1958 بە دواوە، کارەکان زۆرتر لە قەڵای سەر گردەکە چڕ بووەوە. پاشماوەکانی چاخی ئاسن بە باشی دیاربوون. تەنانەت لە بەشەکەی خوارەوە زۆر بابەتی چاخی برۆنز و ئاسن هەبوون، بەڵام دایسۆن هیچ ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ئەنجامەکانی گەڕان لە خوارەوە بڵاو نەکردووەتەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئاوەڕۆیەکە لە یەکێک لەو پێکهاتانەی سەر گردەکە دۆزرانەوە، ئەو ئاوەڕۆیە 20 سانتیمەتر بەرزە و 29یش پانە.

کۆی دۆزراوەکانی حەسەنلو سەروو 7000 پارچە بوون، لەوانە بەشێکی زۆر لە کەرەستەی نانخواردن، چەک، خشڵی جوانکاریی، پارچە خشتی قوڕی ڕەنگکراو و نەخشێنراو، دەفر و بابەتی هەڵگرتنی شلەمەنی لە قوڕ و ئاسن درووستکراو، پارچە و بابەتی بەستن و بەستنەوەی وڵاخ، قفل و داخەری دەرگە و پەنجەرە و زۆری دیکە. ئەو بابەتانە لە ئاسن، زیو، مس، زێڕ، دار، ئێسقان، شاخی ئاژەڵ، بەرد، شووشە و قاوغی ئاژەڵە بچووکەکان، درووستکرابوون.

دوو بابەت زۆر سەرجڕاکێش بوون. یەکەمیان دۆلکەیەکی زیو بوو، وێنەی سەرکەوتنی جانگێکیلەسەر درووستکراوە تێیدا ئەسپ وعەرەبانەیەکە سەربازێک و جڵەو بەدەستێکی لەسەرە، کۆمەڵێک جەنگاوەر و دیل لە پشتیەوەن. ئەوی دیکەیان دەفرێکی دوو کیلۆی زێڕە وێنەی هەمەجۆرەی ئاژەڵ و ئەسپ و عەرەبانەی لەسەرە. ئەو دوو بابەتە بەشێکی گرنگی مێژووی هونەری مرۆڤایەتیی دەگێڕنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: چاخی بەردینی نوێ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (مێژوو بۆ کورد History for kurds) ڕۆژی 2023-01-08

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 183

خانووەکەی مەلای گەورەی کۆیە

20171013162842142891=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانووی مەلای گەورە دەکەوێتە ناو گەڕەکی بایز ئاغای شارۆچکەی کۆیە و بە یەکێک لە شوێنە مێژووییەکانی ناوچەکە دادەنرێت، ساڵی 1860 درووستکراوە. لەئێستاشدا ئەم خانووە بەهۆی کۆنبوون و پشتگوێخستنی مەترسی زۆری تێکچوون و ڕووخانی لەسەرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2017-10-13 - pukmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-13

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 184

خانی حەسەن پاشا لە ئامەد

2013082923320789014=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-08-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 185
خانی گەورە یان خانی مەحمودئاغای غەفوری

2022011821385740193 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانی گەورە یان خانی مەحمودئاغای غەفوری لە کۆیە، لەسەر دەرگای خان لەسەر بەردێک بە فارسی نووسراوە ساڵی (1227) کۆچی واتە بەرانبەر لە ساڵی (1806) زایینیدا لەسەر ئەرکی (مەحمود ئاغای غەفوری) درووستکراوە، نەخشەی خانەکەی لە شاری (ئامەد) ەوە وەرگرتووە و وەستاکانیشی لە شاری (موسڵ) هێناوە، ماوەی بوونیاتنانی خانەکە (3) سێ ساڵی خایاندووە، و (61) ژووری تێدابووە، سەرەوە (28) ژوور و خوارەوە (33) ژوور بووە، سەرەوە بۆ میوانەکان و (4) ژووری خوارەوەش بۆ کارگێڕی وپاسەوان و فەرمانبەری گومرگی حکومەت و خمخانەچی ڕەنگکردنی جلوبەرگ.
کەرەستەکانی بیناکە (بەرد و قسر و گەچ و بەردی مەرمەر) بووە، سەرچاوەی ئاوی لەسەروچاوی گەرماوۆک بەجۆگا بۆ ڕاکێشراوە، ئەوانەی کارگێڕ و کاروباری خانەکەیان هەڵسوڕاندووە (مام بەکر، حاجی حسێن، حاجی خدر سابیر، سوارەی کاکەی ئاغا نەوەی مەحمود ئاغا) بوون.
خان وەک میوانخانەیەک بەکارهاتووە بۆ بازرگانەکان ژوورەکانی سەرەوە بۆ میوان و ژوورەکانی خوارەوەش بۆ وڵاغ کە بەر لە درووست بوونی ڕێگا و بان هاتوچۆ و بازرگانی هەر بە سواری وڵاغ بووە (خان) تاکوو شەستەکانی سەدەی بیستەم وەک ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بووە لە کۆیە و ناوچەکە، زۆربەی دوکاندار و پیشەوەرەکان وەک کۆگا (عەمبار) بەکاریانهێناوە لەبەرئەوە پێی گوتراوە (کاروان سەرا) چونکە جموجووڵ و هاتوچۆی زۆر لەسەر بووە، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو شوێنەوارە ڕووخاوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خان
دەیە:	01ەکان (00-09)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لە شەماڵ ئەحمەد وەرگیراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022-01-18
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 186

خانەقین: شوێنەوارە دێرینەکان دەگوازرێنەوە و تێکدەدرێن

2015060111214385444=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لابردنی شوێنەوارێکی مێژووی کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیی دروستکراوە، نیگەرانی لای دانیشتووانی قەزای خانەقین و چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروستکردووە، ئیدارەی قەزاکەش ئاماژە بەوە دەدات کە یەکێک لە سەنگەرەکان لە لایەن جووتیارێکەوە لابراوە بۆ ئەوەی کاری کشتوکاڵی لە زەویەکەیدا بکات، چالاکوانێکیش ئاشکرای دەکات، دانەیەکی تر لەلایەن کۆمپانیایەکەوە تێکدراوە و خانوو لە شوێنەکەی دروستدەکات.

ئەمیر خانەقینی، چالاکوانی مەدەنی لە قەزای خانەقین، بە خەندانی ڕاگەیاند: ئە و ئاسەوارانە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە لایان سوپای بریتانیاوە دروستکراون، لە خانەقین پێی دەڵێن سپێر وەکو ڕەبایە لەکاتی شەڕ بەکار هێنراوە.

ئە و چالاکوانە، ئاماژەی بەوەشدا کە لە ناوچەکەیان زیاتر 10 دانە لە و ڕەبایە سەربازییانە هەیە کە وەکو شوێنەوارێک ماونەتەوە، وتیشی: پێش ماوەیەک بە بیانووی بەکارهێنانی زەویەکەی بۆ کاری کشتوکاڵی یەکێکیان لە شوینەکەی لابرا و خرایە شوێنێکی تر، یەکیکی تریش لە نزیک کەڵات لەلایان کۆمپانیابەکی خانووبەرە کە لە ئێستادا خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون دروستدەکات لە نزیک کەڵات، تێکدرا.

ئەمیر خانەقینی، کە هاوکات یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی هەڵمەتی ئیتر بەسە، وتیشی: یەکێک لە داواکارییەکانی هەڵمەتەکەمان گرنگیدانە بە شوێنەوارە دێرینەکانی خانەقین، کە ناوچەکەمان لە و ڕووەشەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام تائێستا فەرمانگەیەکی تایبەتمان نییە بە و بوارە.

داواشیکرد، شوێنەوارە دێرینەکانیان لە لەناوچوون و تێکدان بپارێزرێت، وتیشی: گرنگترین شوێنەواری ئێمە پردی ئەڵوەنە کە لە ساڵی 1863 دروستکراوە و لەئێستادا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

لەبەرانبەردا، عەدنان مەنسوور، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، بە خەندانی ڕاگەیاند: ئە و شوێنەوارانە وەکو سەنگەرێک لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکراون لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی کە بە مادەیەک دروستکراون پێی دەوترێن نویرە نە چیمەنتۆیە و نە گەچ، کە ئەوکات ئە و مادەیە بۆ بیناکردن بەکاردەهێنرا .

ئاماژەی بەوەشدا کە پێش ماوەیەک جووتیارێک یەکێک لە و سەنگەرانەی لە ناو زەویەکەی لابردووە، بۆیە ئێمەش نووسراومان کرد بۆ فەرمانگەی بەرگری شارستانی، چونکە هەموو ژێرخان و سەنگەرێک بکەوێتە سنووری شارەوانییەوە بەپێی یاسا ئە و فەرمانگەیە لێی بەرپرسە، وتیشی: ئەوان لە وەڵامدا وتیان ئێمە بەرپرس نین لە و سەنگەرانە، چونکە دەڵێن ئێمە بەرپرسین لە هەر ژێرخان و سەنگەرێک کە لە جەنگی عیراق _ ئێران دروستکرابێت.

پاشان نووسراویان بۆ قایمقامییەتی قەزای خانەقین کردووە، ئەوانیش نووسراویان کردووە بۆ ئاسەواری دیالە بۆ ئەوەی بزانرێت ئە و سەنگەرانە لە ئەستۆی کێیە و کێ بەرپرسیارە لە پاراستنیان، وتیشی: بەداخەوە هێشتا وەڵام نەدراوینەتەوە.

- 2015-06-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2015-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 187

خراب شەمس، شوێنەوارێکی ئایینی ئێزدی لە عەفرین

2022101020563643904 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ناوچەی عەفرین، بە تایبەتی لە دەوروبەری چیای لیلۆن (لەلۆن)، گوند یان ناوچەی شوێنەواری و مێژووپی زۆری هەیە، مێژووەکەیان بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە.. یەکێک لەم شوێنەوارانە، پەرەستگای خراب شەمس-ە.
پەرەستگای خراب شەمس، 25 کیلۆمەتر لە شاری حەلەب دوورە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەڵای (سەمعان ئەلعەموودی).
ئەم گوندە مێژووییە بۆ ماوەیەکی زۆر شوێنی نیشتەجێ بوونی خەڵک بووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی کۆچی خەڵکەوە بۆ شارەکان، چۆڵ بووە.
ناوی ئەم شوێنەوارە مێژووییە، لە بوونی چەندین وێنە و نەخشی تایبەتی خۆرەوە هاتووە، کە لە سەر دیوار و سەقفی باڵاخانەکە نەخشێنراون. بە گوتەی سەرچاوە مێژووییەکان لە بەر زۆری وێنەی خۆر لە سەر دیوار و سەقفەکانی ئەم شوێنەوارە لە کۆندا دەشتی خۆر، یان ڕۆژئاوابوونی خۆر یشیان پێ گوتووە.
مێژوونووسان لە سەر ئەم بڕوایەن، مێژووی ئەم شوێنەوارە بۆ سەردەمانی فرە خواوەندی و ئایینە سروشتییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە بێجگە لە وێنەی خۆر، وێنەی ئاژەڵیش، وەک سەری گا، تاووس، هەروا وێنەی لق و پۆپی دارە خورما، نەخشێنراوە.
خراب شەمس لە ئێستادا وەک شوێنەوارێکی ئایینی، واتا پەرەستگا تۆمار کراوە.. توێژینەوەکان باس لە سەردەمی ئایینی مەسیحییەت دەکەن و مێژووەکەی بۆ سەردەمی بیزەنتی دەگەڕێننەوە، کە وەک کڵێسایەک بە کار هاتووە زۆر هاموشۆی لەسەر بووە، بەڵام لە ڕاستیدا بە هۆی نەخشە تایبەتەکانی سەر دیوار و سەقفی ئەم پەرەستگایە دەکرێ مێژووی زۆر کۆنتری هەبێت.
بە گوتەی عەبدوڵلا ئەلحەجار (ئەندازیاری بواری شوێنەوار): ئەم کڵێسایە تاکە کڵێسای ئەم دەڤەرەیە کە هێشتا نەردە (محەجەرە)ەکانی بە بەردی تایبەت نەخشێنراون و بە ساغی ماوەتەوە، هەروەها چلچرا یەکی گەورە کە لە سەر دوو بنکەی بەردین بنیات نراوە، ماوەتەوە و نەخشی خۆر و سەری گا و تانجێکی گوڵ و تاووسێکی لەسەر نەخشێنراوە.
بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم پەرەستگایە پێش سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکانی وەک جوو و مەسیحی، پەرەستگەی ئایینە سروشتییە کوردییەکانی وەک ئێزدی بووە، بۆ ئەمەش نەخش و وێنە هەڵکۆڵدراوەکانی ناوەوە و دەرەوی باڵاخانەکە بەڵگەیەکی دانسقە و گرنگن. لە بارەی شێوەی باڵاخانەکەش، دەکرێت لە سەرەتاوە بینایەکی سادەتر و بچووکتر بووبێت، کە دواتر بە پێی تێپەڕینی کات، گۆڕانکاری بیناسازی و نۆژەنکردنەوەی بۆ کرابێت و شێوازی ئێستای وەرگرتبێت.
بەڵگەی زیاتریش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە، لە نزیکی ئەم شوێنەوارە نزیکەی 85 گوندی کوردیی ئێزدی نیشتەجێن. بە پێی سەرچاوەکانیش ناوی چیای لیلۆن لە زاراوەی ئێزدی هاتووە، لیل بە واتا گوێچکە ماسی دێت، کە لای بڕوادارانی ئایینی ئێزدی پیرۆزە، هەروەها سەرچاوەکان دەڵێن ناوی لیلۆن لە ناوی لۆلۆبییەکان هاتووە، کە دەسەڵاتدارییەتێکی کورد بوون.

ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: چوار تاق
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-10
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 188

خشتە نەخشدارەکانی گردی قاڵایچی

2022091009485843324 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێک لە دۆزراوە و دەستکەوتە گرنگەکانی مێژووی کورد، دۆزینەوەی 51 پارچە خشتی نەخشێنراوی سوورکراوەی گردی قاڵایچییە کە مێژوویان بۆ سەردەمی مانایییەکان دەگەڕێتەوە.

چیرۆکی دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ئەم خشتانە بۆ ئێران بۆ ساڵانی زوو دەگەڕێتەوە کە بەپێی زانیارییەک کە ڕۆژنامەی هونەر بڵاوی کردووەتەوە و باس لەوە دەکرێت زیاتر لە 40 ساڵ لەمەوبەر دزراوە و بە قاچاخ براوەتە دەرەوەی وڵات و سەرەنجام لەناو کۆگایەک لە سویسرا دۆزراونەتەوە و پێش ئەوەی کەسێکی ئێرانی کە خۆی بە خاوەنیان زانیوە بیفرۆشێت، دۆزراونەتەوە و گەڕێندرانەوە.

لە ئێستادا ئەم خشتانە لە ئێرانن و بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی هەمشەهری ئانلاین_ی ئێران، 51 خشتی نەخشێندراوی ئاسەواری تەپەی قەڵایچی بۆکان کە هی سەردەمی مانایییەکانە و پێشینەکەی بۆ دوو هەزار و 700 ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، پاش ساڵانێک دۆزرایەوە و لە شاری تاران و بۆکان نمایش دەکرێن.

جان کرتیس، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆزەخانەی بەریتانیا کە هاوکات شوێنەوارەکانی ئێرانیشی لەبەردەستە، دەڵێت، دۆزرانەوە ئەو 51 خشتە نەخشێندراوە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە ناساندن و بایەخی شارستانیەتی سەردەمی مانایییەکان لە ناوچەی بۆکان هەیە.

تەپەی قەڵایچی بۆکان، شوێنەوارێکی کۆن و دێرینە و هی سەردەمی مانایییەکانە کە وەک پایتەختی ئەم دەسەڵاتدارییە دەناسرێت.

ئەم گردە شوێنەوارییە گرنگە کە دەکەوێتە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 لە کاتی کێڵانی زەویوزار لەلایەن جووتیارێکەوە پارچە شوێنەوارییەکانی دۆزرانەوە، کە لەسەر خشتەکان نەخش و نیگاری وەک شێر، گای باڵدار بە شێوەی سەری مرۆڤ، باڵندەی ڕاو و نەخشی ئەفسانەیی و کەڵ و ئاژەڵانی دیکەیان لەسەر هەڵکۆڵراوە وکە زۆر جێگەی سەرنجن و ئەمەش دەری دەخات کە دانیشتوانی تەپەی قەڵایچی بۆکان لە دوو هەزار و 700 ساڵ لەمەوبەرەوە کەسانێکی شارەزا و هونەرمەندی دەستڕەنگین بوون.

پێشانگە و پیشاندانی ئەو کۆمەڵە خشتە نەخشێندراوە سەرەتا لە مۆزەی حەقیقی لە بۆکان (ماڵی مامۆستا عەباس حەقیقی شاعیر لە بۆکان ئێستا کراوەتە مۆزەخانە) و پاشان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئیران لە تاران پێشان دەدرێن.

ئامادەکردنی: سارا سەردار

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-10
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 189

خوێندنگای مەلا یەحیا مزوری

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023061022493649759 7

خوێندنگای مەلا یەحیای مزوری، مێژووەکەی بۆ نزیکەی 400 ساڵ پیش ئێستا دەگەڕێتەوە و لەو کاتەدا وەک قوتابخانەیەکی ئایینی بەکارهاتووە کە مامۆستا مەلا یەحیا مزوری وانەی تێیدا وتووە. ئەم خانووە کۆن و مێژوویە لە شاری ئامێدی لە پارێزگای دهۆک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 190

خەنەس

20220619153414419118=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەواری خەنەس بە دووری 13کم دەکەوێتە پارێزگای دهۆک لە ناو نیمچە دۆڵێکدا زنجیرە شاخێک دەڕوانێتە سەر ئاوێکی سازگار، لە شاخەکەدا چەندان پەیکەر و ئەشکەوتی وەک پەرستگا و نەخشەسازی تر هەڵکۆڵدراوە. هەڵکۆڵدراوەکان لە شوێنی بەرزن و زۆر بە شێوازی هونەری و لێهاتوویی کاریان تێدا کراوە،
بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان، لە ساڵی 705 تا 680 ی پێش زایینداٮ، سەنحاریب پاشای ئاشوریەکان لە ناوچەکدا حوکمی کردووە و بەنداوێکی دروستکردووە و بە جۆگە ئاوی بردووە بەرەو ناوچەکانی نزیک نەینەوا.
لە شوێنەواری مێژوویی خەنسدا چەندین نوسراوی بزماری و کەلوپەل و پەیکەر و تاق جیاواز لەسەر بەرد هەڵکولدراون. ئەم شوێنە 15 ژوور لەخۆی دەگرێ و چەندین هەڵکۆڵدراوی لەسەرە لە شێوەی دەرگا کە هەر دەرگایەک وێنەیەکی لەسەر هەڵکۆڵدراوە.
. ئەم شوێنە بە درێژایی 80 کم بە نزیکەی 21 مانگ توانراوە تونێلی ژێر زەوی لێبدرێ بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ شاری نەینەوا و لە لایەن نزیکەی 20هەزار دیلەوە دروستکراوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 191

داتاشراوی چیای هەریر

2015100613461412744 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

داتاشراوی چیای هەریر، دەکەوێتە چیایی باتاس کە یەک کیلۆمەتر لە سەنتەری شارەدێی هەریرەوە دوورە. ئەم داتاشراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فروسییەکان، شایەنی باسە ئەم نووسراوە لەسەر بەردێکی بەرزی 50 مەتری نووسراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا

شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)

شار و شارۆچکەکان: هەریر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردیپیدیا دڵنیا نییە کە دروست سەرچاوەی ئەم بابەتە لە کوێوەیە! یارمەتیمان بدە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکەی

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-06

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 192

دارەمەیتێکی گڵینە لە مۆزەخانەی دهۆک

2023042013024548394O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دارەمەیتێکی کۆن کە لە قوڕی سوور کراو درووست کراوە و بە مەبەستی ناشتنی تەرمی ئافرەتێک بەکار هاتووە. ئەم دارەمەیتە لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 193

دارمانی باڵەخانەیەکی شوێنەواری لە گەرمیان پاش نوژەنکردنەوەی

2016050314373394904=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2016-05-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 194
دراوی کوردی سەردەمی مەڕوانییەکان 900 ساڵ پێش زایین
2022081623295942874 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: دەوڵەتی مەروانی
ساڵی گیرانی وێنەکە: 900 ساڵ پێش زایین
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: نەناسراو
ناوی وێنەگر: نەناسراو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 20ەکان (20-29)
شار و شارۆچکەکان: فارقین - سلێمان
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | شوێنەوارەکانی کوردستان

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 195

دراوێکی سەردەمی پاشا کیسرا دۆزرایەوە

2014061222542476659=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان- سۆران کەریم

دراوێکی سەردەمی ساسانییەکان لەلایەن تیمێکی سەربە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارەکانی گەرمیان دەدۆزرێتەوە کە وێنەی یەکێک لە پاشاکانی ئەو سەردەمەی بەسەرەوەیە.

نەوزاد عەبدولەتیف، شوێنەوارناس لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، بە خەندانی ڕاگەیاند:لە ئەنجامی کارکردن لە گردێکی بچووکی شوێنەواری لە گەڕەکی بەختیاریی شاری خانەقین، تیمێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دراوێکی زۆر کۆنی دۆزییەوە.

ئەو شوێنەوارناسە، ئاماژەی بەوەشدا، کە دوای پاککردنەوەی دراوەکە، دەرکەوت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشا کیسرای یەکەم (نەوشیروان) کە لە ساڵی 531 تا 579ی زایینی حوکمڕانی ئیمپراتۆری ساسانییەکان بووە.

ئەوەشی خستەڕوو، کە دراوەکە ژەنگێکی زۆری پێوەبووە، چەند ڕۆژێکیشە سەرقاڵی پاککردنەوەین، وتیشی: لەگەڵ دراوەکەدا کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری دیکەمان دۆزیوەتەوە.

لە ڕێکەوتی 9ی حوزەیران، تیمێکی شوێنەواری گەرمیان لە گەڕەکی بەختیاری شاری خانەقین، دەستیانکرد بە گەڕان لە گردێکدا کە پێشتر تیمێکی مافی مرۆڤ بە دوای گۆڕی بەکۆمەڵدا لەوگردە دەگەڕان، لەو گەڕانەشدا تیمەکە چەندین پارچە شوێنەواری دێرینیان دۆزییەوە.

2014-06-12-

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-06-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 196
دراوێکی سەردەمی ساسانی لە قەڵای بەکراوا
2017100111472914281 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | سەرچاوەی وتنە: پەیجی شوتنەوارەکانی سلێمانی
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-01
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 197

درێژترین دەقی نووسینی شاهانە لە کوردستاندایە

2015092417170412712 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم بەردە نووسراوانەی لەمۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە درێژترین دەقی نووسینی شاهانەی ساسانییە لە جیهاندا. مۆنۆمێنتی پەیکوڵی لەلایەن پادشای ساسانی نەرسە لە (293-302/3ز) بیناکراوە. مۆنۆمێنتەکە کەوتووەتە دۆڵێک لە ڕۆئاوای ناوەڕاستی چیاکانی زاگرۆس، ئەوپەڕی باشووری زنجیرە شاخی قەرەداغ لە سلێمانی. ئەم شوێنەوارە نزیکەی 100کم لە باشووری شاری سلێمانییەوە دورە. مۆنۆمێنتەکە درووستکرا کاتێک کە پیاوماقوڵان و خانەدانەکانی شانشینی ساسانیەکان چاوەڕێی گەیشتنی نەرسە بوون بۆپێدانی متمانە وپەسەندی بکەن وەک پاشای ئیمپراتۆریەتی ساسانی.

بەهۆی ترسی بەتاڵان بردنی لە کۆتایی سەدەی بیستدا، لەپێناوی پارێزگاریکردنی بەشی زۆری بەردە نووسراوەکانی پەیکوڵی و پەیکەرەکانی نەرسی گواسترانەوە بۆ مۆزەخانەی سلێمانی.

ل لەئێستادا 106 بەردی نووسراوو پارچە بەردی بچووک کە بۆ هەردوو زمانی پەهلەوی ساسانی و پەهلەوی ئەشکانی دەگەڕێتەوە لێرەدا پارێزراوە، لەڕاستیدا بەردەکانی پەیکوڵی لەنێوان شوێنە دۆزراوەکان کە لە ناوچەکە پارێزراوە، دەریدەخات کە کوردستانی ئێستا لەسەردەمانێکدا دووڕیانێکی ڕێڕەوی ستراتیجی دڵی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن بووە.

پارچە نەخشێنراوەکانی نێو کۆمەڵەکەی پەیکوڵی، تیشک دەخەنە سەر ڕوخساری هەیکەلی بنەڕەتی یادگارییەکە، بەردە ڕووچاڵەکان و کۆڵەکەی سێ چارەک و بنکەی شێوە جەرەسی، هەردوو دیوار و لوتکەکەی ڕازاندۆتەوە.

لەنێوان ڕەگەزە نەخشێنراوەکاندا پەیکەرە گەورەکانی نەرسی جوانترین شێوازی ڕوخساری شاهانەی ساسانی دەردەخات، چوار نیوە پەیکەر بەهەمان بەرزی و هەمان شێوە نەخشێنراوە، هێرزفێڵد وای بۆ دەچێت کە هەر یەکێکیان لەناوەڕاستی هەر دێواریکیدا بەشێکی دانەبڕاوی بیناکە بێت.

پێنجەمین نیوە پەیکەری نەرسی یەکسەر وازی لێهێنراوە و بەکار نەهێنراوە، لە قەدی پەیکەرەکەو بەشێکی گەورەی تاجی سەری نەرسی لەگەڵ ئەوەشدا دەموچاو و ڕوخساری پاشا دیار نییە، لەئەنجامدا وا دەردەکەوێت ڕێک لەپارچە ئەسڵیەکە بچێت، لەگەڵ ئەوەشدا وردەکاری وردی پشتی پەیکەرەکە نموونەیەکی دەگمەنی هەمە لایەنەی پەیکەری ساسانیمان پێشکەش ئەکات.

دەقی ساسانی هەشت چینی بەردەکانە کە تێکڕا 46 دێڕە، بەپێچەوانەوە دەقی ئەشکانی پێکهاتووە لە 43 دێڕ کە 7 چینی داپۆشیوە، بەداخەوە تەنیا یەک چینیش لەکۆی هەموو بەردە نووسراوەکان نەپارێزرا، نە لەئێستا و نە لەڕابردوودا کە 146 دانەیە، هێمای نووسینەکان زۆر بەباشی هەڵکەنراوە، وشەکان و بۆشایی نێوانیان زۆر بەرێکی دانراوە لەشێوەو قەبارەدا، سەرەڕای ئەوەش خوێندنەوەی دەقەکە ئاسانە، بۆیە پێی دەوترێت یادگارییەکی مەزن، لەنەخشی ساسانیدا لەسەدەی سێیەمی زایینیدا باو بووە، بەشێوەیەکی باش هەموو هێمایەک لەوەی تر جیاکراوەتەوە، کە لەپەیکوڵیدا بەکارهێنراوە، لە ساڵی 2006 بەدواوە، بەهەماهەنگی لەگەڵ مۆزخانەی سلێمانی، تیمێکی پسپۆڕی ئیتاڵی، لێکۆڵینەوە لەشوێنەوارەکە دەکەن، ڕابەرایەتی ڕووپێوێکی فراوانی دۆڵەکە و خوێندنەوەی هێماکانی دەکەن کە ئێستا لەمۆزەخانە پارێزراوە.

ئەنجامی توێژینەوە و خوێندنەوەی بەردەکان لەمەراسیمێکدا لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی خرایە ڕوو لەلایەن پرۆفیسۆر کارلۆ

چیرتی سەرۆکی تیمی شوێنەواری ئیتاڵی و دکتۆر جۆن فیلیپۆ پسپۆڕی خوێندنەوەی هەردوو زمانەکە، هەردوو بەڕێزان، تیشکیان خستە سەر ئەنجامی ئەو کارانەی کردوویانە بەهاوبەشی لەگەڵ تیمی شوێنەواری سلێمانی لە ماوەی (2006-2015) لەرووپێوی شوێنەواری پەیکوڵی و کنەو پشکنین تێیداو خوێندنەوەی بەردە نووسراوەکان کە ئێستا لەمۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-24

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 198

دوزگوین باڤا

2014072913294977169=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوزگوین باڤا، ناوی یەکێک لەو مەزارگانەیە، کە عەلەوییەکانی باکووری کوردستان بۆ ڕاز و مراز و چارەسەری نەخۆشەکانیان سەردانی دەکەن.
ئەم مەزارە دەکەوێتە چیاکانی شاری دێرسیمی باکووری کوردستان، بەلای دێرسیمییەکانەوە شوێنێکی پیرۆزە و کاتێک سەردانی دەکەن، جگە لە نزا و پاڕانەوە، هەروەها قوربانیش سەردەبڕن و بەسەر زیارەتکاراندا دابەشی دەکەن.
هەندێک لەوانەی سەردانی دوزگوین باڤا دەکەن ئەوانەن، کە منداڵیان نابێ، بۆیە جیاوازییەکە لێرە، کاتێک دروستدەبێت، کە ئەو کەسانە کوڕیان بێ ناوی لێدەنێن دوزگوین.
- 2014-07-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پۆلێنی ناوەڕۆک:	دۆزی کورد
جۆری شوێن / شوێنەوار:	شوێن
زمان - شێوەزار:	تورکی
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
وڵات:	باکووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی رووداو

کاتی تۆمارکردن: 2014-07-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 199

دۆزینەوەی ئێسک و پرووسک لە گۆڕستانێکی مێژووپی مەریوان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20170706014941141079



رووداو - مەریوان
لە گۆڕستانی مێژووپی زردویان لە گوندی درەتف لە شآری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاسەوار و ئێسک و پروسکی چەند گۆڕێک دۆزرانەوە.
ئەو گۆڕستانە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان، نزیکەی 2500 ساڵ پێش ئێستا.
گۆڕستانی مێژووپی زردویان دەکەوێتە قەراخ دەریاچەی زرێبار لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
فۆتۆ بەهمەن شابازی
2017-06-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-06
ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 200
دۆزینەوەی پەرستگەیەکی ئورارتییەکان لە نزیک قەڵای وان

20221123125102447234=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دۆزینەوەی پەرستگەیەکی ئورارتییەکان لە نزیک قەڵای وان
ئامادەکردنی: سارا سەردار

لە میانی ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لە ناوچەی قەڵای کۆرزوتی ئەنجام دراون، پاشماوەکانی پەرستگەیەک، لەگەڵ هەندێک سیرامیک و پارچە زێڕ و سکە دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بۆ سەردەمی ئورارتۆییەکان لە ناوچەی وان دەگەڕێتەوە.
کارەکانی گەڕان بەدوای ئەم شوێنەوارەدا لە ساڵی 2016ەوە بۆ یەکەمجار لەژێر سەرپەرشتیی ئیدارەی مۆزەخانەی وان بە مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار (لەو قەڵایەی کە لەلایەن شای ئورارتی مینوا لە ناوچەی بەردینی ناحیەی ئولۆشار دروست کراوە) دەستی پێکردووە کە قەڵاکە، 9 کم لە قەزای مۆرادیاوە دوورە.
بەشی شوێنەوارناسی لە فاکەڵتی ئەدەبیات لە زانکۆی وان، لە درێژەی ئەم پشکنینە شوێنەوارییە دیواری قەڵای 8 مەتربیان دۆزیوەتەوە، کە لە جۆری خۆی کەموێنەیە.
لەو ناوچەیەی کە ئەم شوێنەوارانە دۆزراونەتەوە، پەرستگەیەک هەیە کە بەرزییەکەی 140 سم و درێژییەکەی 8 مەتر و پانییەکەی 7 مەتر بێ ڕیزۆم، سیرامیکی جامدار و بێجام کە سەر بە سەدەکانی ناوەڕاستە، گۆڕێکی چەند ژووری و هەروەها چەندان بابەتی ڕازاندنەوە وەک ملوانکە و دەنکۆڵە و دراوێکی سەردەمی بێزەنتی دۆزرایەوە.
مەلیح ئایدۆغان، پارێزگاری وان و جێگری سەرۆکی شارەوانی، کە سەرپەرشتیی شوێنی هەڵکەندنەکەی کردووە، دەڵێت، ئەو کارانەی لە یەکێک لە یەکەم قەڵاکانی شارستانیەتی ئورارتی دەستی پێکردووە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتر بەگەشتیاریکردنی ئەم ناوچەیە.
ئایدۆغان ڕایگەیاند کە ئەو شوێنەوارانەی سەر بە دەسەڵاتداری ئورارتۆییەکانن کە نزیکەی 3 هەزار ساڵ لەمەوبەر لەم ناوچەیەدا ژیاون دۆزراونەتەوە و وتی: ئەم شوێنە دەبێتە یەکێک لە کارە مێژوویی گرنگەکانی ناوچەکەمان و یارمەتیدەرێکی زۆر دەبێت بۆ گەشتوگوزار. ئەو زانیارییانەی لەم پەرستگەیە بەدەست هاتوون بەم شێوەیەن: جیاواز لە پەرستگەکانی ئورارتو کە تا ئێستا ناسراون، ئەمە پەرستگەیەکە پێدەچێت یەکێک بێت لە کۆنترین پێکهاتەکانی پەرستگە لە نێوان قەڵاکانی ئورارتیدا. دیوارەکانی دەوروبەری قەڵاکەش وەک ئەم پەرستگەیە زۆر گرنگە چونکە زۆر بەرز و پتەون، نزیکەی 3 بینای زۆر جیاواز هەیە کە پێکهاتوون لە کۆشک و کۆگا و پەرستگا و شوێنی گشتی لە قەڵاکەدا کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە هێکتارێکە.
گومانی تێدا نییە کە قەڵاکە لەلایەن ئورارتۆییەکانەوە دروست کراوە، بەڵام دۆزراوەکان دەری دەخەن کە دوای ئۆرارتۆییەکانیش بەکار هێنراوە، چەندان سیرامیکی جامدار و بێ جام لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، دراوێکە لە سەردەمی بیزەنتین، یەکێکە لە گرنگترین کەلوپەلە دۆزراوەکانی ئەم کنە و پشکنینە شوێنەوارییە.
قەڵای کورزۆت کە قەبارەکەی x110325 مەتر دەبێت، لەسەر گردێکی بەردین لە دەشتی مۆرادییە لەلایەن پاشای ئورارتی

مینوا لە ساڵانی 810-785 پێش زایین دروستکراوە.
ئەم قەڵایە یەکێکە لە کۆنترین قەڵاکانی ئورارتی کە لەلایەن شا مینۆا دروست کراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی پاسکورد - 2022-11-23
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-23
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 201

دۆزینەوەی چەندین پارچە ئاسەواری سەردەمی ساسانییەکان لە خانەقین

2014061120290076651=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان- سۆران کەریم

لەکاتی گەڕان بەدوای گۆڕی بە کۆمەڵ لە گەڕەکێکی شاری خانەقین، چەندین پارچە ئاسەواری کۆن دەدۆزرێتەوە و لەلایەن تیمێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، بەشێکیان لێهەڵدەگیرێتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، بە خەندان_ی ڕاگەیاند : لەلایەن ئیدارەی گەرمیان ئاگادار کراینەوە بەوەی لە کاتی کارکردنی لیژنەیەکی سەر بە مافەکانی مرۆڤ لە گەڕەکی بەختیاری خانەقین، کە بەدوای گۆڕی بەکۆمەڵدا دەگەڕان، چەند پارچە ئاسەوارێک دۆزراوەتەوە.

ئاماژەی بەوەشدا، کە ڕاستەوخۆ لیژنەیان پێکهێناوە و دەستیانکردووە بە گەڕان لە و شوێنەدا، وتیشی : چەند پارچە ئاسەوارێکی کۆن کە بە پێی زانیاری و ئاماژەکان، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان.

جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ئەوەشی خستەڕوو، کە پارچەکان بریتین لە گۆزە و بەردی عەقیق و جام و دراو و چەند پارچەیەکی دیکە، وتیشی : دوو ڕۆژ لەوشوێنەدا کارمان کرد، ودەرئەکەوێت کە گۆڕێکی کۆن بێت، بەڵام لەبەر کەمی بودجە کارکردنمان تیایدا ڕاگرت تا ئەوکاتەی بودجەی پێویستی بۆ دابین دەکەین، هاوکات بەهۆی دۆزینەوەی ئە و ئاسەوارانەوە کارکردنی لیژنەکەی مافی مرۆڤیش ڕاگیرا.

- 2014-06-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-06-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 202

دۆزینەوەی شوێنەوارێک لەراپەرین مێژووەکەی 6 هەزار ساڵە

2016010722551193474=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوارۆژ، محەمەد مستەفا

تیمێکی زانکۆی کۆبنهاگن-ی دانیمارکی لە ئەنجامی کاری گەڕان و پشکنین بۆ شوێنەوارەکانی دەڤەری ڕاپەڕین شوێنەوارێک دەدۆزنەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر.

بارزان بایز، بەڕێوبەری شوێنەواری ڕاپەڕین بە (دوارۆژ)ی ڕاگەیاند، دوای سێ ساڵی بەردەوام کاری کنە و پشکنین لە سنوری قەزای ڕانیە لەئێستادا لەلایەن تیمێکی زانکۆی کۆبنهاگنی دانیمارکی لە گردی شوینەواری (باب و کوڕ) بینایەکی مێژووی سەردەمی سۆمەرییەکان دۆزراوەتەوە.

وتیشی، لەو بینایەدا چەندین کەلوپەلی بەکارهاتووی بەنرخ دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئۆروک)ی سۆمەرییەکان، کە 6000 ساڵ لەمەوبەر لە سنوورەکەدا فەرمانڕەوایەتیان کردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-01-07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 203

دۆزینەوەی نووسینێکی بزماریی لەقەڵاتی دینکەی پشدەر

2016010613041493417=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر چەندە بەداخەوە بەشێک لەبەڵگەنامەکە لەناوچووە، بەڵام ئەوەی کە ماوە باس لەرێککەوتنێکی کڕین و فرۆشتن دەکات، ئەویش فرۆشتنی کۆیلەیەکی ژنە بەناوی(کابلا)لەلایەن کەسێکەوە بەناوی(هازە)بەیڕی(14)کیلۆ مس بەکەسێکی تر بەناوی(ئووردی)کە ئەویش خزمەتکارو پیاوی کەسێکی تر بووە بەناوی(ئیزاردوری)، لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە کە مامەڵەکە تەواو بووە بەشێوەیەک ژنەکە تسلیم کراوەو پارەکەش دراوە، ئاماژەش بەدوو شاهێد کراوە یەکێکیان بەناوی(نینوایوو)و ئەوەی تریشیان بەناوی(هاروازوو)کە ناونیشانەکەی بەخزمەتکاری کۆشک نووسراوەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(725)ساڵ پێش زایین.

جێگای ئاماژەیە، نامەکە لەقەڵاتی دینکەی گوندی نوورەدین-ی ناوچەی پشدەر لەلایەن هاوڵاتیەکەوە دۆزراوەتەو لەساڵی(2015)دا پێشکەش بە(مەلا سمایل نوورەدینی)کراوە، ئەویش نامەکەی پیشانی پرۆفیسۆر(Karen Radner)ی نەمسایی مامۆستا لەزانکۆی(میونخ)ی ئەڵمانیا داوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەویش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەتوێژینەوەیەک دا بڵاوی کردۆتەوە، بڕیاریشی داوە بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی زیاتر ماوەی(5)ساڵ کاری کنەو پشکینین بۆ ئەو قەڵاتە ئەنجام بدات.

بەسوپاسەوە لەئەکاونتی مەلا ئیسمایل وەرگیراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-01-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 204

دۆزینەوەی کۆنترین کارگەی شەراب لە شاری دهۆک

2021120113380839721 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دۆزینەوەی کۆنترین کارگەی شەراب لە شاری دهۆک میدیا جیهانیەکانی هەژاندوە[1]

زۆرێک لە میدیا جیهانیەکان هەواڵی دۆزینەوەی کارگەیەکی شەرابیان لە دهۆک بڵاوکردەوە کە مێژووەکەی بۆ 2700 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

دەیان سایتی جیهانی لەوانە(رۆیتەرز و سی ئێن ئێن و فۆکس نیوس و چەندانی تر)بە گرنگیەوە هەواڵی دۆزینەوەی کۆنترین کارگەی شەرابیان لەلایەن تیمێکی ئیتالیەوە دۆزیەوە.

تێبینی: خەلکی کوردستان بە هۆی ترێ بەناوبانگەکەیەوە لە مێژودا بەوە ناسراون شەرابی چاکیان هەبوە، زەینەفۆنی یۆنانی بە لەشکرێکەوە لە ساڵی 401 پێش زاین بە ناوچەکانی دهۆکدا گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان باس لەوە دەکات خانووی هەموو مالێکی کاردۆخی(کوردەکان) پربوە لە شەراب.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | شوێنەوارو مێژووی کورد

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 205

دۆزینەوەیەکی دەگمەن لە کوردستان بۆ سەردەمی عومەری کوری خەتاب دەگەڕێتەوە

2021122414121539939 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دۆزینەوەیەکی دەگمەن لە کوردستان
بۆ سەردەمی عومەری کوری خەتاب دەگەڕێتەوە
لەسەر بەردێک ساتی هاتنی مسوڵمانەکان بۆ کوردستان لە ساڵی 18 کۆچی لەسەردەمی عومەری کوری خەتاب تۆمارکراوە بە زمانی عەرەبی.
ئەم بەردە لە گوندی شوش لە نزیک شارۆچکەی ئاکرێ دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەیجی شوێنەوارەکانی کوردستان
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 206

دۆڵی بارام

201003021206133803=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە شاری ماداکتۆ لە ئیلام.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ویکیپیدیا

کاتی تۆمارکردن: 2010-03-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 207

دیمەنی نەوازەی ئەشکەوتی سێدەری

20230204143652463901=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: دیمەنی نەوازەی ئەشکەوتی سێدەری
ئامادەکردنی: محەمەد هەسنانی

بەرنزێر ناوچەیەکی سرووشتی و سەرنجڕاکێشە، دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی مێرگەسۆر، لە شوێنەکەدا ئەشکەوتێکی سێ دەرگا هەیە، بەمەش ناونراوە سێدەر، جیاوازە لە ئەشکەوتە سرووشتییەکانی دیکەی ناوچەکە، دیمەنێکی ناوازە و قەبارەیەکی گەورە و سەرنجڕاکێشی هەیە.
سۆران ئەمیر بەڕێوەبەری شوێنەواری شارۆچکەی مێرگەسۆر، بە (باسکورد)ی ڕاگەیاند، لە سنوورەکەمان چەندین ئەشکەوت و ناوچەی شوێنەوارپی گرنگ و سەرنجڕاکێش هەن، یەکێک لەو شوێنانەش بریتییە لە بەرنزێر، کە ناوچەیەکی سرووشتی و سەرنجڕاکێشە و بەدووریی سێ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ئەشکەوتی شانەدەر لە سنووری شارۆچکەی مێرگەسۆر، لە ناوچەکەدا دوو ئەشکەوتی گەورەی لێیە، کە بە سێدەر ناو دەبردرێن.
ئاماژەی بەوەش دا، لە ناوچەکەدا ئەشکەوتێکی لێیە، کە سێ دەرگای هەیە، یەکێکیان لە باکوورە و ڕووی لە ئەشکەوتی شانەدرە، ئەوەی دیکەیان لە باشوورە و دەرگایەکەی دیکەیشی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە لەلای دەرگای باشوور، بەمەش ئەشکەوتەکە ناونراوە سێدەر، نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە زێی گەورە دوورە، دیمەنەکانی سێدەر سەرنجڕاکیش و جوانن، بەپێی لێکۆڵینەوەکان، بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی وەک پەناگەیەک بەکار هاتوون بۆ ژیان و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات.
بەڕێوەبەری شوێنەواری شارۆچکەی مێرگەسۆر وتیشی: "ئەشکەوتی سێدەر جیاوازە لەو ئەشکەوتە سرووشتییانەی، کە لە ناوچەکەدا هەن، بەهۆی قەبارەی گەورەی ئەشکەوتەکە و هەبوونی سێ دەرگای سەرەکی بەرەو ڕۆژهەڵات و باکووری ئەشکەوتی شانەدەر و دەرگایەکی بچووک لە دیوی کۆتایی ئەشکەوتەکە، کە نزیکەی نیومەترێک بڵندە و پانییەکەیشی دوو مەترە و لەسەر زگ بەرەو دواوە مرۆڤ لێوەی دەچێتە ژوورەوە، ئەوکات دەچێتە دیوی ژوورەوەی ئەشکەوتەکەوە، کە زۆر فراوان و گەورەیە."
ئەو بەڕێوەبەرەی شوێنەوار ئاماژەی بەوەش کرد: پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم شوێنە گرنگە بکرێت، چونکە بەهۆی سرووشتی ناوچەکە و نزیکیی لە ئەشکەوتی شانەدەر، کە مرۆڤی نیاندەرتاڵی لێ ژیاوە و بەدرێژایی ژیان پەناگەیەک بووە بۆ مرۆڤ و بەهۆی نزیکیشی لە زێی گەورە و شوێنەواری زەڤیا چەمێ، دەکرێ سێدەرە بکرێتە ناوچەیەکی شوێنەواری و گەشتیارپی گرنگ لە ناوچەکەدا.
سۆران ئەمیر بەڕێوەبەری شوێنەواری شارۆچکەی مێرگەسۆر، ئاشکراشی دەکات، ئەو ئەشکەوت و ناوچە شوێنەوارانەی لە سنوورەکەیان هەن، پلانیان بۆیان هەیە، کە لەداهاتوودا لێکۆڵینەوە و کنین و پشکنینیان تێدابکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
سەدە: چاخی بەردینی کۆن
شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-02-04 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-02-04
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 208

دیواری کورد لە بەیتولمەقدیس

2010101609504610109=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئۆرشەلیم - ئیسرائیل
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ئیسرائیل

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-10-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 209

دیوارێکی 2700 ساڵە بەدرێژایی 115کیلۆمەتر لە کرماشان دۆزرایەوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20191107134818374950

دیوارێکی 2700 ساڵە لە ڕۆژاوای پارێزگای کرماشان دۆزراوەتەوە کە پانییەکەی چوار مەتر و بەرزاییەکەی سێ مەترە، تا ئێستا بە درێژایی 115 کم لەم دیوارە ئاشکرا بووە.
مێژووناسەکان ئەم دیوارە بە هاوتای دیواری باستانی 'هادریان' لە بەریتانیا دەزانن کە بە دەستی ڕۆمییەکان لە 500 ساڵی پێش زایین درووستکراوە.
ئەم دیوارە بەردینە لە کوێستانی 'بەمۆ' لە سەرپێل زەهاو دەستپێدەکات و دەگاتە گوندی 'ژاومەرگ' لەنێوان شارەکانی شاباد و سەرمەست لە پارێزگای کرماشان، ئەو کەلوپەلە گلینانەی لە نزیک ئەم دیوارە دۆزراونەتەوە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی چوار تا شەشی پێشزاین.
شوێنەواری بیناکانی دەوروبەری ئەم دیوارە، کە ئێستا وێران بوون، لە زۆربەی ناوچەکان لەپاڵ دیوارەکان دەبینرێن و ڕێژەی یەک ملیۆن مەتری چوارجا بەرد لەخۆ دەگرێت کە بۆ درووستکردنیان پێویستی بەکار، کات و کەلوپەلێکی زۆر بووە.
سەرەڕای ئەوەی ئەم دیوارە ئێستا بۆ مێژووناسان ئاشکرا بووە بەڵام خەڵکی ناوچەکە لە مێژەوە بە دیواری گاوری دەیناسن و لە هەبوونی ئاگاداربوون.
سجاد عەلی بەیگی، خوێندکاری دۆکتۆرای باستان ناسی، لە بابەتێک کە لەسەر دۆزینەوەی ئەم دیوارە بڵاویکردووەتەوە، نووسیویەتی: لەوانەیە ئەم دیوارە سنووری ئیمپراتۆرییەکی باستانی بێت کە بۆ بەرگری درووستکرابێت و لەوانەشە درێژاییەکەی زۆر زیاتربێت لەوە کە ئێستا دەوترێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 210

دیوانخانە - کۆشکی فەرمانڕەوای کرماشان

2014120522182278133=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 211

دیوەخان و کۆشکی سەمەد ئاغای حەوێزی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220105144529400467

دیوەخان و کۆشکی سەمەد ئاغای حەوێزی
تەمەنی ئەم کۆشکە(250) ساڵە، دیوەخانی کۆڕبەندی کەسایەتییەکانی کۆیە بووە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی کۆشکی(سەمەد ئاغای حەوێزی) تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی(بەفری قەندیل)ی کۆیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خانوو
دەیە:	60ەکان (60-69)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-05
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 212
دێر ئەرادان

2023062300300649997 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دێر ئەرادان یان دێری سوڵتانە مەهادۆخت

دێری ئەرادان کە بە دێری سوڵتانە مەهادۆختیش ناسراوە، یەکێک لە پێگە شوێنەواری و ئایینییەکانی پارێزگای دهۆکە کە لەناو لیستی شوێنە شوێنەوار و مێژوویییەکانی ئێراق تۆمارکراوە، بە گوتەی هەندێ سەرچاوە، مێژووی درووستکردنی ئەم دێرە بۆ ساڵی 319 زایینی دەگەڕێتەوە، واتا هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتداریی ساسانییەکان لە ناوچەکانی کوردستان.

هەڵکەوتەی جۆگرافیایی دێری ئەرادان

ئەم دێرە دەکەوێتە گوندی ئەدرنای خواروو، کە هەموو دانیشتووانی پەیرەوانی ئایینی کریستیانن. بینای دێرەکە لە دوو ژووری گەورە پێکدێت، بە شێوەیەک، کە لە ژووری یەکەم بە سێ هەنگاوی گەورە دەگەیتە ژووری دووەم، کە لە گۆشەی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم ژوورە شوێنی پیرۆز و تایبەت بۆ قوربانیکردنی لێیە، کە هەر لەو شوێنەش گۆڕی خزمەتکاری دێرەکەی لێیە.

هەموو ساڵێ لە 15ی مانگی ئایار، زۆربەی کریستیانیەکانی جیهان سەردانی ئەم شوێنە دەکەن، بە مەبەستی پیرۆزکردن و جێبەجێکردنی جەژنی شینبوونەوە و سەوزایی، کە بۆنەیەکی تایبەت بە حەزرەتی مەریەمە.

چیرۆکی هاتنی مەهادۆخت و خوشکەکەی بۆ ئەم دەڤەرە، بۆ دوو چیرۆک دەگەڕێتەوە، کە خەڵک باسی دەکەن، یەکەم ئەوەی ئەم دوو خوشکە بۆیە نێردراون بۆ ئەم شوێنە، چونکە حەزیان لە خوێندنی قوتابخانە نەبووە، بۆیە هاتوونەتەوە ئەوێ، بۆ ئەوەی فێری خوێندنی ئایینی و دینداری بن. چیرۆکێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ: مەهادۆخت و خوشکەکەی لەژێر گوشاری ئایینی، کە لەلایەن ساسانییەکان و خەڵکی دیکە بۆ یان درووست کرابوو، بەرەو ئەم ناوچەیە هاتوون و لەوێ سەرقاڵی خوێندنی ئایینی دەبن و هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی خەڵک و ئایینەکەیان تەرخان دەکەن، بەڵام لەدوای چەند ساڵ لەلایەن کەسانی ناکریستیان، کە دژایەتیی مەهادۆخت و کریستیانییەتیان دەکرد، هەر لەو گوندە و لە دێرەکەی خۆیان دەکوژرێن.

لەدوای کوژرانی مەهادۆخت بە چەند ساڵێک، ڕێبوارێک لەو شوێنە تێدەپەڕێت و ڕووناکییەک دەبینێت، کە لە گۆڕی مەهادۆخت و خوشکەکەی دێتە دەرێ، بۆیە شوێنەکە هەڵدەکۆڵێت و دوو کەڵەسەر دەدۆزێتەوە و هەڵیاندەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیانبات. هەتا چەند ساڵێک، کە شەوێک خەون بە مەهادۆخت دەبینێت و داوای لێ دەکات، کەڵەسەرەکان بۆ ئەو شوێنەی لێی هەڵگرتووە بگەڕێنێتەوە و بیانێژێت، بۆیە ڕێبوارەکە هەمان کار دەکات و بۆ دواجار تەرمەکەی مەهادۆخت و خوشکەکەی لە دێری مەهادۆخت دەنێژرێت.

سەبارەت بە کەلوپەلی بەکارهاتوو بۆ ئەم بینایە، چیرۆکێک هەیە دەڵێ: بەردەکانی ئەم دێرە هەمووی لە چیای گارەوە هێنراون، بەبێ ئەوەی بە ئەرز بکەون، لێرەش مەبەست ئەوەیە، کە بەردەکان دەست بە دەست لە گارەوە بۆ ئەم دێرە گوازراونەتەوە.

مەهادۆخت وشەیەکی کۆنی زمانی فارسییە، کە بۆ سەردەمی ئەخمینییەکان دەگەڕێتەوە و بە واتای کچی مانگ، یان کچێک، کە لە جوانیا وەک مانگ بێت، هاتووە.

ئەم دێرە مێژوویی و دێرینە هەتا ئێستاش هەر ئاوەدانە و بە ڕووی خەڵکدا کراوەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

دەیە: 10یەکان (10-19)

سەدە: سەدەی 04 (0300- 0399)

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-23

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 213

دێری ئاختامار

2014050714061676097=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دێری ئاختامار، بەدووری 54 کم دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری وانی باکووری کوردستان و لەناو دوورگەیەکی دەریاچەی وانە کە ناوی دوورگەکەش هەر ئاختامارە.
ئەو دێرە لەنێوان ساڵانی 908 بۆ 921 لەلایەن ئەرمەنییەکان دروستکراوە و هەتا ساڵی 1021 وەک کڵێسای ئەرمەنییەکان بەکارهێنراوە و دواتریش بۆ ماوەیەکی درێژ بووە بە گەورەترین ناوەندی کەلتوری ئەرمەنییەکانی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ.
دێری ئاختامار لەناو دەریاچەی وان، بووە بە شوێنێکی گەشتیاری و بەردەوام گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.
دێری ئاختامار، بەپێی ئەفسانەی ئەرمەنی، (تامار) ناوی کچی قەشەیەکی ئەرمەنی بووە، کوڕێکی موسوڵمان عاشقی بووە، ئەو کوڕە بە مەلە هەموو ڕۆژێک چووە بۆ بینینی تامار، ئێوارەیەک تامار و چراکەی لە چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی دەبێت، باوکی تامار هەستپێدەکات و دەچێت کچەکەی دەباتەوە و زیندانی دەکات.
کوڕەکە بەردەوام دەبێت لە پەڕینەوە بۆ دوورگەکە، کە ماڵی کچەکەی لێیە، کاتێک نزیک دەبێتەوە، چراکە دەبینێت و نازانێت کە ئەو چرایە بەدەستی باوکی کچەکەوەیە، باوکی کچەکە هەرجارەیان چراکە دەباتە شوێنێکی جیاوازی دوورگەکە، کوڕەکەش لەگەڵ چراکە بەردەوام ئاڕاستەی ڕۆشتنەکەی دەگۆڕێت هەتا لەو شەوەدا دەخنکێت و دواهەمین وشە کە بەهاوارکردنەوە دەیڵێت؛ ئاخ تامارە، دواتریش تامار خۆی ژەهرخوارد دەکات و دەمرێت، بەوهۆیەوە ناوی دێرەکە و دوورگەکە بووە بە ئاختامار.
جۆرەها وێنە، نەخش و نیگار لەسەر ئەم بینایە دروست کراوە، کەهەندێکیان گوزارشت لە کاری ڕۆژانەی خەڵکی ئەوسا دەکەن، هەندێکی تریان گوزارشتی بەسەرهات و چیرۆکی پێغەمبەران (هەر لە ئادەمەوە تا عیسا) دەکەن، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێت، دەتوانرێت مێژووی ئەو دێرە بەنووسین و نەخش و نیگارەکانی بزانرێت و بنوسرێتەوە.
هەروەها لەم دێرەدا فێرگە هەبووە بۆ پێگەیاندنی قەشە، بەڵام لە کۆمەڵکووژی ئەرمەنیەکان ڕوخاوە، ئێستا شوێنەواری فێرگەکە ماوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-07

کاتی تۆمارکردن: 2014-05-07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 214

دێری ڕەبان هورمزد

2013082709325989086=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: دێری ڕەبان هورمزد لە ئەلقووش

دێری ڕەبان هورمزد دێرێکی کۆن و مێژوویە لە شارەدێی ئەلقووش و دەشتی نەینەوا، کە نزیکەی 30 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک و 3 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئەلقووشەوە دوورە، ئەم دێرە لەسەر لوتکەی چیای ئەلقووش درووست کراوە.
مێژووی ئەم دێرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 640ی زایینی و بە یەکێک لە دێرە بەناوبانگەکانی کوردستان و ئێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بەو پێیەی، پێگەیەکی بەناوبانگی لە کڵێسەی ڕۆژهەڵاتدا هەبووە، بەتایبەت لە سەدەی دەیەم و یازدەیەمدا، کە بووەتە ناوەندی کڵێسەی ڕۆژهەڵات.
فۆتۆ: سۆزان سنەیی[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

سەدە: سەدەی 07 (0600- 0699)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسکورد - 2023-03-25

کاتی تۆمارکردن: 2013-08-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 215

دێری عاسی لە شنگال

2014042221421475931=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-04-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 216

دێری مار مەتی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230623213819500356

دێری مار مەتی
ئامادەکردن و فۆتۆ: سەوسەن سنەیی
یەکێک لە شوێنە گرنگە گەشتیارییەکان لە سنووری باشووری کوردستان کلێسا و دێری مار مەتی، پەرستگایەکی کۆنی ئایینی جوو و کریستیانە کە دەکەوێتە سەر چیای مەقلووب لە ڕۆژاوای هەولێر و باکووری شاری مووسڵ، هەروەها یەکێکە لە شوێنە گرنگە گەشتیارییە ناسراوەکان لە کوردستان و ئێراق.
ئەم کلێسایە سەر بە مەترانی ئۆرتۆدۆکسی سریانییە، لە سەدەی چوارەمی زایینی لەلایەن مار مەتی ناسکی سریانی دامەزراوە، دواتر چەندین هەزار ڕاهیبە و پیاوی ئایینی پەیوەندییان پێوە کردووە.
ئەم پەرستگایە کە پەرەستگەی (سانت مەتی ناسک) یشی پێ دەگوترێت، لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی لەلایەن سانت مار مەتی، بە هاوکاریی پاشا سەنحاریب درووست کراوە، کلێسا و کانیاو و شوێنی خواردن و شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ پیاوەئایینییەکان تێدا درووست کراوە، پەرستگاکە بە دیوارێکی ئەستووری لە بەرد درووستکراوی گەورە دەورە دراوە.
ئەم پەرەستگایە، لە ساڵی 480دا کەوتووەتە بەر شاڵاوی تاڵانکردن و ئاگری تێبەردراوە و هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانی کلێساکە، بەتایبەت پەرتووکخانەکەی بوون بە خەڵووز و قوربانی ئاگر بوون. کۆتایی سەدەی شەشەم و حەوتەم، بەهۆی ناوبانگی پەیمانگاکەی و پەرتووکخانە دەوڵەمەندەکەیەوە، بووە بە ناوەندێکی گرنگ لە کلێسای ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها ئەم دێرە بە یەکێک لە شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانیەکان دادەنرێت و ساڵانە هەزاران کریستیانی کوردستان و ئێراق بۆ مەبەستی گەشتیاری و ئەنجامدانی مەراسیمە ئایینییەکانیان ڕووی تێدەکەن.
بیناسازیی کلێساکە لە هەندێ شوێندا دەچێتەوە سەر ڕێچکەی بیناسازیی ڕۆمانی و لە هەندێ شوێندا وەک هونەری تەلارسازیی ئاشووری دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەم پەرستگایە چەند جارێک نۆژەن کراوەتەوە.
دیوارەکانی ئەستوورن و بە قسڵ و بەردی گەورەوە درووست کراون، کە ئەمەش جۆرێکە لەتەکنیکی بیناسازیی سەردەمی (ڕۆمانسکی) .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەی 04 (0300- 0399)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-06-21 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-06-23
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 217

دەربەندی بازیان

2015031511481384869=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

زۆربەمان لەسەر ڕێگەی چونمان بۆ چەمچەماڵ و کەرکووک و هەولێر لە دەروازەی ئەم شورایەوە تێ پەڕیووین، بەڵام کەممان بۆ ساتێک لاماندواوە گەشتێک بە دەوروبەریدا بکەین. ماوەیەک لەمەوبەر لەکاتی گەڕانەوەم لە چەمچەماڵ دابەزیم و ئەوەی لە گەرانەکەمدا دیقەتم دا وێرای ئەو خەرجی و ماندوبوونەی کە لە نوێکردنەوە و درووست کردنی ئەم شوێنەدا بەکار هاتووە، بیر لەوە نەکراوەتەوە لەسەر تابلۆیەک زانیارییەک لەسەر ئەم شوێنەوارە بەوانە ببەخشرێت کە سەردانی ئەم شوێنە دەکەن و زۆر کەس وا دەزانێت ئەم شورایە پەیوەندی بە شەری دەربەندی بازیانەوە هەیە و تەواو. بەڵام وەک لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتووە سێ هەزار ساڵ لەومەبەر ئاشور بانیپاڵ کاتێک ویستویەتی وڵاتی زاموا داگیر بکات ئەو شورایەی وەک هێلی بەرگری قەڵەمرەوی دەسەڵاتەکەی درووست کردووە و لە دوای ئەویش دارو پەردوی ڕوخاوی ئەم شورایە وتۆپۆگرافیای ئەم شوێنە بۆ هەمان مەبەست لەلایەن دەسەڵاتداران و میرە کوردییەکانەوە سوودی لێ بینراوە و هەر چەند سەد مەترێک بە ڕوکاری بازیاندا و لەم دیو شوراکەوە لە ساڵی 1919 شێخ مەحمودی نەمر دوای شەڕێکی بێ بەرانبەر لەپاڵ تاوێرە بەردێکدا بەسەختی بریندار دەبێت و بەدیلی دەگیرێت بۆیە هەڵبژاردەی ئەم ناوچەیە و بۆ بەرەنگاری لەلایەن شێخی نەمرەوە هەر لەو سۆنگەیەوە بووە، پاش کۆڕەوی ساڵی 1991 یش کاتێک هێزەکانی ڕژێمی ئێراق لە ناوچەکانی سلێمانی وەدەرنران و لە زنجیرەی بان مەقان گیرسانەوە جارێکی تر و تا ساڵی 2003 هەرچەندە چەمچەماڵ و تەکێ ناوچەی ڕزگار کراو بوون. بەڵام شوێنی ئەم شورایە وەک هێڵێکی بەرگری هێزی پێشمەرگە سوودی لێ بینرا. جا خۆزیا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار ئەم چەند دێرەی بە زانیاری وردترەوە لەسەر تابلۆیەک دەنووسی.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (کاروان شێخ عوسمان)

کاتی تۆمارکردن: 2015-03-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 218

دەربەندی بێلولە

2012090817033572982=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی دەربەندی بێلولە، ئەو گوندە لەسنووری ناحیەی(مەیدانی سەر بەقەزای خانەقین-ە.
لەسەر چیایەک هەڵکۆڵراوە کە زیاتر لە(150)مەتر لەبنکەی چیاکەوە دوورە، بەرزی ئەو نەخشەیە(90)سەنتیمەترە....بەپێی نووسینە مسماریەکانی سەر ئەو وێنە هەڵکۆڵراوە کە بەچەند شێوەیەک ناوی پاشا(تارونی)خوێندراوەتەوە، بۆچوونی وا هەیە کە وێنەکانی نەخشەکە کۆنترن لەنووسینەکە.
سەبارەت بەمێژووی نەخشەکە وەک شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی گەرمیان ئاماژەی پێدەکەن، بۆچوونی جیاواز هەیە.
شارەزایەکی شوێنەوارناسی بیانی سەردەمی نەخشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ماوەی فەرمانڕەوایی(ئەکەدییەکان)ی بنەماڵەی(ئووری سێیەم)واتە(2350–2230)بۆ(2112–2006)پێش زایین، کە فەرمانڕەواییان لەو ناوچانەکردوە. واتە ئەو ناوچەیەی کە نەخشەکەی تێدا هەڵکۆڵراوە، ماوەیەک ناوچەی وڵاتی(لولوبیەکان)بووە.
لەلایەکیترەوە بەبۆچونی شوێنەوارناس(دڵشاد عەزیز زاموا)ئەو نەخشەیە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم یان نۆزدەهەم(پێش زایین)ئەمەش بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک بەڵگەی هونەری.
لە پەیجی (کوردانی زەردەشتی) وەرگیراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 219

دەربەندی گاور

2013050510114378673=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-05-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 220

دەربەندیخان و شەمێران لە سێ هەزار و هەشت سەد ساڵ پێش ئێستا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211208170632398050

دەربەندیخان و شەمێران لە سێ هەزار و هەشت سەد ساڵ پێش ئێستا...
مێژوو بە بەڵگە بۆمانی دەگێڕێتەوە کە سەر زەمینی ئەم ناوچەیە زیاتر لە سێ هەزار و هەشت سەد ساڵێ پێش ئێستا شارێکی گەورەی پێشکەوتووی بەهێز بوە بەناوی شاری (شیمورو). دوواتر سنوری فراوانتر بووە بۆ شانشین.
ئەم شارە دێرینە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، کاتێک کە بنەماڵەی ئوری سێیەم و پاشای ئەکەد هێرش بۆسەر ئەم شارە دێنێت نازناوی (پادشای چوارلاکانی جیهان)ی لە خۆیناوە.
ئەی دەبێت پادشای ئەم مەملەکەتە کوردیە خۆڕاگر و بەهێزە کێ بوبێت ؟
پادشاو فەرمانڕەوای ئەم شارە (ئیدی سین) ە، ئیدی سین باوکی (زابازونا)یە و کوڕەکەشی هاوکاری باوکی بووە لە ململانێکاندا لەگەڵ داگیرکەرانی ئەو سەردەمە ڕەشانەی ئەوکاتیش کە هەمیشە نارەحەتی و پەرێشانی هەرگیز بەرۆکی دانیشتووانی نیشتمانی بەرنەداوە..
کاتێک (ئاشور ناسیپاڵ)ی دووەم لەساڵی(881 - 880)پێش زاین هێرش دێنێتە سەر ناوچەکانی ئەوکاتی سلێمانی و دەربەندیخان و شارەزوور و قەرەداغ و لە داستانی (نەرام سین) یشدا کە نووسراوەتە باس لە ناوچە یاخیبوەکان دەکات و سەرەتا ناوی شاری (شیمورو) دێنێت و دوواتر ناوی (ئینگی) پادشای (نامار) دێنێت کە لە سەردەمی ئاشوری نۆدا ئەم شارەش کەوتۆتە ناوچەی (خانەقین)کەمێک بەلای ڕۆژهەڵاتیدا.
شاری (شیمور) چەندین جار ناوی هاتووە لەلایەن بنەماڵەی ئوری سێیەمەوە بە تایبەت پادشا(شولگی).
سەرەتا لێکۆڵەران وایان دانابوو ئەم شارە لە ناوچەی (پردێ)یە، بەڵام نوێترین لێکۆڵینەوەو دەرخستنی تیمی تایبەت بە سەرپەرشتی (ئایدن) لەساڵی 1997 وە دەستکرا بە دەرخستەو پشکنین و دوواجار دەرکەوت کە جەرگەی شارەکە کەوتۆتە ناوچەی دەربەندیخان و بەشێکی شەمێران.
لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی پادشا (شولگی) بنەماڵەی ئوری سێیەم دووای شەڕێکی سەخت و ململانێیەکی بەهێز دوواجار دەستگیراوە بەسەر ئەم شارەداو بە تەواوەتی شارەکەی وێران کردووە.
شاری (شیمورو) بۆ نزیکەی نۆ جاری لەسەر یەک لەلایەن داگیرکەران و نەیارەکانی ئەو سەردەمەوە داگیرکراوە.
(ئیدی سین) و (زابازونا) لەسەر چوار پارچە بەردی نووسراو کەلە ناوچەی (بێتواتە) بەدەست کەوتن وەک و دوو پادشای ئەم شارە ناویان هاتووە و هەر لەسەر دەقی نووسراوی نووسینەکەش ئەم نووسینە هەیە (سەرەتا ناوی هەردوو پادشا ئیدی سین و زابازونا دێت و پاشان دەڵێت: وڵاتی (کوڵوننوم) یاخی بوو شەڕی کرد دژی زابازونا کوڕی ئیدی سین، پاش لەناوبردنی خوداوەندەکانیش دەڵێت کوڕی پاشا شارەکەی وێرانکرد و دوواتر نەفرەت لەو کەسە دەکات دەستکاری ئەم یادگاریە دەکات کە درووستی کردوون.
دووای لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەو بەردە نووسراوەی ناو مۆزەخانەی سلێمانی کە بە بەردەکەی غەریب هەڵەدنی ناسراوەو چونکە ئەو خۆی لەسەردەمی شۆڕش پاراستبووی و چاودێری کردبوو کە لە گوندی (قەرەچەتان) سەربە پیرەمەگروون

دۆزیبویەوەو دوواتر هێنای بۆ مۆزەخانە دوور لە ڕەفتاری بەرپرسەکانی ئەمڕۆ..
وەک و کاری مەیدانی خۆم لێکۆڵینەوەم بۆ کرد بە پشتبەستن بە هاوڕێ ئەزیزم دکتۆر کۆزاد و ڕافیدەخان کە دەرکەوت لەسەر ئەو بەردە ڕەنگ سپیە جوانە پڕ نووسینە کە نزیکەی سەد و پێنج دێڕە ناوی ئەو شەڕانە هاتووە کە پادشا (ئیدی سین) کردوویەتی لەگەڵ نەیارەکانیدا.
وشەیەکی ترم دەستکەوت لە نووسینی سەر ئەو بەردە بەم شێوەبوو (با..نی..نی) کە ناوی (ئانوبانینی) پادشای گەلی (لۆلۆی)ە و ڕافیدەخانیش هەمان بۆچوونی هەبووە کە پێدەچێت (ئیدی سین) و (زابازونا) لەهەمان سەردەمی (ئانوبانینی) لۆلۆیدا ژیابێتن.
بەڵام ئەوەی جێی داخە لەساڵی 1964 لە ناوچەی بێتواتە لەلایەن کۆمەڵێک فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکووکەوە ڕێیان کەوت لە کۆمەڵێک ئاسەوار و شتومەکی مێژووی کە هی سەردەمی پادشا (ئیدی سین) و شاری (شیمورو) بووەو واتا موڵکی مێژووی ناوچەی دەربەندیخان و شەمێرانە و بەڵام زۆر بەداخەوە بەڕێگەی نهێنی هەموو ئەو کەرەستە و شتومەکە ئاسەواریانە براونەتە دەرەوەو بە بڕی پەنجا هەزار دۆلاری ئەو سەردەمە لە ڕێگەی بازرگانێکی جولەکەوە براوەتە مۆزەخانەی قودس.
دوواجار وەک و کاری مەیدانیم لە داهاتوودا هەنگاوی ئەوە دەگرمەبەر بەسەرپەرشتی مۆزەخانەی سلێمانی بڕۆمە مۆزەخانەی قودس و سەرجەم ئەو زانیاریانە بهێنمەوە کوردستان و بیکەمەوە دەقێکی گەوهەری بەڵگەنامەی مێژووی ناوچەکە..
نووسین و کۆکردنەوەو کاری مەیدانی : کۆچەر کەریم حەمە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆچەر کەریم حەمە
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-08
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 221
دەرگای قەڵا لە ئامێدی

201010091805519918=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2010-10-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 222
دەرگای ماڵی سۆفی کەریم
2015121419152993126=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-12-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 223

دەرماناوە 1

2012042221523264602=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-04-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 224

دەروازەی سلێمانی لە کفری

2013122100534787143=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-12-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 225

دەشتی شارۆیران و ئەشکەوتی فەخرەقا

2015092217093 2127093=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کوردستان بەگشتی و ناوچەکانی بەشی خۆرهەلات بەتایبەتی، هەر لەکۆنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بووە و لەناو سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتە زلهێزو شارستانییەتە بەناوبانگەکانی ناوچەکەدا بووە، بەو هۆیەوە لەڕووی ئاوەدانی و ئابووریەوە ناوچەیەکی گرنگ بووە، هەر بۆیە لەئێستاشدا چەندین شوێنەوار و پاشماوەی دێرین و مێژوویی لەشێوەی قەلاو قەلات و گردو کەلاوەی شارو ئاواییەکانی تێدایە، بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەو شوێنانە تا ئێستا وەک پێویست کنە و پشکنینیان بۆ نەکراوە و مێژوویەکی دەوڵەمەند و پڕ لەزانیاریان لەئامێزی خۆیاندا حەشارداوە، یەکێک لەو شوێنە دیارو بەرچاوانەی کوردستان دەشتی شار وێران و گۆڕە لەشاخ داتاشراوەکەی فەخرەقایە، لەنزیک شاری مەهاباد کە دوو شوێنەواری زۆر بەناوبانگ و بەرچاوی باپیرانمانن.

بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان، ئەو دەشتە پان و بەرینەی نزیک مەهاباد کە بەشار وێران ناسراوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی مادەکان لەنێوان سالانی700-550پ.ز، شارێکی فراوان و بەناوبانگی وڵاتەکە بووە، لەوکاتەدا بەشار یدریاز ناوبراوە. بۆ سەلماندنی ئەو ئاوەدانی و بەناوبانگییەی ئەو شارەش لەوکاتەدا، ئیمپراتۆری ئەوکاتەی ڕۆمهیرا کلیوس-هرقل دوای نزیکەی8 سەدە لەنەمانی ماددەکان، لەهێرشێکیدا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان و بەتایبەت ناوچەکانی باشووری دەریاچەی ئوورمییە، ئاماژەی بەشارێک و پەرستگایەکی گەورەی پاشایان کردووە، هەروەها هیرا کلیوس لەو هێرشەیدا کاتژمێرێکی گەورەی لەو شارەدا بینیووە کە ڕۆمەکان هەتا ئەوکاتە ئامێزی لەو شێوەیەیان نەبینیووە، بەبڕوای زۆرێک لەشارەزایان و مێژووناسان، ئەو شارەی کە هیراکلیوس باسیکردووە، شاری دریازی ئەوکات و شارۆیرانی ئێستایە کە بەدووری 5کلم کەوتۆتە نزیک شاری مەهاباد و وێرانەکانی ئێستا گوندێکە بەناوی داریاز، بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا هیچ کنەو پشکنینێک لەوێرانەکانی ئەو شارە مێژوویەدا نەکراوە، بۆیە بەشارۆیران ناسراوە.

لەلایەکی تریشەوە بەڵگەیەکی تر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوونی گۆڕە داتاشراوەکەی شاخی فەخرەقایە، کە دەکەوێتە بەرانبەر دەشتی شارۆیران و بەدووری15کلم لەخۆرهەلاتی شاری مەهابادو لەخواروی گوندی ئیندرقاش هەڵکەوتووە. گۆڕە بەردینەکە لەناوەڕاستی شاخی فەخرەقا داتاشراوەو هەر بۆیەش بەو ناوەوە ناونراوە جێگای ئاماژەیە کە ئەو گۆڕە لەبەرهەیوانێک پێکهاتووە، کە بەدوو ستوونی لەبەرد درووستکراو ڕاگیرکراوە بەبەرزی 2 مەترو دە سانتیمەتر.

ئەو ئەشکەوتە3 گۆڕی تێدایە هەریەکەیان بەقوڵی نیو مەتر لەشاخەکە داتاشراون، لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئەوەیان سەلماندوە کە یەکێک لەو گۆڕانە بەگۆڕی خشترتییە-خەشاریا شا655 -633پ.ز، پاشای ماددەکان زانراوە.

خشترتییە دوای مردنی دیاکۆی باوکی، وەک دووەم پاشای ماددەکان دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، ئەو پاشایە لە مێژووی هیرۆدۆتدا بەفرائورتیس ناسراوە، ساڵی633پ.ز لەلایەن سوپای ئاشوور پانیپاڵ668-627پ.ز، پاشای ئاشوورییەکانەوە لەشەڕێکدا لەشکرەکەی بەسەختی تێکشکاوە و خشترتییەش لەو شەڕە سامناکەدا دەستگیرکراوە و دواتر کوژراوە، دوای کوشتنیشی لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا لەو ئەشکەوتەدا بەخاکسپێردراوە.

سەرچاوەکان:

-1عومەر ئیسماعیل مارف: دەوڵەتی ماد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند-2010-سلێمانی.
-2تابانی، حەبیبوولا: هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد، و: جەلیل گادانی، چاپ ی دووەم-2010، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-22

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 226

دەقە مێخییەکەی پشدەر

20220619195313419132=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەقە مێخییەکەی پشدەر
ئەم نامە بزماریە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2725 ساڵ بەر لە ئێستا و 113 ساڵ پێش ڕووخانی (ئیمپراتۆریەتی ئاشووری) لەسەر دەستی (میدیەکان) لە ساڵی 612 پ.ز. نامەکە لە (قەڵاتی دینکە) ی گوندی نورەدینی ناوچەی پشدەر لە ساڵی 2012 لەلایەن هاووڵاتیەک دەدۆزرێتەوە کە نەیویست ئاماژە بە ناوی بکەین و لە 2015/2/16 لە شاری قەڵادزێ پێشکەش بە بەندە (مەلا سمایل نورەدینی) دەکات، منیش پیشانی پرۆفیسیۆر Karen Radner ی نەمسایی مامۆستا لە زانکۆی (میونخ) ی ئەڵمانیا دا، کە توانی نامە بزماریەکە بخوێنێتەوە و بڕیاریشیدا بۆماوەی 5 ساڵ کاری کنە و پشکینین بۆ ئەم قەڵاتە ئەنجام بدات لە ڕێگەی (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و ڕاپەڕین) ، دیارە ئێمە لە ڕووی یاساییەوە نامەکەمان ڕادەستی مۆزەخانەی سلێمانی کرد، مۆزەخانەی سلێمانیش وەکوو پاداشت 150 هەزار دیناری پاداشتی من کرد و منیش تەواوی بڕەپارەکەم بەخشی بەو کەسەی کە نامە بزماریەکەی دۆزیبۆوە و پێشکەشی منی کردبوو، پێشتریش ساڵی 2013 تیمێکی شوێنەوارناسی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی دکتۆرە jessica giraud کاری ڕووپێوی بۆ ئەنجام داوە.
ئامادەکردنی مەلا سمایل نورەدینی.

لە ڕۆژهەڵاتی شاری شوێنەواریی دارا، چەند گردێکی سرووشتی هەیە، بەرد و پێکهاتەکەی وەک کەرستە بۆ دروستکردنی خانوو و بینا بەکار هاتوون. پاشماوەی بەردە بەکارهاتووەکانی ئەم چەند گردە، بە شێوازی ئەندازەیی ڕێک و ساف و گونجاو بوونە بۆ بەکارهێنانیان، وەک کێل، یان بەردی ناو گۆڕ. لە گۆڕستانی ئەم شارە، چەندین جۆر گۆڕی تایبەت هەنە کە هەندێکیان بۆ سەردەمی فرە خواوەندی و پێش سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی دەگەڕێنەوە. ئەم گۆڕانە، بە شێوازێکی تایبەت نەخشیان بۆ کراوە و ڕازێنراون.. دوای ئەوەی خەڵکی ئەم شارە دێنە سەر ئایینی مەسیح، شێوەی گۆڕەکانیشیان گۆڕاوە و مۆرکی مەسیحییەتیان پێوە دیارە.
گۆڕستانێکی سێ نهۆمی
لە بەشە هەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی شاری شوێنەواریی دارا، گۆڕستانێکی سێ نهۆمییە، کە بە شێوازێکی تایبەت و بێ

وێنە دروست کراوە. بەشی ناوەوەی ئەم گۆڕستانە لە سێ بەش پێکهاتووە:
یەکەم: ناوەڕاستی گۆڕستانەکە، لەم بەشە کۆمەڵێک گۆڕی چوارخانە و لاکێشەیی هەڵکەندراون.
دووەم: لە دیوارەکانی ئەم گۆڕستانە، لە باکوورەوە بەرەو باشوور، بە شێوەی لاکێشەیی و نیوەبازنەیی گۆڕ هەڵکەندراون.
سێیەم: لە بەشی سەرەوەی نهۆمی دووەم، لە ناو قەدی دیوارەکان، بە شێوازێک هەڵکەندراوە، تا مردووەکانیان لەناو بنێژن.
لە نهۆمی دووەمی گۆڕستانەکەش، چەند پلیکانەیەک دروستکراون بە مەبەستی گەیشتن بە نهۆمەکانی تری گۆڕستانەکە.
ئەمە و جگە لە هەبوونی چەندین گۆڕی چەند نهۆمیی، هەروا نەخش و وێنە هەڵکەندراوەکانی سەر دیواری گۆڕستانەکە، جێی سەرنج و ئاماژەپێدانە. لەم نەخشانە وێنەی گژ و گیا کێشراون، بە تایبەتی ئەو ڕووەکانەی بە پیرۆز سەیرکراون، هەروەها لەسەر دیوارەکە وێنەی خواوەندێکی کەونار لە ئانی زیندووکردنەوەی مردووەکان نەخشێنراوە. ئەم وێنەیەش، نیشانەی بەهێزیی بیروباوەڕیان بووە بە قیامەت و زیندووبوونەوە.

شوورا و دیوارەکان

لە چواردەوری شاری دارا، بە درێژایی 4 کیلۆمەتر و بە بەرزی 4 مەتر دیوار دروستکراوە، ئەمەش دیارە بە مەبەستی خۆپارستن بووە لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ و هێرشی هێزە نەیارەکان. لەم شارەدا، نزیکەی 28 سەنگەر و خەندەق دروستکراون، کە بە پێی تێپەڕینی کات و گۆڕانی سەردەمە مێژوویەکان دروستیان کردوون.

دەروازەکان

بۆ چوونە ژوورەوەی ئەم شارە گەورەیە، چوار دەرگا، یان دەروازەی سەرەکی بە شێوازی تاق، یان نیوەبازنەیی دروست کراون و دەکەونە هەر چوار بەشی شارەکە، هێ لەم دەرگایانە، لە هەردوو بەشی باکوور و باشوور، دوو دەرگای شێوە نیوەبازنەیی هەن، ئەمەش بە مەبەستی ڕاکێشانی ئاو بووە بۆ ناو شارەکە.

شەقامی گشتیی ئاگورا

ئاگورا، گەورەترین و سەرەکیترین شەقامی ئەم شارەیە، لە دەرگای بەشی باشوورەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە باکووری شارەکە. ئەم شەقامە بە بلۆکی بەردینی گەورە دروستکراوە.
بە درێژایی ئەم شەقامە، بەتایبەتی لە بەشی ڕۆژئاواکەی، چەندین شوێنی بچووک دەبینرێن کە دیارە وەک دوکان و بازاڕ دروستکراون.

پردەکان

شاری شوێنەوارییی دارا، چوار پردی گەورەی هەیە، سێیانیان لە ناو شارەکەن و دانەیەکیان لە پشت دەروازەی بەشی باشوور دروستکراوە. ئەم پردانەش شێوەیان نیوەبازنەییە و بە بەردی تایبەت و گەورە درستکراون.

ماکسیم

وێنێکی تایبەتە بە ڕاکێشانی ئاو لە چیاکان و کۆکردنەوەیان لەم شوێنە، کە دواتر دابەش دەبێتە سەر کارێزەکان. ماکسیم دروستکراوەیەکە لە 10 ژووری گەورە، هەر ژوورێک درێژییەکە 50 مەتر و پانییەکەی 4 مەتر و بەرزییەکەشی 18 مەتر دەبێت، هەر ژوورێک بە نزیکەیی بڕی 14500 مەتر چوار گۆشە ئاو لە خۆی دەگرێت.

کارێزی ئاو

بۆ دابینکردنی ئاو بۆ هەموو بەشەکانی شار، کۆگاکانی ئاو لە شاری دارا لە چیاکانی دەوروبەری لە ڕێگای ڕێڕەوی تایبەتی، بەرەو هەموو بەشەکانی شار دەچوو. بوونی ئەم کارێزانە و سەرچاوەی ئاوەکە، خاڵی بەهێزی ئەم شارە و دانیشتووانی بووە، بە تایبەتی لە کاتی ئابڵووقەدانی شارەکە لەلایەن سوپای ساسانییەکان، کە توانیان تا ماوەیەکی زۆر بەرگە بگرن.
لەم شارە دوو کۆگای ئاو هەبوونە، یەکێکیان تایبەت بووە بە دابینکردنی ئاوی ناو شارەکە و ئەوەی تریان بۆ مەبەستی گەیاندنی ئاو بووە بۆ کاروانی بازرگانییەکانی دەرەوەی شار.

کڵێسا

لەم شارەدا، دوو کڵێسا هەبووە، بە ناوەکانی کڵێسای گەورە و کڵێسای بارتولمیوس. کڵێسای گەورەی شار باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی بووە و نزیکەی 100 مەتر لە شەقامی گشتیی ئاگورا دوورە.

حەوزی ئاوەمۆر (حەوزی تەعمیدکردن)

لە ناو کڵێسای گەورە، حەوزێکی تایبەت بە ئاوەمۆر هەبووە. ئەم حەوزە بۆ چوونە ناو و هاتنە دەرەوە لە دوو لاوە پلیکانەی هەیە، کە پێدەچێت زیاتر تایبەت بووبێت بە کەسی گەورە، نەک منداڵ.

بەنداو

لە بەشی باکووری شاری دارا، بەنداوێک بە درێژایی 250 مەتر هەیە، جگە لەمە، پاشماوەی بەنداوێکی بچووکتریش دیارە، بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان، بەنداوە گەورەکە لە سەردەمی ساسانییەکان و لە کاتی ئابڵووقەدانی شارەکە، دروست کراوە.

باڵەخانەی سیرامیکی

باڵەخانەی سیرامیکی، 50 مەتر لە گۆڕستانی گەورە دوورە، بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆم ئەناستاسیوس دەگەڕێتەوە. ئەم بینایە لە چەند ژوورێک پێکهاتووە، بەشی خوارەوەی ژوورەکان بە سیرامیکی تایبەت داپۆشراوە، دیوارەکانیشی بە وێنەی شوان و ڕووەک و ئاژەڵ نەخشێنراوە. لە بەشی باشووری ئەم باڵەخانەیە، بەردەنووسێک هەیە 11 دێڕی لەسەر نووسراوە، ئەم نووسینانە باس لە بنیادنانی ئەم شارە دەکەن لە ساڵی 507ی زایینی.

گۆڕستانی سەردەمی ئیسلامی
لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری دارا، لەسەر گردێک، گۆڕستانێکی گەورە هەیە، ئەم گۆڕستانە تایبەتە بە سەردەمی ئیسلامی.. بە گوێرەی بەڵگە مێژوویەکان، مێژووی ئەم گۆڕستانە بۆ سەدەی دوازدەی زایینی دەگەڕێتەوە.
لە ئێستادا کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری بۆ ئەم شارە شوێنەوارییە بەردەوامە و هەوڵ بۆ تۆمار کردنی ئەم شوێنەوارە لە لیستی کەلەپووری جیهانی (یونسکۆ) دەدرێت.
ئامادەکردنی بابەت: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
جۆری شوێن / شوێنەوار: بازاڕ
جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
شار و شارۆچکەکان: ماردین
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-08-22
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 283

شاری قەڵاکان لە باکووری کوردستان

2023121109332353578 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شاری ئەندرین، یەکێکە لە ناوچە مێژوویی و سەرنجڕاکێشەکانی باکووری کوردستان، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر قەڵای شوێنەواریی لە خۆی کۆکردووەتەوە.
بە دووری 60 کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری ئەندرین لە پارێزگای مەرەش (گورگوم)، کۆمەڵگەیەکی مێژوویی هەیە کە بە نزیکەیی لە 70 قەڵای بچووک پێکهاتووە، 26یان لەناو لیستی کەلەپووری-شوێنەواری تورکیا تۆمارکراون.
کۆنینەیی ئەم کۆمەڵە قەڵا مێژوویە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە و بە پێی گوتەی سەرچاوەکان زۆربەی ئەم قەڵایانە مێژوویان بۆ پێش سەردەمی ڕۆمانی دەگەڕێتەوە و لەسەر ڕێگای ئاوریشمی کۆن درووستکراون.
لە بەناوبانگترین قەڵاکانی ئەم کۆمەڵگە مێژوویە، دەتوانین ئاماژە بە قەڵاکانی کوکوکوستونتێپ، ئەزگیت، مێریمسیل، ئەکالێ و هاشترێن بکەین.
پسپۆڕانی بواری مێژوو و شوێنەوار لەسەر ئەم بۆچوونەن کە ناوچەکە ماڵی شانشینی مامایە، کە لەنێوان ساڵانی 1974 بۆ 1719ی پێش زایین فەرمانڕەوایەتی دەکرد.
لێکۆڵەر و نووسەری بواری مێژوو و شوێنەوار سیل چێنکەر لەمبارەیەوە دەڵێت: تیمی ئێمە ماوەی 13 ساڵە لێکۆڵینەوە لە قەڵاکانی ناوچەی ئەندرین دەکات و لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ناوچەیە، هەمان ئەو ناوچەیەیە کە چەندین شارستانییەتی تێدا ژیاوە، هەروەها وەک ناوەندێکی بازرگانی ناسراو بووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-12-10 -baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-12-11
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 284

شاری مێژووپی زاخیکۆ

20220619210121419138=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دۆزینەەی نوێ : کوردستان لانکەی شارستانیەتە
بەهۆی کەمبونەوەی ئاستی ئاوی ڕوباری دیجلە لە دهۆک شارێکی مێژووپی بەناوی (زاخیکۆ) دەرکەوتووە، ماوەی چەن ساڵێکە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 3800 ساڵ بەر لە ئێستا، تیمە کوردی و ئەلمانیەکان بەردەوامن لە کارکردن تێیدا. تا ئستا چەندین پارچە نوسین وشوێنەواری گرنگ دۆزراونەتەوە.
ئەو شارە مێژووی بۆ ماوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری میتانی دەگەڕێتەوە کە میتانیەکان بە باپیرانی کورد دادەنرێن لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێکی باشوری کوردستان فەرمانڕەواییان کردووە لە هەزارەی دووەمی پ، ز پایتەختەکەیان ناوی (واشکوکانی) بووە لە نزیک سەرێکانی ئێستا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شارۆچکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist
کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 285

شاری مێژووی بغستانە لە داوێنی چیای بێستوون هەڵکەوتووە

2016032315013913090 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوکتور مەهدی ڕهبەر، کەونارناس بە هەواڵدەری ئیرنای ڕایگەیاند، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە ئەگەر ئەوە هەیە شاری مێژووی بغستانە لە ناوچەی پارتی لە داوێنی چیای بێستون هەڵکەوتبێت.
ئەو کەونارەناسە وتیشی، هێندێ ئاسەواری ڕێگاوبان کەلە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای چیای بغستان کێشراوە لە بناری چیای بێستون وەبەرچاو دەکەون.
بغستانە بە مانای پێگەی خودا دێت و بە یەکێک لە ئاساوارە مێژووییەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان دێتە ئەژمار.
یونانییەکان بغستانە بە بگستانە ناو دەبەن.
بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان شاری بغستانە لە نێوان کەمبادنە (کرماشان) و کەنگوبار (کەنگاوەر) هەڵکەوتووە و لە دەوروبەری ئەو شارەش ژمارەیەکی زۆر لە پەیکەری داریووشی هەخامنشی بوونی هەبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کوردیا

کاتی تۆمارکردن: 2016-03-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 286

شاری مێژوویی حەسەن کێف لە کوێیە؟

2022101108295943909 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی تورکیا دەست کردووە بە خاپوورکردن و تێکدانی یەکجاریی شوێنەوارەکانی شاری حەسەن کێف لە پارێزگای باتمانی باکووری کوردستان.
ئەم شارە کە خاوەن مێژوویەکی دوانزە هەزار ساڵەیە و زۆربەی سەردەمە مێژوویەکانی ئەم ناوچەیەی لەخۆ بینیوە و دەتوانین بڵێین یەکێکە لە کۆنترین شارە کوردییەکانی کوردستانی گەورە کە لە هەر سەردەمێکدا شوێنەوارێک تێیدا بە جێ ماوەتەوە.
حکوومەتی تورکیا هۆکاری تێکدان و ڕووخانی ئەم شوێنەوارانەی بۆ درووستکردنی بەنداوی ئیلی سو گەڕاندووەتەوە کە ئەم بەنداوەش بەشێکە لە گەورە پرۆژەی گاپ کە زۆربەی بەشەکانی ئەم پرۆژەیە لە شارەکانی باکووری کوردستان جێبەجێ دەکرێن.
بەپێی ئەو بەڵگە مێژوویی و شوێنەواریانەی، کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە حەسەن کێف بە مێژوویەکی 10 هەزار ساڵەوە، یەکێکە لەو شارانەی، کە بەدرێژایی مێژوو ژیان تێیدا بەردەوام بووە و گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداری و حوکمڕانی نەیتوانیوە خەڵکی ئەم ناوچەیە لە شارەکەیان دەربکا.
ئەم شارە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بەشێک بووە لە شارستانیی خوریەکان، کە ئەوانیش بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن.
لە ساڵەکانی 1800-1750پێش زایین، لە دەقە بزماریەکانی ماری بە (ییلانسورا) ناوی هاتووە، کە شارێکی گەورە لەنزیک ڕووبارێکی گەورە بووە، کە مەبەستی لە ڕووباری دیجلەیە.
لە سەردەمی میتانییەکان، واتا 1500ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیح، ئەم شارە یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە و نزیک بووە لە پایتەختی میتانییەکان، کە شاری (واشکونی) بووە.
لەپاش ئەوەی دەسەڵاتداری ئاشوورییەکان لە ساڵی612ی پێش زایین لەلایەن پاشای ماد (کیکسار- کەیخۆسرەو) کۆتایی پێ دێت، ئەم شارە گرنگییەکی زیاتری پێ دەدرێت، نموونەی ئەم گرنگی پێدانە لە درووستکردنی چەندین ئەشکەوتی گەورە و گرنگ لەناو دڵی چیاکانی حەسەن کێف دیارە کە ئێستاش هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و سیمای شارەکەیان جوانتر کردووە.
لەپاش ڕووخانی میدییەکان، ئەم شارە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمانەکان و دەبێتە بەشێک لە جیوگرافیی دەسەڵاتداری ڕۆمانەکان و لە سەرچاوەکان بە (کیفا) ناوی دەهێنن، لەم سەردەمە شارەکە پێشکەوتن و ئاوەدانیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، وەک درووستکردنی چەندین پرد لەسەر ڕووباری دیجلە، کە پاشماوەکانی هەتا ئێستا ماونەتەوە.
لە ساڵی 363 زایینی، بەهۆی شەڕی (سامرا) و کوژرانی (جولیان) ی پاشای ڕۆمانییەکان، ئەم شارە کەوتە ژێر دەستی ساسانییەکان کە ئەویش بەپێی داوای پاشای ساسانی (شاپووری دووەم) بوو بۆ وازهێنانەوەی ڕۆمانییەکان لە هەندێ لەو ناوچانەی، کە لەژێر دەستیاندا بوون.

ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: ماردین
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 287

شارێکی کۆنی ئاشووری لە هەولێر دۆزرایەوە

2015092822584112724 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تیمێکی زانکۆی لیۆن ی فەرەنسی بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کارکردنی وەرزی سێیەمی خۆیان ڕاگەیاند و ئەوەیان خستەڕوو، کە زۆر شتیان بۆ دەرکەوتووە، لەوانە بەپێی لێکۆڵینەوەکە گردی شەمامک شارێکی کۆن و زۆر گرنگ بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری ناوەڕاست.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئەوەش خرایەڕوو ئەو گردە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بووە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە وەرزی سێیەمی کارکردندا ئەنجامدراون، دەردەکەوێت مێژووی ئەم گردە بۆ1400 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەر لەوێدا پاشماوەی شارێکی کۆن دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ 300 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

لەمیانی لێکۆڵینەوەی ئەو تیمانەدا کۆمەڵێک پارچەو پاشماوەی بیناسازی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان، 10 پارچەی بەرد و12 خشت دۆزراوەتە، لەگەڵ10 پارچە کەلوپەلی جوانکاریی ئافرەتان، وەک ملوانکە و بازن، هەروەها 8 گۆزەی بچووک دۆزراوەتەوە کە لەسەر شێوەی ئاژەڵ دروستکراوە.

پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە دەرکەوتووە کە ئەو شوێنە (گردی شەمامک) ناوچەیەکی شوێنەوارییە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە تێیدا.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئۆلفەر دواوۆلت، سەرۆکی تیمی زانکۆی لیۆنی فەرەنسی، گووتی: کوردستان شوێنەواری زۆر مێژووپی تێدایە، کە دەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی لەوێوە دەستیپێکردووە، ناوچەی زۆر کۆنی تێدایە کە خزمەت بە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات نەک تەنها کوردستان.

دواوۆلت داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، زۆر گرنگی بە ناوچە شوێنەوارییەکان بدات، بۆ ئەوەی ئەو ناوچە شوێنەوارییانە چیدیکە نەفەوتێن و گوتی گرنگی مێژووپی خۆیان هەیە.

بەپێی ئامارێکی سەرەتایی زیاتر لە 1500 شوێنەواری مێژووپی لە پارێزگای هەولێر هەن، ئەم شوێنەوارانە مێژووی جیاوازیان هەیە، کۆنترینیان بۆ 7000 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە گردی پێنج حەسارۆک و ئێستا تیمێکی یۆنانی کاری تێدا دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-28

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 288

شوێنەواری (زریمۆک) پەرستگای ئایینی و تایبەت بە شووشتنی تەرمی مردووەکان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220831095907431194

شوێنەواری زریمۆک، یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی دەڤەری بارزان، سەرەڕای ئەوەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، کەچی تا ئێستا کاری هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینی شوێنەوارپی بۆ نەکراوە.

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە قەراغ ڕووباری بلێ لە دەڤەری بارزان، لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، 120 کیلۆمەتر لە ناوەندی پارێزگای هەولێر دوورە، مێژووی ئەم شوێنەوارە بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاری تەواو لەسەر دیاریکردنی مێژووەکەی پێویستی بە کاری هەڵکۆڵین و کۆکردنەوەی زانیاری هەیە کە لە بەرنامە و پلانی شوێنەوار دایە.

سۆران ئەمیر، بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر، لە دیدارێکی (باسکورد) ئاشکرای دەکات، لە سنووری قەزای مێرگەسۆر زیاتر لە 200 شوێنی شوێنەوارپی بە فەرمی تۆمارکراون، چەندین شوێنی دیکەش هەن پێویستیان بە ڕووپێوی شوێنەواری هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوو تۆمار بکرێن، یەکێک لەو ناوچە گرنگانەش شوێنەواری (زریمۆک)ە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر، لە بارەی گرنگی و پلانەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بۆ ئەم شوێنەوارە، تایبەت بە (باسکورد)ی ڕاگەیاند : یەکێک لەو شوێنەوارانەی لە سنوورەکەمان بە فەرمی تۆمارکراوە شوێنەواری (زریمۆک)ە، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری بلێ لە سنووری ناحیەی بارزانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر و لە ڕیزبەندی شوێنەوارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری دایە، ئەم شوێنەوارە هەمووی وەک جۆگەلە و ئاوەڕۆیە، لەناو بەردی قەراغ ڕووبارەکە هەڵکەندراوە بۆ دانانی تەرمی مردووان و ڕێڕەوی تایبەتیان هەیە تا ئاویان تێکەڵی یەکتر نەبێت، هەروەها لە ناوەڕاستی ئەم شوێنەوارە شوێنێکی قووڵ هەیە، دوای شۆردنی مردووەکان ئاو لەوێ کۆکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی شووشتنی (پیاوان و ئافرەتان و منداڵان) جیاواز بووە، هەروەها (زریمۆک) جگە لە شوێنی تایبەت بە شووشتنی مردووەکان، پەرستگا و شوێنی ئایینی بووە. ئەم شوێنەوارە تایبەتمەندیی زۆری هەیە و پێویستە گرنگی پێبدرێت، بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری لەسەر ئەم شوێنەوارە بخەینەڕوو پێویستیمان بە کاری هەڵکۆڵینی شوێنەوارپی هەیە.

دەشڵێت: لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا لەگەڵ تیمێکی شوێنەوارناسانی زانکۆیەکی ئەڵمانی، سەردانی شوێنەواری (زریمۆک)مان کرد، ئەوان سەرسامی خۆیان بەو شوێنەوارە دەربڕی و لەبارەی شوێنەوارەکە بیرۆڕای جیاوازیان هەبوو، پێیان وابوو بۆ دروستکردنی باڵەخانە و پەرستگا و پرس و ماتەمەکان بەکارهاتبێت.

سۆران ئەمیر، بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر، ئەوەشی گوت: لە سنووری قەزای مێرگەسۆر تا ئێستا زیاتر لە 200 شوێنی شوێنەوارپی تۆمارکراون، بەڵام پێشبینی دەکرێت چەندین شوێنەواری تر لەم سنوورە بوونیان هەبێت، کەچی بەهۆی ئەنجام نەدانی ڕووپێوی شوێنەوارپی تا ئێستا کەمترین شوێنەوار لەم سنوورە تۆمارکراون.

بە گوتەی بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر، تا ئێستا لە لایەن شوێنەوارناسە جیهانییەکان و بە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار، تەنها کاری هەڵکۆڵین بۆ شوێنەوارەکانی (ئەشکەوتی شانەدەر و زەڤیا چەمێ) کراوە و توانراوە چەند پارچە شوێنەوارێک و ئێسکەپەیکەری مرۆڤ بدۆزرێنەوە، هەروەها لەلایەن تیمی زانکۆی کامبریجی بەریتانی، لە ئەشکەوتی شانەدەر کاری هەڵکۆڵین بەردەوامە، بەڵام لە پلان و بەرنامەماندا هەیە بە هاوکاری تیمە

شوێنەوارە بیانییەکان کاری هەڵکۆڵین لە زۆربەی شوێنەوارەکانی سنوورەکەمان ئەنجام بدەین، بەڵام ئەم جۆرە کارانە کەمێک لەسەرخۆ بەڕێوەدەچن و دۆزینەوەی مێژووی شوێنەوارێکی هەزار ساڵە ئەرک و ماندووبوون و خەرجی زۆری پێویستە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چەم
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو
شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-31
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 289

شوێنەواری تەرمی ژنێک کە 1800 ساڵ لەمەوبەر مردووە لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041021595248125 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕێک کە نزیکەی 1800 ساڵ پیش 2023 ئێستا تەرمی ئافرەتێکی تێدا نێژراوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 290

شوێنەواری حەوشکورووو

2023051013120248895 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێک لە شوێنەوارە کۆن و مێژوویییەکانی دەڤەری گەرمیانە کە لە ئێستادا بەشێکی زۆری ڕووخاوە و تەنیا بەشێکی بچووکی بە نیوە ساخی ماوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (JAMAL JAMEL) ڕۆژی 2023-05-10

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 291

شوێنەواری خانا ئێزی

2021021214141439125 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەواری خانا ئێزی، دەکەوێتە نزیک پەرستگەی لالش بە دوورپی نزیکەی کیلۆمەترێک. ئەم باڵەخانە مێژووییە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەمی، تەلارێکە پێش بەجێهێشتنی بە ڕێڕەوێک دەگەیتە هۆڵەکە.
ئەم هۆڵە بە شێوازی یەک پارچە درووست کراوە و لە ناوەندی باڵەخانەکەدا چەندین ستوون هەن بۆ ڕاگرتنی میچەکەی، کە بە شێوازی گۆمبەزی بەرز درووست کراوە. ستوونەکان، کە لە تاشە بەردی گەورە درووست کراون و لە بەشی سەرەوەی بە زیادکردنی بەردی بچووک، دیزاینێکی ئەندازەیی جوانی بەخۆیەوە گرتووە.
بەشی دووەمی شوێنەوارەکە پێکهاتووە لە دوو ژووری بچووکتر. لە یەکێک لە ژوورەکان ڕێگایەکی سەرەکی بۆچوونە ژوورەوە بۆ ناو باڵەخانەکە هەیە، بەڵام بەشێک لە دیوار و میچەکەی ڕووخاوە و لەلایەن هاوولاتییانەوە بە پارچە ئاسن و دار ڕاگیراوە، بەڵام ئەگەری ڕووخان و تێکچوونی زۆرە.
لە پشت ئەم بەشە، ڕێڕەوێک هەیە، کە بەشێکە بۆ گەیشتن بە هۆڵە سەرەکییەکە، کە ئەمیش بەهۆی ڕووداوە سرووشتییەکانەوە، بەشێک لە دیوارەکەی ڕووخاوە.
لەناو بەشە سەرەکییەکەی، کە هۆڵێکی گەورەیە، بۆ گەیاندنی ڕووناکی بۆ ناوەوەی بیناکە سوودیان لە درووستکردنی پەنجەرە بە شێوازی چوارگۆشە وەرگرتووە، کە ئەویش بە شێوازی چوارگۆشە دانانی بەردەکان و درووستکردنی بۆشایی لەناو دیوارەکان درووست بووە، لە هەر دیوارێک نزیکەی دوو تا سێ پەنجەرە هەیە.
بە گوتەی شوێنەوارناسان و بەڵگە مێژووییەکان، تەمەنی ئەم شوێنەوارە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، واتا نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و شوێنێک بووە کە لە سەرەتا وەک پەرستگەیەکی ئایینی بەکار هاتووە، بەڵام دواتر بۆ میوانداریکردنی بڕوادارانی ئایینی ئێزدی، کە لە شوێنە جیاوازەکانەوە، بەتایبەت لە هیندستانەوە بۆ لالش، لە کاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی جەژنی جەمای دەهاتن، درووست کراوە. باسێکیش هەیە دەڵێ: ئەم شوێنەوارە دواتر وەک مەڵبەندێکی ئایینی بۆ ڕاستکردنەوەی تێکستە ئایینییەکان بەکار هاتووە.
خەڵکی بەتەمەن و پیاوە ئایینییەکانی ئێزدی پێیان وایە، کە خانا ئێزی یەکێکە لە دەگمەنترین شوێنەوارەکانی ئێزدییەکان، کە وەک خۆی ماوە و دەستکاری نەکراوە.
ئەم شوێنەوارە دەگمەن و دێرینە، ئێستا وەک شوێنی ڕاگرتنی مەڕ و ماڵات بەکار دێت و ئەمە ئەگەری ڕووخان و تێکچوونی زیاتر دەکات، گرنگییەکەی وا دەخوازێت کە لایەنە پەیوەندارەکان بایەخی زیاتری پێبدەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2021-01-18

کاتی تۆمارکردن: 2021-02-12

ناوی تۆمارکار: راوێژ فەرهاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 292

شوێنەواری خنس

20230329130040478473=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناوی شوێنەوار: خنس
هەڵکەوتەی جۆگرافیایی: دهۆک

شوێنەواری خنس، دەکەوێتە 13 کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەدێی شێخان لە پارێزگای دهۆک و ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین شوێنەوارەکانی کوردستان و ئێراق کە لە دۆخی پاراستنی خراپدایە.
مێژووی شوێنەواری خنس، بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان و پاشا سەنحاریب (705 -681) پ. ز دەگەڕێتەوە، لەناو بەڵگە مێژووییەکاندا وا هاتووە کە خنسی شوێنەواری، هاوینەهەواری پاشا سەنحاریب بووە کە بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ دەسەڵاتداریی کردووە.
بەهۆی جیاوازیی جۆگرافیایی ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراق وەک نەینەوا و مووسڵ، کوردستان سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ ڕاکێشانی ئاو بۆ ناوچەکانی تری ئێراق، هەر بۆیە سەنحاریی ئاشووری ئەم شوێنەی وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕاکێشانی ئاو بەرەو نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان بەکار هێناوە.
ئەم شوێنەوارە پێکهاتووە لە تابلۆیەکی بەردینی گەورە کە لەناو دڵی چیا هەڵکەنراوە و وێنەی چوار کەسی تێدایە، هەروەها لەم شوێنەوارەدا چوار ئەشکەوت درووست کراوە کە دەکەوێتە ناو تابلۆ شوێنەوارییەکەوە. لە بەشی سەرەوەی ئەم تابلۆیە شوێنەوارییەدا پەیکەری شێرێک درووست کراوە کە دەڕوانێتە دەشت و ئاوەکەی بەرانبەر شوێنەوارەکە، بەڵام بەشێک لەسەر و ملی شێرەکە لێ کراوەتەوە و بڕدراوە و ئەو بەشەکەی دیکەشی کە ماوە، بەهۆی هۆکارە سرووشتییەکان وەک باران و با، (کە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکدانی شوێنەوارن) ، تێکچووە و هەموو بەشی شوێنەوارەکە، پاشماوەی تێکدان و بەرکەوتنی فیشەکی پێوە دیارە.
کەمێک خوارتر لە تابلۆ شوێنەوارییەکە، کاتێک دەڕوانێتە تەنیشت ئاوەکە، پارچە بەردێکی گەورە دەبینین کە نەخشێکی تایبەت و بەناوبانگی مێژووییە واتە گای باڵدارە، بەڵام بەداخەوە ئەم بەشە لەو نەخشە شوێنەوارییە گەورەیە لێ بووەتەوە و کەوتووەتە خوارەوە لای پارچە بەردە سرووشتییەکانی دیکەی تەنیشت ئاوەکە، بۆیە خەڵکانی سەردانکەر زۆر بە ئاسانی دەتوانن سەرکەونە سەر بەردەکە و بەو شێوەیە زەرەری زیاتری پێ دەکەوێت، هەر بۆیەش لە چەند ساڵی داهاتوودا دەبێ چاوەڕێی نەمان و زیاتر تێکچوونی ئەم پارچەیەش بکەین ئەگەر حکوومەت بە هانایەوە نەیەت و نەیگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و پارێزراو.
ئەم شوێنە مێژووییە کە لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکاندا وا ناسێنراوە کە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی ئاشوری دەگەڕێتەوە، لەڕاستییدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارییە کوردەکان وەک میتانی دەروست کراوە، بەڵام چونکە بە دەستووری پاشای ئاشووری بووە، بۆیە وا تۆمار کراوە.
لەبارەی سەردەمی دەسەڵاتداری میتانییەکانەوە دەبێ بڵێین کە ئەم زنجیرە پاشایەتییە، دەسەڵاتدارانی کوردی نیشتەجێی ئەو

دەڤەرە بوون کە هاوسەردەم بوون لەگەڵ حوکمڕانیی ئاشوریەکان کە دەسەڵاتی فراوانتریان هەبوو لەچاو میتانییەکان، بۆیە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا لەجیاتیی دەسەڵاتداریی کوردییەکان، باس لە سەردەمە ئاشووریەکان دەکرێت کە ئەمەش هۆکارێکی خراپە بۆ نەناسینی مێژووی تایبەت بە خۆمان وەک کورد.
لەبارەی ئەو ئەشکەوتە بچووکانەی کە لەناو دڵی ئەم شوێنەوارەدا درووست کراوە، شوێنەوارناسان زانیاری ئەوەمان دەدەن کە بەهۆی تێپەڕینی کات و گۆڕانکارییە ئایینییەکان واتە گەشەسەندنی ئایینی زەردەشتی لە ناوچەی میتانییەکان و دواتر بڵاوبوونەوەی ئایینی کریستیانییەت، کۆمەڵێک ئەشکەوت، یان ناوسک لە قەدچیاکان درووست کراوەن کە وەک شوێنی پیرۆزی ئەو ئایینە بوون. ناوسک شوێنێکە وەک ئەشکەوتی بچووک و تایبەتە بە ناشتنی مردوو لە ئایینی زەردەشتی، هەروەها بەکارهێنانیان وەک شوێنێکی پیرۆز بۆ نوێژ و خەڵوەتگەی ئایینی تایبەت بە ئایینی کریستیان بەکار هاتووە.
لەسەر دیوارەکانی ئەم شوێنەوارە دوو شێوازی خەت و نووسین بە کار هاتووە، خەتی هیرۆگلیفی و بزماری، لە نووسینە هیرۆگلیفییەکە، باس لە پێوەندیی دەوڵەتی میتانی لەگەڵ وڵاتی میسر دەکات کە لەو کاتەدا پێوەندییەکی دیپلۆماسییان هەبووە، بەڵام ئەم نووسینە هیرۆگلیفییەکە لەناو چووە و نەماون.
نووسینە بزماریەکە کە لە 63 دێڕ پێکهاتووە کە دابەش کراوەتە سەر سێ بڕگەدا ئەم بەردە نووسراوانە بە دەستووری پاشا سەنحاریب نووسراوە و لە یەکەمینیان باس لە خواوەندە گرنگەکانی دەوڵەتی ئاشووری و گرینگییان لە پاراستنی دەوڵەتی ئاشووری دەکات. لە بڕگەی دووەمدا باس لە گرنگیی پرۆژەی ئاوی خنس دەکرێ کە پاشا سەنحاریی ئاشووری چۆن لەوێوە ئاوی ڕاکێشاوە بۆ نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکان. سێیەم بڕگە باسی هێرشی دەوڵەتی ئاشوور بە سەرکردایەتیی ئەسەرحەدوونی کوری سەنحاریب بەسەر بابلییەکان دەکات.
لەبارەی ناوی خنسەوە، پسپۆڕان وا دەڵێن کە: ناوی خنس لە سەرچاوە بزماریەکانی سەردەمی ئاشووری و میتانی بە شێوەی خەناسو، یان خەراسو هاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
جۆری شوێن / شوێنەوار: چەم
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسنیوز - 2021-02-27
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-29
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 293

شوێنەواری دەربەندی ڕانیە لە ژێر مەترسی لەناوچوونداید

2017081709342296104=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە دەربەندی ڕانیەدا بەهۆی دروستکردنی پرۆژەیەکەوە مەترسی لەناوچوونی شوێنەوارێکی مێژوویی دەکرێت، مێژووناسان-یش نیگەرانن لە نەپاراستنی شوێنەوارە مێژوویەکان و داوا دەکەن کە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕ لەو شوێنەوارانە بدەنەوە.

بەهۆی دووساید کردنی ڕێگای دەربەند- قەڵادزێ لە دەربەندی ڕەمکان، کە بە دەربەندی ڕانیە دەناسرێت و هەردوو شارۆچکەی ڕانیە و قەڵادزێ لە یەک جیادەکاتەوە، مەترسی لەناوچوونی بەردێکی داتاشراو دروستبووە، کە مێژوویەکەی بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە.

ئاوات سەید ئەحمەد، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە مێژوو سەبارەت بە بەردی داتاشراوی دەربەندی ڕەمکان بۆ ڕۆژنیوز وتی: نەخشی داتاشراوی دەربەندی ڕەمکان بریتیە لە تابلۆیەکی داتاشراو، کە درێژیکەی 130 سانتیمەتر و پانیەکەشی 80 سانتیمەتر دەبێت، لە ناو ئە و تابلۆیەدا وێنەی دوو پادشا هەیە وێنەی پاشایەکیان بە هۆکاری سروشتی تاڕادەیەک سڕاوەتەوە و تەنیا وێنەی ئە و پادشایە دیارە کە ڕووی لە پشدەرە.

ئاوات، لەسەر ئەو تابلۆیە زیاتر وتی: ئە و وێنەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بە پێی هەندێک لە شوێنەوارناسان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەکەدییەکان نزیکەی 2300 ساڵ پێش زاین، لەئێستادا بەهۆی دووسایدکردنی ڕێگای دەربەند - پشدەر مەترسییەکی زۆر لە سەر ئە و تابلۆیە هەیە، پێشبینی دەکرێت بەهۆی تەقینەوەی ڕێگاکە زیان بە و تابلۆیە بگات، بۆیە، لە ئەگەری لەناوچوونی ئە و بەردە داتاشراوە، حکومەتی هەرێم بەرپرسیارە.

ئەو مێژووناسە، لە کۆتایی قسەکانیدا ڕایگەیاند: ئە و شوێنەوارە لە هەر شوێنێکی جیهان بوایە تا ئێستا ڕێگەی تایبەتی بۆ دەکرا و وەک شوێنێکی مێژوویی و گرنگ سەیر دەکرا، جگە لەوە تا ئێستا تابلۆیەک، کە ئاماژە بە مێژووی ئە و بەردە بکات نەنوسراوە، ئێمە پێمان وایە خەم ساردییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە پاراستنی ئە و شوێنەوارە، پاراستنی ئە و شوێنەوارانە ئەرکی هەموومانە و گوزارشت لە مێژووی کۆنی کورد دەکات.

هەروەها، پرۆفیسۆر عیماد عەبدولقادر، لە زانکۆی ڕاپەرین بەشی مێژوو، بە ڕۆژنیوزی وت: دەربەندی ڕەمکان، کە کەوتووەتە سەر زێی بچوک و بەرزییەکەشی 25 مەتر دەبێت، بۆیە ئێمە وەک خەمخۆرانی وڵات و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و ئەرکی خۆمان هەستمان بەوە کرد، کە لایەنی پیوەندیدار لە و بابەتە ئاگادار بکەینەوە، چونکە گەلی کورد بە و ناسنامەیە بە ناوبانگە ئەگەر شوێنەوارەکان نەمێنن ئەوا ناسنامەی کوردیش نامێنیت هەموو کەسیش ئەوە دەزانێت، کە گەلی کورد لە کۆنترین گەلانی ناوچەکەیە.

2017-08-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 294

شوێنەواری شوێنی مۆم یان ئاگر لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041022284048127 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوینەواری شوێنی مۆم یان ئاگر کردنەوە کە بۆ ڕووناکی ماڵ یان پەرەستگە بەکار هاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 295

شوێنەواری مێژووپی سەردەمی پارتێکان یان ئەشکانێکان

2014121213025078196=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

Detail of stucco column relief from Qalʿa-ye Yazdegerd, Kurdistan, Parthian period. Photograph courtesy of the Royal Ontario Museum, Toronto, Canada, no. QY76.A40.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 296

شوێنەواری مێژووپی نیکرۆپۆلس لە گوندی دارا، کە دەکەوێتە نێوان شاری نسیبین و جزیرە لە باکووری کوردستان

2013121412374187251=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-12-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 297

شوێنەواری کۆنترین چێشتخانە لە باکووری کوردستان دۆزرایەوە

2023012723124946197 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی بابەت: شوێنەواری چێشتخانەیەکی کۆن لە باکووری کوردستان دۆزرایەوە
لە میانی پڕۆسەی کنە و پشکنین لە قەڵای کەف سەر بە پارێزگای بەدلیس لە باکووری کوردستان، شوێنەواری چێشتخانە و چەند ژوورێکی خزمەت دۆزرانەوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار و 700 ساڵ بەرلە ئێستا. قەڵای کەف لە سەردەمی دەوڵەتی ئورارتی، لە دامێنی چیای سوبحان لە بەدلیس درووستکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (فرهاد ناصر) ڕۆژی 2023-01-25

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 298
شوێنەوارە دێرینەکانی گوندی باشتەپە
2022030721034440749 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەوارە دێرینەکانی گوندی باشتەپە

هۆشیار عەلی حوسێن
لەپەڕەی گوندی باشتەپە بڵاویکردۆتەوە

لە دێر زەمانەوە کۆنە هەواری گوند لە دامێنی گردی گەورە و دەوروبەری بووە، ئەمە بە گێڕانەوەی قەولی ئەو کەسە پیر و بەساڵاچوانەیە کە ئاردی تەمەنیان لەگەڵ مێژووی ئەم گوندە دابێژتووە، و ئەوانیش دەماودەم لە پیرانی پێش خۆیان وەرگرتوە.
دیسان هەر بە قەولی ئەوان ؛ گوند، قۆناغ بە قۆناغ جێگۆڕکێی کردوەو بە تێپەڕاندنی ڕۆژگار دوور کەوتۆتەوە تا لەو جێ و شوێنەی ئێستایدا گیرساوەتەوە. [دەوترێت هەواری ئێستا لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئاغایانی دزەیی مرخیان لە گوند خۆشدەکەن، بەڵام بەشێک لە (سیان)ەکان بە پاڵپشتی کوێخا سادق و باب و باپیرانی ئەمە قەبوڵ ناکەن، و لە ئەنجاما ناخۆشیی دەکەوێتە نێوانیان و یەکانگیریی یەکتر دەبنەوە، سەرەنجام بەشێک لە سیانەکانی گوندی نزیک گرد جیادەبنەوەو قۆناغی ئێستای گوند بنیات دەنێن]. [بە پێی ناوەڕۆکی ژمارەیەک بەڵگەنامەی کۆنی سەردەمی عوسمانیی، ئێستاکە لە لای کاک (محمد سادق کوڕی حاجی حەسەنی کوێخا سادق قازیخانەیی) تەقەتکراوە و مێژووی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی (1882) و سەدەی نۆزدە. باشتەپە (مەبەست لەوکاتەیە کە گوند لای گرد بووە) موڵکی باپیرانی کوێخایانی بنەماڵەی ناوبراو بووە کە بە بنەچە ئەوانیش بۆ خۆیان هەر خەڵکی ئێرە بوونە، و بەهۆی ئەو ناکۆکیە موڵکداریەی لەگەڵ ئاغاکان بوویانە چوونەتە قازیخانە دانیشتوونە].
بێگومان سەرجەمی ئەم گۆڕانکاریانەش لە وێرانەیی و سەرلەنوێ بونیادنانی گوندا کاتی زۆری خایاندوە...
(*) - شوێنەوارەکانی گوندی باشتەپە :
[1] گردی باشتەپە :
هەلکەوتی گوندی باشتەپە لەسەر نەخشەی جوگرافیایی دەکەوێتە سەر هێڵی (36) پانیی و هێڵی (44) درێژیی. یەکێ لەو ئادگارە شارستانیانەی کە مێژوویەکی دێرین بۆ گوند دەسەلمێنێت، گردی گۆرینە، کە لە کاتی خۆیدا ئەم ناوچەیە بەشێکبووە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و کەوتۆتە ناوجەرگەی دەوڵەتەکە.
لە ئێستاشدا ؛ ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە دەشتێکی کشتوکاڵیی بە پیت و دەوڵەمەند بە ئاو لە ڕۆژهەلاتیدا ئاورێژگەی ڕووبارێکی بە لادا تێپەڕ دەبێت، کە لە کۆتاییدا نزیک لە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) دەڕژێتە زێی بچووک. هەروەها دەکەوێتە دووری نزیکەی (34) کم، باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر، و ڕووبەرەکەی بە چوار هێکتار، و بەرزیەکەی بە (25) مەتر مەزەندە دەکرێت.

لەم ساڵانەی دوایی و بە دروستی ساڵی (2013) لەسەر ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی شوێنەواری هەرێم، و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بە هاوبەشیی لەگەڵ نێردەیەکی (فەرەنسی) ی بۆ شوێنەوارناسی و ئارکیۆلۆژیا، کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنساوە پەیوەندی گرێبەستەکە کراوە. کاری کنە و پشکنینی تێدا ئەنجامدراوە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ساڵێک پێشتر واتە لە مایسی (2012)دا ڕووپێوێک لە ناوچەی هەولێر بە کۆمەکیی ڕێکخراوی(UMR) بە هاوکاریی بەشی شوێنەوار لە زانکۆی (صلاح الدین) ئەنجامدرا.
بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپۆرتی زانیاریەکانی ئەو نێردەیەی لە سێ وەرزی جیاواز لە سێ ساڵەی ڕابردووی کارکردنیان لە گردەکە. تایبەت لەسەر ئەو یازدە گۆڕەی سەرگەرمی پشکنین و لێکۆڵینەوەی بوون. دەرکەوتووە ئەم گوندە پاشماوەی ئاوەدانیەکی کۆن و کەونارایە و ژیان و زیندەگیی تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کاشیەکان و دەوڵەتی ئاشووریی.
دۆزینەوەی پارچە سواڵەت و دێزە و گۆزە، تەنانەت پەیکەری کۆنی ئێسکی مرۆڤی دەورانی چەرخی ئاشووریەکان لە گرد، بۆخۆی، جارێکی تر ئەو ڕاستیە لەمەڕ مێژینەی گوندەکە ئاشکرا دەکات.
شایانی باسە، وەک ئاماژەی پێدراوە دروستبوونی گردەکە لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە، کە مێژووی کۆنترین چینی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین، واتە شەش هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ. ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ هەمان ئەو مێژووەی کە بۆ گردی گوندی (دووسەرە) ی ناوچەی شەمامکی نزیک پیرداود سەلمێنراوە، سەبارەت بە پشکنینی چینی سەرەوەی ڕووکاری گردەکە و لەبەر ڕۆشنایی دەسکەوتەکانی توێژینەوەی تیمەکە کە کاری تێدا کراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەهەمی پێش زایین، تا دەگاتە سەدەی پێنجەمی پێش زایین کە ئەم پێنج سەدەی دوایی بە ماوەی ئاشووریی نوێ (الفترة الآشورية الجديدة) لە مێژووی دەوڵەتی ناوبراودا دادەنرێت.
[2] گۆڕستانی نێوان ئاقاری گوندی (باشتەپە قازیخانە) :
هەرچەندە پاشماوەکانی ئەم گۆڕستانە لە شێوەی شوێنەوارێکی مێژووییی دێرینەدا دەرناکەوێت، و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شوێنەوار چ حکومەتی ناوەند، چ لە هەرێم تۆمار نەکراوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە گۆڕستانەکەو پاشماوەکانی قوڕساییەکی مێژووییی و قووڵی نەبێت بە بەراورد بەوەی کە لە گرد دۆزراوەتەوە.
دەماودەم لە زاری بە ساڵاوەچووەکانی باشتەپەییان بیستراوە ئەم شوێنە جاران ئاوەدانی بووە. بینا لەسەر ئەو قسەیە و دەرکەوتنی ئاسەواری بناغەی خانوو. بە دووریش نازانرێت ئێرە هەواری سەردەمانی کۆنی گوندی (قازیخانە) بووبێت کە ئێستاکێ خاکەکەی بووە بە مشکی و خۆڵەمێش. بەڵگەش دۆزینەوەی ؛ دەستار و گۆزە و پارچە تاسوقە و دەفری فەفخوریی و....هتد، کە هەموو ئەم کەلوپەلانە پێداویستی نێوماڵن و دۆزینەوەیان لە حانی کشتوکاڵکردن و کێڵانی زەوی لەم ساڵانەی دواییدا، سەلماندنی ئەو ڕاستیە دووپاتدەکەنەوە. کە ڕۆژگارێک ئێرە ئاوەدانیی بووە و خەڵک لێرەدا زیندەگی کردووە.
() سوپاس بۆ بەڕێز کاک (محمد لەشکری) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی شوێنەواری هەرێم.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
شار و شارۆچکەکان: قوشتەپە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | گوندی باشتەپە
کاتی تۆمارکردن: 2022-03-07
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 299

شوێنەوارە مێژووییەکانی قەڵادزێ پشتگوێ خراون

2017082913474010199 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕۆژنیوز- عەلی قادر

شوێنەوارە مێژووییەکانی شارۆچکەی قەڵادزێ سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین پشتگوێ خراون و مەترسیس لەناوچوونیان هەیە.

قەڵادزێ لەگەڵ هەبوونی ناوچەیەکی زۆری شوێنەواری، بەڵام بەهۆی نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە شوێنەواری لەدەڤەرەکە مەترسی لەناوچوونی ئەوناوچە شوێنەوارییانە هەیە کە لەلایەن بەشێک لە هاوڵاتیانەوە هێرش دەکرێتە سەر ئەو ناوچانە.

عەلی دینکە، بەرپرسی ڕێکخراوی دینکە بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکانی پشدەر کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە و ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دامەزراوە، بۆ ئاژانسی ڕۆژنیوز ئاماژەی بە ژمارەی شوێنەوارە مێژووییەکانی سنوورەکە کرد و وتی: 213 ناوچەی شوێنەوارِی لە دەڤەری پشدەر هەیە.

عەلی دینکە، وتیشی: لەو ژمارەیە 26 قەڵا و 43 ئەشکەوت و گردۆڵکە و یان تەپۆلکە و گۆڕستان و پەرستگا- یە و تاکو ئێستا 55 ناوچەی شوێنەوار بەتەواوەتی لەناوچوون.

ناوبراو، وتیشی:ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوورەکە مەترسیی جدییان لەسەرە بەهۆی ئەوەی، کە دامەزراوەیەکی تایبەت بەپاراستنی شوێنەوار نییە لە دەڤەرەکەمان و یاسایەکی تایبەتیش نییە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی مەترسیی بۆ ئەو شوێنەوارانە دروست دەکەن.

بەشێک لەو ناوچە شوێنەوارییانە لە لایەن شوێنەوارەوە تۆمار کراون و کاری کنە و پشکنینیان لەلایەن تیمە بیانییەکان بۆ ئەنجام دراوە و بەشێکیشیان هەتا ئێستا تۆمار نەکراون، کە بە پێی لێکۆڵینەوەکان کۆنترین قەڵات، قەڵاتی سەیدە حمەدانە، کە مێژووەکەی بۆزیاتر لە 9 هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

هەروەها وتی :بەداخەوە لەم ژمارە قەڵایەدا، پێنجیان بەتەواوەتی لەنێو براون بە هۆی دروست کردنی خانو و باخ و پرۆژەی شەخسی، لەوانە قەڵاتی قادراوا و بنگرد و گردەسپیان و دەشتێ، بەڵام بەداخەوە حکومەت هیچ هەڵوێستێکی لەبەرامبەر ئەم کەسانە نەبووە، بەهۆی نەبوونی هیچ بنکەیەکی شوێنەوار، مەترسی گەورە هەیە لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکانی ئەو دەڤەرە.

لەبارەی ڕێگرییەکان و پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، عەلی وتیشی :ئێمە وەک و ڕێکخراوی دینکە، چەندین جار لایەنی پەیوەندیدارمان لە لەناوچوون و مەترسییەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە ئاگادار کردوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ڕیکخراوێکی ناحکومین، گوێمان لێناگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەکو ڕێکخراوی دینکە بەردەوام لەهەوڵدابووین بۆهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕیگای کۆڕ و سیمینار و بڵاوکراوە و سەردانیکردنی دامودەزگا حکومییەکان و خوێندنگاکانی گوندەکان، بەڵام هێشتاش مەترسی بۆسەر ئەم ناوچانە هەیە.

لەکۆتایی قسەکانیدا وتی:داواکارم لە حکومەت کە هاوکاری ڕێکخراوەکەمان بکات بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان و

کردنەوەی بنکەیەکی شوێنەواری لە دەڤەرەکەمان و دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە سزادانی ئەو کەسانەی کە هێرش دەکەنە سەر ناوچە شوێنەوارییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی رۆژنیوز - 2017-08-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 300

شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا و جیهان نیشان دەدرێن

2022083109464843119 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە پارێزگای دهۆک ژمارەیەکی زۆر شوێنەوار هەن و بەردەوام بەداواچوون و کنە و پشکنین دەکرێت بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری نوێ. کۆمپانیایەکی فەرەنسا سەردانی دهۆکی کردووە بۆ دروستکردنی بەڵگەفیلمێک لەسەر شوێنەوارەکانی پارێزگای دهۆک و پێ دەچێت ساڵی دادێت ئەو فیلمە کۆتایی بێت و لە فەرەنسا و چەندین وڵاتی دیکەی جیهان نیشان دەدرێت.

د. بێکەس بریفکانی، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری پارێزگای دهۆک، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: "وەرزێکی نوێی کنە و پشکنینی شوێنەواری لە دهۆک دەستی پێ کردووە، لەم وەرزەدا بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە و بە هاوکاریی هەردوو زانکۆی توبنگن و فرایبۆرگی ئەڵمانی و ئودینی ئیتاڵی لە کنە و پشکنین لە گردی باستکێ و موقبلێ و شوێنی فەیدی (کەناڵی ئاودێری) و گردی خەتارا و نۆژەنکردنەوەی نەخشە داتاشراوەکانی فەیدی و دروستکردنی پارکی شوێنەواری و چەندین کاری جیاجیا جێبەجێ دەکرێن، هاوکات کار لەسەر دروستکردنی بەڵگەفیلمێکی دۆکیۆمێنتاری دەکرێت کە لەلایەن وڵاتی فەرەنساوە بەرهەم دەهێنرێت".

بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری پارێزگای دهۆک ئاماژەی بەوەش دا: "ئێستا کار دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کاری شوێنەواری و ئەنجامەکانی کنە و پشکنینی شوێنەواری و شارستانیەتی پارێزگای دهۆک و ئیمپراتۆریی ئاشووری، ئەم فیلمە لەلایەن کۆمپانیای (BambooDoc)بەرهەم دەهێنرێت بۆ کەناڵی (France Télévision) کە فیلمێکی 90 خولەکییە و لە ساڵی 2024 کۆتایی دێت. ئەو کۆمپانیایە یەکێک لە کۆمپانیا ناودارەکانە لەسەر ئاستی جیهان و بەرهەمەکانی لە ناشنال جیوگرافیک و نێتفلیکس و زۆر کەناڵی ناوداری دیکە بڵاو دەکرێنەوە، ئەوەش دەستکەوتێکی مەزنە بۆ نیشاندانی شارستانیەتیی کوردستان، بەتایبەتی دەڤەری دهۆک کە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە توانیویەتی بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە هاوکاریی زانکۆ بیانییەکان ئەم کارە بکات و ئامانجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیشاندانی جوگرافیا و کولتوور و شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستانە بە وڵاتانی بیانی".

ئامادەکردنی: سارا سەردار

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

جۆری شوێن / شوێنەوار: باخ - پارک

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-31
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 301

شوێنەوارەکانی کفری مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە

2019031420152467161=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەوارەکانی کفری کە مێژوویان 300 ساڵێک دەبێت، بەهۆی پشتگوێخستنیان و جێبەجێنەکردنی بڕیاری نۆژەنکردنەوەیان، مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە.
کارزان نزیکەی حەوت ساڵە فۆتۆگرافەری دەکات، بە کامێراکەی وێنەی شوێنەوارەکانی کفری دەگرێت و ئەر شیفان دەکا.
کارزان دەڵێ "وێنەی زۆرم گرتوون، خانوو لە گەڕەکە کۆنەکان، قشەڵە، سەرا هەمووی نەماون و ئەمەش (قەیسەرپی کۆنی کفری) نامێنێ. شوێنەوارەکان بۆ نەوەی داهاتوو دەبنە ئەرشیف و لە وێنەکاندا دەبینرێن.
لە کفری زیاتر لە 30 شوێنەوار هەن، گرنگترینیان تەپەی گاوران، گۆڕستانی باوە شاسوار، قشڵەی کۆن، حەمامی کفری، سەرای کفری و ماڵی مەجید پاشای بابانن.
ماڵی مەجید پاشا یەکێکە لە و شوێنەوارانەی مێژووی دروستکردنەکەی بۆ سەدەی نۆزدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە و، ئێستا لە لێواری لەنێوچووندایە.
ستار مەجید، مامۆستایە و دەڵێ "مێژووی کفری 300 ساڵێک دەبێ، چوارپڕیانی کرماشان - کەرکووک - سلێمانی - بەغدا بووە. شوێنی ژیان بووە، ئە و شوێنەوارەی پشتم ماڵی مەجید پاشا بوو. جاران بێرەدا تێدەپەڕیت هەستت دەکرد لە ئیتاڵیا و ڕۆمای، ئەوەندە باڵەخانەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو، حەیف ئیدارەی گەرمیان و حکومەت مێژووی کفرییان پشتگوێ خستووە.

حەوت ساڵ بەر لە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری خەرجکردنی 21 ملیار دیناری دا بۆ دووبارە دروستکرنەوەی قەیسەری کفری، کە 315 دووکان و چوار خانی گەورە و دوو دەروازە دەگرێتەوە، دیزاینەکەی لە تاران بۆ کراوە بەگوژمەی 364 ملیۆن و وەستای خاوەن ئەزموونی بۆ پەیداکرا، بڕیاربوو دەست بە کارکردن بکەن، بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی داعش هەموو شتکیان وەستاند.
جەلال نووری قایمقامی کفری لەمبارەیەوە دەڵێ "دیزاینی بۆ کرا، پارەشی بۆ تەرخانکرا، بەڵام قەیرانی دارایی وەستاندی. ئێمە چاوەڕێی حکومەتی نوێین بودجەی بۆ دابینبکاتەوە.
لەسەر نەخشەی شوێنەوارەکانی باشووری کوردستان، زیاتر لە سێ هەزار و 500 شوێنەوار هەن، ئێستا زیاتر لە 50 تیمی زانکۆ و نێودەوڵەتی و ئەوروپی و ژاپۆنییەکانیش سەرقاڵی پشکنین بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری زیاتر، چاوەڕوان دەکرێت بە تەواوبوونی کاری ئەوان ژمارەی شوێنەوارەکان دەگاتە 10 هەزار شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان.[1]
2019-03-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شارۆچکە
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری رووداو - 2019-03-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-03-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 302
فەقرەقا

2012101921412373439=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فەقرەقای مەهاباد. ژمارەیەک لە پادشاکان، شازادەکان و خاتوون و کەسایەتیە بەرجەستەکانی مێدیا کە لە ناو دڵی بەرد و شاخەکان دا نێژراون. فەقرەقا، هەڵکەوتوو لە نزیک شاری مەهاباد، نموونەیەکە لەم گۆڕانە. تەمەنی ئەم شوێنانە بۆ زیادتر لە پێنج سەت ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لایەرەی فەیسبووکی شێرکۆ جیهانی
کاتی تۆمارکردن: 2012-10-19
ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 303
فەلەکولئەفلاک

2022040421320841020 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەک لە قەڵادێرینەکانی لوڕستانە، شوێنەوارێکی سەرنج ڕاکێشە و ساڵانە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران سەردانی دەکەن. سەدان پارچەی ئاسەواری و مێژووی تێدا پارێزراوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەی 16 (1500- 1599)
شار و شارۆچکەکان: لوڕستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئاژانسی میهر
کاتی تۆمارکردن: 2022-04-04
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 304
فەنار

20220903213350431896=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

فەنار
منارەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەولێر، نێوان گوندی حەزە و قونیان، بەرزییەکەی (7.5) مەتردەبێت، بۆ پێناساندنی ڕێگای کاروانچییان بەکارهاتووە، شەوان ئاگرییان لەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی کاروانچی ڕێگاکە ببیننەوە کە ڕێگای نێوان موسڵ و کەرکووک و موسڵ و هەولێری پێدا ڕۆیشتیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مناره
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (123) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 305
قزقاپان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=201005292021374329



ئەشکەوتێکە کەوتۆتە ناوچەی چەمی ڕەزانی نێوان سلێمانی و سووڕداشەوە، کۆمەڵێک نەخشی مادەکانی تێدا هەڵکەنراوە. 3 گۆڕی تێدایە و نیشانی ئاهورامەزداشی تێدا دروستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2010-05-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 306

قسروگێچ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=202209031300014317 94

قسروگێچ(قسڵ وگێچ): لەسەر چیای قەرەچووغە لەئاقاری گوندی (خدرجیجە) لەناوەندی بەرزایی چیاکە شوێنەکی پانتاییە پاشماوەی چەند خانوێکە کە لەبەردی چیای بەقسڵ و گەچ دروستکراوە، بەڵام بەس بناغەی ماوە، پیرەکانی ناوچەکە دەڵێن: پێشتر ئاوەدانی بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (119) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 307

قشلەی سواری

20230522165141492673=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قشلەی سواری یەکێک لە شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی شاری هەولێر ە کە مێژووی درووست کردنی بۆ سەردەمی ئوسمانییەکان (کۆتاییەکانی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20) دەگەڕێتەوە. ئەم قشلەیە دەکەوێتە خوار قەڵای هەولێر و لە گەڕەکی عەرەب و بە مەبەستی سەربازی درووست کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 308

قشڵەی سواریە لە گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر

2015052315022585358=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-05-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 309
قشڵەی قوشتەپە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=https://journal.kurdish-academy.dev.krd/article/309-2024040718370356435

قشڵەی قوشتەپە
لێکۆڵەر: جەنگی زرار کوردە
گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە 57 (2023). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	قشڵە
دەیە:	70کان (70-79)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	قوشتەپە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | https://journal.kurdish-academy.dev.krd/ 07-04-2024
کاتی تۆمارکردن: 2024-04-07
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 310

قشڵەی گوێڕ

2012042221510364601=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قشڵەی گوێڕ
دەکەوێتە ناو شارەدێی گوێڕ لە ساڵی (1900) لە لایەن عوسمانییەکانەوە دروستکراوە، بۆ کارگێڕی ناوچەکە[1]، یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی سنووری شارەدێی گوێڕ کە مێژووی درووستکردنەکەی بەقسەی شارەزایان بۆ(150) ساڵ دەگەڕێتەوە کە ئەوسا ئەو ناوچەیە لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارییەتی نارەوا و داگیرکاریەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان بووە لەسەر ویلایەتی موسڵدا، دوای دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتداریەتی و فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان ئینگلیزەکان عێراقیان لەدەست عوسمانیان دەرهێنا و داگیریان کردوو دواتر دەوڵەتی پادشانشینی عێراقیان تێدا دامەزراند و گۆڕ دوای چەندین ساڵ بووە ناحیەیەکی سەر بەلیوای هەولێر کەوا ئەو کاتەی W.R.HAY حاکمی ئینگلیز بوو لەهەولێر...و یەکەم ناوەندی ئیداری و کارگێری دەوڵەت و سەرای پۆلیسی ئەسپسواری پادشایی لێ دامەزرا و تا ساڵی 1958 و نیوەی 1970 کانیش بنکەی پۆلیس بوو...دواتر بێ خزمەت مایەوەو لەدوای ساڵی2003 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر وەک پێگەیەکی شوێنەوار شورەی پارێزگاری بۆ کراو کارمەند و چاودێری بۆ دامەزرنێنرا بەڵام نۆژەن نەکرایەوە و کەلکی لێ وەنەگیراوە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت نۆژەنبکرێتەوە و باخچە و فوارە و پەرژینی بۆدروستبکرێت و وەک شوێنەوار خەڵک بێنەدیدەنی و توێژینەوەی شوێنەوارناسانی بۆ بکرێت،
لەو ڕووەوە بەڕێزمحێدین عەبدوڵڵا گوێڕی لێپرسراوی سەنتەری ڕۆشنبیری گوێر قسەی بۆکردین و وەڵامی پرسیاری دایەوە.[2]
ڕاپۆرت و بەدواداچوون : عەدنان حاجی کاکە دیبەگەیی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (122) .
[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Adnan Haji Kaka
کاتی تۆمارکردن: 2012-04-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 311

قشڵەی مەخموور

20081216231443803=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قشڵەیە دەکەوێتە ناوەندی شارۆچکەی مەخموور کە سەر بە پارێزگای هەولێرە. مێژووی دروستکردنی ئەم قشڵەیە دەگەڕێتەوە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان (1907 ز) کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکاریان هێناوە.
ئەم قشڵەیە بەشێوەی لاکێشەییە بە ڕووبەری (3724)م کە دەکاتە (888م2 بە بەرد و گەچ و قسڵ دروستکراوە، لە دوو نهۆم پێک هاتووە، دوو دەرگای هەیە (ڕووەو باکوور و باشوور).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی پارێزگای هەولێر

کاتی تۆمارکردن: 2008-12-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 312
قشڵەی کۆیە

20081216232720805=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەگەڵ گەیشتنت بەشارۆچکەی کۆیە لەسەربەرزاییێکدا قەڵایەکی کۆن دێتە بەرچاو کە پێی دەڵێن سەرا. ئەم قەڵایە مێژووی درووستکردنی بۆسەردەمی ئاشوریەکان دەگەڕێتەوەو لەسەر دەمی میر محەمەد پاشای ڕەواندوز لەسەر شوێنەواری قەلای ئاشووریەکاندا قەلایەکی درووست کرد، لەسەردەمی عوسمانیشدا کرا بە قشلە کە تا ئێستا پشکنینی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. ئەم قەڵایە لە چەندین ژووری گەورەو بچووک پێکهاتووە لەناوەڕاستیدا گۆڕەپانێکی گەورە هەیە کە لەسەردەمی زوودا بۆ مەشقی سەربازی بەکار دەهات.
لەسەردەمی والی عوسمانی (مدحت پاشا) ساڵی (1869 - 1872) کە فەرمانڕەوای بەغدا بووە دەگەڕێتەوە. قشڵەی کۆیە بە مەبەستی سەربازی درووستکراوە کە پێکهاتووە لە شوورەیەکی بەرز و چوار قوڵلە و چەند ژوور و هۆڵێک لە ناوەوە. هەروەها لە ناوەڕاستی دیواری ڕۆژهەڵاتیدا لە ڕێگەی (2) دوو پلیکانەوە سەردەکەویت بۆ نهۆمی دووەم کە لە (5) پێنج ژوور و (3) سێ بەر هەیوان پێک دێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قشڵە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2008-12-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 313
قشڵەی کەرکووک

201009272301089709=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2010-09-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 314

قوتابخانەی مێژووی قوبەهان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211129192218397105



قوتابخانەی مێژووی قوبەهان لە ئامێدی

ئەم قوتابخانەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1534 بۆ 1576 زایینی و بە دیاریکراوی لە سەردەمی میر حسین وەلی میری میرایەتی بهدینان و بە فەرمانی سوڵتان حوسێن وەلی، میری میرنشینی بەهدینان درووست کراوە، وەک ناوەندێکی ئایینی و فێرکاری بەکار هاتووە بۆ فێرکردنی زانستەکانی ئایین، فەلسەفە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | SNN

کاتی تۆمارکردن: 2021-11-29

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 315

قوچەکی موهەندیسی

20220903133859431801=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قوچەکی موهەندیسی
قوچەکێکە بە بەردی چیای قەرەچوغ دروستکرایە، کاتی خۆی لەچلەکانی سەدەی بیستەمدا، ئەندازیارانی شوێنەوارناسی دروستیان کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (121) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 316

قولەی بەرلوت

2017020723211713844 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قولەی بەرلوت دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان بە دووری 5 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەلار، لە شوێنێکی بەرزو دڵرفێن دایە ئەم قولەیە وەکو هەندێک لە شوێنەوارەکانی تری کوردستان خەریک بوو بەتەواوی لەناودەچوو چونکە بەشی هەرە زۆری بیناکە بەتەواوی ڕووخابوو ئەوەی مابویەوە تەنها بناغەکە و بەشێک لە دیوارەکانی بوو، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی شوێنەوار و دەستەی گشتی گەشتو گوزار هەستا بە نۆژەنکردنەوەی قولەکە لەسەر هەمان شێوازی کۆنی خۆی بە بەکارهێنانی هەمان ئەو کەرەستانەی کە پێشتر لە بیناکە بەکارهێنراوە وەک (تاوێرە بەردو قسڵ و دار و حەسیر و طابوق) بۆ ئەوەی هیچ زیادەڕەویەکی نوێ لە دروستکردنیدا بەکار نەهێنرێت و لەسەر شێوازە کۆنەکەی خۆی بنیادبنرێتەوە، سەرەتا بەشێوەی هەڵکۆڵینی شوێنەواری دەستمان کرد بە پاککردنەوەی ناوەوە دەرەوەی قولەکە بۆ ئەوەی هەر پاشماوەیەکی قولەکە دۆزرایەوە بپارێزرێت، وە لە کاتی پاککردنەوەیدا دراو (سکە) یەکی تێدا دۆزرایەوە کە مێژوەکەی نزیکەی 178 ساڵ دەبێت لەسەری نوسراوە 1255 هجری لەپشتەوەش ناوی سولتان عبدالحمیدی یەکەم ی عوسمانی نوسراوە، بڵام هێشتا بە تەواوی ڕوون نیە قولەکە کەی دروستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-07

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 317

قولەی قاپ شکێن

2015121213210512858 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 318

قونگرەی ئاکۆیان

2017063006243114069 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قونگرەیە لەسەر قەڵای ئاکۆیان، لەلایەن پاشای گەورەی ڕواندز دروست کراوە، هاوشێوەی قونگرەی شەمامێ لە بەرامبەر لۆفەکانی کاولۆکان کە ئێستا نۆژەن کراوتەوە.
مەبەست لە دروستکردنی ئەو قۆنگرانە بۆ مەبەستی سەربازی و چاودێریکردنی دەوروبەر و پارێزگاریکردن لە ناوچەکە بەکار هاتوون، چونکە لە دەوروبەری ئەم قۆنگرانە، قەڵا و کۆشک و شوێنی پاشای گەورە هەبوون، کە ئێستاش شوێنەوارەکانیان ماوە، قونگرەی ئاکۆیان بە دووری زیاتر لە نیو کیلۆمەتر مەتر لە قەڵاتی پاشای گەورەی ڕواندز دروست کراوە و لە شوێن و بەرزاییەکی کاریگەرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-06-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-30

ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 319

قەپاخی گۆزەیەکی کۆن

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230410221506481269



قەپاخی گۆزەیەکی کۆن کە مێژووەکەی بۆ 3000-3200 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 320
قەراتی دوینێ (قەڵای دوین)

2018042315433970289=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەسەر برندایەک دروستکرایە کە نێزیکەی یەک کیلۆمەتر چوار گۆشە عەردی داپۆشیە، لەگەر ئەوەی تەواوی قەراتەکە وەکی خۆی نەمایە بەرانەکینێ بەشەکی ساغە وەکی تاوەرەکان و بناغەکانی وەکی خۆی مایە، سەردەم و مێژووی ئەو قەراتە دەگەڕێتەوە لۆ میرنشینی سۆران سەدەی (10 – 16)زاینی دەسەڵاتی عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ ئەو قەراتە ماوەیەک وەکی پایتەخت لەلایەن میرنشینی سۆران بەکار هاتییە، قەرات لەبەر هێرشەکانی میرنشینی بابانەوە زەرەری پێ دەکەوی و ئاخیرجاریش لەلایەن پاشای گەورە تەعمیر دەکرێتەوە.
هەندەک شوێنەوارناس مێژووەکەی لۆ سەردەمی شادی کە یەکەک بووە لە میرەکانی هۆزی ڕەوەندی کوردی کە دەکاتە باپیرە گەورەی سەڵاحەدین ئەیوبی، مێژوو نووسێکی شوێنەوارناس پێیوایە کە قەبرستانی نێزیک قەراتەکە گۆڕی یەکەک لە خێزانەکانی سەڵاحەدین ئەیوبی تێدایە. ووشەی دیوین یش بە مەعنای (پایتەخت) دێت.

بەخێربمینێن
سیروان مەغدید دیبەگەیی
2018-04-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	قەڵا
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
میرنشین:	بابان
میرنشین:	سۆران
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سیروان مەغدید دیبەگەیی) سەبارەت بە (قەراتی دوینێ (قەڵای دوین)) لە: 2018-4-22 0:18:40

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 321

قەسری شەمامک

2011051220394557862=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گردە دەکەوێتە دووری 30 کم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر کە گردێکی زۆر گەورەیە و بە قەسرێکی شوێنەواری ناسراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-05-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 322

قەسری شەمامکێ

20220903202914431881=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەسری شەمامکێ

گردی سەعداوەشی پێی دەوترێت، دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری هەولێر بەدووری (25) کیلۆمەتر لە نێوان گوندی (تەرجان) و گوندی (سەعداوە) یە، گردێکی گەورەیە و بە شوێنەوار ناسراوە، لە 19-08-1948 لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع العراق موقع اثری) بەشوێنەوار ناونووسکراوە، 2000 ساڵ پێش زایین ژیانی تێدابووە، دوایی لەسەردەمی ئاشوریيەکان و میدییەکان و ئینجا فارس و یۆنان و ڕۆمان و ساسانیەکان ژیانی تێدا ماوە، وەک شارێکی گرنگ بووە، لە نووسینی ئاشوریيەکان بە (ساری کاکزۆ) ناوزەد کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: هەزارەی 01ی پێش زایین

سەدە: هەزارەی 02ی پێش زایین

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (122) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 323

قەلای زوحاک؛ یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکانی سنوری هەڵەبجە تێکدەدرێت

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2018060715435710419 8

دوارۆژ، عەلی حەمەسەعید

بۆ گەڕان بەدوای کەرەستە و شمەک، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە قەڵایەکی مێژووپی لە گوندێکی سەر بە ناحیەی خورماڵ تێکدەدرێت و بەڕێوەبەری ناحیەکەش دەڵێت، بەدواداچوونمان دەستپێکردووە.

قەڵاکە یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە و دەکەوێتە گوندی (نەوێ)ی سەر بە ناحییەی خورماڵ کە بە قەڵای زوحاک ناسراوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلییەکان دەگەڕێتەوە.

سالم غەریب، شوێنەوارناس بە دوارۆژی وت، بەداخەوە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە و بەبێ ئاگاداری خەڵک و ئیدارەی ناوچەکە هێرش دەکرێتەسەر قەڵاکە و بەهۆیەوە بەشێکی زۆری ناوەوەی تێکدراوە و زیانێکی زۆریان بە ناو قەڵاکە گەیاندووە.

وتیشی، ئە وکەسانەی بەم کارە هەستاون مەبەستی بازرگانییان هەبووە و بەدوای کەرەستە و شوێنەواری مێژووپی و کەلەپوریدا گەڕاون و پێدەچێت دۆزیێتیانەوە، چونکە ئامێری کارەبایی (ئێڵتی) و چەند ئامێرێکی دیکە بەکارهاتوون و کارەکەشیان لەم یەک دوو ڕۆژەدا بووە، بەڵام ئەمڕۆ بە تەواوەتی بەم ڕووداوەمان زانیوە.

لای خۆیەوە سمکۆ سالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بە دوارۆژی ڕاگەیاند، ماوەیەکە چەند کەسێک لە شێوەی باندی دزینی شوێنەوار و کەلتوری سەریانهەڵداوە و هێرش دەکەنەسەر شوێنەوارە مێژوییەکان و تێکیدەدەن و چاودێرکردنیان هەروا ئاسان نییە، بۆیە ئەوەی لە گوندی نەوێ ڕویداوە تائێستا بە فەرمی لەلایەن هیچ کەسێکی گوندەکەوە زانیاریمان پێنەدراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارە کە بتوانێت چاودێری پێویست بۆ شوێنەوارە مێژوییەکانی ناوچەکە دابنێت و لە هەر هێرشێک بیانپارێزێت، بۆ ئە و مەبەستەش ئێمە بە هەموو شێوەیەک هاوکاریان دەبین، هاوکات بەدواداچوونەکانیشمان لە و بارەیەوە دەستپێدەکەین.[1]

2018-06-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-06-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 324

قەڵا مێژووییەکەی خورماڵ مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

2017082711271310196 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕۆژنیوز، هاوکار مستەفا

هاوشێوەی زۆرێک لە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان، شارەدێی خورماڵی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەش، خاوەنی قەڵایەکە کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کە لە ڕووی ئابووری سیاسییەوە گرنگی خۆی هەبووە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە فەرامۆش کراوە.

قەڵای خورماڵ کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەدێی خورماڵ مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی ساسانییەکان و بە پێی ئەوەی لەو سەردەمە کەوتوەتە سەر سنووری عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، ڕۆڵی هەبووە لە یەکلایی کردنەوەی زۆرێک لە شەڕە مێژووییەکانی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە، بەڵام لەئێستادا خەریکە بەتەواوەتی بەرەو لەناوچوون دەچێت.

شوان محەمەد، پسپۆری بواری شوێنەوارناسیی بە ڕۆژنیوزی وت: بەڵگەی مێژووی و شوێنەواریی گرنگمان لەبەردەستدا هەن دەیسەلمێنن کە مێژووی قەڵای خورماڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی ساسانییەکان، هاوکات شێوازی دروستکردنی دیواری قەڵاکەش لەگەڵ ئەو سەردەمەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆیە لەساڵانی 631 تا 651 ی پ. ز ساسانییەکان بە دیاریکراویش لە سەردەمی حوکمڕانی (یەزەگورد)ی کۆتا پاشای ساسانییەکان لەم ناوچەیە حوکمڕان بوون و سودیان لەو قەڵایە وەرگرتووە.

ئاماژەی بەوەش کرد، قەڵای خورماڵ لەڕووی مێژووی و شوێنەواریی و سیاسی و ئابوورییەوە، لە سەردەمە جیاوازەکانی حوکمڕانی میرنشینە کوردییەکان و سەردەمی عوسمانییەکاندا ڕۆڵێکی زۆر گەورە و گرنگی هەبووە، بەڵام بەداخەوە دەبینین حکومەتی هەرێم هیچ ئاورێکی لێ نەداوەتەوە، وەک جێگایەکی شوێنەوارییش تۆمار نەکراوە و تەنانەت هەندێک جاریش هەوڵدراوە کە ئەم شوێنەوارە مێژوییە لەناو ببرێت.

ئەو شوێنەوارناسە ئەوەشی وت: ئەوەی ئەرکی ئێمەیە، کارکردنە لەسەر ڕوونکردنەوەی مێژووی ئەم شوێنە گرنگ و شوێنەوارییانە و پێشکەشکردنی بەلایەنی پەیوەندیدار و جوڵاندنی شەقامە، بۆ ئەوەی لە مەترسی لەناوچون بپارێزرێن، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە لەڕێگەی دابینکردنی بودجەیەکی زۆر کەمیشەوە بۆ ئەم قەڵایە، دەتوانێت بیکاتە شوێنێکی گەشتیاری لە ڕێگەیەوە داهاتێک دەستبخات و بەو داهاتە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ بکات، ئەمەش وایکردووە خەریکە قەڵاکە هیچ شوێنەوارێکی مێژووی و شوێنەواریی تیادا نەمێنێت.

ئیبراهیم حاجی زەڵمی، مێژووناس، بە نیگەرانییەوە باسی لە ڕۆڵی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە چۆن قەڵایەکی گرنگی مێژووی و شوێنەواریی گرنگ لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور فەرامۆش دەکات و لەو بارەیەوە بە ڕۆژنیوزی وت: گومانم لەوەدا نییە کە ئەم قەڵای خورماڵە لەهەر وڵاتێکی دیکە بوایە، زۆر گرنگیی پێدەدرا و دەکرایە شوێنێکی مێژووی و شوێنەواریی و لە سەرجەم وڵاتانی جیهان گەشتیاری بۆ ڕادەکێشرا، بەڵام دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو پاشماوەیەی کە قەڵاکە ماویەتی شپرزە دەکرێت و هاوکات بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی شوێنەوارییش لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە

بەتەواوەتی بەرەو لەناوچوون چووە.
ئەوەشی خستەڕوو: ئەگەر ئەم فەرامۆشکردنە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، لە چەند ساڵی داهاتوودا لە واقیعدا شتێک نامێنێت بەناوی شوێنەواری قەڵای خورماڵ، بەڵکو هەمووی دەڕواتە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووە و دەبێت هەر بوترێت قەڵایەکی لەو شێوەیە لە خورماڵ هەبوو، لەکاتێکدا دەکرێت ئەم قەڵایە بکرێتە ناسنامەیەک بۆ خورماڵ و ناوچەی هەورامان.
ئەو مێژووناسەی ناوچەی هەورامان ئەوەشی وت: قەڵای خورماڵ لەڕووی مێژوویەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ نەتەوەی کورد، چونکە بەدرێژایی مێژوو یەکێک بووە لەو قەڵایانەی کە بۆماوەی زیاتر لە سێ سەدە بووەتە پاڵپشتییەکی سەرەکی بۆ دامەزرانی میرنشینە کوردییەکان و شۆڕشە جیاوازەکانی گەلەکەمان، بەتایبەت میرنشینی ئەردەڵان بۆ درێژەدان بە دەستەڵاتەکەی بەتەواوەتی پشتی بە قەڵای خورماڵ و زەڵم بەستبوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە زۆرێک لە پەیماننامەکانی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا ناوی قەڵای خورماڵ هاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-27
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 325

قەڵا یان کڵێسەی بازیان

20220723202400424453=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵا یان کڵێسەی بازیان

دەکەوێتە ناحیەی تەکیەی ڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەشکانی (248-226 پ.ز) و سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە، کنە و پشکنین لەم شوێنەوارەدا کراوە و دراوی سەردەمی ساسانی تێدا دۆزراوەتەوە، بۆچوونی جیاواز لەسەر قەڵاکە هەیە سەبارەت بەوەی کە کڵێسا بێت یاخود پەرستگای زەردەشتی بێت، بەڵام پاش ئەوەی تیمێکی ئیتاڵی کاری پشکنینی لەم شوێنەوارە کرد زۆرتر ئە ڕایە پەسەند دەکرێت کە ئەم شوێنەوارە کلێسا بووبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی پارێزگای سلێمانی

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-23

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 326
قەڵاتی عەوێنە

20220903203822431885=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵاتی عەوێنە-قەراتی عەوێنە
گردێکی کۆنە دەکەوێتە نێوان (موسڵ) و (هەولێر)، لە نووسینە بزماریەکان ئاماژەی پێدراوە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (وەرکا) ی سۆمەری لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیش ژیانی تێدا بووە تا سەردەمی عەباسیەکان واتە: سێ هەزار ساڵ ژیان و ئاوەدانی تێدابووە، بە گەورەترین گرد دادەنرێت لە هەولێر دوای قەڵای هەولێر لە26-02-1940 بە شوێنەوار تۆمارکراوە.[1]
لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکانەوە واتە (4000) چوار هەزار ساڵ پێش زایین ئاوەدان بووە !
لە ڕێکەوتی05-05-2019 لەگەڵ سێ هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست (خورشید خدر، ئەکرەم عەزیز، سەردار عەلی) بە نیازی گەشت و بینینی دیمەنی جوانی سروشت بەرەوە گوندی(عەوێنە)بەڕێکەوتین.
عەوێنە یەکێکە لە گوندە گەورە و مێژوویەکانی دەشتی هەولێر، سەربە شارەدێی(گوێر)ی قەزای مەخموورە، نزیکەی(30)کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری هەولێرەوە دوورە، چاوساغەکەمان کە کاک (ئەکرەم) عەوێنەیی بوو، بست بە بست و دێ بە دێ و تخوب بە تخوبی گوند و پارچە زەویەکانی نیشانمان دەدا، تا گەیشتینە بەنداوێکی دەستکرد بە ناوی(کۆدەرە) وەک ڕێبەرە عەوێنەییەکەمان باسی دەکرد ئەو شوێنە تەنها ئاوی کانی و بارانی لێکۆدەبۆوە و بە دەیان جار ماسی گەورەی لێ ڕاو کردووە، بەغەم بەداخەوە دوای ئەوەی دەکرێت بە بەنداو لەگەڵ ئاوی پیس تێکەڵ دەبێت و نەک هەر ماسی تیا ناژی بەڵکو وەک جلشۆرێکی ئۆتۆماتیک تەنها کەف و کۆڵی تاییت و زاهی دەبینیت ! کە گەیشتینە نێو گوندی عەوێنەش بەشی زۆری ئەو پارچە زەویە تەختانەی نیشانمان دەدا، کە شوێنی ماڵی پیاو ماقولانی دێ و مزگەوت و قوتابخانە بووە، بەلام ڕژێمی فاشی بەعس لە ساڵی 1987 تەواوی گوندەکە وەک هەموو گوندەکانی تری ناوچەکەو کوردستان خاپور دەکات، ڕێبەرەکەمان دەی وت ئەو گوندە لە سەرەتای ساڵی چلەکانەوە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی تیابووەو قوتابیانی بەشی زۆری گوندەکان بۆ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی دەهاتنە ئەو گوندە، پاشان چوینە سەر تەپۆڵکەی زوورگی عەوێنە کە هەمان زنجیرە زوورگی(زوورگە زراوە) لەو بەرزاییەوە زۆر بە جوانی چیا سەربەرزەکەی قەرەچوغ و بەشی زۆری دەشتی کەندێناوەمان وەک ناو لەپی دەستمان لێوە دیار بوو، ئەوەندە دیمەنێکی جوان بوو هەوای دەیان شیعرو پەخشان و بابەت ڕێچکەیان گرتبوو، لەو بەرزاییەوە بە دیار مەشخەڵی ئاگری بیرە نەوتەکانی(خورمەڵە) و گوندەکانی تر، تاوێکی باش پشووماندا، لە پانتایی زوورگەکەوە هێدی هێدی بەرەو قەراتی ئەو گوندە بەڕێکەوتین، لە دامێنی پیرە قەرات تابلۆیەکی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر هەڵواسرا بوو، تیایدا نووسرا بوو (مێژووی گردی عەوێنە دەگەڕێتەوە سەردەمەکانی (وەرکا، سۆمەر، ئەکەد، کاشییەکان) واتە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکان(4000) چوار هەزار ساڵ پێش زایین ئاوەدان بووە، لە 26 - 02 - 1940 وەک شوێنەوار تۆمارکراوە، بە سەدان پارچە(تاسلوقە)و خشت و بەردی شوێنەوار لە دامێن و لێواری کەوتوە ! بێ خاوەنی و نەبوونی پرۆژەی گەشتیاری ئەم مەڵبەندە مێژوویەی فەرامۆش کردووە، لە دوا شوێنی گەشتەکەشمان بینینی پارچە زەویە داچێندراوەکەی کاک ئەکرەم بوو بە گەنم و جۆ، لەوێش تاوێکی باش

پشووماندا‌و چایەیێکی بە داریمان لێ نۆشکرد، ماوەتەوە بڵێم ئەم گونده شوێنی لە دایک بوونی دەیان هونەرمەندو تێکۆشەرو سەرکردەی سیاسی بووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (122) .

[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Khurshid Khdr

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 327
قەڵاکۆن

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231209105930535287

قەڵاکۆن، یەکێک لە گردە شوێنەوارییەکانی دەڤەری گەرمیان، لە نزیکی شاری کەلار لە پارێزگای سلێمانی دایە کە بە گوتەی شوێنەوارناسان مێژوو و کۆنینەیی ئەم گردە شوێنەوارییە بۆ چاخەکانی ئیسلامی و ساسانی و ئەشکانی، تاوەکوو هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.
لە ئێستادا (2023) تیمی شوێنەوارناسی ڕێکخراوی (میساک) لە تیمی زانکۆی بۆلۆنیای ئیتاڵی و تیمی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان سەرقاڵی کاری کنە و پشکنین لەسەر ئەم گردە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-12-09
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 328

قەڵای ئامەد

20240803014604585873=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای ئامەد یان قەڵای دیاربەکر (بە کوردیی باکووری: Sûra Amedê، بە تورکی: Diyarbakır Kalesi) قەڵایەکی مێژووییە، کە دەکەوێتە ناوچەی سوور لە ئامەد، کوردستان. ساڵی 2000، یوونیسکۆ قەڵاکەی لە لیستێکی نافەرمی دانا. لە ساڵی 2005، بەفەرمی بووە یەکێک لە شوێنەوارەکانی میراتی جیهانیی یوونیسکۆ لەپاڵ باخچەکانی هەوسەل، بەپێی سەرچاوەکانی یوونیسکۆ مێژووی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1488، لە سەردەمی دەوڵەتی ڕۆمی کۆن و فەرمانڕەوای کۆسەنتینی دووەم درووستکراوە.
دیوارەکانی قەڵاکە، لە دوای دیواری چین بەرزترین و درێژترین دیواری بەدوای یەکەوەن لەئاستی جیهان. قەڵاکە چەند دەروازەیەکی هەیە، سەرەکییەکەیان ناوی چیا (Dağ)، دەروازەی ئورفە، دەروازەی ماردین و دەروازەی نوێ (Yeni). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

دەیە: 40ەکان (40-49)

سەدە: سەدەی 15 (1400- 1499)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ویکیپیدیا - 2024-08-03

کاتی تۆمارکردن: 2024-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 329

قەڵای بانەمان

2011040422261717857=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەکەوێتە سەر ڕێگای (هەولێر _ شەقڵاوە)، بەرزیەکەی دەگاتە (40) م لە ڕووی زەوی (22) کم لە شاری هەولێر دوورە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی سۆران بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتی میر سلێمان بەگ و شازادە خانزاد دروستکراوە، تاوەکو ئێستا ڕووە مێژووەکەی خۆی لە دەست نەداوە توانراوە پارێزگاری لێ بکرێت، ئەم قەڵایە لە بەرد و قسل دروستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-04-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 330
قەڵای بۆگد

2015031711372384890=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە گوندی بۆگد کە نزیکەی (50) کم لە باشووری شاری کۆیەوە دوورەو قەڵاکە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای گوندەکەوە. بەسەر بەرزایی یەکی سروشتی یەوە دروستکراوەو مێژووی دروستکردنی ئەم قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (میر محمد ڕەواندزی) کە دوو قەڵای تری لەم شێوەیان لە هەریەک لە (ڕواندزو و دوکان) دروست کردووە. پاش ماوەی قەڵاکە پێک هاتووە لە (2) دوو بینا لەناو یەکتر حەوشەیەکی گەورە لەناوەڕاستی هەیە لە چوار لاشەوە چوار قوولە دروستکراون بۆ بەرگری کردن و بەهێزکردنی دیوارەکان ئەم قەڵایە لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا تووشی ڕووخان و کاولکردن هاتووە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کۆیە
کاتی تۆمارکردن: 2015-03-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 331

قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف)

2015092312062712710 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەکەوێتە گوندی تازەدێ بە دووری (9 کم) باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار. ئەم شوێنەوارە کۆشکێکی دوو نهۆمییە و زیاتر لە کاروان سەرایەک دەچێت. کۆشکەکە لە لایەن (محمود پاشای جاف) دروستکراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1895 ز)، جگە لە بینای سەرەکیەکەی کوشک لای باکوورەوە بینایەکی تری لاکێشەیی هەیە کە پێدەچێت تەرخان کرابێت بۆ کۆگا و جێگەی تایبەتی ئەسپ و ئاژەڵی بارەبەر، لای باشوورەوە بینایەکی تری بچووک هەیە، کە پێکهاتووە لە چەند ژوورێک بەسەر بەرزاییەکەوە دروست کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 332

قەڵای پاشا کۆرە - سارتکە

2012041822122564570=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای سارتکە یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان و دەکەوێتە قەزای دوکان سەر بە پارێزگای سلێمانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی سۆران
قەڵاکە کە لەلایەن میر محەمەد (پاشای سۆران 1813-1837) دروست کراوە ئێستا بەشێک لە ژوورەکان و دیوار و قولەکانی قەڵاکە وەک شوێنەوار ماونەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-04-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 333

قەڵای پەرتەک

20210530213003394414=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵایەکی دێرین لە باکووری کوردستان
قەڵای پەرتەک، کە دەکەوێتە سنووری قەزای پەرتەک سەر بە پارێزگای دێرسیم لە باکووری کوردستان، یەکێکە لە شوێنەوارە مێژووییە هەرە گرنگەکان، کە میوانداری لە ژمارەیەک شارستانییەتی دێرین کردووە.
ئەم قەڵایە کە لەسەر گردێکی کەنار ڕووباری موراد بونیادنراوەو دیمەنێکی ناوازە و دڵڕفێنی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ڕاچلەکین

کاتی تۆمارکردن: 2021-05-30

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 334

قەڵای چاری

[1] 2011062922150760389=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2011-06-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 335

قەڵای حەسەن ئاباد

2024032808215856276 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای حەسەن ئاباد، یەکێکە لە قەڵا مێژوویەکانی کوردستان، کە بەدرێژایی مێژوو حوکمڕانیی زۆر لە فەرمانڕەواکانی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم قەڵایە پێش دەسەڵاتی ئەمیر حەسەن خانی ئەردەڵان درووستکراوە، هەڵۆخان و ئەحمەد خان و ئەمیر حەسەن خان لەو دەسەڵاتدارە بەناوبانگانەی میرنشینی ئەردەڵانن، کە لەم قەڵایەدا حوکمڕانییان کردووە و بەهۆی حوکمڕانیی ئەمیر حەسەن خانی ئەردەڵانەوە، ناوەکەی بە قەڵای حەسەن ئاباد ناسراوە.

قەڵاکە دیواری بەردی بەرزی لە بناری شاخەکە هەیە و بەدرێژایی دیوارەکان تاوەر و قوللە هەیە، تاکە ڕێگە بۆ چوونە ناو قەڵاکە لە بەشی باشووری گردەکەدایە و بەشەکانی دیکەی گردەکە دژوار بووە و پێگەیشتن پێیان زەحمەتە.

قەڵای حەسەن ئاباد، یەکێک بوو لە گردە سەخت و ستراتیژییەکانی ناوچەکە، کە بۆ زیاتر پاراستنی دانیشتووانی قەڵای حەسەن ئاباد، خانووی نیشتەجێبوون و کەرەستەی سەربازی بە پەرژینی ئەستوور و درێژ لە هەموو دەوروبەری شارەکەدا دەورە دراوە و ئەو پەرژینە، کە پێشتر باسمان کرد، بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە مەترسییەکانی داگیرکردنی لەلایەن دوژمنانەوە درووستکراوە. جگە لە دیواری بەرزی قەڵای حەسەن ئاباد، لە ڕووی کەرەستەی بەرگرییەوە، سێ تاوەری پاسەوانیی هەبووە، کە هەریەکەیان 400 مەتر لە شوورەی سەرەکیی قەڵاکەوە دوورە.

قەڵای حەسەن ئاباد، بەدووریی پێنج کیلۆمەتر لە شاری سنە لە باشووری گوندێک بە ناوی حەسەن ئاباد، هەڵکەوتووە.

مێژوونووسان باس لەوە دەکەن، بنیاتنانی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانی و ساسانی، لە بەشی ڕۆژاوای ئێران وەک ناوەندی حکوومەت بەکار هاتووە.

ئەمیر حەسەن خانی ئەردەڵان لە ساڵی 746ی کۆچیدا (1345-1346 زایینی)، قەڵایەکی بەهێزی بۆ ناوەندی حکوومەتەکەی لەسەر لوتکەی چیایەک لە باشووری گوندەکە درووستکرد. لە سەرەتای سەدەی 10یەمی کۆچیدا، هەڵۆخانی ئەردەڵان، پارێزگاری ئەوکاتی کوردستان، ئەوەی کرد بە بارەگای سەرەکیی حکوومەت. ڕەنگە پێش دامەزراندنی شاری سنە (سنندج) شارۆچکە و قەڵای حەسەن ئاباد ناوەندی پارێزگای کوردستان بووبێت.

پارێزگای کوردستان هەزار و 520 شوێنەواری مێژوویی دەستنیشانکراوی تێدایە، کە بریتین لە شوێنەوارە کۆنەکان، ئەشکەوتی سرووشتی، دارە کۆنەکان، میراتی جوڵاو، کانیاوی ئاو و شوێنی سرووشتی.

ئەم بابەتە لەلایەن ڕۆیا سەردار نووسراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

دەیە: 40ەکان (40-49)

سەدە: سەدەی 14 (1300- 1399)

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 24-03-2024 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 28-03-2024

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 336
قەڵای حەسەناوا

2015100601120112743 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لاپەڕەیک لە مێژووی زێڕینی کوردستان

قەڵای حەسەناوا

بابەتێ لە تاقمەی کەڤنارناسی زانستگەی بوعەلی

وەرگێڕ: عەتا ڕیازی

پێشوتار

قەڵای حەسەناوا لە باشووری ئاوایی حەسناوا،لە پێنج کیلومیتری ڕۆژهەڵاتی سنە نیزیکەی چوار سەدە پایتەختی شانشینی ئەردەڵان بووە. ئەو جۆرە کە کۆڵینەوەکانی گۆڕستانی زاگڕۆس Almeria et al لە ڕۆژهەڵاتی شاری سنە لە سەر ڕێگای حەسەناوا نیشان ئەدەن ئەگەری ئەوە هەیە کە مێژووی دروست کردنی ئەم قەڵایە هەڵ گەڕێتەوە بۆ دەمەو دووایی هەزارەی دووهەمی پێش زایینی واتە دەمەو دووایی چاخی ئاسنی 2 ودەستپێکی چاخی ئاسنی 3(بەین 800 تا 1200 ساڵ پێش زایینی).

بە پێ بەڵگە مێژووییەکان ئەگەری ئەوەهەیە کە حەسەناوا لە دەورانی مادەکانیچا شارقەڵا بووبێت.بەر لەوەیکە حەسەن خان ئەردەڵان لە بەین ساڵەکانی 1346-1373 قەڵاکە بە گرینگی دەسکاری و نەوژەن کاتەوە و ناوی خوی بنێتە پێەوە مێژوونووسەکان و ژۆگرافیزانەکان بە،،بانی،، ناویان لێ دەبرد(سەنەندجی،ئایەتولا مەردۆخ).
بووارى کات قەڵاکەی خراو کردبوو لە ساڵی 1617یەکێک لە گەورەترین پاتشاکانی ئەردەڵان بە نێوی هەڵۆخان قەڵاکەی نەوژن کردەوە.

بە پێ پەیمانێ کە لە نیوان سوڵەیمان خان ئەردەڵان وشاسەفی سەفەوی واژو کرابوو سوڵەیمانخان لە ساڵی 1687 هاو کات لە گەڵ وێران کردنی قەڵاکانی زەڵم،پاڵەنگان و مەریوان قەڵای حەسەناوایچ کاول کردەوە !و بە جێگای ئەوە دژێ لەئاوایی سینە(کە ئەمڕۆ بە باشگای ئەفسەران ناسراوە) دروس دەکات بە نێوی سینە دژ کە بەرە بەرە دەبێتە سنەدژ و بە دووایی ئەوە بە سەنەندج.

هەڵویستی ژۆگرافییایی گرینگی کوردستان هەمیشە تەماعی هاوساکانی ڕۆژهەڵاتی واتە ئاشوورییە درندەکانی هەڵدەزرنگاند و هێرشیان دەکردە سەری. کوردەکان بۆ بەرگری لە وڵاتەکەیان ناچار کەوتبوون کە لە جێگاگەلی ستراتێژیکی وڵاتەکەیان شار قەڵاگەرێک بینا بکەن.نموونەیک لەم قەڵاگەلە قەڵای حەسەناوایە.
هەر وەهای کە وتمان قەڵای حەسەناوا شار قەڵا بووە، واتە جییا لە سەربازخانە و هوماری چەک و بورج تالارگەرێکی گەورە، مزگەوت، فێرگە وخانووگەلێکی زۆریچی تێدا بووە.

پێگەی جوگرافیایی

لە بۆچوونێکی جوگرافییاییەوە ئاواپی حەسەناوا کەوتووەتە بان درێژایی 46 و 58 وبان پانایی 35 و 15 و 1550 مەتر لەئاستی دەریا بەرزترە.ئەم ئاواییە کەوتووەتە ناو یەکێک لە دۆڵەکانی ئاویەرەوە. لە باشووریەوە لە بان لووتکەی کێوەکە یە وە ئاسەواری قەڵای حەسەناوا ئەبینین. لووتکەی ئەم کێوە لە ڕادەی دەریا 2440 میترە واتە 360 میتر لە ئاواپی حەسەناوا بەرزترە.

هەڵویستی ژۆگرافییایی گرینگی ئەم قەڵایە (هەر وەکوو قەڵاکانی زەڵم،مەریوان و پاڵەنگان) بوو بەهۆی ئەوە کە هێرشی موغولەکان بۆ خوی ڕاکێشێ.

پادشاکانی ئەردەڵان تووانیان کە بە باشترین شێوەی خۆی لە هەڵویستی ژۆگرافییایی ئەم قەڵاگەرە کە پێش لە دەورانی ئسلامییەوە دروست کرابوون بۆ کونترۆل کردنی دوو شاخەی سەرەکی جادەی هەورێشم کەڵک وەر بگرن.

شاخەی یەکم هەماانی بە بەغا پەیوەند ئەدا. شاخەی دووهەم کە خێراتر و هەرزانتر بوو لە دڵی شانشینی ئەردەڵان واتە لە حەسەناوا،زەڵم کەرکووک و هەولێر ڕەد ئەبوو و هەماانی بە حەڵەب پەیوەند ئەدا(ئەردەڵان، تاورنییە).ئەم قەڵایە ڕۆڵێکی گرینگی لە کونترۆلی ڕێگای بازرگانی هەورێشم هەبووە.

ڕابردووی قەڵاکە
مێژوونووسەکانی کورد : ئەمیر شەرەفخان بدلیسی، عەلی ئەکبەر وەقایع نیگار کوردستانی، ئایەتۆڵا مەردۆخ، ئەردەڵان، سەنەندجی، خەسرەوبن موحەمەد ناسراو بە موسنێف هەر کامێکیان بە شێوەیک لە ناو کتێبەکانی خۆیانا باسیان لە قەڵای حەسەناوا کردووە. لە ناو ئەم کتێبانە فرەتر قسە لە مێژووی دروست کردنی بە دەست حەسەن خان ئەردەڵان(شەرەفخان) یان جەیژنێ کە لە ناو تالاری گەورەی قەڵاکە کە گیراوە(موسنێف) و .... دەکرێ بەڵام ئاماژە یک بە ڕابردووی قەڵاکە پێش حەسەنخان نەکراوە. شایانی باسە کە ئەوەی بخەینە بەر چاو کە هەمویان لە سەر ئەو باوەڕنە کە ئەم قەڵایە هەتا ساڵی 1637 پایتەختی ئەردەڵان بووە. بە شێوەیکی گشتی ئەتوانین ڕابردووی قەڵای حەسەناوا بە دوو بەش دابەش کەین: دەورانی پێش ئیسلام و دەورانی پاش ئیسلام.

1-دەورانی پێش ئیسلام:
ناوچەی ئەردەڵان بەشێ بووە لە سەرزەوینی مادەکان.بە وتەی دیاکۆنۆف سەرزەوینی مادەکان لە باکوورەوە ئەیخوارد بە ڕۆخانەی ئەرەس و لووتکەکانی ئەلبۆرز، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەیخوارد بە دەشتی لووت و لە باشووەوە بە کێوەکانی زاگرۆس.
سەرزەوینی ماد بە سێ بەش دابەش کرابوو: بە بەشی یەکم،، ماد ئاترۆپاتن،، ئەوترا کە بریتی بوو لە ئازەربایجان و کوردستانی بەر دەستی ئێرانی ئەمڕۆ.
لە ئاتروپاتنا بە سەرزەوینگەلێ کە کەوتبوونە ژووری ڕۆخانەی زابی بووچک،،زاموا،، دەوترا. زاموا بریتی بوو لە سەرانسەری سەرزەوینگەلێ کە لە بەین دەریاچەی ورمێ و بەشگەلی ژوورگینی ڕۆخانەی دیاڵە ڕایان گرتبوو) کە میاندوواو بانە و سلێمانی و زەهاو و سنە ئەگرێتەوە).
لە ناوەندی سەدەی نۆهمی پێش زایینی بە بەشی ژوورگینی ڕۆخانەی دیاڵە (سێ گۆشەی سنە،زەهاو، سلێمانی)،،پارسووا،، دەوترا.
ئەم دوو ناوچە (پارسووا و زامۆا) گرینگیکی تایبەتیان بۆ مادەکان بوو. چوونکوو گەردەنەگەلێکی تێانا بوو کە هەم گوزەرگای ڕویشتن بۆ ڕژهەڵاتی وڵاتەکە بوو و هەم ڕێگایک بۆ گەیشتن بە ڕۆژاوای سەرزەوینەکەیان(ڕێگاگەلی کارەوانڕەوی ئەمڕۆیی بانە-سنە-هەماان-سلێمانی-زەهاو، کرماشان -هەماان)
(دیاکۆنۆف).
بە پێ ئەم زانیارییانە بە ئەگەرێکی زۆر قەڵای حەسەناوا لە سەردەمی مادەکان ئارای(وجوود) بووە.
بەپێ کولینەوەکانی گۆرستانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی سنە مێژینەی ئەم گۆڕستانە هەڵ ئەگەرێتەوە بۆ چاخی ئاسن Almerid et all.واتە تەنانەت پێش لە مادەکانیچ هەر لەم شوێندا ئاوەدانی بووە.

درغەیکی دیکە کە گرینگیکی تایبەتی هەیە ئەوە یە کە ئاشوورییە درندەکان هەمیشە هێرشیان ئەبردە سەر ناوچەکە، بە تایبەت چەندین جار هێرشیان بردووەتە سەر قەڵای پاڵەنگان. ئەو جۆرەی کە لە بان نووسراوەکەی (بان بەردی) تەنگیوەر هاتووە، ئاخرین جار لە ساڵی 715 پێش زایینیا بووە کە ئاشوورییەکان هێرشیان بردووەتە سەر قەڵای پاڵەنگان، ئەم نووسراوە هەر وەها قسە لە شارێ بە نێوی،،کەرلا،،دەکات.

هێندێک لە نووسراوەکانی ئاشوورییەکان قسە لە شارێ بە نێوی،،ئالبریە،، لە دەوروبەری سنە دەکەن، ئەگەری زۆر هەیە کە ئەم شارە قەڵای حەسەناوا بووبێت.

سەبارەت بە ناوچەی کوردستان لە دەورانی ساسانییەکانا هێندێ ئەفسانە هەن کە شایانی گەڕاندنەوەن. بە پێ یەکێک لەم ئەفسانەگەرە گەرماییل و ئەرماییل و کێویاران 28 شاریان لە ناوچەی کوردستانا دروست کردووە(تەفەزوڵی). کێویاران کەسانێکن کە لە ناو شانامە باسیان لێ کراوە.ئەرمەییل و گەرمەییل خەڵکیان لە مەرگ ڕزگار دەکرد و ئە یان هەنارده ناو کێوستانەکان، بە پێ ئەم ئەفسانەگەرە گەلی کورد لەم مەردمانە پێک هاتوون (تەفەزوڵی).کێویارەکانیچ مەردمانێ بوون کە لە کوردستانا دەژیان.

بورج و شوورە ی قەڵای حەسەناوا لە بەرد دروست کراون. بەردگەلێ کە لە بەشی خوارگینی دیوارەکە بە کار هاتوون گەورەتر لە بەردگەلێکن کە لە بەشی ژوورگینی دیوارەکە بە کار هاتوون.کەڵک وەر گرتن لە بەردگەلی گەورە بۆ دروست کردنی چینی خوارگینی دیوار لە هەزارەی یەکمی پێش زایینی (چاخی سێهەمی ئاسن)باو بووە.

یەکێک لە نموونەکانی بەرچاوی ئەمە میعماری زیندانی سوڵەیمانی تەختی سوڵەیمانە(ناومەن). تەوفیر لە کەڵک وەر گرتنی بەردگەلی گەورە لە بەشی خوارگینی دیواروشوورەکانی قەڵای حەسەناوا نیشاندەری ئەوەیە کە بە ئەگەرێکی فرە حەسەناوا بۆ بەرگری لە هێرشی ئاشوورییەکان لە چاخی 3 ئاسن لە دەورانی مادەکان دروست کرابێ.

لەم دەورانە قەڵاگەرێکی زۆر بەهۆی هێرشی ئاشوورییەکان کاول کران(Gunter)، قەڵای حەسەناوایچ یەکێک لەو قەڵاگەرە بووە کە بە دەستیان کاول کرابوو.بەڵگەگەلێکی زۆر نیشان ئەدەن کە لە ساڵی 625پێش زایینی ولا (مەردۆخ)، بە شوێن شکستی ئاشوورییەکان بە دەستی مادەکان،ئارامی و ئاشتی هاتەوە بۆ وڵاتەکە و مەردم کەڵکیان بە قەڵاکە نەما. بەرە بەرە ئەم قەڵاگە لە چۆڵ کران و لە بێ ئاوەدانییا کاول بوونەوە.

بۆ نمونە قەڵای زیویەیچ (مۆعتەمێدی)هەروا بوو بە شوێن شکستی ئاشوورییەکان کە ئارامشت و ئاسایشهاتەوە بۆ ناوچەکە خەڵکەکە قەڵاکەیان چۆڵ کردو بەرە بەرە بگاری کات کاولی کردەوە.لە باکووری کوردستانا قەڵاگەرێکی ئورارتوبی،مانایی و مادی (Gunter)بوون کە بە شوێن شکستی ئاشوورییەکان و هاتنەوەی ئارامش و ئاسایش بۆ ناوچەکە، چۆڵ کران و بەرە بەرە بەرو کاولی چوون.بەڵگە هەیە کە نیشان ئەدەن کە هێندێ لەم قەڵاگەرە وەکوو قەڵای قەمچەقای لە بیجارا(کە مێژووی دروست کردنی هەڵ ئەگەڕەتەوە بۆ هەزارەی یەکمی پێش زایینی و لە دەورانی ساسانییەکان و سەلجووقییەکان وئیلخانییەکان دەستکاری و نەوژەن کرابوو(بابەک) بە شوێن شکستی ئاشوورییەکان چۆڵ کران ولە بێ ئاوەدانییا بەرەو کاولی چوون.بە پێ ئەم نموونەگەلە بە شوێن شکستی ئاشوورییەکان قەڵای حەسەناوایچ چۆڵ کراو ساڵهای ساڵ کەسی تێدا نەدەژی و بەرە بەرە بگاری کات قەڵاکەی ڕماند.

2-دەورانی پاش ئیسلام

لە ساڵی 635ی زایینی تا ساڵی 1346-1373(کە قەڵاکە بە دەستی حەسەن خان ئەردەڵان دەستکاری و نەوژەن کرایەوە) بە وردی ئاگاریمان لە قەڵاکە نییە.

بەڵام چەن بورج و پاشماوەی بەشێ لە شوورەی قەڵاکە نیشان ئەدەن کە بەر لە دەورانی سەلجووقییەکانا(1307-1038) دروست کراون.بە پێ مێژوونووسەکانی کورد بەشێ لە قەڵاکە لە دەورانی ئیلخانییەکانا(1335-1217) دروست کراوە. بەر لە هێرشی ئیلخانییەکان (کە سیلسلەیکی موغول بوون) لە ساڵی 1217،لە کوردستانا شارگەلێکی فرەو ئاوەدان وەکوو دینەوەر، ماسبەزان،سیسر...بوون کە وێران کران.بە شوێن ئەوە خەڵکەکە دیسان ڕوویان کردەوە ناو شار قەلاکان و لە سەروە ئاوەدانیان کردەوە.

هەر لەم دەورانە بوو کە شار قەڵاکانی پاڵەنگان،مەریوان،زەلم و حەسەناوا دەسکاری و نەوژەن و ئاوەدان کرانەوە.

سەر چاوە:وێنووسی ڕوانگە External Link

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-06

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 337
قەڵای خارپێت

20230831121508518185=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای خارپێت یان قەلای هارپیت، یەکێک لە شوێنەوارە گرنگ و ناسراوەکانی باکووری کوردستانە کە دەکەوێتە پارێزگای ئەلعەزیز.
ئەم شوێنەوارە لە لیستی شوێنەوار و کەلەپوورە جیهانییەکانی یونسکۆ تۆمارکراوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئورارتییەکان دەگەڕێتەوە.
سەبارەت بەم قەڵایە کە لە (ساڵی 2005) ەوە کاری کنە و پشکنینی شوێنەواریی بۆی ئەنجام دەدرێت، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی سەردەمە مێژوویییەکانی باکووری نشتیمانی بەخۆیدا بینیوە و وەک قەڵایەکی بەهێز و ستراتیجی بەکارهاتووە.
ئەم قەڵایە لە دوو بەشی دەرەوە و ناوەوە درووست بووە و لە ڕووی ئەندازەییەوە شوێنێکی پەیت و قایمە، هەر ئەمەش وایکردووە کە لە سەردەمە جیاوازەکان بەردەوام بەکار بهێنرێت بە مەبەستی سەربازی و بەرگری. ئەم قەڵایەوەک ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆبوونەوەی فەرماندە و سەرکردەکانی سوپا (لە سەردەمە جیاوازەکان) و سەربازەکان بەکارهاتووە لە چەندین بەشی جیاواز پێکهاتووە وەک: بەندیخانە، بنکەی تەندرووستی، شوێنی حەوانەوە و ئیسراحەت، شوێنی مەشقی سەربازی، بەڵام لە ئەم ساڵدا (2023) شوێنێکی جیاواز و گرنگ لەم قەڵایە دۆزرایەوە کە ئەویش بەشێ چێشتخانەکەی بووە کە کۆمەڵێک قاپ و قاچاق گڵینە و چەند پارچەیەک لە ئێسک و پەروسکی ئاژەڵ کە دیارە بە مەبەستی لێنان و خواردن بۆ سەرباز و فەرماندەکان ئامادەکراوە، دۆزراوەتەوە. هەر سەبارەت بەم دۆزینەوەیە لە ناو مەنجەلێکی گڵینەدا کە ئێسک و پەروسکی ئاژەڵێکی تێیدا بووە، دانەیەک گولەی تۆپی مێژوویی دۆزراوەتەوە کە دیارە کاتێک ئەم قەڵایە لەلایەن دوژمنەکانییەوە هێرش دەکرێتە سەری، ئەم تۆپە دەکەوێتە ناو ئەم مەنجەلە و بەهۆی بەجێ هێشتی قەڵاکە لەلایەن سەربازەکانەوە و دواتر نەگەڕانەوەیان ئەم تۆپە هەر لەوێ دەمێنێتەوە و بۆ ئێستا دەبێتە شوێنەوارێکی مێژوویی.

ئەم قەڵایە کە لە سەردەمی ئورارتییەکان لە سەدەی 8ی پێش زایین درووستکراوە بە (قەڵای شیر) یش بەناوبانگە و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئورارتییەکان لەکاتی درووست کردنی ئەم قەڵایە لە جیاتی ئاو، شیریان بەکارهێناوە بۆ تێکەڵ کردنەوەی کەلوپەلی بیناسازییەکە. سەرچاوە مێژوویییەکان هۆکاری ئەمە بۆ دوو شت دیاری دەکەن: یەک، کەمی ئاو لەو ناوچەیە (کە هەڵبەت ئەمە دەکرێت دوور بێت لە ڕاستی، چونکە ئەو ناوچەیە کە قەڵاکە درووستکراوە ناوچەیەکی پڕ ئاوە بە تایبەت لە سەدەکەنی پیش لادایکبوونی مەسیح) .
دووەم: شیر لە ئاو بە هێزترە بۆ ڕاگرتنی دار و بەرد لەسەر یەک، بۆیە بە درووست کردنی ئەم قەلایە شیر بەکارهاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: ئەلعەزیز

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | وەرگێڕانی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-08-31

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 338

قەڵای خانزاد

20081216231752804=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک گوندی بانەمان لەلای باکووری شاری هەولێرەوە بە دووری (28 کم)، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا باسی دروست کردنی ئەم قەڵایە نەکراوە، وا مەزندە دەکری کە ئەم قەڵایە دروست کراوە لە پێش (محەمەد پاشای ڕواندوز) کە میری ڕواندوز بووە لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (1242ک / 1826 ز).
ئەم قەڵایە بەشێوەیەکی لاکێشەی نارێک درووست کراوە کە درێژی و پانی لایەکانی وەک یەک نییە و لە دوو نهۆم پێک هاتووە کە هیچ نەخش و نیگاری و نووسینێکی لەسەر نییە بۆیە دیاری کردنی مێژووی بە ڕوونی دیار نییە، وە ئەم قەڵایە بۆ کاروباری سەربازی بەکارهاتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: هەریر

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2008-12-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 339

قەڵای خۆشەب

2021120820470439809 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای خۆشەب لە ساڵی 1643 لەلایەن میر سلێمانی زەر، میری کورد دروستکراوە کە لەو کاتەدا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە.

لە قەڵای خۆشەب گەرماو، مزگەوت و مەدرەسە، کانیۆن، ساردکەرەوەی ئاو، گرتووخانە و چەندین ژووری دیکەی تایبەت هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 40ەکان (40-49)

سەدە: سەدەی 17 (1600- 1699)

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری روودا و - 2021-12-03

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-08

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 340

قەڵای داشتادم

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220318085248408632

قەڵای داشتادم
دەوڵەت: ئەرمەنستان
پارێزگا: ئاراگاتسوتن
ماوە: دەوڵەتی شەدادی کوردی
دامەزرێنەر: شازادە مەحمود شاور
بەرواری دەستپێکردن: 1174
قەڵای داشتادم: ئەم قەڵایە دەکەوێتە ئەرمەنستان. قەڵاکە لە ساڵی 1174ی زایینی لەلایەن شازادە مەحمود شاورەوە دروستکراوە و یەکێکە لە میرەکانی دەوڵەتی شەدادی، کە دەوڵەتی شەدادی کوردی لە ساڵی 951ی زایینی دامەزراوە و ئەم دەوڵەتە گرنگییەکی تایبەتی بە بیناسازی داوە و کاریگەریەکانی هێشتا دیارن وەک: پردەکان - قەڵا - دەروازەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
وڵات: ئەرمەنستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەیجی مێژوو بۆ کورد
کاتی تۆمارکردن: 2022-03-18
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 341

قەڵای دمدم

2015101213194112749 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای دمدم لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی شا عەباسی سەفەویدا بەپێی بڕیاری خانی لەب زێڕین سەرلەنوێ دروست کرایەوە و لە درێژەی ئاڵۆزی و ململانێکانی نێوان ئەمیری برادۆست و شاعەباسدا سەرەڕای کوژرانی هەزاران کەس لەلایەن سوپای شا عەباسەوە دەستی بەسەردا گیرایەوە.
قەڵای دمدم بە مەودای (15) کیلۆمیتر دوور لە شاری ورمێ و لەسەر تەپۆڵکەیەک لە دۆڵی قاسملوو هەڵکەوتووە و مێژووی دروست کردنی ئەو قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام.
چیرۆکی خۆڕاگریی قەڵای دمدم لە نێو شێعری شاعیران، بەیت بێژ و حەیران بێژاندا ڕەنگی داوەتەو و بۆتە هەوێنی شێعری شاعیرە بە ناوبانگەکانی وەک ئەحمەدی خانی و جگەر خوێن و بە چەندین شێعریان لەمەڕ حەماسەت، خۆراگریی و قارەمانیەتیی خانی لەب زێڕین هۆنیوەتەوە و بەیتی قەڵای دمدم بە درێژترین بەیتی کوردی دادەنرێت.
هەتا ئێستا 2 ڕۆمان لەلایەن 2 ڕۆمان نووسی کورد عەرەب شەمۆ و جان دۆست لەمەڕ ڕووداوی قەڵای دمدم و خۆڕاگریی خانی لەب زێڕین نووسراوە و لەو 2 ڕۆمانەدا بەگشتی باس لە نەهامەتی و کوشتاری خەڵکی کورد بەدەستی سوپای شا عەباس کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-12

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 342

قەڵای دووین

2015092301362812709 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای دووین بە قەڵایەکی شوێنەواری و سەربازی دادەنرێت، بە شێوازێکی ئەندازەیی لە سەر بەرزاییەکی سروشتی پتەو بەشێوەی هەڵکەوتنی چیاکە بناغەی بۆ هەڵکەندراوە، لە سەر ڕێگایەکی ستراتیژی کۆن دروست کراوە، بەرزی دووین دەگاتە (1475)م لە ئاستی ڕووی دەریا. ئەو بەشە بەرچاوەی کەماوە بەتایبەتی بورجەکان دەگەڕێنەوە بۆ میرنشینی سۆران، وە لە خوارەوەی چەمێکی مەزن هەیە، کە بووەتە سەیرانگە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 343
قەڵای دێری

2022072320112442445 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای دێری

ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی ڕۆژاوای دامێنی زنجیرە چیای پیرمام و بە دووری 38کم لە ناوەندی شاری هەولێر دوورە، بە دووری 2کم لە لای چەپی ڕێگای هەولێر و دارەبزمارە و گوندی سەروکانی هەڵکەوتووە. قەڵاکە لەسەر گردێکی بەرزە و پێک هاتووە لە شورایەکی پتەوی قایمکاری سەربازی کە بەچواردەوری گردەکە درووستکراوە، لە قوڵە و دیوارەکانی، کونی مەتەرێزی بەرگری هەیە. پاشماوەی دیوارەکانی لە (1تاکوو 6م) بەبەرزی ماوە، 5ژوور و هۆڵێک و حەوشەیەکی گەورە بە پێوانەی 23×21، 70م و بیرە ئاوێک دەبینرێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی پارێزگای هەولێر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-23
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 344

قەڵای زێرزەوان

20220621231537419407=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای زێرزەوان

پاشماوەی قەڵای زێرزەوان دەکەوێتە سنووری ئامەدی باکووری کوردستان ساڵی 2014 پرۆژەیەکی هەڵکەندن و بەدواداچوون لە قەڵای زێرزەوان بۆ یەکەمجار دەستی پێ کرد، مێژووی قەڵای زێرزەوان بۆ ساڵانی 400-700ی زایینی دەگەڕێتەوە، لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵدراوە بخرێتە لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانی ڕێکخراوی یونسکۆوە.

هەندێک لە گەشتیارانی سەدەی 18 ئەم شوێنەیان بە کەسر زەرزەوا ناوبردووە، لە کاتێکدا ئێڤلیە سێلێی کە گەشتیارێکی سەدەی 17ی عوسمانی بووە، لە پەرتووکی سەیاهاتنامەدا (بەرگی چوارەم) بە دۆڵی زەرزیڤان باسی دەکات، باس لە گەشتەکەی دەکات لە ئامەدەوە بۆ ماردین.

ناوی زەرزەڤان لە وشەی کوردی زەر (زێڕ)ەوە هاتووە.

شوێن

قەڵای زەرزەوان لە سەدەی چوارەمدا لەلایەن بیزەنتینییەکانەوە وەک بنکەیەکی سەربازی لەسەر ڕێڕەوی بازرگانی دێرینی نێوان ئامەد و ماردین درووستکراوە. تا سەدەی حەوتەم بەم پلەیە بەکارهاتووە. قەڵاکە دەکەوێتە سەر لوتکەیەکی 105-124 م، گردێکی بەرزی بەردین لە نزیک گوندی دەمیرێلچەک، نزیکەی 13 کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری چینار لە پارێزگای ئامەد، لە دەرەوەی ڕێگای D.950 کە بەرەو ماردین دەڕوات. دەکەوێتە نزیکەی 45 کم لە ئامەدەوە دوورە.

توێژینەوەی شوێنەوار

یەکەم هەڵکۆڵینی شوێنەوار لە شوێنی قەڵاکە لە هاوینی ساڵی 2014 ئەنجامدراوە. سەرەتا کارەکە لەلایەن گرووپێکی 35 کەسییەوە بە سەرۆکایەتی شوێنەوارناسێکی زانکۆی دیکل، بە سەرپەرشتی مۆزەخانەی شوێنەواری ئامەد، ئەنجامدرا. لە ساڵی 2015دا، گرووپی شوێنەوارناسان کە لەو شوێنەدا کاردەکەن، بۆ 60 کەس زیادیان کرد. پێشنیار کراوە کە هەڵکۆڵینەکان بۆ ماوەی نزیکەی 30 ساڵ بەردەوام بن.

لە ساڵی 2021 شوێنەوارناسەکان فلوتێکیان دۆزیەوە کە شەش کون و ئەڵقەیەکی برۆنزی تێدابوو کە کلیلێکی تێدابوو بۆ کردنەوەی سنگەکەی. مێژووی هەردوو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم و پێنجەمی زایینی.

ڕووبەری قەڵاکە 5.7 هێکتارە و بینای لە سەرەوە و ژێر زەوی هەیە. دیوارە وێرانەکانی درێژییەکەی 1200 م و بەرزییەکەی 12 م بوو، هەروەها تاوەرێکی چاودێری 21-22 مەتر بوو. لەناو قەڵاکەدا، لەسەر خاکێکی فراوان، وێران و بەرد-نەکرۆپۆلیسێک هەیە. بەشی باکووری خاکەکەی کە لە بەرزاییەکی نزمتردا هەڵکەوتووە، باڵەخانەی نیشتەجێبوون و شەقامەکان داگیری کردبوو، بەشی باشووریش بینای گشتی داگیرکرابوو کە لەسەر گردێک درووستکرابوون. بینای کڵێساکە کە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژاوا درووستکراوە، تا ئێستاش یەکێکە لە بینا گشتییە پارێزراوەکانی قەڵاکە کە باشترین پارێزراون. پێکهاتەکانی دیکەی لەو جۆرە بریتین لە کۆشک، بینایەکی کارگێڕی، گەرماڤ، کۆگایەکی دانەوێڵە، جبەخانە و 54 کانی. هەروەها لە کاتی هەڵکۆڵینەکاندا، ئەو شتانە دۆزرایەوە کە بۆ مەبەستی سەربازی و پزیشکی بەکاردەهێنران، زێرینگەریی،

ڕازاندنەوە و دراوی برۆنزی. لە ساڵی 2016دا کڵێسایەکی ژێرزەمینیی و بڕگەی نهێنی دۆزرایەوە. ئەم قەڵایە بۆ ماوەی نزیکەی 3000 ساڵ بەکارنەهێنراوە و کڵێسای ژێرزەمینیش نزیکەی 1500 ساڵ لەمەوبەر کاری نەکردووە. هەروەها پەرستگایەکی ژێرزەمینیی میترایی و پیرۆزگایەکی ژێرزەوی دۆزرایەوە، کە توانای لەخۆگرتنی 400 کەسی هەبوو. کاربەدەستان ڕایانگەیاند، وێرانەکانی پەرستگای ژێرزەمینیی میترایک تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا زیاتر لە 20 هەزار گەشتیار بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. لە ساڵی 2017دا چوار تەنی دیکەی ژێر زەوی دۆزرایەوە، کە بۆ لێکۆڵینەوەیان پێویستە کاری زەوی زیاتر بکرێت.
قەڵاکە وەک بنکەیەکی سەربازی بیزەنتین و شارۆچکەیەکی ستراتیژی گارنیۆن کاری دەکرد کە کۆنترۆڵی تەواوی دۆڵی و ڕێگا کۆنەکەی دەکرد کە لە ئامیدە (ئێستا ئامەد)ەوە بەرەو دارا (ئێستا ماردین) دەڕۆیشت. گرنگییەکەی بەهۆی جێگیربوونی لەسەر ڕۆژهەڵاتیترین سنوور کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی دەپاراست. لە ڕاستیدا لەو شوێنەدا بوو کە کولتوورەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات تێدا یەکدەگرنەوە.
لە کۆندا ئەم شوێنە بە ساماچی ناسرابوو، کە وەک دیمەنی شەڕە توندەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین و ساسانی بوو. ئەو زێڕینگەرییانەی لە قەڵاکەدا دۆزراونەتەوە، شایەنی ئەوە دەدەن کە خەڵکی سڤیل و کارمەندانی سەربازی پێکەوە ژیاون، لەنێویاندا سەربازەکان لەگەڵ خێزانەکانیان. قەڵاکە ئەوەندە گەورە بوو کە نزیکەی هەزار کەس بتوانێت بۆ هەمیشە لەوێ بژین.
کاری نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامدرا، ئەناستاسیۆسی یەکەم دیکۆر (491-518 حوکمڕانی کردووە) و جوستینیانی یەکەم (527-565 حوکمڕانی کردووە)، ئەو دیمەنە تەواوەی پێبەخشی کە تەنیا پێشتر هەیبوو وێرانبوونی[چوار]. بە ئەگەرێکی زۆرەوە قەڵاکە تا ساڵی 639 کاردەکات، پێش ئەوەی عەرەبە موسڵمانەکان لە سەرەتای شەڕەکانی عەرەب و بیزەنتین بێنە ئێرە.
لە ساڵانی 1890دا کاتێک کە هەندێک خێزان کۆچیان کرد بۆ ئەوێ، شارۆچکەیەکی نوێ لە گۆڕەپانی قەڵاکەدا سەریهەڵدا. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک ژمارەی ئەو خێزانانە زیاتر لە 30 خێزان بوون، دانیشتووانەکەی بۆ ڕووبەرێک دابەزین کە نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە قەڵاکە دوورە و گوندی زەرزەڤانیان لەوێ دامەزراند کە ئێستا بە (دەمیرەلچێک) ناسراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-21

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 345

قەڵای زێوێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925214547436198

قەڵای زێوێ، لەسەر گردێکی بەرز درووستکراوە، کە دەکەوێتە گوندی (زێوێ) لە نزیک شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ساڵی 1952 بەهۆی باران و بەفرێکی زۆر کە بووە هۆی دەرکەوتنی لە ناکاوی هەندێ پارچەی شوێنەواریی لەم شوێنە، دەست کرا بە کاری هەڵکۆڵین لەسەر ئەم قەڵایە و یەکەم کاریش لەلایەن (ڕۆبەرت ڕایسون)ی ئەمەریکی کرا، دواتر لەلایەن کابرایەکی جوو بە ناوی (ئەیووب ڕەب نو) بەردەوامی بە هەڵکۆڵینەکە درا.

بەپێی ئە و مۆڵەتەی بۆ کارکردن لەسەر ئەم قەڵایە دراوە، بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەست کرا بە کنە و پشکنین و توانراوە لە سەدا هەشتای شوێنەوارەکان بدۆزرێنەوە و گواسترانەوە دەرەوەی ئێران. ئەم ڕووداوە کە لە ساڵەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو، بە یەکێک لەو سیاسەت و کارانەی محەمەد ڕەزا شای ئەوکاتی ئێران دادەنرێ لە دژی مێژووی نەتەوەی کورد، کە کاری دەرهێنان و تاڵانکردنی ئەم قەڵایە بەپێی ڕێککەوتنێک بە و لێکۆڵەرە جووە درا، ئێستا زۆربەی شوێنەوارەکان لە مۆزەخانەکانی لۆڤەر و بەریتانیا و ڕمیتاژن.

لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی قەڵای زێوێ، دەتوانین ئاماژە بە دۆزینەوەی گەنجینەیەکی ئێجگار گرانبەها بکەین، کە لە کۆمەڵێک ملوانکەی درووستکراو پێکهاتبوو لە زێڕ و قاپوقاچاخی زێڕین و زیو و مس و کۆمەڵێک بابەتی جوانکاری ژنان و ناوماڵ، وەک نەخش لەسەر زێڕ و عاجی فیل.

ناوی زێوێ یەکەمجار لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا هاتووە، کە باس لە قەڵای زێوێ دەکات لە کاتی شۆڕش و شەڕەکاندا.

لە ئێستادا ڕەوشی پاراستنی ئەم قەڵایە زۆر خراپە و بە ئەگەری ئەنجام نەدانی کاری نۆژنکردنەوە و پاراستنی زانستی شوێنەواری_مێژووییە ئەگەری ڕووخان و تێکجوونی زۆر زیاتری هەیە. بە گوتەی سەرچاوەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوو هێچ چالاکییەکی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بۆ ئەم قەڵایە ئەنجام نەدراوە، بۆیە ئەو زانیاریانەی لەسەر ئەم قەڵایە بڵاودەبن هەمان زانیارییەکانن کە لە کاتی ئەنجامدانی یەکەم هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان بلاوبووە.

ئامادەکردنی: سارا سەردار

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار

جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-25
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 346

قەڵای زەرزوان

20240729095432584866=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای زەرزوان، یەکێکە لە کۆنترین قەڵا مێژوویەکانی شاری ئامەد لە باکووری کوردستان، کە بەرگەی چەندین سەردەمی مێژووپی جیاوازی گرتووە.
ئەم قەڵایە دەکەوێتە گەڕەکی (دەمیر ئولجاک)، لەنزیک ناوچەی (چینار) لە شاری ئامەد و مێژووەکەی بۆ نزیکەی 3000 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
ئەو داتایانەی لە ئەنجامی هەڵکۆڵین لە ناوچەکەدا بەدەست هاتوون، ئاماژە بەوە دەکەن، کە قەڵاکە وەک سەربازگەیەکی سەربازی لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەوە بەکار هێنراوە.
سەرەتای کاری کنە و پشکنین بۆ ئەم قەڵایە بۆ ساڵی 2014 دەگەڕێتەوە و بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بوو، هەتا لە ساڵی 2017 شوێنەوارناسان پەرستگایەکی ئایینی دەوڵەمەندیان لەناو قەڵاکەدا دۆزییەوە، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بەکار هێنراوە.
قەڵاکە پاشماوەی دیوارێکی هەیە، کە درێژییەکەی 1200 مەتر و بەرزییەکەی لەنێوان 12 بۆ 15 مەتردا دەبێت.
جگە لە پەرستگا و دیوارەکە، قەڵاکە تاوەرێکی چاودێری بە بەرزیی 21 مەتر، تاوەرێکی بەرگری، کەنیسە، بینایەکی کارگێڕی، شوێنی نیشتەجێبوون، عەمباری دانەوێڵە و چەک، پەناگە، گۆڕی بەرد، جۆگە و 54 ئەمباری ئاو لەخۆ دەگرێت.
ئەم قەڵایە بێجگە لە گرنگیی مێژووپی، لە رووی هونەرییشەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بە گوتەی سەرچاوەکان، فۆتۆ لە کاتی خۆرئاوابوون لەم قەڵا شوێنەوارییە بووتە جێی سەرنج و بایەخی خەڵک و بۆ گرتنی وێنەیەکی جوانی خۆرئاوابوون لەم دیمەنە ناوازەیە، خەڵکێکی زۆر سەردانی ئەم قەڵایە دەکەن.
ئەم قەڵا شوێنەوارییە لە ناو لیستی کەلەپووری جیهانیی (یونسکۆ)دا تۆمار کراوە. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-07-29 -baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-07-29
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 347

قەڵای ساروقوغان

2011062923324560393=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵایەکی سەختە و دەکەوێتە نزیک مەراغە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-06-29

ناوی تۆمارکار: هاوبیر قادر ڕەسوڵ

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 348

قەڵای سرۆچک

2019072514260036004 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای سروچک: قەڵایەکی کۆنی مێژووی یە لەناوچەیەکی بەرز لە سنوری گوندی (قەویلە) ی سەربەناحیەی (بەرزنجە) ی شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی، بەرزای قەڵاکە (1101) مەترە لە ئاستی ڕووی زەوییەوە

مێژووی قەڵاکە

ئەم قەڵایە لە سەردەمی میرنشینی بابان لایەن (سەلیم پاشای کوڕی ابوبکر سورەی بابان)ەوە لەساڵانی (1160 - 1171) کۆچی دروستکراوە ئەم قەڵایە قەڵایەکی سەربازی بووە کە تیادا

ڕووبەڕووی سوپای (ئەحمەد پاشای عوسمانی) و (نادرشای ئێرانی) بووەتەوە لەو کاتەی پەلاماری شارەزوور دراوە لە لایەن داگیرکەرانەوە، لەسەردەمی میرنشینی بابانیش دا وەکو زیندانییەکی گرنگی سەربازی سوودی لێ وەرگیراوە و بەهۆی کێشە و ململانێیە بەردەوامەکانی ناو بنەماڵەشەوە چەند پاشایەکی بابانی ماوەیەک تێیدا زیندانی کراون، هەر چەندە دیوارەکانی لەبەردی تایبەتی بەقسڵ و گەچ و بەشێوەیەکی زۆر پتەو دروست کراوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی پشت گوێ خستنی لایەنی پەیوەندیدار زوربەی دیوارەکانی دارماوە، دەربارەی دروست کردنەکەشی باس لەوە دەکرێت دوای تەواو کردنی قەڵاکە، وەستاکەی کوژرابێت بۆ ئەوەی نهێنی دروست کردن و شوێنە سەربازییەکانی بە شاراوەیی بهێڵرێتەوە و دوژمن کەڵکیان لێوەرنەگرێت.

شێوازی قەڵاکە

دەرگای بەشی خوارووی قەڵای سرۆچک دابەڕووی گوندی میرمامدا سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە لەوێوە لەژێر تاشەبەردوو شاخەکەوە هەڵدەقوڵێت. دەوری سەرچاوە ئاوەکەیان بەدیواری قەڵاکە هەڵچنیوە و خستوویانەتە ناو قەڵاکەوە بەراستی کارێکی ئەندازیاری پڕ هونەری جوانی ئەو سەردەمەی تێدا کراوە بۆ ئەوەی دوژمن پەی بەسەرچاوەی ئاوی قەڵاکە نەبات لە ترسی داگیرکردن. پاشان بەچەندەها قاڵدرمەی بەردین سەردەکەویتە ناو قەڵاکە.[1]

[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

میرنشین: بابان

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مێژووی کورد وجیهان
[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | alyas_archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-25

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 349
قەڵای سفی

20230304155429471814=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قەڵایە، یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی دەڤەری خانەقین و مەندەلی کە لەبەر ڕەنگە سپییەکەیەوە لەلایەن خەڵکبە قەڵای سفی دەناسریت و لە زاراوەی مەندەلییەکانەوە سفی بە مانای سپی دێت.
ئەم قەڵایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەندەلی، نزیک بە سنووری ئێران، واتە تەنیا دوو کیلۆمەتر لە ئێرانەوە دوورە.
قەڵاکە لە شێوازی شاخێکە کە بەرزییەکەی لەنێوان 12 بۆ 15 مەترە و پانییەکەی دوو هەزار و 500 مەتر دووجایە، هەروەها چەندین پارچەی شوێنەوارپی وەکوو پارچەگۆزەی شکێنراو لەسەر و دەوروبەری قەڵاکە هەیە، کە ڕەنگەکانیان گۆڕاون و خاوەن مێژوویەکی کۆنن، بەڵام ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لەسەر ئەو شوێنەوارە بکرێت، لەوانەیە پارچە شوێنەوارپی کۆنتری تێدا بدۆزرێنەوە، بەڵام بەداخەوە تاکوو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لەسەر ئەم شوێنەوارە نەکراوە، بۆ ئەوەی مێژوو و تەمەنەکەی بەتەواوی دیاری بکرێت.
چەندین ڕا و بۆچوونی جیاواز لەسەر قەڵا سفی هەن، گرنگترینیان:
یەکەم- ئەم قەڵایە پێش سەردەمی ئایینی ئیسلام، خەڵکی تێدا نیشتەجێ بووە، بەڵام ئەم شوێنە بەسەریاندا ڕووخاوە و سیمای قەڵایەکی سپی دەرچوو.
دووەم- ئەم شوێنە پەرستگایەکی گەورەی پێش ئیسلام بووە، کە یان بەسەریاندا ڕووخاوە، یان چۆڵ کراوە.
سێیەم- ئەم قەڵایە لە سەردەمی ساسانییەکان بە مەبەستی چاودێریکردن و پاراستنی خۆیان بەرامبەر بە هێزە بێگانەکان دروست کراوە.
گۆڕانی کەشوهەوا لە (بای بەهێز، باران، بوومەلەرزە) بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییان بەسەر قەڵا سفی بەجێ هێشتووە و بەدڵنیاییەوە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا ئەم گۆڕانکارییانە لەسەری بەردەوام دەبن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەم گۆڕانکارییە بووە بەهۆی ئەوەی قەڵاکە بەرزییەکەی کەم ببێتەوە و دەرەنجام پانییەکەی زۆرتر بێت، ڕەنگە پێشتر خاوەن بەرزییەکی زۆر و پانییەکەی کەم بووە، بەڵام ئێستا پێچەوانەیە و بەرزییەکەی هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، لەنێوان 12 بۆ 15 مەترە و پانییەکەی دوو هەزار و 500 مەتری دووجایە.
ئەم شوێنە لە چوارلاوە پەرژین نەکراوە و بەدووریی دوو کیلۆمەتر لە قەڵاکە خانوو و ماڵی هاووڵاتیان هەیە، ئێستا وەکوو شوێنێکی گەشتیاری بەکار دەهێنرێت، کە خەڵک لە ڕۆژانی جەژن، بەتایبەت لە نەورۆز دەچنە سەر قەڵاکە و ئاهەنگی خۆیان دەگێڕن، هەروەها جێی باسە، کە زەویی دەوروبەری قەڵاکە لەلایەن جووتیارانەوە بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرێت، بەتایبەت بۆ گەنم و جۆ، چونکە مەندەلی کەشوهەوایەکی باشی هەیە و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ.
قەڵاکە لە ڕووی گرنگی پێدانەوە
لە مەندەلی ناوەندی شوێنەواری نییە و تاکوو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لەسەریان نەکراوە، بۆیە مێژووی شوێنەوارەکان دیکۆمێنت نەکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
سەدە: چاخی بەردینی نوێ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2023-02-26 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-04
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 350
قەڵای سنە

2015100601340712743 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



وێنەیك لە قەڵای سنە١٨٨١

نووسینی: عەتا ڕیازی
بە پێ پەیمانێ کە لە نیوان سوڵەیمان خان ئەردەڵان و شاسەفی سەفەوی واژو کرابوو سوڵەیمانخان (1636-1657) کوڕی تەیمورخان ئەردەڵان لە ساڵی 1637دا هاو کات لە گەڵ وێران کردنی قەڵاکانی زەڵم،پاڵەنگان و مەریوان؛ قەڵای حەسەناواشی کاولکرد!!!!و بە لە جێگای‌دا دژێک لە پاڵ ئاوایی سینە (کە ئەمڕۆ بە باشگای ئەفسەران ناسراوە) دروس دەکات و دەیکا بە ناوەندی حکوومەتی ئەردەڵان.
نێوی ئەم قەڵایە نیابووە سینەدژ. بگاری کات و تێپەڕبوونی زەمان دەیکاتە سنە دژ، پاشان سنە دج لە دووایيا بە سەنەندج.
بە دەور قەڵاکە خانوگەلێکی نشینگەهی، گەرماو(حەمام)، بازاڕ و مزگەوتێک دروست دەکا. بۆ دابینکردنی ئاوی قەڵاکە زەنجیرەیەک کارێز لە ناو دەشتی سەر نوێ ئەکەنێ و تا قەڵا و دەوروبەری دەیهێنێ.
بینای سەرەکی قەڵاکە لە دەوران خەسرەوخان یەکم (1680-1682)کوڕی سوڵەیمان خان دەست پێدەکات و هەتا دەورانی ئەمانوڵا خان (1799-1825) دەخایەنێت.
هەر یەک لە میرەکانی ئەردەڵان بینایکیان بە قەڵاکە زیادە دەکرد و بە مەیلی خویان دەیانڕازاندەوە. حەسەنعەلیخان ئەردەڵان(1745-1750) لە ساڵی 1705زایینی، چەند تالار و عیمارەتی گەورەی تێدا دروست کرد. هەر وەها لە ناو شاری سنە مزگەوت و فێرگەیکی گەورە دروس دەکا کە دوو مینارەی بەرزی بووە. ئەم مینارەگەلە نیزیکەی سەد ساڵ لە سەر جێگای خویان مابوونەوە.
لە دەورانی ئەمانوڵا خان ئەردەڵان کە مەزهەبیەکی توندڕەو بووە، فەرمانی ڕۆخاندنی مزگەوت و مینارەکان دەدرێ و بە جێگای ئەوانە باخێ بە نێوی باخی فیردەوس دروست دەکرێ.
ئەمانوڵا خان پەرە بە قەڵاکە دەدات و تالارێکی گەورەی تێدا دروست دەکات کە زەوییەکەی بە مەرمەرێکی نیمە ڕوون فەرش کرابوو. بە شوێن ئەوە تالارێکی دیکەی گەورە دروس دەکات و وێنەی پادشاگەلی گەورەی جیهان وەکوو ناپۆلێئۆن ئیمپراتوری فەرانسە،ئەلێکساندر تزاری ڕووسییە ...و وێنەی چەند شەرێکی گەورە و بەناوبانگی جیهانی بە سەر دیوارەکانی تالارەکە دەکێشێ.
لە ناو تالارێکی دیکە کە هەر بە فەرمانی ئەو دروست کرابوو، وێنەکانی 11 پادشای ئەردەڵان و تابلۆیکی جووان لە ڕۆخانە (چۆم)ی قشڵاخ دیوارەکانی دەڕازاندەوە، بەو جۆرەی کە لە دائیرەتۆلمەعاریفی ئیسالمیا هاتووە ئەم تابلۆگەلە هەتا ساڵی 1917 بە دیوارەکانەوە مابوون.
لە دەورانی ڕەزاخان پیاوێک بە نێوی عەلی موحەمەد بەنی ئادەمی ناسراو بە شەریفەلدەوڵە ، زۆربەی ئاسەوارەکانی ئەم قەڵایە لە ناو برد. حەوزێکی مەرمەری کە لە بەردی یەشم دروست کرابوو هەڵ دەکەنێت و دەنێرێتە تاران و لە ناو یەکێک لە کۆشکەکانی ڕەزاخان دا دایدەمەرزنن.
لە ناو ئەم قەڵایە جگە لە عیمارەتەکان، چەندین باخ و دوو گەرماو و چەند هەسێڵی تێدا بووە. هەر چەندەی کە ئەم قەڵایە

لە کۆشک دەچوو، بەڵام زۆر شێوەی قەڵاکانی کوێستانی دەدا. میعماری ئەم قەڵایە سەفەوی بووە و تایبەتمەندیگەلی میعماری ئەسپەهانی زۆری تێدا بووە.
بۆ بەر گری لە قەڵاکە شوورەیک بە دەوری دا کێشرابوو کە چووار دەروازەی بوو.بەو سێوە کە دەروازەی قەڵای چووارلان بەرەو ڕۆژاوا،دەروازەی سەرتەپۆڵە بەرەو باکوور، دەروازەی عەبدولعەزیم بەرەو قیبلە و دەروازەی ئاغە ڕەحیم(یان بازاڕ) بەرەو ڕۆژهەڵات.
ئەم قەڵایە تا ساڵی 1851 کە ڕووسەکان بۆ یەکم جار لە سنە نەقشەبەرداریان کرد هەر بە کار دەهات. بەڵام ئێستا قەڵاکە بە تێکڕا وێران کراوە و جگە لە ناوەکەی هیچێکی لێ نەماوە و بە جێگەی ئەو هەموو ئاسەوارە مێژوویانە، ساختمانی باشگاهی ئەفسەران و ستادی لەشکەر و چەند بینایکی سەربازیی لێ دروست کراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-06

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 351

قەڵای سێگردکان یان بان قەڵات

2014122421334511847 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەمێک بوو گوێ بیستی (قەڵای سێگردکان) بوو بووم، بۆیە بەرواری(31-03-2003) ڕۆژی دوو شەممە، لەگەل(چاڵاک عەبدولخالق ئەمین)ی وێنەگری شەرمین لەتەقتەق و مامۆستا (عومەری مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان ومامۆستا قوباد عومەر فەتحوڵلای برام) سەردانی گوندی سێگردکانم کردوو نیوەڕۆ لەماڵی مامۆستا(وهاب عەبدولکەریمی سێگردکان) بووینە میوان و دوای نیوەڕۆ بەرەو ئاقاری(بان قەڵات) بەرێ کەوتین، جگە لەمانەی باسم کرد، هەریەک لە(مەلا ڕەفیق برای مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان و لالە عومەری مام عەزیز)یشمان بوونە هاوسەفەر و هاوڕێ گەشتەکەمان، بەژووروی گوندەکە بەسەر دۆلی(مێرەم کوژرای) ڕێگامان گرتە بەر و چوینە سەرگردی(سورکەل) و ڕێگای کاروانی گوندەکە لەژوررووی ڕۆژئاوا، لاڕێ(ژەنگار، قەڵامۆرد)، کە خەڵکی گوندەکە بەم ڕێگایە بۆ(بەلەبان ومیرکە ونێرەگین و بەستی شەرغە) ڕۆیشتوون، لەڕێگادا بەلای دەستەچەپ لای خواروو(موردەلی ئەحمەکلاو) و(موردەلی ئەحمەسیس)یش لەبەشی سەرووبدایە، لەلای دەستەڕاستی ڕێگاش(لوتکی ئیمام عەلی)یە، کە بە30دەقیقە گەیشتینە لای بە پێ ڕۆیشتن لەئاواییەوە، لای ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە(تەلەمۆرد ودۆلەخەزێنە)یە، لەبەشی خواروو قەڵاکە(قەڵاتەمۆرد یان شیوی قەڵاتە مۆردە)، لەسەرووی ڕۆژهەڵاتی(لوولە وشک)ە، و لەڕۆژئاواشی(بلباسەلە)یە، لەئاواییەوە تاسەر قەڵاکە بەپێ ڕۆیشتن(50)دەقیقەی خایاند، کە گەیشتینە سەر قەڵاکە تێبینی ئەوەم کرد کە هەموو پێکهاتەکانی قەڵاکە سروشتیە ولەگردێک پێکهاتووە بەشی خوارەوەی(سورکە) و بەشی سەرووی بەهەرچواردەوری بە(ڕەوەزە شاخێک)دەورە دراوە، ئینجا سەرقەڵاکە خاک وخۆڵە، تەنها دوو تووڵە ڕێ هەبوو بۆ سەرکەوتن یەکێکیان لەباشوری خۆرئاوا و ئەویتریان لە باشوری خۆرهەڵاتیدا، بەڵام تابڵێ ڕێگاکە ناخۆشە ئەگەر منداڵ و بەساڵاچوو و پەککەوتە بیت ناتوانیت سەر بکەویتە سەرقەڵاکە، کە گەیشتینە سەر قەڵاکە زەوییەکی قیناجی(بەدگونیە)ی فراوانمان بینی، نزیکەی یەک دۆنم(2500)مەتر دووجایە، بەلای ڕۆژهەڵاتدا لێژایی هەبوو تا بەرەو ڕۆژئاوا بچوبایەی بەرزتر دەبوو، لەبەشی ڕۆژئاوای سەرقەڵاکە(بیر)ێک هەبوو زۆر بەسروشتی دەچوو، بەڵام دەستکار بوو بەپانی(2)مەتر لەڕووی سەرەوەی پان بوو تا بەرەو خوار و قولایی بیرەکە دەچووی فراوانتر دەبوو، قولیەکەی نەمابوو پڕبوو بۆوە ئەوەندەی کەمابوو تەنها(5)مەتر قولایی مابوو، لالە عومەری مام عەزیز ووتیلەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو بیرەم بینیوە(100)مەتر قوڵ بووە، بیرەکە بەوە ناچوو بۆ ئاو خواردنەوە لێدرابێت، دوو بیروبۆچونم لەلا گەڵالە بوو بۆ بیرەکە، یەکەم: لەوانەیە زیندانی بوو بێت یاخود دوای کوشتنی دووژمن یا نەیاران ڕووفاتەکەی فڕێ درابێتە نێویەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ بنی بیرەکە نەزانراوە چی تێدایە تا ئەم بیروبۆچوونە پەسند بکرێت یان بەلاوە بنرێت.

بیروبۆچوونی دووەم: ئەوەیە وەک ڕێگا و مەنفەزێک بووبێت بۆ دەرچوون و دەربازبوون لەکاتی تەنگانە وشپرەزەبوون چونکە دەووترێت لەبەشی ڕۆژهەڵاتی لەدامێنی قەڵاکە کونێکی گەورە هەیە و نەزانراوە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەدووری ئەم بیرە سێ بیریتر دەبینران لەسەر قەڵاکە، بەڵام ئەوبیرانە بەوە دەچوو وەک(بیرەگومانانە) خەڵکی ئەم دواییانەی سێگردکان لێیان دابێت بەمەبەستی دۆزینەوەی پارچەی شوێنەواری و زێڕ و زیوو، واش دەردەکەوت کە ئەمانیش لەبنەڕەتدا بیربووبن بەڵام ڕۆژگار پڕیکردونەتەوە، سەرم لەم بیرانە دەرنەچوو، بۆ(3-4)بیر لەتەک یەکتری لێدراون؟! تا ئەوەندە گەڕانە لەسەر

قەڵاکە بەهیچ جۆرێک لەمێراب و قشراغی خانووم نەبینی تەنها کەرتە خشتی سوورەوەکراو نەبێت، بەلای لێژایی ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە کەندرێک ئاوی باران درێویەتی لەو کەندرەدا کۆنە مێراب و گۆزەی شکاو وئێسک وپروسکم بینی، ئەو سێگردکانیانەی لەگەلم بوون ووتیانگۆڕ و قەبریشمان لێ بینیووە بەڵام من هیچ شتێکی لەو شێوەیەم نەبینی، کەندرەکە بەقولایی(1)مەتر زیاتر لەلێژایی ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە ئاو درێوویەتی، ئەو خشتە سوورەوەکراوانەی کەمن بینیم پێوانەم کرد(16×16)سانتیمەتر بوون(پانی و درێژی) واتە خشتەکان چوارگۆشە بوون و بەرزیەکەیان(5)سانتیمەتر بوو، ئەوە حەقیقەتی(قەڵای سێگردکانە) ئەوەندەی چاو بیبینێ، بەڵام دڵنیام ئەگەر(کنەکاری و پشکنین)ی بۆ بکرێت مێژوویەکی کۆن وەدەر دەکەوێت و یەکێکە لەگردە شوێنەوارییەکانی ناحیەی سێگردکان، دوا قسە لەسەر قەڵاکە لالە عومەر عەزیز ووتی لەمەلا ئەحمەدی کوێر دەگێڕنەوە گوایە ووتویەتی کوپەیەکی زێڕ لەناو ئەم قەڵایە یە، لەوەرزێک لەگەل خۆر دەرکەوتن و سپێدە خۆر لێی دەدات کەواتە خەڵکی گوندەکە هەندێکیان بەدوای ئەو قسەیەوە وێڵن و زۆر چاڵ و چۆڵیان لەسەر گردەکە هەڵکەندووە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەم کوپەزێڕە، بەڵام بەداخەوە وەرزەکەی دیاری نەکردووە چ جای ڕۆژەکە؟!.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (ئاراس ئیلنجاغی) سەبارەت بە (قەڵای سێگردکان یان(بان قەڵات) لە: 2014-12-24 12:38:15

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-24

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 352
قەڵای سەردار

2024072819382758474 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قەڵای سەردار عەزیز خانی موکری لە بۆکان
ئامادەکردنی: ڕۆیا سەردار
یەکێک لە قەڵا شوێنەوارییە سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (قەڵای سەردار)ە، کە چەندین چاخ و سەردەمی مێژووییی لەخۆی دەگرێت.
ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک شاری بۆکان و مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی 1868 دەگەڕێتەوە، کە سەردار عەزیز خان موکری، زاوای ئەمیر کەبیر، دروستی کردووە و دواتر لەلایەن منداڵ و نەوەکانی تەواو و گەورەتر کراوە.
ئەم قەڵایە بەدرێژیی 30 مەتر و پانیی 20 مەتر، 6 کۆشکی هەیە و لەسەر 9 ستوونی دوومەتری دانراون. ئەو کەرەستە بیناسازییانەی لە دروستکردنی قەڵاکەدا بەکار هاتوون، بریتین لە گڵی ڕۆس، خاکی سپی، خشت و دار.
قەڵای سەردار لەبنەڕەتەوە لەسەر گردێکی مێژووییی دروست کراوە، کە مێژووی گردەکە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنتر لە قاجارەکان دەگەڕێتەوە و بەپێی ئەو هەڵکۆڵین و توێژینەوە زانستییانەی ئەم دواییانە، کە بۆ گردەکە ئەنجام دراون، تا ئێستا حەوت قۆناغی نیشتەجێبوون لە سەردەمە شوێنەوارییە جیاوازەکاندا لەم گردەدا دەستنیشان کراون، لەنێوانیاندا دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی قاجار و ئیلخانی و سەردەمی ئیسلامی بکەین.
لە کاتی کنە و پشکنیندا ئەو دوو چینەی لەسەر ئەو گردە لابراون، ئەوە دەردەخەن، کە چینی دووەم، دوای سەردەمی قاجار، سەر بە سەردەمی ئیلخانی و مەغۆلەکانە و لەو سەردەمەدا نیشانەی سووتانی هەیە، لە چینەکەی دوای سەردەمی ئیلخانی، سیرامیکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان دۆزرایەوە، کە سەر بە سەردەمی ئیسلامییە.
هەروەها لە چینەکانی خوارەوەی گردەکەدا سیرامیک دۆزرایەوە، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ڕەنگە سەر بە سەردەمی داگیرکردنی شارستانیەتی (مانا) لەلایەن ئاشوورەوە بێت.
هەروەها لەم بەشەدا دیوار بە خشتی خاوەوە دۆزرایەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕێک خرابوو. ئەو دیوارانە هاوشێوەی ئەو شوێنەوارانەی ترن، کە لە تەپەی قەلایچی دۆزراونەتەوە.
یەکێک لەو شتە سەرنجڕاکێشانەی لەو چینانەدا دەبینرێت، تۆوی ڕووەکەکانی وەک گەنم و جۆیە، کە لەناو قاپی گڵیندا بوون. چینی دواتر لە قووڵایی 12 مەتر لە ڕووی گردەکەوە هەڵکەوتووە. وا دیارە ئەو دیوارە بەهۆی بوومەلەرزەیەکی ترسناک لەم ناوچەیە دارمابێت.
ئێستا ئەم قەڵایە، لە شێوەی گردێک لە ناوەندی شاری بۆکان هەڵکەوتووە و 95٪ی بیناکەی وێران بووە. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکاریەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
دەیە: 60ەکان (60-69)
سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 24-07-2024 -baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-07-28
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 353

قەڵای سەڵاحەدینی ئەیووبی

2022082410152343002 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای سەڵاحەدینی ئەیوبی، قەڵای سەهیۆن، یان قەڵای کوڕ، یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوارەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بە ڕووبەری درێژی 740 مەتر و پانی نزیکەی20 دۆنم، دەکەوێتە شارۆچکەی (حفە) لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای لازقیەی سوریا.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم قەڵایە لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین قەڵای سەردەمی خاچ پەرستەکانە، بێجگە لەمە، لە ڕووی جوانی لە دیزاین و جۆری بیناسازییەکەی ناوبانگییەکی تایبەتی هەیە و وەک بەرجەستەترین هونەری بیناسازی سەربازی بە شێوازی فەرەنسی لە سەدەی 14 - 15 دەناسرێت.

لە بارەی مێژوو و دێرینیی ئەم قەڵایە هیچ سەرچاوەیەک ئاماژە بە ساڵ و سەردەمی دروستکردنی قەڵاکە ناکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە کە قەڵاکەی لێ دروستکراوە، ناوچەیەکی کۆن و شوێنەوارییە (ئەوەش بە دۆزینەوەی ژمارەیەک ئەشکەوت و پەناگەی سەرەتایی - سروشتی لە لای باکووری قەڵاکە، هەروەها دۆزینەوەی ئامێر و کەرستەی سەرەتایی و بەردین لەم ئەشکەوت و پەناگەیانە) دەکرێ بڵێین ئەم قەڵایە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ڕەنگە لە سەردەمەکانی کۆنەوە وەک قەڵایەکی بچووک، یان پەناگەیەکی سەربازی دروستکرابێت و دواتر بە تێپەڕینی کات و گۆڕینی سەردەمە مێژوویەکان گەشەی کردووە، هەر دەسەڵاتدارێک شێوازی بیناسازییەکەی کە لەو سەردەمە باو بووە و هەروەها بە پێی گەورەیی و زۆری ژمارەی سەربازەکانی قەڵاکەی فراوان کردووە، هەتا دەگاتە ئەو قەڵایەی کە بەدەست سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیووبی فەتح دەکرێت.
سوڵتان سەڵاحەدین و وەرگرتنەوەی قەڵاکە
لە درێژەی جەنگی خاچپەرستەکان و هێرشیان بەرەو ناوچەکانی موسڵماننشین بە تایبەتی ناوچەکانی سوریا و فەلەستین، سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیووبی کە سەرکردەیەکی گەورە و بەناوبانگی کوردی موسڵمان بوو، بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی لە درێژەی ئەم شەڕانە کەوتبوونەی ژێردەستی سوپای خاچپەرستەکان، لە سەرەتاکانی مانگی تەممووزی ساڵی 1188 زایینی لەگەڵ مەلیک زاهیر قازیی کوڕی بەرەو سوریا هێرش دەکەن و دوای ئازادکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ، ڕوودەکەنە پارێزگای لازقیە و پاش دوو ڕۆژ شەڕ و گەمارۆدان و بەکارهێنانی چەکی قورسی وەک مەنجەنیق، لە ڕێکەوتی 26 - 29ی تەممووزی ساڵی 1188 توانیان قەڵاکە بگرن. لەبارەی گرتنەوەی قەڵای سەهیۆن لە لایەن مێژوونووسانەوە (کە ئەوانیش لە زاری سوپای سوڵتان سەڵاحەدین شەرحی بابەتەکەیان بیستبوو)، دەڵێن: قەڵای سەهیۆنمان لە بەرزایی سەهیۆن کە پڕە لە بنکەی سەربازی وەرگرتەوە، وەک چۆن خاوەن قەرز، قەرزەکەی وەردەگرێتەوە.

ئەم قەڵایە لە دوو بەشی جیاواز پێکهاتووە: بەشی ڕۆژهەڵات کە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکەی تر بڵندتر و بەهێزترە و چەندین بنکەی پاسەوانی بۆ چاودێری و ڕووبەرووبوونەوە لە کاتی جەنگ و هێرش دروستکراوە، بەشی باکوور و ڕۆژئاوای

قەڵاکە زیاتر پان و بەرینە کە دیارە بۆ کۆبوونەوە و ڕاهێنانی هێزە سەربازییەکان بەکارهاتووە و بنکەی چاودێری سەربازی لێ نییە، بۆیە دیارە بۆ وەرگرتنەوەی ئەم قەڵایە بەشێک لە سوپای موسڵمانان بە فەرماندەیی زاهیری کوڕی سوڵتان سەڵاحەدین لە بەشی باکوور و ڕۆژئاوا هێرش دەکەنە ناو قەڵاکە و خودی سوڵتانیش لەگەڵ بەشەکەی تری سوپا، لە بەشی ڕۆژهەڵات بەرەو قەڵاکە هێرش دەکەن و وەریدەگرنەوە.
لە قەڵای سەهیۆنەوە بۆ قەڵای سەڵاحەدین
بە گوتەی سەرچاوەکان، مێژووی ناولێنانی ئەم قەڵایە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، واتا ئەو کاتەی سنووری دەسەڵاتداریەکەی پاشای دوورگەی ئەروارد دەگاتە شاری (سیغۆن - zigon)، پاشان لەبەر نزیکی وشەی سیغۆن بە سەهیۆن، بە تێپەڕینی کات ناوی قەڵاکە لە سیغۆنەوە گۆڕاوە بۆ سەیهۆن.

بەڵام لەبارەی ناوی سەڵاحەدینەوە، لە ساڵی 1957 لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی سوریا بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی سیاسی و سەربازی گەورەی موسڵمانان، سەڵاحەدینی ئەیوبی، ناوی قەڵاکە لە سەهیۆنەوە بۆ ناوی قەڵای سەڵاحەدین دەگۆڕدرێت.
لە ساڵی 1929 ئەندازیارێکی فەرەنسی توێژینەوەیەکی لە بارەی دۆخی گشتی ئەم قەڵایە کرد و هەر بە هۆی ئەمەوە دەزگا شوێنەوارییەکان گرنگیان بەم قەڵایە دا و لە ساڵی 1937 بەشێک لەم شوێنەوارە نۆژەنکرایەوە، پاشان لە ساڵی 1966 کاری نۆژەنکردنەوە و هەڵکۆڵینی شوێنەوارپی لەسەر قەڵاکە کرا و لە ئێستاشدا کارکردن لە سەری بەردەوامە و ساڵانە گەشتیاری زۆر سەردانی دەکەن.
قەڵای سەڵاحەدین لە ساڵی 2006ەوە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆ لە ناو لیستی کەلەپووری جیهانی تۆمار کراوە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: سووریا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-08-24

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-24

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 354

قەڵای شاپوورخاست (فەلەک ئەلئەفلاک) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

2022090414554543200 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قەڵایە یەکێکە لە قەڵا شوێنەواری و مێژوویەکانی پارێزگای لوڕستان، دەکەوێتە ناوەندی شاری خوڕەم ئاباد، یەکێکە لە دیارترین پاشماوەی شوێنەواری لە شارەکە و بووەتە شوێنێکی گەشتیاری، کە لەناوەوە و دەرەوەی ئێران سەردانی دەکەن.
قەڵاکە دەکەوێتە سەر لوتکەی گردێک، لەناو شاری (خوڕەم ئاباد)، پایتەختی هەرێمی لوڕستانی بچووک- ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بنیاتنانی ئەم قەڵایە لەسەر لوتکەی گردەکە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، وەک بوونی ڕووبار لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گردەکە، ئەم ڕووبارانە لە کاتی هێرشکردن بۆ قەڵاکە، دەبنە پارێزگارییەکی سروشتی، هەروەها سەرچاوەی دابینکردنی ئاون لە کاتی ئاسایی بۆ قەڵاکە، ئێستا لای باکوور و ڕۆژئاوای گردەکە بە گەڕەک و کۆڵانەکانی شاری خوڕەم ئاباد دەورە دراوە.
سەبارەت بە مێژووی ئەم قەڵایە، تا ئێستا کاتی دروستکردنی بەوردی دیاری نەکراوە، بەڵام بەڵگە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن، مێژووی دروستکردنی ئەم قەڵایە لە سەردەمی ساسانییەکان ولە کاتی فەرمانڕەوایی شاپووری یەکەمدا بووە، لە سەدەی سێیەمی زایینیدا، بە تێپەڕبوونی کات و لەسەردەمە جیاوازەکان، ئەم قەڵایە کۆمەڵێک ناوی لێنراوە، وەک: شاپوور خەست، یان قەڵای سابر خەست، دێسباز، قەڵای خەمیرەئاباد، دواجار قەڵای فەلەک ئەلئەفلاک.
ڕووبەری ئەم بینایە نزیکەی پێنج هەزار و 300 مەتر چوارگۆشەیە و هەشت تاوەر و دوو قەڵای بچووکتر لەناوەوە و 300 پەناگە لەخۆ دەگرێت. بەرزترین دیواری گردەکە 23 مەترە، دیوارەکانی قەڵاکە لە خشت و کەرپووچ، هەروەها جۆرە کەرپووچێکی تایبەت، کە لە گەچ و ماددەی کلس پێکهاتوون، دروست کراوە. دەرگای چوونە ژوورەوەی دەکەوێتە لای باکووری، لە ڕێگەی ڕێرەوێکەوە بە یەکەم حەوشەی قەڵاکە دەبەسترێتەوە، کە بە شێوەی چوارگۆشە دیزایین کراوە، دەورە دراوە بە چوار تاوەر، کە بە شێوەی ئەڵقەیی دروست کراون، دووانیان لە لای باکوور و باکووری ڕۆژئاوان، دوو تاوەرەکەی دیکە لە لای باشوور و باشووری ڕۆژئاوان و بە شێوازی هونەری و تەکنیکی ئەندازەیی زۆر ورد دروست کراون.
لەدواوەی حەوشەی یەکەمی قەڵاکە، بیری ئاوی هەیە، قووڵاییەکەی 40 مەترە و تاکو ئەمڕۆش دەتوانرێت بەکار بهێنرێت. بەشی ناوەوەی قەڵاکەش لە کەرەستەی خشت، خشتی سوورکراوە، بەرد، دار دروست کراون. شاری (خوڕەم ئاباد) دوو هۆزی کوردی لە کۆنەوە تێیدا نیشتەجێن، کە بریتین لە هۆزەکانی (بەختیاری و لەک)، قەڵای شاپور خواست لەنێوان ساڵانی (959ز - 1015ز) بوو بە بارەگای فەرمانڕەوایی دەوڵەتی حەسنەویی کوردی. هەروەها بارەگای فەرمانڕەوایی کوردەکانی ئەتابەکی خورشیدییەکان و حەسنەوی بووە (ئەتابەکانی لوڕستان) لەنێوان ساڵانی (1184ز - 1598ز)، پاشان لەنێوان ساڵانی (1598ز - 1796زم) بوو بە بارەگای فەرمانڕەوایی کوردی خانەکانی فەیلی (خانەکانی لوڕستان).
ئەمڕۆ قەڵای شاپور خواست لە خوڕەم ئاباد وەک مۆزەخانەیەک بۆ فۆلکلۆری کوردی و لوڕ و ئەو شوێنەوارانەی لە ناوچەی لوڕستان دۆزراونەتەوە، بەکار دەهێنرێت.

ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
شار و شارۆچکەکان: لورستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسکورد - 2022-09-04
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-04
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 355

قەڵای شاخ

2012011218452263800=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای شاخ، یەکێکە لە گرنگترین قەڵاکانی پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەکەوێتە گوندی بەردی فەتح و لە 12 کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی زەرین ئابادی شاری دێهلوران هەڵکەوتووە.
ئەم قەڵایە کەوتۆتە شوێنێکی گرنگ و لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم قەڵایەدا دوو ڕووبار هەن، ئەوانیش ڕووباری شاخ و ڕووباری دەرەشۆر-ن، کە لە باشووری قەڵاکە بەیەک دەگەن و یەک دەگرن. ئەم دوو ڕووبارەوە لە ڕووی پارێزگاریەوە گرنگییەکی دیکەیان بە قەڵاکە بەخشیوە بەهۆی ئەوەی کە بە ئاسانی دەستی دوژمن نەگاتە قەڵاکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

زمان - شێوەزار: کرمانجیی خوارووو (لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی و ...)

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-01-12

ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 356

قەڵای شۆش لە ئاکرێ چەندین قۆناغی مێژووپی گرنگی دەرباز کردووە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220830131223431128

سنووری شارۆچکەی ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک، بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی، لە سەردەمی کۆنەوە تاکوو ئێستا، لانکەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بووە، چەندین شوێنەوار لەم دەڤەرەدا دۆزراونەتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. ویەکێک لە شوێنەوارە گرنگانەی دەڤەرەکە، (قەڵای شۆش)ە، کە لەسەر بەرزایی چیای گوندی شۆش هەڵکەوتووە.

لەمبارەیەوە، سەرکەوت نەقەبی، شوێنەوارناس لە بەڕێوبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری ئاکرێ بە باسنیوزی ڕاگەیاند: قەڵای شۆش بە بەرزیی لەسەر چیای گوندی شۆش هەڵکەوتووە و 20کم لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی ئاکرێ دوورە و چەندین سەرچاوەی دیرۆکی ئاماژەیان بە ناوی ئەم قەڵایەی گوندی شۆش کردووە، وەکوو کتێبی (تشعیث المارزیا)، کە بە زمانی ئارامی چاپ کراوە و شەماشە (مامکوزمارکوس)کە لە ساڵی 309ی زایینی لەم گوندە ژیاوە و وەرگێڕانی بۆ ئەم کتێبە کردووە، ئاماژەیان بە ناو و قەڵای شۆش داوە، هەروەها لە کتێبی (مژدەها ڕوز)ی شێخ حەسەن داسنیش ئاماژە بەم بە قەڵایە کراوە.

ئەم قەڵایە وەکوو قەڵای ئاکرێ، چەندین چەرخی مێژووپی کۆنی دەرباز کردووە، کە بۆ سەردەمی میدییەکان و ئاشووریەکان و چەرخی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

شوێنەوارناس سەرکەفت نەقەبی، زیاتر گوتی: چەندین لێکۆڵینەوەی مێژووپی ئاماژەیان بەوە داوە، کە لە چەرخی حەوتەمی پێش زایین، (میر زەندی) میری دەڤەری ئاکرێ، ئەم قەڵایەی لەم شوێنە زەحمەت و سەختەدا دروست کردووە و بە ڕێگای (قاعیدەت ئەلخەمیدس) ئاوی بۆ ڕاکێشاوە، لە هەمان کاتدا 10 عەمباری تێدا دروست کردووە، بۆ کۆکردنەوەی ئاو و دەغڵودان، بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی دوژمن و گەمارۆدان، سوودی بۆ دانیشتوانی قەڵاکە هەبێت.

ڕایشی گەیاند: ئەم قەڵایە چەندین چەرخی دیکەی مێژووپی یەک لە دوای یەکی دەرباز کردووە، وەکوو سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و ڕۆمانی، کە لە ساڵی 115ی زایینی، ئیمپراتۆری یۆنانی (تەراجان) لە شەڕ و پێکدادانێکی توند و بەردەوام لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆری زلهێزی ئەو سەردەمە (ڕۆمانی و فرثی)، ئەم قەڵایەی داگیر کردووە و لەدوای ئەوە، ساسانییەکانیش داگیریان کردووە.

شوێنەوارناس سەرکەفت نەقەبی، گوتیشی: "ئەم قەڵایە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە سەردەمی (میر موبارزەدین کەک) و (میر عیسای هەمیدی) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگی لە سنوورەکە، چونکە قەڵای شۆش یەکێک بووە لەو قەڵایانەی، کە هەمیدییەکان لە سەردەمی(عیمادەدین زەنگی) دەستی بەسەردا گیراوە.

ئەو شوێنەوارناسە گوتیشی: ئەم قەڵایە دوور نەبووە لە ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان، هەوروەها بنکەی سەرەکیی بووە لە سەردەمی مێرگەی بادینان لە ساڵی 1550ی زایینی و ئاویان دووبارە بۆ ئەم شوێنە ڕاکێشاوە و عەمبارەکانی ئاو و ئازووقە نۆژەن کراونەتەوە و چەندین خانوویان بۆ نیشتەجێبوونی لەشکر و پاسەوانەکان لە سەربانی ئەم قەڵایە دروست کردووە.

ڕایشی گەیاند: لە ساڵی 1842 لە شەڕی نێوان مێرگەی بادینان و عوسمانییەکان بۆ دوایی جار ئەم قەڵایە داگیر دەکرێت و دیوارەکانی دەڕووخێنرێن و بەتەواوی وێران دەکرێت.

شوێنەوارناس سەرکەفت نەقەبی، گوتیشی: دەتوانین بڵێین، قەڵای شۆش دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو چەرخانەی کە باسمان کردن، یان بۆ سەردەمی چەرخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستیی زۆر ورد هەیە، کە لەداهاتوودا ئەنجام بدرێت و مێژووەکەی زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە.
شوێنەوارناس سەرکەفت نەقەبی، سەبارەت بە نەخشە و شێوازی قەڵاکە ئاشکرای کرد، کە دوو ڕێگای لێک جیا بەرەو بەرزایی قەڵاکە دەچن، کە ژمارەیەکی زۆر پلیکانەی بە بەرد داتاشراو لەخۆ دەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، مێژووی ڕێگا بۆمان ئاشکرا بێت، گوتیشی لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەکی زۆر پەرستگە و ئاگردان و ئەشکەوت لە هەردوو لای ڕێگای چوونە قەڵا لەسەر تاشە بەردەکان دروست کراون، هەروەها ژمارەیەک کونەبەردی بچووکیش بەرچاو دەکەون، کە بۆ چرا بەکار هێنراون، بۆ ئەوەی ڕێگاکە ڕووناک بکرێتەوە.
ڕایشی گەیاند، لە زۆربەی لاوە دیواری ئەم قەڵایە بە بەردی سروشتیی دەورە دراون و چەندین ناوبڕەی کورتی تێدا دروست کراوە، کە بە بەرد و قسڵ و گێچ، وەکو دیوار بەکار هاتووە. باسی لەوەش کرد: بۆ چوونە ناو قەڵا، دەرگایەکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەبەرانبەر دەرگاکەدا پێنج پلیکانەی لە بەرد داتاشراو دروست کراون.
سەرکەفت نەقەبی، گوتیشی: سەربانی قەڵاکە دوو ژوور لەخۆ دەگرێت، ژووری یەکەم گۆڕی (لەیلا خان) خێزانی سوڵتان ئیسماعیل پاشای کوڕی سوڵتان مەحەمەد تەیار پاشای تێدایە و ژووری دووەمیش چەند گۆڕێکی نەناسراوی زۆر کۆنی تێدایە، کە تاکوو ئێستا بەتەواوی نازانرێت ئەم گۆڕە نەناسراوانە هی چ کەسانێک و سەردەمێکن، بەڵام خەڵکی گوند و هەندێک لە لێکۆڵەرەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە یەکێک لە گۆڕە نە ناسراوەکان، گۆڕی شەهید (ئاوریا)ی سەرکردەی دواد پێغەمبەرە.
ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەمەو چەندین شوێنەواری دیکەی گرنگ لەو قەڵایە هەن، کە هەندێکیان ئاماژە بۆ سەردەمی زەردەشتییەکان و سەردەمی ئیسلامی دەکەن.
جگە لەمانەی باسمان کرد، سروشتی چیای شۆش سروشتێکی جوانی دڵڕفێنی هەیە، کە گەشتیار بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی ئەم شوێنە دەکەن و هەندێکیش بە مەبەستی پیرۆزیی گۆڕی شەهید ئاوریای سەرلەشکری داود پێغەمبەر سەردانی گۆڕەکە دەکەن. ئەم شوێنە دارودرەختێکی زۆری بە بەر و بێ بەری لێ هەیە، بەڵام خەڵک بەهۆی باوەڕبوونیان بە پیرۆزیی ئەم شوێنە، ئەو دارانەیان پاراستووە و نەیانبڕیون.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسکورد - 2022-08-30
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-30
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 357

قەڵای شیروانە

200911022327572225=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵایەکی کۆنی مێژوویە، لەسەر تەپۆڵکەیەکی دەستکرد لەسەر ڕووباری سیروان لە شاری کەلار بتیاتنراوە، لەباری مێژووی درووستکردنی قەڵاکەوە زانیاری ورد و ساغکراوە نییە، هەندێک دەڵێن لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە، هەندێکیش ڕایانوایە حەمە پاشای جاف درووستیکردووە، هەرچەند ناوبراو کۆچەر بووەو لەقەڵادا نەژیاوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم ڕایە دەڵێن کۆشکی زستانەی حەمە پاشا بووە، بەڵام گومان لەسەر ئەم ڕایە درووستدەکات بوونی تونێلکی ژێر زەوی بووە لە قەڵاکەوە بۆ سەر ڕووباری سیروان، کە هەندێک دەڵێن ئەوە دەلالەتە لەوەی کە بۆ حاڵەتی شەڕوو گەمارۆدان سوودی لێ وەرگیراوە و ئاوی لێوە هێنراوە بۆ ناو قەڵاکە.
ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێت تەپۆڵکە خۆڵەکە لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە و کۆشکەکە لەلایەن حەمە پاشاوە درووستکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (wrya) سەبارەت بە (قەڵای شێروانە) لە: 8-10-2010 13:26:23

کاتی تۆمارکردن: 02-11-2009

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 358

قەڵای شیلە

2015031715240384891=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای شیلە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی شیلە پێکهاتووە لە دوو گردی نیمچە بازنەیی کە دووری یەکەمیان لە گردی دووەم 100م دەبێت وە قەڵایەکە دەکەوێتە سەر گردی دووەم کە لە سێ بەش پێکهاتووە. مێژووی درووستکردنی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ساسانی یەکان (226- 639 ز) ئەویش بەهۆی بوونی (ایوان) لە بینایەکەدا. بە پێ ی لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە ئەم بینایە پەرستگایەکی زەردەشتی بووە ئەویش بەهۆی بوونی ئاگردان و چوار کۆڵەکە لە پەرستگا زەردەشتییەکاندا هەیە.[1]

قەڵای شیلە مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ (1500) ساڵ پێش زایین:

قەڵای شیلە - کۆنترین قەڵای مێژوو لە باشووری شاری کۆیە:

گوندی شیلە شیلە گوندێکە بە دووری (5) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری کۆیە لە ڕۆژهەڵاتییەوە گوندی (عەودالانە) ، لە ڕۆژاواشیەوە گوندی (مام قلینجە) لە باکووریشیەوە (هەرمۆتە) لە باشووریشەوە گوندی (داربەڕووە) دانیشتوانی ئەم گوندە زۆربەیان سەر بە عەشیرەتی (زەنگەنەن) ، بەشێکیشی سەر بە عەشیرەتی (مامە سێنی) ن. ئەم گوندە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و چەند شوێنەوارێکی دێرینی لێیە، لەوانە (ئاشی گۆمی هەنارە ، گۆڕستانی شێخ محەمەد کە ناسراوە بە شێ محەمەد ، قەڵای شیلە کە مێژووەکی دەگەڕێتەوە بۆ 1500 ساڵ پێش زاینی) . بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان لەم قەڵایەدا ساسانیەکان حوکمیان کردووە، لە ساڵانی هەشتاکان دا گوندی شیلە یەکێک بووە لە گوندە گەورەکانی وڵاتی کۆیە کە ژمارەی ماڵەکانی لە سەرووی (80) ماڵەوە بووە دواتر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە خاپوور کراووە، دانیشتوانەکەی ئاوارەی شارەکانی کۆیە و هەولێر بوون. دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991) بەشێک لە ماڵەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان و گوندی شیلەیان ئاوەدان کردەوە ، لە ئێستادا ژمارەی ماڵەکانی (40) ماڵە و دانیشتوانەکەی بەشێکی بە ئاژەڵداری و بەشێکی تریشی فەرمانبەری حکومین. ئەم گوندە و قەڵاکەشی هیچ گرینگی پێ نەدراوە کە ئێستا دەبو ئەو قەڵایە شورایەکی لۆ بکرێت و نۆژەن بکرێتەوە بە هەمان دیزاینی خۆی و لە ڕوخان و داتەپینی زیاتر بپارێزرێت کە خەریکە دێ ئاسەواری بەتەواوەتی لە ناو بچێت .[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کۆیە

[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | شاری کۆیە

کاتی تۆمارکردن: 2015-03-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 359

قەڵای قەڵادزێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220619225855419143

قەڵای قەڵادزێ

کەوتۆتە شاری قەڵادزێ، مێژوویەکی دێرینی هەیە, لە ساڵی (1957) وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغدا بە یەکێک لە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان ناسێندراوە، لە ئێستادا وەک ڕەمزێکی شارەکە سەیر دەکرێت.

بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر قەڵاکە کراون مێژووەکەی بۆ نزیکەی 6 هەزار و 500 سەد ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوەو لە کۆندا، وەک قەڵای سەربازی و شوێنی نیشتەجێبون بەکارهێنراوە، شارەزایانی شوێنەواریش دەڵێن: قەڵایەکە دووەم کۆنترین قەڵایە لە سنورەکەدا و پایتەختی زۆرێک لە شارستانیەتەکانی ئەوکات بووە.

ساڵی (1957) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغدادەوە بە یەکێکە لە ناوچە شوێنەواریەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە سود لەم قەڵایە وەر بگیرێت و بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری.

بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکان حۆریەکان و میتانییەکان و ئاشوریەکان و ماددەکان و خامەنشینەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان بە سەردەمی ئیسلامیشەوە لە قەڵادزێ ژیاون و وەکو قەڵایەکی سەربازی و شوێنی نیشتەجێبوون سودیان لەو قەڵاتە وەرگرتووە، کە مێژووەکەیان بۆ 4500 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە واتە چاخی بەردینی ناوەڕاست، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت بە درێژایی هەزاران ساڵ شاری قەڵادزێ ناوچەی شارستانییە جیا جیاکان بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 360
قەڵای گڵاب-گل

2016070821091513260 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یەکێکە لە قەڵا کۆنەکانی ناوچەی لورستان. لەلایەن شامەنسووری ئالی موزەفەرەوە لە ساڵی 793 دروستکراوە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: لورستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2016-07-08
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 361

قەڵای ماردین

2015120100312212827 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم قەڵایە دەکەوێتە شاری ماردینی باکووری کوردستانەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: ماردین

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-01

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 362

قەڵای نارین

2024050220314456891 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای نارین، یان قەڵای کۆلا، یان قەڵای دەربەنت، قەڵایەکی کۆنە و لەلایەن ئیمپراتۆری کوردیی ساسانی لە شاری قەوقاز دروستکراوە. ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی شاخاوی شاری دەربەنت لە داغستان.
قەڵاکە بە دوو دیواری گەورە و ئەستوور بە دەریای قەزوین (خەزەر)ەوە بەستراوەتەوە، کە دیارە ئەم دیوارانە دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارییەکانی پاش ساسانییەکان بۆ گرتنەوەی ڕێگای دەروازەی دەریای قەزوین بۆ ناو قەڵاکە دروستکراوە.
دەریای قەزوین لە سەدەی شەشەمی زایینیدا سنووری بەشی باکووری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بووە و حکومەتی ساسانی بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکاریی هۆزەکانی سەرەوەی دەریای قەزوین بۆ ناو ئێران و سنوورەکەیان، ئەم قەڵایەیان بە کۆمەڵێک دیوار و شووڕای پتەو و بەهێز دروست کردووە.
قەڵای نارین کە لە سەردەمی قوبادی یەکەم و دواتریش ئەنوشیروانی ساسانی لە سەدەی شەشی زایینی دروستکراوە، لە زۆر شوێن و لەسەر دیوارەکانی تابلۆی نووسین بە خەتی پەهلەوی هەیە، کە زمان و خەتی باوی سەردەمی ساسانییەکان بووە.
ئەم قەڵایە لە سەر تەپۆلکەیەک بە بەرزی 300 مەتر دروستکراوە، ئەمەش وای لێدەکات قەڵاکە سەختتر و بەهێزتر بێت.
لە کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکان کۆمەڵێک شوێنەواری جیاواز دەست کەوتووە.
ناوی ئەم شارە لە بەڵگەنامە کۆنەکان بە واتای (دەروازەی قفڵکراو) دێت، کە دیارە ئاماژەیە بۆ پتەوی و سەختیی داگیرکردنی قەڵاکە.
لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم قەڵایە، زیندانە چاڵەکانییەتی کە لە جۆرە جیاواز و دەگمەنەکانی زیندانەکانە، بۆیە بەو شێوەیەش دروستکراوە تا بەندکراوەکان دەرفەتی ڕاکردن، یان دەرچوونیان نەبێت.
ئەم قەڵایە بە درێژایی 700 مەتر لە ناو شاردایە، ئەستووری دیوارەکان لە بەشێکی قەڵاکە بە سێ مەتر و نیو و بڵندییەکەی بە 20 مەتر دەگات.
لەم قەڵایە چەند حەمامێکی کۆن دروست کراون کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانیان بەجێماوە.
ئەم شاکارە مێژووییە لە ساڵی 2003 لە لیستی کەلەپووری جیهانی (یونسکۆ) تۆمارکراوە.[1]
تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-05-02 -baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-05-02
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 363

قەڵای نەجم

2019052709270067656=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای نەجم مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەکان. چەندین هێز بەم قەڵایەدا تێپەڕیون وەکو بێزەنتینەکان، فاتمیەکان، سەلجوقیەکان، مماليک، زەنگییەکان و ئەیوبیەکان لەگەڵ ئەوەی ئەم شانشینانە شەڕی زۆر بەهێزیان لەو قەڵایەدا کردووە و پاشان چەتەکانی داعش دستکاریی دیوارەکانیان کردووە، بەڵام ئەم قەڵایە هەر بە پۆڵایی هەتا ئێستا ماوەتەوە.

شاری منبج و دەشتاییەکانی لە دێر زەمانەوە چەندین شوێنی مێژووییی تێدایە، بەڵام قەڵای نەجم بە گرنگترین و کۆنترین قەڵای ئەم ناوچەیە دادەنرێت لە سوریا، کە 135 کیلۆمەتر لە شاری حەلەب و 30 کیلۆمەتریش لە منبجەوە دوورە.

ئەم قەڵایە وەکو شوێنێکی ستراتیجی عەسکەری بە کار هاتووە. بە هۆی شوێنە سترتیجیەکەیەوە کە دەریای ناوەڕاست بە ناوچەی مێژۆپۆتامیا دەبەستێتەوە، هەندێک سەرچاوە دەڵێن ئەم قەڵایە بە ناوی کوڕەکەی سەڵاحەدین ئەیوبییەوە ناونراوە، کە ناوی نەجم بووە، ئەم قەڵایەش بە کارهاتووە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵمەتی خاچ پەرستەکان بۆ ناوچەکە.

جاسم هۆشۆ کاری پاراستنی ئەم قەڵایەیە و بە ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF)ی وت: "20 ساڵە لەم قەڵایەدا کاردەکەم. ئەم قەڵایە لە سەردەمی ڕۆمانییەکان دروست کراوە. پاشان نورەدین زەنگی تازەی کردووەتەوە و دوای ئەویش سەڵاحەدین ئەیوبی_یش تازەی کردووتەوە، چونکە شوێنێکی سەربازی ستراتیجیە."

وتیشی: "ئەم شوێنە لە 3 نهۆم پێکهاتووە، کە بازاڕ و حەمام و مزگەوت و بورجی سەربازی و عەمباری گەنم و شوێنی ئاو هەڵگرتنی تێدایە. "

قەڵاکە، کە لە 3 نهۆم پێکهاتووە ە لە نهۆمی ژێرزەوی شوێنە نهێنییەکان و عەمبار و بورجی بەرگری و ڕێگەی نهێنیی تێدایە، هەروەها گۆرستانی بە کۆمەڵی ئەو خێزانانەی تێدایە، کە لەو سەردەمەدا لەوێ ژیاون. نهۆمی یەکەمی سەرزەوی پێکهاتووە لە هۆڵی هاتوچۆ و حەمام و ژووری جۆراوجۆر و هەروەها بازاڕێکی تێدایە.

نهۆمی دووم بریتییە لە بەشی بەلەکۆنە کە ڕوو لە ڕووباری فوراتە لە سێ لاوە، لە سەرەوەی چەندین شوێنی پاسەوانی هەیە و ناوچەیەکی بەرفراوانی لێوە دەبینرێت.

ئەم قەڵایە گرنگی خۆی هەبووە وەکو شوێنێکی سەربازی. حەمدانیەکان دەستیان بە سەر ئەم قەڵایەدا گرت لە ساڵی 941ی زایینی. پاشان فاتمییەکان حوکمی ئێرەیان کرد لە ساڵی 970ی زایینی، پاشان مرادسییەکان هاتن ساڵی 1027 و پاشان بنو نمیر حوکمی کرد لە سەردەمی سەلاجقییەکان. ئینجا گواسترایەوە بۆ زەنگییەکان لە ساڵی 1127ی زایینی. دوای مردنی سەڵاحەدین ئەیوبی نەوەکانی لەم قەڵایە حوکمیان دەکرد تا هاتنی هۆلاکۆ بۆ سوریا لە ساڵی 1259ی زایینی کە ئەم ناوچەیەی داگیرکرد.

دوای ئەوەی بومەلەرزەیەکی بە هێز لە ناوچەکەی دا نورەدین مەحمود لە ساڵی 1169ی زایینی ئەم قەڵایەی نۆژەنکردەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم قەڵایە لەلایەن عوسمانییەکانەوە وەکو بنکەیەکی سەربازی بەکارهاتووە. عوسمانییەکان ئەم قەڵایەیان وێران کرد لە ساڵی 1820 و بە تۆپ لە قەڵاکەیاندا پاش ئەوەی عەشیرەتێک یاخیبوون لە باج دان بە عوسمانیەکان و خۆیان لەو قەلایە جێگیرکرد.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سوریا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئۆپەزسێونی سوریا لە سەرەتای ساڵی 2013دەستی بەسەردا گیرا، بەڵام زۆری نەخایەند چەتەکانی داعش ئەم قەڵایەیان داگیر کرد وەکو شوێنی مەشقپێکردنی چەتەکانیان بەکاریان هێنا.
لەکۆتایدا ئەم قەڵایە لە لایەن هێزەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج و هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پارستنی ژن (یەپەژە) لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: منبج

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 364
قەڵای نەوتی

20140621171410100943=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2014-06-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 365

قەڵای هارپوت

2016090414242213377 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: ئەلعەزیز

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-09-04

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 366

قەڵای هەولێر

200909171424272035=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای هەولێر تەپۆلکەیەکی بازنەیی ڕووتەختە، ڕووبەری (102.190) م2، ناوەڕاستی شاری هەولێر داگیر دەکات، 415م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی 26م و 25سم لە ئاستی ڕووی شاری هەولێر بەزرترە، کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی 30م.هەندێک بیروڕا هەیە کە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (216ز) ئیمپراتۆری ڕۆمانی (کراکلا) کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن لە هەولێردا ڕۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆڕستانی پاشا فۆرپیەکان بووە ڕووخاندووە و ئێسک و پروسکی مردووەکانی دەرهێناوە،زانای ئەمەریکی(ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاغۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تاکو ئێستا خەڵکیان تیا دەژی کە چی خۆی لەسەر گوند و شاری کۆن دروستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە بەڵام لەسەروبەندی ساڵی 2000 پ.ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری(شۆلکی) بە ناوی(ئوربیلوم - urbilum) هاتووە.

تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە بەڵام لەسەروبەندی ساڵی 2000 پ.ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری(شۆلکی) بە ناوی(ئوربیلوم - urbilum) هاتووە. بەر لەوە و لەچاخی ئەکەدی (3350- 2150 پ.ز و لەسەردەمی یەکەم پاشایان(سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکور بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی بە هەولێردا ڕۆیشتووە و باس لە هەولێر دەکات.ئیتر لەم مێژووە بە دواوە و لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە، کە دەڵێین هەولێر واتا(قەڵا)،

قەڵای هەولێر کە تەمەنی(بەپێی توێژەران) 6000 ساڵە لەم ماوە درێژەی تەمەنی چەندین جار مەبەست لە هەبوونی گۆڕاوە، ئەم قەڵایەی لەسەردەمی سۆمەریەکان دروستکراوە و دوای ئەوان بە دەیەها نەتەوە و شارستانیەت لە سەری ژیاون، لەم ماوەیەدا چەندین جار مەبەست لە بوونی گۆڕاوە و جگە لە جێنشین چەندین مەبەستی تری پێکاوە،لەسەردەمی ئاشوورییەوە،بەدیار دەکەوێت کە پەرستگای خواوەند عەشتار بووە(خواوەندی جەنگ و سەرکەوتن) و بەم مەبەستەش پادشا ئاشوریەکان حەجیان بەرەو قەڵای هەولێر دەکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی رادیۆی نەوا

کاتی تۆمارکردن: 2009-09-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 367

قەڵای والی

2016070820140613260 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یەکێکە لە قەڵا کۆنەکانی ئیلام و لەلایەن (غوڵام ڕەزا فیل) دروستکراوە، کە کۆتا والی پشتکۆی لوڕستان بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: لوڕستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-07-08

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 368

قەڵای وان

20220619204106419136=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای وان، نموونەیەکی پڕشکۆی سەردەمی ئورارتی یە
قەڵای وان، لە کۆنترین و گرنگترین قەڵا مێژوویەکانی باکووری کوردستانە، لە ڕووی تەمەن و سەردمە مێژوویەکانی گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. ئەم قەڵایە بە دووری پێنج کیلۆمەتر دەکەوێتە ناوەندی پارێزگای وان و لەسەر چیایەکی بەرز بنیاد نراوە، هەر بۆیە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە.
بە گوتەی سەرچاوە مێژوویەکان، ئەم قەڵایە یەکەمجار لە سەردەمی ئورارتییەکان (پاشا ساردوری) ، واتا نزیکەی 900 ساڵ پێش زایین درووستکراوە، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتر (واتا میدی، ئەخمینی، ساسانی و سەلجووقی) وەک بنکەیەکی گرنگی چاودێری و پاراستن بەکارهاتووە. بە تێپەڕینی کات و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاچەکە، قەڵای وان کەوتۆتە ژێر ئاو و نوقومبووە، دواتر لەلایەن پسپۆرانی مێژوو و شوێنەوارناسانی تایبەت بە شوێنەوارناسی ژێر ئاو، دۆزراوەتەوە و پاش کنە و پشکنین وەک شوێنەوارێکی گرنگ ناسێندراوە.
ئەم قەڵا سەخت و بەهێزە، بە قەڵای (توشیپا) ش ناسراوە و لە گەورەترین قەڵاکانی دەڤەری ئاناتۆلییە. پێکهاتە بیناسازییەکەی قەڵای وان لە تاشەبەردی گەورەی بازاڵت پێکهاتووە و بەشی سەرەوەشی لە خشتی قورین درووستکراوە.
ئەو شاخەی قەڵای وان لەسەری بنیادنراوە نزیکەی 100 مەتر بەرزە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی کەناری دەریاچەی وان.
قەڵاکە 1250 مەتر درێژە و پانییەکەی لەنێوان 70 بۆ 80 مەتر دەبێت.
جۆری بیناسازییەکەی قەڵای وان تایبەتە بە سەردەمی ئورارتییەکان، ئەمیش بەهۆی بەکارهێنانی پلیکان و تەختکردنی بەشێک لە زەوییەکە بۆ درووستکردنی بینا و باڵەخانەی تر سەلمێنراوە. ئەم قەڵایە لە چەند بەشێکی جیاواز پێکهاتووە وەک ژووری ناشتنی تەرم (کە تایبەت بووە بە خانەوادەی پاشاکان) ، هەروەها چەندین ستوونی بەردینی نووسراو لە دیوی ژوورەوە و دەرەوەی بیناکان هەیە باس لە مێژوو و چۆنییەتی درووستکردنی ئەم قەڵایە دەکەن.
قەڵا مەزنەکەی وان لە دوو بەشی سەرەکی، واتا بەشی دەرەوە و ناوەوە پێکهاتووە. بەشی ناوەوەی قەڵاکە، لەسەر شاخێک بەشێوازێکی ستراتیژی درووستکراوە، بەشی دەرەوەشی لە چل بنکەی پاسەوانی پێکهاتووە.
لە شوێنەوارە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی ناو ئەم قەڵایە، دەکرێ ئاماژە بە هەبوونی گۆڕێکی کۆن و مزگەوتێک بکەین کە تێکەڵەیەک لە مێژوو و کولتووری ئایینی سەردەمە جیاوازەکانمان پیشان دەدات. ئەم قەڵایە بەهۆی ژێر ئاو کەوتنەکەی، هەروەها تێکچوونی ڕەوشی پاراستنی بە هۆکاری مرۆیی و سرووشتی، تا ئێستا چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە و لە ئێستادا یەکێکە لە شوێنەوارە مێژوویە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی باکووری کوردستانە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist
کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 369

قەڵای ڕەبەت

200911281635402720=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2009-11-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 370
قەڵای کوردان

2023041210371748158 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای کوردان

قەڵای کوردان دەکەوێتە وڵاتی سووریای ئێستا و نزیکە لە سنووری لوبنان. پێشتر ئەم شوێنە کە قەڵاکەی تێیدا درووستکراوە، شوێنی نیشتەجێ و وڵاتی کوردان بوو و بۆیە ئێستا قەڵاکە بە ناوی کوردان ناسراوە. هەڵکەوتەی جۆگرافیایی ئەم قەڵایە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی کەناری وڵاتی سووریا و 60 کیلومەتر لە شاری حمس دوورە.

ئەم شوێنەوارە وەک شوێنەوار و کەلەپوورێکی جیهانی لە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ تۆمارکراوە.

لە مێژووی ئیسلامی ناوی ئەم قەڵایە بە ناوی (قەڵای کوردان یان حصن الاکراد) تۆمار کراوە و هەموو سەرچاوە مێژووییەکان هەر بەم ناوەوە دەیناسن، بەڵام لە ئێستادا عەرەبەکانی سووریا (کە دەتوانین وەک گەلی هاتوو بۆ سووریا هەژماریان بکەین) ناوی ئەم قەڵایەیان گۆڕێوە بۆ (قلعة الحصن) کە هۆکارەکەشی تەنیا لەناوبردن و سڕینەوەی مێژووی کوردان لەم ناوچەیەدایە.

لە سەردەمی خاچ پەرستەکان، کاتێک ئەم قەڵایە کەوتووتە ژێر دەستیان، بۆ ماوەی زیاتر لە 100 ساڵ ناوی ئەم قەڵایەیان گۆڕیوە بۆ krak des chevaliers .

مێژووی درووستکردنی ئەم قەڵایە بۆ سەردەمی میر شبل الدولە نەسر کوڕی ساڵحی مەرداس، میری وڵاتی حەلەب و حمص، واتا ساڵەکانی 1031 زایینی دەگەڕێتەوە.

هۆکاری درووستکردنی ئەم قەڵایە لەم شوێنە ستراتیجییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیاتر بۆ پاراستنی کاروانە بازرگانییەکانی وڵاتە دراوسییەکان کە لەم ناوچەیە هاتوچۆیان کردووە بووە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە کە قەڵاکە تێدا درووستکراوە ناوچەیەکی ستراتێجییە لە ڕووی بازرگانییەوە و هەروەها ڕێگایەکی ستراتیجی لەنێوان شارەکانی کەناری دەریای سپی و ناوەڕاست بووە.

لە پاش ئەوەی خاچ پەرستەکان دەستیان بەسەر وڵاتی شام و قودس گرت کە دەکاتەی نزیکەی 1099 زایینی، ئەم قەڵایە کەوتە بن دەستی سەرکردەیەکی خاچ پەرستەکان بە ناوی ڕیموند سانجیل، ئەوان لەپاش چوونە ناوەوەی بۆ قەڵاکە هەندێ چاکسازی و نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەم شوێنەوارە ئەنجامدا کە بوو بە هۆکاری زیاتر مانەوەی قەڵاکە.

لە سەرەمی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیووبی ئەم قەڵایە کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانەکان و لە ساڵی 1270 توانیان لە دەستی خاخ پەرستەکان دەری بهێنن و بچنە ناو قەڵاکە.

دواین نۆژەنکردنەوەی ئەم قەڵایە بۆ ساڵی 1926 واتا کاتێک فەرەنسییەکان، سووریایان داگیر کرد، بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

دەیە: 30یەکان (30-39)

سەدە: سەدەی 02 (0100- 0199)

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-12
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 371
قەڵای کونجانچەم

2012010919015563734=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای کونجانچەم، دەکەوێتە 15 کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مێهران، لە پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ئەم قەڵایە سێ دەرگای هەیە، دیوی دەرەوەی قەڵاکە هەمووی بە بەرد دروستکراوە، چوار بورجی پاسەوانی هەیە. هەروەها هەموو ژوورەکانی قەڵاکە بەیەکەوە بەستراون و ڕاڕوەکانی سەرداپۆشراون.
بە گوێرەی زانیارییەکان، قەڵای کونجانچەم (کنجانچم) ساڵی 1305 ی هەتاوی، بە فەرمانی غولامرەزاخانی دواهەمین والی ئیلام، لە کەناری چەمی کونجانچەم لە وەرزی زستاندا دروستکراوە.
لە ئێستادا لە فەرمانگەی میراتی فەرهەنگی ئێران وەک شوێنەوارێک تۆمارکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
زمان - شێوەزار: کرمانجیی خواروو (لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی و ...)
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2012-01-09
ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 372
قەڵای کەرکووک

2018072218004810438 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قەڵای کەرکووک دەکەوێتە ناوەندی شاری کەرکووک لە ئێراق و کۆنترین بەشی شارەکەیە. قەڵاکە دەکەوێتە سەر گردێک کە 130 پێ لە ڕووباری خاسە بەرزترە و دەکەوێتە تەنیشت ڕووباری خاسەوە.
باوەڕ وایە قەڵای کەرکووک (پاشا ئاشوور ناسڕ پاڵی دووەم) لەنێوان 884 بۆ 854 پێش زاین درووستکرا وەکوو هێڵێکی بەرگری سەربازی. مێژوونووسەکانی دیکە باوەڕیان وایە 4000 هەزار ساڵ پێش ئێستا 2023 لەلایەن گووتییەکانەوە درووستکراوە، ئەکەدییەکان و ئاشووریەکان پێیان دەگوت قەڵای (شیلواسیس) چونکە فەرمانڕەوای حووریەکان پاشا شیلوا تێشوب بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 373
قەڵای کەریم خانی زەند

20230311205622473571=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێن: قەڵای کەریم خانی زەند
قەڵای کەریم خانی زەند، یەکێک لە قەڵا کۆن و مێژوویەکانی ئێرانە کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کوردە زەندییەکان لە شاری شیراز درووستکراوە.
ئەم قەڵایە لە سەردەمی کەریم خانی زەند کاتێک کە شیراز وەک پایتەختی دەسەڵاتداری خۆی هەڵدەبژێرێت، وەک شوێنی مانەوە و ژیانی کەریم خان بە کارهاتووە، هەر بۆیە پێی دەگوترێت قەڵای کەریم خانی زەند.
ئەم قەڵایە لە ساڵەکانی 1766-1767 زایینی درووستکراوە و کەریم خان بۆ درووستکردنی ئەم قەڵایە باشترین وەستا و کەرەستەی بیناسازی بەکارهێناوە کە ئەمیش بووەتە هۆی بەهێزی و پتەوی قەڵاکە و مانەوەی وەک خۆی تا سەردەمی ئێستا.
کەرەستە و پێکهاتە بیناسازییەکەی ئەم قەڵایە خشت و بەردە، هەر هەموویان لە شاری شیراز بەرهەم هێنراون.
ڕووبەری قەڵای کەریم خان 13 هەزار مەتری چوارگۆشەیە و بە شێوازی لاکێشەیی و لە ناوەندی شاری شیراز درووستکراوە.
ئەم قەڵایە چوار بنکەی چاودێری و سەربازیی هەیە کە بەرزیان 14 مەترە و بە قووڵایی 6 مەتر بناغەیان لەژێر زەوییە. چوار ڕیز دیوار، بە بەرزی 12 مەتر و پانتایی 3 مەتر لای خوارەوە و 2.8 سانتیمەتر لە بەشی سەرەوە هەر چواردەوری قەڵاکەیان گرتووە و پارێزگاری لێدەکەن.
شێوازی بیناسازی ئەم قەڵایە، بە دوو شێوازی نیشتەجێبوونی مەدەنی و سەربازی درووستکراوە، واتا شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون و پشوودانی کەریم خان، شوێنێکیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازی و وڵات. ئەم قەڵایە تا ئێستا دوو جار نوژەن کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی هۆکارە سرووشتییەکانی وەک: با، باران، هەتاو، بەشێک لە دیوارەکانی بەشی شووراکەی لار بووە و مەترسی ڕووخانیان لەسەرە.
قەڵای کەریم خانی زەند پێکهاتووە لە چەندین بەشی جیاواز و سەرنجڕاکێش و لەناو لیستی شوێنەوار و کەلەپووری ئێران تۆمارکراوە و لە ئێستادا وەک موزەخانەیەک بە ڕووی گەشتیاراندا کراوەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-11
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 374

قەیسەری نەقیب

2012081114124667487=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە مەڵبەندە بازرگانییە هەرە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانی. ساڵی 1900 شێخ مستەفای نەقیب کە دەکاتە مامی شێخ مەحمودی حەفید درووستی کردووە. زۆربەی وەستا و کرێکارەکان کە لە درووستکردنی ئەم قەیسەرییەدا ئیشیان کردووە لە سنە و کرماشانەوە هاتن و شارەزایی زۆریان هەبووە لە هونەری بیناسازیدا.نەخشەی قەیسەرییەکەش هەر هەمان نەخشەیە کە لە قەیسەری و بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکارهاتوون. کاسبکارەکانی ئەم قەیسەرییە جۆراوجۆر بوون وەک خەیاتی و دەلاکی و وشکەفرۆش. بەڵام لەدوای ساڵی چلەکانەوە شەقڵێکی تری بەخۆوە گرت و زیاتر بوو بە بازاڕی عەتارەکان. سەرچاوەی کەلوپەلەکانیش لە بەغدا و سووریا و ئێرانەوە دابینکراون و بازرگانەکانی ئەو سەردەمە خۆیان سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە و تازەترین کاڵایان بۆ دوکاندارەکانی ئەو قەیسەرییە هێناوە. لافاوە بەناوبانگەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی 1957 دا زیانێکی گەورەی بەم قەیسەرییە گەیاندووە. ئەو سەردەمە لاوان و مامۆستایان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆمەکی ماددیان پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە. ساڵی 1988یش لە ڕووداوێکی تردا قەیسەرییەکە سوتا و خەڵکەکەی تووشی زیانێکی قوورس بوون.دەیان پیاوی ناسراو و کاسبکار و بازرگان لە موسوڵمان و گاور و جوولەکە لەم قەیسەرییەدا کاسبییان کردووە. تۆفیق قەزاز و حاجی شێخ عەلی و حاجی مەلا سەعیدی مامە خەلانی و حاجی عەزیزی شەرعی و شەلەمۆ عەزیز حەکیم و موشێ عەتار و سیمانە و سەلیم بەگی کوتاڵفرۆش هەندێک لە کاسبکارە ناسراوەکانی سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووی ناو قەیسەری نەقیب بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 375

قەیسەری کفری بە یەکجاریی چۆڵ دەکرێت

2019022310141466575=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوای 168 ساڵ لە دروستکردنی، بازاڕی قەیسەری کفری، بەهۆی داڕووخانەوە چۆڵکراوە، شوێنەواری گەرمیان-ش دەڵێت، 98%ی بازاڕەکە مەترسی هەرەسهێنانی هەیە. سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکەش ئاماژە بەوە دەکات، هیچ پرۆژە و بودجەیەکیان نیە بۆ نۆژەنکردنەوەی.

بازاڕی قەیسەری کفری، دەکەوێتە ناو شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، بازاڕەکە لە ساڵی 1851 لە لایەن وەستا سەمەد کەرکووکییەوە دروستکراوە، بەڵام بەهۆی بایەخپێنەدانییەوە، ئەو شوێنەوارە مێژوویە ئێستا بەرەو لەناوچوون دەچێت.

بازاڕەکە لە کاتی خۆیدا بازاڕێکی قەرەباڵغ بووە و خەڵکی بۆ کڕینی پێداویستییە هەمە جۆرەکانیان سەردانی ئەو قەیسەرییەیان کردووە، لە ئێستاشدا بەهۆی کۆن بوون و مەترسی هەرەسهێنانی، لە لایەن خاوەن دووکانەکانەوە چۆڵکراوە.

ئیبراهیم حەمە خان، ماوەی زیاتر لە شەست ساڵە، دوکانی هەیە لە بازاڕی قەیسەری کفری، ئەو دوکانەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە و بە خەمگینییەوە دەیوت: ماوەی مانگێک دەبێت بەشێکی زۆری ئە و دوکانانەی لە بازاڕی قەیسەری کفریدا مابوونەوە، چوڵیان کرد و ڕوویان لە بازاڕەکانی دیکەی شارۆچکەکە کردوە، چونکە بازاڕەکە بەرە و داڕووخانی یەکجاریی دەچێت و حکومەتیش هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ چاککردنەوەی.

ئیبراهیم حەمە خان، کاتێک قسەی بۆ ئێمە دەکرد، سەرقاڵی چۆڵکردنی دوکانەکەی بوو، ئەو بە بەجێهێشتنی یادگارییەکەی باوکی دڵی پڕ بوو لە حەسرەت، ئێستا زۆر دڵتەنگم، دوای ئە و هەموو ساڵە، بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتەوە دوکانەکەم، لە قەرەباڵغترین و ناسراوترین و کۆنترین شوێنی شار جێدەهێڵم، کە ڕۆژانێک هێمای ئاشتی و پێکەوەژیان و کارکردنی باش بوو بۆ ئێمە.

مەلا ستار محەمە ساڵح، هاوڵاتیەکی بە تەمەنی دانیشتوی شارۆچکەی کفریە، منداڵیی مەلا ستار لەو بازاڕەدا بووە، ئە و لەسەر چۆڵکردنی بازاڕی قەیسەری کفری باسی لەوە کرد: جاران دەهاتمە ئەم بازاڕە، دەمبینی خەڵک لە لادییەکانەوە دەهاتنە نێو ئەم بازاڕەوە و تیکەڵاوییەکی زۆری نەتەوەکان هەبوو، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز هەبوو، ئەوانەی لە دەرەوە دەهاتن بۆ ناو بازاڕەکە، دڵخۆش بوون، ئەم بازاڕە یەکێک بوو لە بازاڕە قەرەباڵغەکانی ناوچەکە.

مەلا ستار لە چایخانەیەکی نزیک بازاڕەکە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی دانیشتبوو، باسی یادگارییەکانی خۆیان دەکرد، دوای ئە و هەموو ساڵە، ماوەی چەند مانگێکە دێمە ئەم بازاڕە زۆر دڵتەنگ دەبم، دەبینم بە بەرچاوی هەمووانەوە خەریکە دەڕووخێت و کەس ئاوڕی لێناداتەوە و سەروەتێکی نیشتیمانی گەورە لەدەست دەدەم، داوام لە خەڵک و دەسەڵات و حکومەت هەیە کار بکەن بۆ چاککردنەوەی ئەم بازاڕە.

شکور محەمەد حەیدەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، لەبارەی نوێکردنەوە و بایەخدان بە نازاڕی قەیسەری کفری، وتی: 98% بازاڕی قەیسەری کفری مەترسی هەرەسهێنانی هەیە، سەدان جار داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە خەمێکی بخوات و ئاوڕێکی لێبداتەوە، بەڵام هەر بێدەنگ بووە.

باسی لەوەش کرد: لە ساڵی 2012 بە بڕیارێکی نێچیرڤان بارزانی، بڕیاردرا بە دابینکردنی بڕی 21 ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوە، بەڵام کە قەیران هات ئە و بڕیارە نەچووە بواری جێ بەجێکردنەوە.
بەرپرسی شوێنەواری گەرمیان، ئاماژەی بەوەشدا: ئەگەر ڕۆژێک بێت و ئە و پرۆژەیە بڕواتە جێبەجێکردنەوە، دەبێت 98%ی ئە و بازاڕە بڕوخێت، بۆیە جارێکی دیکە قەیسەری کفری وەک خۆی لێ نایەتەوە و لەدەست دەرچوو.
هەروەها قادر فاتیح، سەرۆکی شارەوانی کفری، سەبارەت بەوەی ئایا پرۆژەیان هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی قەیسەری کفری؟ باسی لەوە کرد: هیچ بودجە و پرۆژەیەکمان نیە بۆ چاککردنەوەی ئە و بازاڕە.
بازاڕی قەیسەری کفری تەمەنی 168 ساڵە و لە 100 دووکان پێکهاتووە و لەنێو دوکانەکانی ئەو بازاڕەدا، کاری مسگەرپی و چەخماخسازپی و چەندین پیشەی دیکەی ئەنجام دراوە، هەروەها خواردنگە و دوکانی فرشتنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی تێدا بووە، لە ئێستاشدا بەهۆی ئەوەی لەڕووخاندایە و مەترسی هەرەسهێنانی هەیە، نزیکەی پێنج تا شەش دوکانی تێدا ماوە و بە یەکجارپی چۆڵدەکرێت.[1]
2019-02-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: بازاڕ
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردپی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-23
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 376

قەیسەریان

2015031715302684893=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



شوێنەواری قەیسەریان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی قەیسەریان. ئەم شوێنەوارە پێک دێت لە ژوورێکی لاکێشەیی کە درێژیەکەی (40 م) و پانی یەکەی (10 م).بە بەرد و گەچ دروستکراوەو سەرەکەشی بە گومەز دروست کراوە چوار پایە لە ناوەوەی شوێنەوارەکە گومەزەکانیان ڕاگرتووە. شورەیەکی هەبووە کە (15 م) لە ژوورەکەوە دوور بووە سەردەمی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی، ئەم جۆرە بینایە لە شارەکانی کۆیە و هەولێر و ناوچەکانی دەورو بەردا هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کۆیە

کاتی تۆمارکردن: 2015-03-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 377
قەیسەرِیی کفری
2013012715313775371=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-01-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 378

قەیسەریی کەرکووک

2018112709160870889=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ساڵی 1855 لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکان دروستکراوە و لەساڵی 1978 سەر لەنوێ نۆژەنکراوەتەوە. سێ دەرگا و 28 پەنجەرەی هەیە، جگە لە 360 دووکان، 22 کۆگای تێدایە. ڕۆژی 26-11-2018 کاتژمێر 23:00 بەهۆی ئاگرێکەوە زیانی زۆری بەرکەوت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: بازاڕ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

Code QR:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2018

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 379

قەیسەرییەکی مێژووپی لە کفری مەترسی ڕوخانی لەسەرە

2018092509342493377=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قەیسەرییەکی تەمەن 167 ساڵە لە شارۆچکەی کفری، مەترسی ڕووخانی لەسەرە و حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانیش هیچ ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.

لە شارۆچکەی کفری، سەر بە ئیدارەی گەرمیان، ژمارەیەک شوێنەواری مێژووی و کلتوری هەیە، بازاڕی قەیسەری کفری، یەکێکە لە و شوێنانە.

بازاڕی قەیسەری کفری ساڵی 1851 لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان-دا لایەن وەستا سەمەد کەرکووکی، دروستکراوە، لەکاتی خویدا بازاڕێکی قەرەباڵغ بووە و خەڵکی بۆ کڕینی پێداویستییە هەمە جۆرەکانیان سەردانی ئەم قەیسەرییەیان کردووە.

لەنێو دوکانەکانی ئەم بازاڕەدا، کاری مسگەری و چەخماخ سازی و چەندی پیشەی تر ئەنجام دراوە، هەروەها خواردنگە و دوکانی فرشتنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی تێدا بووە، لە ئێستاشدا بەشێک لە و دوکانانەی لە و سەردەمەدا هەبوون وەک خۆیان ماونەتەوە، هەرچەند بەشێکی زۆری بازاڕەکە ڕووبەڕووی داڕووخان بووەتەوە، بەڵام هێشتا سیما مێژوویەکەیی لە دەست نەداوە.

بازاڕی قەیسەری کفری، ناوبانگی بە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شارۆچکەی کفری-دا بڵاو بووەتەوە، لە کۆندا هەرکەسێک ڕووی لە شارۆچکەی کفری کردبێت بە دڵنیاییەوە سەردانێکی بازاڕی قەیسەری کردووە.

کامەران ناسر، کە دوکاندارێکی نێو قەیسەری کفری بوو، لەبارەی قەیسەرییەکەوە بە ڕۆژنیوزی وت: ماوەی 25 ساڵە لەم قەیسەرییەدا خەریکی کارکردنم، بۆ ئەوەی قەیسەرییەکە نەڕوخێت، ساڵانە خۆمان بەپێی توانا نۆژەنی دەکەینەوە، داوا دەکەین لە حکومەت بەقەدەر دوکاندارەکانی نێو قەیسەرییەکە مەسرەف لە قەیسەرییەکەدا بکات، بۆ ئەوەی لە مەترسی لەناوچوون بیپارێزین.

ئەحمەد کەریم، دوکاندارێکی دیکەی نێو قەیسەری کفری-یە، کە لەساڵی 1950 دوکانێکیان لەنێو قەیسەرییەکەدا هەیە، نیگەرانی خۆی لەسەر پشتگوێخستی قەیسەرییەکە بۆ ڕۆژنیوز خستەڕوو و وتی: قەیسەری کفری مەترسی ڕووخانی لەسەر بەهۆی ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پشتگوێ خراوە.

ئەو دوکاندارە، ئاماژەی بەوەشکرد، کە زێرابی چەند گەڕەکێک دێتە ژێر قەیسەرییەکەوە، بارانبارینیش کێشە بۆ بازاڕەکە دروست دەکات، پێی وایە ئەگەر بێت و ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێت، لەکاتێکی نزیکدا هەموو بازاڕەکە دەروخێت.

شەماڵ خورشید، مێژووناس، لەبارەی لەناوچوونی بەشەکانی بازاڕەکەوە، بە ڕۆژنیوزی وت:لە ئێستادا ئەم بازاڕە کەمتر لە 10% وەک خۆی ماوەتەوە، ئەوەشی کەماوەتەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە دوکاندارەکان کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەکەن، چەند ساڵێک لەمەو بەر هەموو دوکاندارەکان پێکەوە 18 ملیۆنیان دیناریان کۆکردەوە و نۆژەنیان کردەوە.

ئەو مێژوو ناسە، مەترسی ئەوەی هەبوو، کە ئەگەر بێت و بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ئەو چەند دوکاندارەی لە بازاڕەکەدا ماونەتەوە بازاڕەکە چۆڵ بکەن، ئەوا بازاڕەکە بە تەواوەتی لەناو دەچێت، دەشڵێت: بەداخەوە کلتور لێرە ڕێزی لێ ناگیرێت،

ئەم قەیسەرییە لە هەرشوێنەکانی دیکە بوایە دەکرایە سومبوڵێکی نەتەوەیی.[1]
2018-09-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 380
گالیسکەیەک بۆ گواستنەوەی بەرد
2018060515502496303=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 381

گرد دۆدغان

2023052721471049409 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گردە یەکێکە لە گردە مێژوویی و کۆنەکانی پارێزگای هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 382
گرد لەشکر

20230521115512492233=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گرد لەشکر، یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر.ئەم گردە لە ساڵی 2016ەوە لە لایەن تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی ئۆتۆنۆمی ئیسپانی کاری هەڵکۆلینی شوێنەواری بۆ دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-21
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 383

گردی ئاسنگەران

2023061400113049849 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی ئاسنگەران یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی سنووری پارێزگای دهۆک لە قەزای بەردەرەش (روڤیا).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 384

گردی باستکێ (باستک)

2023061400202749849 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە گردە شوێنەواریە گرنگرکانی سنووری پارێزگای دهۆکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 385

گردی بەکراوە

2013102121492088252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بەپێی کۆتا کنە و پشکنینەکانی شوێنەواری کە تا ئێستا کراون، گردی بەکرئاوا ی سنووری دەشتی شارەزوور لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بە کۆنترین شاری شوێنەواری لە مێژووی کوردستان دیاری دەکرێت. کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە.
بە گوتەی توێژەران، ئەم شوێنەوارە پاشماوەی شاری (ئەتێلا)ی کۆنی سەردەمی ئاشوورییەکان بووە، بەهۆی گەورەیی شوێنە شوێنەوارییەکە و پاشماوە بیناسازی و ئەندازیارییەکان، بەکرئاوا بە کۆنترین شاری میزۆپۆتامیا و ناوچەکەیش دادەنرێ، بەڵام دواتر ژیانی تێدا نەماوە و بووەتە وێرانە، واتا بە کۆنترین شاری وێرانبوو دادەنرێت کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە خەڵکی لێ نەژیابێت، نەک کۆنترین شار کە تا ئێستاش ژیان تێیدا بەردەوام بێ. گردی بەکرئاوا، یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی دەڤەری شارەزوور کە کەوتووەتە نێوان هەڵەبجەی شەهید و شارەدێی سیروان، بە دووری چوار کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەڵەبجە و حەفتا کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی هەڵکەوتووە.
مێژووی ئەم شارە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، 40 مەتر قووڵە و لەسەر ڕووبەری 26 600 تا 800 مەتر دووجایە، بۆ ئەوکات شارێکی گرنگ بووە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1927 شوێنەوارناس (ئەفرایم سپایسەر) سەردانی ئە و گردەی کرد، چەند ڕۆژێک کنە و پشکنینی تێدا کردووە، بەڵام دواتر لە ساڵی 1960 و 1961 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەواری عێراق کنە و هەڵکۆڵین لە و ناوچەیە دەستی پێ کردووە.
جارێکی تریش لەلایەن تیمێکی زانکۆی هایدلبێرگی ئەڵمانی لە 2009 تا 2011 کنە و پشکنین لە و شوێنەوارە مێژووییە دەستی پێکردووەتەوە، کە پرۆفیسۆر (پیتەر میگلس)سەرپەرشتی کنە و پشکنینی لە و شوێنە مێژووییە دەکرد.
بە گوێرەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە شوێنەوارییەکانی ئە و گردە، مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی ئیسامیی و ئاسنی و بڕۆنزی لێ دۆزراوەتەوە.
لە سەردەمی ئیساملییەکان و دواتریش عوسمانییەکان زۆرتر گرنگی پێ دراوە و پتەو و بەهێز کراوە، پاشان ساسانییەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، گۆڕستانی سەردەمی ئاسنی لێ دۆزراوەتەوە و هەندێک لە گۆڕەکانیش بۆ سەردەمی ئەخمینییەکان دەگەڕێنەوە، باڵەخانەکانیشی بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، تەنانەت نەخشی شاهانەی ئاشوورییەکان لەسەر دیوارەکان کێشراون . لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، دەشتی شارەزوور ناوی ناوچەی (مازاموا، زاموا) بووە و لە و گردەوە کە ئەوکات هاوشێوەی شارێک بوو، ناوچەکە بەڕێوە براوە. سەرەتای کاری پشکنین بۆ ئەم گردە بەو شێوەیە دەست پێدەکات کە دەکەوێتە پاش سەردانی شوێنەوارناسە ئەڵمانییەکە بۆ بەکرئاوا.
دواتر شوێنەوارناسانی عێراق دەستیان بە هەڵکۆڵین لە و ناوچەیە کرد، هەندێک دەق میخی دۆزرانەوە کە باسی ئایین و گرنگیی بۆ ئە و سەردەمە دەکەن.
بەگوێرەی ئەنجامی هەڵکۆڵینەکان، خانووەکانی ئە و شوێنە شوێنەوارییە بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو بیناسازییان تێدا کراوە، خشت و بەرد زۆر بە وردی و ڕێکی بۆ درووستکردنی دیوار بەکارهێنراون و بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر پتەویش، خانووەکان بەرزکراونەتەوە.

دۆزینەوەکان جیا لەوەی لە ساڵی 1960 کۆمەڵێک تابلێتی بزماری و دەیان پارچە شوێنەواری تر بوون ، براونەتە مۆزەخانەی بەغدا ، لە ئەنجامی پشکنینەکانی ساڵی 2009یش ژمارەیەک دەفری فەخفووری سەردەمی ئۆرک دۆزرانەوە.
شارەکە شوێنەواری جەنگیشی بەسەرەوە دیارە و لە ساڵی 880ی پێش زایین، دوای وێرانبوونی دووبارە لەلایەن (ئاشوورناسیربالی دووەم) پاشای ئاشوورییەکان نۆژەن کراوەتەوە و لە شوێنی ناوی زاموا ناوەکەیشی بۆ (دورئاشوور) گۆڕیوە.)پیتەر میگڵس) لە لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی ئە و ناوچە شوێنەوارییە، دەڵێ: لێکۆڵینەوەکان بۆیان دەرخستووین ئە و ناوچەیە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین زۆر ئاوەدان و پێشکەوتوو بووە و خەڵکەکەی زۆر دەوڵەمەندبوون و خۆش ژیاون، جیا لەوەش شوێنێکی تەواو گرنگ بووە و بە تەواوی بەسەر دەشتی شارەزووردا زاڵ بووە، بۆیە لە هەڵمەتی پێنجەمی هێرشی (ئاشووربانیبال) دژ بە پاشا (ماناجای ئاشووری لە 660)ی پێش زایین، دووبارە شارەکە شەڕی تێکەوتووە و لەلایەن ئاشووربانیبالەوە کۆنترۆڵ کراوەتەوە. لە ئەنجامی کنە و پشکنین، دەیان گۆزە و سەری ڕم و چەکی ئە و سەردەمە، لەگەڵ کەلوپەلی بیناسازی و هەڵکەندن و چەقۆ و دەفر و کەلوپەلی چێشتخانە و زۆر پارچەی تری شوێنەواری لێ دۆزراونەتەوە، زۆربەیان لە ئاسن و سیرامیک و قوڕ درووست کراون. هەروەها تەرمی سەردەمە جیاجیاکانی لێ دۆزراونەتەوە، تەمەنیان بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ساڵێک تا چل و پێنج ساڵ بووە، زۆرینەیان ئی سەردەمی ئاسنین، هاوکات کەلوپەلی زۆربەی سەردەمەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، وەک سەردەمی ئاشووربییەکان، ئەکەدییەکان، بابلییەکان، ئیسامی و ساسانییەکان.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ناسینەوەی کورد لە شوێنەواردا، ل 25-29
کاتی تۆمارکردن: 2013-10-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 386

گردی پیسە (یانیک تەپە)

20230605172202496331=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەسەرەتای چاخی برۆنزدا، لەنێوان ساڵانی 3000 تا 2500 بەر لە زایین، بابەتەکانی گڵسازیی دیوی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کەلتووری کور-ئاراس، یان ئەوەی بە ناوی کەلتووری ترانس-قەوقازیش ناسراوە. باس لەوە دەکرێ کەلتووری کور-ئاراس لە حەوزی دەوروبەری ڕووباری کورە-ئاراس، دەرکەوتبێ. لەوێوە بە ڕووبەرێکی زۆر فراوانی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەناتۆلیادا بڵاوبووەتەوە.

چۆمی عەباس ئاباد لە بەرزاییەکانی ئەڵوەندەوە دێتە خوار، بە لای ڕۆژاوای تەپە پیسەدا تێدەپەڕێ. ئەو دەشتاییەی دەورەی هەمەدانی ئێستە (ئەکبەتانە) لە زەوییە هەرە بە پیتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو شوێنەاورە لەسەر ڕێگەی بازراگانی و هاتووچوونی نێوان میسۆپۆتامیا و تەختاییەکانی ئێران و ئەفگانستان بووە. هەر لەوێ، ئەکبەتانە پایتەختی مادەکان لەنێوان 728 تا 550 پێش زایین، دامەزراوە.

ماوەیەکی زۆربوو، تەپە پیشە سەرنجی شوێنەوارناسان و نێردەی ئەورووپاییەکانی ڕاکێشابوو، بە تایبەتیش چ. فۆسێی لە ساڵی 1913 وەک نوێنەری فەرەنسا لەو ناوچەیەدا ئەوکاتە بە دوای شوێنەواری ئەکبەتانەدا دەگەڕا، تاکە سەرچاوەی ڕۆژاوا لەو سەردەمەدا نووسراوەکانی هیرۆدۆتسی یۆنانی بوو تێیدا ناوی ئەکبەتانە هاتبوو، جارێ ئاشکرا نەبووبوو کە هەمەدان هەمان ئەکبەتانەی مادەکانە. هەڵبەت فۆسێی نەیتوانی هیچ پاشماوەیەکی ئەکبەتانە بدۆزێتەوە و هەموو گەڕانەکانی بەو شکستەی، ڕاوەستا.

یەکەمین بەڵگەی کاریگەریی کەلتووری کور ئاراس لە ئێران لە شوێنەواری تازەکەند (فارس کردوویانە بە یانیک تەپە) لە ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ، دۆزراوەتەوە. هەڵکۆڵینەکانی چارلس بێرنێی لەنێوان 1960 تا 1962 بڕێکی زۆری لەو پاشماوانەی کەلتووری کور ئاراس دۆزییەوە. خانووەکان شێوە خڕی تێکخزاو و بچووک بوون، تاق و عەمباری بچووکیان هەبووە.

گڵسازییەکانییان بەدەست دەوستکراون و ڕەساسی ڕەشباو و سووریاو بوون، بە نەخشی ئەندازەیی دەروژووری پێکراوە، ڕازاوەتەوە. هەندێکیان دوای دەرهێنانیان لە ئاگر، پڕ گەچ کراوە.

لە کاتی دۆزینەوەی شوێنەواری تەپە پیسە، جارێ لە جیهاندا کەلتووری کور-ئاراس نەناسراو بوو. لە هیچ کەلتوورێکی دیکەی چاخی برۆنز نەدەچوو. جگەلەوانیش، دۆزراوەکانی سەردەمی دەرکەوتنی مس بۆ ئەوکاتەی شوێنەوارەکانی ئەو ناوچەیە زۆر نوێ بوو، بۆیە بێرنێی پێی وابوو ئەو کەلتوورە لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ تەپە پیسە هاتووە.

چونکە ئەوکات وادەزاندرا، لە ڕۆژهەڵات ئەو شوێنەوارانە نین. بە دۆزینەواکانی شوێنەواری گۆدین تەپە لە باشووری تەپە پیسەیە و 80 کیلۆمەتر لێیەوە دوورە، ئەو بیرۆکەیەی یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوی ڕووخا.

دوو وەرزی نوێی هەڵکۆڵین لە 2007 و 2008 لە تەپە پیسە بەردەوام بوو، سەرەتا ویستیان چینەکان و کاتی مێژووییان دیاری بکەن. پاشماوەی یەکەمین نیشتەجێ تا بەرزی 280 سانتیمەتر لە زەویەوە بەرزبوو. پارچەی گڵسازییەکانیان ڕەشی سووركراوە بوون وسەر بە کەلتووری کور-ئاراسن، دوای لە ئاگر دەرهێنانیان پڕ گەچ کراون. زۆربەی نەخشی سەریان لەوانەی تازەکەند و شوێنەواری دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا، دەچوون.

دوو چاڵ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای تەپە پیسە لێدران، هەڵکۆڵین تا گەیشتە زەوی بنی بنەوە بە قووڵایی 8.9 مەتر بەردەوام بوو. لەلای ڕۆژهەڵاتەوە 29 چینی جیاجیای لێ دەسنیشان کرا، چینی بنی بنەوە ژمارە 29ی درایە. چینی 14 تا 29 لە قووڵایی 4.15 مەتردا بوو، پاشماوەکانی بە کەلتووری کور-ئاراس دەسنیشان کرا. بەڵام چینی 13 بۆ 2 لە قووڵایی 3.75 مەتردا بوو. چینی یەکەمیش 1 مەتر ئەستوور بوو، ئەمیان بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕایەوە.
چاڵەکەی لای ڕۆژاوای تەپە پیسە، تەنیا 8 چینی نیشتەجێی لێ دەستنیشان کرا. هەر هەموویان سەر بە کەلتووری کور-ئاراس بوون. بەرزی پاشماوەکانی 3.30 مەتر بوون. ئەو شوێنە نزیکەی 3.2 مەتر لە چۆمەکەی تەنیشتییەوە بەرزبووە. لەبەر ئەوەی قووڵایی پاشماوەکان لەوانەی بەشی ڕۆژهەڵاتی جیایە، دیارە لە کاتی خۆیدا، ئەو دوو بەشەی نیشتەجێیەکە لە یەکتری جیا بوون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژوو بۆ کورد) ڕۆژی 2023-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-05

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 387

گردی تابان.. کۆکەرەوەیەک لە شارستانییەتە گرنگەکان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906141529432423



گردی شوێنەواری تابان، دەکەوێتە بەشی چەپی ڕووباری خابوور، بەدووریی 37 کیلۆمەتر لە باشووری شاری حەسەکە، لە ناوەندی حەوزی خابوور و لەنێوان گردەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای عەبدولعەزیز. ئەم گردە نزیکەی 25 مەتر لە ئاستی زەویی دەوروبەری بەرزترە و 350 مەتر پانە.

هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم گردە دەکەوێتە شوێنێکی ئێگجار ستراتیجی، چونکە لە بەشی ڕۆژئاواکەی نزیکە لە چیای شنگال و لەبەر هەبوونی ئاوێکی زۆر و ژینگەیەکی دەوڵەمەندی سروشتی (ئاژەڵی و گیایی)، بۆ هەزاران ساڵ شوێنی ژیان و شارستانییەت بووە.

لە پاشماوە شوێنەوارییەکان دەردەکەوێت، کە لەم ناوچەیەدا چەندین شارستانیەتی گرنگ و دیار وەک ئوور، بابلی کۆن، ئاشووریی ناوەڕاست، ئاشووریی نوێ، هلینێستی، ئیسلامی و مێژووی هاوچەرخ ژیاون و شوێنەواری زۆر گرنگیان لەپاش خۆیان بەجێهێشتووە، بەڵام لوتکەی گەشانەوە و شارستانییەت تایبەتە بە سەردەمی ئاشووریەکان. کنە و پشکنینی شوێنەواری بۆ ئەم ناوچەیە لە ساڵی 1997 لە لایەن تیمێکی پسپۆری بواری شوێنەوارناسیی یابانی دەستی پێ کردووە و لەئەنجامدا چەندین باڵەخانە و پارچەی شوێنەواری و پەیکەری تایبەتیان دۆزیوەتەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە: گۆزەیەکی گەورەی سەرداخراوی سوورکراوە لەناو کوورە، کە چەندین پارچە پەیکەری بچووک، کە بە خەتی مێخی لەسەریان نووسراوە و یەکێکیان مۆری پاشایەتی لێ دراوە، پارێزراوە.

لەم گردە شوێنەوارییە شوێنێک دۆزراوەتەوە، کە وەک کوورە بووە بۆ سووركردنەوەی ئەو پارچانەی بە خشت و خۆڵ دروست دەکران. لە باڵەخانە دۆزراوەکانی ناو ئەم ناوچە شوێنەوارییە ژوورێکە، کە بە خشتی سووروکراو دروست کراوە و دیوارەکانی بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کراوە و بە خشتی تایبەت ڕازێنراوەتەوە. بە گوتەی سەرچاوەکان، پێدەچێ ئەم ژوورە شوێنێک بێت، کە وەک ناوەندێکی ئیداری ئەو سەردەمە بەکار هاتبێت. نزیکەی 500 پەیکەری ڕازێنراو بە خەتی مێخی لەم گردە دۆزراونەتەوە، کە زۆربەیان بە شێوازێکی تایبەت پێچراون و نەکراونەتەوە.

بێجگە لەمانە، لەم گردە شوێنەوارییە، کۆمەڵێ گۆڕ دۆزراونەتەوە، کە جوانترینیان گۆڕێکە، کە دیوی ژوورەوەی چەند دێڕێک بە خەتی مێخی نووسراوە و ژمارەیەکی تایبەتی تێدایە، کە بەپێی خوێندنەوەی مێژووناس و شوێنەوارناسان، پێدەچی ئەمە گۆڕی کەسایەتیێکی پلە بەرزی وەک کوڕی پاشا بێت، کە ناوی (ئەنلیل عاد)ە. ئەم باڵەخانەیە لە خشتی سووروکراو دروست کراوە و بەشی چوونەژوورەوەی زۆر بە جوانی نەخش کراوە، لەپێش دەرگای گۆڕەکە، لەناو خشتێک، پەیکەری برۆنزیی پیاوێک دانراوە، کە شمشێری بەدەستەوەیە و پێدەچی سیمبولێک بێت بۆ دوورخستنەوەی ڕۆحی ناپاک لە گۆڕەکە. لەناو باڵەخانەکانی ئەم گردەدا سیستەمی ئاوەڕۆ دەبینرێت، کە نیشانەی پێشکەوتوویی و ڕێکوپێکی سیستەمی بیناسازیی ئەو سەردەمەیە. هێشتا کاری کنە و پشکنین لەم ناوچە مێژووییە گرنگە تەواو نەبووە، بەڵام بەدڵنیایی، لەگەڵ بەردەوامبوونی کاری زانستیی هەڵکۆڵین بۆ ئەم گردە، بەشێکی شاراوەی مێژووی ئەم دەڤەرە (کوردستانی گەورە و بەتایبەت کوردستانی ڕۆژئاوا) دەدۆزرێتەوە.

ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسکورد - 2022-09-06
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 388

گردی تلێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023052513033549351 9

گردی شوێنەواری تلێ، یەکێک لە گردە مێژوویيە کۆنەکانی باشووری کوردستانە کە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە نێوان شارەدێی سەروچاوە و حاجیاوا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین. ئەم گردە چەند ساڵێک لەلایەن تیمێکی زانکۆی ئەڵتای هەنگاری بە هاوکاری و هاوئاهەنگی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەرین، کاری کنەو پشکنینی شوێنەواری تێدا ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا (2023) کۆمەڵێ پاشماوەی گرنگی شوێنەواریيان دەستکەوتووە کە بووە هۆی تارادەیەک دیاری کردنی تەمەن و سەردەمی ئەم گردە، بەڵام بۆ دەرکەوتنی مێژووی گردەکە بە تەواوەتی و هەروەها کۆکردنەوەی زیاتری شوێنەوارە بەجێماوە لەم شوێنە دەبێ لە کاری هەڵکۆلینی شوێنەواری بەردەوام بن.

کەلوپەلە دۆزراوەکان

لە کەلوپەلە دۆزراوەکانی ئەم گردە دەتوانین ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر پارچە گڵینەی سەردەمە جیاوازەکان و مت و مورو و کەرەستەی ژیان وەک چەقۆی بەردین و ..هتد بکەین، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و بایەخە لەم گردە کۆمەڵێک پاشماوەی بیناسازی دۆزراوەتەوە وەک دیوار و بناغەی خانوو کە بە بەرد درووست کراوەن و لە ڕووی پانی و ئەستووری گرنگ و بەهێزن، و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خانووەکانی ئەم گونده مێژوویيە لە ڕووی پێکهاتەوە پەیت و قایم بوونە و دەکرێ هۆکاری ڕوخانی و وێرانی گوندەکە هۆکارێکی زۆر بەهێزی سرووشتی یان مرۆڤی بێت کە توانیوەیەتی ئەم دیوارانە تێک بشکێنێت. بێجگە لە دیواری خانووەکانی ئەم گونده، کۆمەڵێ گۆزە بە نیوە ساخی دۆزراونەتەوە کە دیارە بە مەبەستی هەڵگرتنی دانەوێلە و خواردن بووە کە وەک مەخزەنێک بەکار هاتووە. لەم گونده گورەی ئاگر دۆزراوەتەوە کە دیارە بۆ ئامادەکردنی نان و لێنانی خواردن ئەم کوڕانەیان درووست کردووە.

مێژووی گردەکە

مێژووی ئەم گردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ (8500 ساڵ پ-ز) تا سەردەمی ئیسلامی.

هەڵکەوتەی جۆگرافیایی گردەکە دەکەوێتە ناو زەوی و زاری کشتوکاڵی خەڵک و ئەمە دەکرێت مەترسییەکای گەورە بێت بۆ لەناوچوون و تێکدانی ئەم گردە شوێنەواریيە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 389

گردی جوپانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230610232245497610

گردی جوپانی لە سنووری پارێزگای دهۆک دەکەوێتە شارۆچکەی سمێل، سەر کەناری ڕووباری دیجلە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 390

گردی چەڵتوک

20220903095059431757=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی چەڵتوک

گردێکە دەکەوێتە شارەدێی (کەندێناوە-دیبەگە) لە خوارووی گوندی (چەڵتوک) بە گوندەکەوە نوساوە، گردێکی بەرزە و تەواوی ناوچەی کەندێناوەی لێ دیارە، پاشماوەی دیواری یەک مەتر پانی لێ دەبینرێت، پڕە لە گۆزە و جەڕەی شکاو و تاسلولقە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە، زانیاری فەرمی لەسەر بڵاونەکراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (114) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 391

گردی حەلەف شوێنی لەدایکبوونی مۆنالیزای شوێنەواریی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=4202208221309334296 44

گردی حەلەف، ناوچەیەکی شوێنەواریی گرنگە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بە دووری سێ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای سەرێکانی و نزیک ڕووباری خابوورە (زێی خابوور گەورەترین لقی ڕووباری فوراتە).
گردی حەلەف، ناوە نوێیەکەی ناوچەیەکی شوێنەواریە کە نزیکەی هەزار ساڵ پێش زایین ناوی گوزانا بووە. ئەم گردە، شارێکی شوێنەواریی گرنگە لە مێژووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار و چاخی بەردینی نوێ و شارستانییەتی تایبەت بە حەلەف.
گرنگیی ئەم گردە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دۆزینەوەی ئەم گردە و کۆمەڵێ پارچە گڵینەی بێ وێنە (تا ئەو کاتە)، دەبێتە سەرەتای ناونانی دۆزراوە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی نوێ و کانزا، بە ناوی ئەم گردە، واتا حەلەف.
مێژووی گردی حەلەف بۆ نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، چەندین سەردەمی مێژووییی گرنگی بە خۆیەوە بینیوە، وەک سەردەمەکانی: هیتی، ئارامی، ئاشووری، ئەشکانی و هلینستی.
لە شوێنەوارە گرنگە دۆزراوەکانی ئەم گردە، دەکرێ ئاماژە بە هەبوونی چەندین جۆر پارچەی گڵینە بکەین، گرنگترینیشیان بریتییە لە پارچە گڵینەی ڕووپۆشکراو و نەخشێنراو بە نەخشی ئەندازەیی و ئاژەڵی. ئەم پارچە گڵینانە بە نیسبەت سەردەمە مێژووییەکەیان وەک پێشکەوتنێکی گەورە وایە لە بواری گڵینەسازی و کەرستەی قورین، کە بە گڵینەی حەلەفی بەناوبانگە.
دۆزینەوەی چەندین پەیکەری بەردینی گەورە، هەروەها چەند پارچە تابلۆی بەردینی کە نەخشی تایبەتی ئەفسانەیی و ئایینی لە سەریان دروستکراوە، پاشماوەی باڵەخانەکان، کە گومەزی خڕ و ڕێڕەوی لاکێشەییان هەیە و بە خشتی سووركراو و بەرد (تایبەت بە شوێنە فەرمی و ئایینییەکان) دروست کراون. لە یەکێک لەم باڵەخانانە کۆمەڵێک پەیکەری خواوەندی ئەستێرە دۆزراونەتەوەم کە خواوەندێکی مێیینەیە، پێ دەچێت ئەم خانووە پەرستگەیەکی گەورە و تایبەتی ئەو سەردەمە بووبێت.
لە بەناوبانگترین باڵەخانەکانی گردی حەلەف، کۆشکێکی شاهانەیە بە ناوی (ماڵی هیلانی)، ئەم کۆشکە دیوارەکانی بە وێنەی زۆر سەرنجڕاکێش و جوان ڕازێنراونەتەوە.
سەرەتای دۆزینەوەی ئەم گردە بۆ ساڵی 1899 دەگەڕێتەوە، لەلایەن دیپلۆماتکارێکی ئەڵمانی بە ناوی مەکس فۆن ئوپنهایەم. لەو سەردەمە سوریا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە، تیمێکی ئەڵمانی بە مەبەستی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان ئەم ناوچەیە و شاری بەغدا، سەرقاڵی پشکنینی ناوچەکە بوون، بۆیە ئۆپنهایەم لە ساڵەکانی 1911-1913 بۆ هەڵکۆڵینی ناوچە شوێنەوارییەکە، گەڕایەوە سوریا و زۆربەی دەستکەوت و دۆزراوە شوێنەوارییەکانی ئەم گردەی لەگەڵ خۆی بردە بەرلین و لە مۆزەخانەیەکی تایبەت دایناً.
بەڵام لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە زۆربەی ئەم پارچە شوێنەوارییانە کە زیاتر لە پەیکەری قەبارە گەورە پێکهاتبوون، بە هۆی بۆردومانەوە تێکشکان و لە ناوچوون. یەکێک لەو پەیکەرە گەورانە کە لە بۆردومانەکە دووچاری تێکچوون و شکانی زۆر بوو، پەیکەرێکی گەورەی خانمێکی شێوە جوان، بە قژی ڕازاوەوە بوو، لەسەر کورسی، یان تەختی پاشایەتی دانیشتووە، (بە گوتەی سەرچاوە شوێنەوارییەکانی سوریا، ئۆپنهایەم گرنگییەکی زۆر تایبەتی بەم پەیکەرە داوە)، دواتر ئەم پەیکەرە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ کرا و تیمێکی ئەڵمانی ماوەی هەشت ساڵ سەرقاڵی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی

بوون، تا لە کۆتاییدا توانیان بەشێکی زۆری چاک بکەنەوە. ئەم پەیکەرە کە بە مۆنالیزای سوریا، یان بووکی ئۆپنهایم ناسراوە، لە ئێستادا لە مۆزەخانەی برگمنی بەرلین دانراوە.

لە ساڵی 2006، بۆ جاری دووەم کاری کنەوپشکنینی هاوبەش لە لایەن تیمێکی ئەڵمانی بە سەرپەرشتی لوتز مارتین و تیمی شوێنەوارناسی حەسەکە بە سەرپەرشتی عەبدولمەسیح باگدو بۆ گردی حەلەف کرا.
بە گوتەی شوێنەوارناسەکانی پسپۆر لە چاخی بەردینی نوێ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، کۆمەڵێ پارچە گڵینەی جوان و تایبەت و بێ وێنە لەم گردە دۆزراونەتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ناوی ئەم گردە لەسەر ئەم سەردەمە شارستانییەتە دابنرێت، لەبەر ئەوەشە ئەو ناوچەیەی، یان ئەو پارچە شوێنەوارییانەی مێژوویان بۆ کۆتاییەکانی چاخی بەردینی نوێ و سەرەتای چاخی کانزا بگەڕێتەوە، بە ناوی چاخی حەلەف تۆمار دەکرێن.
لە ئێستادا، گردی حەلەف بە هۆی هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی تورکیا دووچاری زەرەری زۆر بووەتەوە و بەشێک لەم ناوچە شوێنەوارییە ڕووخاوە.
ئامادەکردنی بابەت: سارا سەردار[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەی 17 (1600- 1699)
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسنیوز - 22-08-2022
کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 392

گردی خەتارا

2023061022360549759 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گردە شوێنەواریە کە یەکێکە لە گردە شوێنەواریە گرنگەکانی پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆک لە شارۆچکەی سمێل، نزدیکە لە گوندی خەتارا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 393

گردی خەزنە

2022090621334143252 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



گردی خەزنە

کەوتۆتە ڕۆژئاوای هەولێر، گردێکی شوێنەواری زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە چاخی برونزی، شارێکی ساسانییەکان بووە، پێشتر ئاشووریەکان وەک گردێکی سەربازی بە کاریانهێناوە بۆ پارێزگاری شاری هەولێر، کۆمەڵێ گردی تری شوێنەواری و دیار هەیە لە هەولێر و عەنکاوە وەک گردی ڕە شکین و گرد ئارەق و گردەچاڵ و گردجۆتیار و گردی قەلانچوغان و گرد یلدا و گرد مەسینە و گردە شێر..تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (111) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 394

گردی دۆدغان

20230606165452496623=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی دۆدغان یەکێک لە گردە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 395

گردی زێد (زەید)

2023061022424449759 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی پارێزگای دهۆک لە شارۆچکەی سمێل. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 396

گردی سمێل

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023061400452449851 7

گردی سمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک، لە شارۆچکەی سمێل، یەکێکە لە گردە شوێنەواری و گرنگەکانی باکووری کوردستان کە هاوکات چەندین گردی شوێنەواری تریش لە نزیک ئەم گردە هەیە کە بۆ سەردەمە جیاوازە مێژوویەکان دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 397
گردی شاخی کوورە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230524142409493346

شاخی کوورە یەکێک لە گردە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی دەڤەری گەرمیان لە پارێزگای سلێمانییە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 4 هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. لە ئێستادا تیمی زانکۆی گلاسکۆی بریتانی بە هەماهەنگی و هاوکاری بەشی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان سەرقاڵی کاری کنە و پشکنینی شوێنەوارین بۆ ئەم گردە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (Saleh salim) ڕۆژی 2023-05-24

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-24
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 398
گردی شمشارە

2022072320171242445 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی شمشارە

(7 کم) لە شارۆچکەی ڕانیەوە دوورە، دەرکەوتن و شاردنەوەی ئەم گردە پەیوەستە بە هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاچەی دوکانەوە، لە ساڵی (1957) لەلایەن شوێنەوارناسانی دانیماریکیەوە کنە و پشکنین لەم شوێنەوارەدا کراوە و چەند (تاتەقورێکی مسماریی) لەم شوێنەدا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی ئەگەرێتەوە بۆ نزیکەی (4000) ساڵ لەمەوبەر، پاش دروست بوونی بەنداوی دوکان نەتوانراوە بەڵگەنامەی زۆرتر بدۆزرێتەوە بەهۆی داپۆشینیەوە بە ئاوی دەریاچەکە، وەک هەندێک سەرچاوە مێژووی باسی لێوە دەکەن بە 16 چین چوونە خوارەوە دەست نووسەکان بەرچاو دەکەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەری یارێزگای سلێمانی

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-23
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 399

گردی شوێنەواریی ئال شیوخ لە کۆبانێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220829135525430998

گردی شوێنەواریی ئال شیوخ، لە ناوچە شوێنەوارییە گرنگەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە، ئەم گردە گەورەیە 135 کیلۆمەتر لە شاری حەلەب دوورە و نزیکە لە ناوچەی کۆبانێ.

لە بارەی ناوی ئەم ناوچەیەوە سەرچاوەکان وا ئاماژە دەکەن کە وشەی شێخ نزیکەی 350 ساڵ پێش ئێستا بەکارهاتووە، کاتێک بەشێک لە تایفەی (تای) لە عێراق بەرەو ئەم ناوچەیە ڕۆیشتن، بەرە بەرە لە لایەن خەڵکەوە وەک ناوچەیەک ناسرا و شوێنی نیشتەجێ بوونی شێخەکانە، لەبەر ئەوە ئەم ناوە کەوتە سەر ناوچەکە و دواتر بە هۆی زۆربوونی دانیشتووان، ناوچەکە سەر دوو بەش دابەش بووە، شیوخی سەرەوە (دانیشتووانی بەشی سەرەوەی ڕووباری فورات) و شیوخی خوارەوە (دانیشتووانی بەشی خوارەوەی ڕووباری فورات).

گردی ئال شیوخی سەرەوە

ئەم ناوچە شوێنەوارییە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی ئیتاڵی، بە سەرپەرەشتی وال سونی، کاری کنە و پشکنینی بۆ کراوە و توانیویانە چەند باڵەخانەیەکی شوێنەواری کە بریتین لە کۆشکێک و کڵێسایەک، هەروەها چەندین پارچەی شوێنەواری گرنگ وەک مت و موورو، پارچەی گڵینە، ئێسک و پرووسک، قاپ و قاچاق بدۆزنەوە. لە گرنگترین دەستکەوتەکانی گردی ئال شیوخی سەرەوە، گەرماوێکی سەردەمی ڕۆمە بیزنتییەکانە.

بێجگە لەم گەرماوە، چەندین پارچە تاتە قوڕی بە خەتی بزماری نووسراو و چەند پەیکەرێکی تایبەت کە ئاماژە بە سەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتداری و ژیان لەم ناوچەیە دەکەن، دۆزراوەتەوە کە هەر یەکەوە بۆ سەردەمێکی جیاواز دەگەڕێتەوە.

هەروەها پاشماوەی کۆشکێکی گەورە لە دۆزینەوە گرنگەکانی ئەم بەشەی ناوچەی شوێنەواریی ئال شیوخە. ئەم کۆشکە بە هۆی نەخشە تایبەتەکانی و کەرستە بەکارهاتوو لە بیناسازییەکەی، کە زۆربەی بەردی قەبارە گەورەن لە ڕووی مێژوویی و شوێنەوارییەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە.

گردی ئال شیوخی خوارەوە

ئەم بەشەی ناوچەی شوێنەوارییەکە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی فەرەنسی بە سەرپەرەشتی (لوک باچلۆ) کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری بۆ کراوە. دۆزینەوەی گۆڕ و پەیکەری سەردەمی هێلینستی، هەروەها کۆمەڵێک قاپی گڵینە و خشڵ و دراوی تایبەتی ئەو سەردەمە، ئاماژە بە مێژووی کۆنی ئەم ناوچەیە دەکەن. لە گرنگترین دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی ئەم ناوچەیەش، پاشماوەی کۆشکێکی پاشایەتییە کە لە بەشی باکووری گردەکە، بە چەند پلیکانێکەوە دەگاتە سەر ڕووبارەکە. هەروەها کۆمەڵێ قاپ و گڵێنەی تایبەتی سەردەمە جیاوازەکان لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە کە بە نەخش و نووسینی تایبەت ڕازێنراون، نووسینی بە کار هاتووەی سەر ئەم گڵینانەش بریتین لە خەتی ئەکەددی، ئوگاریتی و بابلی.

بە شێوازێکی گشتی، ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە بە هۆی نزیکی لە ڕووباری فورات، ناوچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت بووە و لە سەرەتاوە خەڵک سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون. ئێستاش پیشەی سەرەکی خەڵکی ئەم ناوچەیە کاری کشتوکاڵییە، وەک بەرهەمهینانی لۆکە، دانەوێڵە، سۆیا و سەوزەوات، کە بە هەر دوو شێوازی ئاودێری و دێمی ئەنجامدەدرێت.

بە گوتەی شوێنەوارناسان و زانایانی بواری مێژوو، لە گرنگییە تایبەتەکانی ئەم ناوچەیە، بەردەوامبوونی ژیانە کە لە چەندین هەزار ساڵ پێش تا ئەمڕۆکەش ژیان تێیدا بەردەوام بووە و خەڵک ناوچەکەیان بە جێ نەهێشتووە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسکورد - 2022-08-29
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-29
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 400
گردی شوێنەواریی گرکەدەشت

20221225093641454023=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: گرکەدەشت
ئامادەکردنی: محەمەد هەسنانی

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران، لە ئیدارەی سۆران بە سەدان ناوچەی شوێنەواری تۆمار کراون، یەکێک لەم شوێنانەش (گرکەدەشت)ە لە دەشتی دیانا، کە تا ئێستا چەندین تیمی شوێنەواریی بیانی و ناوخۆیی پشکنینیان تێیدا کردووە.
عەبدلوەهاب سلێمان، بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران، بە (باسکورد)ی ڕاگەیاند: "گرکەدەشت لە سنووری شارۆچکەی سۆران، بە یەکێک لە گەورەترین گردی دەشتی دیانا دادەنرێت و تایبەتمەندیی زۆری هەیە و شوێنێکی سەرنجڕاکێشە، مێژووەکەی بۆ زیاتر لە حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوورەکەمان.
ئاشکراشی دەکات: تا ئێستا چەند تیمێکی شوێنەواری جیهانی، بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان و زانکۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوخۆیی، کاری کنین و پشکنینیان لەو گردەدا کردووە و چەندین چینی شوێنەوارییان دەرخستووە و گڵێنە و ئامارازی بەردینەی جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە و کارکردنیش لەم گردە شوێنەوارییە بەردەوامە."
زێبار عەزیز، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی زانکۆی سۆران، بۆ (باسکورد) ئاماژەی بەوە کرد: جگە لە خوێندنی ناو پۆلەکان، لەلایەن مامۆستا و سەرۆک بەشەکانەوە گەشتی زانستی بە قوتابییانی زانکۆ ڕێک دەخرێت، بۆ مەبەستی زیاتر ئاشنابوونی قوتابییان بە شوێنەوارە مێژوویەکان، قوتابییانی بەشی مێژووی فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران، بە سەرپەرشتیی د. عومەر ئەحمەد مەحموود و م. سەڵاحەدین باقی حسێن، لە وانەیەکی پراکتیکیدا، سەردانی پێگەی گرکەدەشتی شوێنەوارییان کرد لە دەشتی دێڵزیان لە سنووری شارەدێی دیانا.
ئەوەشی خستەڕوو: دوای گەیشتنی قوتابییان بە شوێنەکە، لە لایەن تیمێکی شوێنەواریی زانکۆی کیلی ئەڵمانی و بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران پێشوازییان لێ کرا، کە لە شوێنەکەدا سەرقاڵی کاری پشکنین بوون لەو گردە شوێنەوارییە، لەم سەردانەدا پوختەی کاری کنە و پشکنینی شوێنەوارەکە لە وەرزەکانی ڕابردوو و ئێستایان بۆ قوتابییان خستە ڕوو.
زێبار عەزیز، ئاماژەی بەوەشکرد: لەئەنجامدا قوتابییان بە چەندین پرسیار و شیکاری بەشداریی گفتوگۆیەکی زانستییان لەگەڵ تیمەکەدا کرد. تیمەکە توانیویەتی پاشماوەکانی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ و چاخی بەردینی کانزایی و سەردەمی ساسانی و ئیسلامی لە گردەکە بدۆزێتەوە. ئاشکراشی دەکات: جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە کاری تیمەکە بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی سۆراندا دەکرێت."
د. دڵشاد باڵەکی، نووسەر و لێکۆڵەر، لە لاپەڕە (120) پەرتووکی هۆزی باڵەکی لە سەدەی چواردەمی زایینییەوە تاکو سەدەی بیستەم، لەبارەی گرکەدەشت نووسیویەتی: وەک باسی لێوە دەکرێت، لە سەردەمی میر محەمەدی میرنشینی سۆران، بەهۆی ستراتیژیەتی شوێنەکە، بنکەیەکی سەربازی لە گرکەدەشت بووە، گردەکە دوو ڕێگای بەسەرەوە بووە، چونکە هەمووی شوورە

بووە، ڕێگایەک لە ڕۆژهەڵاتی گردەکە و ئەوەی دیکەش لە ڕۆژاوا، بەهاران لەک اتی چوونی ڕەوەند و کۆچەریان بۆ کوێستانەکان، هەروەها لەک اتی گەڕانەوەشیان، بەپێی ژمارەی ئاژەڵەکان بڕە پارەیەکیان لە خاوەنەکانیان وەرگرتووە.“[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار

جۆری شوێن / شوێنەوار: شەقام

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2022-12-24 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 401

گردی عەوێنە

20081216233042806=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گردە وەک شار بووە هەروەک لە نووسینە مسماریەکاندا نیشانەی پێکراوە، ئەم گردە بەپێی بەڵگەنامە سەرەتاییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیەوە تا سەردەمی عەباسیەکان واتە بۆ ماوەی زیاتر لە سی هەزار ساڵ ژیانی تێدا بووە.
ئەم گرد یەکێکە لە شارە کۆنەکانی نێوان نەینەوا و هەولێر و ئاشوور و بە گەورەترین گردی شوێنەواری دەشتی هەولێر دادەنرێت لە دوای گردی قەڵای هەولێر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2008

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 402

گردی فرنی سولین (فرنا سولینا)

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230610225613497599

یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی پارێزگای دهۆک و چیرۆکی دۆزینەوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جووتیارێک لە کاتی کار کردن لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکەی چەند پارچە گۆزەیەکی کۆن دەبینێت و پاش ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری دهۆک، دەست دەکرێت بە تۆمارکردنی ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی شوێنەواری. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-06-10
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 403

گردی قالینج ئاغا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20210521223944394200



گردی قالینج ئاغا

ناوی ئەم گردە لە (قالە انجە) هاتووە واتە قەڵای گچکە بە بەراوردی لەگەڵ قەڵای هەولێر، شوێنەکەشی دەکەوێتە دووری (١کم) لە خوارووی قەڵای هەولێر ، دەکەوێتە نزیک سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر .
ڕووبەرەکەی (30.000 م2) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1966ز) پشکنینی تێدا ئەنجام دراوەو بەهۆی ئەو کەلوپەلانەی کە دۆزراونەتەوە توانراوە بزانرێت کە گردی (قالینج اغا) لە چەند سەردەمێکی بە دوای یەکدا هاتووە. لە هەزارەی (پێنجەم و چوارەمی پ.ز) مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە کە ئەمەش سەردەمی (حلف, عبید. ورکا) دەگرێتەوە.
گردی قالینج ئاغا یەکێکە لە کۆنترین شوێنە مێژوییەکانی باشووری کوردستان لە شاری هەولێر و دەکەوێتە باشووری قەڵای ئەو شارە. گردەکە لە سێ قۆناغدا لەنێوان ساڵانی 1966 بۆ 1970 هەڵکۆڵینی بۆ کراوە. لە ئەنجامی ئەو هەڵکۆڵینانەدا، کۆمەڵێک شوێنەوار دۆزراونەتەوە کە گوزارشت لە مێژوو و ژیانی ئەوکاتی دانیشتووانی ناوچەکە دەکەن.
یەکێک لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی گردی قالینج ئاغا، کۆمەڵە گورێک کە وەک گۆزە درووست کراون و بۆ ناشتنی تەرم بەکار هاتوون. 49 گۆڕ لەو گردەدا دۆزراونەتەوە و شوێنەوارناسان بەسەر سێ چیندا دابەشیان کردووە. چینی یەکەمی 13 گۆڕ، چینی دووەم 32 گۆڕ و چینی سێیەمیش چوار گۆڕ بووە.
لەناو هەندێک لەم گۆڕانەدا، گۆڕی بچووک بە درێژایی 90 بە 65 سانتیمەتر دۆزراوەتەوە و شوێنەوارناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەنێو ئەو گۆڕانەدا منداڵی لەنێوان تەمەنی دوو بۆ پێنج ساڵ، نێژراون.
ڕەنگی ئەو گۆڕانە، زەرد، سەوز و قاوەییە و ڕەنگی قورەکەیش، بۆرێکی کراوەیە. 34 گۆڕ لە 49 گۆڕە دۆزراوەکەی گردی قالینج ئاغا بەو شێوەیەن و کای وردیان لەگەڵ قوڕی ڕەش تێکەڵ کردووە و سووتاندنەکانیشیان لەژێر پلەی گەرمای بەرز نەبووە.
زۆربەی ئەو گۆڕانە ڕوویان بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات یان باشووری ڕۆژاوایە.
شوێنەوارناسان دووپاتی دەکەنەوە کە مێژووی ئەو گۆڕانە بۆ پێنج هەزار یان پێنج هەزار و 500 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
تەرمی ئەو منداڵانە بە شێوەیەک لەنێو گۆڕە گۆزەییەکاندا دانراون کە بە تەواوی هاوشێوەی دۆخی کۆرپەڵەیە لەنێو منداڵدانی دایکیاندا، ئەوەیش شوێنەوارناسانی تووشی سەرسوڕمان کردووە.
بەڕێوەبەری مۆزەخانەی هەولێر دەڵێ، لە سەرچاوەکان دەردەکەوێ کە لەو سەردەمەدا زانستی پزیشکی زۆر پێشکەوتوو بووە، ئەویش لە شێوازی درووستکردنی ئەو گۆڕانە و هەروەها شێوازی ناشتنی تەرمەکان دیارە، چونکە منداڵەکان وەک چۆن لە منداڵدانی دایکدان، بەو شێوەیە نێژراون.
بەڕێوەبەری مۆزەخانەی هەولێر، پێی وایە لەو سەردەمەدا ئافرەت زۆر پیرۆز بووە و پلەی تایبەتی لەنێو کۆمەڵگەدا هەبووە، تەنانەت لە هەندێ ناوچەدا سەرۆک هۆز یان بڕیاردەرێکی گەورە بووە، بۆیە شێوازی گۆڕی منداڵان لە ئافرەت بەستراوەتەوە.

لەنێو ئەو گۆڕانەدا هەندێک کەلوپەل دۆزراونەتەوە وەک موورو، زیو، زێڕ و خشڵی کۆن کە ئەمانە وەک بابەتی جوانکاری لەگەڵ مردووەکە نێژراون و شوێنەوارناسان پێیان وایە، ئەوانە هیچ پێوەندییەکیان بە مەراسیمی ئایینییەوە نەبووە.
بەشێک لە شوێنەوارناسان پێیان وایە مرۆڤی ئەوکات، باوەڕی بە زیندووبوونەوە هەبووە، بۆیە کەلوپەلی لەنێو گۆڕێک ناوە کە لە شێوەی منداڵدانی ئافرەتە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

تۆپۆگرافی: گردۆڵگەیی
جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (یارێزگای هەولێر - محافظة أربيل) ڕۆژی 31-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 21-05-2021
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 404

گردی قەسروک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230618124214499642

گردی قەسروک لە گردە شوێنەوارییەکانی سنووری پارێزگای دهۆکە کە دەکەوێتە شارەدێی بەردەرەش لە شارۆچکەی ئاکرێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-18

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 405

گردی قەسرە

2022090621130743252 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی قەسرە
دەکەوێتە ناو شاری عەنکاوە، بەرانبەر بە کەنیسەی مارگۆرگیس، ڕووبەرەکەی 1250 مەتر دووجایە لەشێوەی بازنەیە و تیرەکەی 40 مەتر دەبێت و 5 مەتر لە دەور و بەرەکەی بەرزترە، لەساڵی1945 وەک شوێنەوار دۆزراوەتەوە، تا ساڵی 1960 خەڵک وەک گۆڕستان بەکاریان دەهێنا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: هەزارەی 01ی پێش زایین

شار و شارۆچکەکان: عەنکاوە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (110) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 406
گردی قەسرە (تل قصرا)

20230406092010479872=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: گردی قەسرە لە عەنکاوە

گردی قەسرە یان تل قەسرە، یەکێکە لەو گردە شوێنەوارییە گەورەکان کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای قەڵای هەولێر، لە شارۆچکەی (عەنکاوە) ، کە نزیکەی 4 کم لە پارێزگای هەولێرەوە دوورە.
ئەم گردە شوێنەوارییەکە دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژاوای عەنکاوە و لە ڕۆژهەڵاتی کڵێسای مارکۆرگیس، ڕووبەری ئێستای (واتا دوای دەستدرێژیکردنە سەری لەلایەن خەڵکی گەڕەک بە مەبەستی درووستکردنی خانوو و یەکەی نیشتەجێ بوون) ، نزیکەی 1250 مەتر چوارگۆشەیە بە شێوەیەکی بازنەیی، تیرەکەی نزیکەی 40 مەتر دەبێت، و لە ناوچەی تەنیشتەوە بەرز دەبێتەوە بە... نزیکەی 5 مەتر، لەگەڵ لێوارەکانی بە شێوەیەکی بەرز.
سەبارەت بە دەستدرێژی و زیادەڕۆییەکانی سەر ئەم گردە دەبێ بڵێین: گردەکە وەک گۆڕستانێک بۆ ناشتنی مردووەکان تا ساڵی 1960 ز بەکارهاتووە، هەروەها بە مەبەستی درووستکردنی شەقام و کڵێسا و خانوو لە نزیک ئەم شوێنە مێژووییە، بەشێکی زۆری بەشی دامینەکانی گردەکە نەماوە جگە لە ناوچەیەکی بچووکی پەرژین کراو بە دیوارێکی کوورتی بەردین.
لە 1945/18/9 پشکنینی شوێنەواری لەسەر گردەکە ئەنجامدراوە و بە پێی زانیارییەکان گردەکە لە دوو گردی تەنیشت یەکتر پێکهاتبوو، هەروەها کڵێساکەی ئێستا لەسەر بەشێک لە گردەکە درووستکراوە، بەڵام ئێستا هیچ شوێنەواری گردەکەی تر دیار نییە و پێدەچی بە تەواوەتی تەخت کرا بێت.

هەڵکۆڵینەکان لە تەل قەسرە
لە ماوەی ساڵانی 2004-تا-2008، زانکۆی سەڵاحەدین- بەشی شوێنەوار کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری لەسەر ئەم گردە ئەنجامداوە. گرنگترین دۆزراوە شوێنەوارییەکانی ئەم گردە بریتین لە فرنێک کە تیرەکەی 90 سم و بەرزی بەشەکەی کە دەمێنێتەوە 25 سم، هەروەها پاشماوەی دوو کۆگای گڵین بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە، کە لە ئێسکەوە دوراون و سپۆلێکی عاج بە درێژییەکەی لە 13 سم، پاشماوەی سێ دامەزراوەی بیناسازی کە کەناڵێک (ڕێرەو) بۆ ئاوی قوورس لەژێر بناغە و نهۆمەکانیاندا دۆزرایەوە. بێجگە لەمانە گردی قەسرە شوێنێک بووە کە چەندین پارچە شوێنەواری گڵینە و بەردین تێیدا دۆزراوەتەوە، بەرزی دیوارەکان و هەبوونی حەوشە بۆ ماڵەکان و درووست کردنی کۆگا بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە و خوراکە وشکەکان بۆ زستان نیشانەی پیسکەوتن و بیرفراوانی خەڵکی ئەو سەردەم و ئەو گردەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

سەدە: چاخی بەردینی نوێ

شار و شارۆچکەکان: عەنکاوە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-06

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 407

گردی گومل

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023061400265749850 1

گردی گومل یەکێکە لە گردە مێژوویی و شوینەوارییەکانی سنووری پارێزگای دهۆک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 408

گردی گوندی بەکراوا لە هەڵەبجە وەک کۆنترین شاری میزۆپۆتامیا دەستنیشان کرا

2015091502211912675 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاش شەش ساڵ لە پشکنین‌و کارکردن لە گردی بەکراوا لە پارێزگای هەڵەبجە لەلایەن تیمێکی ئەڵمانیەوە، دەرکەوت گردەکە، شارێکی دێرین بوەو مێژوەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوەو یەکەمین شاریش بوە لە مێژووی میزۆپۆتامیا کە بنیات نراوە.
سەرۆکی تیمی زانکۆی هایدن بێرگی ئەڵمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە پارێزگای هەڵەبجە، ڕایگەیاند: پاش شەش ساڵ پشکنین لە گردی بەکراوا، بۆیان دەرکەوتوە گردەکە شاربوەو مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئیستاو یەکەمین شاریشە لە مێژوی میزۆپۆتامیا کە بنیات نرابێت.
وتیشی: لەماوەی کارکردنیدا لە بەکراوا، شوێنەواری زۆریان دوزیوەتەوەو 600 پارچەشیان داوە بە مۆزەخانەکان و کۆنترین پارچە شوێنەواریش مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 5 هەزار ساڵ پێش ئێستا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-15

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 409
گردی گۆدین، گۆدین تەپە
20230503093718487263=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: گردی گۆدین، گۆدین تەپە

تەپۆلکەی گۆدین شوێنەوارێکی زۆر پڕبایەخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دەکەوێتە دۆڵی کەنگەوەری ڕۆژاوای شاری کرماشان. لە نیوەی ڕێگای نێوان کرماشان و هەمەداندایە. ئەوەی ماوە نزیکەی 15 هەزار مەتر دووجایە. ڕووبارەکەی تەنیشتی لەنێوان ساڵانی 750 بۆ 1400 بەر لەزایین، بە تەواوی لای باکووری دارماندووە و بەرەبەرە دایخوراندووە. 32 مەتر لە دەورەی خۆی بەرزترە. لە ساڵی 1961 لەلایەن زانکۆی پەنسلڤینیاوە دۆزراوەتەوە و لەنێوان 1965 تا 1973 لەلایەن تیمێکی مۆزەخانەی شاهانەی ئۆنتاریۆی کەنەداوە، کنە و پشکنینی بۆ کراوە.
ڕەنگە بایەخی ئەو شوێنە لەبەرئەوە زۆر بووە چونکە لەسەر سنووری تۆڕی بازرگانیی میسۆپۆتامیا بووە، ئەو کاتە لە ئەفگانستانەوە بەردی لازورد بۆ میسۆپتامیا دەهات. شوێنەوارەکە لە ساڵی 5200ی بەر لە زایین ئاوەدان بووە، ئەوە لە چینی شەش بۆ هەشت دەسەلمێندرێ. بە گشتیی چینی دووەم (ساڵی 500 بەر لە زایین) تا چینی پێنجەم (ساڵی 3200 تا 3000 بەر لەزایین) بایەخی زۆریان پێدرا.

لە گردی گۆدین 11 کەلتووری جیاواز دەستنیشان کراوە. چینەکانی 7 تا 11 تەنیا دوو چاڵی تاقیکردنەوەیان هەبووە، چونکە توێژینەوە لەو سەردەمە لە گردی (سە گابی-نێوە کوردییەکەیم نەدۆزییەوە) نزیک گۆدین تەپە کرا، بۆیە لە گۆدین دووبارە نەکرایەوە. گڵسازیی تەپۆلکەی گۆدین سەر بە کەلتووری گڵسازیی حەلەفە. هەیەتی کاریگەریی کەلتووری دەڵمای بەسەرەوە هەیە و تەواو لەو بابەتانە دەچێ لە ناوچەی دەریاچەی وەرێ دۆزراونەتەوە. چینی هەشتی گۆدین، لەگەڵ کەلتووری گڵسازیی عوبەید، یەکدەگرێتەوە. چینی شەش و حەوت، لە هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین هەبوون. ئەوکاتە بنچینەکانی شارستانییەتی مرۆڤی ئێستە دادەکوترا، سەرۆک وپاشایەکان دەسەڵاتی فەرمان دەرکردنیان هەبوو، باج داندرا، چینەکانی کۆمەڵگە دەرکەوتن، خەسڵەتەکانی ئابووریی تاک، دەرکەوتن، نووسین داهێندرا، سەرەتای سوپا پێکهێنان بوو و ژیانی شار هاتە ئارا.
لە خانووی ژمارە 18دا، گۆزەیەکی شکاو دۆزرایەوە. تا ساڵی 1991 نەدەزانرا ئەو گۆزەیە بۆچی بەکارهاتووە. بەڵام لەو ساڵەدا شوێنەواری ترشبوونی جۆ و ئایۆنی ئەکسالاتی کالسیۆم لەسەر دیواری ناوەوەی پارچەکانی ئەو گۆزەیە دۆزرایەوە. ئەوە بەڵگەیە ئەو گۆزەیە جۆی تێدابووە و ترشێنراوە. لەهەمان ژووردا دەنکە جۆی سووتاو دۆزرایەوە دیارە پاشماوەی ئامادەکردنی جۆیە بەرلەوەی هەڵگیرێ. تەمەنی ئەو دەنکە جۆ و گۆزەیە بۆ نێوان 3500 تا 3100 ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. ئەوە یەکەم جار بووە لە شوێنەوارێکدا بەڵگەی کحول بدۆزرێتەوە.
لە هەمان ژووردا، نزیکەی 2000 بەردی شێوە گۆ دۆزرانەوە، هیچ گومان نییە ئەوانە بۆ ژماردن درووستکراون و بەکارهاتوون. لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا سوودیان لێ وەرگیراوە. پێوەندی نێوان ئەوانەی لەو شوێنە ژیاون لەگەڵ نیشتەجێیەکانی

دۆڵی کەنگەوەڕ توێژینەوە و گەڕانی زۆرتری دەوێ.
چینی 5 نزیکەی 500 مەتر دووجا ڕووبەری بووە. چەند پێکهاتە و خانوو و هۆڵ دەستنیشانکران. هەموویان بە دیوارێکی بەرزی شێوە هێلکەیی دەورەدرابوون، دیارە ئەوە وەکوو شوورە بۆ خۆپاراستن بووە. گڵسازیی چینی پێنجەم هاوتەریبی ئوروک 4 و ئەکرۆپۆلی ژمارە 17ی شاری سوسەیە. خانوویەکی شێوە هێلکەیی لە ناوەڕاستی تەپۆلکەکە هەبووە، باوەڕ وایە سۆمەری یان ئیلامیی تێدا ژیابێ و بە خانووی دیکە دەورەدراوە و کەلتووری دانیشتووانی زاگرۆسیان تێدا بەجێماوە.

هەرچی چینی چواریشە، ڕووبەرەکەی سەروو 500 مەتر دووجا بووە. کاریگەریی کەلتووری ڕۆژاوای زاگرۆس و قەوقازی سەردەمی چاخی برۆنزی 1 ی بەسەرەوە دیارە. باشترین پاشماوەی ئەو سەردەمە لە شوێنەواری تازەکەند (فارس کردوویانە بە یانیغ تەپە و ئازاریش بە یانیک تەپە- لە جیهاندا هەر بە ناوە ئازاربیەکەی بەناوبانگە) دۆزراوەتەوە. لەو چینەدا خانووی گوند، شوێنی کراوە بۆ هەندێ مەراسیم هەبووە، لە گۆدین دەرکەوتووە. هەر لەوکاتەیش، پیشەسازیی کانزا دەرکەوتووە. وا دیارە داگیرکاریی کەلتووری باکوور وایکردبێ خانووە هێلکەییەکە چۆڵ کرابێ، چونکە ئەو ڕێگەیەی بازرگانییکردنی لەنێوان میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتدا بڕیوە.

چینی سێیەمی گردەکە سەروو 700 مەتر ڕووبەری بووە. 11 مەتر ئەستوورە و بەردەوامیی هەبووە، هەمووی بۆ سەردەمی برۆنز دەگەڕێتەوە. ئەو چینە بۆ 6 چینی لاوەکی دابەشکرا. هەرنەبێ خانووەکانی یەکێک لەو چینە لاوەکییانە بە بوومەلەرزە داڕماون. پێوەندی توندی لەگەڵ کەلتووری سوسە Dو بانش مەلایان هەبووە. لەبەرئەوەی پێوەندی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی لادێ و نیشتەجێیەکانی لوڕستاندا هەبووە، دیارە گۆدین لەژێر دەسەڵاتی ئیلامییەکان بووە. ئەو کاتە گۆدین گەورەترین نیشتەجێی ئەو دۆڵە بووە. لەبەرئەوەی سەنتەری درووستکردنی گڵسازیی هەبووە و گۆشت لەلایەن دوکانێکی گۆشتفرۆش فرۆشراوە، ڕەنگە وەکوو شار چاوی لێکرابێ، ئەو سەردەمە دەکەوێتە نێوان ساڵانی 2600 تا 1500 پێش زایین. لە دوای 1500 یان 1400 بەر لە زایین، گۆدین جۆڵ کراوە و تا ساڵی 750 پێش زایین، ئاوەدان نەبووە.
لە سەردەمی مادەکاندا یەک قەڵا بووە، نزیکەی 133 مەتر بە 55 مەتر بووە. شوورەیەکی بەهێزی لە دەور هەبووە و سەردارێکی مادەکانی لێبووە. ئەو کاتە قەڵایەکە سێ ژووری هەبووە. هەر ژوورێک تاقی لە سێ دیواریدا هەبووە، و تەختی شاهانەی لە لای چوارەمیدا هەبووە. گەورەترینیان 30 پایەی تێدا بووە. 5 ڕیز بوون هەر ڕیزێک 6 پایە بووە. ئەو کۆشکە لەوانەی شارستانییەتەکانی فارس لەسەردەمی چاخی ئاسن دەچن. هەمان شێوەی لە حەسەنلو دۆزراوەتەوە. دانیشتووانی ئەو قەڵایە لە کاتێکی نەزاندراودا چۆڵیان کردووە. دواتر لە نزیکەی ساڵی 500 بەر لە زایین، ئەخمیەنییەکانی لێبووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژوو بۆ کورد) ڕۆژی 2023-05-03
کاتی تۆمارکردن: 2023-05-03
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 410
گردی لەیلان

20240207072328550667=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی لەیلان، یان گردی شێخنا، یاخود گردی شێبت ئێنلیل، لە گردە شوێنەوارییە گرنگەکانی ڕۆژاوای کوردستانە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی خابوور، نزیک دۆڵی سێرای دوورگەی سەرەوە. ئەم گردە بە دووری 28 کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری قامیشلۆ و 82 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هاسێک هەڵکەوتووە.

ئەم شارە شوێنەوارییە بە چەندین ناو ناسراوە، کاتێک پایتەختی وڵاتی (ئەبووم) بووە ناوەکەی شێخنا بووە و بەڵگە بۆ ئەمەش لەو تابلێت و بەردەنووسراوانەی کە لە ئەرشیفی ماری (تەل ئەلحەریر) و ئەو لەوحە میسرییانەی لە گردی لەیلان دۆزراونەتەوە، وای پێ گوتراوە. لە سەدەی نۆزدەیەمی پێش زایین ئەم شارە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە داگیرکراوە و ناوەکەی شێبیت ئێنلیل (شوێنی نیشتەجێبوونی خوداوەندی ئێنلیل) بووە. دوای کۆچی دوایی شا شەمشی ئادەد، ناوی پێشووی (شێخنا) گۆڕرا و بووەوە بە گردی لەیلان، کە یەکێکە لە گەورەترین گردەکانی ناوچەکە و یەکێکە لە کۆنترین گوند و شوێنە نیشتەجێبوونەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم گردە مێژوویە یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونە لەم دەڤەرە و مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەروەها گردی لەیلان لە هەزارەی دووەم و سێیەمی پێش زایین یەکێک بووە لە گرنگترین شارەکانی باکووری میزۆپۆتامیا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەم شوێنە لەسەر ڕێڕەوێکی بازرگانییە و ناوچەکانی باکووری دەریای ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا و شاری (خاتی) بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم گردە لە دوو بەش (ڕووبەر) پێکدێت: ڕووبەری سەرەوە کە پێی دەوترێت ئەکرۆپۆلیس و کۆنترین ناوچەیە، هەروا ڕووبەری خوارەوەش کە دەوری بەشی سەرەوەی داوە، پێی دەوترێت شارۆچکەی خوارەوە، کۆی ڕووبەری گردەکە 90 هێکتارە.

ئەم ناوچەیە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی دانیشتووانی بەخۆیەوە بینی، بۆیە ئەو گونده بچووکە بە قەبارەی شارێک بوو تا ڕووبەرەکەی گەیشتە 90 هێکتار. لەو سەردەمە ئەم شارە لە ڕووی ڕێکخستنی سیاسی و ئابوورییەوە گەشەی کرد و بوو بە یەکێک لە ناوەندە گرنگ و ستراتیژییەکانی ناوچەی خابوور، کە لەو سەردەمەدا شارەکە ناوی شێخنا بوو.

لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی زایینیدا شێخنا وەک هەموو ناوچەکانی خابوور بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی هوری و میتانی و شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ بووە. لە زۆر شوێنی جیاوازی شاری نزمی گرەوە، گۆڕی میر و سەرکردەکانی میتانی هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی باس کراو.

کەلوپەل و شوێنەوارەکانی ئەم گردە ئاماژە بە سەلیقەی هونەری و دەسترەنگینی خەڵکی ئەم سەردەمە دەکەن، کە لە ڕووی هونەر و دیزاینەوە چەند پێشکەوتوو و دەسترەنگین بوونە.

ئەم گردەش هەروەک شوێنەوارەکانی تری ئەم ناوچەیە بووەتە قوربانی شەڕ و ئاژاوە یەک لە دوای یەکەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی سووریا، کە بەداخەوە یەکێک بوو لەو شوێنەوارانەی دوچاری ڕووخاندن و تێکدان بووەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-02-06 -baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-02-07
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 411

گردی مامۆستایان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230522171418492676

گردی مامۆستایان، یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی شاری هەولێر .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-22

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 412

گردی مۆزان

20230325121323477439=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی مۆزان لە ڕۆژئاوای کوردستان، پایتەختی شارستانییەتی هووری
گردی مۆزان، هەمان شاری دێرینی ئۆرکێشە کە ئێستا لە نزیک شاری عامودێ لە ڕۆژاوای کوردستان هەڵکەوتووە. هەروەها ئۆرکێش ناوەندی کۆنی هووریيەکانە و گردی مۆزان 3 هەزار ساڵ پێش زایین دروست بووە و دوای ئەوەی گەیشتووەتە پێشکەوتووترین ئاست، 2 هەزار ساڵ پێش زایین لاواز بووە و لە کۆتایی 2 هەزار ساڵیدا لەناوچووە. لە سەرەتای شارستانییەتی هووریيەکان، ئۆرکێش بە ناوەندی سەرەکیی سیاسی و ئایینی ناسرابوو.
درێژیی گردە بەرزەکە نزیکەی 600 مەتر و دەورەکەی نزیکەی 1500 مەترە و گردەکەش 28 مەترس لە ئاستی زەویی دەوروبەرییەوە بەرزە و لە سەردەمی خۆیدا بووەتە گەورەترین شوێنی نیشتەجێبوون لە کوردستانی ڕۆژاوا و هەروەها لە سوریا.
دەشتی خابوور لە ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕۆڵی گەورەی لە گەشەپێدانی ئەو شارە کۆنەدا هەبووە، کشتوکاڵ یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو گەشەسەندنە. ناوچەکە لە ڕابردووشدا وەک ئەمڕۆ ئاوەدان بووە. کشتوکاڵی دێمەکار هەمیشە بەس بوو و پێویستی بە ئاودانی جووتیاران نەبوو کە کێڵگەکانیان ئاودێری بکەن.
لە سایەی ئەو خاکە بەپیتەوە شاری نوێ دۆزرانەوە و ئەم شارانە تەنانەت لە سەرەتای مێژووی شارستانیەتدا گەشەیان کرد. شارە گەورەکانی وەک چوێرا، بیراک، مۆزان و لەیلێن شایەتحاڵی ڕوونی ئەو سەردەمەن. مرۆڤ دەتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێ هۆکاری سەرەکیی گەشەی دەسەڵاتی شارێکی وەک گردی مۆزان شوێنی ئەو شارە بووە. کلیلی بازرگانیی نێوان شاخەکانی ئەنادۆڵ و شاخەکانی دەوڵەمەند بە کانزای مس و شارە گەورەکانی باشوور بوو.
گردی مۆزان شاری دێرینی ئۆرکێشە کە ئێستا لە نزیک شاری عامودێ لە ڕۆژاوای کوردستان هەڵکەوتووە. هەروەها ئۆرکێش ناوەندی کۆنی هووریيەکانە و گردی مۆزان 3 هەزار ساڵ پێش زایین دروست بووە و دوای ئەوەی گەیشتووەتە پێشکەوتووترین ئاست، 2 هەزار ساڵ پێش زایین لاواز بووە و لە کۆتایی 2 هەزار ساڵیدا لەناوچووە. لە سەرەتای شارستانییەتی هووریيەکان، ئۆرکێش بە ناوەندی سەرەکیی سیاسی و ئایینی ناسرابوو.
لە ساڵی 1937 توێژەر ماکس مالۆوان بۆ یەکەمجار لەسەر گردی مۆزان توێژینەوەی کرد. لە ساڵی 1984 توێژینەوەکە لە لایەن ماریلین کێلی بوچیلاتی و جۆرجۆ بوچیلاتی کە بە ڕەچەڵەک ئیتاڵین بەڕێوەچوو. دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، ئەم شوێنەیان دۆزییەوە و گوتیان ئەم شوێنە پایتەختی هووریيەکانە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا چەندین نیشانەی مێژووپی دۆزرایەوە. ئەم شوێنە لە ڕووی شوێنەواری مێژووییەوە زۆر گرینگە.
بەهۆی دۆخی شەڕەوە هەڵکەندنی شوێنەکان وەستا و تا ئێستا زۆر شوێن هەڵنەکەندراون. بە گوتەی شوێنەوارناسان، لە کاتی هەڵکەندن و پشکنینی گردی مۆزان، گەلێک زانیاریی مێژووپی ئاشکرا بووە.

ئەو شوێن و پارچە شوێنەوارییانەی لە گردی مۆزان دۆزراونەتەوە

پەرستگای شێر، کە وەک گۆڕەپانێک وایە لەسەر گردێکی گەورە دروست کراوە کە بەرزییەکەی دەگاتە 27 مەتر لە ئاستی زەویەوە. پەرستگاکە لە ڕێگەی گۆڕەپانێکی فراوانەوە بەرەو کۆشکەکە دەڕوات.
ئەم کۆشکە پێکهاتووە لە دوو بەش و ناوچەیەکی دەرەوە کە لە دەوری بەشە فەرمییەکە هەڵکەوتووە. بەشی یەکەم بەشی نزمە و نوێنەرایەتیی بەشی ناوەوە دەکات. ئەم بەشە بەسەر چوار کەرتدا دابەش بووە؛ چێشتخانە، کۆگای خۆراکی تایبەت بۆ بنەماڵەی فەرمانڕەوا، کەرتی خزمەتگوزارییەکانی پێداویستییەکانی پاشا و کەرتی چوارەم کە هێشتا ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیان دەستنیشان نەکراوە.
بەشی دووەم نزیکەی 2.5 مەتر بەرزترە لە بەشی ناوخۆ، کە پادشا و بنەماڵەکەی لێی دەژیان و لەو بەشەوە حوکمی وڵات دەکرا. هەروەها بیرێک هەیە کە بازنەییە و تاریک و قووڵە. لەم بینایەدا بانگی ڕۆحەکان دەکرا. هەروەها وەک ڕێڕەوێک بەکاردەهێنرا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوداوەندا بن. ئەم بینایە هی کۆشک و پەرستگا بووە.
لە لایەکی ترەوە سەدان مۆر و نەخشی دروستکراو لە گڵ و بەرد دۆزراونەتەوە. ئەم مۆرانە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین کە لە گۆڕەپانی کۆشک و کۆگاکانیدا دۆزراونەتەوە. هەروەها هەندێک نەخشی لەسەر داری گوێز و سندوق تەختە و زەمبیل، چۆنێتیی ژیانی هوورییەکان نیشان دەدەن. ئەم نەخشانە بارودۆخ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان ئاشکرا دەکەن. ئەو مۆرانە ڕۆڵی خوداوەندەکان و هێماکانیان لە کۆشکدا و ڕۆڵی شاژنەکان و ئەرکەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ پەرستگاکەدا نیشان دەدەن.
پەیکەرێکی برۆنزی کە شێرێکی دەم کراوە و خەریکی بازدان لەسەر بەردێک نیشان دەدات کە نووسراوەیەک بە زمانی هووری و بە خەتی بزماری بەم شێوەیە لەسەری نووسراوە: تیش ئەتال پاشای ئۆرکێش پەرستگای نێرگاڵی دروست کرد. خواوەندی ژن لۆبگاها ئەم پەرستگایە دەپارێزێت و ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەناوی بەرن، کۆتاییان نابێ. پەیکەرەکە لە ئێستادا (2023) لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە فەرەنسا پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Farhad Nasir فرهاد ناصر) ڕۆژی 25-03-2023
کاتی تۆمارکردن: 25-03-2023
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 413

گردی نادر

2011050408215857257=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردی نادر
دەکەوێتە گەرەکی (5) ی حەسارۆک (3.6) کیلۆمەتر لە قەڵاتی هەولێری دوورە، ڕووبەری یەک هێکتار دەبێت واتە (10000) مەتر دووجایە، لەگەڵ ئاستی دەور و پشتی (5) مەتر بەرزە، ساڵی(2009) وەک شوێنەوار ناسراوە، لەساڵی 2011 پشکنینی بۆ کراوە، بە گوێرەی ئەو پشکنینانە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (7000) ساڵ پێش ئێستا، کە مرۆڤ تێدا ژیاوە کشتوکاڵیان کردووە و ئاژەڵیان بە خێوکردووە و فڕنیان بەکارهێناوە بۆ گۆزە و جەرە دروستکردن و کەل و پەلی تر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (110) .

کاتی تۆمارکردن: 2011-05-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 414

گردی هەتارە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230614003248498506

ئەم گردە یەکێکە لە گردە شوێنەواری و مێژوویەکانی باکووری کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 415

گردی کورش

2023061108374449770 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە گردە شوێنەواریيەکانی سنووری پارێزگای دهۆکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-11

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 416

گردی کێڤلا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230608131000496943

گردی شوێنەواری کێڤلا یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی پارێزگای دهۆک، نزیکە لە گوندی کێڤلا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی دیرانیا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 417

گردەدەشت

20231016101144526324=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەواری (گردەدەشت) لە سنووری شارۆچکەی ناوەندی سۆران، بە یەکێک لە سایت و شوێنەوارە گرنگەکانی دەڤەرەکە و کوردستان دادەنرێت، تا ئێستا چەندین جار لەلایەن شوێنەوارناسە ناوخۆیی و جیهانییەکان کنە و پشکنینی بۆ کراوە.
تا ئێستا (2023) چەند تیمێکی شوێنەواریی جیهانی، بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران و زانکۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوخۆیی، کاری کنین و پشکنینیان لەو گردەدا کردووە، چەندین چینی شوێنەواریان دەرخستووە و گڵێنە و ئامرازی بەردینەی جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە و کارکردنیش لەم گردە شوێنەوارییە، بە هاوکاریی شوێنەوارناسە جیهانییەکان بەردەوامە.
شوێنەواری (گردەدەشت) ، بە یەکێک لە گەورەترین گردی دەشتی دیانا دادەنرێت، لە سنووری شارۆچکەی ناوەندی سۆران، تایبەتمەندیی زۆری هەیە و شوێنێکی سەرنجڕاکێشە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا- سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 418

گرنگی زیاتر بە شوێنەوارە مێژووبی و کلتوورییەکانی کۆیە دەدرێت

2015061314054085546=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری کۆیە لە سنووری قەزای کۆیە 150 شوێنەواری مێژووبی و 70 خانوو خانی کەلەپوری بوونیان هەیە، ئەگەرچی لە ئێستادا هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ کاری کنە و پشکنینی شوێنەوارە مێژووییەکان و نۆژەنکردنەوەی ئە و خانانە، بەڵام قەیرانی دارایی وەک گرفتێکی سەرەکی ڕێگرە لەبەرە و پێشبردنی کارەکان.
سەرکەوت سۆفی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کۆیە بە خەندانی ڕاگەیاند: کاری زۆر کراوە، بەڵام کارەکان بەبەراورد بە خواستی ئێمە کەمن، ئەگەرچی ئێمە لە ساڵی 2013 دەستمان کردووە بەکاری کنە و پشکنین لە چەند ناوچەیەکی شوێنەواری مێژووی و نۆژەنکردنەوەی قشڵەی کۆیە و چەند خانێکی کەلەپوری ناو شاری کۆیە، بەڵام قەیرانی دارایی لە ئێستادا بۆتە ڕێگرێکی سەرەکی بەردەم کارەکانمان.
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کۆیە ئاماژەی بەوەشکرد کە، لەڕێگەی دوو زانکۆی لاندی و هۆڵندی و زانکۆی بیزکی ئەڵمانی بۆ ماوەی 6 مانگ کاری کنە و پشکنینیان بۆ شوێنەواری مێژووی سەرقەڵا کراوە و ئەنجامی باشی هەبووە کە بەدەیان پارچە ئاسەواری مێژووبی گرنگ دۆزراونەتەوە کە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێنەوە کە تەمەنی ئە و کەلوپەل و گۆزە و دەفرانە تەمەنیان بۆ 3000 تا 4000 ساڵ پێش زایین دەگەڕێنەوە.
دەشڵێت: ئەگەرچی تاکو ئێستا ئێمە بەردەوامین لە کارەکانمان و سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەی چەند خانێکی کەلەپوری ترین سەرای پەیوەندیکردنمان بەڕێکخراوی یونسکۆ هیواخوازین ئە و ڕێکخراوە زیاتر هاوکارمان بێت لە ناساندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کۆیە و نۆژەنکردنەوەی ئە و خانە کەلەپوریانە، جیا لەوەش هیوادارین حکومەتی هەرێم زیاتر هاوکاریمان بکات بۆ بەرە و پێشبرنی کارەکانمان.
قەزای کۆیە لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە بە ناوچەیەکی مێژووی و کەلەپوری ناسراوە لە ئێستاشدا هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ زیاتر گرنگیدان بە ناوچە شوێنەواریە مێژووییەکان و نۆژەنکردنەوەی خانووە کلتوورییەکان لە و ڕووەشەوە هەنگاوی باشی ناوە کاری زۆر بۆ ئە و مەبەستە کراوە.
- 2015-06-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2015-06-13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 419
گری مراز کۆنترین پەرەستگای جیهان
20220823113319429826=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گری مراز، گوبکلی تەپە یان خرابەی هیشک لە شوێنەوارە کۆن و گرنگەکانی کوردە لە پارێزگای ئۆرفای باکووری کوردستان، ئەم شوێنەوارە لەبەر کۆنیی و دۆزراوە سەیر و سەمەرەکانی بە خاڵی سفری مێژوو دادەنرێت.

هەڵکەوتەی جۆگرافیایی ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ناوچەی ئەنادۆلۆ، لە 18 کیلۆمەتری گوندی ئورنجیک-ی شانیل لە ئورفای باکووری کوردستان و لە سنووری سوریا نزیکە.

ئەم شوێنەوارە وەک ناوەندێکی ئایینی و پەرستگا بووە، بە کۆنترین پەرستگای جیهان دادەنرێت، ساڵانە لەگەڵ بەردەوام بوون لە کاری توێژینەوەی زانستی و کنە و پشکنینی شوێنەواری، لە ئاستی جیهانی کاریگەری لەسەر بواری مێژووی ئایینەکان دادەنێت.
پێشتر خەڵکی ناوچەکە ئەم شوێنەوارەیان وەک شوێنێکی پیرۆز بۆ بەدی هاتنی مراز و نزاکانیان ناسیوە و سەردانیان کردووە، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی پەرستگا، یان شوێنی پیرۆزی پێوە دیار بێت، بۆیە دەکرێ بگوترێت مێژووی ئەم ناوچەیە بە شێوازی زارەکی لە باب و باپیرانەوە بۆ نەوەکان گوازراوەتە، هەر لەبەر ئەوەشە خەڵکەکە گرنگیی تایبەتیان بەم ناوچەیە داوە.
پێش ئەم دۆزینەوە گرنگە پێشبینی دەکرا خەڵکی دێرینی ئەم ناوچەیە سەرقاڵی ژیانێکی سەرەتایی بووبن، وەک ڕاو کردن و ژیانی کۆچەریی، بەڵام دوای دۆزینەوەی پاشماوەی کاری کشتوکاڵیی وەک دەنکە گەنم، سەلمێنرا کە خەڵک لەو شوێن و سەردەمە یەکجارنشین بوونە و سەرقاڵی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون.
لەسەر بەردەکانی ناو ئەم پەرستگایە وێنەی کۆمەڵێ ئاژەڵ نەخشێنراوە، لەوانەش دەتوانین ئاماژە بە مانگا، بەرازی کێوی، ڕێوی، مار، مراوی کێوی بکەین، کە لە زۆربەی بەشەکانی و لەسەر چەندین بەرد دەبینرێن.
شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە چەندین ستوون و پەیکەر بە قەبارەی گەورە، سیمبۆلە سروشتی و ئاژەڵییەکان، وێنە و نەخشی سێ ڕەهەندی، ئێسک و پرووسکی ئاژەڵ (کە دیارە بۆ قوربانیکردن کوژراون).
لە سەرنجڕاکێشترین دۆزراوەکانی ئەم پەرستگایە، ستوونەکانن.. ئەوانیش لە ڕووی کێش و قەبارەوە جیاوازن. ستوونەکانی گوبکلی تەپە بە بەرزی شەش مەتر و کێشی 7 بۆ 10 تەن دەبن، زۆر سەرسوڕهێنەرن، بە تایبەتی لە ڕووی داتاشینەوە کە لەگەڵ کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە درووستکردنیان کارێکی ئەستەم و سەختە.
مێژووی ئەم شوێنەوارە بۆ نزیکەی 10 هەزار ساڵ پێش زایین، واتا چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە.
لە کۆنترین شارستانییەتەکانی تۆمارکراو لە مێژوو لە ئاستی جیهانی دەتوانین ئەماژە بە:

- شارستانیەتی سۆمەری، 4000 ساڵ پێش زایین، لە وڵاتی نیوان دوو ڕووبار.

- شارستانیەتی میسر، 3500 ساڵ پێش زایین، لای ڕووباری نیل.

- شارستانیەتی مایا، 2600 ساڵ پێش زایین، لە ئەمریکای باشوور.

- شارستانیەتی هیند، 2500 ساڵ پێش زایین، لای ڕووباری سند.

- شارستانیەتی چین، 1500 ساڵ پێش زایین، لای ڕووباری زەرد.. بکەین کە بە بەراورد لەگەڵ ئەم ناوچە شوێنەواریە کوردییە زۆر نوێن.

پێدەچێ گوپکلی تەپە کۆمەڵگەیەک بووبێ لە چەندین پەرستگای بچووک پێکهاتبێت، چونکە لەوێ نزیکەی 20 پەرستگای بچووک دۆزراونەتەوە، هەر یەکێکیان خاوەن تایبەتمەندیی و نیشانە و وێنەی تایبەت بە خۆیەتی.. بۆ نموونە لە سەنتەری ئەم پەرستگایە گۆڕەپانێکی بازنەیی هەیە کە 10 بۆ 12 پەیکەر بە شێوازی پیتی (T)ی ئینگلیزی درووستکراوە، لە نێوان هەر یەکێکیاندا دیواری بەردین درووست کراوە و ڕووی هەموویان لە ناوەندی بازنەکەیە، لە ناوەندی بازنەکەش دوو پەیکەری گەورە هەنە کە ڕوویان لە یەکترییە و لە بەرانبەر یەک ڕاوەستاون.
لەبارەی گرنگی ئەم شوێنەوارە و دۆزراوەکانی ناو ئەم پەرستگایە، شوێنەوارناسی کورد جەمال ئۆزچێلیک کە سەرقاڵی توێژینەوەیە لەسەر ئەم شوێنە، لەم بارەیەوە دەڵێت: دۆزینەوەی پەرستگاکانی گوپکلی تەپە دەروازەی چوونە ژوورەوەی ناو جیهانێکی دیکەیە.

گوپکلی تەپە نزیکەی 8 هەزار ساڵ پێش زایین بە هۆیەکی نادیار بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ دەکەوێتە ژێر گڵ و دیار نامێنێت، بەڵام دواتر دیسان دەدۆزرێتەوە و نۆژەن دەکرێتەوە و وەک پەرستگایەک بەکاردێتەوە.

تا ئێستا لەوێ هێچ ئاوەدانی و ژیانی هەمیشەیی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ئەگەری زۆرە ئەم پەرستگایە وەک پەرستگایەکی سەرەکی و ناوەندی، تەنیا بۆ سەردانیکردن لە بۆنە ئایینییەکان بەکار هاتبێت.
چیرۆکی دۆزینەوەی ئەم شوێنەوارە

چیرۆکی دۆزینەوەی ئەم شوێنەوارە لەوێوە دەست پێدەکات کاتێک جووتیارێکی کورد، بە ناوی مەحموود یەڵدز خەریکی کێڵانی زەوییەکەی دەبێت و لەو کاتەدا پارچە گڵینە و پاشماوەی بینای کۆن دەدۆزێتەوە.
بە گوتەی خۆی ئەوان وەک خاوەنی زەوییەکە بەردەوام دەبن لەسەر کارەکەی خۆیان، بەڵام بۆ جارێکی تر و دەرکەوتنی چەند بەردێکی نەخشێنراو کە یەکێکیان وێنەی مارمێلکەیەک بە قیاسی مرۆڤ لەسەری نەخشێنراو بووە، بۆیە دەست لە کار هەڵدەگرن و پارچە بەردەکان بۆ مۆزەخانەی شانلی ئورفا دەبەن، بەڵام ئەم بابەتە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەکە بە هەند وەرناگیرێت و هیچ بەدواداچوونێک بۆ بابەتەکە ناکەن، بۆیە بەردەکان بۆ ماوەی 7 - 8 ساڵ لەوێ دەمێنێنەوە، بەڵام دوای ماوەیەک، ڕێک لە ساڵی 1993 شوێنەوارناسانی ئەڵمانی کلاوس شمیت و هاوڕێکانی سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن و بە بینینی پارچە بەردەکان زۆر سەرسام دەبن، کلاوس شمیت داوا دەکات شوێنی دۆزینەوەی گۆزەکە ببینێت، بەم شێوازە لە ساڵی 1993 سەرەتای کنە و پشکنین لەسەر شوێنەکە دەست پێدەکات و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

شایانی باسە، ئەم شوێنەوارە لە ساڵی 2018 لە لیستی کەلەپووری جیهانیدا تۆمار کرا.
ئامادەکردنی بابەت: سارا سەردا
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: ئورفە
وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی پاسکورد - 2022-08-23

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-23

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 420

گومبەتی برایمی بایزی

20220907120343432706=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گومبەتی برایمی بایزی
لەباکووری مەخمووره، بەدووری (2) کیلۆمەتر، ئارامگەی برایمی بایزئاغای تێدایە، لە بناری چیای قەرەچوغە، لەلای ڕۆژهەڵات لەنزیک بازاڕگەیە، لەسەر ڕێگای کۆنی مەخموور-دیبەگەیە، لە ساڵی 1930 دوای مردنی برایم ئاغای بایزی، بە بەرد و گێچ دروستکرایە، 2.90 مەتر بەرزە، ڕووبەرەکەی چوارگۆشەیە (6.2×6.2) مەتر دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (112-113) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 421

گومێل - گۆڕستانە مێژوویی‌یەکەی ناوچەی داوودە

2015060411085785477=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئا : فریاد زەنگنە و بورهان عادل

گەڕان بە دوای شوێنەوارە دێرینەکان و کارکردن لە سەر دۆزینەوەیان کارێکی ئاسان نیە. دیارە گەرمیان بە گشتی و ناوچەی داوێ بە تایبەتی شوێنەواری زۆری لێیە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدار بە ئەرکی خۆیان هەڵسن بۆ ئەوەی لە ناوچوون ڕزگار بکرێت و دووبارە کار بکرێت بۆ پاراستنی لە جێگای تایبەتدا و بپارێزرێت چونکە هەموومان دەزانین ئەم شوێنانە زۆربەی هەرە زۆری دەکەوێتە شوێنە تەختایەکانەوە وە لە لایەن خەڵکیەوە ئەیکێڵن بۆ (گەنم و جۆ) و دواتر لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو شوێنانە لە ناودەچن.

لە سەردانێکدا بۆ ناوچەی داوێ هەندێ شوێنەواری زۆر گرنگ پێش چاومان کەوت و خەڵکی گوندەکانیش شوێنەکانیان پێ پیشان داین لەوانە چەند شوێنک هەیە پێی دەڵین (خەرابە) لە سنووری گوندی (چەوری) لە ناو دەشتی (پەتەکی)دا وە (تەپەی گاورین) لە گوندی (وارانی) کە تۆمار کراوە بە ژمارە (9) لە زنجیرەی شوێنەوارەکانی پارێزگای سەڵاحەددین (تکریت) کە لە نەخشەی شوێنەواری عێراقدا بە (تل الکاوری الاپری) هاتووە ئەم شوێنە قەدغەیە بە هەموو جۆریک نزیک بوونەوە یان هەڵکەندنی لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە لە ساڵەکانی (1970)دا دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عێراق خەڵکی گوندی (وارانی)یان هەمووی بانگێشتی ناحیەیی (سلێمان بەگ) کردووە و پەنجەمۆریان لێان سەندووە و پیانیان ڕاگەیاندووە بە هیچ شێوەیەک نابێت مردووەکانتان لەم جێگایە بنێژن و نزێکی بنەوە دواتر سزای قورس دەدرێن.

دیارە ئێمە لە ناوچەی (داوودە)دا گۆڕستانی زۆرمان هەیە لەوانە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) لە قوم پەڵک ئەم گۆڕستانە ئاوایەکانی (قوم پەڵک، نەوجول، ئاوایی ڕەزا، چەچان، لەک، قوشەلان، تاڵاو) مردووکانیان لێرە دەنێژن. گۆڕستانی (بۆرەزەن) هەر لە هەمان گوندی ناوبراوە و هی (جولەکەکان)ە گۆڕستانی کۆنی وارانی - وارانی سەرچەم. وە هەروەها گۆڕستانی (گومەتە بۆر) لە نزیک ئاوایی ڕەزا.

ئەوی لێرەدا مەبەستمانە لە سەری بوەستین کە ئەم بابەتەمان لە سەر ئامادە کردووە (گۆڕستانی گۆمێل)ە کە بە گەورەترین و مێژوویترین گۆڕستان ئەژمار دەکرێت مێژووکەی بۆ دووسەد ساڵ پێش ئێستا ئەگەڕێتەوە، ئەم دێیهاتانە مردووکانیان لێ ئەنێژن وەکو (چەوری، دووڕاجی، زنانە، لفتی ئاغا، وارانی، ئاوایی مەحموود، ساڵەیی).

ناوی گۆڕستانەکە :

گومێل یان گومەتەکان

دیارە ناوی ئەم گۆڕستانە وەک ئەوەی بۆمان ساغ بووە لە گومەتەکانەوە ناوی لێنراوە بە هۆی ئەوەی (3 – 4) گومەتی لێ بووە.

لە سەردانەکەماندا بۆ ناوچەی (داوێ) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ئەم گۆڕستانە هیچ زانیاریەکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت بۆ ساغکردنەوەی مێژووی دەستنێشانکردنی بە گۆڕستان، بەڵام بە پشت بەستن بە هەندێ زانیاری دەماودەم لە زاری کەسانی ئەو دێیهاتانەی دەوروبەر وەکو (پەڵکانەی حاجی یاسین) و (چەوری) و (وارانی) و (لفتی ئاغا) ئەوەمان بۆ ئاشکرا

بوو لە ناو ئەم گۆڕستانەدا گۆڕی هەندێ کەسایەتی دیاری ئەو سەردەمەی تێدایە لەوانە (سمایل بەگی کوڕی محەمەد بەگی کوڕی حەقی بەگی داوودە) و (ئێنجە بەگی کوڕی ئیبراهیم بەگی کوڕی ئیسماعیل بەگی کوڕی محەمەد بەگی کوڕی حەقی بەگی داوودە) کە لە ساڵی (1860)ز لە گوندی (ئەلبو سەباح)ی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو لە دایک بووە و لە ساڵی (1925)ز کۆچی دوایی کردووە و لە سەر داوای خۆی لەو گۆڕستانە بە خاک سپێردراوە، وە هەروەها گۆڕی (شێخ عیسای کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزان کوڕی شێخ حوسێنی بەرزنجی) کە دەکاتە باپیری شەهید (حەمە ڕەش) لەگەڵ کچێکی بە ناوی (فاتمە شێخ عیسا).

ئەگەر لە نزیکەوە سەردانی گۆڕستانەکە بکەیت زۆر بە ڕوونی شوێنەواری گومەزەکانی دیارن، بەڵام کێڵەکانی ڕۆخاون و هیچ نوسراوێک بە دی ناکرێت لە ناو گومەزەکاندا تەنها لە نزیک یەکێک لە گومەزەکان نەبێت گۆڕێکی بێ گومەزە هەیە و کێڵەکانیشی شکاون تەنها ئەو پارچەیە نەبێت لە ناو خاکەکەدا ماوە هەندێ ووشەی بە دی دەکرێت. بە عەرەبی نوسراوە (توفی فی شهر صفر لسنه) ساڵەکەشی ڕوون نیە، بڕوانە ئەم وێنەیە.

بە هۆی ئەوەی یەکێک لەو گومەزانە گۆڕی (سمایل بەگی داوودە)یە ئەکرێت بڵێن بناغەی ئەم گۆڕستانە لە ناوبراوەوە دەست پێدەکات چونکە یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی هۆزی (داوودە) لەو سەردەمەدا، دیارە دوای کۆچکردنی لە سەر داوای خۆی لەوێ نێژراوە و دواتر خەڵکی ناوچەکە مردووکانیان بۆ ئەو جێگایە بردوە و لەگەڵ کاتدا بووتە ئەم گۆڕستانە کە پێی دەڵێن (گومێل) بە مانای گومەتەکان وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێی کردووە. تاوەکو ئێستاکەی لەگەڵ بێت ئاغاکانی داوێ مردووکانیان ئەهێننەوە ئەم گۆڕستانە و ئەیننێژن.

ئەم گۆڕستانە لە ساڵی (1988)دا بە دەستی فاشیستیەکان وێران دەکرێت و کێڵ و گومەتەکانی تێکدەدرێت ئەگەر لە نزیکەوە بڕوانیت وێران و کاولکاری دەستە ڕەشەکانیانی پێوە دیارە.

شوێنی جوگرافیایی :

ئەم گۆڕستانە ئەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (چەوری) و (ساڵەیی بان شاخ)وە (6) کیلۆمەتر لە ناحیەیی (زینانە)وە دوورە و (40) کیلۆمەتر لە سەنتەری شارۆچکەی (کفری)ەوە و (45) کیلۆمەتریش لە سەنتەری شارۆچکەی (خورماتوو)ەوە.

ئەم گۆڕستانە لە کۆتایی ڕاسی (پەتەکی) بنیاتنراوە و ئەڕوانێتە سەر (ئاوەسپی) دیارە ئەو سەردەمە لە بەر نزیکی شوێنەکە لە (ئاوەسپی)ەوە ئەو جێگەیە دەستنیشان کراوە.

کەرەستەکانی بنیاتنانی گۆڕستانەکە :

ئەو کەرەستانەی کە لە گومەز و گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە بە کار هێنراوە بریتی بووە لەمانە (قسڵ و خشتی سوورکراوە و بەرد)یش بە کار هاتووە دیارە بەردەکان لە چەمی (ئاوەسپی)ەوە هێنراوە و هەروەها کێڵی گۆڕەکان بەردی (حەلان)ە و نووسینی کۆنیشی بە سەرەوەیە، بەڵام بە هۆی ڕۆخان و کۆنی و کاریگەرەکانی کەشەوە زۆر کەمی لێ ماوە.

چاوبێکەوتنەکان :

- سەلام حاجی یاسین گوندی (پەڵکانەی حاجی یاسین) گوندێکی تازە درۆستکراوە لە لایەن (حاجی یاسین)ەوە لە (31 / ئابی / 1996)دا (2015-04-23) ڕۆژی پێنج شەممە.
- کەریم حوسێن محەمەد لفتی ئاغا. گوندی (لفتی ئاغا) (2015-04-23).
- حاجی لەیلا حەمە ساڵح خەڵکی گوندی (بنەکەی خەفە کوێر)ە نیشتەجێ شارەدێ (ڕزگاری)یە. (2015-05-01) ڕۆژی هەینی.
- حوسێن زەینالی خەڵکی گوندی (چەوری)یە نیشتەجێ شاری خورماتووە.
- م. حوسێن وارانی. گوندی وارانی. (2015-04-23)
- جەمال ئاغای کوڕی نازم ئاغای کوڕی حەمە غەریب ئاغای کوڕی ئینجە بەگی داوودە. گوندی (شوراوی حەمە غەریب). (2010-07-24).
- شێخ فازڵ شێخ فەرەج شێخ سەعید کەسنەزانی. کەرکووک - بە تەلەفۆن. (2015-05-19).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-06-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 422

گۆڕێکی سەردەمی ئەشکانیەکان لەگەرمیان دەدۆزرێتەوە

2013081616382489142=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاش ئاشکرابون و دۆزینەوەی لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسانەوە، ئەمڕۆ ئێسک و پروسکی گۆڕێکی گڵێنەی لەگەرمیان گواسترایەوە بۆ مۆزەخانەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لەکەلار.
ئاودێر محەمەد، گەرمیان: جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ساڵح محەمەد، ئەمڕۆ، هەینی، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، ماوەیەکی زۆرە تیمێکی تایبەتی شوێنەوارناسانی گەرمیان لەنێوان قەزای کەلارو دەربەندیخان بەدوای شوێنەواردا دەگەڕێن، پاش گەڕانێکی زۆر ئەمڕۆ توانیمان گۆڕێکی گڵێنەی لەگوندی بەرلوتی سەر بەقەزای کەلار بدۆزینەوە.
ئاشکرایکرد، پێش ئەو گۆڕە بەر لەماوەیەک گۆڕێکی دیکەی گڵینەیان دۆزیوەتەوە.
لەبارەی مێژووی گۆڕەکەش یاریدەدەری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد، مێژوی ئەو گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان کە لە 250 پێش زاینەوە لەناوچەکەدا حوکمڕانیانکردوە.
هەر ئەمڕۆ ئیسک و پروسکی گۆڕەکە بۆ مۆزەخانەی گەرمیان کە دەکەوێتە قەڵای شێروانە لەکەلار گوازرایەوە.
- 2013-08-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ئاوێنە

کاتی تۆمارکردن: 2013-08-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 423
گۆزەیەک بە نەخشی خاچ لە مۆزەخانەی دهۆک
2023042014151483952=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆزەیەکی کۆن کە بە نەخشی خاچ رازێنراوە لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 424

گۆزەیەک کە وەک دەخیلە بەکارهاتووە لە مۆزەخانەی دهوک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230417121958483111

گۆزەیەکی سەردەمی کۆن کە وەک دەخیلە بۆ کۆکردنەوەی پارە بەکارهاتووە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 425

گۆزەیەکی بچووکی سەردەمی سومەرییەکان لە مۆزەخانەی دهۆک

2023041516141448273 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



گۆزەیەکی بچووکی سەردەمی سومەرییەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 426

گۆزەیەکی کۆن لە مۆزەخانەی دهوک 02

2023041711214548310 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆزەیەکی کۆنی سوور کراو لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 427

گۆمی نەفتی

20220903095631431759=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆمی نەفتی

گۆمەک بوو لەسەر جادەی نەفتی بوو لە نێوان دیبەگە و گوندی چل هەوێزە، کاتی خۆی ئینگلیزەکان نەفتی ڕەشیان تێکردووە، بەو دواییەی ئاوی بارانی لێ کۆدەبۆوە، منداڵ مەلەوانیان لەناو دەکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

دەیە: 10یەکان (10-19)

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (114) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 428
گۆڕ و گردۆڵکەی سەرقەڵا

2022072321390142447 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەواری گۆڕ و گردۆڵکەی سەرقەڵا ساڵی (57پ.ز -191ز).
ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە شارەدێی سەرقەڵا ی شارۆچکەی کفری یەوە. بە دووری 13 کم، لە باکووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی کەلار.
تیمێکی شوێنەوارناسی گەرمیان ژوورێکی لاکێشەیی لە خشت دروستکراویان دۆزییەوە، لە کاتی خۆیدا، لەناو گردێکی سروشتی دروستکراوە، پاشان بە بەرد و هەمان گڵی گردەکە داپۆشراوە. کە وەک گۆڕی بنەماڵەیەک بەکارهاتووە. لەم گۆڕەدا ئێسکەپەیکەری 10 مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواری وەک (گۆزەی ڕەنگاو ڕەنگ، مستیلە، بازنە و گوارەی زێڕ، دراوی سکە و کەمۆڵەی شووشەیی).
بە پێی پاشماوە شوێنەوارییەکان دراوە سکەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوای پێنج پاشای ئەشکانییەکان. مێژووی گۆزەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان لەنێوان ساڵانی (57 پ.ز- 191ز).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-23
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 429

گۆڕ و گڵێنەکانی بەرلووت

20220723224920424481=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕ و گڵێنەکانی بەرلووت (150 پ.ز - 228ز).
بریتین لە شوێنەواری دوو گۆڕی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی کە لە گوندی بەرلووت ی شارۆچکەی کەلار دۆزراوەتەوە بە دووری (7کم) لە باکووری خۆرهەڵاتی کەلارەوە، کە گۆڕی ژن و مێردێکن، گۆڕی ژنەکە هەندێک پاشماوەی شوێنەواری وەک (کل و کلدانی چاو، مۆر و کەمەربەند) ی تێدابووە. مێژووی گۆڕەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (150 پ.ز - 228ز).
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-23
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 430
گۆڕدەخمەی ڕوانسەر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227194954454669

شوێنەوار: گۆڕدەخمەی ڕوانسەر
ئامادەکردنی: عەزیز موڕادی

(بەردەگۆڕ) یان (گۆڕدەخمە) ژوورێکی هەڵکەنراوە لەسەر شاخ و تاشەبەردەکان بۆ ناشتنی مردووەکان، کە مێژوویان بۆ هەزاران ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە. لە کوردستان بە دەیان بەردەگۆڕمان هەیە، کە مێژووی زیاترینیان بۆ سەردەمی مادەکان و ئەوکاتە دەگەڕێتەوە، کە ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمیی وڵات بووە.
یەکێک لەو بەردەگۆڕانە پاڵی داوە بە شاری ڕوانسەر، کە یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دەروازەی هەورامان ناسراوە. ئەم بەردەگۆڕە کەوتووەتە بەرزایی 35 مەتری کێوی یەرەوڵ.
ئەم بەردەگۆڕە ژوورێکی چوارگۆشەیە و بنمیچێکی گۆمەزی لەخۆ گرتووە، لەناویدا نەخشی مرۆڤێکی باڵدار هەیە، کە مێژوونووسان پێیان وایە؛ نەخشی ئەهورامەزدایە. مەسعود گوڵزاری، شوێنەوارناس و دیرۆکناسی ناسراوی ئێران، یەکەم کەس بوو ئەم بەردەگۆڕەی لە پەرتووکێکیدا بەناوی (کرماشانی دیرۆکی) بە جیهان ناساند، بەڵام ئێستا ئەم بەردەگۆڕە شوێنەوارێکی فەرامۆشکراوە و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە.
شاری ڕوانسەر لەدەوروبەری کانیاوێکی گەورە هەڵکەوتووە، کە ساڵانە هەزاران گەشتیار بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەم کانیاوە بە سەراوی ڕوانسەر ناسراوە و ئاوەکەی لە بناری شاهۆوە سەرچاوە دەگرێ. ڕوانسەر پاڵی داوە بە کێوی شاهۆ، کە یەکێکە لە درێژترین و بەرزترین کێوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: چوار تاق
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2022-12-27 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-27

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 431
گۆڕستانی داودە ڕەش
2022090721475643276 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕستانی داودە ڕەش
گردێکی گەورەی خۆڵینە و بەرزە هاوشێوەی گۆڕستانی سەیید عوبێد، گۆڕێکی گەورەی لە سەرە، لای خەڵک پیرۆزە، وەک پیاو چاکێکی ئاینی و لەگەڵ هەبوونی گۆڕی تر، دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی دیبەگە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (115) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 432

گۆڕستانی سەیید عوبێد

[2022090721334143276 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)



گۆڕستانی سەیید عوبێد
گردێکی گەورە و بەرز و خۆڵینە، کۆنە پێش ئاوەدانکردنەوەی سەدەی نۆزدەیەم هەبووە، دەکەوێتە گەڕەکی بارزان لە دیبەگە، گۆڕێکی گەورەی لێیە کە شوورەی بۆ کراوە و وەک نەریتی ئاینی ئاڵای سەوز و پەڕۆکی سەوزی پێوەیە و خەڵک بۆ دوعا و نزا سەردانی دەکەن، جگە لەوەی تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مردووبی تێدا دەشاردراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (115) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 433

گۆڕستانی قەبر ڕەشکان

2022020800011140424 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕستانی (قەبر ڕەشکان) لە سنووری هەریر:
ئەو گۆڕستانە دەکەوێتە خوارووی قەڵای خانزاد و درێژ دەبێتەوە تا سەرووی گوندی خرواتان، مێژووی ئەو گۆڕستانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (تاعون)
کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بەهۆی ئەو نەخۆشیە ڤایرۆسەوە مردوون لەو گۆرستانە بەخاک سپێردراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەریر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کتێبی گوندی خرواتان
کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 434

گۆڕستانی گوندی ئامۆکان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2023110910203352826 3

گۆڕستانی مێژووپی گوندی ئامۆکان لە سنووری شارۆچکەی هەریر، مێژووی پترە لە 500 ساڵ و بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران دەگەڕێتەوە، گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە کێڵەکانیان بەرزن و هێما و نیشانەی جیاوازیان لەسەرە، وەک شمشێر و خەنجەر هێمایە بۆ پیاو و بوونی دوو بازن هێمایە بۆ ئافرەت و چەندین هێمای تر کە دەلالەت لە خاوەنی گۆڕەکە دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

سەدە: سەدەی 17 (1600- 1699)

شار و شارۆچکەکان: هەریر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (Archaeology in Kurdistan) ڕۆژی 2023-11-08

کاتی تۆمارکردن: 2023-11-09

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 435
گۆڕستانی گوندی عەسکەر
2019011611034630071=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 436

گۆڕستانی مێژووویی سەید خەلیل لە کەلار

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230314145750474496

ناوی شوێن: گۆڕستانی مێژووویی سەید خەلیل لە کەلار

گۆڕستانی مێژووویی سەید خەلیل نزیک ئۆردوگای سمود لە کەلار، ئەم گۆڕانە زۆر سەرنجڕاکێشن، بەشێکیان ڕووخاون و چەند دانەیەکش لەلایەن شوێنەواری گەرمیانەوە نۆژەنکراونەتەوە، گۆڕستانەکە گۆڕی میر و بەگزادەکانی تیرەی جافی لێیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (Farhad Nasir فرهاد ناصر) ڕۆژی 2023-03-14

کاتی تۆمارکردن: 2023-03-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 437

گۆڕستانێک دۆزرایەوە مێژووەکەی بۆ 400 ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2019092108384068804

دوارۆژ، ڕەڤەند گوهەرزی

لە ناحییەی دێرەلوک سەربە شارۆچکەی ئامێدی، لەناو ناوچەیەکی نیشتەجێبوون گۆڕستانێکی دێرین دەدۆزرێتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 400 ساڵ پێش ئێستا، شوێنەوارناسێکیش دەڵێت: دۆزینەوەی ئە و گۆڕستانە بەڵگەی هەبوونی ژیانە لە و ناوچەیە.

هاووڵاتیەکی ناحییەی دێرەلوک سەربە قەزای ئامێدی، لەکاتێکدا سەرقاڵی دروستکردنی بناغەی خانووەکەی دەبێت بەڕێکەوت ڕوفاتێک دەدۆزێتەوە، ڕاستەوخۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی لەبارەوە بکەن.

سەردار هێتوتی، شوێنەوارناس لە ئامێدی بە دوارۆژی ڕاگەیاند: پێشتر لە هەمان ناوچە چوار ڕوفاتی تر و چەند پارچە شوێنەوارێک دۆزراونەتەوە، بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادارکردووەتەوە ئە و ناوچەیە وەک ناوچەیەکی شوێنەواری بپارێزن، چونکە ئە و ناوچە شوێنەوارییە دەیسەلمێنێت کە پێشتر ژیان لە و ناوچەیە هەبووە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی پردی کەلیا و قوتابخانەی باوانە، کە بەهەمانشێوە شوێنەواری دێرین و لە و ناوچەیە دۆزراونەتەوە.

وتیشی: ئە و ڕوفاتەی دۆزراوەتەوە، هی گۆڕستانێکی موسوڵمانانە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 400 ساڵ بەر لە ئێستا، لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ئامێدیش کە سەردانی گۆڕەکەیان کردووە ئە و زانیارییەیان پشتڕاستکردووەتەوە.

بە وتەی ئە و شوێنەوارناسە لە ناحییەی دێرەلوک شوێنەواری گۆڕستانی مەسحییەکان، ئێزدییەکان، زەردەشتییەکان، دۆزراوەتەوە.[1]

2019-09-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 438

گۆڕستانێکی مێژووی لە سنوری هەریر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211206132628397843

گۆڕستانێکی مێژووی لە سنوری هەریر
مێژووی کێڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام بەرزی هەرکێڵێک دوو مەتر زیاترە جۆرەها نەخش و نیگاریان لەسەرە زیاتر لە100 گۆڕی تیایە
شوێنەوارێکی مێژوویە
شوێن گوندی ئامۆکان دەشتی هەریر[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەیجی مێژووی هەریر

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 439
گۆڕی ئەحمەدی خانی

2013081100314889198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-08-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 440

گۆڕی ئەوینداران

2013090523080388911=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

موزەخانەی شوێنەوارناسی زانکۆی پەنسلڤینیای ئەمریکا یەکێک لە ناسراوترین وێنەکانی خۆی بڵاوکردوەتەوە کە لە سایتێکی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتویەتی و سەرنجی زۆر کەس بەلای خویدا ڕادەکێشێت و زۆر کەسی سەرسام کردوە.
ساڵی 1972 لەکاتێکدا ئەو شوێنەوارناسانەی لە تەپۆڵکەی حەسەنلوو کە دەکەوێتە 85 کیلومەتری باشوری شاری ورمێ (سەر ڕێگای نەغەدە- شنۆ) خەریکی هەڵکۆڵین بوون دیمەنێکی سەرنجراکێشیان بینی و ئەو دیمەنەیان بە کامێرا تۆمار کرد.
تیمێکی توێژینەوەی هاوبەشی ئێرانی - ئەمریکی بە سەرپەرشتی د. ڕۆبەرت ئێچ دایسۆن لە و تەپۆڵکە مێژوویەدا گلکۆیەکیان هەڵدایەوە کە ئێسک و پروسکی دوو کەسی تێدا بوو کە بە و پەڕی خۆشەویسیەوە باوەشیان بەیەکدا کردبوو.
هەر لە و کاتەوە ئەو گۆڕە بە گۆڕی ئەوینداران ناسراوە کە مێژووەکەی بۆ 3 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.
تەپۆڵکەی مێژووی حەسەنلوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژووەکەی 1000 بۆ 8 سەد ساڵ دەگەڕێتەوە و کەوتوەتە 7 کیلۆمەتری شاری نەغەدە لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان.
لە ماڵپەڕی ڕادیۆ نەواوە وەرگیراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2013-09-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 441

گۆڕی پێغەمبەر حزقیال

20150925133616127131=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕی پێغەمبەر (حزقیال) دەکەوێتە قەزای ئامێدیەوە، مێژووی گۆڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ (700 -500) ساڵ پێش زاین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-25

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 442

گۆڕی زەینولعابدین

201009272243039704=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

داقوق

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-09-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 443
گۆڕی سوڵتان ئیسحاق

201009021337329326=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

رابەری پیرۆزی یارسانەکان - هەورامان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2010-09-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 444
گۆڕێک بە شیوازی گۆزە لە مۆزەخانەی دهوک
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230410214438481240

ئەم پارچە شوێنەوارییە یەکێک لە نموونەکانی گۆڕی سەردەمی کۆنە کە بە شێوازی گۆزە درووست کراوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆکدا پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-10

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 445

گۆڕێک کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 2000 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەسەر قەڵای شێروانە دۆزرایەوە

2015112120033286478=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوای لافاوەکەی هەفتەی ڕابردووی سنووری ئیدارەی گەرمیان، گۆڕێک کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 2000 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەسەر قەڵای شێروانە دۆزرایەوە.
نەوزاد لەتیف، شوێنەوارناس لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بە خەندانی ڕاگەیاند : لەبەشی باکووری ڕوژئاوی گردی شێروانە، کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری دەرکەوتن، کە پێدەچێت بەهۆی بارانبارینەکەی هەفتەی پێشوەوە بێت.
ئاماژەی بەوەشدا، لافاو و باران هەندێک خۆڵی سەر گردەکەی ڕامالیوە و ئە و شوێنەوارانە دەرکەوتوون، وتیشی :
شوێنەوارەکان بریتین لە گۆزەیەک و تابوتێکی شێوە هێلکەیی کە ئێسک و پروسکی کەسێکی تیابووە، لەگەڵ 11 پارچە ئاڵتونی بچووک کە لە چینێکی تەنک دروستکرابوون بۆ مەبەستی جوانکاری بەکارهێنرابوون.
سەبارەت بە مێژووی ئە و شوێنەوارە، وتی : هێشتا بە تەواوەتی نازانرێت مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی هەندێ تایبەتمەندی لە شێوازی دروستکردنی گۆزەکان و شێوازی دروستکردنی پارچە ئاڵتونەکان، پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان لە نێوان ساڵانی 247 پ.ز - 224 ز واتە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێشتر.
هاوکات ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، بەخەندانی ڕاگەیاند : دوای چاککردنەوەی گۆڕەکە و دیاریکردنی مێژووەکەیان لەلایەن شوێنەوارناسانمانەوە، لە مۆزەخانەی گەرمیان، نمایشیان دەکەین.
- 2015-11-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان
کاتی تۆمارکردن: 2015-11-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 446

گۆڕێکی شێوە هێلکەیی لە مۆزەخانەی دهۆک

20230420124216483935=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕێکی شێوە هێلکەیی کە بە مەبەستی ناشتنی تەرمی منداڵ بە کارهاتووە و ئێستا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 447

گۆڕەکانی گۆڕستانە کۆنەکانی دەشتی هەریر هەڵدەدرێنەوە

2018112514135110484 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تیمێکی نەناسراو لە شەواندا دەستیان کردووە بە هەڵدانەوەی گۆڕەکانی گۆڕستانە کۆنەکانی دەشتی هەریر و زیاتر ئە و گۆڕانە دەستکاری دەکەن کە لای خەڵکی بە پیاو چاک و شێخ ناوزەد دەکرێن.
تیمەکە بە ئامێری هەڵکەندن کارەکە دەکەن و لە چەند ساتێکدا زیاتر لە 20 مەتر زەوی دەکۆڵن و بێ ئەوەی شوێنەواری گڵە هەڵکەندراوەکە دیار بێت بەدوای پارچەشوێنەوار و کەلوپەلی مێژووییدا دەگەڕێن. خەڵکی لە ڕۆژدا دەچن و سەیری شوێنەواری گۆڕەکان دەکەن، یەکێک لەو گۆڕانە زیاتر لە بیست مەتر هەڵکەندراوە، لەکاتێکدا داشۆرانی زەوی کەمتر لە نیو مەتر گڵی لەسەر گۆڕەکە هێشتووەتەوە، ئەوەی لایان سەیرە نازانن گڵی چاڵەکە لە کوێ فڕێ دراوە.
ناوچەکە خاوەن حەوت گۆڕستانی کۆنە، هێمای جۆراوجۆر لەسەر کێلەکان نەخشێنراون و ئاماژەن بۆ پێش پەیدابوونی خوێندن و نووسین لە ناوچەکە.[1]
2018-11-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: تێکدانی شوێنەوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری رووداو - 2018-11-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 448

گەرماوی حاجی ساڵح

2012011422111363832=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گەرماوێکی مێژووی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە فەرمانگەی میراتی کولتووری و شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی وڵاتی داگیرکەری ئێران تۆمار کراوە.
لە ڕاپۆرتێکدا کە لە پێگەی فەرمی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە (فەرمانگەی میراتی کولتووری و شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی وڵاتی داگیرکەری ئێران) هۆشداری ئەوەی داوە کە گەرماوی مێژووی حاجی ساڵحی سەقز، لە حاڵی فەوتان و لەنێوچوونداییە و ئەگەر بەرپرسانی پەیوەندیدار چارەسەرێکی بۆ نەدۆزنەوە بەزووی هەرەس دەهێنێت.
لە بەشێک لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بەهۆی پشتگوێ خستنی ئەم شوێنەوارە مێژوویی‌یە لەلایەن بەرپرسانی فەرمانگەی میراتی کولتووری و هەروەها درووستکردنی کۆمەڵێک باڵەخانە و تەلاری گەورەی بازرگانی لە تەنیشت گەرماوەکەدا، هەنووکە جگە لەوەی کە نما و بەجەوەنی گەرماوی حاجی ساڵح بەتەواوی داپۆشراوە، مەترسی ڕووخان و هەرەس هێنانی ئەم شوێنەوارە مێژوویی و دەگمەنەی شاری سەقز، لە هەموو کاتێک زیاترە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ناوەندی هەواڵنێری سەقز

کاتی تۆمارکردن: 2012-01-14

ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 449

گەرماوی حاجی سالحی سەقزی

2011010113531521316=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مێژووی ئەم حەمامە بۆ دەورەی سەفەوییە و زەندییە دەگەڕێتەوە و ئەم شوێنەوارە مێژووییەی شاری سەقز لە ساڵی 1379ی هەتاوییدا بە ژمارەی 2839 و بە فەرمی خرایە ڕیزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران و سەبت کرا. لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شوێنەوارە دەتوانین ئاماژە بە سەقفی گومەزی، حەوزخانە، تووڵی حەمام، بەکار هێنانی کۆڵەکەی لە بەرد داتاشراوی سێ پارچە بکەین و بە شێوەیێکی گشتی شارەزایان پێیان وایە کە هەموو تایبەتمەندیێکی شێوازی بیناسازی دەورەی سەفەوییەکان لەم حەمامەدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم شوێنەوارە لە کاتی درووستکردنیەوە تا ساڵی 1354ی هەتاوی وەک حەمامی گشتیی کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ساڵی 1373 وەک شوێنی وەرزش و زۆرخانە کەڵکی لێ وەرگیراوە و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نەرێنی و تێکدەرانەی تێدا ئەنجام دراوە. پاشان لە ساڵی 1373وە چۆڵ کراوە و هیچ چەشنە کەڵکێکی لێ وەرنەگیراوە تا ئەو کاتەی کە ڕێکخراوەی میراتی کولتووری کڕیویەتی و ویستوویەتی وەک مۆزەخانەی سەقز کەڵکی لێ وەربگرێت و نۆژەنی بکاتەوە.

لەو کاتەوە تا هەنووکە ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە حەمامەکەدا ئەنجام داوە بۆ ئەوەی وەک مۆزەخانەیەک ئامادە بکرێت، بەڵام هەندێک کێشە بوەتە هۆی ئەوەی کە نۆژەنکردنەوەی ئەم حەمامە تا ئێستا تەواو نەبێت، کە گرینگترینیان بریتین لە:

1. درووستکردنی چەند باڵەخانە و تەلاری بازرگانی و ئاپارتمان لە تەنیشت ئەم حەمامەدا کە بەرزاییەکەیان لە 20 میتر زیاترە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە نما و بەرجەوەنی حەمامەکە، لە دوورەوە دیار نەبێت.
2. حەمامی حاجی سالح لە ساڵی 1381ەوە لە خاوەنەکەی کراوە و بڕیار وابوو وەک مۆزەخانەی کۆمەڵناسیی شاری سەقز کەڵکی لێ وەربگیردرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە و حەمامی ناوبراو وەک زبڵدان و کەلاوەی لێ هاتووە.
3. کۆمەڵێک کێشەی بەرچاو لە شێوازی نۆژەنکردنەوەی حەمامەکەدا بەرچاو ئەکەون کە بریتین لە: داپۆشانی وێنەکان و ئاهەکبڕیەکانی نێو حەمامەکە بە گەچ، بەستنی کونە ڕۆچکەکان، کەڵک وەرگرتن لە وەستاکاری ناشارەزا بە هۆی کەم کردنەوەی تێچووەکان کە لە ئاکامدا سەربانی حەمامەکە بە شێوازێکی نازانستیانە ئاجوورچین کراوە.
4. گومەزی بەشی حەمامە ساردەکە بە 15 میتر بەرزاییەوە، لە شێوازی خۆیدا بێ وێنەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو دووکانانەی کە پێشتر فرۆشراون تا ئێستا نەکراونەتەوە و نەخراونەتەوە سەر حەمامەکە، بەشی ساردی حەمامەکە بە شێوەی دووبەش و نوقسان خۆی ئەنوێنێت و هیچ پلانێکیش لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو دووکانانە بخرێتەوە سەر حەمامەکە.
5. درگای چوونە ژوورەوەی حەمامەکەش ئێستا وەک وێترین و وەنەدی دووکانەکانی دەوروبەر کەڵکی لێ وەردەگیردرێت و ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بە داخەوە ساڵی جارێکیش کەس سەر بەم حەمامە مێژووییەدا ناکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز

کاتی تۆمارکردن: 2011-01-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 450

گەرماوی سورەت، کۆنترین گەرماوی سلێمانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231229225217540525

گەرماوی سورەت، کۆنترین گەرماوی سلێمانییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-12-29
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 451

گەرماوی موفتی

20240225084212554784=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گەرماوە دەکەوێتە گەڕەکی (سابوونکەران)ی شاری سلێمانی و لەلایەن بنەماڵەی (بابان)ەکانەوە لە کۆتایی ساڵی 1788 درووستکراوە. ئەم گەرماوە لە ئێستادا (2024) هێشتا لەلایەن خەڵکی شارەکەوە بەکاردەهێندرێت و زیندووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

دەیە: 80کان (80-89)

سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2024-02-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 452
گەرماوی میرزا ڕەسوڵ
2014010119501886952=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2014-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 453

گەلی ئازیکەندی بندیانان

20220903130931431796=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گەلی ئازیکەندی بندیانان

گەلیێکی گەورەیە بەلای با شوری چیای قەرەچوغ پێشتر گوندی ئازیکەندی لێبووە (کاولە ئازیکەند)، بە بەهاران شوێنێکی خۆشە، بنەداری دارەبەن و شەواشینک و بەرالووکی تێداماوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (120) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 454
لالش

201001040053143078=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



شوێنی پیرۆزی یەزیدییەکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2010-01-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 455

لوولە کێشی ئاوی سەردەمی مادەکان چەند هەزار ساڵێک پێش زاین

2015120614231112842 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دۆزینەوەی لوولەکێشی ئاو لە یەکێک لە باڵەخانەکانی مادەکان لە ناوچەی لورستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 2000 ساڵ پێش ئێستا، کە دەست ڕەنگینی و ڕووی شارستانی مادەکان پیشاندەدات لە هونەری بیناسازی و ئەندازیاری و تەلارسازیدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-06

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 456

لە باکووری کوردستان شوێنەوارێکی هەزار و 500 ساڵی دۆزرایەوە

2017062323025714042 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە شارۆچکەیەکی باکووری کوردستان مۆزایکێک دۆزرایەوە مێژووەکەی بۆ هەزار و 500 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
مەهمەت داغ، جووتیارێکی باکووری کوردستانە و لەمیانی کێڵانی پارچە زەوییەکەی خۆی لە شارۆچکەی بەسنی سەر بە سەمسور، پارچە شوێنەوارێکی دۆزیوەتەوە کە درێژییەکەی چوار مەترە و هێما و نووسینی جۆراوجۆری لەسەرە.
ئەو جووتیارە دەستبەجێ بەڕێوەبەرایەتیی مۆزەخانەی لە دۆزینەوەی کەلەپوورێکی وەها ئاگادارکردووەتەوە.
بەپێی توێژینەوەی سەرەتایی کە لەلایەن شوێنەوارناسانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی مۆزەخانەوە ئەنجامدراوە، مۆزایکەکە تەمەنی هەزار و 500 ساڵە و بۆ سەردەمی ڕۆمەکان دەگەڕێتەوە.
هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی مۆزەخانە بڕیاری داوە کاری ورد لەسەر شوێنەوارەکە بکات.
رووداو
2017-06-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-23

ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 457

لە بنگرد کەسانی نەناسراو گۆڕێکی مێژووی کۆن هەڵدەدەنەوە

20181023110651100044=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دواڕۆژ، محەمەد مستەفا

لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوو لە گوندی ناودەشتی سنوری شارەدێی بنگردی شارۆچکەی دوکان، گۆڕێکی مێژووپی کۆنی ئیسلامی هەڵدەدرێتەوە، خەڵکی ناوچەکە گومان دەکەن هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەمەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی پارچەی شوێنەواری بوبێت و بەڕێوبەری ناحیەی بنگردیش دەڵێت: لەسەر هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە ئاسایشی ناحییەکە دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوەی وورد.

ئەو گۆڕە بۆ گوندنشینانی سنورەکە شوێنێکی پیرۆز بووە و ڕۆژانە خەڵک سەردانی کردووە

عومەر حسێن ئەنجومەنی گوندی ناودەشت بە دواڕۆژی ڕاگەیاند: گۆڕی شێخ کۆرپە، یەکێکە لە ناوچە شوێنەواریە گرنگەکان کە پیرۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لای دانیشتوانی گوندەکانی بناری ئاسۆس و ڕۆژانە هاوڵاتیان سەردانی ئەو گۆڕەیان دەکرد، بەڵام بە داخەوە لە ماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوو لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوە گۆڕەکە هەڵدراوەتەوە.

وتیشی: ئەوان گومان دەکەن ئەو کەسانە بە مەبەستی دۆزینەوە و دەرهێنانی پارچەی شوێنەواری و گەڕان بۆ دۆزینەوەی پەیکەری مۆمیاکراو و گۆڕەکەیان هەڵدابێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گۆڕە هیچ ئاسەوارێکی مێژووپی تێدانیە و تەنیا گۆڕێکی ئیسلامی سەردەمی کۆنە.

لە ڕێگای هەڵکەندی چاڵێکی قوڵەوە ڕووفاتی گۆڕەکە هەڵدراوەتەوە

عەلی قادر چالاکوانی شوێنەواری و بەرپرسی ڕێکخراوی دینکا بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواریەکان بە دواڕۆژی ڕاگەیاند: گۆڕی شێخ کۆرپە یەکێکە لەناوچە شوێنەواریە گرنگ و بەناوبانگەکانی بناری ئاسۆس، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ سنورەکە لانیکەم تەمەنی ئەو گۆڕە هەزار ساڵ دەبێت، هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە لە کاتێکدایە کە چەندین ناوچەی تری شوێنەواری لە سنوری بناری ئاسۆس و دەڤەر بیتوێن و پشدەر ڕووبەڕوی هەمان جۆرە هێرش بوونەتەوە.

عەلی قادر ئەوەشی ووت گۆڕەکە بە جۆرێک هەڵدراوەتەوە کە تا سەر ئیسک و پروسکی ڕووفاتی ناو گۆڕەکە دەرکەوتووە، کارکەش لە ڕێگای هەڵکەندنی چاڵێکی قوڵەوە ئەنجام دراوە. بەڵام ڕووفاتی ئیسک و پروسکی گۆڕەکە لە جێگای خۆی ماوە، مەبەستیش لەم کارە بۆ دۆزینەوەی پارچەی شوێنەواری بەهادار بووە، بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەت دەیان نمونەیان لەبەر دەستە بە بەڵگەوە کە ناوچەی شوێنەواری گرنگ لەناوچون و حکومەتی هەرێم و فەرمانگەکانی شوێنەوار گرنگیان پێ نەداوە

ئاسایشی ناحیەی بنگرد دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە

محەمەد عەبولڕەحمان بەڕێوبەری ناحیەی بنگرد بە دواڕۆژی ڕاگەیاند: لەگەڵ بیستنی هەواڵی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە، بەیانی ئەمڕۆ سێشەممە 23ی تشرینی یەکەم لیژنەیەک لە ئاسایشی ناحیەکە سەردانی ئەو گوندەیان کردووە و دەستیان کردووە بە

لێکۆڵینەوەی وورد لەسەر دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.[1]
2018-10-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: دوکان

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 458

لە چیای پیرەمەگرون شوێنەوارێکی مێژویی دەدۆزرێتەوە

2017041108452581466=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوارۆژ: هاوڕێ دوکانی

بە قەدپاڵی چیای پیرەمەگرون-ی سنووری پارێزگای سلێمانی-یەوە، شوێنەوارێکی مێژووبی دەدۆزرێتەوە کە بەوتەی شارەزایانی ئاسەوار مێژووەکەی بۆ دوو هەزار و 500 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

سیروان سەرحەد بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون، بە دوارۆژی ڕاگەیاند:سەردانی ئەو شوێنەمان لە شاخی پیرەمەگرون کردووە کە وەک شوێنەوارێکی مێژووبی دەرکەوتووە و لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانیەوە تیمێکی پسپۆری ئەڵمانی و بریتانی کاری سەرەتاییان تێداکردووە و بەپێی وتەی ئەوان، وادەردەکەوێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ 2500 ساڵ پێش ئێستا کە پارسەکان دەسەڵاتداری ئەو سنوورە بوون.

بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەم شوێنە لە چەند پلیکانەیەک و هەیکەلێکی داتاشراوی مرۆڤ پێکهاتووە، جگە لەوە تیمەکە چەندین گۆزە و سەرەڕملیان دۆزیوەتەوە ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانییان کردووە.

دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی ئەڵمانیا و بریتانیا، جارێکی تر تیمەکە دەگەڕێنەوە و بە فەڕمی ئەو شوێنە دەناسێنن و وەک شوێنەوارێکی گرنگی مێژووبی لای حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆماری دەکەن.

2017-04-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-04-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 459

لە حەسکێف سەدان ئەشکەوتی مێژووپی 5 نهۆمی دۆزرانەوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2018072621012773633



دەوڵەتی تورکیا ئەمە 50 ساڵە سەرقاڵی دروستکردنی بەندانی ئیلسووە لەسەر چەمی فورات، بەڵام ئەو بەنداوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسەواری مێژووپی حەسکیف، کە بۆ 12 هەزار دەگەڕێتەوە، لەناوبچێت و بکەوێتە ژێر ئاوەوە.
لە میانەی کارکردن لە بەنداوەکەدا چەندین ئەشکەوتی مێژووپی دۆزراونەتەوە، کە لەژێر خاکدا بوون و هەردەچێ ئاسەواری زیاتر ئاشکرا دەبێت.
ئەو ئەشکەوتانە کە بە هەزاران ساڵە لەژێر خۆڵدا ماوەتەوە، سەرەرای هەموو ناڕەزایەتییەکان لە هەمبەر دروستکردی ئەو بەنداوە، بەڵام بەرپرسانی تورکیا درێژە بەکارەکەیان دەدەن و ئەو ئاسەوارە مێژوویيە دەخەنە ژێر ئاو.[1]
2018-07-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-26

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 460

لە خانەقای بیارە سەدان کتێبی دەستنووسی 200 ساڵ پێش ئێستا هەیە

2018052809445410409 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ڕۆژنیوز، جیهاد هەورامی

کتێبە دەستنووسەکانی خانەقای بیارە کە مێژووەکەیان بۆ نزیکەی 200 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، مەترسی لەناوچونیان لەسەرە و بەڕێوەبەری خانەقاکەش دەڵێت: بۆ پارێزگاری کردن لێیان لە هەوڵی دروستکردنی گەنجینەیەکی گەورەداین.

خانەقا و خوێندنگای بیارە لە ساڵی 1885 لە ناوچەی هەورامانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لەسەردەستی شێخ عومەر شێخ زیائەدین نەقشبەندی دروستکراوە، وێڕای دەوڵەمەندی بە سەدان کتێبی چاپی نوێ، خاوەنی نزیکەی هەزار کتێبی دەستنوسی کۆنە، کە تاوەکو ئێستا پارێزگاریان لێکراوە و هەوڵی هێشتنەوەیان دراوە.

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر نووسینی سەدان کتێبی ئایینی و زانستی و شەرعی و هاتنی چەندین ڕووداوی نەخوازراو بەسەر ناوچەکەدا، بەڵام ئەو کتێبانە ماون و بەهۆی لەچاپ نەدانەوە و لەبەرنەگرتنەوەیان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

کتێبەکان دەستنووسی زانایانی ئایینی و بواری زانستیی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و چەند وڵاتێکی ئیسلامییە و بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی نوسراون و لەکاتی دروستبوونی خانەقاکە بە شێوەی وەقف (بەخشین) نێردراون بۆ کتێبخانەی خانەقاکە.

لەو کتێبانە سود بۆ دوانزە وانەی زانستی و شەرعی وەرگیراوە و بە فێرخوازان وتراوەتەوە و چەندین کەسایەتی ناوداری کورد و کوردستانیش لەم خانەقایە هەڵکەوتوون کە ئەو زانستانەیان وەرگرتوە.

سەرپەرشتیاری خانەقای بیارەش بەناوی مەلا فاخر محەمەد شەقڵاوەیی، بۆ ڕۆژنیوز وتی: ماوەیەک پێش ئێستا بە هەوڵی بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانی سلێمانی و بەمەبەستی زیاتر پارێزگاری لێکردن لەو دەستنووسانە زیاتر لە 400 کتێبیان برد بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی و لە شوێنێکی زۆر باش هەڵیان گرتووە و پارێزگاری لێ دەکەن.

وتیشی: هەرچەند داواشمان لێ کردن کە هیچ نەبێت لەو کتێبانە نوسخەیەک لەچاپ بدەینەوە بۆ ئەوەی سودیان لێ وەرگرین بۆ زۆرترین فێرخواز، بەڵام بەبیانوی کۆنی و دابەزینی کوالیتی ئەوراقەکان ئەو داوایەمان سەری نەگرت.

لەماوەی ساڵانی ڕابردووش بەهۆی چەندین بارودۆخی ناهەموار کە بەسەر ناوچەکە هاتووە، بەتایبەت لەکاتی بوونی گروپێکی توندڕەوی ئەنسارولئیسلام، دەرگای خانەقا داخراوە و زیانیان بە هەندێک لەو کتێبانە گەیاندووە، هەروەها چۆڵکردنی گوندەکانی هەورامان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە هاوڵاتیانەکەی، لەو کاتەشدا زیان بەو کتێبانە گەیەندراوە.

سەرپەرشتیاری خانەقای بیارە، دەشڵێت: ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین کە لەناو خانەقای بیارە گەنجینە و کۆگایەکی تایبەت بە هەڵگرتنی ئەو کتێبە دەستنوسانە دروستبکەین و وەک میراتێکی کلتوری و ڕۆشنبیری تایبەت بە ناوچەکە بیانپارێزین، کە ئەمەش تەنها هەوڵی خۆمانە و هیچ لایەنێکی حکومی و حزبی هاوکاریمان ناکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 461

لە دهۆک 100 تابلۆی شوێنەواری دۆزراونەتەوە

20180521101657104037=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە پارێزگای دهۆک شوێنەوارێکی گرنگی مێژوویی لە گرێ باستکێ لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسانی کوردی - ئەڵمانی دەدۆزرێتەوە، بەگوتەی بەڕێوەبەری شوێنەواری پارێزگای دهۆک، دۆزینەوەی ئەو شوێنەوارانە دەبێتە ڕاستکردنەوەیەک بۆ مێژووی کوردستان.

ناسر عەلی، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕووداو لە دهۆک ڕایگەیاند: لە 50 ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە یەکەمجارە ناوچەیەکی وا گەورەی شوێنەواری بدۆزرێتەوە. لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا تیمێکی کوردی - ئەڵمانی کە نزیکەی 60 کەس دەبوون، لێکۆڵینەوەیان لەو ناوچەیە کردووە.

ناسر ئەحمەد قاسم، بەڕێوەبەری شوێنەواری پارێزگای دهۆک لەبارەی گرنگی شوێنە شوێنەوارییەکە بە ڕووداوی ڕاگەیاند: ئەو شوێنە شوێنەوارییە یەکێک لە شوێنە هەرە گرنگەکانە، شوێنەواری مێژۆتامیایە.

زیاتر لە 100 تابلۆ لە ناوچە شوێنەوارییەکە دۆزراونەتەوە. ناسر ئەحمەد گوتی: ماوەی 3 ساڵە تیمێکی کوردی - ئەڵمانیمان بە سەرۆکایەتی خۆم و د.پیتەر فلتسنەر پێکهێناوە و کاری لێکۆڵینەوە لە گرە دەکەین. خۆشبەختانە لە ساڵی ڕابردووەوە زیاتر لە 100 تابلۆ دۆزراونەتەوە، سەرجەمیان بە خەتی بزماری لەسەریان نووسرابووە، دۆزینەوەی ئەو تابلۆیانەش کە چەندین تابلۆن مێژووی کورد و کوردستان لە ناوچەکە دەردەخەن و دەبنە ڕاستکردنەوەیەک بۆ مێژووی کوردستان.

بڕیارە کاژێر 11:00ی ئەمڕۆ دووشەممە 21-5-2018، لە مۆزەخانەی دهۆکی نیشتمانی سەرجەم تابلۆکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن نمایشبکرێن.[1]

2018-05-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕووداو - 21-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 21-05-2018

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 462

لە دوو گۆڕەستاندا مردووناشتن قەدەغە دەکرێت

2014061622372976708=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان - هەردی حەسەن

هەردوو گۆڕەستان پیرۆتەسوری مەرگە و گردی لۆتەر، مردووناشتن تێیاندا قەدەغەکرا بەهۆی ئەوەی خراونەتە لیستی شوێنەوارە مێژوویەکانی پارێزگای سلێمانی یەوە.

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بڕیاریدا بەقەدەغەکردنی ناشتنی مردوو لە هەردوو گۆڕەستانی (پیرۆتەسوری مەرگە و گردی لۆتەر) و لە ڕێی بەڕێوەبەری ناحیەی بنگردەوە دانیشتوانی گوندی مەرگە و لۆتەر لە و بڕیارە ئاگادارکرانەوە.

حسێن مەحمود، بەڕێوەبەری ناحیەی بنگرد تایبەت بەخەندان ڕایگەیاند، هۆکاری ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو گۆڕەستانە شوێنەواری مێژوویی زۆر کۆنیان تێدایە لە ناوچەکەدا ئێستا ئەم دوو گۆڕەستانە خراونەتە سەرنەخشەی مێژووی شوێنەواری سلێمانی، وتیشی: بڕیارەکە بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواریەکانی دەڤەرەکەمانە تا بەدووربن لە دەست تێوەردانی خەڵکی، بۆیە مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی ناوچەکەمان لەم بڕیارە ئاگادار کردۆتەوە.

بەڕێوەبەری ناحیەی بنگرد ئاماژەی بەوەشکرد لە بری ئە و جێگایانە، شارەوانی بنگرد جێی شیاوو گونجاوی بۆ گۆڕستانی ئە و دوو گونده دیاری دەکات، بەمەرجێک ناوچەی کشتوکاڵی نەبن و گوندنیشینان ڕەزامەند بن لە سەر ئە و جێگایە وەک گۆڕستان.

ناوبراو ئەوەشی خستە ڕوو کە لە سنوری ناحیەی بنگردوو گوندەکانی دەوروبەری 10 ناوچەی شوێنەواری مێژویی گرنگ بوونی هەیە، پێویستە هەموولایەک هاوکاربن لە پاراستنی ئە و جێگە شوێنەواریانە، وتیشی: ڕێکخراوێکی شوێنەواری فەرەنسی سەردانی ناوچەکەمانی کردووە بۆ ڕوپێوی کردن و دیاری کردنی ئە و شوێنەوارەکانی دەڤەری مەرگە.

ناحیەی بنگرد لە ڕووی ئیداریەوە سەربە قەزای دوکانە لە پارێزگای سلێمانی ژمارەی گوندەکانی ئە و ناحیەیە 56 گوندە کە ناوچەکە بەگشتی بە دەڤەری مەرگە ناسراوە و لە ڕووی مێژووی یەوە ناوچەیەکی مێژویی گرنگە کە لەئێستادا 10 جێگەی شوێنەواری گرنگی دیاری کراوی هەیە، مێژووی بەشێک لە گوندەکان و ئە و جێگە ئاساریانە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە ئەوکاتە فەروح پاشا لە و ناوچەدا حکومداری کردووە.

- 2014-06-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-06-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 463

لە دەشتی بتوێن ئاسەواری بینایەک و چەند کەلوپەلێکی مێژووپی دۆزرانەوە

2015102420210886389=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە دەشتی بتوێنی سەر بەقەزای ڕانیە ئاسەواری بینایەکی گەورە و چەند کەلوپەلێکی مێژووی دۆزرایەوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان.

بارزان بایز، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین بە خەندانی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی تیمێکی شوێنەوارناسی لە زانکۆی کۆبنهاگنی دانیمارک هاتنە دەڤەرەکەمان ماوەی 3 ساڵە و بە چەند قۆناغێک و بە هەماهەنگی کاری پشکنینمان بۆ چەند ناوچەیەکمان ئەنجام داوە، لە ئەنجامدا لە (گردی باب و کوڕ)ی دەشتی بیتوێن، ئاسەواری بیانایەکی گەورەی مێژوویمان دۆزیوەتەوە.

وتیشی: لە هەمان شوێندا چەندین کەلوپەلێکی بەکار هاتووی زۆر بەنرخ دۆزرانەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (کاک کۆلسیک)ی سۆمەرییەکان، واتا 3100 بۆ 4000 ساڵ پێش زاین، وەتا ئێستاش کاری پشکنین تێیدا بەردەوامە.

بەڕێوبەری شوێنەواری ڕاپەڕین ئاماژەی بەوەشکرد: بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ئێستادا لەگەڵ 3 تیمی شوێنەواری وڵاتانی بیانی و 1 تیمی فەرەنسی کەکاری ڕوپێوی کردنە، کار بۆ پشکنینی ناوچە شوێنەواریەکان دەکەین کە لە سنووری ئێمەدا زیاتر لە 300 شوێنەواری مێژووی بونیان هەیە، کە بەشێکیان لە سەر نەخشەی شوێنەواری عێراق ناویان تۆمار کراوە.

دەڤەری ڕاپەڕین یەکێکە لە دەڤەرە بەرفراوانەکانی باشوری کوردستان لە سنوری پارێزگای سلێمانی کە زیاتر لە 300 ناوچەی شوێنەواری بوونیان هەیە، کە تا ئێستا و بەشێکی زۆریان کاری پشکنینان و ڕووپێویان بۆ ئەنجام نەدراوە و نەخراونەتە سەر نەخشەی شوێنەواری کوردستان و عێراق.

- 2015-10-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-24

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 464

لە ناوچەی هەورامان گۆڕێکی سێ هەزار ساڵە دۆزرایەوە

2016010818445593497=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئاژانسی کوردپا: لە گوندی ڕەواری سەر بە شاری سەوڵاوا، گۆڕێک دۆزراوەتەوە کە ئێسک و پرووسکی هەشت کەسی تێدا بووە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا.
هەواڵە بڵاوکراوەکان، باس لە دۆزینەوەی گۆڕێک لە نزیک گوندی ڕەوار سەر بە شاری سەوڵاوا دەکەن کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش لە ئێستا و هەشت ئێسکە پەیکەری تێدابووە کە دەگەڕێنەوە بۆ دەورانی چاخی ئاسن.
بە وتەی شوێنەوارناسان، لە ددانەکانی یەکێک لەو 8 کەسەدا کە تەمەنی لە نێوان 16 هەتا 20 ساڵان بووە، بەپێی بەڵگەکان نەخۆشینی هایپوپلازی کە تایبەت بە مینای ددانە، بەدی کراوە.
یەکێک لە هۆکارە ژینگەییەکان کە کارێگەریی هەیە لەسەر سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشینە، کەمبوونی دانەوێڵە لەسیستمی خۆراکدایە کە دەبێتە هۆی کەمبوونی ئامینۆئەسیدی چەوری پێویست، لە لەشی مرۆڤدا.
بە وتەی کارناسانی دێرینەناسی، لەو گۆڕەدا بەشێکی زۆر ددانی مرۆڤ دۆزراوەتەوە کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە تەندروستیی جیسمی و بارودۆخی خۆراک، خەڵکانی چاخی ئاسنی ناوچەی هەورامان نیشان دەدات.
شایانی باسە، لە چەند حەوتووی ڕابردووشدا، شوێنەوارناسان لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری ڕووباری سیروان، چەند ئێسکێکی مرۆڤیان دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 7هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-01-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 465

لە هەرێمی کوردستان زێدەڕۆیی کراوەتە سەر 67 شوێنەوار

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20201101210656389587

ڕامیار جەوهەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شوێنەواری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا 67 ناوچەی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان زێدەڕۆییان کراوەتەسەر، زێدەڕۆییەکەش زۆربەی لەلایەن هاونیشتمانیان بووە، بەشێک لەو پێگانەش لەلایەن کۆمپانیاکان و کەسانی دەسترۆیشتوو بووە، بەڵام مەرج نییە هەموو زێدەڕۆییەکان بەئەنقەست کرابن.
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار نۆ بەڕێوەبەرایەتی لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین، سۆران، زاخۆ، ئاکرێ و دوو فەرمانگەی شوێنەواریان لە قەزاکانی کۆیە و مێرگەسۆر هەیە، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە، ئامارەکان بەمشێوەیەن:
- لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین 45 ناوچەی شوێنەواری زێدەڕۆییان کراوەتەسەر
- ئیدارەی گەرمیان 14 ناوچەی شوێنەواری زێدەڕۆییان کراوەتەسەر
- هەولێر و سۆران 6 ناوچەی شوێنەواری زێدەڕۆییان کراوەتەسەر
- دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ 2 ناوچەی شوێنەواری زێدەڕۆییان کراوەتەسەر
زێدەڕۆییەکانیش بە گوتەی، ڕامیار جەوهەر، بریتین لە تەلبەندکردن، بەکارهێنان بۆ کشتوکاڵ و کێڵان و باخ کردن لەسەری، دروستکردنی حەوزی ماسی، هەڵکەندن، تێکدان بە شۆفڵ، هەڵکەندن و دانانی بورج لەسەر شوێنەکان.
تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی شوێنەوار نییە، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شوێنەواری هەرێمی کوردستان دەڵێت: تاوەکو ئێستا یاسای ژمارە 59ی ساڵی 1936ی عێراق کە یاسایەکی زۆر کۆنە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، بۆیە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای شوێنەوارمان دارێژراوە و د. زێدان ڕەشید، ئەندامی لیژنەکە ڕەشنووسەکەی ئامادەکردووە و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، بەهیواین بەزووترین کات خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-01

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 466

لە کوردستانی کەونارا، نیشتمان وەکوو دایک ڕێزی لێگیراوە

2022082012190142924 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ژمارەیەک شوێنەواری مێژووبی و پەیکەرۆک (پەیکەری زۆر بچووک) لە ئەورووپا و ئاسیا و بەتایبەت لە کوردستان دۆزراونەتەوە، کە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکەن؛ کورد و ژمارەیەکی دیکە لە گەلانی جیهان، هەزاران ساڵ بەر لەئێستا، باوەڕیان بە (دایکە خواوەندەکان) یان (دایک– یەزدان)ەکان هەبووە. ئەم دایکەخواوەندانە هێمای زاوزێ بوون، بۆیە لە شێوەی پەیکەرەکانیاندا مەمک، زێ و زگیان گەورە نەخشێنراوە. ژمارەیەک پەیکەرۆک لەسەر بەرد و شفرەی ئاژەڵان هەڵکەنراون، کە دەموچاویان دیار نییە و گرنگیی بە هێمای ژنانەییان دراوە، وەکوو زاوزێ و شیردان، کە لای مرۆڤی ئەو سەردەمە پیرۆز و گرنگ بوون.

ئاناهیتا، یەکێک لە ناسراوترین ئەو خاتوونەخواوەندانەیە، لە کوردستان ڕێزی لێ گیراوە و لەسەر بەردەنووسەکان نەخشی هەڵکەنراوە و پەرەستگەی بۆ دروست کراوە. وشەی (ئاناهیتا) لە دوو وشەی (ئا) یان (ئانا) و (هیتا) پێکهاتووە. (ئا) یان (ئانا) بە مانای (نا) دێ و پێشگرێکە بۆ ڕەتکردنەوە. وشەی (هیتا) بە مانای (پیس) و (چەپەڵ) ە، بۆیە مانای ئاناهیتا دەبێتە پاک و بێ گەرد و هێمایە بۆ خاتوونەخوای ئاوە خاوێن و پاکەکان.

ئاناهیتا لە کوردستانی کەونارا، یەکێک لە خۆشەویسترین و ناسراوترین خاتوونەخواکانی ئایینی زەردەشتی بوو. پاسەوانی ئاو و ڕووبارەکان بووە، وەکوو یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی سروشت و ئاوەدانی، هێمای زاوزێ و خۆشەویستی و ئەڤین بووە. لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا ژمارەیەک نەخش و پەیکەری بۆ دروست کراوە، وەکوو بەردەنووسی تاقۆسان، کە تێیدا خەسرەوپەرویز شای ساسانی لەنێوان ئەهورامەزدا و ئاناهیتا ڕاوەستاوە. لەم بەردەنووسەدا ئاناهیتا لای ڕاستی شای ساسانییەکان وەستاوە و تاجێکی هاوشێوەی ئەهورامەزدای لەسەرە، بە دەستێکی بازنەی فەڕ و شکۆی یەزدانی گرتووە و بە دەستەکەی دیکەی گۆزەیەکی گرتووە، کە ئاوی لێ دەڕژێ، کە هێمایە بۆ خواوەندی ئاو و ڕووبارەکان و گرنگیی ئاو بۆ کورد ئاشکرا دەکا، کە لەمێژە (ئاو ئاوەدانییە) بووە بە پەندی سەرزاریان. لە شاری کەنگاوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بوونی

پەرەستگەی ئاناهیتا، مەزنی و شکۆی ئەم خاتوونەخوایەمان لە بیر و هزری مرۆڤی کوردی ئەو سەردەمەدا بۆ ئاشکرا دەکات. مێژووی پەرستن و ڕێزگرتنی ئەو خاتوونەخواوەندانە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە بە سەردەمی دایکسالاری ناسراوە، کە دایک لە سەنتەری کۆمەڵگە و پیاو لە پلەی دووەمدا بووە. بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکان، پەرستنی دایکەخواوەندەکان، کۆنترین نەریتی ئایینزایی گەلانی جیهان بووە و هەندێ لە شوێنەوارناسەکان پێیان وایە؛ ئەم نەریتە ئایینییە، لە ڕۆژاوای ئاسیا و دەشتەکانی باشووری ڕووسیا دەستی پێکردووە و لەگەڵ کۆچی گەلانی ئاسیایی بۆ ئەورووپا گوازراوەتەوە. لۆیس هێنری مۆرگان و ژمارەیەک لە توێژەران و شوێنەوارناسان لەو بڕوایەدان؛ لەناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی، دایکسالاری بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بووە، منداڵان ناو و ناسناوی خۆیان لە دایکیانەوە بە میرات پێگەیشتووە و دواتر باوک و باوکسالاری باڵی بەسەر کۆمەڵگەکاندا کێشاوە.

یەکەمین دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی دایکە خواوەندەکان بۆ هەڵکۆڵینەکانی ناوچەی شووش، (یەکێک لە کۆنترین شارە مێژوویەکانی جیهان و شاری گرنگی ئیلامییەکان) و تەپۆڵکەی سەراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە پەیکەرۆکی ژنێک دۆزراوەتەوە، مێژووی بۆ شەش هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. لە ناوچەی چغازەنبیلی نزیک لە پایتەختی ئیلامییەکانیش، خاتوونەخوای (کریریشە) دۆزراوەتەوە، کە دایکەخواوەندی سەرەکی و گەورەی سەردەمی ئیلامییەکانە. ئەم پەیکەرە لە بەرزترین شوێنی پەرەستگەکە هەڵکەنراوە و گرنگترین ڕۆڵی زاوزێ بووە.

لە زەین و دەروونی گەلانی ئەو سەردەمەدا، بەتایبەت لە بیر و هزری مرۆڤی کور، د کە زیاترین شوێنەواری دایکە خواوەندەکان لە جوگرافیای کوردستان دۆزراونەتەوە؛ هێزی ئافراندن و بەدنیاهێنان، شیاوی بەرزترین پلەی پەرستن، ستایش و ڕێزگرتن بووە، بۆیە زەوی و خاک و نیشتمان وەکوو دایک سەیری کراوە، چونکە خاوەن هێزی بەدنیاهێنانی گیاو گوڵ و شینبوونی سروشت بووە.

بۆ مرۆڤی کورد، زەوی و دایک وەکوو سەرچاوەی بەدنیاهێنان ڕێزیان ل ێدەگیرا، وەکوو دایک و ڕەگەزی مێینە سەیری زەوی و سروشتیان کردووە. لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا، زەوی، سروشت و نیشتمان، تەنیا سەرچاوەی ژیان و بوونی مرۆڤ بووە، بۆیە بە دایکی خۆیان دەزانی. لەسەردەمی دایکەخواوەندەکان، بۆ مرۆڤی کورد؛ دایک و نیشتمان لە یەک ئاستدا بوون، بۆیە ژینگەپەرستی و نیشتمانپەروەری و ڕێزگرتن لە خاک، بەشێکی گرنگ بوون لە بیروباوەڕ و ئایینی کۆنی باو و باپیرانمان.

ئەم بابەتە لە لایەن عەزیز موڕادی نووسراوە

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری پاسنیوز - 2022-08-20

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-20

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 467

لەشارێکی ڕۆژهەڵات کۆنترین ئاسەواری مێژویی دۆزرایەوە

2015102821212986421=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕۆژنیوز. شرام هەورامی

لەشاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن شوێنەوار ناسانەوە، شوێنەوارێکی مێژویی دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. هاوکات سەرەڕای هەبونی دەیان شوێنەوار لە ناوچەکەدا، بەڵام تائێستا هیچ مۆزەخانەیەک لە شاری سەردەشت بونی نیە و ئاسەوارەکانیش بۆ دەرەوەی کوردستان دەگوازرێنەوە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ناوەندە مێژوییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەست ڕۆژنیوز کەوتون، ئەوە خراوەتەروو: ماوەی چەند ڕۆژێکە لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی و هەڵکۆڵینی ئاسەوار لە پێنج ناوچەکانی (نیسک ئاوێ، بریسوێ، باڵان، باخێ و برزیلێ)ی سەر بەشاری سەردەشت دەستکراوە بە هەڵکۆڵینی چەند شوێنەوارێکی مێژویی.

ئەوەش زانراوە کە 30 پشکێنەر لە هەڵکۆڵینی شوێنە مێژوییەکانی ناوچەکە توانیویانە چەندین کەرەستەی مێژویی بدۆزنەوە کە مێژووەکەیان بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت ژیان لە چاخی نوێی بەردیندا لەو ناچانە هەبوە و ئەوەش بوەتە جێگەی گرنگی پێدانی زیاتری ئاسەوارناسانی ئێرانی.

هەر لە زانیاریەکاندا ئەوەشخراوەتە ڕوو کە بڕیارە لە درێژەی گەڕان و پشکنیەکانیاندا ئەو تیمە چەندین توێژی دیکەش هەڵبدەنەوە، هاوکات ئەو کەلوپەلانەی کە لەوێ دەدۆزرێنەوە بە مەبەستی توێژینەوەی زیاتر، بۆ مۆزەخانەی ئورمیە دەگوازرێنەوە.

دۆزینەوەی ئەو شوێنەوارە مێژوییە گرنگانە لە شاری سەردەشت لە کاتیکدایە کە سەرەڕای هەبونی چەندین شوێنەواری گرنگ و بەناوبانگ، بەڵام تائێستا ئەو شارە مۆزەخانیەکی تێدانیە و زۆربەی ئاسەوارە مێژوییەکانی ئەو شارە بۆ دەرەوەی کوردستان دەگوازرێنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 468

مافوورێکی بەدەست چنراوی دێرین

20231221180424539117=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مافوورێکی بەدەست چنراوی دێرینی کوردی، وێنەی پاڵەوانی کورد -ڕۆستەمی زاڵ-ی لەسەرە.
مێژووی فەرشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | عربي - Arabic | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (الأرشيف الكردي) ڕۆژی 2023-12-18

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-21

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 469

ماڵی ئەحمەد بەگی میرزا محەمەد ئەمین بەگ

2022010422071340042 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی ئەحمەد بەگی میرزا محەمەد ئەمین بەگ
تەمەنی ئەم خانووە(240) ساڵە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی ماڵی(ماڵی ئەحمەد بەگی میرزا محەمەد ئەمین بەگ) تۆمارکراوە، لەگەڕەکی(قەڵات)ی کۆیەیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

دەیە: 60ەکان (60-69)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-04
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 470
ماڵی پاشا
2015020919564684740=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-02-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 471

ماڵی جەمیل پاشا

2014042314163775942=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی جەمیل پاشا لە ساڵی 1887 بۆ 1889 لەلایەن جەمیل پاشا دروستکراوە، بەڵام بەهۆی ئاوارەبوونی بنەماڵەی جەمیل پاشا، ئەو کۆشکە بەشێکی زۆری وێران بوو بوو، پاش گەڕانەوەی بنەماڵەکەیان شارەوانی گەورەی ئامەد دەستیکرد بە نۆژەنکردنەوەی ماڵەکە و دوای 3 ساڵ کارکردن، ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بە فەرمی ماڵەکە کرایەوە.
لە مەڕاسیمی کردنەوەی ماڵی جەمیل پاشا، هاوسەرۆکانی شارەوانی گەورەی ئامەد و سیاسەتمەدار و نوسەر و کەسایەتی ناسراو و بنەماڵەی جەمیل پاشا ئامادەبوون.
لە وتارێکدا نەجات جەمیل ئۆغلو، نەوەی جەمیل پاشا وتی؛ ئەگەر باپیرم لە ژیاندا بوایە و ئەو پرۆژەیەی دیتبا، دڵنیام زۆر خۆشحاڵ دەبوو.
نەجات جەمیل ئۆغلو کە لە ڕابردوودا سەرۆکی شارەوانی بووە لە ئامەد، دەستخۆشی لە شارەوانی گەورەی ئامەد کرد بۆ نۆژەنکردنەوەی ماڵی جەمیل پاشا.
ماڵی جەمیل پاشا، دەکەوێتە ناوچەی سوری ئامەد و لە کۆڵانە دێرینەکانی شارەکەدایە، ئەو ماڵە لەلایەن شارەوانی گەورەی ئامەد سەرپەرشتی دەکرێت و دەکرێتە گەورەترین مۆزەخانە لە شاری ئامەد.
خەندان - شاسوار مامە – ئامەد
- 2014-04-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان
کاتی تۆمارکردن: 2014-04-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 472

ماڵی حاجی ئەحمەدی پیرۆز - قوتابخانەی زەهرای کچان

2012100321085773386=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-10-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 473
ماڵی حاجی عوسمان ڕەشید چاوڕەش
2013052620014978440=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-05-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 474

ماڵی ساڵحی کەلەپور

20180426125441103850=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵەکەی ساڵحی کەلەپوردا، 10 هەزار کەلوپەلی کەلەپوریی هەیە، بێ ئەوەی یەک پارچەیان دووبارە بێت، بەمەس بووە بە یەکەمین ماڵی کەلەپوریی ناحکومیی.
ساڵح محەمەد-ی تەمەن 64 ساڵ ئەو هاوڵاتییەیە، کە خۆشەویستی بۆ کۆکردنەوەی پارچەی کەلەپوریی ماوەی 43 ساڵە ماڵێکی بە ناوی (ماڵێ ساڵحی کەلەپور) لە ناوەڕاستی بازاڕی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان لە ژێر زەمینێکدا داناوە و خەڵک لە ناوخۆی گەرمیان و دەرەوەی گەرمیان و هەندێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە دێن بۆ بینینی.
ماڵی کەلەپوری ساڵح ساڵی 1975 دروستکراوە و دوای پرۆسەی ئەنفال لە ساڵی 1988 ئەم ماڵە ڕووی لە فراوان بوون کردووە، لەکوردستاندا یەکەم و گەورەترین ماڵی کەلەپوری ناحکومیە، کە زیاتر لە 10 هەزار پارچەی کۆنی کلتوری و کەلەپوری تێدایە، کە کەلوپەلی پارچەکانی تری کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی دیکەی تێدایە، هەروەها پارچەی وای تێدایە لە جیهاندا وێنەی نیە و هیچ پارچەیەکی تێدا دووبارە نیە.
لەماڵەکەی ساڵحدا، کتریبەکی ئاو گەرمکردن هەیە 240 پیاڵە ئاو دەگرێت و پێنج کیلۆ و نیو قورسە و 1200 ساڵ تەمەنی دەبێت و وێنەی سەعید شیرازی لەسەر نەخشێنراوە، تفەنگی شەڕەکانی سەردەمی شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد یش لەو ماڵەدا هەیە.
هەروەها، مەنجەڵ هەیە حەوت سەر ئاژەڵی تێدا جێدەبێتەوە لەکاتی لێنانی خواردندا، زیاتر لە 50 کیلۆ قورسە و خواردنی نزیکەی 300 کەسی تێدا جێگادەبێتەوە.
هەر لە ماڵەدا مۆرێک هەیە مێژووەکەی بۆ 2800 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، سکەی پارەی ساسانی و ڕۆمانی و عەباسی و فەرهادی تێدایە، هەروەها کتێبێکی تێدایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 800 ساڵ پێش ئێستا.
هەروەها، خەنجەر و بڕنەو و بێشکە و دەوار و چیخ-ی تێدایە، کڵاو زەڕ و هەیاسە و کەمەرەی تایبەت بە بووک، سێ پاو و دەسک و هاوەن تایبەت بە کونجی و خورما و قاپ و چرا و تەزبیح و سەماوەر و تەلەفزیون وجاجم و فەرشی تێداهەیە و هیچ پارچەیەک لە پارچەکانی ئەم ماڵە کەلەپورە تێدا نیە تەمەنی 100 ساڵ کەمتر بێت، پارچە هەیە، کە تەمەنی دوو تا چوار هەزار ساڵ تێدایە.
ساڵح محەمەد، بە کرێی خانوو و ئەو مووچەیەی وەری دەگرێت، ئەو کەلوپەلانە دەکرێت و وەک خۆی باسیکرد، تەنانەت پارەی بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل کۆکردووەتەوە، بەڵام لە خۆشەویستیی بۆ کەلوپەلی کۆن، ئۆتۆمبێلەکەی نەکڕیوە و پارەکەی بۆ کڕینی چەند پارچەیەکی دیکەی کەلەپەوریی خەرج کردووە.
ماڵە کەلەپوریەکە، زیاتر لە 12 ساڵە لەژێر زەمینێکدایە، چەندین جار داوای لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەشێک لەبەرپرسانی حزبی و حکومی کردووە بۆ ئەوەی هۆڵێک یا مۆزەخانەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکەن تا ئەم کەلوپەلە کەلەپوریانە لەناو نەچێت، بەڵام هاوکاریان نەکردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-26

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 475

ماڵی سمایل ئاغای غەغوری لە کۆیە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220111155608401172



ماڵی سمایل ئاغای غەغوری لە کۆیە

ئەم خانووە ماڵی(سمایل ئاغای غەفوری)یە، لە کۆیە، دەکەوێتە گەڕەکی(قەڵات)ی ساڵی دروستکردنی(1415)ی کۆچی یە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی، پاشکۆیەکەی بەردێکە بەفارسی لەسەری نوسراوە(پیرۆزت بێت ئەم کۆشکە بەرزە، شوێنی خۆشی و زەیی و دڵگەشی و نوێژ بۆ خوا و پەرستش).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەم وێنەیە بەتایبەتی لەلایەن (شەماڵ ئەحمەد)ەوە لە ڕۆژی 2022-01-11 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022-01-11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 476

ماڵی سۆفی کەریم سەراج

2014091811337116147=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی سۆفی کەریم: یەکێک لە بینا کەلەپوری و مێژوویەکانی سلێمانی و مێژووی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1890، بیناکە لەئێستادا بەبڕی 447 ملیۆن دینار کاری نۆژەنکردنەوەی لەسەر دەکرێت نزیکەی 60%ی کارەکانی تەواو بووە.
- 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 477

ماڵی شێخ مەحمودی حەفید

2010102516002110238=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سلێمانی

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-10-25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 478

ماڵی عەلی مام شێخە

2014091811350811615 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە بینا کۆنەکانی سلێمانی ساڵی 1920 بونیاد نراوەو لەسەر بودجەی پارێزگا بەبڕی 500 ملیون دینار لەلایەن شوێنەواری سلێمانییەوە نۆژەن دەکرێتەوە.

- 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 479

ماڵی میرێکی بابان لە گەرمیان

2014102915412877852=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-10-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 480

ماڵی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەگەڕەکی حاجی حان لە سلێمانی، پێش ئەوەی بچێتە بەغدا، مەلا عەبدولکەریم و خێزانەکەی،لەم خانوەدا ژیاوە

2015030812094766875=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-03-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 481

ماڵی مەلای گەورەی کۆیە

2022010422124240042 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی مەلای گەورەی کۆیە
ماڵی زانای پایەبەرزی کورد(مەلا محەمەدی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە) ساڵی(1876) لە کۆیە لەدایکبووە، تەمەنی خانووەکە(200) ساڵە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی ماڵی(مەلای گەورەی کۆیە) تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی(بایزاغا)ی کۆیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خانوو
دەیە:	80کان (80-89)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-04
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 482

ماڵی ڕەسوڵ ئاغای حەوێزی

20220105171011400479=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی ڕەسوڵ ئاغای حەوێزی
بەداخەوە ئەم کۆشکە ڕووخاوە، تەمەنی(200) ساڵە، لە لیستی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، بەناوی کۆشکی(ماڵی ڕەسوڵ ئاغای حەوێزی) تۆمارکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی(قەڵات)ی کۆیە، وێنەکە فۆتۆگرافەری شوێنەوارناسی(شەماڵ ئەحمەد) گرتویەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	خان
دەیە:	80کان (80-89)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-05
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 483

ماڵی ڕەشید عوسمان چاوەیش

2014091811343311614 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی ڕەشید عوسمان چاوەیش: یەکێکە لە بینا کۆنەکانی سلێمانی و لەساڵی 1885 لەسەر ڕووبەری 1000 مەتر دووجا لەسەر دەستی وەستای کورد و فارس و تورک بونیاد نراوە، پاشان بیناکە لەکاتی هاتنی ئینگلیزەمان بۆ سلێمانی کراوە بە نەخۆشخانەو بە یەکەم نەخۆشخانەی سلێمانی دادەنرێت، بیناکە لەئێستادا لەسەر بودجەی پارێزگا بەنزیکەی 700 ملیون دینار نۆژەن دەکرێتەوەو کاری نۆژەنکردنەوەکەش بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆیەوە دیووەو بڕیارە بەهاری ئایندە سەرجەم کارەکانی نۆژەنکردنەوەکە تەواو بکرێت.

- 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 484

ماڵی کەریمی ئەلەکە لە سلێمانی

2013030311351480509=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-03-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 485

ماڵی ڕەوف سەراف

2014091811340211614 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی ڕەوف سەراف: بینایەکە دەکەوێتە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی و مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1932، کارەکانی نۆژەنکردنەوەی ئەو بینایەش لە کۆتایی نزیک بووەتەوە و بڕیارە وەک هۆتێلێکی کەلەپوری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانییەوە سودی لێ وەربگیرێت.

- 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 486

مزگەوتی جامع لە شاری ورمێ

2016032316165213090 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی جامعلە شەقامی ئیقبال و لە ناوەڕاستی بازاری کۆنی شاری ورمێ هەڵکەوتووە و بە یەکێک لە بینا مێژوویییەکانی ئەو شارە دێتە ئەژمار. بینای ئەو مزگەوتە پێشتر ئاورگە بووە و دوای هاتنی عەرەب لە سەدەی حەوتەمدا کراوەتە مزگەوت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-03-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 487

مزگەوتی حاجی حان

2014103111013211706 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-10-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 488
مزگەوتی حەمامیان لە شاری بۆکان

2023061612413249905 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی حەمامیان لە شاری بۆکان، 1910ی زایینی.
مزگەوتی حەمامیان و پاشماوەی قوتابخانەیەکی کۆن، بەشێک لە پۆلەکانی تا ئێستا وەک خۆیان ماون، دەکەوێتە گوندی حەمامیان، 3 کیلۆمەتر لە شاری بۆکان لە ناوچەی موکریان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مزگەوتی حەمامیان لە ساڵی 1910ی زایینی واتە پێش جەنگی جیهانی یەکەم درووستکراوە. دامەزرێنەرەکەی (مەحمود ئاغا ئیلخانیزادە) ، یەکێکە لە پیاوانی بنەماڵەی ناسراوی کورد ئێلخانی. مزگەوتی حەمامیان لە شێوەی چوارگۆشە درووستکراوە و ئەو کەرەستانەی کە لە درووستکردنیدا بەکارهێنراون پێکهاتبوون لە تێکەڵەیەک لە بەردی تەخت لە کانەکانی دەوروبەری و خشت و دار گوێز. بناغەی مزگەوتی حەمامیان لە قوڵایی 20 مەتر درووستکراوە، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بوومەلەرزە و لافاو. ئەم مزگەوتە بە یەکدەنگی ستوونەکانی لەگەڵ سەقفی مزگەوتەکە دەناسرێتەوە. وە لەسەر سەقفی مزگەوتی تاکە قوبە، بەرگێکی دوو چین بە شێوەیەکی ڕەسەن درووست کراوە، و بە خشتی چوارگۆشە و نیگارکێشانی سەوزە ڕازاوەتەوە. لە تەنیشت مزگەوتی حەمامیانەوە، پاشماوەی قوتابخانەیەکی کۆن هەیە، بەشێک لە پۆلەکانی هێشتا وەک خۆیان ماون و بە دووری 30 مەتر لە دیوی باکووری ڕۆژاوای قوتابخانەکەوە، دەستنوێژخانەیەک هەیە. لێرەوە ڕوونە کە قوتابخانەکە بۆ خوێندکارانی زانستە ئایینیەکان بووە. وە لە دەرگای چوونە ژوورەوەی مزگەوتەکە هۆڵێکی چوار ستوونی بە سەکۆیەکی تاڕادەیەک کوورت درووستکرابوو، کە بۆ ڕێوڕەسمی تایبەت یان بۆ پەروەردەکردنی پرسەی مردووانی گوندەکە بەکاردەهێنرا، سەقفی هۆڵەکە بە دار شوتی داپۆشراوە، و ستوونەکانی بە شێوازی نەریتی کوردی بنیات نراون. دەرگایەکی بچووک هۆڵەکە بە حەوشەی سەرەکی مزگەوتەکەوە دەبەستێتەوە. قوبەی مزگەوتەکە بەشێوەیەکی پلەبەندی درووستکراوە، وە وەک باقی بەشەکانی مزگەوتەکە وایە کە بە خشتی نەخشێنراو ڕازێنراونەتەوە. لە چوار لای مزگەوتەکە، چوار تاوەری خشتی لەژێر سەقفەکەدا هەیە. میحرابی مزگەوتەکە دەکەوێتە نێوان دوو پەنجەرە و لە قوڵایی میحرابەکەدا پەنجەرەیەکی بچووکی دیکە دانراوە. دیواری مزگەوتەکە بە خشت ڕازاوەتەوە.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت
دەیە: 90دەکان (90-99)
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Translated from Arabic to Kurdish by Kurdipedia - Vejen Kişto
[2] تۆڕی کۆمەڵایەتی | عربي - Arabic | Social Media; Facebook; Page (تاریخ کورد و حضارة کوردستان)
کاتی تۆمارکردن: 2023-06-16
ناوی تۆمارکار: ڤەژەن کشتۆ

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 489

مزگەوتی خادم سوجادە

20220208235616404388=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی خادم سوجادە نالی و سالم و مەولانای نەقشبەندی لەم مزگەوتە دەرسیان خوێندووە.
مزگەوتی بنەماڵەی خادم سوجادە و باپیرانی شاعیر (زەینەب خان) ناسراو بە کچە کورد و شاعیری نەتەوەیی (دڵدارە)، لەم مزگەوتەدا نالی و سالم و مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەرسیان خوێندووە. ڕۆژگارێک ئەم مزگەوتەی بنەماڵەی (خادم سوجادە) لە کۆیە وەک ئەکادیمیایەکی گەورە بووە لە کوردستان، جاران مزگەوتێکی گەورە بووە، بەڵام بەداخەوە لەماوەی ڕۆژگارو نەمانی ئەم خانەوادە گەورەو کورد پەروەرە تەجاوزاتی زۆری کراوەتە سەرو بەحاڵەحاڵ ماوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت

سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەیجی شاری کۆیە

کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 490

مزگەوتی خانەقای مەحوی

2014103111002377859=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری سلێمانیەوە، لە ساڵی 1891دروستکراوە و ئێستا 125 ساڵ بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕیوە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دوهەمەوە بەخشرا بەمەلا محەمەدی مەلا عوسمانی باڵخی (مەحوی)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-10-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 491
مزگەوتی دانیاڵ پێغەمبەر
2010121211483312531=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قەڵای کەرکووک

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2010-12-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 492

مزگەوتی دوومنارە

200903091658361630=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم مزگەوتە لە بەشی کۆنی شاری سەقز دایە. مێژووی ئەم مزگەوتە نادیارە، بەڵام دانیشتوانی ئەم بەشەی شار مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی کۆتایی ئەفشارییەکان و سەرەتای زەندییەکان. ئەم مزگەوتە دوو منارەی هەیە، بۆیە هەر بەم ناوەشەوە ناسراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2009-03-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 493
مزگەوتی سوور
2018010215074510331 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی سوور، یەک لە مزگەوتە کۆنەکانی شاری مەهاباده.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: گەڕەک
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 494
مزگەوتی گەورە لە ئامەد

2018072611515010441 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 495

مزگەوتی گەورەی ئامەد

20240803012209585871=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی گەورەی ئامەد (بە کوردیی باکووری: Mizgefta Mezin a Amedê، بە تورکی: Diyarbakır Ulu Camii). پێشتر کڵێسای ست تۆماس کریستیان بوو، کە یەکێبووە لە کۆنترین کڵێساکانی مێژوو. لە ئێستادا 2024، مزگەوتی گەورەی ئامەد شوێنی 5000 نوێژکەری تیادا دەبێتەوە و توانای میوانداریکردنی هەر چوار مەزهەبەکەی ئیسلامی هەیە. مزگەوتەکە حەوشەیەکی هەیە کە 63 مەتر درێژە و 30 مەتر پانە.

ڕۆژی دامەزراندن: 01-01-1091ی زایینی

ڕۆژی کۆتایی هینان بە کارکردن لێی: 01-01-1092

ئەو مزگەوتەی کە ئەمڕۆ پێی دەناسرێتەوە، لەلایەن فەرمانڕەوای سەلجوقی مەلیک شا درووستکراوە. بیرۆکەی دیزاینی مزگەوتەکە، لە مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق وەرگیراوە. لەناو مزگەوتەکە چەندین نووسراو بە شێوازی کوفی هەیە، وێنەی دوو شێر دەبینرێت کە پەلەماری دوو گامێش دەدەن.

مزگەوتەکە لە ساڵی 1155، تووشی سووتان هاتووە. مزگەوتەکە بە یەکێک لە گرنگترین و ناسراوترین مزگەوتەکانی میسۆپۆتامیا دادەنرێت. لەو کاتەی ئەم شوێنە لە کڵێساوە کراوە بە مزگەوت، لەلایەن موسڵمان و کریستیانەکان بەکارهاتووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	مزگەوت
دەیە:	90دەکان (90-99)
سەدە:	سەدەی 11 (1000- 1099)
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
وڵات:	باکووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ویکیپیدیا - 2024-08-03

کاتی تۆمارکردن: 2024-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 496
مزگەوتی گەورەی سلێمانی

200911062353062505=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەناوبانگترین مزگەوتەکانی سلێمانییە، گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمری لێیە.
مزگەوتی گەورەی سلێمانی دروستکەری ئیبراهیم پاشای بابان بووە کە دروستکەری شاری سلێمانی بووە گەورەترین و بەناوبانگترین مزگەوتی سلێمانی بووە، یەکەم مامۆستای ئەم مزگەوتە شێخ مارفی نۆدێ بووە، پاش کاک ئەحمەدی شێخ سەید غەوسە و شێخ محێدینی سەید غەوسە خەتیبی بوو، لە زەمانی کاک ئەحمەد دا حاجی مەلا عەزیزی دێلێژەیی کراوە بە واعیز، لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا شوێنی کلپەسەندنی جۆشی نیشتمان پەروەریی بووە، تەرمی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر لەوێ نێژراون. یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینی تیا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابان لەوێیە. یەکەم مناره لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە لەسەر بریاری سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی 1308ی کۆچی، لە ساڵی 1998دا لەسەر ئەرکی هەڤاڵ مام جەلال مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر تەعمیر کرا و قوببەیەکی جوان و قەشەنگی بۆ دروستکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

کاتی تۆمارکردن: 2009-11-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 497
مزگەوتی مانوشهر
2022032518480240905 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مزگەوتی مانوشهر
شوێن: باکووری کوردستان
پارێزگا: قارس
گوند: ئانی
ماوە: دەوڵەتی شەدادی کوردی
دامەزرێنەر: مانوشهر بەگ
بەرواری دەستپێکردن: 1072 زایینی
مزگەوتی مانوشهر بەناوی میری کورد مانوشهر، سەرۆکی بنەماڵەی شەدادییەکان کە فەرمانڕەوای ئانی بوون کراوە، هێشتا کۆنترین بەشی مزگەوتەکە، منارەکە یە، کە دۆخی خۆی پاراستووە و بەگەورەیی لە سەر ڕووە و باکووری منارەکە نوسراوە بسم الله.
ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گوندی ئانی کە لە دووری 44 کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شاری قارس لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئاخوریان لەسەر سنووری ئەرمەنستان و باکووری کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت
دەیە: 70کان (70-79)

شار و شارۆچکەکان: قارس

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مێژووی کورد

کاتی تۆمارکردن: 2022-03-25

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 498

مزگەوتی مێژووی مانوشهر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230129115146462347

مزگەوتی مێژووی مانوشهر
ئەم مزگەوتە دەکەوێتە ناوچەی شوێنەواری ئانی کە 48 کیلۆمەتر لە ناوشاری قەرسەوە دوورە لە باکووری کوردستان. لە ساڵی 1072ز لەلایەن میری کورد مانوشهر بەگ درووستکراوە هەر بەناوی خۆی کراوە.
مزگەوتی مانوشهر بەناوی میری کورد مانوشهر ، سەرۆکی بنەماڵەی شەدادییەکان کە فەرمانڕەوای ئانی بوون کراوە ، هێشتا کۆنترین بەشی مزگەوتەکە، منارەکە یە، کە دۆخی خۆی پاراستووە و بەگەورەیی لەسەر ڕووەو باکووری منارەکە نووسراوە بسم الله. ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گوندی ئانی کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری قەرس لە کەناری ڕۆژاوای ڕووباری ئاخوریان لەسەر سنووری ئەرمەنستان و باکووری کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت

سەدە: سەدەی 11 (1000- 1099)

شار و شارۆچکەکان: قارس

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Farhad Nasir فرهاد ناصر) ڕۆژی 29-01-2023

کاتی تۆمارکردن: 29-01-2023

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 499

مزگەوتێک لە بەردەڕەش تەمەنی 1000 ساڵە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220619175745419126

مزگەوتێک لە شارەدێی دارەتووی سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا تاوەکو ئێستا نەخراوەتە نێو لیستی شوێنەوارەکانی ئێراق.

عومەر حوسێن شەریف ماستەر لە شوێنەوارناسی بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: مزگەوتی کۆنی شارەدێی (دارەتوو)ی سەربە شارۆچکەی بەردەڕش لە سنووری پارێزگای دهۆک بەو شێوەیەی ئێستای کە هەیە لە ساڵی 1805 زایینی لە خشت و قوڕ دروستکراوەتەوە، سەری مزگەوتەکە بە دار داپۆشراوە و ناوەوەی مزگەوتەکە لە دوو هۆڵ پێک دێت کە درێژایی هەر هۆڵێکی 25مەترە و پانییەکەی هەر دوو هۆڵەکە 8مەترە و لە سەر شێوازی کۆن دیوارەکانی نەخشێنراون.[2]

ڕوونیشیکردەوە خەڵکی ناوچەکە لە سالی 1805زایینی مێژووی ئەم مزگەوتەیان نوسیوەتەوە بەڵا م بەپێ ئە و پسپۆرییەی کە لە بواری شوێنەواری کۆن و ئەو لێکۆلینەوانەی کە لە سەر ئەم شۆینەوارە ئەنجامدراون و ئەو بەڵگانەی کە لە لێکۆلینەوەکان دەستمان کەوتوون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، چونکە زۆر بەڵگە هەن ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن بۆ نموونە دوو جار ئەم مزگەوتە نۆژەن کراوەتەوە دواجار کە نۆژەنکراوە لە سالی 1955 بووە.

گوتیشی: لە کاتی لێکۆلینەوەکانمان لە سەرچینەکانی دیواری مزگەوتەکە شتێکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش کە بەر لەم دوو جار نۆژەنکردنەوەیە چەندین جاری دیکەش نۆژەنکراوەتەوە کە لە چینەکانی سەر دیوارەکەوە دەردەکەوێت، ئەوەش دەمانباتە سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، هەروەها چەندین بەڵگەی دیکەش لەم ناوچەیە هەیە کە گەواهیدەری ئەم ڕاستییە بن.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەپێی بەڵگەکان مێژووی درووستکردنی مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە لە هەزار ساڵ پێش ئێستا، ڕاشیگەیاند: تاکو ئێستا گرنگی بەم شوێنەوارە نەدراوە و نەخراوەتەوە ناو لیستی شوێنەوارەکانی ئێراق.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

سەدە: سەدەی 13 (1200- 1299)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2022-06-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 500

ملوانکەیەکی بەردین لە مۆزەخانەی دهوک

[2023041516084248272 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

ملوانکەیەکی درووست کراو لە بەرد لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-15

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 501

منارەی چۆلی

20081216224102796=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

یەکێکە لە دیارترین سیماکانی شاری هەولێر و لەگەڵ قەڵای دەستە خوشکی بوونەتە پاشکۆی ناوی هەولێر.
منارەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری قەڵات و چەند کیلومەترێک لێیەوە دوورە گوزارشت لە دووەم چاخی زێڕینی شار دەکات، دوای فەرمانڕوای ئاشووری کە قەڵاتی هەولێر ببووە مەڵبەندێکی ئایینی لەسەرانسەری ئیمبراتۆریەتی ئاشووری، لە چاخی دەوڵەتی بەکتکینی وبەتایبەتی لە فەرمانڕەوایی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبەری (1190-1232) زایینی کە مەزندە دەکرێ ئەم منارەیە پاشکۆی مزگەوتێکی گەورە بێت لەو سەردەمە دروستکرا بێت.
بەپێی نەخشەیەکی بەردەستی ساڵی 1232ز وە بەهۆی گەشەسەندنی شار و کشانی باری ئارامی و دڵنیایی بەسەر هاووڵاتیان بۆ یەکەم جار خەڵک لە دەرەوەی قەڵات جێگر دەبن و سوڵتان بەم مەبەستەش دوو قوتابخانە و مزگەوتێک و بازاڕی قەیسەری لەخوارووی قەڵات دروستکردووە، بەڵام دوای کۆچی دوایی سوڵتان و هێرشەکانی مەغول و جەلائیری و ئیلخانی و تورکمانی و سەفەوی بۆ سەر هەولێر ئەم بەشەی شار لە دەرەوەی قەڵات تووشی ڕووخان و کاوڵبون هاتووە.
شوێنی منارە تا سەرەتای سەدەی ڕابردوو جۆڵەوانی بووە و کەسی لێ نەژیاوە بۆیە ناونراوە(منارى چۆلی) و هەر لەبەر ئەم هۆیەش دەستکاری و فەرامۆشی کردووە تاوەکو لە ساڵی 1935 حکومەتی عێراق بە فەرمی بە شوێنەواری داناوە و دواتر لە ساڵی 1960 بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراقی شورای بۆ دروستکرد و کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجامدا.
شێوەی منارە
منارەی چۆلی لە دوو بەشی پێک دێت:
1- بنکەی منارە
بریتیە لە بەشی خوارەوەی منارە کە بە شێوازی ئەندازیاری دیار ناکەویت چونکە شێوەی 7 پاڵووە لەوانەشە لەسەرتای خۆی 8 پاڵوو بووبێت بەڵام بە هۆکاری دروستکردنی لەپال دیواری مزگەوت بەم شێوازە دروستکراوە چونکە دوای 7 مەتر

دیوارەکە دووبارە دەبێتەوەشێوەیەکی هەشت پاڵوی ڕێک.
ئەم بەشە کە درێژیەکەی بریتی یە لە 15 مەتر دوو دەرگای هەیە یەکیان ڕۆژئاوا و ئەوەی تر ڕووە و ڕۆژهەڵات کە هەر یەکیان پلیکانەیەکی هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوەی منارەکە بەشێوازی پێچاو پێچ کە یەکتری نابڕن و ئەوەی لە دەرگایەک سەرکەوتبێت تا کۆتایی منارەکە ئەوی تر نابینێت.
سەرجەم نەخشەکانی ئەم بەشە لە خشتەو تاق و پەنجەرەی داخراو پێک دێت و دوو شریتی هەیە بە شێوازی پیتەکانی X و W.
2- لوولەی منارە
بریتییە لە بەشی سەرەوەی منارەکە و بە تیرەی (21)پێ و بەرزایی (22، 10) م ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر بەشی دووەم و لە شێوەی لوولەیی دایە و لە وانەیە لە کاتی دروستکردن بەرزتر بێت، بەڵام بەهۆی کەش و هەوا و چاکنەکردنەوەی بەشی سەرەوەی ڕووخا بێت.
منارەی چۆلی
دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەڵاتی هە ولێر بە دووری 500مەتر، لەسەردەمی سوڵتان موزەفەر پێش (800) ساڵ لە مەوبەر دروستکراوە، مزگەوتێکیشی لە تەنیشت بووە، کە 45 مەتر درێژ بووە، ئێستا مزگەوتەکە نەماوە تەنها بناغەکەی دیار ماوە، منارەی چۆلی (17) مەتر بەرزە، دەڵێن پێشتر (45) مەتر بەرزبووە، بەڵام بەهۆی بروسکە وە (8)مەتری ڕووخاوە، شوێنەواری ڕووخانیشی لەسەر ماوە، دوو دەرگای هەیە بۆ چوونە ژوورەوەی درێژی هەر دەرگایەک دوو مەتر و نیو دەبی، هەر دەرگایەک کە لێی دە چیە ژوورەوە پەیژەی خۆی هە یە تێیدا بە سەربکەوی بێ ئە وەی تووشی یەک بن. هەر پەیژەیەک (110) پلە یە (پەیژەیە).
لەلای ڕۆژهەلاتی لە بەرزی پەنجەرەکی هەوایی هەیە، ڕووی دەرەوەی منارەی چۆلی نە خشدارە وەک منارەی شەنگال و حەدبا لەسالی (1960)عێراق تیمی پشکنینی بۆ ناردووە.[1]

ناوی مێژوویی و ڕاستی (المنارة المظفرية) مزگەوت و قوتابخانەیەکی مەزنی ئەو سەردەمە بووە، من لە پەرتووکەکانی خۆم بەتایبەتی (مظفرنامە) زۆر بەوردی باسی ئەو منارەیەم کردووە (سلطان مظفر)ی میرير ئەمارەتی ئەربیل، جومعە و جەژن و نوێژی تێدا کردووە.
(خسرو بیربال القصاب)
مظفرنامە (موزەفەرنامە) سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبورو (امیر اربل)
مظفر نامە

⚠️ تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکاریەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: منارە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووتك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (109) .
کاتی تۆمارکردن: 2008-12-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 502

منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ

2013110316273088070=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2013-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 503

مۆری فەرمی شێخ مەحمودی حەفید

2012081409185067450=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مۆری فەرمی شێخ مەحمودە لەدوو سەردەمی جیاوازی فەرمانڕەوایدا لێرەدا ئەوەی کە جێگەی سەرنجە شێخ مەحمود پێشگرو پاشگری ووشەی (شێخ یان حەفید) کە وەک نیشانەیەک بۆ خۆی یاخود بنەماڵەکەی بەکارنەهێناوە لە زۆربەی نووسراوەکانیدا بەتەنها مەحمودی نووسیوە ئەگەر بەکاریشی هێنابێت زۆر کەم و دەگمەنە. ئەم کارە زۆر ئاسایی یە نەک بۆ شێخ مەحمود بەڵکو بۆ هەر هاونیشتمانی یەک تەنانە ت لەم ڕۆژگارەدا نازناو یاخود ناوی خانەوادەکەی یان عشیرەتەکەی هەڵبگرێت بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە و پرسیارە ئەوەیە نزیکەی 100 ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی داخراو عەشائیریدا کە نەریت و کلتورە دێرینەکان بە تایبەت ئینتیمای عەشائیری و خێزانی لەو پەری لوتکەدا بووە شێخ مەحمود ئەو هەنگاوەی هاویشتووە تەنها بەناوی مەحمود پێناسەی بۆ کەسایەتی خۆی کردووە و ئەو هەنگاوەش پێویستە وەک نیشانەیەک بۆ ژیری و وورد بینی تەنانەت وەک ئازایەتی یەکی کەم وێنە لە مێژوویی خەباتی شێخ مەحمود دا تەماشابکرێت.
ئەرشیفی داناز عەبدولڕەحمان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 504

مۆزخانەی کەلەپووری کورد لە سلێمانی مەترسیی لەناوچوونی لەسەرە

2019021909400126189 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مۆزخانەی کەلەپووری کورد لە سلێمانی، تەمەنی دروستکردنی بیناکەی 118 ساڵە و نزیکەی 40 ساڵیشە کراوە بە مۆزەخانەیەکی کەلەپووری، بەڵام ماوەیەکی زۆرە پشتگوێ خراوە و بە هۆی مەترسی داڕووخانی دیوارەکانی مەترسی لە ناوچوونی لە سەرە و سێ ساڵە بە ڕووی هاوڵاتیاندا داخراوە.

بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە و شوێنەوار ناسان و هاوڵاتیانیش بوونی مۆزەخانەی کەلەپوری بە گرنگ دەزانن و داوای پاراستنی دەکەن.

مۆزەخانەی کەلەپوری کورد، دەکەوێتە گەڕەکی دەرگەزێنی نزیک ئەسحابەسپی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی 1901 لە لایەن بنەماڵەی حاجی فەقێ شاڵییەوە دروستکراوە و دواتر ساڵی 1970 لە لایەن زانکۆی سلێمانییەوە وەرگیراوە و لە ساڵی 1975 کراوە بە مۆزەخانە.

مۆزەخانەکە ڕووبەرەکەی نزیکەی 1000مەتر دووجایە، ماوەی سێ ساڵە دەرگاکەی بە هۆکاری کۆنی بیناکە و زیان گەیشتن بە دیوارەکانی لە ناوەوە و دەروەوە، بە ڕووی هاوڵاتیاندا داخراوە، ئەوەش لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێک دیوارەکانی بە لەبغ کردنی ڕووی دەروەوە نۆژەن کردووەتەوە، بەڵام بەهۆی خراپ0ی نۆژەنکردنەوەکە و مەترسی ڕووخانی هێشتا ناتوانرێت ڕێگا بدرێت هاوڵاتیان و گەشتیاران سەردانی بکەن، چونکە بومەلەرزەکەی ساڵی 2017ش زیانێکی زۆری بە دیوارەکانی گەیاندووە و لە چەند شوێنێک درزی بردووە و مەترسی ڕووخانی زیاتر کردووە.

سەرەڕای نۆژەنکردنەوەی، مۆزەخانەکە لەسەر شێوەی بنەڕەتی خۆی هێڵدراوەتەوە، باڵەخانەکە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی ژێرەوە بریتییە لە پێنج ژوور، نهۆمی سەرەوەش بە هەمان شێوە پێنج ژوور لە خۆ دەگرێت و حەوشەکەشی حەوزێکی بێ ئاوی تێدایە و زەوییەکەشی بە چیمەن داپۆشراوە، ئەوەی کە جێگای سەرنج بێت هەر کەس سەردانی بکات لەوە تێدەگات کە ئەم مۆزەخانەیە ئەگەر ئاوا پشتگوێ بخرێت هێدی هێدی لە لەناوچوون نزیک دەبێتەوە.

ئەم مۆزەخانەیە ئەو کەلوپەلانە لە خۆ دەگریت کە جوتیار و وەرزێرەکان لە سەرەتای کاری دەستیان بە کاریان هێناوە، جگە لەوانە کەلوپەلی ناوماڵ و جوانکاری و زۆر شمەکی دیکەی لە مس و تەختە دروستکراو و جۆرەهای تری تێدایە، کە ژمارەیان بە هەزاران دەبێت، چونکە لە هەر جۆرێک 50 بۆ سەدان پارچەی هەیە، نموونەش نزیکەی سەد جۆر کڵاوی ژنان و پیاوان هەیە کە لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستانەوە کۆکراونەتەوە، کە جگە لەوانە کەلوپەلی نەتەوەکانی تریش لەخۆ دەگرێت وەک نەتەوەی تورک و عەرەب و فارس.

کۆنترین پارچە لەم مۆزەخانەیە گۆزەیەکی تایبەت بە گۆڕە، کە بۆ دووسەد ساڵ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە و ئەو گۆزەیە لە ڕابردوودا بەپێی بەڵگە مێژووییەکان مردوویان تێکردووە.

محەمەد پاکژ، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کەلەپووری کورد، وتی: مۆزەخانەکە چەند جارێک نۆژەن کراوەتە و دیوارەکەی دوبارە بە چینێک لەبغ کراوە بەڵام دوای ماوەیەک تەقیوە و لە کاتی بومەلەرزەکەش زیانی زۆری پێگەیشتووە.

وتیشی: گرنگی مۆزەخانەکە ناساندنی کەرەستە پیشەییەکانی سەردەمی پێشووە بە نەوەی نوێمان و بەشداریکردنی ژیانە لە

ڕابردووەوە بۆ ئێستا، داواشی کرد دەستی هاوکاری بۆ مۆزەخانەکە درێژبکرێت بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی ئەو ئاسەوارانە.
شوێنەوار ناسان و هاوڵاتیانیش بوونی مۆزەخانەی کەلەپووری بە گرنگ دەزانن و لەوبارەیەوە ئامانج ئەمین، شوێنەوارناس وتی: ئاسەوار و شوێنەوارەکان مۆرکی نەتەوەییە و دەرخەری مێژوو شارستانیەتی ئەو نەتەوەیەیە، هاوکات پاراستنی شوێنەوار یەکێکە لە ئامانجەکان بۆیە پێویستە بۆ پاراستنیان بودجەی تایبەت دابین بکرێت.
زوهرە عەلی-یش کە هاوڵاتیەکی دانیشتووی شاری سلێمانییە کەلوپەلە مێژوویەکان بە بەڵگەیەکی مێژوویی لە ژیانی ڕابردووی گەلی کورد ناو دەبات و دەڵێت: ئەرکی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە پارێزگاریان لێبکات، چونکە هەر یەک لەوانە دەرخەری ژیانی ڕابردووە کە کورد چۆن ژیاوە و چی بەکار هێناوە.
ئەگەر چی هەر وڵاتێک بە کەلتور و کەلەپوورەکەیەوە ناسراوە و هەر ئاسەوارێکی کۆنی وەک بەڵگەیەکی ئەو نەتەوەیە هەژمار دەکرێت، بەڵام لە باشوری کوردستان جیاواز لە قەیران و ململانێکان و دژواربوونی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگا و تاک، ئاسەوارە مێژوویەکانیش ڕووبەڕووی کارەسات بوونەتەوە و ڕەنگە بە هۆی پەراوێزخستنیان زیاتر ڕووبەڕووی لە ناوچوون ببنەوە.[1]
2019-02-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مۆزەخانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-19
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 505

مۆزەخانە تایبەتەکانی کوردستان

2021021212322739125 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دامەزراندنی مۆزەخانە یەکێکە لە ناوەندە هەرە پێویستەکانی هەر کۆمەڵگایەک، چونکە ئەو دەزگایە ئەرکی هەڵگرتن و پاراستنی بەشێک لە مێژوو، وە ڕابردووی خەڵک و کۆمەڵگا لەئەستۆ دەگرێت، کە دەبێتە شوناس و ناسنامەی ئەو گەلە لەناو گەلانی دیکە و جیهانی دەرەوە، بەپێی ئەو کەرەستانەی، کە لە مۆزەخانەکان دەبینن، لەگەڵ ڕابردوویان ئاشنا دەبن.
وشەی مۆزەخانە، یان مۆزە لە وشەی یۆنانی mousein هاتووە، کە گردێکی شوێنەوارییە لە ئاتن، کە لەوێ پەرەستگەیەکی تایبەت بۆ نۆ خواوەندی هونەر و پیشە، کە ناویان (میۆز) بووە، دروست کراوە. میۆزەکان کچانی ژوپیتەر بوون، کە خواوەندی زانست و ئەدەبیات و هونەر و مۆسیقا بوون.
مانای خودی وشەی میۆز بە واتای خودایەکی بچووک دێت، کە ئەرکەکەی ئیلهام بەخشین بە شاعیر و هونەرمەندەکانە.
هەر لەوێوە ئەم وشەیە لەگەڵ زمانەکانی دیکە تێکەڵ بووە و کەوتووەتە سەر زمانەکان.
سەرچاوەکان پێیان وایە، کە پەرەستگەکان و کەنیسەکان یەکەم مۆزەخانە بوون، کە لە جیهان دروست کراون، هۆکارەکەشی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کەلوپەل و پارچەی بەنرخی تایبەت دەگەڕێتەوە، کە بە مەبەستی ئایینی و مێژووپی کۆ کراونەتەوە.
مێژووی دامەزراندنی یەکەم مۆزەخانە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن پاشای ڕۆمانی، (بەتلەمیوسی یەکەم 284- 246) لە شاری ئەسکەندەرییە دامەزراوە.
پاشان لەناو خەڵکی دەوڵەمەند و زەنگین و خوێندەوار، کۆکردنەوەی ئەنتیکە و کەلوپەلە ناوازەکان دەبێتە باو و نەریتێک و هەوڵ دەدەن بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی، کە لە ڕووی مێژووییەوە تەمەنیان هەیە و بۆ کەسانی تایبەت، یان شوێنی تایبەت دەگەڕێنەوە، بۆیە لەدوای ئەوە، وشە و کاری مۆزە لەنێو خەڵک جێی خۆی دەکاتەوە. لە ساڵی 1683 یەکەم مۆزەخانەی تایبەت کرایەوە، کە دەرگاکانی خۆی بە ڕووی خەڵک کردەوە، مۆزەخانەی ئەشمولین لە ئەکسفۆردی بەریتانیا بوو.
لە بەناوبانگترین مۆزەکانی جیهان، دەتوانین ئاماژە بە مۆزەخانەکانی لۆڤەر لە شاری پاریسی فەرەنسا بکەین، کە لە ساڵی 1793 دامەزراوە و ئێستا یەکێک لە گرنگترین مۆزەخانەکانی جیهانە، کە ساڵانە زۆرترین کەس سەردانی دەکەن.
مۆزەخانە لە کوردستان
هەرچەندە کوردستان بە لانکەی شارستانییەت دادەنرێت و چەندین شوێنی شوێنەوارپی گرنگی هەن، کە لە لیستی گرنگترین و کۆنترین شوێنەوارەکانی جیهان تۆمار کراون، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هۆکار و پێویستییەی، کە بۆ هەبوون و دروستکردنی مۆزەخانە هەیە، بەداخەوە هێشتا لە چەندین شوێن، کە مێژوویەکی تایبەت و دیاریکراویان هەیە، نەبوونی مۆزەخانە و شوێنێک بۆ پاراستن و پیشاندانی شوێنەوار و کەلەپووری ناوچەکە، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان و ساڵانە داوا دەکرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.
لە هەرێمی کوردستان، بێجگە لە مۆزەخانە حکوومییەکان، کە لە قاڵبی مۆزەخانی شارستانی و نیشتمانی کۆ دەکرێنەوە، چەندین مۆزەخانەی تایبەت لە لایەن خەڵکی ئاسایی، یان کەرتی تایبەت دامەزراون، کە شوێن و پێگەیەکی تایبەتیان لەناو

خەڵک هەیە و زۆر سەردانیان دەکەن.
مۆزەخانە تایبەتەکان، کە زیاتر لەناو ماڵان دروست دەکرێن و ڕووبەرەکەیان زۆر فراوان نییە، لە کۆکراوەی چەندین جۆر پارچەی کەلەپووری و شوێنەواری پێکهاتوون.
هەندێ جار تەنیا پارچەکان نین، کە بۆ دروستکردنەوەی مۆزەخانە لە شوێنێک کۆ دەبنەوە، بەڵکو چەندین حاڵەت هەبووە، کە شوێنی مێژووپی، کە شوێنی ڕووداوێکی مێژووییە، دەبێتە بنکەیەک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێ کەس، یان کۆمەڵێ بابەت.
لێرە دەمانەوێت لە زنجیرە بابەتێک باسی ئەو مۆزەخانە تایبەتانە بکەین، کە لە کوردستان هەن و لە بواری مێژووپی و شوێنەواری و کەلەپووریدا کار دەکەن.
شاری زاخۆ یەکێکە لەو شارانەی کوردستان، کە مێژوو و ڕابردوویەکی چەندین هەزار ساڵەی هەیە، بەڵام هێشتا خاوەن مۆزەخانەی شوێنەواری و دامەزراوەی تایبەتی حکوومی هاوشێوەی مۆزەخانە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەم بۆشاییەش، هاوڵاتییەک، کە خۆی بە خەمخۆر و ئارەزوومەندی شوێنەوار و مێژووی گەلەکەی دەزانێت، مۆزەخانەیەکی تایبەتی داناوە و دەرگای بە ڕووی خەڵکدا کردووەتەوە.
مۆزەخانەی کۆچەر زاخۆ
ئەم مۆزەخانەیە هەروەک لە ناوەکەشی دیارە، دەکەوێتە شاری زاخۆ لە پارێزگای دهۆک و لە خانوویەک بە ڕووبەری 300 مەتر دروست کراوە، کە هەم شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەنەکەیەتی، هەم بەشێکی خانووەکە وەک مۆزەخانە بەکار دێت.
کاتێک لە دەرگای حەوشەی ماڵەکە دەچیتە ژوورەوە، دوو دەرگات دێتە پێش، دەرگای دەستی چەپ بەرەو مۆزەخانەکە دەڕوات، لەگەڵ چوونە ژوورەوە، ژمارەیەکی یەجگار زۆر لە کەلوپەلی کەلەپووری و مێژووپی دێتە بەر چاو، کە لە نیگای یەکەمدا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات. دوای چەند دەقەیەک لە سەیرکردنی پارچەکان، ئەوسا تێدەگەی، کە ئەمە بۆ خۆی ئەنتیکەخانەیەکە و پڕە لە پارچەی کۆن، کە هەر یەکێکیان هی سەردەم و کاتێکی تایبەتە و چاو لە بینینیان تێر نابێت.
کەلوپەلی ناو مۆزەخانەکە، کە بریتییە لە پارچەی کەلەپووری و کۆمەڵێ پارچەی شوێنەواری، بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێنەوە، کە بە گوتەی محەمەد حوسێن ئەحمەد، کۆنترین پارچەی مۆزەخانەکەیان بریتییە لە بۆکسێک، کە کۆمەڵێ دراوی کۆن و مێژووپی تیا دانراوە، کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە و پێ دەچێت کۆنترینیان هی دوو هەزار ساڵ پێشتر بێت.
محەمەد حوسێن ئەحمەد کە بە (موحەمەد کۆچەر) ناسراوە، باس لە بیرۆکەی چۆنیەتیی دروستکردنی ئەم مۆزەخانەیە دەکات و دەڵێ: "کاتێک لە ساڵی 1991 ئاوارەی تورکیا بووین، هەستی ئەوەم لا دروست بوو، کە ئێمەی کورد پێویستە کار بۆ زیاتر ناساندنی مێژووی خۆمان بە خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەدا بکەین، بۆیە لەدوای گەڕانەوەمان لە تورکیا، بیرۆکەی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکم بۆ هات و بەرە بەرە دەستم کرد بە کۆکرنەوەی پارچەی کۆن و تۆکمە، کە زیاتریش پارچەی کەلەپووری بوون و هەر لە سووچێکی ماڵەکەی خۆم نماییشم دەکردن، هەتا پارچەکان بەرە بەرە زیاتر بوون و وای لێ هات بەشێکی زۆر لە ماڵەکەم تەرخان کرد بۆ ئەم کارە و پارچەکان بە ڕیز و دەستەبەندیی تایبەت ڕێکخست و دواتر وەک مۆزەخانەیەکی بچووک، بەڵام پڕ نرخ و گرنگی لێ هات".
محەمەد کۆچەر سەبارەت بە ڕێژەی بەشداربوان و سەردانکردنی خەڵک بۆ ئەم مۆزەخانەیە دەڵێت: هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، خەڵک زۆر بە باشی پێشوازییان کرد و سەردانیان دەکرد، ئێستاش لەدوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ لەسەر دامەزراندنی مۆزەخانەکە، جێی خۆی لەناو خەڵکی کردووەتەوە و لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، وەک خەڵکی سڤیل، قوتابی، مامۆستا، بەرپرس و میدیاکاران سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن".
خاوەنی مۆزەخانەکە زیاتر گوتی: "خەونی ئەوەم هەیە، کە پەرە بە کارەکەم بدەم و بە وەرگرتنی پارچە زەوییەک، بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک، دەست بکەین بە دروستکردنی مۆزەخانەیەکی کەلەپووری، وە بە شێوازێکی جوانتر و ڕێکخراوتر ئەو پارچە شوێنەواری و کەلەپووریانەی کە هەمانە و پیشانی هاووڵاتیان بدەین و زیاتریشیان بکەین".
پارچەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە، کە لەبەر نەبوونی شوێن و فەزای پێویست، زۆر لەناو یەک داندراون، پێکهاتوون لە کۆمەڵێ گۆزە و گلینەی کۆن، کە زیاتر بە مەبەستی هەڵگرتنی ئاو بەکار هاتوون، هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر ئامێری کانزیی دروستکراو لە مس و ئاسن دەبینرێن، وەک هاوەن و مقەس و کەوچک و مەنجەڵ و کەلوپەلی چێشتلێنان و ئاگردان و تەور و داس و شمشێر و مەتاڵ.
هەر لەناو ئەو کەلوپەلانە، کۆمەڵێ بابەتی جوانکاریی ئافرەتان، وەک متومورو و ملوانکە و بازن دەبینرێن، کە بە گوتەی خاوەن مۆزەخانەکە، مێژوویان جیاوازە و لە شوێنی جیاوازیش کۆکراونەتەوە.
یەکێک لە بەشە تایبەتەکانی ئەم مۆزەخانەیە ئەو بەشەیە، کە کۆمەڵێ چەکی جۆراوجۆری مێژووپی و کۆنی تیا دانراوە، کە هەندێکیان بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان دەگەڕێنەوە و بە چەکی ڕۆمانی بەناوبانگن. یەکێک لەو چەکانەی کە لەوێ دانراوە، دەمانچەیەکی سەرەتاییە، کە بە بارووت کار دەکات و هێشتا ساغە و کاری پێدەکرێت.
محەمەد کۆچەر نەک تەنیا بیر لە کۆکردنەوەی زیاتری پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری دەکاتەوە، بەڵکوو بیرۆکەی ئەوەشی هەیە، کە لە داهاتوودا کەسێکی پسپۆری مێژووپی ببێتە بەڕێوەبەری ئەم ئەنتیکەخانەیە، بۆیە بە گوتەی خۆی، کچە

گەورەکەی لە بەشی مێژووی زانکۆی دهۆک دەخوێنێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت کاری پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەنتیکەخانەکە درێژە پێ بدات.
هەرچەندە ئەم مۆزەخانەیە لە ڕووی ڕووبەرەوە بچووکە، بەڵام تاقە مۆزەخانەی شاری زاخۆیە و بێجگە لەم ئەنتیکەخانەیە، هیچ مۆزەخانەیەکی دیکە لەم شارە نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە شاری زاخۆ یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە مێژووی شاری زاخۆ، میر جەلادەت بەدرخان لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە مێژووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گوتییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2021-02-10
کاتی تۆمارکردن: 2021-02-12
ناوی تۆمارکار: ڕاوێژ فەرهاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 506
مۆزەخانەی کۆچەر زاخۆ

20210212130613391252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مۆزەخانەی کۆچەر زاخۆئەم مۆزەخانەیە هەروەک لە ناوەکەشی دیارە، دەکەوێتە شاری زاخۆ لە پارێزگای دهۆک و لە خانوویەک بە ڕووبەری 300 مەتر دروست کراوە، کە هەم شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەنەکەیەتی، هەم بەشێکی خانووەکە وەک مۆزەخانە بەکار دێت.

کاتێک لە دەرگای حەوشەی ماڵەکە دەچیتە ژوورەوە، دوو دەرگات دێتە پێش، دەرگای دەستی چەپ بەرەو مۆزەخانەکە دەڕوات، لەگەڵ چوونە ژوورەوە، ژمارەیەکی یەجگار زۆر لە کەلوپەلی کەلەپووری و مێژوویی دێتە بەر چاو، کە لە نیگای یەکەمدا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات. دوای چەند دەقەیەک لە سەیرکردنی پارچەکان، ئەوسا تێدەگەی، کە ئەمە بۆ خۆی ئەنتیکەخانەیەکە و پڕە لە پارچەی کۆن، کە هەر یەکێکیان هی سەردەم و کاتێکی تایبەتە و چاو لە بینینیان تێر نابێت.

کەلوپەلی ناو مۆزەخانەکە، کە بریتییە لە پارچەی کەلەپووری و کۆمەڵێ پارچەی شوێنەواری، بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێنەوە، کە بە گوتەی محەمەد حوسێن ئەحمەد، کۆنترین پارچەی مۆزەخانەکەیان بریتییە لە بۆکسێک، کە کۆمەڵێ دراوی کۆن و مێژوویی تیا دانراوە، کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە و پێ دەچێت کۆنترینیان هی دوو هەزار ساڵ پێشتر بێت.

محەمەد حوسێن ئەحمەد کە بە (موحەمەد کۆچەر) ناسراوە، باس لە بیرۆکەی چۆنیەتیی دروستکردنی ئەم مۆزەخانەیە دەکات و دەڵێ: "کاتێک لە ساڵی 1991 ئاوارەی تورکیا بووین، هەستی ئەوەم لا دروست بوو، کە ئێمەی کورد پێویستە کار بۆ زیاتر ناساندنی مێژووی خۆمان بە خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەدا بکەین، بۆیە لەدوای گەڕانەوەمان لە تورکیا، بیرۆکەی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکم بۆ هات و بەرە بەرە دەستم کرد بە کۆکرنەوەی پارچەی کۆن و تۆکمە، کە زیاتریش پارچەی کەلەپووری بوون و هەر لە سووچێکی ماڵەکەی خۆم نماییشم دەکردن، هەتا پارچەکان بەرە بەرە زیاتر بوون و وای لێ هات بەشێکی زۆر لە ماڵەکەم تەرخان کرد بۆ ئەم کارە و پارچەکان بە ڕیز و دەستەبەندیی تایبەت ڕێکخست و دواتر وەک مۆزەخانەیەکی بچووک، بەڵام پڕ نرخ و گرنگی لێ هات".

محەمەد کۆچەر سەبارەت بە ڕێژەی بەشداربوان و سەردانکردنی خەڵک بۆ ئەم مۆزەخانەیە دەڵێت: هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، خەڵک زۆر بە باشی پێشوازییان کرد و سەردانیان دەکرد، ئێستاش لەدوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ لەسەر دامەزراندنی مۆزەخانەکە، جێی خۆی لەناو خەڵک کردووەتەوە و لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، وەک خەڵکی سڤیل، قوتابی، مامۆستا، بەرپرس و میدیاکاران سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن".

خاوەنی مۆزەخانەکە زیاتر گوتی: "خەونی ئەوەم هەیە، کە پەرە بە کارەکەم بدەم و بە وەرگرتنی پارچە زەویەک، بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک، دەست بکەین بە دروستکردنی مۆزەخانەیەکی کەلەپووری، وە بە شێوازێکی جوانتر و ڕێکخراوتر ئەو پارچە شوێنەواری و کەلەپوورییانەی کە هەمانە و پیشانی هاووڵاتیان بدەین و زیاتریشیان بکەین".

پارچەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە، کە لەبەر نەبوونی شوێن و فەزای پێویست، زۆر لەناو یەک داندراون، پێکهاتوون لە کۆمەڵێ گۆزە و گڵینەی کۆن، کە زیاتر بە مەبەستی هەڵگرتنی ئاو بەکار هاتوون، هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر ئامێری کانزیی دروستکراو لە مس و ئاسن دەبینرێن، وەک هاوەن و مقەس و کەوچک و مەنجەڵ و کەلوپەلی چێشتلێنان و ئاگردان و تەور و داس و شمشێر و مەتاڵ.

هەر لەناو ئەو کەلوپەلانە، کۆمەڵێ بابەتی جوانکاریی ئافرەتان، وەک متومورو و ملوانکە و بازن دەبینرێن، کە بە گوتەی خاوەن مۆزەخانەکە، مێژوویان جیاوازە و لە شوێنی جیاوازیش کۆکراونەتەوە.

یەکێک لە بەشە تایبەتەکانی ئەم مۆزەخانەیە ئەو بەشەیە، کە کۆمەڵێ چەکی جۆراوجۆری مێژوویی و کۆنی تیا دانراوە، کە هەندێکیان بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان دەگەڕێنەوە و بە چەکی ڕۆمانی بەناوبانگن. یەکێک لەو چەکانەی کە لەوێ دانراوە، دەمانچەیەکی سەرەتاییە، کە بە بارووت کار دەکات و هێشتا ساغە و کاری پێدەکرێت.

محەمەد کۆچەر نەک تەنیا بیر لە کۆکردنەوەی زیاتری پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری دەکاتەوە، بەڵکوو بیرۆکەی ئەوەشی هەیە، کە لە داهاتوودا کەسێکی پسپۆری مێژوویی ببێتە بەڕێوەبەری ئەم ئەنتیکەخانەیە، بۆیە بە گوتەی خۆی، کچە گەورەکەی لە بەشی مێژووی زانکۆی دهۆک دەخوێنێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت کاری پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەنتیکەخانەکە درێژە پێ بدات.

هەرچەندە ئەم مۆزەخانەیە لە ڕووی ڕووبەرەوە بچووکە، بەڵام تاقە مۆزەخانەی شاری زاخۆیە و بێجگە لەم ئەنتیکەخانەیە، هیچ مۆزەخانەیەکی دیکە لەم شارە نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە شاری زاخۆ یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە مێژووی شاری زاخۆ، میر جەلادەت بەدرخان لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە مێژووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گوتییەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 2021-02-10

کاتی تۆمارکردن: 2021-02-12

ناوی تۆمارکار: راوێژ فەرهاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 507

مۆرێکی لوولەیی دۆزراوە لە گرد لەشکر

2023052123031249251 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مۆرێکی شێواز لوولەیی بە نەخشی تایبەت کە لە بەرد درووست کراوە.
ئەم مۆرە نموونەی مۆرێکی دۆزراوە لە گردی شوێنەواری گرد لەشکرە لە سنووری پارێزگای هەولێر. ئەم مۆرە لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی دیکەی شوێنەواری لە کنە و پشکنینی شوێنەواری ساڵی 2023 کە لەلایەن تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی ئۆتۆنۆمی ئیسپانی بە هاوبەشی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر و بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدراوە، دۆزراوەتەوە. مێژووی کنە و پشکنینی شوێنەواری لەلایەن زانکۆی ئۆتۆنۆمی ئیسپانی بۆ ساڵی 2016 دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا دەستکەوتی مێژووپی و شوێنەواری زۆر باشی هەبووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-05-21

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 508

میرمەڵاس

20160708151028132600=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم ئەشکەوتە، پێشینەیەکی زیاتر لە 12 هەزار ساڵەی هەیە. ئەشکەوتی میرمەڵاس، لە کێوی سەرسورخین لە 30ی کیلۆمیترِیی شاری کووهدەشتی سەر بە پارێزگای لورِستان هەڵکەوتووە.
بەپێی ئەو وێنە و نیگارانەی کە لەسەر دیوارەکانی کێشراون و هەڵکۆڵراون، زیاتر دەربڕی ئەو وێنە و گرتە مێژووییانەن کەلە ڕەزم، ڕاو و بەرەنگاریی مرۆڤەکانی ڕابردوو بەجێ ماون.
لەو وێنە هەڵکۆڵرلوانەدا وێنەی ئاژەڵی وەک کەڵ، گا، سەگ، ڕێوی و بەتایبەت ئەسپ و سوارکار لە کاتی ڕاودا هەڵکۆڵراون کە لەنێو بەردەنووسە کەونارایییەکانی ئێراندا بێ وێنەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: لورِستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-07-08

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 509

مێژووی کۆشکێکی شاری کۆیە لەو بەردەدا نوسراوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220105171546400480

مێژووی کۆشکی ڕەسوڵ ئاغای حەوێزی لە کۆیە دا، بەزمانی فارسی لە و بەردەدا نوسراوە و خراوەتە نێو دیوارەکە، فۆتۆگرافەر شەماڵ ئەحمەد کە وێنەکەی گرتووە دەڵێت: مامۆستایەکی هاوڕیم بە و شێوەیە کردویەتیەوە بەکوردی(پیرۆز بێت ئەم کۆشکە جوان و پڕ خێر و بەرەکەتە، کە گەورەیی و شکۆی کۆشکی خورنەقیان شکاندووە، ئەم شوێنە کە بەماڵی پێغەمبەر ناسراوە ناوبانگێکی گەورەی لەم چەرخ و سەردەمەدا پەیدا کردووە،
پڕە لە وێنە و نیگاری جوان و ڕازاوە، کە ڕازاوەیی و بەرەکەتی بە کۆشکەکە داوە، بە وتەی(سنمار) لەساڵی(1302)دا، لە قەزای ناوچەی کۆیسنجاق بونیاتنراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

دەیە: 80کان (80-89)

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2022-01-05

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 510

مەدرەسا سوور

2022032821552040931 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەدرەسا سوور
شوێن: باکووری کوردستان
جۆری شوێنەوارییەکان: قوتابخانە
ماوە: میرنشینی بۆتان
دروستکەران: میر شەرەف کوڕی خان ئەبدال
بەرواری دەستپێکردن: 1508 زایینی
قوتابخانەی سووری جزیرەی بۆتان کە یەکێکە لە ناوەندە زانستییەکانی کورد کە هەزاران زانا و نووسەر و مێژوونوسی لێ دەرچوون کە ڕۆلی لە زانکۆی الازهر لە میسر و زەیتوونە لە تونس کەمتر نەبووە، لەکاتی خۆیدا. قوتابخانەکە لە بۆتان لە سەرەتای ساڵی 1508 زایینی لە لایەن شازادە شەرەف کوڕی شازادە ئاڤدالی بنەماڵەی ئازیزان کە میری بوو لە میرنشینی بۆتان دروست کرا و قوتابخانەکەی بە پارەی خۆی بنیادنا. قوتابخانەکە بە هۆی ڕەنگی بینا سوورەکەیەوە بە قوتابخانەی سوور ناوبراوە. قوتابخانەیەکی زۆر بەناوبانگ بوو لە سەرانسەری ناوچەکە و ناوچە جیاوازەکانەوە فێرخوازان ڕوویان لێکردووە. قوتابخانەکە نەک تەنیا بۆ شەریعەتی ئیسلامی تەرخان کرابوو بەڵکو زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەدەب و مەنتیق و فەلسەفە و پزیشکی و مێژوو و بیرکاری و ئەندازیاری و زانستە جیاوازەکانی تری تێدا وتراوە. یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکان کە قوتابخانەکە ئەنجامی دەدا وەرگێڕان بوو، لە زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی و عوسمانی بۆ کوردی و بەتایبەت بۆ شێوەزاری کورمانجی.
زۆرێک لە زانایان و شاعیرانی کورد لە قوتابخانەیە خوێندوویانە:
- شاعیر مەلای جزیری 1570 - 1645
- ئیبن ئەسیر
- ئەبولعز جزیری [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەی 16 (1500- 1599)
وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مێژووی کورد

کاتی تۆمارکردن: 2022-03-28

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 511

مەدرەسەی قوبەهانە لە قەزای ئامێدی

2022061922381941914 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەدرەسەی قوبەهانە لە قەزای ئامێدی، ئەم شوێنە سەردەمانێک ناوەندی زانست و مەعریفە بووە لە ئاستی زانکۆی ئێستا دا زیاتر بووە، چەندەها کەسی ناودار لێرە پەروەردە بوون لە چەندین شوێنەوە خەڵک هاتوون لێرە خوێندوویانە و پێگەیشتون، لە سایەی حوکومرانی کوردیدا ئێستا بۆتە کەلاوەو بەرەو لەناوچونی یەکجاری دەچێت، بەداخەوە کە نۆژەن نەکراوەوتەوە،
نەخش و زەخرەفە و شێوازە ئەندازیاریەکەی زۆر سەرنج ڕاکێشە و دەسترەنگینی و کارامەی لە دروستکردنیدا بەکار هاتووە، مێژووی بۆ سەدەی پانزەی زایینی دەگەڕێتەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	فێرگەی ئایینی
دەیە:	01ەکان (00-09)
سەدە:	سەدەی 15 (1400- 1499)
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 512
مەرقەدی باباگورگور
20220208153659404308=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەرقەدی باباگورگور
گۆڕێکی دریژە، کەوتۆتە ناو سکەی قیتاری هەولێر (ئێستای پارکی شانەدەر).
ئافرەتان زیارەتی دەکەن خۆیان بە گۆڕەکەدا غلۆردەکەنەوە، بۆ ئەوەی مرازیان بێتە دی منداڵیان بێ.
دەڵێن: باباگورگور، بەگور هاتم، بۆ کور هاتم.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەولێری جاران
کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 513
مەرقەدی ستی ئیمام

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220208152903404306



مەرقەدی ستی ئیمام
گۆڕی ئافرەتێکی چاکە، دەکەوێتە ناو وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر (ئێستای پارکی شانەدەر).
گۆڕەکەی لە ژوورێکی بچووک دایە، خەڵکی هەولێر دەڵێن گوایە گومبەت قبوول ناکات بۆیە بێ گومبەتە،
ئافرەتان ڕۆژانی چوارشەممە و شەممە دەچنە سەردانی، شارەزایان دەڵێن گوایە ئەم ئافرەتە دیان بووە حوکمی زۆری لەدەست بووە،
دەشڵێن ئاینی زەردەشتی بووە، بەڵام خەڵکی هەولێر بە موسڵمانی دەزانن چونکە لە سەرەوەی دەرگاکە نووسراوە(ئەمە گۆڕی ستی ئیمامە، هاودینی پیغەمبەری خودایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەولێری جاران
کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 514

مەرقەدی عوزێرِ پێغەمبەر

2022020815480840431 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەرقەدی عوزێرِ پێغەمبەر
دەکەوێتە لای مزگەوتی شێخی چۆلی، هەندێک دەڵێن گۆڕی خۆیەتی، هەندێکیش دەڵێن شوێنی تایبەتی خۆی بووە.
لەناو مەرقەدەکە بەردێکی لێیە نووسراوە (ئەمە گۆڕی عوزێرەدین پێغەمبەرە).
لە حەوشەی مەرقەدەکە بەردێکی گەورەی ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی کەسک هەیە، کە ئافرەتان بۆ پشت ئیشە پشتیان پێ دەدەن تاوەکو چاک بن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەولێری جاران
کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 515
مەرقەدی کەنەدەکۆخ

2022020815412640431 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەرقەدی کەنەدەکۆخ
مەرقەدی پیاوێکی ئایینی چاکە، دەکەوێتە نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.
خەڵکی بۆ چاکبوونەوەیان لە نەخۆشی کۆخە دەچوونە سەری، هەندێک بڕێشکەیان لەسەر گۆڕەکەی ڕوو دەکرد، گوایە باڵندە بیخۆن کۆخەکە بچیتە لای ئەوان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەولێری جاران
کاتی تۆمارکردن: 2022-02-08
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 516
مەزارگەی پیر قەرەچێوار

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824141927430061

مەزارگەی پیر قەرەچێوار
نوسینی: میهراکۆ زەنگەنە
مەرقەدی پیری (قەرە چێوار) بنیاتنراوە لە لایەن (شێخ محێدین) ی برای (شێخ حەسەن قەرەچێوار)، بەڵام گومەزی لەسەر نەبووە و ڕوخاوە، دواتر ساڵی (1930) جارێکی تر دروست کراوەتەوە، مەرقەدی شێخ حەسەن بەشێوەی ئەو گومەزەی کەئێستا هەیە و پارێزراوە، ساڵی 1936 دەستی پێکراوە و چوار ساڵی خایاندووە، ساڵی 1940 تەواوبووە، ڕەوانشاد (وەستاخەلیل) وەستای بووە، کە زۆر شارەزابووە لەو سەردەمەدا.
ئەم مەرقەدە لە شارەدێی (قادر کەرەم) ە لە بنەماڵەی (شێخ حەسەنی قەرە چێوار) ە، ئەم بنەماڵەیە لەساداتی بەرزنجەن، بە شێخ حەسەن ناسراوە، لە ساڵی 1841 لەدایک بووە، کە پیری قەرەچێوار بووە، شێخێکی زۆر چاک و نوورانی بووە، خەریکی تەریقەت و دینداری بووە، تەنانەت پارەشی بەدەستییەوە نەگرتووە ئەوندە زاتێکی موبارەک بووە، خۆشەویست بووە لای هەموو هۆزەکانی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی هۆزی زەنگەنە، زۆر خۆشیان ویستووە و ڕێزیان گرتووە و ئەوەندەی بۆیان کراڕ هاوکاریان کردووە
شێخ حەسەن مرۆڤێکی دادپەروەر بووە، هەموو ژیانی تەرخان کردووە بۆ خوا پەرستی و خەڵوەتکێشان و ئیرشادی کردووە، بە دەیان و هەزاران موورید و دەروێشی هەبووە لە ساڵی 1904 کۆچی دواییکردوە، گلکۆی پیرۆزی لە قادر کەرەمە، ساڵانی پێش ئەنفال لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانەوە، بە هەزاران دەروێش و موورید سەردانی مەرقەدی پیرۆزیان کردووە.
شێخ حەسەن بەر لەوەی بێتە قادرکەرەم، لە گوندی (قەرە چێوار) ژیاوە، دوای ئەوەی شێخانی تاڵەبانی لە گوندی (دێرەشە) شێخ حسێنی برای دەکوژن، ئەویش لە گوندی (قەرەچێوار) ەوە، تەکیە و شۆرباخانەکەی دەگوازێتەوە بۆ قادر کەرەم.
لەوێ سەر لەنوێ تەکییە و شۆرباخانە و مزگەوت دروست دەکات، بۆ دامەزراندنی تەکیەکەی خەڵکی قادر کەرەم زۆر هاوکاریان کردووە، لەگەڵ هاتنی ئەم زاتە پیرۆزە بۆ (قادر کەرەم) ئەم گوندە زۆر زوو گەشە دەکات.
زۆربەی هەرە زۆری خەلیفە و دەروێشە بەناوبانگەکانی لە هۆزی زەنگەنە بوونە لەوانە:
1. دەروێش عالی خانی دووەم، خەڵکی دێی سپی سەر بووە.
2. دێوانە ئەحمەد، خەڵکی دێی تەپە سپی بووە.
3. فەرەج ئەحمەد حەسەن، خەڵکی دێی برایم غولام بووە.
4. دەروێش عالی خان لوقمان مەحموود، خەڵکی دێی بەگزادە بووە.
5. دەروێش قادر، ناسراوە بە (قالە قژە) خەڵکی دێی قەیتول بووە.
6. دەروێش عەبدوولکەریم، لەبەر خۆشەویستی شێخ حەسەن پێی ووتوە (عەولکە سەر ڕەش) بە دەروێشەکانی ووتوە وەکو (عەولکە سەر ڕەش) تەقوا بکەن.
ئەم بەڕێزانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە بەشێکی کەمن لە پیاوە خواپەرستەکانی زەنگەنە کە لەگەڵ پیری قەرەچێواردا خوا

پەرستیان کردووە، شارەدێی قادرکەرەم لەدوای هاتنی خوالێخۆشبوو شێخ حەسەنی قەرەچێوار زۆر گەشەی کردووە، لەگەڵ ماڵی مام ئاغا کەلە خانەدانەکانی بنەماڵەی میرنشینی سۆران بون تێکەڵی زۆریان دەبێت، تەنانەت هونەرمەند حەسەن گەرمیانی کەلەبنەماڵەی میری سۆرانە، دایەخانی کچە گەورەی پیری قەرەچێوار ناوی لێناوە بەناوی شێخ حەسەنی باوکیەوە.
لەگەڵ ماڵی مام ئاغا و پێکەوە قادرکەرەم دەکەنە جێگایەکی پڕ بایەخ و شارستانیەت و داب و نەریتە جوانەکانی گەرمیان، پاشانیش دەبێتە قەزا و ناحیە، یەکێکە لە شارۆچکە خۆش و بەناوبانگەکانی دەڤەری گەرمیان.
کە بە سەدان وهەزاران ڕۆشنبیر و نوسەر و ڕۆژنامەنوس و هونەرمەندی بەناوبانگی تیادا هەڵکەوتوە،
خاوەنی چەندین شۆرش گێڕو شەهیدوئەنفالە.
ئەم کورتە باسە لە کتێبی (میرنشینەکەی زەنگەنە و میرسمایل)
چەندزانیاریەکیش لەهەردوو بنەماڵەی پیری قەرەچێوار و ماڵی مام ئاغا (خاڵەحوسێن) م بەسوپاسەوە وەرگیراوە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
دەیە: 30یەکان (30-39)
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Mehrako Zangana
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-24
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 517

مەزارگەی دانیاڵ پێغەمبەر لە کەرکووک

2015112022012512815 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دانیاڵ پێغەمبەر یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی نەوەی خێڵی ئیسرائیل و کوڕی یەهودای کوڕی یەعقوبی کوڕی ئسحاق کوڕی ئیبراهیمە. ئەم پێغەمبەرە هاتووەتەوە کوردستان و لە شاری کەرکووک نیشتەجێ بووە. ئێستاش گۆڕەکەی هەر لە کەرکووکە لە ناو قەڵای کەرکووک. لە سەدەی 7 پ.ز لە دایک بووە، لە سەدەی 6 پ.ز کۆچی دوایی کردووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئایینی

زمان - شێوەزار: ئیبری

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

نەتەوە: کورد - جوولەکە

وڵات: باشووری کوردستان

ڕەگەزی کەس: نێر

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-11-20

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 518

مەزاری پیرزەن

20220224222052406211=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەزاری پیرزەن

مەزاری مەلا محەمەدی مەلازادە، لە گوندی(کانی دەربەند)ی شارەدێی دێگەڵەی کۆیە، لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە بە مەزاری(پیرزەن) بەناوبانگە واتە لە تەمەنێکی گەورەدا منداڵی بووە، ساڵی(849)ی کۆچی لەدایکبووە و ساڵی(954)ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیاندا کردووە، گومبەتێک لەسەر گڵکۆیەکەی بونیاتنراوە، بۆ نەخۆشیەکانی کۆکە و تا و منداڵ نەبوون هانایان بۆ بردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022-02-24

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 519

مەزاری حاجی بەختیار

2012011218300763799=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەزاری حاجی بەختیار کە بە (پیری ژان)یش ناسراوە، دەکەوێتە گوندی حاجی بەختیار لە 27 کیلۆمەتری شارەدێی چواری سەر بە پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
دوو بۆچوون لە بارەی بەختیارەوە هەیە: لایەنگرانی بۆچوونێک دەڵێن حاجی بەختیار کوڕی ئیمام موسای کازمی شیعەکانە. لایەنگرانی بۆچوونەکەی دیکەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم کەسە سەردەمانێکی زۆر کۆن لە دەست حاکمانی زاڵم و ستەمگەر هاتۆتە ئەو ناوچەیە و لەوێ ژیاوە و مردووە.

ئەم شوێنە لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە شوێنێکی گرنگ و پیرۆز دادەنرێت و خەڵکی باوەڕێکی زۆریان پێیەتی، بەهۆی ئەوەوە ژمارەیەکی زۆر سەردانکەری هەیە و لە میراتی فەرهەنگی ئیلام تۆمار کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
جۆری کەس: ئایینی
زمان - شێوەزار: کرمانجیی خوارووو (لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی و ...)
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕەگەزی کەس: نێر
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 2012-01-12
ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 520

مەزاری حەیقوق نەبی، کە پێغەمبەری یەهوودییەکان بووە و لەشاری تویسەرکانی پارێزگای هەمەدان

2017020318395613840 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



-سەرچاوەی وێنەکە: فەیسبووکی بەڕێز کاک (کیان جهانی)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: هەمەدان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-03

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 521

مەزاری شێخ جورەیل

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211231204937399941



مەزاری شێخ جورەیل، لە گوندی(شاوازی)ی شارەدێی(مەیدان)ی بناری شاخی بەمۆ، پێدەشتی(شێخان) لە شارۆچکەی خانەقین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-31

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 522

مەزاری شێخ وسو ڕەحمان - ڕەبان بۆیا

201004141551184157=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەزارێکی هاوبەشی موسڵمانان و مەسیحیەکانی شەقڵاوەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2010-04-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 523

مەزاری نیک هۆمەر لە گوندی باوزێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20140427142155100471

فۆتۆ: کامەران عەبدە ساڵح

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-04-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 524

مەزاری کێلەسپی

2022030422520340721 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەزاری کێلەسپی

مەزارێکە دەکەوێتە گوندی(کێلە سپی) سەر بە ناوەندی(کۆیە)، ناوی گوندەکەش لە کێڵی ئە و گڵکۆ و مەزارەوە هاتووە، کە بەرزیەکەی(160)سانتیمەترە، خەڵکی ئاوایی لە کۆندا بۆ(مراز حاسڵ) بوون و چارەسەری نەخۆشیەکان سەردانیانکردووە، ئەمڕۆ گۆڕستانێکی گەورەیە و خەڵکی ئاواییەکە مردووی لێ دەنێژن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022-03-04

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 525

مەسینەیەک لە مەخموور مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدەی زایینی

2012042321570964605=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-04-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 526

مەلاماچە

2013072510270189471=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆڕستانێکی مێژوویە لە سەقز، مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 3 هەزار ساڵ پێش ئێستا ئەگەڕێتەوە بەردەوامە و تا ئێستا کۆمەڵێکی بەرچاو گۆڕی مێژووی ئەم گۆڕستانە هەڵدراوەتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو ئاسەواری مێژووییش لەم شوێنەوارە دێرینە پەیدا بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز

کاتی تۆمارکردن: 2013-07-25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 527

مەرپێن قەدیشە

2014050210172776036=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دێرێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کۆیە، لەئێستادا شوێنی پەرستن و بۆنە ئاینییەکانی مەسیحییەکانی شارەکەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-05-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 528

نامەی پادشای میتانی "توشتراتا"بۆ فیرعەونی میسر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=4886202307082221555



نامەی پادشای میتانی "توشتراتا"بۆ فیرعەونی میسر ئەخناتوون لە ساڵی 1350 پێش زاین، نامەکە لە پایتەختی فیرعەون گردی عەمارنە دۆزراوەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە.
میتانییەکان سەر بە ڕەگەزی خوری بوو ون و بە باپیرانی کورد دادەنرێن، پایتەختەکەیان "واشکونی"بووە نزیک سەرێکانی لە ڕۆژاوای کوردستان هەموو سووریا و بەشێکی باکوور و باشووری کوردستانیان لەژێر دەست بووە بۆ ماوەی 150 ساڵ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
دەیە:	50کان (50-59)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەرێکانی
وڵات:	کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (مێژووی کورد) ڕۆژی 2023-07-07

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 529

نامەی پاشای ئاشووری (شامشی ئاداد 1813-1781 پ.ز)

20220619174721419125=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

15. Cuneiform tablet from archive-room, Tell Shemshara (Height of original, 4.7 inches)

نامەی پاشای ئاشووری (شامشی ئاداد 1813-1781 پ.ز) بۆ فەرمان ڕەوای ناوچەی شمشارە لە ڕانیەی ئێستا بەناوی (کووارى) ئەم نامەیەو چەندین نامەی تر لەلایەن تیمێکی دانیمارکیەوە لەساڵی 1957 دۆزرانەوە لە گردی شمشارە بەرلەوەی بکەوێتە ژێر ئاوی بەنداوی دوکان.

دەق نامەکە لە ئاشوریەوە بۆ کوردی:

(بڵێ بە کووارى: وەها ئاغاکەت(مەبەست شامشی ئەدادە) دەڵێت، پێش دەرچونت بڕیارێکم پێ ڕاگەیاندی ئەمەبوو کە وتبوم:(ئەگەر شیکشابوم گیرابوو وەرەوە بۆ لام لە ئەرابخادا(کەرکووکی ئێستا)، ئەگەر شیکشابوم نەگیرا(ئەوکاتە)با باسەربازەکانی حامیەکە بچنە دەوروبەری شیکشابوم و تۆش ئەو شتە بکە کە پێت باشە. بچۆ بۆ وڵاتی شوشارا(شمشارە) فەرمان بدە بە فەرمان ڕەوای شوشارا(مەبەست کووارى)ە باسەربازەکانی شار قایم کردن بگەڕێنەوە لەگەڵ خۆتدا وەرەوە بۆلام)ئەمەیە ئەو فەرمانەی دام پێت، گوێ بگرە بۆ فەرمانەکە بەپێی ئەو فەرمانەی دام پێت بجوڵێرەوە.ئێستا شیکشابوم گیراو تۆ چویتە وڵاتی شوشارا. بێگومان تۆ گەڕایتەوە بۆلای من بەشێوەیەکی مونتەزەم ئەوەندە زانیاریم بۆ بنێرە ئەوەندەی دەیبینیت(وڵاتەکە بە چ بارێکدا) دەکەوێت. فەرمانڕەوای شوشارا سەربازەکانم لەباکوری وڵاتەکەوە بۆ بنێرێت.زانیاریەکانت بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بنێرە تا ئاگادار بم.

سەبارەت بەدەست دان لەگەردنی خۆم بۆ پیاوی لولو (واتە:سوێند خواردن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ لولو) کەبۆت باس کردم دەستەکانم پاک نەبونەتەوە.. ئەوان.. کەی ئەویان نەکرد.. سوێند بخۆ بۆیان.بەدڵنیایەوە (دواتر) لەدڵی خۆیدا پلانێک دەگێڕێت. ئێستا بانوێنەرە پێشوەکان بێن و سوێندیان بۆ بخۆ بە خواوەندەکان سەبارەت بەخۆم با خزمەت کارەکانم لێرەوە بنێرم و باسوێند بە خواوەندەکە بخۆن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 530

ناوچەی شوێنەوارپی خشام لە ڕۆژئاوای کوردستان

2022101621080344025 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوچەی شوێنەوارپی خشام، دەکەوێتە 35 کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەسەکە.
خشام، ناوچەیەکی شوێنەوارپی پان و بەرین و گەورەیە، ڕووبەرەکەی بە درێژایی 30 کیلۆمەتر و پانیی 18 کیلۆمەتر دەبێ، هەروا 493 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.
هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناوچەی شوێنەوارپی خشام، بەم شێوەیە دابەشکراوە: لە بەشی باکووری ناوچەکە، زەوی کشتوکاڵییە، بەشی ڕۆژاواکەی گوندی ئاویجلە-یە، لە بەشی باشوورەوە لای ڕووباری خابوور کۆتایی پێدێت و لە ڕۆژاواکەی گوندی زرکانە.
لە بارەی دۆزینەوە و ناسینی ناوچەی شوێنەوارپی خشام، شوێنەوارناسان لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارپی حەسەکە دەڵێن: لە ساڵی 1995، چەند دەقێکی بزماری بەردین لەم ناوچەیە بە ڕێکەوت دۆزرایەوە، بۆیە لە ساڵەکانی 1998 - 1999 بە دوو قۆناغ دەستمان بە کاری کنە و پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری کرد، لە درێژەی کارەکانماندا نەخشە بەردینەکانمان دابەشی سەر شەش گرووپ کرد: دەبعان، خشام، باشوکی، گردی بیدەر، کفرا، خان و مرە. لەم شەش گرووپە، بێجگە لە گردی بیدەر، ناوچەکانی تر چەندین شوێنەواری گرنگی تێدا دۆزراوەتەوە، وەک پاشماوەی بەردی بیناسازی بە شێوازی بازنەپی و لاکێشەپی، کە بۆ درووستکردنی خانووی گەورە و دیواری گەورە و بچووک بەکارهاتوون.
لە ئەنجامی ئەم دۆزینەوانە، لە ساڵی 2001، کارێکی کنە و پشکنینی هاوبەش لەنێوان تیمەکانی سووری و بەلجیکی دەستی پێ کرد، بەپێی ئەم چالاکییە، کە بۆ ماوەی چەند وەرزێک درێژەی کێشا، چەندین چینی شوێنەوارپی کە لە چاخی بەردینی ناوەڕاستەوە پێکهاتوون، هەتا سەدەی 19ی پاش زایین دۆزراوەتەوە.
شوێنەوارەکانی ئەم بەشەی ناوچەی شوێنەوارپی خشام، لە بناغەی بەردینی بیناسازی لە شێوە و ئەندازەی جیاواز پێکهاتوون، هەروا پاشماوەی خانوو، گۆڕ، دیواری گەورە و بچووک، مۆری شیشەپی، گوارەی مسین، کەرستەی بچووک، تەنووری شێوە بازنەپی و چەندین پارچە گڵینەی تایبەت بە سەردەمی ئاشووری نوێ.
لە دۆزراوە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی دیکەی ئەم ناوچە شوێنەوارییە، دەبێ ئاماژە بە دۆزینەوەی 500 تەبلێتی بەردین بکەین، کە بە شێوەی نەخش و وێنەکێشان ئامادەکراون، نەخشەکانی سەر ئەم تابلۆیانە بریتین لە نەخشی شێوە بازنەپی و چوارگۆشەپی، وێنەی مرۆڤ، وێنەی شەڕکردنی مرۆڤ و ئاژەڵی درندە، بابەتە ئایینییەکانی وەک پەرستن و وێنەی خواوەندەکان لەسەر پشتی ئاژەڵ، بابەتە ئەفسانەییەکان، وەک بوونەوەرێک بە لاشەی مرۆڤ و سەری ئاژەڵ، ڕاوی ئاژەڵی وەک بزنەکێوی، ئاسک، شێر... تاد.
لە ئێستادا ئەم ناوچە شەوێنەوارییەش هەر وەک ناوچە شوێنەوارییەکانی تری ڕۆژاوا، لە بەر هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی تورکیا، کەوتووەتە ژێر مەترسی و هەڕەشەی تێکچوون و لە ناوچوون.

ئامادە کردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار
جۆری شوێن / شوێنەوار: دەروازە
جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
سەدە: چاخی بەردینی نوێ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-16
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 531

نوشتەیەکی سەردەمی میتانییەکان لە مۆزەخانەی دهۆک

[2023041710294248308 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)



ئەم مەدالیایە، نوشتەیەکی کۆنی سەردەمی میتانییەکانە کە مێژووەکەی بۆ 1600-1350 پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
دەیە:	50کان (50-59)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-17
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 532
نوێژەنکردنەوەی پردی دەلال لە زاخۆ بەشێوەیەکی ناپڕۆفێشناڵ
2015053113252312126 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پرد
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-05-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 533

نیگارە شاخەکەی چیای جودی

20230629191938502036=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە شرناخ لە باکووری کوردستان لە چیای جودی نیگارە شاخێک هەیە کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لەسەردەمی گوتییەکان ئەفرێنراوە.
ئەم نەخشە بریتییە لە مرۆڤێک کە بەسەر ئەسپێکەوەیە کە لەسەر ڕوویەکی پان و سادەی چیاکە بەشێوەی بارز هەڵکۆڵراوە، دەربارەی مێژووی نەخش و کەسایەتییەکە ڕوون نەبووەتەوە بە دیاری کراوی کێیە، بەڵام مێژووییەکی چەند هەزار ساڵەیی هەیە، مێژووی نزیکەی شەش هەزار ساڵ دەبێت، لە کۆندا وتییەکان و ئاشووری و فارسەکان و ڕۆمەکان دەسەڵاتیان تیایدا هەبووە.
بۆچوونێک هەیە دەڵێن ئەم پەیکەرە هی شاژنێکی گۆتییە، بەڵام ئەم نەخشە بەهۆی لافاو شێواوە.
ئەم پەیکەرە شاخە ساڵی 1909 دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (archaeology in kurdistan) ڕۆژی 2023-06-29

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-29

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 534

نەخش و هەڵکۆڵراوەکانی خنس

2015092416381412712 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بە دووری 13کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی شێخان. بە هاوینەهەواری سەنحاریی پاشای ئاشوریەکان ناسراوە. لە ناو نیمچە دۆڵێکدا زنجیرە شاخێک دەڕوانێتە سەر ئاوێکی سازگار، لە شاخەکەدا چەندان پەیکەر و ئەشکەوتی وەک پەرستگا و نەخشەسازی تر هەڵکۆڵدراوە. هەڵکۆڵدراوەکان لە شوێنی بەرزن و زۆر بە شێوازی هونەری کاریان تێدا کراوە، شوێنێکی شوێنەواری و سەیرانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-24

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 535

نەخشی پادشای سیموروم simurrum

20220619164045419122=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نەخشی پادشای سیموروم simurrum، (ئیدن-سین) sinniddi. لە ناوچەی بێتواتە لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین دۆزراوەتەوە و لەسەر پارچەبەردێک نەخشێنراوە.
تابلۆکە وێنەی پادشا (ئیدن سین) نیشان دەدات کە ملی بە دوژمنەکانی کەچ کردووە و چەند دەقێکی نووسینی بزماریش لە تابلۆکەدا دەردەکەوێت کە باسی سەرکەوتنەکان دەکات و لە کۆتاییشدا نەفرین لەو کەسە دەکات کە زیان بە نەخشەکە دەگەیەنێت.
لە تابلۆکەدا ناوی چەندین خواوەندی ئەو سەردەمە هاتووە: وەک ئانو، ئەنلیل، ئیکنی، ننخواساک، سین. ئێستا ئەم بەردە لە مۆزەخانەی ئۆرشەلیمی ئیسراییلە.
سیمورۆم دەوڵەتەشارێک بووە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین و لە ناوچەکانی سلێمانی و سەرپێڵ زەهاو نەخش و نیگاریان ماوەتەوە. ئەم شانشینە هاوچەرخی بنەماڵەی ئووری دووەم و ئەکەدییەکان بووە و لە زۆر دەقی پاشایانی بەناوبانگی ئەو سەردەمەدا وەکوو نەرامسینی ئەکەدی و سەرجۆنی ئەکەدی و شولگی ناوی هاتووە.
جگە لە نەخشی بێتواتە بەردەنووسێکی تریش سەبارەت بە سیموروم هەیە کە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 536

نەخشی دەربەند بێلوولە

2015121213251712858 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم نەخشە هەڵکۆراوە، لە قەدپاڵی چیایی دەربەندی بێلوولە، لە بەرزی نزیکە 150 م لە نزیک گوندی بێلوولەی شارەدێی مەیدان.

ئەم نەخشەیە (90 سم) درێژە، نەخشی جەنگاوەرێکە، کە پێی خستووەتە سەر سنگی یەکێک لە دوژمنەکانی و سەربازێکی دیکەیان لەسەر چۆکە و لەم جەنگاوەرە دەپارێتەوە. جەنگاوەرەکە بە قەبارەی گەورەتر دروستکراوە.

نووسێنێکی مێخی لەنێو چوارچێوەیەکدا هەیە، نووسینەکەی بەشێوەیەکی نارێک نووسراوە و تەواونەکراوە، تا ئێستا خوێندنەوەیەکی تەواو دڵنیا بۆ نووسینەکە نەکراوە، بەڵام یەکێک لە خوێندنەوەکان ناوی پادشاکەی بە (تاردوونی) خوێندووەتەوە.

سەبارەت بە مێژووی نەخشەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی سێیەم.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 537

نەخشە بەردینەکانی گەڤەڕۆک لە باکووری کوردستان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921103815435285

لە ناوچەی هەکاری سەر بە باکووری کوردستان، کۆمەڵێک وێنەی تایبەت و مانادار لەسەر کۆمەڵێک بەردی پان و گەورە لە چیای گەڤەڕۆک نەخشێنراون کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمانی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە.
ئەم نەخشە بەردینانە بە ناوی (نەخشە بەردینەکانی گەڤەڕۆک) ناسراون، وەک مۆزەخانەیەکی کراوە وایە و سەرنجی پسپۆڕان و گەشتیاران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و بووەتە شوێنێکی گرنگ بۆ توێژینەوەی زانستی.
هەڵکەوتەی جوگرافیی نەخشە بەردینەکانی گەڤەڕۆک دەکەوێتە نێوان ناوچەی گەڤەر و چیای ترشن، بە تایبەت لە ناوچەی چیای جیلو و دەریاچەی سات کە دوو لە گرنگترین چیا و دەریاچەکانی باکووری کوردستانن.
بە پێی سەرچاوەکان، مێژووی ئەم نەخشە شوێنەوارییانە بۆ نێوان 10 بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەم ناوچەیە نزیکەی دوو هەزار نەخشی بەردین هەن و لە ڕووی قەبارە و جۆری وێنەکان جیاوازن. ئەو نەخشانەی لەسەر بەردەکان دەبینرێن بریتین لە وێنەی گوڵ، مرۆڤ، مار، ئاسک، بزنی کێوی، مەڕی کێوی، گورگ، ڕێوی و کۆمەڵێک شێوە و نەخشی سیمبولیی تایبەت بەو سەردەم و دەڤەرەیە کە بە گوتەی پسپۆڕان دەکرێ کێشان و ئەفراندنی ئەم نەخشانە سەرچاوەیان لە بیروباوەڕی ئایینی و سروشتی خەڵکی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە وەرگرتبێت.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
جۆری شوێن / شوێنەوار: باخ - پارک
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
جۆری شوێن / شوێنەوار: گەلەری
جۆری شوێن / شوێنەوار: ڕووبار، تاڤگە و بەنداو
شار و شارۆچکەکان: گەڤەر
وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 538

هاوڵاتییەک بەمەرج شوێنەوارێکی مێژووپی ڕادەستی حکومەت دەکات

2014030309100233662=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان کامەران عەبدە ساڵح، هانا ئیسماعیل چۆمانی

لەکاتی لێدانی بناغەی خانوویەک لە قەزای چۆمان، شمشێرێکی کۆنی سەردەمی سوپای موسوڵمانەکان دۆزرایەوە، خاوەن ماڵەکەش دەڵێت بەمەرجێک ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانم کردووە کە لە قەزاکە وەک شوێنەوارێکی مێژوپی بپارێزرێت.

هەژار حاجی قەسیم، خاوەنی ماڵەکە بە خەندانی ڕاگەیاند، لەکاتی کارکردن لە بناغەی خانوەکەمدا کرێکارەکان شمشێرێکیان دۆزیەوە، بەڵام بەداخەوە دەسکی شمشێرەکە شکابوو، وتیشی: دوای ئەوەی پاکم کردەوەو، بینیم بەخەتی کوفی لەسەر شمشێرەکە نوسراوە (فتح) کە خەتێکی کۆنی ئیسلامە، ئەم وشەیە سوپای موسوڵمانان بەکاریان دەهێنا بۆ ئازاد کردنی ئە و ناوچانەی کە لە ژێر دەستی ئەواندا نەبوون، بەڵام دیار نییە بۆ ساڵی چەندەمی کۆچیی دەگەڕێتەوە ئەوەش بەهۆی نەبونی شارەزا و شوێنەوار ناس لەوناوچەکەدا.

خاوەن ماڵەکە ئەماژەی بەوەشدا کە، شوێنەوارەکەی ڕادەستی ڕێکخراوی ناشناڵپارکی هەڵگورد – سەکران کردووە، بە و مەرجەی لە قەزای چۆمان بپارێزرێت وەک مێژوو ناسنامەی ناوچەکە داواشیکرد، ئە و شمشێرە نەگوازرێتەوە بۆشوێنێکی تر.

بەوتەی هەژار حاجی قەسیم، پێشتر زۆرێک لە و کەلو پەلانەی کە دۆزراونەتەوە لە ناوچەکەدا، بەهۆی نەبوونی شوێنێکی شیاو بۆ هەڵگرتنیان گواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی تر ڕاشیگەیاند، مەرجی ئە و لەرادەستکردنی ئە و شمشێرە مێژوویەدا، مانەوەیەتی لە قەزاکەدا وەک بەڵگەیەکی کۆنی مێژوویی لە ناوچەکە، هەروەک دەسپێشخەریەکیش بێت بۆ ئەوانەی کەلوپەلی مێژووییان لایە یاخود دەی دۆزنەوە.

بەختیار قادر، بەڕێوەبەری کارگێڕی پرۆژەی ناشناڵپارکی هەڵگورد – سەکران، بە خەندانی ڕاگەیاند، ئە و هاوڵاتییە شمشێرەکەی وەک دیاری پێشکەش بە ڕێکخراوی ناشناڵپارکی هەڵگورد – سەکران کردووە بۆ ئەوەی لە مۆزەخانەدا هەڵبگیرێت و، گەشتیاران دیدەنی بکەن.

وتیشی: شمشێرەکە لە ئاسنێکی یەکجار پتە و دروستکراوەو، سەرەتا کە گەیەنرایە ناشناڵپارک، ژەنگێکی زۆری گرتبوو، پاش خاوێنکردنەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە، دەرکەوت کە ئاسەوارێکی گرنگە و پێویستە بپارێزرێت.
بەختیار قادر ئاشکراشیکرد، بەپێی ئە و توێژینەوەیەی بۆی کراوە، مێژووی شمشێرەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هێرشی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان و ناوچەی باڵەکایەتی، لەسەر دەسک و کالانی ئە و شمشێرە مۆری فتح هەڵکەنراوە، کە ئاماژەیەکە بۆ سەردەمی فەتحی ئیسلام.
بەڕێوەبەری کارگێڕی پرۆژەی ناشناڵپارکی هەڵگورد – سەکران،ئەوەشی خستەڕوو، پێشتریش لە هەمان ناوچە چەند تیر- ێکی سەردەمی فەتحی ئیسلام دۆزراونەتەوەو، گەر بەدواداچوونی زیاتر بکرێت چەندینجۆر شوێنەواری دیکەی ئە و سەردەمە لە باڵەکایەتی دەدۆزرێنەوە، چونکە وەک مێژوو باسیدەکات، لە و سەردەمەدا ناوچەکە مەیدانی جەنگ و ڕووبەڕوونەوە بووە.
وەک بەختیار قادر باسیکرد، هەموو ئە و شوێنەوارانەی سەردەمی فەتحی ئیسلام کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە، مۆری فتحیان لەسەر هەڵکەنراوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئە و سەردەمە.
پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 14 سەدە بەسەرهێرشی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، ئە و کەلوپەل و کەرەستە جەنگیانە لەناوچەی باڵەکایەتی دۆزراونەتەوە، لایەنی پەیوەندیداریش پێیوایە گەر بەدواداچوون بکرێت شوێنەواری زیاتری ئە و سەردەمە دەدۆزرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-03-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 539
هاوەنێکی قەبارە گەورە لە مۆزەخانەی دهۆک
20230420125103483937=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هاوەنێکی بەردینی قەبارە گەورە کە بە مەبەستی هارین و ورد کردنی دانەوێلە بەکارهاتووە و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی دهۆک پارێزراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2023-04-20
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 540

هۆتێل فەرەح

2014091811313777515=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنترین هۆتێلی سلێمانی ئەژمار دەکرێت و مێژووی درووستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1920 و دەکەوێتە نزیک شەقامی مەولەوی سلێمانی و بۆ نۆژەنکردنەوەکەی لەسەر بودجەی پارێزگا بە بڕی 1.800 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە و لە ئێستاشدا2024 نزیکەی سەرجەم کارەکانی تەواو بووە و بڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا کارەکانی تەواو بکرێت و دوای نۆژەنکردنەوەی هۆتێلەکە و ناوچەکەی دەوروبەری دەکرێتە بازارێکی کەلەپووری بۆ کڕین و فرۆشتی بابەتە کەلەپوورییەکان.
-2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 541

هێڵکارییەک لەسەر پیرۆزی ئاژەڵی (گا) لە بیروباوەری میتانییەکاندا

https://www.kurdipedia.org/?lng=12023041212421648160 8=q&

هێڵکارییەک لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دهۆک لەسەر پیرۆزی ئاژەڵی (گا) لە بیروباوەری میتانییەکان لە شاری نوزی (کەرکووکی ئێستا). مێژووی میتانییەکان و ئەم بیروباوەرە بۆ 1600-1350 ساڵ پیش زایین دەگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-12

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 542

هەزار دەرگا

20160323163959130909=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەڵای هەزار دەرگا وەک یەکێک لە شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی پارێزگای ئیلام ناسراوە. بوونی دەرگا و پەنجەرەی زۆر لەو قەڵا مێژوویی‌یەدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەم هەتا شەشەمی زایینی، هۆی ناولێنانی بە قەڵای هەزار دەرگا هەر ئەوەیە و لە پێنج کیلۆمەترِی ڕۆژهەڵاتی شاری ئابدانان هەڵکەوتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2016-03-23

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 543

هەزارمێرد

2011041719124856721=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەدووری 13 کم لە باکووری ڕۆژاوای شارەکەوە، لە نزیک گوندی هەزار مێرد، ئەم ئەشکەوتە بەقەد چیای (بەرانان) ەوەیە

وەکو یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئێراق ناسێنراوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار، لە ژمارە (2126) ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیه) لە ڕێکەوتی 10-11-1949

لەسەر ناوی ئەشکەوتەکە چەند بۆ چونێک هەیە:

پێدەچێ بەهۆی فراوانی و گەرەیی ئەشکەوتەکە ناونرابێت کە جێگای هەزار پیاوی تێدا بووبێتەوە، هەروەها وشەی (مرد) لە زمانی فارسی بە مانای پیاو دێت، یان پێ دەچێ پەیوەندی بە پلەیەکی سەربازی یەوە هەبێت بەواتای پێشەوای هەزار جەنگاوەر (هزارمرد) ، هەروەها خەڵکی ناوچەکە (هەزارمێرگ) یشی پێ دەڵێن بە واتای زەوی تەڕو پڕ ئاو دێت بۆیە پێدەچێت (هەزارمێرد) ڕەگ و ڕیشەی لە (هەزارمێرگ) ەوە هاتبێ.

کنەوپشکنین:

چەند جارێک کنەو پشکنین لە ئەشکەوتی هەزارمێرد کراوە لە چەند کاتێکی جیاواز و لەلایەن چەند شوێنەوارناسیکەوە وەکوو شوێنەوارناس (سپایزەر لە ساڵی 1926-خاتوو دوروسی گاروود لە ساڵی 1928- ئەحمەد مەهدی لە بەهاری ساڵی 1949-کارلینتون لە ڕۆژی 13-12 ی تشرینی دووەمی ساڵی 1949 لەگەڵ ئەحمەد مەهدی-هەروەها بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی لە ڕۆژی 18-06-1998 لەلایەن شوێنەوارناسی کورد کەمال نووری مەعروف و هاشم حمە عەبدوڵلا

لە سەرجەمی پشکنینە شوێنەوارییەکاندا سێ چینی شوێنەواری دۆزرانەوە کە پێکهاتبوون لە چینەکانی A-B-C

چینی A: چینی سەرەوەی ئەشکەوتەکەیە کۆمەڵێک پاشماوەی گۆزەو گلێنەی جۆراوجۆری تێدا دۆزرایەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە شارستانی ئیسلامی واتە ئەم چینە بۆ سەردەمێکی تازەی چاخە مێژوویەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها لەم ئەشکەوتەدا پاشماوەی ئێسکی مرۆڤ دۆزرایەوە بەڵام کۆن نەبوو کە پێکهاتبوو بە سێ گۆڕ کە یەکێکیان منداڵ بوو، هەروەها سێ گۆزەی لەگەڵ دا نێژرابوون، هەروەها سێ پارچە ئاسن دۆزرانەوە کە یەکێکیان سەری تیرە، دوانەکەی تر دوو پارچە دراوە یەکێکیان هە سەردەمی بیزەنتی وە ئەوی تریان هیی سەردەمی ساسانییە

چینی B: ئەمەیان چینێکی جیاکەرەوەی تەنکە کە هەندێ بەردێ ئەستێ ی جۆری ئۆرگەنیشی تێدا دۆزراوەتەوە

چینی c: لەم چینەدا هەندێک ئیسک دۆزرانەوە، کە هیی ئاژەڵ و باڵندەی کوندە پەپوو، هەروەها ئامێری بەردە ئەستێی زۆر دۆزرانەوە بەڵام شێوەکانیان جیاجیان لە یەکتری لە یەک جۆری پیشەسازی نین کە نزیکن لە جۆری ناسراو بە موستیری چاخی بەردینی ناوەڕاست، هەروەها دوو تەوری دەستی دۆزرایەوە ئەو بەردە ئەستێ یانەی جۆری موستێری کە لەم چینەدا دۆزرایەوە بۆ (30) هەزار ساڵ تا (50) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا یا زیاتر دەگرێتەوە.

ڕشید فوزی، جمال ڕشید، تاریخ الکرد قدیم، اربیل-1990، المدیریة العامة للاثار و التراث، التلول و المواقع الاثریة،

بەغداد-1952 باقر طة، فواد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، الرحلة ارابعة، بەغداد1965 توێذینەوەی (ڕەوا کەریم ساڵح) بۆ بەشی شوێنەوار زانکۆی صلاح الدین فرج بصمەجی، کهف هزارمیرد الشرقی، سومر مج 6، 1950،

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (شوێنەواری ئەشکەوتی هەزارمێرد) لە: 2011-4-17 11:15:44

کاتی تۆمارکردن: 2011-04-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 544

هەگمەتانە، یەکەم پایتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی کوردی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822124746429638

هەگمەتانە، گەورە شارێکی شوێنەوارپی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی میدییەکانە، بە گوتەی مێژوونووسی یۆنانی هێرۆدۆت، ئەم شارە لە سەردەمی دیاکۆ (727-675 پێش زایین) یەکەمین پاشای ئیمپراتۆری میدیا بنیاتنراوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیی هەگمەتانە دەکەوێتە ناوەندی شاری هەمەدانی سەر بە پارێزگای هەمەدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە سەردەمی پاشا و دامەزرێنەری ئیمپراتۆری میدیا دیاکۆ، شاری هەگمەتانە وەک پایتەختێک بۆ ئەم دەسەڵاتدارییە دامەزراوە. ئەم گەورە شارە شوێنەوارییە لە سەرەتا گوندێک یان ئاوایەکی بچووک بووە لە سەرد گردێکی پان و بەرین، بەڵام دواتر بە فەرمانی دیاکۆ دەست دەکرێ بە درووست کردنی کۆمەڵگەیەک کە پێکهاتووە لە کۆشک، خەزینە و بنکەی سەربازی و حەوت ڕیز شورە بە دەوری شارەکە.

کاتێک دیاکۆ ئەم شارەی درووست دەکات، فەرمان دەدات کۆشکێکی گەورە و پتەو کە پێکهاتووە لە سەدان ژووری جیاواز لە ناوەندی گردەکە درووست بکرێت و بۆ پاراستنی زیاتری کۆشکەکە لە کاتی ڕوودانی جەنگ، بڕیاری دا لە چوار دەوری کۆشکەکە حەوت ڕیز شورە کە هەر شورەیەک لە شورەکەی پێش خۆی بەرزتر بووە درووست بکرێت و لە هەموو بەشەکانی شورەکە بنکەی تایبەتیی چاودێری و سەربازی دابنرێت. بەم شێوەیە هەگمەتانە دەبێتە یەکێک لە گەورەترین و پتەوترین شارە شوێنەوارییەکان لە دونیا کە لەگەڵ شارەکانی ئاتن لە یۆنان و ڕۆم لە ئیتالیا بەراورد دەکرێ.

شاری مێژووپی هەگمەتانە شاکاری بیناسازی و هونەری سەردەمی کۆنە و ئەوە لە دۆزینەوەی پارچە شوێنەوارییەکانی ناو ئەم گردە سەڵمێنراوە. هەگمەتانە خاوەن سیستمێکی ئاوەڕۆی کۆنە بە شیوازی ڕاکێشانی بۆری گڵێنە لەژێر خانووەکانەوە. شێوازە بیناسازییە تایبەتەکەی، بە کارهێنانی نەخشی درووست کراو لە زێر و زیو بۆ دیوارەکان و دارە بە کارهاتووەکانی ناو ژوورەکان، سیرامیکی نەخشێنراو لە زیو و زێر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆشکەن.

پسپۆرانای بواری زمانناسی ئێرانی لەسەر ئەو بڕوایەدان وشەی هەگمەتانە، ڕیشەی لە وشەی (هەنگمەنت) یان (هەنگمەن) بە واتای ئەنجوومەن دێت، کە ئەویش بە واتای شوێنی گردبووونەوە یان شوێنی یەک گرتن دێت. هەر لە مێژووی درووستبوونی ئیمپراتۆری میدیا (کە بریتییە لە کۆبوونەوە و یەکگرتنەوەی چەندین هۆز و تیرەی کوردی) بۆمان دەردەکەوێت، هەڵبژاردنی ناوی ئەم شوێنەوارە بێ مەبەست و بێ واتا نەبووە. بۆیە دەکرێ ئەم بۆچوونە زۆر ڕاست بێت کە هەگمەتانە واتا شوێنی کۆبوونەوە و یەکگرتن.

هەگمەتانە چەندین سەردەمی مێژووپی گرنگ و بە ناوبانگی ئێرانی کۆنی بە خۆیدا بینیوە، ئەم شارە کە لە سەرەتاوە پایتەختی ئیمپراتۆری میدیا (678-549 پێش زایین) بووە، لە پاش ڕووخانی میدییەکان لەلایەن ئەخمینییەکانەوە وەک پایتەختی هاوینەی ئەم دەسەڵاتدارییە بە کارهاتووە، لە سەردەمی ساسانییەکان ئەم شارە درێژەی بە ژیانی ئاسایی خۆیداوە، بەڵام دیار نییە لە ڕووی سیاسییەوە چ ڕۆڵێکی هەبووە.

یەکەم کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری بۆ ئەم شوێنەوارە لە ساڵی 1913 کراوە، لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی سەر بە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس بە سەرپەرەشتی شارل فوسی. هەڵکۆلین بۆ هەگمەتانە لە 10 وەرزی شوێنەواری ئەنجامدراوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵێ زانیاری و پارچەی شوێنەواری گرنگ و مێژووپی دەستکەوتووە. چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەنجامی زانستی ئەم هەڵکۆڵینە شوێنەوارییانە هیچ کاتیک بە شێوازێکی فەرمی بە هەبوونی داتا و بەڵگە بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە دەکرێ ئەمیش وەک هەوڵێک بۆ شاردنەوە یان سڕینەوەی مێژووی پڕ شکۆی کورد دابنرێت.

میدییەکان ئیمپراتۆرییەتێکی کورد بوون لە ساڵەکانی 678-549 پێش زایین کە لە ئەنجامی ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوورییەکان، توانیان دەسەڵات بگرنە دەست و بە ڕێکخستن و یەکگرتووپی چەند هۆزێکی کوردی، ئیمپراتۆری میدیا دابمەزرێنن. سەردەمی میدییەکان بە سەردەمی زێڕینی مێژووی کورد تۆمار دەکرێت، لەم سەردەمە بۆ یەکەمجار لە مێژوو هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتدارییەکی کوردی ڕێکخران و بەڕێوە بردران.
ئامادەکردنی:سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار
جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: هەمەدان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری باسنیوز - 22-08-2022
کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 545

هەورامان.. دەستنووسی قورئانێکی کۆن نمایشکرا

2014032420404462026=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەمڕۆ دووشەممە (24ی ئازاری 2014) لەمەراسیمی کردنەوەی مزگەوتێک لەشارۆچکەی تەوێلە قورئانێکی تەمەن 204 ساڵ کە دەستنووسی زانایەکی ئایینی ناوچەی هەورامانە نمایش کرا و پێشکەشی مزگەوتەکە کرا.
لەمەراسیمی کردنەوەی مزگەوتی مەلا نەزیری گەورە لە شارۆچکەی تەوێلە دەستنووسێکی ئە و مامۆستایە (مەلا نەزیری گەورەی تەوێلە 1786-1878) کە لای یەکێ لەنەوەکانی پارێزرابوو، گەڕێنرایەوە بۆمزگەوتەکە.
ئەحمەد نەزیری کە نەوەی حاجی مەلا نەزیری گەورەیە و لەوڵاتی ئێران نیشتەجێیە و لەباوکیەوە ئە و قورئانە دەستنووسەی بۆماوەتەوە، بە ئاژانسی ئەنادۆلی ڕاگەیاند: ئە و قورئانە دەستنوسە 33یەمین نوسخەی دەستنوسی قورئانە کە حاجی مەلا نەزیری گەورەی تەوێلە بەدەستی خۆی نوسیویەتیەوە و لای ئێمە پارێزراوە و ئێستا گەڕاندوومانەوە بۆ ئەم مزگەوتە.
وتیشی: مێژووی نووسینەوەی ئەم قورئانە دەگەڕێتەوە بۆ 204 ساڵ بەرلەئێستا و مامۆستا مەلا نەزیری گەورەی تەوێلە بەدەستوخەتی خۆی نوسیویەتیەوە و پشتاوپشت لای ئێمە پارێزراوە.
- 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-03-24

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 546

هەولێر.. چەند پارچە شوێنەوارێکی سەردەمی ئاشووریەکان دەدۆزرێتەوە

2014031016383534741=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خەندان- ڕەهێل سەمەد

دوای هەڵکۆڵینی شوێنێکی کشتوکاڵی لە دەوروبەری شاری هەولێر، نزیکەی 44 پارچە شوێنەواری دەدۆزرێتەوە و دواتریش ڕادەستی مۆزەخانەی شارستانی هەولێر دەکرێت، کە مێژوویان بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە.

بۆ ئە و مەبەستە ئەمڕۆ دووشەممە (10ی ئازاری 2014) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا مەلا ئاوات، بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری هەرێم بەئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ژینگە ڕاگەیاند: لە خوێندکارەکانی خوێندنگایەکی شاری هەولێر لەکاتی خوێندنی وانەی مێژوو بە مامۆستاکەی ڕاگەیاندوە چەند پارچەیەکی لە و شێوەیە هەیە لەماڵەوەیان بەمەبەستی جوانی دایانناوە بەبێ ئەوەی بزانن ئەمانە چین.

وتیشی: دوای بەدواداچوون دەرکەوت ئەوە چەند پارچەیەکی شوێنەوارین کە لەناو زەوی کشتوکاڵیدا دۆزراونەتەوە، بۆیە ئەوانیش ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکەنەوە و بڕوا بە و خێزانە دەهێنن بۆ گەڕاندنەوەی ئە و پارچانە.

ڕاشیگەیاند: کەلوپەلەکان نزیکەی 44 پارچە دەبوون، هەمووی کەلو پەلی بەنرخ و بەهاداربوون کە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی ئاشووری و پێشتریش و قۆناغە جیاوازەکانی مێژوون.

جەختی لەوەشکردەوە: ڕەنگە ئە و هاوڵاتیانە مەترسی ئەوەیان هەبێت کە زەویەکانیان داگیر بکرێت، بەڵام هەموویان دڵنیا دەکرێنەوە دەست بەسەر زەوی هیچ کەسێکدا ناگیرێت کە پارچەی شوێنەواری تێدابێت، بەڵکو قەرەبوو دەکرێنەوە.

- 2014-03-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2014-03-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 547

هەولێر: باڵەخانەیەک و کۆمەڵێک شوێنەواری دەگمەن دۆزرانەوە

2018111109440593646=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوارۆژ، عیسا عەبدولقەهار

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و تیمێکی زانکۆی میلانۆی ئیتالیا، باڵەخانەیەک و کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواری زۆر گرنگ و دەگمەن دۆزرانەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە 12ی تشرینی دووەم، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و تیمێکی زانکۆی میلانۆی ئیتالیا ئەنجامی پشکینی شوێنەواری لەهەردوو گوندی عەلیاوە و هێڵەوەی باشووری ڕۆژئاوای هەولێریان ڕاگەیاند.

لە کۆنگرەکەدا، لوکا بیرونیل، مامۆستای شوێنەوای لە زانکۆی میلانۆ بەڕێوەبەری نێردراوی شوێنەواری ئیتالیا ڕایانگەیاند: ئێمە بڕیارماندا کار لەگوندی هێڵەوە بکەین، چونکە شوێنەکە دەوڵەمەندە بەشارستانییەتی مەزن وەکو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەشێوەیەکی پێشکەوتوو توانیویانە گوند بگۆڕن بۆ شارۆچکە و دانیشتوانەکەشی تایبەتمەند بوون بەکاری نەخش و دەستڕەنگینی و بواری بارزگانی.

لوکا بیرونیل، وتیشی: مێژووی هێڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ 5 هەزار ساڵ پێش زایین لە شارستانەیەتی میزۆپۆتامیا لەسەردەمی حلف و عبید و بەگوێرەی کاری هەڵکۆڵینەکە بەدیارکەوتووە کە پێش 3500 ساڵ ئە و شوێنە چۆڵکراوە.

پسپۆڕە شوێنەوارەیەکەی ئیتالیا، ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ دەستکەوتنی چۆنیەتی ئە و شوێنەوارە بڕیارماندا بە پشکنین بە درێژایی گردەکە بەشێوەی سلۆپی بە بەرزی 23 مەتر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شوێنەوارەکە 23 مەتر چین چین لەسەریەکتر بووە و لەسەرووی شوێنەوارەکەوە باڵەخانەیەکی گشتیمان دۆزیەوە کە پێشبینی دەکرێت پەرستگا بووبێت، ئە و باڵەخانەیە پێش پێنج هەزار ساڵ دروستکراوە و لە یەک ژوور پێکهاتووە و مۆری قوڕی بچووکمان دۆزییەوە کە نەخش و نیگاری مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵی لەسەر نەخشێندراوە، ئەمیش بۆ داخستنی دەرگا وەکو قفڵی ئێستا بەکارهاتووە.

وتیشی: ئە و شێوازە مۆرە بەیەکەمین سیستمی ئیدارە دادەنرێت لە هەموو جیهان، هەروەها کۆمەڵێک قاپمان دۆزییەوە کە بەکارهاتووە بۆ پێدانی خواردن بە کرێکاران و خەڵکی شارەکە، جگە لەوە هەندێک کەلوپەل و شتی سەیرو دەگمەن و گرنگمان دۆزیەوە وەکو قاپی بەردین و شتی جوانکاریی و بەردی ئۆبسید، کە ئەو بەردە شووشەیەکی بورکانییە کە بۆ هێڵەوە نێردراوە کە سەرچاوەکەی ئەناتۆلیا بووە، ئە و شوێنە چەند کیلۆمەترێک لە هێڵەوە دوور بووە.

ئە و پسپۆڕە شوێنەواریە، ڕاشیگەیاند: بەردەوامدەبن لەکاری کنەوپشکین لە گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر.

پێداچوونەوە: ئیحسانی مەلا فوئاد[1]

2018-11-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 548

هەوێزە خرە

2022090313030743179 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەوێزە خرە

هەوێزە خرە: دەکە وێتە سە ڕچیای قە ڕەچوغ لەئاقاری (خدرجیجە) غەرێکە-شوورەیەکە، لە بەردی چیا بەشێوەی بازنە واتە خرِ دروستکراوە، مە ڕدار تا ئێستا بۆ حەسانە وەی مەرەکانییان بە کاریدەهێنن لە کاتی شەوبە کێو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: دیوار

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (119) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 549

هەڕان- ڕوحا

2015120100392712827 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پاشماوەی شوێنەواری هەڕان لە شاری ڕەحای باکووری کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

شار و شارۆچکەکان: ڕوحا

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-12-01

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 550

هەڵکۆڵدراوەکانی ئەشکەوتی هەڵامتا

2015092416184012712 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بە دووری 7کم دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شاری دهۆک لە بەرامبەر گوندی کفرکی، شوێنەوارەکە لە چوار بەش پێک دێت کە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ بە شێوەی هونەری لەسەر هەڵکۆڵدراوە و گوزارشت لەسەرکەوتنی جەنگ دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-24

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 551

هەڵکۆڵینی نایاسایی یەکێک لە شوێنەوارە کۆنەکانی شاری شنۆ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20181023112103100050

یەکێک لە شوێنەوارە مێژوویەکانی شاری شنۆ لە لایەن کەسانێکی هەلپەرەست، بە شێوەی نایاسایی بە تاڵان دەبرێت.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، قەڵاتگەی حەسەن نووران کە بە یەکێک لە ئاسەوارە کۆنەکانی شاری شنۆ بە ئەژمار دێت، لە لایەن کەسانێکی هەڵپەرەستەوە، هەڵدەکەندرێت.
سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ئەو کەسانە لە ڕۆژدا هەوڵی هەڵکەندنی ئەو شوێنەوارە مێژوویی و کۆنە دەدەن و ناوەندە حکوومەتییەکانیش لەو پەیوەندییەدا، بێدەنگیان هەڵبژاردووە.
ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: کەسانی هەلپەرەست تەنانەت دەستیان بە تەقە کردووە و هەڕەشیان لە خەڵک کردووە هەتا بتوانن بە ئاسوودەیی هەوڵی بە تاڵان بردن و لە ناوبردنی ئەو شوێنەوارە کۆنە بدەن.
هاووڵاتیان لە سەر ئەوە باوەڕن کە شوێنەوارە مێژوویەکان لە لایەن دەستوپەیوەندییەکانی سپای پاسدارانەوە بە شێوەی نایاسایی هەڵدەکەندرێت و لەو پەیوەندییەدا، ئیدارەی میراتە فەرهەنگییەکان هیچ پارەیەک بۆ پاراستنی ئەو شوینەوارە مێژوویانە تەرخان ناکات و هەروەها هیچ گەڵاڵەیەکی بۆ چاوەدێری بە سەر ئاسەوارە مێژوویەکان نییە.
بەپێی ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوەکان، ناوەندە ئەمنییەتییەکان بە تایبەت هێزەکانی سپای پاسداران دەستیان لە هەڵکەندن و بە تاڵان بردنی شوێنەوار و کەرەستە کۆنەکانی ئەو شوێنەوارانە لە ناوچەکانی کوردستاندا هەیە و لەگەڵ گرووپە مافیاییەکان لەو بوارەدا، هاوکاریان هەیە.[1]
2018-10-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-10-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 552
هەڵکەندراوی نرام سین
2013050321505582763=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2013-05-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 553

هەیبەت سوڵتان

20171013152342142887=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هاوینەهەواری هەیبەت سوڵتان دەکەوێتە قەت پاڵی زنجیرە چیایەک لە شارۆچکەی کۆیە، کەخەڵکانێکی زۆر ڕووی تێدەکەن و ئەم چیایە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتەجوانەکەی و بوونی کانییەکی زۆر تێیدا لەوەرزی بەهاراندا، وایکردوە ببێتە شوێنێکی گەشتیاریی.
هەیبەت سوڵتان دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە بە دووری (3کم) وە بە دووری (73) کم لە ناوەندی شاری هەولێر دوورە، بەرزی ئەم چیایە (1260)مەترە لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، دەکەوێتە پاڵ مەزارگەی هەیبەت سوڵتان خەڵکانێکی زۆر سەردانی دەکەن بە درێژای ساڵ بۆ پارانەوە و ئاوات خواستن.
ڕەهبەر سەید برایم نوسەرو ڕووناکبیر دەڵێت: هەیبەت سوڵتان چەندین کانی و ئەشکەوتی تێدایە چەندن جەنگی ئیسلام لەم شوێنە ڕوویداوە هەندێک بۆچونی جیاهەیە
مامۆستا عوسمان مستەفا مێژوونوس دەڵێت: ناوی هەیبەت سوڵتان بەمانای خوای با دێت هەندێک دەڵێن خوشک و بران زۆربەی لەمێژوونووسان دەڵێن بەمانەی هەیبارێت واتە ئەم شوێنە بەدرێژایی ساڵ بای دێت.
گۆڕەکەی هەیبەت سوڵتان درێژیەکەی 4 مەترە لە گومەزێک پێکهاتووە مێژووەکەی تاکو ئێستا دیار نییە.
ئەم چیایە بەناوی هەیبەت سوڵتانەوە کراوە چەندین ناوی خوشک و برا ناویان نراوە هەیبەت سوڵتان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی pukmedia.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2017-10-13 - pukmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-13

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 554

ویستگەی شەمەندەفەری کەرکووک

2014122600423511849 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-12-26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 555

ڕاپەڕین.. شوێنەواری دەربەندی ڕەمکان مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

20170828170919101984=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەهۆی کارکردن لە پرۆژەی دوو سایدکردنی ڕێگای نێوان دەربەندی ڕانیە و شارۆچکەی ژاراوە لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، ناوچەی شوێنەواری داتاشراوی دەربەندی ڕەمکان، مەترسی لەناوچوونی لەسەرە و ئەگەر داتاشراوەکە نەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

داتاشراوی دەربەندی ڕەمکان بریتییە لە تابڵۆیەکی داتاشراو لە زنجیرە شاخی دەربەندی ڕانیە، کە بەخەتی بزماری هەڵکەندراوە هەزاران ساڵ لەمەوبەر.

سەبارەت بەم شوێنەوارە هەڵکۆڵدراوە ئاوات سەید ئەحمەد، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە مێژوو، کە توێژینەوەیەکی لەسەر ئەم داتاشراوە ئەنجامداوە، بە (باسنیوز) ڕاگەیاند داتاشراوی دەربەندی ڕەمکان بەشێوەیەکی هونەری و ئەندازەیی بەرز و جوان نەخشێندراوە، کە بریتییە لە کەتیبەیەک لە بەرزی چل پێ، بە خەتی بزماری هەڵکەندراوە، درێژیەکەی مەترێک و 80 سم، پانییەکەشی 80 سم و قوڵی داتاشراوەکەش 12 سم، ئەم داتاشراوە بەهۆکاری سروشتی و جوگرافی بەشێکی لەناوچووە، بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بڕوانی بۆت دەردەکەوێت کە وێنەی مرۆڤی لەسەر هەڵکەندراوە و ئێستا قاچەکانی ئەم مرۆڤە بە ڕوونی دیارن.

ئەم شوێنەوارە لە دەزگای شوێنەواری عێراق لە ساڵی 1960 تۆمار کراوە و چۆتە ڕیزی شوێنەوارەکانی عێراق، وەک ئەو مێژووناسە، ئەوەشی خستە ڕوو زۆر گەریدەی بە نێو بانگی جیهانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم ناوچە شوێنەوارییە کردووە و هاوشێوەی ئەو داتاشراوەش لە ناوچە شاخاوییەکانی دیکەی کوردستان، وەک دەربەندی گاور، هۆرێن شێخان و سەرپولی زەهاو، داتاشراوی دیەکەش هەن کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ 2300 ساڵ پێش زاین.

ئاوات سەید ئەحمەدی مێژووناس، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە هۆکاری هەڵکەندنی ئەو شوێنەوارە، لەلایەن نەتەوە کۆنەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان وێستویانە لە یادەوەریەکانی مێژوودا سەرکەوتنەکانیان تۆمار بکرێن، بۆ ئەمەش باشترین کار ئەوە بوو یادەوەرییەکانیان، بە هەڵکەندنی داتاشراوەکان لە سەر شاخ و کێوەکان بهێڵنەوە، گوتیشی: بەڵام یەکێک لە داتاشراوەکان بەهۆی کارکردن لە پرۆژەیەک لە دەڤەری ڕاپەرین لە نێو دەچێت.

جەختی لەوەش کردەوە کە پرۆژەی دوو سایدکردن و فراوانکردنی ڕێگای دەربەندی ڕانیە بۆ شارۆچکەی ژاراوە، هەرچەنەد دەبوایە لە ساڵی 2014 جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کار کردن تێیدا دواکەوت، بۆ 01-07-2017 دەبێت لە ماوەی 360 ڕۆژ پرۆژەکە کۆتایی پێ بێت.

بەختیار ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەرین، دەڵێت: نوسراومان بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەرین کردووە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو ناوچەیە شوێنەوارییە بکەین، چونکە دەکەوێتە بەر پرۆژەکە و ئێستا ئێمە لە نزیک پرۆژەکە کار ناکەین، چونکە ئەگەر شاخەکە بتەقێنینەوە بە تەواوی زیان بەم داتاشراوەیە دەکەوێت، ئێستا ئێمە چاوەڕوانین تا ڕێگا چارەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە.

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی ڕاپەرین، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەم پرۆژەیە خۆی لە فراوانکردن و دوو سایدکردنی ڕێگای نێوان دەربەندی ڕانیە و شارۆچکەی ژاراوە دەبینێتەوە و لە نزیک شاخی دەربەندیش پردێکی کۆنکرێتی بە درێژایی 300 مەتر دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی مەترسی داروخانی شاخی دەربەند نەمێنێ و بودجەی پرۆژەکەش 12 ملیار دیناره.

بە تەواوکردنی ئەم ڕێگایە گرفتی هاتوچۆ و ڕووداوی هاتوچۆ لە دەڤەری ڕاپەرین کەم دەبێتەوە، چونکە ساڵانە لەم ڕێگایە دەیان ڕووداوی هاتووچۆی ڕوودەدەن و خەڵکی دەبنە قوربانی.

بارزان بایز، بەڕێوەبەری شوێنەواری ڕاپەرین، لەبارەی مەترسی لەناوچوونی شوێنەوارەکان، دەڵێت پەیوەندی باشمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان هەیە و هەوڵی تەواو دەدەین بۆ پاراستنی ئەم شوینەوارە هەڵکوڵراوەی دەربەند، تا ئەو کاتەی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی بواری شوێنەوار، بڕیاری زانستییانەی پاراستنی هەڵکۆڵدراوەکە دەدەین، کاری تەقاندنەوەی شاخەکە ئەنجام نادرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەرین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-28

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 556

کاپادوسیا

2023042514495548550 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دێرینکۆ، کەتپەتوکە، کاپادوسیا، هەسپەدوجا.... Dêrînko، یەکێک لە شوێنەوارە گرنگ و سەرنجڕاکێشی کوردە لە باکووری کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

جۆری شوێن / شوێنەوار: شارۆچکە

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (ararat azizi bokani) ڕۆژی 2023-04-25

کاتی تۆمارکردن: 2023-04-25

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 557

کاروانسەرای قەسری شیرین

20240608105511573732=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کاروانسەرای شا عەباس، کە لە سەنتەری شاری کرماشان و نزیک قەسری شیرینە لەسەر ڕووبەری 3600 مەتر چوارگۆشە درووستکراوە، بیناکە درێژییەکەی 60 مەتر و پانییەکەی 60 مەتر و بەرزییەکەی پێنج مەترە.
مێژووی ئەم کاروانسەرایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی سەفەوییەکان.
لەڕابردوودا کاروانسەرای عەباسی شوێنێک بووە بۆ پشوودانی گەشتیاران و بازرگانان.
لە قەسری شیرین، وەرزی زستان زۆر سارده و هاوین گەرمە، بۆیە کاروانسەراکە بە شێوەیەک دیزاین و درووستکراوە، کە لەگەڵ کەشوهەوای ئەم ناوچەیەدا بگونجێت، کە لە وەرزی زستاندا گەرم بێت و لە هاویندا فێنک بێت.
لە وەرزی زستاندا ڕێڕەوەکانی ناو کاروانسەراکە زۆر گەرمن، هەر بۆیەش شوێنێکی گونجاوە بۆ پشوودانی گەشتیاران لە وەرزی سەرمادا.
دەرگای چوونە ژوورەوەی کاروانسەرای عەباسی لە شێوەی هەشتگۆشەدایە، کە سەقفێکی قوببەیی هەیە، دوو سەکۆ دانراون لە هەردوو لای دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم بینایە. لە چوار لای حەوشەکەدا چوار پەنجەرە بە کەوانەی گۆشەوە لە دووری چەند مەترێک لە یەکترەوە دەبینرێن. لە کۆندا بۆ بەهێزکردنی بیناکە کەوانە بەکار دەهێنرا. ئەو ڕەنگینییە، کە لە درووستکردنی ئەم کەوانانەدا بەکار هاتووە، زۆر جوانە، بە جۆرێک، کە ئەم کەوانانە لەسەرەوەی سەقفەوە شێوەی قوببە و لە ناوەوە چوارگۆشەن و دەرچەی گەورە و کۆتایی بچووک و تەسکیان هەیە. [1]
ئامادەکردنی: ڕۆیا سەردار

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپیدیا هیچ دەستکاریەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆمەڵگا
سەدە: سەدەی 16 (1500- 1599)
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-06-06 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2024-06-08

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 558

کاولە کەندار

20220903125025431791=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کاولە کەندار

شوێنی ئێستای گوندی کەندالە لە نزیک دەربەندی بازاڕگەی قەرەچوغی پێش هاتنی لەشکری ئیسلام (شارگە) بووە، واتە: شار بووە، لە بەردەستی ساسانییەکان بووە، خوار بازاڕگەی بەلای (مەخموور) ی بەدەست ڕۆمەکان بووە واتە کەندار شارگەیەکی سنوری نێوان ساسان و ڕۆمەکان بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (118) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 559

کتێبێکی دەگمەنی (2000) ساڵە، بەزمانی کوردی نوسراوە لەکوردستان دۆزرایەوە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20150916013539126801

ئەم کتێبە لە 20 لاپەڕە پێکهاتووە و گاتاکانی زەردەشتی بەزمانی هەورامی (ئاهورامانی) بەزمانی ئافێستایی کۆن(بەپیتەکانی ئارامی)، تێدا نوسراوە. (واتا زمانەکە، هەورامیی کۆنی سەردەمی زەردەشتیانە و بەپیتی ئارامی نوسراوە) لەسەر پێستی ئاسک نوسراوەتەوە بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆی ئەنجام دراوە مێژووەکەی بۆ 2 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.
ئەم کتێبە لەلایەن خێزانێکی هەژاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی هەورامان دۆزراوەتەوە، بە هۆی ئەوەی نەیویستوە بگاتە دەستی ئێران، خاوەنەکەی دەیباتە وڵاتی بەریتانیا، بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیانی کە پەنابەرە دەیەوێت بیفرۆشێت.بەڵام نایفرۆشن بەهۆی هەوڵی هەندێک دڵسۆزی کورد و شوێنەوارەکان و کەرەستە کۆنەکانی کوردستانەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-16

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 560

کفری: بینایەکی کۆنی ئاسەوار دەڕوخێنرێت

2015040314533569267=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەندین بیناو خانوی کۆن و ئاسەوار لەکفری دەڕوخێنرێت، دواین بینا کە ڕوخێنرا، بینای پۆلیسی کۆن بو، بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیانیش دەڵێت هەرچەندە چەندین نوسراومان کردوە بۆ سەروی خۆمان گوێمان لێناگیرێت.
تایبەت، ئاوێنەنیوز: لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان شکور حەمەی هەیەر بۆ ئاوێنەنیوز وتی ئەوە بینای پۆلیس بوە، بەڵأم زۆر کۆن نییە، هەرچەندە ئەوە حکومەت لەهەشتاکانەوە فرۆشتویەتی و ئێستا موڵکی خەڵکە.
وتیشی ئە و بینایە پێویستی بەنۆژەنکردنەوەی بەپەلە هەبو، چونکە لەپشتەوەی ئە و بینایە ماڵی خەڵکی تێدایە، بۆیە ئە و بینایە هەرەسی هێنابوو مەترسی ڕوخانی لێدەکرا.
لەبارەی ڕێگریکردنی شوێنەواری گەرمیان لەروخاندنی ئە و بینایە، شکور هەیەر وتی ئێمە چەند نوسراوێکمان بۆ سەرەوەی خۆمان و شارەوانی گەرمیان بەرزکردەوە کە ئە و بینایە لەبەرامبەر پارچەیەک زەوی لەخاوەنەکەی وەربگیرێتەوە کە خاوەنەکەی ڕازی بو، بەڵام زەوییەکەی بۆ دابیننەکرا، بۆیە ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو کابرا ڕوخاندی.
ئە و بەرپرسەی شوێنەواری گەرمیان وتیشی چەند ساڵە هاوار دەکەین کە چەندین بیناو خانوی کۆن و ئاسەوار لەکفری هەیە و خەڵکی تێدا نیشتەجێیە، زەوییان پێبدرێت و نەڕخێندرێت، بەڵام گوێمان لێناگیرێت.
لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا چەندین بینای کۆن و ئاسەواری ئە و شارە ڕوخێنراوە و حکومەتی هیچ قسەیەکی لەسەر نەکردوە.
کفری یەکێکە لەقەزاکانی سەر بەئیدارەی گەرمیان و تەمەنی شارەکە زیاتر لە400 ساڵە و زۆربەی بیناو خانوەکانی چونەتە بواری ئاسەوارو کەلتوریەوە.
- 2015-04-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ئاوێنە

کاتی تۆمارکردن: 2015-04-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 561
کلک مشک

2013052814240383025=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کوورتەیەک لەسەر شوێنەواری گردی کلک مشک:
گردی کلک مشک، یەکێک لە گردە شوێنەوارییە گرنگەکانی شاری هەولێرە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 4000 ساڵ پێش ئێستا، ئەم گردە کە پێشتر لەدەرەوەی شاری هەولێر بووە، لە ئێستادا2023 بەهۆی فراوان بوونی شارەکە دەکەوێتە ناو شاری هەولێر، لە گەڕەکەکانی خواروو ڕۆژاوا، دەکەوێتە گەڕەکی شادی و 5 تا 7 کیلۆمەتر لە قەڵای هەولێرەوە دوورە.
گردی کلک مشک، لە ڕێکەوتی 25-02-1946 لە ژمارە 2345 ی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية) وەک شوێنێکی شوێنەواری ڕاگەیەندرا، ڕووبەرەکەی نزیکەی (240م × 290م) و بەرزی لەگەڵ ڕاستایی دەوروبەری 15م و 401.5م یش لەسەر ئاستی دەریا بەرزە. هەر لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنە ئەوەش بڵاوکرایەوە کە پارچەی جۆراوجۆری گڵینە و گۆزەی شکاو دۆزراوەتەوە، کە دەتوانین بڵێین بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، تا دەگاتە سەردەمی عەباسییەکان لەسەدەی (8 تا 13ز) .
دوای ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1946پشکنین و لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و چەندان شاندی شوێنەوارناسانی جیهان سەردانی ئەو شوێنەیان کرد، پاشان لە ساڵی (2010) هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەم گردە ئەنجام دراوە لەلایەن تیمێکی هاوبەشی (زانکۆی لیۆنی2 فەرەنسی و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری هەولێر) لە وەرزەکانی دواتر بۆ ماوەی (سێ) وەرز ساڵانی (2011، 2012، 2013) هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا ئەنجام دراوە لەلایەن زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئەدەبیات بەشی شوێنەوار و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.
ئەم گردە بە سەرپەرشتی بەشی شوێنەواری لە کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ مەشق پێکردن و ڕاهێنانی خوێندکارانی بەشی شوێنەوار و مامۆستا و قوتابیانی ئەم بەشە و هەندێک میوانی پسپۆڕ بریاری کنە و پشکنینی بۆ دەرچوو، دواجار لە چوار وەرزی پشکنین دا توانرا پاشماوەی سەردەمی جیاجیای تێدا بدۆزرێتەوە و ئەمەش زیاتر لە سێ ساڵی خایاند و دوای چەندین لێکۆڵینەوە و پشکنین گۆڕێک دەرکەوت کە هیی ئافرەتێکی کەسایەتیی ناسراوی ناوچەکە بووە و گۆڕەکە بە شێوازێکی تۆکمە هەڵچنرابوو.
لە وەرزی (سێ یەم) تیمێکی هۆڵەندی بە بەشداری قوتابییەکانی هەموو پارێزگاکانی ئێراق فیدراڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بۆ ماوەی مانگێک هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەم گردە ئەنجام دراوە.
لە وەرزی (چوارەم) هەڵکۆڵینی شوێنەواری بەردەوام بوو لەلایەن تیمی هاوبەشی زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئەدەبیات بەشی شوێنەوار بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری هەولێر. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی ئاوێنە
کاتی تۆمارکردن: 2013-05-28
ناوی تۆمارکار: هەڤاڵ نەژاد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 562

کورد خاوەنی یەکەم نەخشەی جوگرافیە لە سەرتاسەری جیهان

2015092821495812724 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1





Clay Tablet map from Ga-Sur, 2,500 B.C.

(2300ساڵ پ.ز واتە 4300 ساڵ بەر لەئێستا)
زۆرن ئەو شانازیانەی بەشێکن لە مێژووی کورد، بەڵام هاووڵاتیبانی کورد کەمترین زانیاریان لەسەری هەیە، یان هەر بە بیستنی سەریان سوڕ دەمێنێت...یەکێک لەو شانازیە گەورانە یەکەم نەخشەیە لە جیهان دا، ئەم نەخشەیە ئەگەر هی هەر نەتەوەیەکی تر بوایا لە جیهاندا نرخ و بەهایەکی
گەورەی دەبوو.
نەخشەکە بریتییە لە تاتە قورێک کە وێنەی چەن شارێکی لەناو بازنەدا تێدا دیاری کراوە و لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواوە چەند کەوانە دەبینرێن کە ئاماژەن بۆ ناوچەی شاخاوی.
لە هەر چوارلاوە بەخەتی مێخی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باشوورو باکووری تێدا
نووسراوە.
نەخشەکە لە شاری (گاسور_نوزی) لە باشووری کەرکووک دۆزراوەتەوە یۆرغان تەپەی ئێستا مێژوەکەی بۆ 2300 ساڵ پ.ز دەگەڕێنێتەوە.
شاری نوزی یەکێک بوە لەشارەگرنگەکانی باپیرانی کورد لە سەردەمی گۆتیەکان و دواتر پایتەختی دەوڵەتی خوری بوە و پاشان دەوڵەتی میتانی کە هەموو ئەم دەوڵەت و نەتەوانە بە باپیرانی کورد دادەنرێن.
ڕێگای نێوان شارەکان و چەند ڕوبارێکی لەسەر دیاری کراوە، پێشبینی دەکرێت یەکێک لەڕوبارەکان زێی گەورە و یەکێکیتریان ئاوی خاسەبێت کە ئێستا بە کەرکووک دا تێدەپەڕێت، یەکێک لە ڕوبارەکان ناوی (ڕاخیئۆم) ە.
بەشێکی تابلۆکە لە باشوورەوە داخوراوەو ئاسەوارەکەی سڕاوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-28
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 563

کوردستان لانکەی شوێنەوارەکان (پەیکەری شێری بەردین)

2015091119084612656 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەهۆی کار و کەندنەوە وە، پەیکەری شێرێکی بەردین لەناوچەی (کەڵەکچی)سەر بە پارێزگای دهۆک دەرکەوت،لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، دەرکەوت پەیکەرەکە پاشماوەی دەوڵەتێکی کۆنی کوردستانە لە نێوان ساڵانی 1500 بۆ 1350 پ.ز،کەئەویش دەوڵەتی میتانیە.
میتانیەکان بە بەشێک لە مێژووی کورد دادەنرێن لە1500 بۆ 1350 پ.ز لە باشورو باکورو ڕۆژئاوای کوردوستان ژیاون،پایتەختەکەیان ناوی (واشوکانی)بوە دەکەوێتە نزیک شاری سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان،هەروەها یەکێک بوون لە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە شان بە شانی وڵاتانی میسر و ئاشورو بابلی و پەیوەندی بتەویان بە فیرعەونەکانی میسرەوە هەبوە کچی پاشای میتانی توشتراتا شوی بەفیرعەونی میسر ئەمن حۆتبی سێیەم کردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-11

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 564
کوناره

20220619172947419124=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کوناره، یەکێک لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی سەردەمی لولوبی، شوێنەواری گردی (کوناره)یە لە نزیک بەکرەجۆ لە شار سلێمانی کە دۆزینەوەیەکی زۆر گرنگە بۆ باشووری کوردستان و تایبەتمەندی خۆی هەیە.
ئەم شوێنەوارە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 2200 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی دەسەڵاتداری لولوبییەکان کە هاوسەردەمی ئەکەدییەکان و سۆمەرییەکان بوون، دەگەڕێتەوە.
لە ساڵی 2014ەوە کنە و پشکنین بۆ ئەم گردە دەکرێت، بەڵام بەپێی کۆتا هەڵکۆڵین کە لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆی سۆربۆنی فرەنسا بۆی کراوە، نزیکەی 116 دەقی میخی کە تایبەتن بە بواری سیاسی و ئابووری و تەلارسازی و ژیانی ئاسایی ڕۆژانە و کۆمەڵێ پارچەی شوێنەواری وەک مۆر و ئامێری کانزایی و ئێسکوپرووسکی ئاژەڵی دڕندەی وەک شێر لەوێ دۆزراونەتەوە.
لە ژمارەیەک لەو دەقە میخییانە کە تایبەتن بە بواری ئابووری، باس لە کڕین و فرۆشتنی ئارد دەکات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە گردی کوناره لە ڕووی ئابووریەوە زۆر بەهێز بووە و وەک ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە، هەروەها دۆزینەوەی پاشماوەی تەلارسازی و شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە، سەلمێنەری دەسترەنگینی لە ڕووی هونەریی و ئاستی باڵای تەلارسازییە لەو شوێنەوارەدا.
لەبارەی پاشماوەی تەلارسازی لەم شوێنەوارە، شوێنەوارناسان باس لە دۆزینەوەی پاشماوەی دوو خانوو دەکەن کە یەکێکیان بەرزیی دیوارەکانی دەگاتە دوو مەتر و شەست سانتیمەتر، هەروەها خانوویەکی تر ڕووبەرەکەی دەگاتە بیست مەتر پانی کە پێدەچێت ئەمە خانووی فەرمانڕەوا، یان دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بووبێت. بە گوتەی شوێنەوارناسان و بە پێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان پێدەچێ هۆکاری ڕووخان و نەمانی ئەم شارە، کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە بووبێت.
لەکونارەدا 120 دەقی مێخی مۆرو ئامێری کانزای و ئێسکی حەیوانی دڕندەی وەکو شێرو پاشماوەی بیناسازی و عەماری دانەوێڵە و بۆری گڵێنەی ئاودێری دۆزراونەتەوە.
لولوبییەکان کە بە باپیرانی کورد دادەنرێن، شان بەشانی ئەکەدی و سومەری حوکومیان کردووەو ڕوو بەڕووی یەکتریش بوونەوە، ماوەیەکی زۆر حوکومڕانیان کردووە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شارۆچکە
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 565

کووپەیەکی کۆن لە شارباژێر

2017101316224114289 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم کووپەیە لە گوندی سەراوی سەربە شارۆچکەی ماوەت، دۆزراوەتەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی2017-10-13 - pukmedia.com

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-13

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 566

کلاوە فەرهەنگی قەڵای شێروانە چاکدەکرێتەوە

20181204100417170009=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە شارۆچکەی کەلار، تیمێکی شوێنەوار ناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کلاوە فەرهەنگی قەڵای شێروانە دروست دەکەنەوە، کە ساڵی ڕابردوو بە هۆی بومەلەرزەوە ڕووخا.

ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دەست بە نۆژەنکردنەوەی قەڵای شێروانە کرا، کە ساڵی ڕابردوو بە هۆی بومەلەرزەوە زیانی پێگەیشتبوو.

ساڵەح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، بەڕۆژنیوزی وت: لە بومەلەرزە بەهێزەکەی ساڵی ڕابردوو، قەڵای شێروانە بە گشتی و کلاوە فەرهەنگی-یەکەی کە دەکەوێتە سەرووی قەڵاکە زیانی پێگەیشتو و ڕووخا، لە ئێستادا دەستکراوە بە چاککردنەوەیی و ڕێکخراوێکی هوڵەندی بەناوی پرێس کلاوس، تایبەت بە شوێنەوار، ئەکری چاککردنەوەی گرتووەتە ئەستۆ.

ساڵەح محەمەد، وتیشی:کلاوە فەرهەنگییەکە لەلایەن تیمێکی شارەزای بواری چاککردنەوەی شوێنەوار، لە شاری ورمێ-ی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتوونەتە شارۆچکەی کەلار و سەرقاڵی چاککردنەوەین، هەروەها بەشێکی زۆری پێداویستیەکان لە وڵاتی ئێران هێندراون و بڕیارە لە ماوەی 30 ڕۆژدا کلاوە فەرهەنگییەکە وەک شێوەی جارانی خۆی چاک بکرێتەوە.

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، کە لەدوای چاککردنەوەی کلاوە فەرهەنگییەکە دەست دەکەن بە چاککردنەوەی باشەکانی دیکەی ناو قەڵاکە.

جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ئاماژەی بەوەشدا، بەهۆی بومەلەرزەکەی ئەمساڵیشەوە لە هەندێک شوێندا زیان بەر قەڵاکە کەوتووە.

قەڵای شێروانە لە ساڵی 1866 بۆ 1874 لە لایەن حەمە پادشای جاف ەوە، دروستکراوە و تا پێش بوومە لەرزەکەی ساڵی ڕابردوو سێ جار نوژەنکراوەتەوە.[1]

2018-12-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 567

کۆتێ بەرچەم

20220619183812419128=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

جارێکی تر کوردستان سەلماندی لانکەی شارستانییەتە.
یەکێک لە ناوچە شوێنەوارییە هەرە گرنگەکانی باکووری کوردستان، ناوچەی شوێنەواریی (کۆتێ بەرچەم)ە. دۆزینەوەی ئەم ناوچە شوێنەواریە سەلماندوویەتی کە کوردستان وڵاتی دەستپێکردنی ژیان، کشتوکاڵ، شارستانیەتی و ئایینە.
کۆتێ بەرچەم بە دووریی حەوت کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ناوچەی (ئەرکانی) لە ئامەد و لە ساڵی 1963 لەلایەن شوێنەوارناسەکانەوە دۆزراوەتەوە. لە ساڵی 1964 یەکەم هەڵکۆڵینی زانستیی شوێنەواریی تێدا کراوە و بەپێی دەستکەوتە شوێنەوارییەکان ڕوون بووەتەوە کە ئەم ناوچەیە سەرەتای کاری کشتوکاڵی و ماڵیکردنی ئاژەڵە کێویەکان بووە، بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە دۆزینەوەی شوێنەواری دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ و برنجی چەندین هەزار ساڵەیە کە لەم ناوچەیە چێندراوە.
ئێستاش برنجی ناوچەی کۆتێ بەرچەم لە بەناوبانگترین برنجە کوردییەکانە
بەپێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی ناو ئەم ناوچە شوێنەواریە، مەزەندە دەکرێت، مێژووی نیشتەجێبوون و ژیان بۆ نزیکەی 10 هەزار و 750 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمە، ڕێژەی دانیشتووانی کۆتێ بەرچەم، نزیکەی 600 کەس بووە و لە ڕووی بیناسازی، ئاژەڵداری و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە شوێنێکی پێشکەوتوو بووە.
توێژینەوەکانی زانستی زەویناسی لەم ناوچەیەدا باس لەوە دەکەن کە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەم ناوچەیە زۆر کۆنە و دەکرێ لێرەوە ژیان و پیشە سەرەتاییەکان دەستی پێ کردبێت. پاشماوەی باڵەخانە شوێنەواریەکان دەرخەری ئەوەن کە یەکەمین سیستمی ئاودێری لە کۆتێ بەرچەم دەستی پێ کردووە.
سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی، ئەم ناوچەیە بە ناوچە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنی ژیان بە شێوازی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و پەرستنی خواوەندی دایک نیشانەی ڕێز و خۆشەویستیی تایبەتی ئەم ناوچەیە بۆ ئافرەتە. هەر لە نزیکی کۆتێ بەرچەم، ئەشکەوتێکی شوێنەواری دۆزراوەتەوە کە دیارە ژیانی گوندنشینی لە پاش بەجێهێشتنی ئەم ئەشکەوتەوە بووە.
بە گوێرەی توێژینەوەکان، ئەشکەوتی هیلار وەک یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی ئەم ناوچەیە تۆمار دەکرێت، بەڵام پاش دەستپێکردنی قۆناغی نیشتەجێبوون لە پێدەشتەکان، خەڵک بەرە بەرە، بەرەو خوارەوەی ئەشکەوتەکە هاتوون و تەنانەت بۆ دروستکردنی خانوو و باڵەخانەکانیان سوودیان لە بەردەکانی ناو ئەشکەوتەکە وەرگرتووە و زۆربەی بەردە بەکارهاتووەکانی ناو باڵەخانەکانی ئەم گونده لەو ئەشکەوتەوە هێنراون.
پاش تێپەڕینی کات و دۆزینەوەی شێوازە تازەکانی ڕێکخستنی ژیان، ئەم ئەشکەوتە وەک شوێنێک بۆ کردنەوەی ئاگر بەکار هاتووە، لەگەڵ فێربوونی شێوازی دروستکردنی تەندووری ماڵان، ئەشکەوتەکە وەک گۆڕستان بەکار هاتووە. پاش تێپەڕینی کات و دۆزینەوەی زیاتر بۆ ئاسوودەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەردەکانی ناو ئەشکەوتەکە بە مەبەستی کێڵی گۆڕ بەکار هاتوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | Farhad.archaeologist
کاتی تۆمارکردن: 2022-06-19
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 568

کۆچکا زەراتێ

2014070121424476861=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێنەوارێکی میرنشینی سۆرانە لە دەشتی بەرازگری سەربە ناحیەی سیدەکان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

میرنشین: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-07-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 569
کۆشکی حەوش کورۆ
2015121213300212858 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 570

کۆشکی دارا بەگ

2024021720112955312 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆشکی دارا بەگ دەکەوێتە گوندی دارا لە گوندی حەفتەغار لە نزیک داقوق، ساڵی 1922 ئینگلیزە داگیرکەرەکان دەستیان کردووە بە درووستکردنی و ساڵی 1924 تەواو بووە. درووستکردنی (کۆشکی دارا بەگ) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی کە شوێنی نیشتەجێ بوونی (دارا بەگ) بووە و گۆڕەکەشی هەر لەوێیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کۆشک
دەیە:	20ەکان (20-29)
سەدە:	سەدەی 20 (1900-1999)
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (شوێنەوارناسی) ڕۆژی 2024-02-16

کاتی تۆمارکردن: 2024-02-17

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 571

کۆشکی سەمەد ئاغای حەوێزی

2022102613295844201 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆشکی سەمەد ئاغای حەوێزی یەکێک لە کۆنترین شوێنە کەلەپوورییەکانی کوردستانە لە قەزای کۆیە کە ئێستا بەشێکی زۆری بیناکەی ڕووخاوە و ڕەوشی پاراستنی زۆر خراپە.
لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، واتا ساڵەکانی 1800 لە سەردەمی دەسەڵاتداریی عوسمانییەکان لە سەر پارچە زەوییەک بە ڕووبەری نزیکەی 1000 مەتر خانوویەک کە نزیکەی17ژووری قەبارە جیاوازی لەخۆی دەگرت، تایبەت بۆ خێزانی (سەمەد ئاغای حەوێزی) لەسنووری کۆیە دروست کرا.
ئەم کۆشکە دەکەوێتە ناوەندی شار کۆیە و لە دوو نهۆم و چەندین ژوور و دیوەخانێکی پێکهاتووە. کاری دروستکردن و بیناکردنی ئەم کۆشکە لە لایەن وەستای شارەزای ئێرانییەوە کراوە و لەو سەردەمەدا وەک شاکارێکی هونەری بیناسازی بووە و دەرگا و پەنجەرەکانی بە شێوازی فولکلووری لە دار دروست کراون و بەشێک لە دیوارەکانی بە نەخشی ڕەوەکی بە زمانی فارسی و تورکی نەخشێندراوە.
لە شاری کۆیە وێنەی ئەمجۆرە خانوو و کۆشکانە کەمن، کە وا لە قەبارەی گەورە دروست کرابێت و بەتەواوەتی پارێزراو بێت و ئەم کۆشکەش هەروەک شوێنەوار و کەلەپوورەکانی تر دوور نەبووە لە وێرانی و تێکچوون، هەرچەند لە ساڵی 2005 وێنەی گیراوە و بە بەراود لەگەڵ وێنەی ئیستا زۆر جیاوازە و مەبەست لەم جیاوازییە ئەوەیە کە زۆر زیاتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا تێک چووە و دووچاری ڕوخان بووە و لە ئێستاشدا ڕەوشی پاراستنی کۆشکەکە زۆر خراپە وئەگەری ڕووخانی یەکجاری هەیە بە تایبەت بەهۆی هۆکارە سرووشتییەکان وەک باران و هەتاو کە دەکرێ هوکاری زۆر جددی بن بۆ ڕوخاندن و تێکچوونی شوێنەوارەکان.
شاری کۆیە کە وەک ناوەندێکی فەرهەنگی و مێژووپی لە کوردستان دەناسرێت لە ڕووی شوێنەوارییەوە بە ناوەندێکی گرنگ دادەنرێت بە تایبەتی زۆر دەوڵەمەندە بە هەبوونی بینا و باڵەخانەی تایبەت بە کەسایەتییە مێژووپی و فەرهەنگییەکان کە وەک شوێنی لەدایکبوون و ژیان یان وەک شوێنی کار کردنیان گرنگیان هەیە.
ئامادەکردنی: سارا سەردار
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: چوار تاق

جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو

سەدە: سەدەی 19 (1800-1899)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 572

کۆشکی موشیر دیوان،

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2024032809120956277 3

کۆشکی موشیر دیوان دەکەوێتە گەڕەکی کۆنی سەرتپوولەی شاری سنە، لەسەر شەقامی (فەرەحی پێشوو)، یەکێکە لە تەلارە بەناوبانگەکان لە سەردەمی قاجاردا، لەلایەن میرزا یووسف موشیر دیوان بە ناوی میرزا ڕەزای وەزیری کوردستان دروستکراوە .
ئەم کۆشکە بۆ ماوەی چەند ساڵێک بووە جێگای پارێزگاری کوردستان، حەوت حەوشەی هەیە، هەر یەکەیان ڕێڕەوی ئاوی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە دیزاینێکی جیاواز بە یەکەوە بەستراونەتەوە.. ئەم کۆشکە زۆر ناوازە و تایبەتمەندە.
ئەم بابەتە لەلایەن سەوسەن سنەیی ئامادەکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک

سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-03-28 - baskurd.basnews.com

کاتی تۆمارکردن: 2024-03-28

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 573

کۆشکی مەجید پاشای بابان

2014100521494477699=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ینای مەجید پاشای بابان بەکۆنترین بیناکانی شارۆچکەی کفری دادەنرێت و بەوتەی بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان ئەو بینایە لەساڵانی 1800 درووستکراوە، واتا تەمەنی نزیکەی 200 ساڵ دەبێت و ئێستا مەترسی ڕوخانی لێدەکرێت.
ئا: ئیحسان مەلا فوئاد
بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان شکور حەمەی هەیەر لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە باسی درووستکردنی ئەو بینا مێژوویی و ئاسەوارییەی کرد ئەو بینایە لەسەر دەستی هەندێ وەستای ئێرانی درووستکراوە، ئەو سەردەمە کە عوسمانییەکان دەسەڵاتداری ناوچەکە بوونە و مەجید پاشای بابان حوکمڕانی شارۆچکەی کفری کردووە، پێش هاتنیان بۆ کفری کاتێک ئیمارەتی بابانییەکان ڕوخێنرا، هەموویان لە ناوچەکانی خۆیان دەرکران و هێنرانە کفری و دەسەڵاتیشیان پێدرا، واتا پێش ئەم خانوە خانویەکی دیکەیان هەبو، دواتر ئەو خانوەیان لەروبەرێکی گەورەدا بەدو نهۆم درووستکرد.
ڕوبەری خانوەکەی مەجید پاشای بابان لەروبەری نزیکەی 1000 مەتر درووستکراوە و نزیکەی 20 ژوری گەورە و بچوکی تێدایە و قەبری ناوبراویش هەر لە تەنیشتی بیناکەوە دانراوە.
بەوتەی بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان کاتێک لەناوەڕاستی 1750 هەندێک لەبازاڕی کفرییان درووستکرد کە یەکێکە لەبازاڕو قەیسەرییە کۆنەکانی ئێراق، کاروانسەرای نێوان بەغداو سلێمانی هاتونەتە ئەو بازاڕە و شوێنی بازرگانی توتن و خوری و شتومەکی ڕۆژانەی خەڵک بووە، دوای درووستکردنی بازاڕەکە بینای ماڵی مەجید پاشا درووستکرا.
بەهۆی کۆنی و تەمەنێکی زۆری ئەو شوێنانەوە مەترسی داڕوخان و لەناوچونیان لێدەکرێت، شکور هەیەریش دەڵێت بەدڵنیاییەوە هەموو بینایەک ئەگەر کۆن بێت مەترسی ڕوخانی لێدەکرێت و ئێستاش ئەم بینایە ئەو مەترسییەی لێدەکرێت.
هەرچەندە لە ساڵی 2009 فەرمانی نۆژەنکردنەوەی دراو بڕی 180 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکرا، کەچی هەر بەکاولی مایەوە و نەتوانرا بەتەواوی لەمەترسی ڕوخان ڕزگاربکرێت.
- 2014-10-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کۆشک
دەیە:	01ەکان (00-09)
سەدە:	سەدەی 19 (1800-1899)
شار و شارۆچکەکان:	کفری
وڵات:	باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی ئاوێنە

کاتی تۆمارکردن: 2014-10-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 574
کۆشکی مەحمود پاشای جاف
2015121213233112858 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-12-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 575
کۆشکی کەلات

20240305102219556649=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قوتابخانە و کۆشکی کەلات لە ساڵی 1700 لە گوندی نەهری نزیک لە شەمزینان درووستکراوە. پێش درووستکردنی ئەم کۆشکە و لە شوێنی کۆشکەکە، قوتابخانەیەک لەوێ هەبووە بە ناوی قوتابخانەی نەهری، کە وەک ناوەندێکی گرنگی ئایینی تەریقەتی قادری ناسرابووە، دواتر کە ژمارەی قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە زیاد دەکات، سەید محەمەد بڕیار دەدات، کە قوتابخانەکە (کۆشکی کەلات) نۆژەن بکاتەوە.
مێژووی قوتابخانەکە کۆنترە لەوەی لێرە باس کراوە و لەسەرەتا وەک ناوەندێکی گرنگی سیاسی لە باکووری وڵات ناسراوە، لەبەر ئەوەی سەرەتای شۆڕشی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) لەو کۆشکەدا دەستی پێ کردووە و ڕاگەیەنراوە، بینای قوتابخانەکەش وەک ناوەندێکی سیاسی بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەکە بەکار هێنراووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کۆشک
دەیە: 01ەکان (00-09)
سەدە: سەدەی 18 (1700-1799)
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
وڵات: باکووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 2024-03-03 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-03-05
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 576

کۆمەڵێک ئامرازی دروستکردنی خشڵ و زەڕنگەری

2014090612340377296=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2014-09-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 577
کۆمەڵێک کەلوپەلی کۆن

2021121609050939873 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆمەڵێک کەلوپەلی کۆن دروستکراونەتەوە لەسەر دیزاینی کەلوپەلە کۆنەکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەی 20 (1900-1999)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ڕۆژگار کەرکوکی
کاتی تۆمارکردن: 2021-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 578

کۆنترین پەرستگای جیهان لە کوردستان دۆزراوەتەوە

2015091923332912698 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنترین پەرستگای جیهان لە کوردستان دۆزراوەتەوە 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا.
پەرستگای گۆبگلی تەپە"گردی ناوک" کە دەکەوێتە شاری ئورفا لە باکوری کوردستان مێژوەکەی بۆ 12 هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە،کۆنتری پەرستگایە تا ئێستا دۆزرابێتەوە لە دونیادا کە تەواوی مێژوو نوسانی سەرسام کردوە و هەموو ئەو بیردۆزانەی هەڵوەشاندەوە کە دەیان گوت مرۆڤ بە هۆی کشتوکاڵەوە نیشتەجێ بووە.
ئەوەی جێگەی سەرنجە وێنەی دەیان ئاژەڵە لەسەر بەردی پەرستگاکە کە بە شێوەیەکی هونەری سەرنج ڕاکێش هەڵکەڵراون.
"شوێنەوارەکانی کوردستان"

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا

شار و شارۆچکەکان: ئورفە

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-19

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 579

کۆنترین تابلۆی شوێنەواری کوردستان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20150911183947126560

ئەم تابلۆیە، مێژووەکەی نزیک بە 3000 هەزار ساڵ دەبێت، لە شوێنەواری بەکراوا لە هەڵەبجە لە لایەن تیمی ئەڵمانیەوە دۆزراوەتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو نەخشە بە درێژای هەزاران ساڵ لەناو کورددا ماوەتەوە و تا ساڵانی پێشوو لەسەر چەرچەفی نوێن دەنەخشێنرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2015-09-11

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 580

کۆنترین دراوی کوردی لە سەردەمی مادەکان، 800 ساڵ پ. ز.

2015100113131712728 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

وڵات: کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2015-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 581

کۆنترین نان لە ئەشکەوتی شانەدەر لە هەرێمی کوردستان دۆزرایەوە 27-11-2022

2022112813122244819 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کۆنترین نان لە ئەشکەوتی شانەدەر لە هەرێمی کوردستان دۆزرایەوە 27-11-2022
لە ئەنجامی کنە و پشکنین لە ئەشکەوتی شانەدەر لە هەرێمی کوردستان، چەند پاشماوەیەکی خۆراک دۆزراونەتەوە کە شوێنەوارناسان وای بۆ دەچن کۆنترین نان و هەروەها کۆنترین خواردن بێت کە لەلایەن مرۆڤەوە درووستکرابێت.
لە ئەشکەوتی شانەدەر شوێنەوارناسان چەند پاشماوەیەکی خۆراکیان دۆزیوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 70 هەزار ساڵ پێش ئێستا و وای بۆ دەچن پاشماوەی پارچەی نانی سووتاو بێت، ئەمەش ئەو گریمانەیە ڕەت دەکاتەوە کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ لەسەر گۆشتی کاڵ و گژوگیای دەشتەکان ژیابێت.
کریس هانت پرۆفیسۆری کلتوورە سەرەتاییەکان لە زانکۆی لیڤەرپول کە بەشداربوویەکی توێژینەوە و گەڕانەکەیە، ڕایگەیاند: وێنە سەرەتاییەکە بەو جۆرەیە کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ بە بەراورد بە مرۆڤی هاوچەرخ ئاستی زیرەکیی کەمتر بووبێت، هەروەها سیستمی خۆراکیشیان زیاتر پشتی بە گۆشت بەستبێت، بەڵام ئەنجامی ئەوەی بەدەستمانهێناوە نیشاندەری خواردنلێنانێکی ئاڵۆز و هەبوونی کلتووری خواردن ئامادەکردنە لەلای نیاندەرتاڵەکان.
ڕاشیگەیاندووە: لەبەر ئەوەی نیاندەرتاڵەکان پێداویستییەکیان لە شێوەی مەنجەڵ نەبووە، ئێمە پێمانوایە دانەوێڵە و تۆوەکانیان لە پێستی ئاژەڵدا تەڕ کردبێت.
بەپێی ئەنجام و شیکارییەکانی نێو گۆڤاری Antiquityی زانکۆی کامبریدج، یەکێک لە پاشماوەی چوار خۆراک ئەوە دەردەخات لە کۆنەوە نیاندەرتاڵەکان خواردنێکیان لە جۆری نان درووست کردووە، یاخود دانەوێڵەی هاڕدراویان بۆ خواردن بەکارهێناوە.
هاوکات خۆراکی بەخەڵووزبوو لە ئەشکەوتی فرانچتی لە باشووری یۆنان دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا و لە مرۆڤە هاوچەرخەکانەوە بەجێماوە.
پشکنینە مایکرۆسکۆبیەکانی پاشماوەی خۆراکە بەخەڵووزبووەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ڕێگای کوتین و هارین، یەکێک بووە لە بەربڵاوترین ڕێگاکانی لێنانی ڕووەکەکان، بەپێی توێژینەوەکەش، ڕووەکە تامدارەکان، یەکێک بوون لە پێکهێنەری سەرەکیی خۆراکیی چاخی بەردین لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی.
دکتۆر سیرین کابوکو زانای شوێنەوارناس لە زاکۆی لیڤەرپول و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە ڕایگەیاندووە: بۆ یەکەمین جارە بەڵگە لەبارەی خوساندن و کوتینی دانەوێڵە و تۆوەوە لەلایەن مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مرۆڤی هۆشمەند دەخەینە ڕوو لە هەردوو ناوچەکەدا، لە دوو قۆناغی جیاشدا لە ئەشکەوتی شانەدەر.
ڕاشیگەیاند: ئێمە بەڵگەی ئەوەشمان خستووەتە ڕوو کە لە خۆراک ئامادەکردندا (تێکەڵە)ی دانەوێڵە و تۆو درووستکراوە و هەروەها تاووتوێی ئەوەشمان کردووە کە جۆرێک لە بەکارهێنانی ڕووەک هەبووبێت بۆ بەدەستهێنانی تام. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
دەیە: 20ەکان (20-29)
سەدە: سەدەی 21 (2000-2099)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تی ڤی & ڕادیۆ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەناڵی کوردسات
کاتی تۆمارکردن: 28-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 582

کۆنترین نەخشەی جیهان لە کوردستان دۆزراییەوە

2013101321254388334=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆنترین و یەکەمین نەخشەی جیهان لە کوردستان دۆزراییەوە و مێژووەکەی بۆ چوار هەزار و 300 ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.
بە پێی هەواڵێکی ئاژانسیفورات نیوز پەیجی شوێنەوارەکانی کوردستان بڵاویانکردۆتەوە، نەخشەکە لەباشوری کەرکووک دۆزراوەتەوە. لەنەخشەکەدا ڕێگای نێوان شارەکان و چەند ڕوبارێکی لەسەر دیاری کراوە و، پێشبینی دەکرێت یەکێک لەڕوبارەکان زێی گەورە و یەکێکیتریان ئاوی خاسە بێت کە ئێستا بە شاری کەرکووکدا تێدەپەڕێت.
لە درێژەی ئەو هەواڵەدا هاتووە، نەخشەکە بریتیە لەتاتە قورێک کە وێنەی چەند شارێکی لەناو بازنەدا تێدا دیاری کراوە و لەخۆرهەڵات و خۆرئاواوە چەند کەوانە دەبینرێن کە ئاماژەن بۆ ناوچەی شاخاوی هەروەها لەهەر چوارلاوە بە(خەتی مێخ)ی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشوورو باکووری تێدا نووسراوە. نەخشەکە لە شاری (گاسور نوزی) لە باشووری کەرکووک دۆزراوەتەوە کە دەکاتە یۆرغان تەپەی ئێستا مێژوەکەشی بۆ (2300) ساڵ پ. ز دەگەڕێتەوە.
لە و نەخشەیە ڕێگای نێوان شارەکان و چەند ڕوبارێکی لەسەر دیاری کراوە، پێشبینی دەکرێت یەکێک لەڕوبارەکان زێی گەورە و یەکێکیتریان ئاوی خاسە بێت کە ئێستا بە کەرکووک دا تێدەپەڕێت، هەروەها ڕاگەیەنراوە یەکێک لەڕووبارەکان ناوی (ڕاخیئۆم)ە. بەشێکی تابلۆکە لەباشورەوە داخوراوە و ئاسەوارەکەی سڕاوەتەوە.
- 2013-10-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2013-10-13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 583

کیلیا شەدا

2023061400393249851 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کیلیا شەدا یەکێکە لە شوێنە شوێنەواری و مێژوویە گرنگەکانی پارێزگای دهۆک کە دەکەوێتە نزیک بەنداوی دهۆک لەسەر چیای کیلیا شەدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گرد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی چارت و خشتە - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-14

ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 584
کێڵی گۆڕی بوداغ سوڵتان
2014010117072886958=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2014-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 585

کێلەشین

2011110615452762812=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کێلەشین ناوی ناوچەیەکی شاخاویە کە لە چەندین چیا پێکهاتووە و بە هۆی جێگیربوونی کەتیبەی مێژوویی کێلەشین لەو ناوچەیە، هەر بەو ناوە ناسراوە.

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە باشووری شاری شنۆ، چەندین کێوی بڵند و ڕووباری لەخۆ گرتووە.

ڕەنگە زۆر کەس ناوبانگی "کێلەشین"ی بیستبێ و پێیوابێ کە "کێلەشین" تەنیا ناوی کێوێکی سەربڵندی کوردستانە و لە ناوچەی شنۆ هەڵکەوتووە و نەزانێ کە لەو مەڵبەندەدا بەردێکی بەناوبانگیش هەبووە بە ناوی "کێلەشین" کە سەردەمێک بیر و هزری شوێنەوارناسانی دەرەوەی کوردستانی بە خۆیەوە خەریک کردبێ، "کێلەشین" لە دوو وشەی "کێل" و "شین" پێکهاتووە.

کێل بە بەردی قەبر و شینیش بە ڕەنگی ئاسمانی "ئابی" دەگوترێ. بەردی (کێلەشین) لە نزیک ئاوایی (دڕوو) کە گوندێکی سەر بە ناوچەی شنۆیە، هەڵکەوتووە.

کێوێکی سەرکەشیشە کە هێزێکی پێشمەرگەی کوردستانیشی بەناوەوە کراوە و چەند ڕۆڵەیەکی قارەمانی گەلەکەشمانی لێ شەهید بووە؛ ڕەنگە ناوەکەی هەر لەو بەردە "کێلەشینەوە" وەرگیرابێ.

بەردی "کێلەشین" کە بە دوو خەتی بزماری "ئورارتۆیی و ئاشووری" هەر چوار دەوری نووسراوە و بەرزاییەکەی دەگاتە 167سم و قورساییەکەشی 1.6 تۆنە، ناوبانگێکی مێژوویی هەیە. یەکەمین کەس کە ئەو بەردەی بە دونیا ناساند، کەسێکی ئەڵمانی بە ناوی "شولتز" بوو کە لە ساڵی 1829 ئەو بەردەی دۆزییەوە و وێنەی گرتووە.

کێلەشین هەروەها ناوی زنجیرە کێوێکە لەنێوان هەرسێ کوردستانی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵات کە دەکەوێتە باشووری شاری شنۆ و بە دیوی باشووری کوردستانیشدا دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی "سیدەکان"ی سەر بە قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر.

هەروەها ناوی کێڵێکی کۆنە کە بە زمانی ئورارتووبی باسی دیرۆکی ناوچەکە دەکا و ئێستا لە مۆزەخانەی شاری ورمێ پارێزراوە و کاتی خۆی لە شەڕی ئێران و عێراقدا لە ساڵانی هەشتاکاندا، سوپای ئێران ئەو کێڵەی بردووەتە شاری ورمێ، هەروەها ناوی گوند و مەڵبەندێکە لە بانەی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
گەورەترین ئاسەواری مێژووبی شاری شنۆ بەردەنووسی کێڵەشینە کە بە دوو زمانی ئورارتوبی و ئاشووری لەسەری نووسراوە و مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی
هەشتی پێش زایین.
بەردی کێڵەشین
لە سەردەمی هاڵدییەکان بەردێکی بەناوبانگ بەناوی کێڵەشین ماوەتەوە (تێکەڵی کولتووری یەهوود لە ئەورووپا ناوەکانی لای خۆمانیان بۆ عیبری بردووە کە یەکیان دەتوانێت وشەی ئارارات واتە هاڵدی، یان هێڵدی، یان هەردبی بێت) لەم بەردەدا بە ڕێنووسی بزماری نووسراوە، لە شنۆ چیایەک بە هەمان ناو هەیە و زۆر بەناوبانگە و لەڕووی سروشتییەوە سەرنجڕاکێشە.
ئەم بەردە ڕەنگ شینە لە تاشەبەردێکی چەند گۆشە دروست کراوە، کاتێک کە شتێکی پێدا دەدرێت وەک ئاسن دەنگ دەداتەوە.
لە ساڵی 1327هەتاوی (1948ی زایینی) دایرەی نەشری ئەرتەش (سوپا)ی ئێران لە سەردەمی حکوومەتی حەمەڕەزا شای پالەویدا لە بیری ئەوەدا بوو کە بەردەکە ببات بۆ مۆزەخانەی ئێران، بیانووەکەشیان ئەوە بووە کە خەڵک بە تیر هاویشتن بۆی، نووسراوەکانی لەناو دەبەن.
ترسیشیان لەوە بوو کە ئەگەر بێت و بەردەکە ببەن، لەنێوان هۆزەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە و سنووری ئێران ناکۆکی پەیدا دەبێت.
عێراقییەکان ئەوە دەڵێن کە ئەرتەشی ئێران بەو کارە دەیەوێت سنوورەکان ببەزێنێت و پەرە بە سنووری خۆی بدات، بەڵام لە کۆتاییدا بەردەکە بەرەو مۆزەخانەی ورمێ ڕەوانە دەکرێت.
کێڵەشین کە کوێستانێکی گەورەیە بەشێکی زۆریشی دەکەوێتە دیوی باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستانی عێراق) لە سیدەکان کە شارۆچکەیەکی سەر بە قەزای سۆرانە و ناوەندی ناحیەی سیدەکانە و تا پێش ساڵی 1996 بە فەرمی هەر بە ناحیەی برادۆست دەناسرا.
سیدەکان لەوپەڕی باکووری پارێزگای هەولێرە و کەوتوەتە ڕۆژئاوای شاری شنۆوە و لەڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین ناحیەکانی هەولێرە و زۆربەی دەڤەرەکە شاخاویە و دەشتانیی کەمە. باشترین شوێنە بۆ بەروبوومی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، هەروەها لە ڕۆژگاری دێرینیدا ڕێڕەوێکی گرنگی بازرگانی بووە، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی لەڕێگەی کێڵەشینەوە پێکەوە بەستووەتەوە.
سەرچاوە:basnews

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-11-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 586

کەرکی حوسێنی غازی

2022090712500143272 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کەرکی حوسێنی غازی
گۆڕستانێکە، گۆڕی سەرکردەیەکی سەربازی لەشکری ئیسلامیشی لێیە، دەڵێن لە کاتی هاتنی عەرەبی ئیسلام لەوێ کوژراوە و نێژراوە، دەکەوێتە بازاڕگەی بناری چیای قەرەچوغ، سەر ڕێگای کۆنی مەخموور- دیبەگە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عەباس نادر قادر، چاپی یەکەم، ساڵی2022، لاپەڕە (113) .

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 587

کەریم شار

2012112917093174039=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2012-11-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 588

کەلا جزیرێ

2010123109021820091=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کەلا جزیرێ ئێکە ژ شینوارێن کەڤنار ل قەزا جزیرێ ل پارێزگەها شرنەخێ، ئەڤ کەلە ل سەردەمێ گوتیان دا هاتیە ئاڤاکرن و تا نوکە مایە وەکو شینوارەک، ل سەر دەمێ ئاشوریان دا هاتیە نویژەن کرن، کەل ژ 365 ژوورا پێک دهێت و نوکە بورجا بەلەک یا تێدا، ل سالا 2009 ێ بڕیار هاتیە دان بورجا بەلەک و کەلا جزیرێ بهێتە نویژەن کرن و ببیتە شینوارەک نیڤدەولەتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (روژهات سەعید) سەبارەت بە (کەلا جزیرێ) لە: 2010-12-31 0:17:02

کاتی تۆمارکردن: 2010-12-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 589
کەلوپەلی کۆنینەی دۆزراوە
2017041609543113913 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کەلوپەلی کۆنینەی دۆزراوە لە بناری (تەکەڵتو)ی نێوان گوندەکانی (گەرمکی ساتوقەڵا و باغەجنێر وتەکەڵتو)ی شارۆچکەی(تەقتەق)ی شارۆچکەی کۆیە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017-04-16
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 590

کەنیسەی مەریەم عەزرا

2013071015314089617=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



یە کێکە لە کڵێسە کۆنەکانی شاری سلێمانی دەکەوێتە گەرەکی سابون کەران لە ساڵی 1862 لە لایەن خێرخوازانەوە دروست کراوە کە سەر دانی ئەو کەنیسەیەیان دەکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی خەندان

کاتی تۆمارکردن: 2013-07-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 591
کەڵماکەرە؛ یەکێکە لە شەش خەزێنە مەزنەکانی جیهان لە کوردستان

2022122212421845345 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی شوێنەوار: کەڵماکەرە
ئامادەکردنی: عەزیز موورادی

کەڵماکەرە، ئەشکەوتێکی مێژوویە، کە لە هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین پەرەستگەی پەیڕەوکارانی میترایی بووە لە کوردستان. یەکێکە لە شەش خەزێنە مەزنەکانی جیهان، کە زیاترین کەلوپەلی گرانبەهای شوێنەواریی تێدا دۆزراوەتەوە.
کەڵماکەرە کەوتووەتە لوڕستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەزێنەیەک بووە بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلە مێژوویەکانی سەردەمی ئیلامییەکان، کە بەشێکیان ئێستا لە مۆزەخانە ناسراوەکانی جیهان، وەکوو (بریتیش میۆزیۆمی لەندەن، لۆڤەری پاریس، میترۆپۆلیتینی نیۆیۆرک، سان پیترزبۆرگی ڕووسیا و میهۆی ژاپۆن) دەپارێزرێن.
ئەم ئەشکەوتە کەوتووەتە سەر شاخەبەردێکی سەخت بەناوی کێوی (ملە) و سەربە شارۆچکەی (پولدوختەر)ی لوڕستانە. لەناو ئەم ئەشکەتەدا 12 شوێنەگۆڕ دۆزراونەتەوە، لەگەڵ پێنج هەزار پارچەی شوێنەواری، کە 90 پارچە لەو شوێنەوارانە لە ڕێی قاچاخچییەکانی شوێنەوار بە مۆزەخانە ناسراوەکانی جیهان و خاوەن گەلەرییە شوێنەوارییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و یابان فرۆشراون.
ئەم ئەشکەتە یەکەمجار لە ساڵی 1984 لەلایەن ڕاوچییەکەوە دۆزرایەوە، کە بە شوێن بزنەکێوییەکدا خۆی گەیاندبووە بەردەم کونی ئەشکەتەکە و لەبەردەم ئەشکەتەکەدا چاوی بە ژمارەیەک پوولی زێڕین و زیوین کەوتبوو، کە گەورەترین خەزێنەی تایبەت بە ماڵباتی پاشاکانی (ساماتورا)ی لەخۆ گرتووە.
زمانی ئاشووری و ئارامی لەسەردەمی ئیلامییەکان زمانی فەرمی بوون، بۆیە نووسینی سەر جامەشەڕابەکانی ناو ئەشکەوتەکە بەو زمانانە نووسراوە. دەمامکەزێڕینەکان یەکێکن لەو پارچەشوێنەوارییە ناوازانەی تائێستا لە جیهاندا دۆزراونەتەوە و ژمارەیان 10 دەمامکە، کە بە دەمامکەکانی کەڵماکەرە ناوبانگیان دەرکردووە. بەشێک لەو پارچەشوێنەوارییانە کەوتوونەتە دەست خاوەن گەلەرییەک بەناوی هۆشەنگ مەحبووبیان، کە لە پەرتووکێکدا بەناوی (خەزێنەکانی کوێستان، هونەری مادەکان) لە لەندەن چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.
بەشێکیان بریتین لە دەموچاوی پاشاکان، بوونەوەرە ئەفسانەییەکان و جامەشەڕاب (ریتوون)ەکان، کە هەرکامەیان ڕووخساری ئاژەڵێکیان بەخۆیانەوە گرتووە، وەکوو ڕیتوونی زێڕینی کەڵەکێوی، یان ئەو ڕیتوونەی، کە هێمای جەنگی خواوەندی میترایسمەکانە لەگەڵ کەڵەگایەکی باڵدار. ژمارەیەکی دیکە لە پارچەی شوێنەواری ناوازە وەکوو (پیاوی شەڕکەر، هەڵۆ و کەروێشک، شەڕی شێر و گا و شێر و ئاسک) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە مادەکان لە ئافراندنی هونەردا تاقانە بوون و کوردستانی ئەو سەردەمە لانکەی شارستانییەت بووە.
کەڵماکەرە لە سێ وشەی کوردی (کەڵ)، (ما) و (کەرە) پێکهاتووە. (کەڵ) بەمانای کەڵەکێوی، (ما) لە زاراوەی کەلهوڕی و جافیدا بە مانای کێو و شوێنە و (کەرە) لە زاراوەی لوڕی و کەلهوڕی بە مانای هەنجیری کێوییە؛ کەواتە کەڵماکەرە یانی

کەڵەکێوی کێوی و هەنجیر.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەرستگا
جۆری شوێن / شوێنەوار: پەیکەر و داتاشراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: چیا
جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
جۆری شوێن / شوێنەوار: فێرگەی ئایینی
جۆری شوێن / شوێنەوار: گۆڕستان
جۆری شوێن / شوێنەوار: هەڵکۆڵراو
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: لورِستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی 22-12-2022 - baskurd.basnews.com
کاتی تۆمارکردن: 22-12-2022
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 592
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 01
2012081716423672180=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم گۆزەیە یەکێکە لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی قەڵای زێویە لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
قەڵای زێویە یەکێک لە شوێنەوارەکانی سەردەمی پاشایەتی ماننایی‌یەکانە.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 593

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 02

2012081716452872211=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەم پارچە خشتە نموونەیەکی جوان و باڵای هونەری وێنەکێشان و ڕەنگ کردنە لە سەردەمی ماننایی‌یەکان کە لە قەڵای زێویە لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 594

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 03

2012081716423672182=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆزەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 595

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 04

2012081716452972213=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



گۆزەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەواریی‌یەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1]
[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 596
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 05
2012081716434572199=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



جامێکی زێرین کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەواریی‌یەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 597

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 06

2012081716452972215=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پارچە خشتێکی نەخشێنراو کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1]
[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 598
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 07
2012081716452972216=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تابلۆیەکی خشتی کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 599

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 08

2012081716434672202=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەشێک لە پەیکەر یان دەسکی گۆزە کە بە شێوازی سەری بزنی کێوی درووست کراوە کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەواریی‌یەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 600
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 09
2012081716423772188=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

جامێکی برۆنز کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 601

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 10

2012081716452972219=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرهەمێکی هونەری درووست کراو لە زێر کە پێدەچێت وەک تانج یان نیشانەی پاشایەتی بەکار هاتبێت کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 602

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 11

2012081716434672205=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دوو پارچە خشتی بە نەخشی تایبەت کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 603

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 12

2012081716423772191=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بازنگێک درووستکراو لە زێر کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)

سەدە: سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - سارا سەردار

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 604
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 13
2012081716423772192=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بازەنگێکی زێرین بە نەخشی سەری شێر کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەواریی‌یەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سارا سەردار
کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە

بابەت: 605

یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 14

2012081716423772193=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پارچە زێرێکی نەخشدار کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەوارییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی مانناپی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵپەڕی سەقز

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 606
یەکێک لە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکانی قەڵای دێرینی زێویە 15
2012081716423772194=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پارچە زێرێکی نەخشێنراو کە لە قەڵای زێویە لە نزیکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە.
قەڵای زێویە یەکێکە لە پاشماوە گرنگە شوێنەواریی‌یەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماننایی‌یەکان.
ماننایی‌یەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون و توانین پاشایەتی ماننایی دابمەزرێنن.[1] [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار:	کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...)
سەدە:	سەدەکانی پاش مێژوو (پاش دۆزینەوەی نووسین)
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ماڵیەڕی سەقز
